


# ١٠٠ سەت 100
## ڕۆژ

### گیانبازی و بەرخۆدان: لە پێناو ژن، ژیان، ئازادی




## ١٠٠ بابەت و وتووێژی ڕۆژنامەی کوردستان

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# پێڕست:

**ژمارەی ٨٣١ی "کوردستان" .......... لاپەڕەی ........ ١١**




**پێنجشەممە ٣١ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**


١- هاتنی وەرزی "ژینا" ............ عەلی بداغی

٢- ژینا ئێستا نیشتمانە! ............ ئاسۆ منبەری

٣- ژینا، چیرۆکی ژین و ژان ............ ڕەزا دانشجو

٤- هاودەنگیمان مانەوەیە ............ پژمان شەریعەتی

٥- کوردستان لوتکەی هەڵوێست و خۆڕاگری ............ ئەلبورز ڕۆژین تەن




سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## ڕۆژنامەی "کوردستان"، ژمارە ٨٣٢ ............ لاپەڕەی ........ ٢٤




## هەینی ١٥ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ی زایینی

١- دەمی ڕاپەڕینە ........................................................................................ عەلی بداغی

٢- پەیامەکانی مانگرتنی گشتیی ٩ی ڕەزبەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان ............................................ قادر وریا

٤- کەماڵ کەریمی: کۆمەڵگەی ئێران گەیشتووەتە خاڵێکی وەرچەرخان لە نارەزایەتی و ڕاپەڕیندا...................

................................................................................................. دیمانە: بێهزاد قادری

٥- جەماوەریمان لە پێگەی مووشەکیی ئەوان بەهێزترە ................................................. پژمان شەریعەتی

٦- خوێنی "ژینا"ی کورد ڕژاوەتە نێو گەرووی کاربەدەستانی ڕێژیم و خەریکە بیانخنکێنێ ................. مستەفا شەڵماشی

٧- بۆچی کراینەوە بە ئامانج؟ ................................................................ ڕۆژنامەی کوردستان

٨- وانەکانی مانگی خەرمانان ............................................................... د. کامران ئەمینئاوە

٩- توانای مووشەکیی کۆماری ئیسلامی و پێگەی حیزبی دێموکرات! ................................ عومەر باڵەکی

١٠- نارەزایەتیەکان؛ دوو جیاوازیی گرینگ، بزووتنەوەیەکی گشتی و هەنگاوێک بۆ ئینقلاب ..................................

........................................................................................................ د. ئازاد محەممەدیانی

١١- قوتابییانی ئێران لەنێوان دوو سرووددا... ................................................................ تاهیر قاسمی

١٢- شۆڕشی ژنان، شۆڕشێک بۆ هەمووان ........................................................... کەیهان یۆسفی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

١٣- قەیرانی کۆتایی ........................................................................ برایم لاجانی
١٤- ژن، ژیان، ئازادی"، دروشمێک بۆ ڕزگاری ................................................ ئاسۆ منبەری
١٥- تێچووی ئێمە و گیرفانی ئەوان ............................................................ کەیوان دروودی
١٦- پۆلا دەشکی، بەڵام ناچەمێ ............................................................... زانیار حوسێنی
١٧- شۆڕشێک لە ژنانەوە بۆ لاوان ............................................................. شاهۆ حوسێنی
١٨- مانگرتن ڕێگایەک بۆ شکاندنی شکۆی دیکتاتۆر ......................................... ت. ئاگری
١٩- یەکسانیخوازی بە زەبری زیندان و فیشەک .............................................. دارسمە
٢٠- هێرش بە مووشەک بۆ سەر سەنگەر و دڵی کۆمەڵانی خەڵک ........................ ئەلبورز ڕووینتەن

---

## ڕۆژنامەی "کوردستان"، ژمارە ٨٣٣ ............. لاپەڕەی ........ ٩٥




## یەکشەممە ٣٠ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ی زایینی

١- خەباتی نەتەوایەتیمان بۆ ڕزگاری قەت بەچۆک دانایە ...................................... خالید عەزیزی
٢- چەکی گەرمی شۆڕشگێڕانی سەرشەقام ....................................................... قادر وریا
٣- چەواشەکارییەکانی ئێران بەڵگە بۆ ڕەوایی خەباتی میللەتێکن .............................. عومەر باڵەکی
٤- ڕاپەڕینی پەراوێزخراوەکان .................................................................. کەریم پەرویزی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

٥- بیاڤی گشتیی ئێران و هەڵسەنگاندنی دەوری ڕۆژاوا ...................................................... کەیوان دروودی
٦- ژینا گیان تۆ نامری، ناوت ئەبێتە ڕەمز" ........................................................................ سۆران عەلیپوور
٧- دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" لە پاوانی کەسدا نییە ........................................................ د. کامران ئەمینئاوە
٨- ژن، ژیان، ئازادی (لە هەناوی وێژە و فۆلکلۆری کوردییەوە) ........................................ شاڕوخ حەسەنزادە
٩- نەوەی Z و شۆڕش ............................................................................................ ئەلبورز ڕوویینتەن
١٠- بۆ ژیان ........................................................................................................ سەلیم حەقیقی
١١- کۆماری ئیسلامی پێش ڕووخانی لە تاران، لە کوردستان ڕووخاوە .................................. شەمزین ئەحمەدنژاد
١٢- ژنان، لە قوربانیبوونەوە بۆ پێشەنگایەتی ........................................................... ئاسۆ مینبەری
١٣- لێکدانەوەی گەوجانە ........................................................................................ دارسمە
١٤- نەوەی هۆشمەند ................................................................................................. پژمان شەریعەتی

---

**ڕۆژنامەی "کوردستان"، ژمارە ٨٣٤ ............ لاپەڕەی ........ ١٥١**


کوردستان
هەنگاوە پتەوەکانی شۆڕشێکی ناسنامەخواز


**یەکشەممە ١٥ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٦ی نۆڤەمبەی ٢٠٢٢ی زایینی**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

١- داواتان لێ دەکەم سیمای ئەورۆیی و شارستانییانەی ڕاپەڕینەکەمان بپارێزن ........................... مستەفا هیجری
٢- د. ئاسۆ حەسەنزادە: دەرفەتێکی دەگمەن دروست بووە هەتا سەرنج و پشتیوانیی نێودەوڵەتی بۆ لای خەباتی خۆمان ڕابکێشین .................................................................... هەڤپەیڤین: ئارمان حوسێنی
٣- چی نەکردن؟ ........................................................................... کەریم پەرویزی
٤- شەهیدبوون لە پێناو ئازادیدا شانازی و جاشایەتی و نۆکەرییش سەرشۆرییە ........................... عومەر باڵەکی
٥- ئێرە خاکی کوردستانە ............................................................. پژمان شەریعەتی
٦- دەسکەوتەکانی هەتا ئێستای شۆڕشی ژینا ................................................. ڕەحمان سەلیمی
٧- چلەیەک بۆ کۆتایی ......................................................................... سەلیم حەقیقی
٨- زانکۆکانی من ................................................................................ ڕەزا دانشجوو
٩- بۆ خوێندنەوەی ئەم بابەتە دەست بە چاوتانەوە بگرن ........................................................ دارسمە
١٠- ئازایەتیی بێوچانی خۆپێشاندەرە ئێرانییەکان، تاقیکارییەکی ئەخلاقیی بۆ دنیای ڕۆژاوایە ...........................
............................................................. سی ئێن ئێن- فریدا غیتیس/ و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور
١١- مەرگی ژینا ڕوحی بەو ژیانە نوێیەدا کردووە ........................................................ ئاسۆ مێنبەری
١٢- ژن، فەلسەفەی ئازادیی وڵات .................................................................. ئاکام ڕۆژهەڵات
١٣- کۆمار"ە کەمتەمەنەکانی شۆڕشی "ژینا" ........................................................... تاهیر قاسمی
١٤- کوردستان ترپە دڵی بزووتنەوەی بەرهەڵستیی ئێران ........................................... د. کامران ئەمینئاوە
١٥- کورد، بوونە نەک فۆرم ........................................................................ کەیوان دروودی
١٦- بارودۆخی هەنووکەی کوردستان و ڕۆڵ و بەرنامەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران
............................................................................................. دیبەیت: کاروان مێراوی
١٧- زانکۆ و شۆڕش ............................................................................. ئەلبورز ڕوئینتەن
١٨- با" و "ئانارشیسم" ............................................................................ و: عەلی فەتحی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ڕۆژنامەی "کوردستان"، ژمارە ٨٢٥ ............. لاپەڕەی ........ ٣١٦


کوردستان
قەڵای ئێمە شەقامە

## دووشەممە ٣٠ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٢١ی نۆڤەمبەی ٢٠٢٢ی زایینی


١- هێزی گەل ........................................................................................ ناسر باباخانی

٢- مستەفا مەولوودی: کەمایەسیی سەرەکی لەو ڕاپەڕینەدا نەبوونی ئۆپۆزیسیۆنی یەکگرتوو دژی کۆماری ئیسلامییە
...................................................................................................... هەڤپەیڤین: عەلی بداغی

٣- ئێران بیانوومان پێ دەگرێ و دەیەوێ کێشە نێوخۆییەکانی بە ئەستۆی ئێمە دابێنێ ........................ عەلی عەونی

٤- دیکتاتۆرەکان وەک یەک دەمرن ............................................................................. برایم جەهانگیری

٥- پێگەی لاوان لە بزووتنەوەی نوێی خەڵکی ئێراندا ...................................................... د. کامرانئەمینئاوە

٦- هەنگاوێک هەتا سەرکەوتن ................................................................................ ئەلبورز ڕۆئینتەن

٧- فەرهەنگی پێشمەرگایەتی ................................................................................ پژمان شەریعەتی

٨- کچی نیشتمان نەبم ئەگەر تۆڵەی نەستێنم! .......................................................... ئاسۆ مینبەری

٩- جیاییخوازی" ناوی ڕەمزی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی ........................................... ڕەزا دانشجوو

١٠- ڕاپەڕین و بۆشایی دامەزراوەیەکی نەتەوەیی ............................................................. ئالان بەهرامی

١١- بڵێسە و گڕی ڕاپەڕین ........................................................................................ ناسر سادقی

١٢- ویژدانی گشتی لە "ڕاپەڕینی ژینا"دا ........................................................................ سۆران عەلیپوور




سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

١٣- لە مافی خۆپێشاندانەوە هەتا ڕاپەڕین ............................................................ زانیار حوسێنی

١٤- بۆ جەستەی بریندار و ماندووی ڕۆژهەڵاتی سەربەرزم ................................................ ڕەزا ڕۆژهەڵاتی

---

## ڕۆژنامەی "کوردستان"، ژمارە ٨٣٦ ............ لاپەڕەی ........ ٣٦٧




## سێشەممە ١٥ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی = ٦ی دێسەمبەی ٢٠٢٢ی زایینی

١- جووڵانەوە بۆ گۆڕینی ڕێژیم لە ئێران دەبێ پابەند بێ بە ئازادی، یەکسانیی ڕەگەزی، سێکۆلاریزم و دێموکراسی
......................................................................................................... مستەفا هیجری

٢- زستانێکی تووش لەبەردەم  کۆماری ئیسلامیدا ............................................................ عەلی بداغی

٣- مەولوود سوارە: ڕاپەڕینی ژینا و دروشم و بایەخەکانی لە کۆنگرەی SI دا ڕەنگیان داوەتەوە ........ دیمانە: عەلی بداغی

٤- وڵاتە یەکگرتووەکان پێ دەنێتە سەردەمێکی نوێی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئێران ............................
......................................................................................................... کەماڵ حەسەنپوور

٥- جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە شەقامەکانی ئێراندا کۆمەڵکوژین ...................................... عومەر باڵەکی

٦- بەرەی گشتگیری هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک پێویستییەکی مێژوویی ...................... د. کامران ئەمینئاوە

٧- شۆڕشی ژینا، هاوکێشەکانی شۆڕشێکی فێمینیستی لە ڕاپەڕینێکی سەرانسەری و مافخوازیدا .......... د. کوێستان گادانی

٨- هەناردەکردنی شۆڕش، ئەوەی ڕێژیم دەیویست و ئەوەی کورد کردی ...................................... پژمان شەریعەتی



https://serchawe.com

٩- ئەو ڕاپەڕینە بە درێژەدان و مانەوە لە شەقام سەر دەکەوێ ...................................... شاڕوخ حەسەنزادە
١٠- کۆتایی سەردەمی سیاسەتی ناکۆکی بنێوە و حوکمەت بکە ............................................ زانیار حوسێنی
١١- شوناسی یاسایی و بەرگریی ڕەوا ........................................................................ ڕەزا دانشجوو
١٢- کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و پرسی مافی مرۆڤ لە ئێراندا ..................................... د. ئارەزوو نستانی
١٣- ڕێکخراوەکانی ژنان و ئەرکێکی گرینگ .................................................................. ئاسۆ مینبەری
١٤- حکوومەت نیزامیی ڕانەگەیەندراوی ئێران لە مەهاباد و بۆکان ................................. ئەنوەر سوڵتانی
١٥- شۆڕش ڕێگەی خۆی هەر دەدۆزێتەوە .................................................................. ئەلبورز ڕوویین تەن

## ڕۆژنامەی "کوردستان"، ژمارە ٨٣٧ ............ لاپەڕەی ........ ٣٢٧




## چوارشەممە ٣٠ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی - ٢١ی دێسەمبەی ٢٠٢٢ی زایینی

١- کوشتاری حکوومەتی بەناوی ئێعدام ........................................................................ ڕەحمان سەلیمی
٢- هێز و سەقامگیری، دووانەی لێکدانەبڕاوی ئەمنییەت .................................................. ئارمان حوسێنی
٣- شوکولاتێک بە تامی ژەقنەمووت ....................................................................... تاهیر قاسمی
٤- ئاخێزی ژینا و ئەرکی ڕووناکبیرانی کورد ............................................................ سارۆ خوسرەوی
٥- پێویستیی چالاککردنی دادگای کەیفەری و دەستێوەردانی مرۆڤدۆستانە لەلایەن شورای ئەمنییەتەوە ....................



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

..................................................................................... شاڕوخ حەسەنزادە
٦- ئێرانی نادێمۆکراتیک .................................................................. پژمان شەریعەتی
٧- دەرکردنی ئێران لە کۆمیسیۆنی پێگەی ژن و ڕاستکردنەوەی هەڵەیەک ................................. ئاسۆ مینبەری
٨- ئاسۆ ڕوونەکانی شۆڕشی ژینا ........................................................... ڕەسووڵ سوڵتانی
٩- ڕاپەڕینی نوێ بەرهەمی کولتووری فیداکاریی پێشمەرگەیە .................................... ئەلبورز ڕۆژینتەن
١٠- مۆڵەتی کوشتن: چۆن ئورووپا ڕێگا بە ئێران و ڕووسیە دەدا بێ سزا مرۆڤ بکوژن ............... و: کەماڵ حەسەنپوور
١١- شۆڕشی ژینا، ڕێنسانسی عەقڵانییەتی دەسەڵات و حوکمڕانی .................................. سەلام ئیسماعیلپوور
١٢- بۆ ئەوەی ژنان ببنە ڕێبەر و ڕاپەڕ ....................................................... شەهلا دەباغی
١٣- پەتی ئێعدام بە چی دەپسێت: تەنیا بە بەردەوامیی ڕاپەڕین ........................................ ئەژین حوسێنی
١٤- شیکاریی ڕەفتاریی دیکتاتۆرێک، لە بێدەنگییەوە بۆ فەرمانی لە سێدارەدان ............................... ڕەزا دانشجوو






سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ژمارەی ٨٣١ی "کوردستان"

### پێنجشەممە ٣١ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی

---

## هاتنی وەرزی "ژینا"



**عەلی بداغی**

ڕێک لە کاتێکدا و لە ڕۆژێکدا کە ناسۆری کورد بەبۆنەی ٣٠ ساڵەی تێرۆری د. سادق شەرەفکەندی تەشەنا ببۆوە، زامێکی دی کەوتە سەر دڵی نیشتمان و گوڵی ژینی "ژینا"ی کورد لە پێتەختی دەسەڵاتی ئەهریمەندا پەرپەڕ کرا.

ژینا تاوانی جوانیی خۆی لە وڵاتی دەسەڵاتی تاریکپەرەستاندا بە دانانی گیانی خۆی دا، بەڵام ئەو نە تاک قوربانیی دەستی ستەم و زۆرداریی ڕێژیمە و نە دواترینیش بوو، وەک چۆن هەر لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا کە مەرگی دڵهەژێنی ژینا کوردستان و ئێرانی هەژاند، هەر ئەو ڕێژیمەی حاشای لە کوشتنی ئەو دەکرد گیانی لە کۆمەڵێک کەسی دیکەش ستاند، کە بۆ ڕیسواکردنی ئەو دەسەڵاتە سەبارەت بەو جینایەتە نوێیەی کردوویەتی ڕژابوونەوە سەر شەقامەکان.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بکوژ هەمان بکوژە ناسراوەکەیە. ڕێژیمێکی دژی گەلی کە لە پێناو ڕاگرتنی هەیمەنەی نگریسی خۆیدا لە دەرەوەی ولات سەدان مرۆڤی خەباتکاری لە چوارقوژبنی دنیادا تێرۆر کردوە و لە نێوخۆی ولاتیش بە زەبری چەک و کوشتوبڕ ولاتێکی بەبارمتە گرتوە. ڕێژیمێک کە خوێنی خەڵکی لە شووشە کردوە و بۆ زاڵکردنی کولتووری نامۆ و دژەبایەخە دەسکردەکانی خۆی لە سەری هەموو ماف و ئازادییە ڕەواکانی خەڵکی داوە.

دوو ساڵ لەوە پێش کاتێک دیمەنی گیانلەدەستدانی "جۆرج فلۆید" لەبن چۆکی ئەفسەرێکی پۆلیسی ئەمریکادا بلاو بۆوە و دنیای هەژاند، بکوژە ئێرانییەکە - خامنەیی - ئەوەی بە هەل زانی و بە ڕووهەڵمالاوییە هاتە قسە و گوتی: "جینایەت دەکەن، خەڵکی خۆیان دەکوژن، داوای لێبووردنیش ناکەن و زمانیشیان درێژە." ئەو هەم دەیویست دەستە چەورەکەی خۆی بە خەڵکی دیکە بسڕێ و هەم بە گوێی هێزە چەکدارەکانی خۆی دابدا کە مادام لە ئەمریکای دێموکراتیشدا پۆلیس دەکوژێ و دەبڕێ ئێدی پێویست ناکا ئێوەش لە هیچ دەست بپارێزن. ئەوکات دەمودەست پۆلیس تاوانباری دەسبەسەر کرد، خەڵک بە وەڕێخستنی کەمپینی "ناتوانم هەناسە بدەم" و گوشاری بیروڕای گشتی هێزەکانی پۆلیسیان لە دەرەوەستی و بەرپرسایەتییەکانیان وشیار کردەوە و پاشان دادگا سزای ٢٢ ساڵ زیندانی بە سەر پۆلیسی تاوانباردا سەپاند. بەلام کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئەوە زیاتر لە چوار دەیەیە نایەڵن خەڵک هەناسە بدا و بۆخۆیان نەک هەر زمانیان درێژە، بەڵکوو بە ڕۆژی ڕوون و لە شوێنێکی وەک کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بە بەرچاوی دنیاوە گاڵتە بە هەموو پرەنسیپە جیهانداگرەکان دەکەن!

مەرگی ژینا تاوانێکی دیکە بوو بە تەوێڵی کۆماری ئیسلامییەوە و بەوە پەروەندەیەکی دیکەش کەوتە سەر هەزاران هەزار جینایەتی دیکە کە ئەو ڕێژیمە لە چوار دەیەی ڕابردوودا کردوونی. ئەو پەروەندانە ئێستاش کراوەن و چاوەڕوانی پێکهاتنی دادگای گەلن: لە گرتن و ئەشکەنجەدان و ئێعدامی دژبەرانی هەر لە سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشەوە تا ئێستا، لە دەرکردنی فیتوای جیهاد و لەشکەرکێشی بۆ سەر کوردستان و سەپاندنێکی شەڕێکی خوێناوی بە سەر گەلی مافخوازی کورد هەر هەتا ئێستا، لە کۆمەڵکوژییەکانی دەیەی ٦٠ و جینایەتەکانی چەشنی کەهریزەک، لە قەڵتوبڕەکانی بەفرانباری ٩٦ و خەزەڵوەری ٩٨، لە مووشەکبارانی حیزبی دێموکرات و بەردانەوەی بەئانقەستی فڕۆکە ئۆکراینییەکە، کوشتنی ڕۆژانە خەڵکی کۆڵبەر لە کوردستان و کاسبکارەکان لە بەلووچستان و. ...

ژینا یەکەم کورد نییە کە دوای دەسبەسەرکردنی سەرەڕۆیانەی لێی دەدرێ و گیانی لێ دەستێندرێ، مێژووی دەسەلاتی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان و ئێرانیش پڕە لە چەشنی ئەو جینایەت و کارەساتانە؛ لە ئاستی ئێرانیشدا هەروەها. کوشتنی ژینا هەروەها بە هەڵکەوت و ڕووداوێکی نەخوازراویش نەبوو، بەڵکوو درێژکراوەی سیاسەتی پتر لە چوار دەیە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سەرکوت و کوشتوبڕی سیستماتیکی کوردە. ژینا کاتێک دەسبەسەر دەکرێ پێیان دەڵێ من کوردم و خەڵکی ئەو شارە نیم، بۆیەشە دەسەڵات ڕق و کینی لەمێژینەی خۆی پێ دەڕێژێ، کوردستان ئێستاش باجی ئازادیخوازیی خۆی دەدا و ئامادەشە لە پێناو پاراستنی شوناسی جیاوازی خۆی و خەبات بۆ مافە زەوتکراوەکانی هەرچەشنە تێچوویەک بدا. بۆیەشە کوردستان ئەمجارەشیان خرۆشا و خوێنی ڕۆڵەی خۆی ون نەکرد.

کوردستان وەک هەمیشە پێشەنگ مایەوە. حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە بانگەوازی مانگرتنیان دا و بەشی زۆری هێزە سیاسییەکانی دیکە چوونە پشتی ئەو داوایە. خەڵکی کوردستان کە لەلایەک یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات هیوایەکی دیکەی بۆ سەرکەوتن لە خەبات پێ داون و لەلایەک بۆ بەخاوەنکردنی گیانی بەناحەق ئەستێندراوی ژینای تازەلاویان نەک هەر وەک پێشوو وەڵامی بەجێیان بە داوای مانگرتنەکە دایەوە؛ بەڵکوو خرۆشان و جارێکی دیکەش شەقامەکانی شاریان کردەوە سەنگەری خەبات و خۆڕاگری و بەربەرەکانی لەدژی دەسەڵاتی داگیرکەر. ئەوان کە فێر نەبوون مل بۆ ئیرادەی دوژمن نەوی کەن و جینایەت و تاوانەکانی بێوەڵام بێڵنەوە، جارێکی دیکەش حەماسەیان خوڵقاندەوە و وانەیەکی تریان لە یەکگرتوویی و پێشەنگایەتی پێشان دایەوە.

چارەنووسی "ژینا" و هاواری "کوردستان" ئەمجارەیان پەلی هاویشت و شوێنەکانی دیکە لە ئێرانیشی هێنایە دەنگ. لە خوێندکاران و کرێکارانەوە، لە هونەرمەندان و چالاکانەوە، لە ژنان و پیاوانی ئازادیخوازەوە کە ئیدی بەسە و هەتا کەی ڕۆڵەکانی ئەو وڵاتە دەبێ ببنە قوربانیی دەسەڵاتی ستەم و بێدادی؟ ئەمجارەیان پرسی چارەنووسی هاوبەش بوو بە سەرەتای وەرزێکی دی لە یەکیەتی و هاوخەباتی کە بەڵێ ئەمڕۆ لە ئێوەیە و سبەی لە مە. بۆیە خوێنی بەناحەقڕژاوی ژینا ویژدانی کۆمەڵگەی هەژاند و شەپۆلێکی نوێی لە ڕق و بێزاری لەو ڕێژیمە خستەڕێ. خوێنی ژینا ئەمینی، نوید ئەفکاری، زارای بەنییاقوب و سەحەری خودایارییەکان پێک گەیشتن، بوونە دەریایەک کە دێ کۆشکی زوڵم و بیدادیی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ڕامالێ و ببوە هۆی گۆڕانکارییەک کە دەکرێ مزگێنیدەری ڕۆژانێکی خۆش بە هیوایەکی گەش بۆ داهاتوو بێت.

دەسەڵات خۆ ئەگەر بە زەبری چەک و کۆمەڵکوژکردنی خەڵک و خوڵقاندنی جینایەتی دیکەش بتوانێ ئەو نارەزایەتییانە سەرکوت بکا و دایانمرکێنێتەوە؛ بەڵام نە ئەو قافڵەیە وەستان دەزانێ و نە ئەو ڕێگایە کوێربوونەوە. خوێنی ژینا دەسپێکی وەرزێکی نوێ لە ئاڵوگۆڕە بنەڕەتییەکانە لە هەناوی کۆمەڵگەدا ئەویش لە بەستێنی گشتییەکان و هەوێنی ڕزگارییە لە نیری یەخسیری. بەڵام ئەمە ئەرکێکی قورسیش دەخاتە سەر تاک تاکی ئەم وڵاتە و هێز و لایەنە سیاسی و ڕێکخراوەکان بەتایبەتی.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

خۆپیشاندانەکان لەپێناو سەرکەوتن و ئاکام وەرگرتندا دەبێ بەردەوام بن، بەردەوامیی ئەو خرۆشانەش پێویستیی بە پشتیوانییە. ڕاستە ئیرادەی خەڵک لەشکاننەهاتوویە، بەڵام ئێستا ئیدی کاتی یەکگری و هاوخەباتیی ئۆپۆزیسیۆنە. هەتا ئەو ڕێژیمە مابێ هیچ کەس و لایەن و نەتەوەیەک نابنە خاوەنی ماف و ئازادییەکانیان و ڕووخاندنی ئەو ڕێژیمەش هاوبەشی هەمووانی دەوێت. با لە هاتنی وەرزی "ژینا"دا ئەو ئامانجە وەدی بێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢

---

## ژینا ئێستا نیشتمانە!



**ئاسۆ مینبەری**

لە دوای کوژرانی ژینا بەدەستی هیزەکانی ڕێژیم لە تاران، شەپۆلێکی بەرین لە نارەزایەتیی جەماوەری کوردستانی گرتەوە و دواتر پەلی بۆ زۆر شوێن و ناوچەی دیکە لە ئێران هاویشت.

ئەگەرچی ئەم شەپۆلە لە نارەزایەتییەکان لە کوردستان، وەکوو زێد و نیشتمانی ژینای دڵ پڕ لە خۆزگە زۆر بەرینتر و ڕادیکاڵتر بوو، بەڵام پاڵپشتی و هاتنە سەر شەقامی خەڵک و بەتایبەتیش ژنان لە شارەکانی دیکەی ئێرانیش بابەتێکی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

گرینگە.

ژینا ئەمینی ئەو کچە کوردەی کە لەلایەن ڕێژیمەوە و بە بیانووی ڕەچاونەکردنی حیجابی زۆرەملێی جێگای پەسەندی ئەم ڕێژیمە گیانی لێ ئەستێندرا و بوو بە قوربانیی ئیدئۆلۆژیی دژەژنی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە کوژرانی توانیی ڕاپەڕینێکی جەماوەری نەک تەنیا لە کوردستان، بەڵکوو لە ئێرانیش وەڕێ بخات، هەروەها کاربەدەستانی زۆر لە وڵاتانی گرینگی دنیا بێنێتە سەر خەت و لە ئاستی ناوچە و جیهاندا بیروڕای گشتی بە خۆیەوە سەرقاڵ بکات. هەر ئەوەی کە ناوی ژینا و شێوەی کوژرانی لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە بووەتە ڕۆژەڤی میدیا جیهانییەکان و کەسایەتییە بەناوبانگەکان باسی دەکەن و کردەوەکەی کۆماری دژەژنی ئاخوندی ئەبەنە ژێر پرسیارەوە، دەتوانین بڵێین ژینا بە مەرگی خۆی جیهانی بزواند.

ڕەنگە ئەو ڕۆژەی کە ڕووداوەکە ڕووی دا، خودی ڕێژیمیش بیری لێ نەکردبێتەوە کە مەرگی کچێک بتوانێ ئەوەندە بزوێنەر بێت، بەڵام هەر ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنەکەی ژینا لە گۆڕستانی "ئایچی"ی سەقز و بەشداریی بەربڵاوی خەڵک لەم ڕێوڕەسمە، فرێدانی سەرپۆشەکان لە لایەن ژنانەوە و دواتریش هاتنە سەر شەقامی خەڵک لە شارەکانی دیکەی کوردستان بۆ مەحکوومکردنی قەتڵی حکوومەتیی ژینا، هەموویان تێچوویەکی قورس بۆ ڕێژیم بوون، تاکوو تێ بگات چیدیکە خەڵک - بەتایبەت لە کوردستان - لە بەرانبەر کوشتنی ڕۆڵەکانیان بێدەنگ نابن. هەروەها ئەگەرچی ژینا کچی بنەماڵەیەکی خەڵکی سەقز بوو بەڵام هەموو خەڵکی کوردستان خاوەندارەتییان لێ کرد و بە هاتنە سەر شەقامەکان و ناڕەزایەتیدەربڕین بە کوژرانی، ژینایان کردە سیمبۆلێک، سیمبۆلێک کە بێگومان بۆ هەتاهەتایە لە یادگەی ئێمە و جیهانیاندا دەمێنێتەوە.

کوژرانی ژینا، بە دەستی هێزەکانی ڕێژیم کە بەڕواڵەت ئەرکیان پاراستنی ئاسایش و ئەمنییەتی کۆمەڵگەیە و هەموو ئەو ڕووداوانەی کە لە دەسبەسەرکرانیەوە تاکوو کاتی گیانلەدەستدانی ڕوویان دا، سەلمێنەری ئاشکرای پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، هەروەها بێبایەخی مافەکانی ژن لای دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامین و خودی کردەوەکەش کە لە لایەن مەئموورانی ڕێژیمەوە ئەنجام دراوە و مەرگی ژینای لێ کەوتووەتەوە، ڕاستیی کوژران یان قەتڵی حکوومەتیی ژینا پشتڕاست دەکەنەوە، کە بێگومان ئاکاری لەم چەشنە بە بەردەوامی لە ڕێژیمی تۆتالیتێری کۆماری ئیسلامی بینراوە و هەتا ئەو ڕێژیمەش بمێنی، ئەو کردەوانەی بەردەوام دەبێت.

ئەوەی کە بەنیسبەت کوژرانی ژینا دەبێ لێی وردبینەوە، بەشداریی بەرچاوی ژنان بوو کە هەر لە ڕێوڕەسمی بە خاکسپاردنەکەیەوە تاکوو بەردەوامیی خۆپیشاندانەکان، لە ڕیزی پێشەوەی جەماوەر بوون و هاواری پەنگخواردووی خۆیان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بۆ جارێکی دیکە بە گوێی جیهان گەیاند.

وێنە و گرتە ڤیدیۆییە بڵاوکراوەکان لە نارەزایەتییەکانی ئەمجارە، نیشان دەدات کە ژنان چۆن ئەرکی پێشەنگایەتییان لەئەستۆ گرتوە و، بە پێچەوانەی هەموو پڕوپاگەندەکانی ڕێژیم و هەموو هەوڵە ئیدئۆلۆژیکەکانی لەم ساڵانەدا کە ویستی ژن وەکوو بەشێکی پاسیڤی کۆمەڵگە پێناسە بکات و وا بنوێنێ کە ژن تەنیا و تەنیا لە چوارچێوەی ماڵەوە پێناسەی راستەقینەی خۆی وەردەگرێت و لەم پێناوەشدا لە هەموو ئیمکانات و پێداویستییەک کەڵکی وەرگرت، ژنان هەموو جارێک و لە هەموو بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا، لە مەیدانی کردەوەدا ڕۆڵی گرینگ دەگێڕن.

ڕەنگە زۆرجار ژنان هەوڵیان دابێت دژ بە حیجابی زۆرەملێ بێنە مەیدان و وەک لە ڕابردووشدا بینیومانە بۆ ئەم مەبەستەش نرخیان دابێ، بەڵام ئەمجارە پرسەکە زۆر جیاواز بوو. ئەمجارە زێدەڕۆیی ڕێژیم بووە هۆی گیانلەدەستدانی مرۆڤێک، کە بێگومان بیستنی ئەم هەواڵە لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران و لای وڵاتانی دیکەش زۆر سەیروسەمەرە بووە، ئاخۆ چۆن ئەبێ مرۆڤێک بەو شێوە دڕندانەیە بکوژرێت تەنیا لە بەر ئەوەی کە ڕەنگە تاڵە قژێکی بەدەرەوە بووبێت یان ڕەنگ و شێوەی جلوبەرگەکەی بە دڵی دەسەڵاتداران نەبووبێت؟!

نابێ ئەو ڕاستییەمان لەبیر بچێت کە مەرگی تراژیکی ژینای نیشتمان چەند شتی گرینگی بەدواوە بوو. ئەو ڕووداوە بوو بە دەرفەتێک کە یەکگرتوویی خەڵک چ بە مانگرتنەکەی ٢٨ی خەرمانان و چ بە خۆپیشاندانە جەماوەرییەکان، زیاتر لە پێش خۆی بنوێنێ و، ڕێژیمی تێگەیاند کە چیدیکە ئاکاری سەرەڕۆیانە ناتوانێ بەردەوام بێت و ئەوە خەڵکن کە بەگژ داگیرکاری و ستەمی ڕێژیمدا دەچنەوە. نیشانی دا کە هێز لە یەکگرتوویی‌دایە و ئەم یەکگرتووییە دەتوانێ بونیاتی ئەم ڕێژیمە تێک بشکێنێ.

ژینا ئێستا تەنیا کچێکی ٢٢ساڵی سەقزی نییە، ژینا ئێستا خودی نیشتمانە، هەر وەک چۆن کورد بە درێژایی مێژوو پارێزگاریی لە نیشتمانەکەی کردوە و لە پێناویشیدا گیانی بەخت کردوە، ئەمڕۆ ژینا بووەتە ئەو نیشتمانە کە لاوانی کوردستان بۆ پارێزگاری کردن و خاوەندارەتی‌کردن لە بوون و کەرامەتی، هاتنە سەر شەقام و سینگیان کردە قەڵغانی گوللەی داگیرکەران و چوونە ڕیزی نەمرانەوە.

ژینا بزوێنەر بوو بۆ تاک بە تاکی کۆمەڵگەی کوردستان و بە مەرگی خۆی بووە چاوگی شۆڕشێک کە دامرکانەوەی بۆ نییە و بێگومان لە بەرەبەیانی ئازادیدا ناوی ژینا لەگەڵ یەکەم گزینگی خۆر بە سەر کوردستانەوە دەدرەوشێتەوە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# ژینا، چیرۆکی ژین و ژان



**ڕەزا دانشجوو**

تەنیا چەند ڕۆژێک لەمەوبەر بوو کە هەواڵی دڵتەزێنی مردنی شلێر کە بۆ دوورکەوتنەوە لە دەستدرێژی سێکسی و ڕەنگە نیگای کۆمەڵگەی پیاوسالار و سێکسیست مردنی لە باوەش گرت، شۆکێکی گەورەی لە جەستەی لاوازی کۆمەڵگەی ژنانی نیشتیمانم دا. ئێستا لە ماوەی کەمتر لە چەند ڕۆژێکدا، ڕووداوێکی تاڵی دیکە دیسان جەستەی ئەم کۆمەڵگە ئازارچێشتووەی بریندار کردەوە و قەتماغەی لەو برینە هەڵدایەوە.

"ژینا"ی کوردستان بوو بە قوربانیی سیاسەتی هەڵاواردنی ڕەگەزیی کۆماری ئیسلامی. لەم وڵاتە نەفرەتلێکراوەدا ئازار و دەردی ژنان هیچ کات کۆتایی پێ نایە. ئازارەکان بێوچانن و چارەسەریان نییە. کابوسی نەبڕاوەی کۆماری ئیسلامی، بە هەموو یاسا دژە ئینسانی و دواکەوتووەکانی ،کە وەک خۆرە کەوتۆتە سەر جەستەی ئەم کۆمەڵگە خەمناک و غەمگینە، و هەر ڕۆژ زیاتر تانوپۆیەکانی دەخوات. ماوەیەکی زۆرە چەقۆکە گەیشتووەتە ئێسک و ئەم جەستە لاوازە چیتر توانایی بەرگەی نەماوە. خۆسووتاندن، خۆکوشتن، کوشتن بە بیانووی پاراستنی شەرەف، دەستدرێژیکردنە سەر و ترساندن، وەک ئافتەرشۆکەکانی بوومەلەرزە بێ وەستان، تەنانەت ڕێگە بە لابردنی پاشماوەکانی دوای ڕووخانیش نادەن. تەنانەت کات نییە بۆ گێڕانی تاسە و ماتەمیش.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ژینا بۆ سەردانێکی کورت و چاوپێکەوتنی خزم و کەسانی چووبووە تاران، چووبوو کەمێک پیاسە بکات، هەوایەک بگۆڕێت و جوانییەکانی ئەم شارە نەفرەتییە ببینێت. نەیدەزانی ساڵانێکە ئەم شارە و بڕیاری خاوەنەکانی جگە لە مردن هیچی تری بۆ کورد نەهێناوە. نەیدەزانی پایتەخت چەندین ساڵە هێمای زوڵم و چەوساندنەوە و نەبوونییە بۆ کورد. ساڵانێکی دوورە پایتەخت بۆ کورد تەنیا هەوراز و نشێوە و ئەوەی نییە تەختە، شوێنێک بۆ دانیشتن و حەسانەوە. لێرە کوردبوون تاوانە، ئەوەیتر گرنگ نییە.

ژینا چووبوو بۆ بینینی جوانی و کۆکردنەوەی هەندێک یادەوەری. لەگەڵ براکەی چووبوو کەمێک سەیر بکات، کەمێک ببینێت، کەمێک ببیستێت. بەداخەوە جەلادەکانی کۆماری ئیسلامی هەموو خەونەکانیان تێکدا. چاو و گوێی ژینا بەدوای جوانییدا دەگەڕا کە لەپڕ سەربازەکانی ڕەشایی گەیشتن و ڕێگایان گرت، براکەی دەپاڕایەوە و ژینا دەگریا، بەڵام تاریکپەرەستان زۆر لەوە دڵڕەقتر بوون، لە ناکاو هەموو شتێک لە بەرچاوی ڕەش بوو، ئێستا دوژمنانی پێکەنین و زەردەخەنە دەورەیان دابوو. ژینا کچێکی پاک و بێتاوانە کە لە سەرەتای ژیانیدا لەلایەن بەکرێگیراوانی ڕێژیمی ئاخوندیەوە کرایە قوربانی. تاریکپەرەستان گرتیان، لێیان دا و بردیان هەتا فێری بکەن چۆن قژی بشارێتەوە!

ژینا کوردە، لەگەڵ زەردەخەنە و دڵخۆشبوون گەورە بووە، کورد زۆر حەزی لە پێکەنین و دڵخۆشبوونە، بۆ کورد شادی و هەڵپەڕکێ زۆر پڕبایەخە، لای کورد لەبەرکردنی ڕەنگی ڕەش قێزەونە، کورد دەڵێ ڕەنگی ڕەش بەدبەختی دەهێنێت. ژینا کوردە، بە قژی پەرتەوازە و پەرێشانەوە فێری ڕەوشت بووە، خەڵکی شوێنێکە کە کچەکانی بە قژی پەرتەوازەیی و پەرێشانەوە ئەفسانەی داعش و بیرکردنەوەکانی ڕەشیان چاڵ کرد. ژینا لە شوێنێکڕا دێت کە ژنەکانی دەمرن، بەڵام ژیانی لەژێر ستەم و زۆری قەبوول ناکەن. ئەمانە بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامین، کە پێویستە لە پۆلی پەروەردەی ژنانی کورد دابنیشن و وانەی شەرەف و ئازادی فێر ببن. ئەمانە بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامین کە پێویستە لە پۆلی پەروەردەیی ژنانی کورد دابنیشن و کەمێک لێیان پیاوەتی فێر ببن. پێویستە فێر ببن هیچ مرۆڤێک بە چەقۆ و گازی فرمێسکڕێژەوە لە کچێکی بێبەرگری نزیک نابێتەوە.

دایکی ژینا وێنەیەکی بڵاو کردۆتەوە، وێنەکە لە میترۆی تاران گیراوە، تەنها کاتژمێرێک پێش ئەوەی جەلادەکانی ڕێژیمی ئاخوندی بیبەن بۆ کوشتارگە، دایکی دەپرسێت حیجابی کچەکەم چ کێشەیەکی هەبوو!؟ کێشە حوکمی مەلا و حکومەتی ئێعدام و سەرکوتکردنە. کێشە حکومەتێکی تۆتالیتارە، کە لە هیچ دەنگێکی و هیچ ڕووخسارێکی جیاواز تێناگات. کێشە ڕێژیمێکی دواکەوتووە کە بۆ ئاغاکانی سەر دادەنێ و توانای هیچ نا گوتنێکی نییە، ناوێرێت کاردانەوەی بەرامبەر حکومەتە زلهێزەکان هەبێت، بەڵام لەشکرێک لە بەکرێگیراوانی ڕەشپۆشی دەنێرێت تا کچێکی بێتاوان بکوژێت.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ژینا دڵخۆشە و پێدەکەنێت، ئەمەش بە واتای تاوانە لە فەرهەنگی تاریکپەرستراوەکاندا، کاتێک سەیری دوا وێنەی ژینا دەکەیت، جیهانێک لە ژیان دەبینیت، جیهانێک لە چاوەڕوانی و خەونەکان، چاوەکانی پڕن لە ئومێد و ئارەزوو، پڕن لە تازەیی و ژیان. ئەگەر بە وردی سەیر بکەیت، لە چاوەکانیدا دەتوانی داهاتوو ببینی، سبەینێیەکی بێ مەلا، بێ بەکرێگیراو و هەراسانکەر، سبەینێیەکی ئازاد و کچێک بە قژی پەرێشانەوە کە فەرمێسکەکانی بوون بە چەند وشە و تا ڕۆژی تۆڵە لەنێو گۆی زماندا هەردەم دووپات دەبنەوە: "ڕۆژێک ئاگری سینەم عەباکەم دەسوتێنێت."

---

## هاودەنگیمان مانەوەیە



**پژمان شەریعەتی**

لە کاتی دامەزرانی دەوڵەتی مۆدێرن لە موازنەی سیاسیی ئێراندا، بە بەردەوامی دەسەڵاتە دیکتاتورییەکانی ناوەندی ئێران، هەوڵیان داوە بە هەموو شێوازێک بە سیاسەتێکی دژە ئینسانی، دابڕان لێکترازان لەنێو کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بێننە ئارا.

لەو پێناوەیشدا دەستیان بۆ هەموو کردەوەیەکی ناڕەوا بردوە، لە سەرکوتی توند و کوشتن و بڕین و ژینوساید ڕا بگرە،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەتا ئاسمیلاسیون و هەموو شێوازەکانی شەڕی نەرم، بۆ ئەو مەبەستەی ماهییەت و پێناسە و هەستی نەتەوایەتی لەنێو کورددا بەتەواوەتی کاڵ بکەن، ئاسەواری نەهێڵن و کۆمەڵگەیەکی سەرگەردان پێک بێنن بە جۆرێک کە کوردستان خاوەن ئیرادەی خۆی نەبێت و توانای جولانەوەی لێ ببرێت.

ئێستا ئەگەر هەر سەد ساڵی ڕابردوو بە نموونە وەربگرین، دەتوانین بڵێین کە بەو سیاسەتانە ئەگەرچی توانیویانە خەسارێکی زۆر بە جووڵانەوەی کورد بگەیەنن، بەڵام لە پیلانەکانیاندا سەرکەوتوو نەبوون و کۆمەڵگەی کوردستان هاودەست تر لە جاران لە جووڵان و بەرەو پێشچووندایە.

بۆ سەلماندنی ئەم بابەتە، دەتوانین ڕووداوی دڵتەزینی کوژرانی ژینا ئەمینی، بە دەست میلیشیاکانی گەشتی ئیرشادی ڕێژیم بۆ نموونە بێنینەوە. کچە لاوێکی کورد لە تاران بە هۆی لێدانی وەحشیانەی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم بە تاوانی! بەدیاربوونی چەند تاڵێک لە قژی گیانیان لێ سەند و لێکەوتەکانی بووە خرۆشانی کوردستان و بزوتنەوەیەکی کوردستانیی وەڕێ خست کە دواتر ئەمە بە ئولگووەرگرتن لە کوردستان گۆڕدرا بە بزوتنەوەیەکی سەراسەری لە ئاستی ئێراندا.

خاڵە سەرەکییەکان لێرە ئەوەیە کە یەکەم: کرماشان و ئیلام و ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵات، کە بەردەوام لەژێر هێرش و پەلامار توند و نەرمدان و پروپاگاندا دەکرێت کە لە بزاڤی کوردی دوور کەوتوون، بەو پەڕی هەستی نیشتمانی بە پاڵپشتی لە ژینا و ڕەوتی کوردی ڕژانە سەر شەقام و لە جیاتی دروشمی "جاوید شاه" دروشمی" ژن، ژیان، ئازادی" دەڵێنەوە و ڕاستەوخۆ بە دروشمی "مرگ بر دیکتاتور" دەسەڵاتی ڕێژیم دەکەنە ئامانج.

ئەم پاڵپشتی و هاودەنگیی لە سەراسەری ڕۆژهەڵات ئەو پەیامە گرینگەی تێدا بوو کە لە بەختیاری و ئیلام هەتا ماکوو و سەلماس، هەستی هاوبەش بوونی هەیە و پیلانەکانی ڕێژیم سەرنەکەوتوون. هەر وەک ئەوەی کە لە کاتی بومەلەرزەی کرماشان و لێقەومان لەو بەشە لە کوردستان، لە ماکۆوە بگرە تا لوڕستان بە هانای هاونیشتمانیانیان ڕۆیشتن، هەروەها لە کاتی لافاوی لوڕستان هەر بەو چەشنە کورد پاڵپشت بوون و هەستی نیشتمانیی خۆیان نیشان دا.

لە ڕووداوی دڵتەزینی گیانلەدەستدانی ژینا، کە بزوتنەوەیەکی گشتگیری لێ کەوتوتەوە، کوردستان بووەتە پێشەنگ، بەو مانایە کە کوردستان شێوازەکانی بەرگری و خەبات دیکتە دەکات بە نەتەوەکانی دیکەی ئێران و دەبێتە دەروازەی ڕزگاری. کاتی کە لە ئازەربایجان دروشم دەدرێت بۆ پاڵپشتیی کوردستان، عەرەب و فارس و بەلووچ، دەنگ هەڵدەبڕن کە کوردستان بەتەنیا جێ ناهێڵین، خاڵێکی وەرچەرخانە کە کورد سالیانێکی دوور و درێژە هاواری بۆ دەکات و نەتەوەکانی دیکە پەیامی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کوردیان وەرنەدەگرت، بەڵام ئیستا دەبینین کە باوەڕ بە کوردستان دێنن و وەدوای دەکەون، چونکە ڕێی ڕزگاری خۆیان لە ئەندیشەی کوردی دەبینن.

ئەندیشەی کوردی بەو واتایە کە، دژ بە هەموو هەڵاواردنێکە، لە هەڵاواردنی نەتەوەیی، ڕەگەزی، ئابووری و سیاسی و ... و دێموکراسی سەردێری مەکتەبی کوردستانییە، کە واتە لەم بزووتنەوەیەدا چاوەکان لە ناوەندەوە لەسەر کوردستان کۆ دەبێتەوە.

هەتا بەر لە ئەم ڕووداوە، بە بەردەوامی باس دەکرا کە کێشەکانی ئێران لە ناوەند چارەسەر دەکرێت و بزوتنەوەیەک کە لە تاران سەرهەڵبدات توانای ڕووخانی هەیە و تارانە کە یەکلایی کەرەوەیە. بەڵام کوردستان بە هاودەنگی و عەقڵییەتێکی مرۆڤتەوەرانە بە پێی پێوەرە مودێرنەکانی مافی مرۆڤ و ژیانی ئازاد و پاراستنی کەرامەتی ئینسانی، سەلماندی کە ڕێی حەق و ئەو شێوازانەی کە لە خەبات و سیاسەت گرتوویەتە بەر، تەنیا بۆ ڕزگاریی کورد نییە بەڵکوو، هەموو نەتەوەکانی دەتوانن بەو وێژمانە و پەیڕەوی لە کوردستان بە ئازادی بگەن.

لە لایەکی دیکەشەوە ئەم بزوتنەوەیە، شێوازی سەرهەڵدانی بە چەشنێک بوو کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ناتوانێت بە لاڕێیدا ببات و ئەنگی ئەوەی لێ بدات کە، دەستی دەرەکیی تێدایە و ئامریکا و ئیسرائیلن کە ئەم ڕەوتەیان ڕێک خستوە، ئەم پرسە ئیستا بووەتە پرسی نێونەتەوەیی و کۆمەڵگەی جیهانی هەڵوێستێکی بێ وێنەیان بووە بە نیسبەت ئەم ڕووداوە، و تەنانەت ڕێگەی پاساو هێنان و شاردنەوەی بۆ ڕێژیم نەهێشتووە و تەنیا ئەوە بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ماوەتەوە کە هەموو کۆمەڵگای جیهانی بە دوژمن بزانێت.

ڕووداوی ژینا و ئەم سەرهەڵدانە نوێە، گۆڕانێکی بنەڕەتی لە خەباتی مەدەنی و سیاسی لە ئێران پێک هێنا و پرسەکان لە مەعیشەتی و مەزهەبی و ورد، بەرەو سیاسەتێکی کەلان و گشتگیر و هەمەلایەنە چوو، تا ڕادەیەک کە ئەگەر ڕێژیم بتوانێت ئەم بزوتنەوە سەرکوت بکات، تازە بووەتە جەریان و شەپۆلەکانی هەموو ئێرانی داگرتوە و لە داهاتوویەکی نیزیکدا سونامیی گەلانی ئێران، قەڵای داگیرکاری دەڕۆخێنێت.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# کوردستان لوتکەی هەڵوێست و خۆڕاگری



**ئەلبورز ڕۆئین‌تەن**

دوای جینایەتی ناخەژێنی ژینا ئەمینی شەپۆلێکی بەرفراوانی دڵگرانی و قینی خەڵک بەرانبەر ڕێژیم دروست بوو. سەرەتا ئەو قینە بابەتێک نەبوو تەنیا بەرانبەر بە ئۆرگانێکی وەک "ستادی ئەمر بە معروف" بەڵکوو کۆی سیستمی کۆماری ئیسلامی بە هەموو باکگراوەندە ئیدۆلۆژیکی و بەڕێوەبەری و بروکراسیەکەی لە خۆ دەگرت، ئەوە خاڵێکی گرینگە کە ئیتر لە هەر ڕووداوێکدا کۆی سیستم بەرپرسیارە و ئەو ڕاستییەش لەنێو خەڵک وەک فاکتێکی سەلمێنراو دەبیندرێ.

وێڕای هەموو هەوڵەکانی ڕێژیم و کاربەدەستانی ئاشکراو و نهێنی هەروەها هەڕەشە و سەرکوت بۆ چەواشەکردن و شاردنەوەی ئەو کەیسە نەک سەرکەوتوو نەبوو، بەڵکوو بە پێداگری کۆمەڵگای کوردستان بە گشتی و هاتنە سەر خەتی بزووتنەوەی ڕەوای کورد ئەو کەیسە لە کەیسێکی تاکە کەسی و بنەماڵەی ژینا بووە بە کەیسی ئازادیخوازی کورد و کوردستان بەرانبەر ڕێژیمێکی دواکەوتوو کە بە هەموو شێوەیەک دژی ئازادی و ماف و نرخ و نۆرمە پێشکەوتووی مرۆڤایەتیە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە هەمووشی گرینگتر ڕێکخستنی ئەو قینە و ئاراستەکردنی لەلایەن دینامیکە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بە گشتی و ناوەندی شۆڕش بە تایبەتی، بەرەو ڕێڕەوی دژایەتیی جنایەتکاران و بەرخودانی نەتەوەیی بۆ گەیشتن بە ئازادی یەکجاری بوو، کە هەنگاوێکی بایەخدارە و دەتوانێ ببێ بە وێستگەیەکی دیکەی گرینگی شۆڕش و تێکۆشانی نەتەوەکەمان بۆ گەیشتن بە ئازادی.

لە وەڵامی ئەو ڕێکخستنە و داواکارییەدا مانگرتنی ٢٨ی خەرمانی لێ کەوتەوە کە وێڕای ئەوەی وەبیرهێنەرەوەی هەموو حەماسەکانی خەرمانانی ڕابردوو لە کات و ساتی جیاوازە، چرای بەردەوامی نارەزایەتیی شۆڕشە بەرانبەر بە دوژمنان.

لە دیتنی ئەو مانگرتنە و خۆپێشاندنانەی کە لەو چەند ڕۆژە کراوە و بەردەوامە و دەکرێت جارێکی دیکە بە ڕوونی سەلمێنرا کە کوردستان و کورد سەنگەری ئازادیخوازی و هەڵگری مەشخەڵی شۆڕشێکی پێشکەوتنخواز و پێشڕەوی کاروانی گەیشتن بە ئازادییە.

لە خەرمانانددا دوژمنی دڵ پڕ لە قینی داگیرکەر بە تۆپ و تانگ و سەرکووت، بە تیرۆر و بە جنایەت و مووشەکباران، بە چەواشە و شاردنەوە و شەڕی نەرم، بە هەر شێوەیەک کە توانیویەتی هەوڵی داوە کورد و خەبات و لاو و بیرە ئازادیخوازەکەی لە نێوبەردا. لە بەرانبەر دا دوێنێ کۆبوونەوەی هەزاران کەسی لە برلین و، ئەمڕۆ پاڵپشتی و پشتیوانی میلیۆنان کەس لە ڕۆژهەڵات یەک دەنگ و هەماهەنگ هاواریان کرد دوژمن خەیاڵت خاوە و هەتا کوردێک مابێ خەبات و شۆڕش بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەربەستی هەر دەمێنێ.

بە مانگرتنە جارێکی دیکە ئەو ڕاستییەمان بۆ سەلمێنرا کە کوردستان سەر دانانوێنێ، کوردستان ئامادەیە و ئامادەتریش دەبێ بۆ بەهێزترکردنی شۆڕش، لە هەمووشی گرینگتر ئیرادەی گەل بەهێزترە لە هێزی داگیرکەری دواکەوتوو و دڕەندە. جارێکی دیکە بۆ هەمووان بۆ دۆست بۆ دوژمن دەرکەوت کوردستان لوتکەی هەڵوێستە، هەڵوێستێکی پێشکەوتوو بۆ هەبوونی ژیانێکی ئازاد و شایانی مرۆڤ و نەتەوەیەکی ئازاو مافخواز و ڕاپەریو. جارێکی دیکە نیشانی دایە کە هێز لە یەکگرتن و یەکگرتوویی دایە و ئەمە وەڵامێکیش بوو بۆ یەکگرتنەوەی دێموکرات و ناردنی ئەو پەیامە کە گەورەترین دەسکەوتەکان بە یەکیەتی و یەکگرتوویی وەدی دێن.

کوردستان لوتکەی هەڵوێستە بەرانبەر داگیرکەرانی خاک و ئازادی، لوتکەی بەرخودانێکە کە ئاسۆی ڕوونی سەرکەوتن ڕوونتر و ڕوونتر دەنوێنێ.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕۆژنامەی "کوردستان"، ژمارە ٨٣٢،

هەینی ١٥ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ی زایینی

---

## دەمی ڕاپەڕینە



عەلی بداغی

کۆماری ئیسلامیی ئێران جارێکی دیکە بۆ چارەسەری ئەو پرسە سەرەکییانەی لە خۆی کردوونی بە بارێکی قورس و قەیران لەسەر قەیران کەڵەکەی کردوون، پەنای بۆ مووشەک و چەک بردەوە. ڕێژم لە نێوخۆی وڵات خەڵکی مافخوازی ڕاپەڕیو دەداتە بەر ڕێژنەی گوللە و، مووشەک لە حیزبە سیاسییە کوردەکان دەگرێت و سوورە لەسەر ئەو سووڕی باتڵەی کە دواجار دەبێ سەری لەسەر دابنێت.

٦ی ڕەزبەری ئەمساڵ هەروەک ڕووداوەکەی چوار ساڵ لەوەپێشی ١٧ی خەرمانان و لە کاتێکدا پتر لە ئەوکات قەیرانە نێوخۆیی و دەرەکییەکان ئەوکیان گرتبوو، بەدڕەوشتانە و دوور لە هەر چەشنە پڕەنسیپێکی ئەخلاقی و ڕەچاوکردنی یاسا و



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دەروەستییە نێودەوڵەتییەکان تەنانەت لەبەرچاوگرتنی یاساکانی شەڕ، بە دەیان مووشەکی بالستیک و دڕۆنی خۆتەقێن، بنکە و بارەگاکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی کردە ئامانج. کۆماری ئیسلامی بەو کارەی پێشانی دا کە چەندە بزووتنەوەی سیاسیی کورد بە هەڕەشە و مەترسییەکی جیددی لەسەر خۆی دەزانێ و چەندە لە کوردستان وەک قەڵایەکی خۆڕاگری ئیلهامدەری خەبات بۆ ناوچەکانی دیکەی ئێران زراوی چووە. ئەمەش لەخۆڕا نییە، بەسەرهاتی ژینا ئەوەمان پێ دەڵێت.

مەرگی ژینای کورد و بەخاوەنکردنی لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە گرکانێکی کۆمەڵایەتیی لە کۆمەڵگەی ئێراندا وەڕێ خست. ڕاپەڕینێک کە لە کوردستانەوە بە مانگرتن دەستی پێ کرد و مانگرتنێک کە حیزبی دێموکرات و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان بانگەوازیان بۆ کردبوو. مانگرتنێک کە هەر لە یەکەم ڕۆژەوە گەیشتە فۆڕمی ڕاپەڕین بە دروشمێک کە لە کوردستان لەدایک بوو، و زۆر زوو لە "ژن، ژیان، ئازادی"یەوە تێپەڕی و تەواوەتیی کۆماری ئیسلامیی کردە ئامانج. واتە ڕاستە کە کوشتنی ژینا و پرسی ژن و ماف و ئازادییەکانی تەوەر و پێکهێنەری سەرەتای ڕاپەڕینەکە بوون، بەڵام دەمودەست نارەزایەتییەکان و ڕاپەڕینەکە شوناسێکی تەواو سیاسی و گشتیی لەدژی کۆماری ئیسلامی وەرگرت و کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەوە لە کورد و لە حیزبەکانی کوردستان بەگشتی و بەتایبەت یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات و لێکەوتەکانی دەزانێ. چونکی وەک دوژمنی کارامە زۆر باش لە ڕەگ و ڕیشەی پتەو و زیندووی حیزبی دێموکرات لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات و کاریگەریی گوتاری و تەشکیلاتیی ئەو حیزبە لەسەر وەگەڕخستنی هەرچی زیاتری زەرفییەتی خەباتگێڕیی خەڵکی کوردستان شارەزایە. مانگرتنە بەشکۆیەکەی ٢١ی خەرمانانی دوای مووشەکبارانی ١٣٩٧ی "قەڵای دێموکرات"یش کە هەر ئەمساڵ دوو جاری دیکەش مانگرتنی لەو چەشنە لە ڕۆژەکانی ٢٨ی خەرمانان و ٩ی ڕەزبەر لەسەر داوای حیزبی دێموکرات و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان وەڕێخرانەوە، زۆر باش تەعبیر لەو سەنگ و قورساییە دەکەن.

ڕاپەڕینەکەی ئێستاش کە لە هەموو مێژووی کۆماری ئیسلامیدا نموونەی نەبووە، ئاخێزگەکەی کوردستانە، ئاخێزگەیەک کە سرووشت و خسڵەتێکی دیکەی بەو نارەزایەتییانە بەخشیوە و دەتوانێ ببێتە خاڵگۆڕانێک لە مێژووی سیاسیی ئێراندا. وەک دەبینین پێچەوانەی سێ سەرهەڵدانی گەورەی پێنج ساڵی ڕابردوو، واتە بەفرانباری ٩٦ و خەزەڵوەری ٩٨ و هاوینی ١٤٠٠ کە بزوێنەرەکەی "پرسی ئابووری" و "خەمی نان" و "بێئاوی" بوون، ئەمجارەیان ئەوە "ماف" و "کەرامەت"ی مرۆییە کە پێشێلکردنەکەی خەڵکی هێناوەتە سەر شەقام. پرسێکی سەرەکی کە کورد پتر لە چوار دەیەیە خەباتی بۆ دەکا و خوێنی بۆ دەدات. سەرەتاییترین ئاکامگیری لەو فاکتەرە ئەمەیە کە کێشەکانی بەردەم کۆماری ئیسلامی بەولاوەتر لە قەیرانی ئابوورییە و تەنانەت چارەسەری قەیرانگەلی ئابووریش دادی ڕێژیم نادا، چونکی خەڵک ئیدی ماف و ئازادییەکانی خۆیان دەناسن و دەیانەوێ و بۆ دەستەبەری ئەو مافانەش هاتوونەتە مەیدان و ئامادەن هەموو تێچوویەکیشی بۆ بدەن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەم ڕاپەڕینە خسڵەتێکی بەرچاوی دیکەی پڕکردنەوەی درزێک بوو کە لە چوار دەیەی ڕابردوو ڕێژیم ویستوویەتی لەنێو پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی ئێراندا دروستی بکات. کوردستان لە هەموو ماوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا زۆرترین قوربانیی بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ڕێژیم، خەبات لەپێناو ئازادی و دێموکراسی بۆ ئێران و مافە نەتەوایەتییەکانی خۆی داوە. زۆرترین سەرکوت و کوشتوبڕ، تیرۆری ڕێبەران و تێکۆشەرانی حیزب و ئێعدامی بەندکراوە سیاسییەکان، سیاسەتی پەراوێزخستنی ئابووری و شەڕی نەرم بۆ تواندنەوەی زمان و شوناسی نەتەوەییش، بەشێکی کەم لە پشکی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بۆ کوردستان بووە. بەڵام ئەمە یەکەمجارە کە جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە کورد خەڵکی ناوچەکانی دیکەی ئێرانیش دێنێتە سەر خەت و پشتیوانیی ئەوان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ. ئەو هاوپەیوەندییە کە لە هاوخەمی، تێگەیشتنی قووڵ و نوێ لە هاوچارەنووسی و، پێویستیی هاوخەباتییەوە سەرچاوە دەگرێ؛ دەبێ بەرز بنرخێندرێ و ببێتە هەوێنی زۆر پلان و بەرنامەی سیاسی بۆ بەردەوامیی هاوخەباتی لە داهاتووشدا. کوردستان ئیدی بەتەنیا نییە و ئەو تێگەیشتنە زۆر بەهێز بووە کە بۆ کۆتایی‌هێنان بە تەمەنی ڕێژیمی سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامی و چێکردنی وڵاتێکی دێموکراتیک کە دەستەبەری مافی نەتەوەیی هەموو جۆراوجۆرییەکان بکا؛ ئەشێ هەمووان دەست بدەنە دەستی یەکتری و دەرفەتەکان لەکیس نەدەن.

بۆیە ئەم ڕاپەڕینەی چەخماغەکەی لە کوردستان لێ درا و لە ئێستادا ئەو مەترسییەی لای ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی دروست کردوە کە بیری مافویستی و شوناسخوازی و خەباتگێڕی لە کوردستانەوە قووڵتر بۆ شوێنەکانی دیکە پەل باوێ، لە ڕوانگەی ئەوانەوە دەبوا بە لێدان لە دڵ و سەری بزووتنەوەی کوردەوە کپ و بێدەنگ بکرێ و لە پێ بخرێ. مووشەکتێگرتن و درۆنبارانی ٦ی ڕەزبەری بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات لەلایەن سپای پاسدارانەوەش هەر بۆ ئەو ئامانجە بوو.

بەڵام هەروەک لە سەرەتادا ئاماژەی پێ کرا تۆ بڵێی ئەم ڕاپەڕینە بە مووشەکبارانی ئۆپۆزیسیۆن، کوشتاری بەلووچ، خنکاندنی زانکۆکان و ڕەشبگیری چالاکانی سیاسی و مەدەنی دادەمرکێندرێ؟ بێگومان نا. چونکی خەڵکی ئێران هیچ ڕێگایەکی دیکەیان بۆ گۆڕینی ئەو دۆخە لە بەردەمدا نییە. خەڵک هەموو شێوازەکانی خەباتی مەدەنییان بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ تاقی کردەوە، بە بەشداری لە هەڵبژاردنەکان و دەنگدان بەنیازی گۆڕان، بە دروستکردنی دامەزراوە و کۆمەڵگەی مەدەنی، بە مانگرتن و نارەزایەتی‌دەربڕین، بە وەڕێخستنی کەمپین و گرتنەبەری هەموو شێوازێکی پێشکەوتوو کە لە کۆمەڵگەیەکی گەشەکردوودا دەکرێ بکرێن، کەچی هەموو ئەوانە ئاسنی ساردکوتان بووە. هەموو ڕێگاکان بۆ ئاڵوگۆڕ گەیوەتە کوێرەکۆڵان و لەو سۆنگەیەوە کە حکوومەت لە شێوازی دەسەڵاتدارەتییەکەی بەردەوامە، تاکەڕێگا کە لە بەردەم خەڵک دەمێنێتەوە هەر سەرهەڵدان و ڕاپەڕینە. سەرکەوتنی ئەو ڕاپەڕینەش لەگرەوی کۆمەڵە فاکتەرێکدایە: بەردەوامیی خۆپێشاندانەکان و یەکیەتیی بەکردەوە و هاوئاهەنگیی هەموو پێکهاتەکانەکان، دروستبوونی یەکگوتاری و هاوئامانجی لە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

نیو ئۆپۆزیسیۆن بۆ ئەوەی ڕێبەریی ڕاپەڕینەکە بگرێتە دەست، پشتیوانیی دیاسپۆرا و کۆمەڵگەی جیهانی لەو ڕاپەڕینە گشتییە. ئەرکێک کە لەسەر شانی هەموو گۆڕانخوازان و مافویستان قورسایی دەکات.

---

## پەیامی وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە هێرشی مووشەکیی کۆماری ئیسلامی



خەڵکی کۆڵنەدەر و تێکۆشەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان!

خوشک و برایانی ئازیز!

هەروەک ئاگادارن ڕۆژی چوارشەممە شەشی ڕەزبەر (٢٨ی سێپتامبر، بنکە و بارەگاکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و لایەنەکانی دیکەی نیشتەجێ لە باشووری کوردستان کەوتنە بەر هێرشێکی بەربەرینی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران، کە بەداخەوە کۆمەڵێک قوربانی و شەهید و بریندارى لێ کەوتەوە.

بۆچی کۆماری ئسیلامی ئەو هێرشەی کردە سەر ئێمە؟ وڵامەکەی زۆر ڕوونە. هەروەک هەموو لایەکی ئێوە ئاگادارن لە دە ڕۆژی ڕابردوودا بەدوای شەهیدبوونی ژینا ئەمینی لە تاران و بەدوای ئەوەدا کۆمەڵگەی ئێران بەگشتی بە هەموو نەتەوەکانیەوە، بە هەموو چین و توێژێکەوە، بە هەموو ئایین و ئایینزاکانەوە، بە هەموو ڕێکخراوە سیاسییەکانەوە، لەگەڵ یەک بە هاوکاری و هەماهەنگی و هاوپێوەندیی ئێجگار زۆرەوە ئەو خەبات و جموجۆڵە مەدنییەیان دژی کۆماری ئیسلامی وەڕێ خست و، کۆماری ئیسلامی بۆ یەکەم جار دوای ئینقلابی ئێران، خۆی لە بەرانبەر ئاپۆرای میلیۆنیی کۆمەڵانی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خەڵکی ئێراندا دەدیت، تووشی شکستێکی ئێجگار زۆر گەورە بوو.

لە تەنیشت ئەوەدا جێگەی خۆیەتی بڵێین بەشداری بەربڵاوی ژنان و هەروەها شیعاری "ژن، ژیان، ئازادی" کە لە ئێراندا بوو بە سیمبولێک بۆ بەردەوامیی ئەو سەرهەڵدان و ڕاپەرینە، لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشدا بە ڕادەیەکی یەکجار زۆر دەنگی دایەوە و، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە ڕێکخراوە دەوڵەتی و غەیرە دەوڵەتییەکان کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان مەحکووم کرد.

تەنانەت بابەتی هێرشەکەی کۆماری ئیسلامی و دەستدرێژییەکانی لە شوڕای ئەمنییەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیشدا هاتە بەر باس. بۆیە کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەیکە قەرەبووی ئەو شکستە بکاتەوە. لەو پێوەندییەدا چونکی مەسەلەی کوردستان و خەبات و تێکۆشانی کوردستان و ژنان و پیاوانی کوردستان لە سەفی پێشەوەی ئەو خەباتە جەماوەرییەدا بوون و بە شێوەیەکی ئارام و هێمن لە نێوخۆی وڵات پەرەی دەستاند، نەیدەتوانی بە مەیلی خۆی و ئەو جۆرەی دەخوازێ بە ئاقاری توندوتیژییدا بەرێت. بۆیەشە دەست کرد بە تۆڵەکردنەوە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران و لایەنە کوردییەکانی دیکە. ئەمە هۆکاری سەرەکیی هێرشە بەربەرینەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر حیزبی دیموکرات بوو. وەک گوتم، یەکەم بۆ ئەوەی کە بیروڕای گشتیی ئێران و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەلاڕێدا ببات، بۆ ئەوەیکە بابەتەکان لە چوارچێوەی ئێراندا بێنە دەرێ و زۆرتر شتەکە پێوەند بدرێتەوە بە دەرەوەی سنوورەکانی وڵات. بۆ ئەوەی کە بڵێ لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانەوە هەڕەشەمان لەسەرە، دەنا خەڵکی ئێران لەدژی کۆماری ئیسلامی مەسەلەیەکیان نییە. ئەوە لە حاڵێکدایە بە میلیۆن کەس لەو خەبات و جموجۆڵە جەماوەرییەدا بەشدارییان کرد. حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و لایەنەکانی دیکەش بەباشی لەوە گەیشتبوون، بۆیە هەمیشە خەڵکیان هان دەدا لە خەبات و تێکۆشانی خۆیاندا بە شێوەی ئارام و هێمنانە بچنە پێشێ، پەنا بۆ توندوتیژی نەبن، بیانوو نەدەنە کۆماری ئیسلامی کە ئەو خەباتە مەدنی و ئارام و شارستانییانە بە ئاقاری توندوتیژدا ببات.

خەڵکی تێکۆشەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان!

ئێوە هەمووتان دەزانن کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەموو ماوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا و هەر لە سەرەتای هێزگرتنی ئەو ڕێژیمەوە بە شیوازی جۆراوجۆر هەمیشە کراوەتە ئامانج، ڕێبەرانمان لە ڤییەن تێرۆر کران، لە میکۆنووس تێرۆر کران، دەیان کادرمان لە باشووری کوردستان تێرۆر کران، هەزاران پێشمەرگەمان بوون بە قوربانی، ئەوە لە حاڵێکدایە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەمیشە باوەڕی بە چارەرسەی ئاشتییانەی لە ئێراندا بووە. ئێمە هەوراز و نشێومان زۆر بووە، قوربانیمان زۆر داوە، تەنانەت هەروەک باسم کرد ڕێبەرانیشمان لەپێناو ئەو خەبات و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

تێکۆشانەدا فیدا کردووە. بۆ جارێکی دیکەوە لێرەوە دووپاتی دەکەمەوە ئێمەی ئێمەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە خەبات و تێکۆشانی خۆمان بەردەوام دەبین. هەرگیز بەچۆک دانایەین. حیزبێک کە لە قووڵایی ڕۆژهەڵتی کوردستاندا دروست بووە، حیزبێک کە تەحەممولی هەموو ئەو دەورانانەی کردووە، حیزبێک کە ئێوە کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پشتین و، پەیامەکانی وەردەگرن، دڵنیابن بەوانە بەچۆک دانایە. حیزبەکەی ئێوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران لە ئاستی نێودەوڵەتییشدا تێدەکۆشێ بەرپرسانە باسی بارودۆخەکە بکا و باشتر سەرنجی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ لای دۆخی ئێران ڕابکێشێ.

ئێمە ڕوو بە خەڵکی خۆمان پێ لەسەر ئەوە دادەگرینەوە کە بە شێوەی هێمنانە و دوور لە توندوتیژی، بە شێوەیەکی ئارام بتوانن دەنگی خۆتان لەدژی ئەو جینایەتەی کۆماری ئیسلامی هەڵبڕن. لە تەنیشت ئەوەدا پێوەندی و هاوکاری و هەماهەنگیی خۆتان لەگەڵ گەلانی دیکەی ئیران بەهێز بکەن و بیانکەن بە بەردەنگی خۆتان و پێیان بڵێین ئێمەی کورد هەمیشە باج و تێچووی قورسمان داوە بۆ هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ ئێوە لە دژی کۆماری ئیسلامی؛ وەک چۆن ئەوجاریش کۆماری ئیسلامی تۆڵەی لە ئێمەی کورد کردەوە و هێرشی کردە سەر ڕێبەرانی ئێمە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران و لایەنەکانی دیکە.

خەبات و تێکۆشانی هەموو ئێمە لەپێناو مافە نەتەوایەتییەکانی خۆمان و دامەزراندنی دێموکراسی لە ئیران بەردەوام دەچێتە پێش. داهاتوو هی ئێمەیە.

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# پەیامەکانی مانگرتنی گشتیی ٩ی ڕەزبەر




**قادر وریا**

چاوەڕوان دەکرێ مانگرتنی گشتیی ئەمجارە (مانگرتنی گشتیی سبەینێ ٩ی ڕەزبەر) لە کوردستان لە ڕووی یەکگرتوویی و بەرینی، شکۆیەکی بێوێنەی هەبێ. ئەم مانگرتنە کە پشتیوانیی سەدان ڕێکخراو و کۆمەڵە و کەسایەتیی ئێرانیشی لەگەڵە، بە شوێن دڕندەیی بە تەواو مانای هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی لە دوو بەرەدا، بەڕێوە دەچێ. بەرەیەک، خۆپیێشاندانی خەڵکی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە ئەگەر چی خەڵک بە دەستی بەتاڵەوە ناڕەزایەتی دەردەبڕن، بەڵام هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی بە چەکی گەرم، بە دەسڕێژی ڕاستەوخۆ، بەرەوڕووی خۆپیێشاندەران دەبنەوە و هەتا ئێستا هەر لە شارە کوردەکان زیاتر لە ٢٠ کەسیان شەهید کردوە، بە سەدان کەسیان بریندار و نەقوستان کردووە، ژمارەیەکی نادیار کە لە هەزار کەس تێدەپەڕێ، دەستبەسەر کراون.

بەرەیەکی دیکەی دڕندەیی نواندنی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە دژی خەڵکی کوردستان، ئەو هێرشە پەهپادی و مووشەکییەی ڕۆژی ٦ی ڕەزبەری سوپای پاسداران بۆ سەر بنکە و کەمپەکانی حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵات لە هەرێمی کوردستان بوو. هێرشێک کە بە گوتەی فەرماندەرانی سوپای پاسداران، زیاتر لە ٧٠ مووشەکی بالستیک و دەیان درۆنی خۆتەقێنەری تێدا بەکار هات و بووە هۆی شەهیدبوونی نزیکەی ٢٠ ژن و پیاوی تێکۆشەر کە دیارە لە نێو شەهیدەکاندا،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ژنی دووگیان بە کۆرپەڵەی ۹ مانگەوە هەبوو.

**یەکەم** پەیامی مانگرتنی گشتیی شەمە ٩ی ڕەزبەری خەڵکی کوردستان ئەوەیە کە ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی سوپای پاسداران لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران بەم شێوە دڕندەیە دەیانداتە بەر ئاگر و ئاسن، لە ڕۆڵەکانی ئەو خەڵکە پێک هاتوون و هەڵگری ئامانج و ویستەکانی خەڵکی کوردستانن. ئەگەر کۆماری ئیسلامی بۆ بەلاڕێدابردنی بیروڕای خەڵکی ئێران و بیروڕای دنیای دەرەوە لە سەر ڕاپەڕینی خەڵک لە نێوخۆ، لە دەرەوەی سنوورەکانی قەیرانخوڵقێنی دەکا و ئەو حیزبانە دەکات بە ئامانجی پیلان و تاوانەکانی خۆی، خەڵکی کوردستان لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەڵامیان دەداتەوە. کۆماری ئیسلامی هەموو هەوڵێک دەدا ئەو حیزب و ڕێکخراوانە و لە گەڵ ئەواندا خەڵکی کوردستان ڕابکێشێتە نێو بەرەنگارییەکی چەکدارانە لەگەڵ خۆی بۆ ئەوەی لەلایەک خەڵکی بەشەکانی دیکەی ئێران لە کوردستان بسڵەمێنەوە، لە لایەکی دیکەش ئەو پەڕی دڕندەیی لە سەرکوتکردنی کوردستاندا بە کار بێنێت. بەڵام خەڵک و هێزە سیاسییەکان لەو نیازەی گەیشتوون و بێ ئاکامیان کردووەتەوە.

**دووهەم** پەیامی مانگرتنی گشتی ئەوە دەبێ کە سوپای پاسداران و دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامی لە هەڵەدان ئەگەر پێیان وایە بەو توند و تیژییانەی تا ئێستا لەسەر شەقام، نیشانی خەڵکی ڕاپەڕیویان داوە، کوردستان بووە بە ماستی مەییو. نەک هەر تووڕەیی خەڵک دانەمرکاوەتەوە بەڵکوو سەد قات زیاتر بووە. خەڵکی کوردستان بە تایبەتی دوای ئەو قوربانییانەی لە خۆپێشاندانەکانی چەند ڕۆژی ڕابردوودا پێشکەشی بارەگای ئازادییان کردوە، لەسەر خەبات تا ڕووخانی ئەو ڕێژیمە لە پێشوو شێلگیرترن. ئەوان نەک هەر لە خوێنی شەهیدانی کۆن و نوێی خۆیان خۆش نابن، داواکاری ئازادکردنی گیراو و دەستبەسەرکراوان و سزادانی بکوژانی ڕۆڵەکانیانن. داواکاری پاکبوونەوەی بە یەکجاریی پەڵەی دەسەڵاتدارێتیی ئەو ڕێژیمە جینایەتکارە لە سەر ژیانی خۆیان و خوازیاری ئازادیی ژن و پیاوی کوردن.

**سێهەم** پەیامی مانگرتنی ئەمجارە، ڕووی لە خەڵکی بەشەکانی دیکەی ئێران، هەر وەها ڕووی لە هەموو ئەو کەسایەتی و کۆڕ و کۆمەڵانەیە کە لە دەرەوەی وڵات، هاودەنگ و پشتیوانی ڕاپەڕینی خەڵک لە نێوخۆی وڵاتن. لە ڕێگەی ئەم مانگرتنە گشتییەوە، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە نەتەوەکان و چین و توێژەکانی دیکەی خەڵکی ئێران دەڵێن، بوونی ئێوە لە سەر شەقامەکان و بانگی ئازادیخوازی و دروشمی دژ بە دیکتاتۆریتان، ئێمە لە سەر درێژەدانی خەباتی ٤٤ ساڵەمان بەرامبەر بەو ڕێژیمە دیکتاتۆر و مرۆڤکوژە، دڵگەرمتر دەکا. هاوخەباتی و هاوپێوەندیی خەڵکی کوردستان و ئێران، هەم خۆڕاگری و توانای خەباتکارانەمان بە هێز و لەشکان نەهاتوو دەکا، هەم پترلە پێشوو تۆوی ترس و ناهومیدی دەخاتە دڵی دەسەڵاتدارانی تاران. پەیامی مانگرتنی گشتی بۆ کورد و ئێرانی و بیانییەکانی دەرەوەی وڵاتیش ئەوە دەبێ کە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

پشتیوانیی ئێوە لە ڕاپەڕینی نێوخۆ و ڕاکێشانی هاودەنگیی کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان بۆ خەباتەکەمان، دڵگەرمی و وزەمان پێدەدا و بڕوامان بە سەرکەوتن بەرامبەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران پتەوتر دەکا.

سبەی ٩ی ڕەزبەر، ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە مانگرتنێکی گشتیی شکۆدار، جارێکی دیکە مۆرکی خۆی لە ڕەوتی ڕووداوەکان وراپەڕینی رووڵەگەشەی کوردستان و ئێران دەدا و، پێشەنگایەتیی خۆی لە خەبات بۆ ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەسەلمێنێتەوە.

---

## کەماڵ کەریمی: کۆمەڵگەی ئێران گەیشتووەتە خاڵێکی وەرچەرخان لە ناڕەزایەتی و ڕاپەڕیندا




**دیمانە: بێهزاد قادری**

ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران بەدژی تەواوەتیی ڕێژیم لە سێهەمین حەوتووی خۆیدایە. ئەم ڕاپەڕینە هەتا دێ پتر لەنیو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا پەل داوێ و هەنگاوەکانی بەرەوپێش دەبرێ. خامنەیی پاش هەموو ئەو ڕۆژانە لە کۆبوونەوەیەک لەنێو هێزە سەربازییەکانیدا ئەو ڕووداوانەی بە کەمبایەخ دانا و بڕیاری خرکردنەوە و سەرکوتکردنی دا. لە پێوەندی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لەگەڵ دواگۆڕانکارییە سیاسییەکانی وڵاتدا و تاوتوێی دوورەدیمەنی ناڕەزایەتییەکان "کوردستان" دیمانەیەکی لەگەڵ کەماڵ کەریمی، ئەندامی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێکهێناوە:

**کوردستان**: خامنەیی لە بارودۆخی ڕاپەڕین و هەستیاری ئێستادا لە زانکۆی ئەفسەری دەرکەوت و قسەی کرد. ئەم بابەتە چۆن لێک دەدەنەوە؟ بۆ چی لە زانکۆی ئەفسەری؟

**کەماڵ کەریمی**: ڕاستییەکەی نزیکەی سێ حەفتەیە کە ئەم خۆپیشاندانانە، بە بەردەوامی لە ئێران بەڕێوە دەچن، هەر ئەوەی کە لەو ماوەیەدا خامنەیی لە هیچ شوێنێک دەرنەکەوت بۆ خۆی زۆر جێگای پرسیار و گومان بوو، ئایا ترس و نیگەرانی بوو لەوەی کە دەرکەوێت، یا نەیدەزانێ چی بڵێ، یا بەرفراوانیی خۆپێشاندانەکان ئەوەندە زۆرە کە جێگەی قسەی بۆ خامنەیی نەهێشتبۆوە، یا شتی دیکە. بەڕاستی زۆر زۆر گرینگ بوو، ئەمەش کە دوێنێ دەرکەوت و ئەوەش دیسان زۆری گومان لەسەرە، لە ڕاستیدا هەست کرا کە تەواو دەرکەوتنێکی نمایشی بوو، چون ئەگەر گوێ لە قسەکانی خامنەیی دەگری، هیچ بابەتێکی تایبەتی نییە و جیا لە هەڕەشە و دەسخۆشی لە هێزە ئینتیزامییەکان و جیا لە پشتگیری لەو کوشتارانەی کە دەکرێ و بە قەولێک هاندانی هێزەکانی ئینتیزامی و سپا بۆ ئەوەی کە بەرەورووی خۆپێشاندەران ببنەوە، لە ڕاستیدا دەرکەوتنی لەو شوێنە ڕەنگە زۆرتر شتێکی نمادین بێ، بەڵام زۆرتر ئەوە دەردەخات کە خامنەیی بۆ خۆی لەو مەوقعیەتەدا نییە کە ئێستا لە شوێنێکی بەرفراوانتر یا شوێنێکی گەورەتر یا لە شوێنێکی ڕەسمیتر دەرکەوێت. ئایا خامنەیی ئێستا لە چ شەرایتێکدایە کە ناوێرێ بچێتە شوێنی وا زۆر پرسیاری لەسەرە، بەڵام دیسانیش هەر ئەم دەرکەوتنەی نیشانی دا کە خامنەیی لەڕاستیدا بەو توانایی و بەو گوڕوتینانەی کە پێشتر لە ساڵەکانی ڕابردوودا دەهات لەسەر خۆپێشاندانەکان قسەی دەکرد، دیسانیش ئەو تواناییەی لێ نەبینرا و ئەو گوڕوتینەی کە هەیبوو لە بەرخورد کردن و لە جۆری قسەکانی جۆرێک لە نیگەرانیی یەکجار زۆری پێوە دیار بوو و دەرکەوت کە ئێستا خامنەیی لە مەوقعییەتێکدا نییە کە جیا لە هاندان بۆ سەرکوت هیچ ڕێنماییەکی هەبێت بۆ هیچ لایەنێک.

**کوردستان**: خامنەیی ئەمجاریش ناڕازییانی ئێران و کوردستانی بە ئاژاوەچی و خائین و پیلانگێڕیی وڵاتانی دوژمن و دەستی دەرەکی ناو برد. بۆچی خامنەیی هەمیشە بەم شێوەیە خەڵکی ناڕازی پێناسە دەکا؟ کەی قەرارە دەنگی ئەوان ببیستێ؟ پێوەندیی ڕاپەڕینی خەڵک و دروشمەکانی ڕاپەڕین و ویستەکانی خەڵک لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل چییە کە خامنەیی پێکەوەیان دەبەستێتەوە؟

**کەماڵ کەریمی**: ئەگەر تەواوی قسەکانی ساڵەکانی ڕابردووی خامنەیی لەگەڵ ئەوجارەی بە بەری یەک بگرین، دەبینین



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کە کۆمەڵێک سەردێڕن کە بەردەوام دووپاتەیان دەکاتەوە، واتە حەشیمەتی چەندین میلیۆنیی ئێران بەستراوە بە دەرەوەن، هەر خۆپێشاندانێک لە ئێران بە هاندانی ئامریکا و ئیسرائیل و وڵاتانی دیکەی بەڕواڵەت دوژمنی ئێرانن، ئەوەی کە خۆپێشاندان دەکا بەشێکی بەکرێگیراوی بێگانەن و لە دەرەوە هان دەدرێن و بەشێکیشی هەڵفریوان و نازانن، یانی هیچ گۆڕانێک لەم سەردێڕانەدا بەدی ناکەی، لە ساڵی ٩٦، لە ساڵی ٩٧، لە ساڵی ٩٨، لە ١٤٠٠ ، لە ساڵی ١٤٠١ ئەگەر سەرنج دەدەیتە سەر قسەکانی لە واقیعدا ئەمە مانشێتی قسەکانیەتی، هەموو یەک شتە کە ناگۆڕدرێ، هۆکارەکەشی دیارە، هۆکارەکەی ئەوەیە کە لە ڕاستیدا ناتوانن بەرخوردی فکری بە خۆیان بکەن کە هۆکارە ڕاستەقینەکەی ئەم خۆپێشاندانانە دەردەخا، کە سەرچاوەی ئەم خۆپێشاندانە نە دنیای دەرەوە بەڵکوو خودی جمهووریی ئیسلامییە، خودی نیزامە کە بە دروستکردنی ئەو هەموو موشکیلاتە کە لە ئێراندا بەهۆی ئەوانەوە دێتە پێشەوە ئەو خەڵکە دێنە خیابانەوە، بۆ ئەوەی کە خۆی دوور بخاتەوە، هەمیشە لە هەندێ کێشە و گیر و گرفتەکانی خەڵکی ئێران بەگشتی، کە خودی ڕێژیم سەرچاوەی دروسکردنیەتی بە ناچار پەنا دەباتە بەر ئەم سەردێڕانە کە ئەوە دەزگای CIA ی ئامریکایە، ئەوە سەهیۆنیستەکانن، تەنانەت دوێنیش باسی عەرەبستانی سعوودیی کرد. قەتیش نایە بەرخورد بەوە بکا کۆمەڵگەیەک کە بە دەیان میلیۆن جیرەخۆر و بەکرێگیراوی بێگانەی لێ بێ، دیارە کە کۆمەڵگەیەکە کە لەگەڵ ئەوان نەماوە، بەڵام بۆ خۆ دوورخستنەوە لە واقیعی مەسەلەکە و بۆ خۆ دوورخستنەوە لە باس لە سەر ئەسڵی کێشەکان هەمیشە هەوڵ دەدات کە پێی بێگانە بێنێتە نێو مەوزووعەکە، لە واقیعدا ئەمەش جۆرێک دنەدانی ئەو هێزە بونیادگرایانەیە بێ کە لە دەوری خۆیدا ماون، کە ئەویش ئێستا ئیتر زۆریش ئەو جۆر بیرکردنەوە لە دەوری نەماوە، زۆرتر بۆ تەحریکی ئەمانەیە بۆ ئەوەی کە سەرقاڵی مەسائیلی دەرەوەیان بکا، وا بکات کە ئیتر ئەمەیان لە بیر بەرێتەوە کە لە واقیعدا ئەمانیش بەشێکن لەو خەڵکە و موشکیلاتێکیان هەیە کە ئەوانیش خۆیان لەگەڵیان دەرگیرن.

**کوردستان**: کوردستان و بەلووچستان لە قسەکانی خامنەییدا بۆڵد بوو. لە کاتێکدا ڕاپەڕینەکان هەموو ئێران، تەنانەت قوم و مەشهەدیشی گرتۆتەوە، بۆچی خامنەیی بەتایبەت باسی ئەم دوو ناوچەیە دەکات؟

**کەماڵ کەریمی**: لە ٤٣ ساڵی ڕابردوودا بەردەوام کۆماری ئیسلامی ویستوویەتی کۆمەڵگەی ئێران لە تەوەهۆمێکدا ڕابگرێ، ئەویش تەوەهۆمی جوداییخوازی و لە نەزەری ئەوانەوە تەجزیەی ئێرانە، کە ئەم دوو شوێنەش بە بەردەوامی و بەتایبەت کوردستان شوێنێک بووە کە بە بەردەوامی قسەیان لەسەر کردوە و بە بەردەوامی خەڵکی ئێرانیان پێ ترساندوە. لەم وەختەدا لەڕاستیدا دەیانەوێ بە زەقکردنەوەی ناوی ئەم دوو شوێنە دیسان ئەو سیاسەتە وەبیر خەڵک بێننەوە کە ئەوە مەترسییەکە لە جێگای خۆیدایە کە ئەوان ساڵانێکە باسی کوردستان و بەلووچستان دەکەن، بەتایبەت کوردستان کە دەڵێن دەیانهەوێ ئێران تەجزیە بکەن، دەیانەوی تەداعیی ئەو فکرە بکەنەوە بۆ خەڵک کە ئەوە دیسان لەم دوو شوێنەیە کە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دیسان کێشەکە گەورەتر بووەتەوە، لەحاڵێکدا کە ئەو چەندین جار وڵامەکەی وەرگرتۆتەوە، ئەو میللەتە شەریفەی کە ئەو باسی دەکات، کە دەڵێ میللەتی کورد میللەتێکی شەریفن، هەر لەو دوو سێ حەفتەی ڕابردوودا دوو جار نیشانیان دا بە مانگرتنی گشتی کە ئیتر ئەم میللەتە شەریفە لەگەڵ نیزامی کۆماری ئیسلامی نییە و بە هەماهەنگی لەگەڵ بەشەکانی دیکەی ئێران نیشانی داوە کە ئەم میللەتە بیر لە جیابوونەوە و بیر لە دابەشبوونی ئێران ناکاتەوە، بەڵکوو هەماهەنگیی خەڵکی کوردستان و خەڵکی بەلووچستانیش لەگەڵ شارەکانی دیکە لە دروشمەکانیاندا دیارە کە زۆرتر باس لە ئازادی دەکەن. بیرە نەتەوەییەکە لە جێگای خۆی، بەڵام ئێستا هەموو خەڵک بە پێچەوانەی بیرکردنەوەی خامنەیی لە ڕاستیدا لەسەر ئەوە کۆکن کە لە قۆناغێکدان کە دەبێ بیر لە ئازادی بکەنەوە و دەبێ بیر لەوە بکەنەوە کە نیزامی کۆماری ئیسلامی لە کۆڵ خۆیان بکەنەوە.

**کوردستان**: ئەگەر خوێندنەوەیەکی گشتی بۆ قسەکانی خامنەیی بکەن، پێتان وایە ئەم دەرکەوتنە چی لە دۆخەکە دەگۆڕێ؟

**کەماڵ کەریمی**: بەدوای قسەکانی دوێنێی خامنەیی و بە دوای ئەو هەموو تەحریکە و بەدوای ئەو هەموو جۆرێک ڕوو لە خەڵک کردنەکەی کە خەڵک ئەوە نەکەن، هەر ئەورۆ دەرکەوت کە خەڵکی ئێران هیچ گرینگییەکان بە قسەکانی دوێنێی خامنەیی نەداوە، جیاواز لەوەی کە لە زانکۆکان خۆپێشاندان و مانگرتن بەردەوامە، هەر دوێنێ دوای قسەکانی خامنەیی بە دەیان مامۆستای زانکۆ بەیاننامەیەکیان بڵاو کردەوە و هێندێک داواکارییان کردووە، هەر ئەمڕۆ دەبینین نەتەنیا لە زانکۆکان، لە زۆر ناوچەکانی ئێران و تەنانەت لە هێندێک لە شارەکانی کوردستان مانگرتن و نەچوونە سەر کلاس کێشاویەتە نێو دەبیرستانەکان، هەر دوای قسەکانی خامنەیی خەبەر بڵاو بۆتەوە کە لە ئیسفەهان بەشێک لە بازاڕی ئیسفەهان داخراوە، لە ڕاستیدا دەردەکەوێ کە ئێستا ئیتر خەڵکی ئێران هیچ گرینگییەک بەوە نادەن کە خامنەیی چی دەڵێ، بەڵکوو ڕێگایەکیان گرتۆتە پێش کە پێیان وایە دەبێ ئەو ڕێگەیە بپێون و بە ئەنجامی بگەیەنن ئەویش لەکۆڵکردنەوەی خامنەیی و نیزامەکەیەتی لە سەر کۆمەڵگەی ئێران.

**کوردستان**: ئەگەر بێینە سەر دۆخی ئێستای وڵات، هەمیشە باس لەوە دەکرا کە نەبوونی ئالترناتیڤ یەکێک لە هۆکارەکانی مانەوەی ڕێژیمە. ئایا ئێستاش دەکرێ ئەو بۆچوونە بەهێز بێت؟ ئایا شەقام لە ئێستادا وێنایەک لەو ئاڵترناتیڤە نادا بەدەستەوە؟

**کەماڵ کەریمی**: ئەمە ڕەنگە وڵامێکی دوو لایەنەی هەبێت، بەڵێ ئەگەر ئۆپۆزیسیۆنێکی یەکگرتووی بەهێز هەبوایە لەم خۆپێشادانەدا و ڕاستەوخۆ بیتوانیایە ڕێبەریی ئەم خۆپێشاندانانە بکات، چونکە خۆپێشاندانێکی ئاوا بەربڵاو پێویستی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بەوەیە کە بەرنامەڕێژیی بۆ بکەی و هیدایەتی بکەی و لانیکەم ڕوانگەکانی بەنیسبەت داهاتووەوە بۆ خەڵک ڕوون بێت، ئەمانە هەموو کێشەیەکن کە تا ئێستاش ڕەنگبێ هەبێ. هەرچەند ئۆپۆزیسیۆن ڕۆڵی خۆی هەبووە و لە زۆر ڕێگاوە توانیویە دەنگی خۆی بە خەڵک بگەینێ، بەڵام لە لایەکی تریشەوە دەبینین لە ئێران مودیرییەتێک هەیە بۆ خۆپێشاندانەکان، کاتێ ئەبینین لە زانکۆیەکی ئێراندا خۆپێشاندان دەست پێ دەکات، ئەو پەیامە دەگاتە زانکۆکانی دیکە و پشتیوانیی لێ دەکەن، لە واقیعدا حەرەکەتە سێنفییەکان لە ئێراندا ئەمڕۆ لە ئاستی زانکۆکان، لە ئاستی مامۆستایان و فەرهەنگییاندا بەتایبەتی و ئەمە کە بەدڵنیاییەوە دەکێشرێتە ڕیزەکانی تر بۆ خۆی دەتوانێ ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن بگێڕێ و مودیرییەتی ئەم حەرەکەتانە بکا لەم بەشانەدا، هەتا ئەوکاتەی کە دەکرێ یەکگرتوویەک لە نێوان خۆیاندا دروست بکەن و لە واقیعدا ببێتە حەرەکەتێکی هەمەلایەنە و هەماهەنگ لە نێوان بەشە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگەدا. بەڵام هەر شۆڕشێک قۆناغگەلێک دەبڕێ، شۆڕش شەرت نییە ڕاستەوخۆ و لەلایەن ئۆپۆزسیۆنێکەوە بەرنامەی بۆ دابڕێژرێ و هیدایەت بکرێ، شۆڕش قۆناغەکانی خۆی دەبڕێ و لێرەدایە کە ئۆپۆزسیۆن دەتوانێ ڕۆڵی ئەساسیی خۆی بگێڕێ، بەڵام ئێستا و لەم قۆناغەی ئێستای ئێراندا یەکێک لە شتە پێویستەکان ئەوەیە کە ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی وڵات لە ڕاستیدا لەگەڵ بەشە چالاکەکانی نێوخۆی وڵات بتوانن هەماهەنگی بکەن و ئەمە یارمەتیدەر دەبێ بۆ ئەوەی کە نەخشی ڕێبەری لەئەستۆ بگرن لە ئەم حەرەکەتانەی ئێراندا، کە بەدڵنیاییەوە من پێم وایە قۆناغی یەکەمی بڕیوە.

قۆناغی یەکەم زۆر گرینگە کە کۆمەڵگە بتوانێ لەم حەرەکەتە بەردەوام بێت و بەرەبەرە گەشەی پێ بدات ئەم قۆناغە بڕدراوە. ئێستا ئیتر کۆمەڵگەی ئێرانی گەیشتووەتە خاڵێکی وەرچەرخان لە حەرەکەتەکانی خۆی، بە ڕای من ئەم خاڵە زۆر زۆر گرینگە کە ئۆپۆزسیۆن دەتوانێ ڕۆڵی کاریگەرتری هەبێت، دەتوانێ بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەو بەشە چالاکەی نێوخۆ کە دەوری کاریگەرییان هەیە دەتوانێ هەماهەنگی بکەن و ڕێبەریی ئەم بزووتنەوەیە بکەن هەتا کۆتاییهێنان بە ئەرکەکەی کە ڕووخانی کۆماری ئیسلامییە بباتە سەرەوە.

**کوردستان: کەمایسییەکانی ئێستای ئەو ڕاپەڕینە لەچیدا دەبینن؟**

**کەماڵ کەریمی**: ڕەنگە نەکرێ لەو دۆخەی کە ئێران تێیدایە بەتایبەت لە هەندێ ناوچەکاندا کە هەوڵی داوە تەنانەت حکوومەتی نیزامی بسەپێنی بە سەر ناوچەکاندا، وەکوو کەمایەسی باسی بکرێ، چون نیگەرانییەکانی خەڵک هەست پێ دەکەین و دەزانین لە هەموو شوێنێ بەداخەوە دەزگای سەرکوت چالاکە و دەبینین لە شوێنی جۆراوجۆر لە ئێران کەس دەکوژێ، دەسبەسەرکرانەکان یەکجار زۆرە، بەتایبەت لە یەک حەفتەی ڕابردوودا، بینیمان کە خەڵکێکی زۆر ناسراو لەنێو هونەرمەندان، لەنێو نووسەران، لەنێو چالاکانی سیاسی و مەدەنی دەسبەسەر کراون و لە کۆمەڵگە دووریان خستوونەتەوە،



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کە ئەوە بۆ خۆی کاریگەریی نێگەتیڤی خۆی دەبێت، بەڵام ئەگەر بڵێم یەکێک لە کەمایەسییەکان گەیاندنی پەیامێکی گشتییە بۆ کۆمەڵگە کە دەبێ هەموو بە یەکەوە حەرەکەت بکەن، ئێمە ئێستا لە هەموو زانکۆکاندا ئەم حەرەکەتانە دەبینین، کە هەماهەنگییەکی باش لەئارادایە، بەڵام لە نێوان شارەکاندا، لە ناڕەزایەتیی سەر شەقامەکاندا ئەم هەماهەنگییەی ئێستا بەتەواوی نییە، دەبینین لە هەندێ شاردا بە بەردەوامی ئەم حەرەکەتانە هەیە بەڵام لە شارەکانی تر بە شێوەی مەوزەعی یان کاتی ئەم حەرەکەتانە هەیە، ئەگەر ئەمە پڕ بکرێتەوە و هەوڵ بدرێ بۆ ئەوەی کە خەڵک ئەم پەیامە وەربگرن، هەماهەنگییەک دروس ببێ لە نێوان هەموو شارەکاندا، هاوکات پێویست ناکا بە توندوتیژی بێ، دیسان جەخت دەکەینەوە، حەرەکەتگەلێکی ئارام لە هەموو شارەکاندا بەیەکەوە درێژە بدرێت بێگومان تواناییەکانی سەرکوتیش دیسان کەم دەبێتەوە.

دوێنێ هەواڵمان پێ گەیشت لە هەندێ شوێنی کوردستان هێزە تایبەتەکانیان کێشاونەتەوە بۆ تاران، لە ڕاستیدا دوو هۆکاری هەیە، یەکیان ئەوەی کە وا دیارە لە تاران فشارێکی یەکجار زۆر لە سەر هێزە سەرکوتکەرەکان هەیە و بەشێکی ڕەنگبێ ئەوە بێ ئەو هێزەی لەوێ هەیە توانای ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ئەو هەموو خۆپێشاندەرانە نییە، بەشێکیشی ئەوەیە کە ڕەنگبێ لەو شوێنانە ئەو فشارەی کە پێویستە لە سەر ئەوان نییە. ئەگەر یەکێک لە کەمایەسییەکان ئێستا ببینین لە ڕاستیدا ئەوەیە کە هەماهەنگییەکی باش لە نێوان هەموو شارەکاندا نییە، دیارە لە زۆر شاری ئێران ڕۆژانە ئەمە بەڕێوە دەچێ بەڵام سروشتییە ئەگەر ئەمە پەرە بگرێ و لە هەموو شارەکان بە بەردەوامی ئەم ڕێپێوان و خۆپێشاندانە ئارامانە بەڕێوە بچێت بێگومان ئەوانیش ماندووتر دەبن، و ئەوانیش توانانی سەرکوتیان دێتە خوارەوە و بەرەبەرە تووشی هەڵوەرین دەبن، ئەگەر شتەکە گشتگیرتر بێ لەوەی کە ئێستا هەیە، دووەمیان ئەوەیە کە لە ڕاستیدا ئێستا ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی وڵات دەبێ هەماهەنگیی خۆی نیشان بدات، ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی وڵات پێویستە هەماهەنگ بێت و پەیامێکی هاوشێوە و هاوبەش بدات بە خەڵکی ئێران بۆ ئەوەی خەڵکی ئێران بزانن پەیام لە کوێ وەردەگرن و بزانن مەسیری حەرەکەتیان بە کوێ دەگات.

**کوردستان**: دوورەدیمەنی ڕاپەڕینەکە چۆن دەبینن؟ ئەرک و بەرپرسایەتییەکان چین و لەئەستۆی کێن؟

**کەماڵ کەریمی**: ڕەنگە زۆر شت پێشبینی نەکرێ بەڵام، ئەم حەرەکەتەی ئەمساڵ کە لە ڕاستیدا وەک ڕاپەڕینێکی گشتیی بەخۆیەوە گرتوە، بە بەراورد لەگەڵ ساڵەکانی تردا هەڵدەسەنگێنین. لە ٢٥ ساڵی ڕابردوودا زۆر خۆپێشاندانی گەورەمان بینیوە لە ئێراندا، لە خۆپێشاندانی خوێندکاران لە ساڵی ٧٨دا دەستیان پێ کرد و بە بەردەوامی دواتر هەتا ساڵی ٨٨ و ٩٦، ٩٧ و ٩٨ و هەتا ئەمساڵیش، ئەگەر بە بەراورد لەگەڵ ئەمانەدا چاوی لێ بکەین، ئینسان گەشبینتره بەنیسبەت



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

داهاتووی ڕاپەڕینەکە، ئەگەر دەڵێین ئەمەیان ڕاپەڕینە و جیاوازیی هەیە لەگەڵ ئەوانی تر، بەو مانایەیە کە ئێستا ئەمەیان گشتگیرترە لە هەموو حەرەکەتەکانی تر، ئەگەر پێشتر خۆپێشاندان بوو لە ناوچەگەلێکی تایبەت، لە شارێکی تایبەت دەبینین کە لە ڕاستیدا ئەمە ڕاپەڕینی گشتیی هەموو خەڵکی ئێرانە، لە بەلووچستانەوە هەتا ئازەربایجان، لە مەشهەدەوە هەتا خووزستان، لە باکووری ئێرانەوە هەتا بەندەرعەباس، ئیتر شوێنێک نەماوە کە ئەم حەرەکەتەی تێدا نەبینیت، ئەمە ڕەنگە بۆ خۆی ئومێدێکی زیاتر بدات بە هەموو ئەوانەی کە هەڵسەنگاندن دەکەن بۆ ئەم ڕاپەڕینە، بۆ هەموو ئەوانەی کە ڕاستەوخۆ لەم ڕاپەڕینەدا بەشدارن، ئەمن پێم وایە ئەمەی کە ئێمە ئێستا پێی دەڵێین ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران دەتوانێ هیوادار بێ داهاتووی خۆی، هەرچەند دەڵێم، زۆر شت پێشبینی ناکرێ بەڵام ئەوەی کە دەزانین نیزامی کۆماری ئیسلامی لەوپەڕی لاوازیدایە، دەزانین هێزە سەرکوتکەرەکانی توانای ئەوەیان نییە کە ڕووبەڕووی هەموو خەڵکی ئێران ببێتەوە و بەردەوام ڕیزش دەکات، تەنانەت چەندە ڕاست بێ یا نا، دەبینین ڕۆژانە پەیام لە فەرماندە نیزامییەکانەوە بڵاو دەبێتەوە کە واز لە سەرکوت دێنن. تەنانەت باس لە فەرماندەکانی هەرەبەرزی ئەرتش دەکرێ لە یەک لەوان بینیمان لە کۆبوونەوەکەی خامنەییشدا حزووری نەبوو. ئەوە ئەمە دەردەخات کە ئەگەری هەیە دەسبەسەر کرابێ یا بۆخۆی بەشداریی نەکردبێ، ئەمە پشتڕاست دەکاتەوە؛ لە ڕاستیدا دەتوانم بڵێم کە ئەگەر ئینسان دەڕوانێتە داهاتووی ئەم ڕاپەڕینە، ئەو جیاوازییانەی کە لە نێوان ئەم ڕاپەڕینە و خۆپیشاندانەکان و نارەزایەتییەکانی ساڵەکانی پێشوو دەیبینین جیاوازییەکە لەوەدایە کە ئەمە بەربەرینە و بەرەو ئایندەیەکی ڕوون دەڕوا و تەنیا ئەوەندە دەڵێم ئەگەر ئەم هەماهەنگییەک لە نێوان خەڵکدا لە ئێران بپارێزرێ، لە ڕاستیدا ئەم حەرەکەتە بەم هەماهەنگییەوە درێژە بکێشی کە بەدڵنیاییەوە درێژە دەکێشی، ئەگەر ئەمە هاندەر بێ بۆ ئەوەی ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی وڵات لە نێوان خۆیاندا هەماهەنگییەک پێک بێنن، ئەو بەشە چالاکەی ئۆپۆزسیۆن بەتایبەتی لە نێو خۆیاندا هەماهەنگییەک پێک بێنن و پەیامێکی ڕاستەوخۆ بدەن بە خەڵک. من پێم وایە ئەم دوو شتە دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە ئەم ڕاپەڕینە ئاکامێکی ئەرێنی بە دوای خۆیدا بێنێت و بگاتە ئەو ئاکامەی کە بتوانێ زیاترین فشار بخاتە سەر کۆماری ئیسلامی تا ئەو جێگایە کە کۆماری ئیسلامی، لە ڕاستیدا تووشی ڕووخان بکات، ئەمە ڕەنگە وەکوو ئەوەی خامنەییی باسی دەکا هیچ پێویستی بە دەستێوەردان و پاڵپشتیی دنیای دەرەوە نەبێ، ئێمە بینیمان لە دنیای دەرەوە بە میلیۆنان کەسی ئێرانی و خەڵکی پشتیوانی ڕاپەڕینەکەی گەلانی ئێران هاتنە مەیدان، لە زیاتر لە ٢٠٠ شار لە یەک ڕۆژدا لە مەیدانە گەورەکانی شارە گەورەکانی دنیادا خۆپێشاندانیان کرد، ئەمە بۆ خۆی دەتوانێ پشتیوانییەکی مەعنەوی بێت، ڕەنگە نارەزایەتییەکانی دەوڵەتە ئورووپاییەکان و ئامریکاییەکان کە خامنەیی بە دەستێوەردانی ناو دەبات کاریگەریی هەبێت تەنانەت کاریگەیی لەسەر سیاسەتی ئەوان و پێوەندییە دیپلۆماتیکەکانی ئەوان لەگەڵ ئێران بکات، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەی کە گرینگە پشتیوانیی خەڵکە لە هەموو دنیادا لەم ڕاپەڕینە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەبینین کە تا ئێستا هەشتەگی مەهسا ئەمینی نزیکەی ٢٢٠ میلیۆنی تێپەڕاندوە، ئەمە ئەم پشتیوانییەیە کە یارمەتی دەدات بۆ ئەوەی خەڵکی ئێران بتوانن درێژە بە حەرەکەتەکەیان بدەن و ئەم هاوپێوەندییە گشتییەیە، پشتیوانیی خەڵک لە دنیادا نە دەوڵەتەکان، بە ڕای من هۆکارێکی گرینگە کە خەڵک لە ئێراندا هان بدات کە درێژە بەو حەرەکەتەیان بدەن. بۆیە دەبێ بە هیواوە چاو لەم حەرەکەتە بکەین، هەتا ئێستا کۆماری ئیسلامی لە دوای هاتنەسەرکاریەوە ڕووبەڕووی کێشەیەکی ئاوا و بەرەوڕووی ڕاپەرین نەبووەتەوە، ڕەنگە ڕووبەڕووی نارەزایەتی و خۆپیشاندان و زۆر شت بووبێتەوە. لە ساڵی ٨٨ دا بینیمان ساڵ و نیوێک درێژەی کێشا بەڵام لە ڕاستیدا چون سنووردار بوو و شێوەیەک نارەزایەتیی بە یەک شتی تێدا بوو ئەویش ئەوەی کە "دەنگی من چی لێ هات"، لە ڕاستیدا نەیتوانیوە ببێتە دەنگی گشتیی خەڵکی ئێران بەڵام ئێستا مەسەلەی ئازادی بۆ ئێران و ئەم دروشمە جوانەی "ژن، ژیان، ئازادی"، کە کەوتووەتە سەر زاری هەموو ئێرانییەکان و ئەو هاوپێوەندییە کە لە نێوان ئێرانییەکان درووس بووە، کە زەمانێک دەڵێن لە کوردستان تا تاران و ئێستا دەڵێن لە بەلووچستان تا تاران، لە تەورێز دروشمی هاوپێوەندی لەگەڵ کوردستان دەردەکەن، لە ڕاستیدا من پێم وایە، ئەمانەن کە دەتوانن زیاتر هیوادارمان بکا کە داهاتووی ئەم حەرەکەتە ڕوونە و بە ئاکام دەگات.

**سپاس کە لەو بارودۆخەدا کاتت بۆ ئەو دیمانەیە دانا**

ئێوەش ماندوو نەبن کە لەو دۆخەدا نەتانهێشت دەنگ و ڕەنگی حیزبی دێموکرات لەکار بکەوێ و ئەو شوێندانەرییە گرینگەی هەبێت.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# پێگەی جەماوەریمان لە پێگەی مووشەکیی ئەوان بەهێزترە



**پژمان شەریعەتی**

پێگەی جەماوەری یان کۆمەڵایەتی چەمکێکە لە کۆمەڵناسی و فەلسەفەی سیاسی، کە هەڵدەگەڕێتەوە سەر جیاوازیی نێوان گرووپەکان لە بواری ڕێزگرتن و وەرگرتنی پۆزتیڤی ڕەوتێکی ئەندیشەیی و پاڵپشتیی هەمەلایەنە.

لێرەدا ئێمە هەڵسەنگاندنێک دەکەین لە پێگەی کۆمەڵایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان.

حیزبی دێموکرات کە هەڵقوڵاوی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و لە پێناو ئامانجە نەتەوەییەکانی گەلی کورد بۆ کیانێکی کوردی و دێمۆکراسی و کەرامەتی مرۆیی تێدەکۆشێ، لەسەر ئەندیشەیەکی نیشتمانی و فەلسەفەی ئازادیی مرۆڤتەوەرانە بونیات نراوە.

لە دەسپێکی دامەزرانی ئەم حیزبە مودێرنە سیاسییەوە، بە بەشداریی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات بە خوێندنەوەیەکی سەردەمیانە لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات، پلان و ستراتژی و ئامانجی دوارۆژ دیاری دەکەن کە پرسە سیاسییەکان و چەمک و پەیویستییەکانی بە جەماوەری کردنی خەبات بۆ ڕزگاری دەکاتە نەخشەڕێگایەک بۆ سەرکەوتن.

فەلسەفەی دامەزران و عەقڵییەت و شێوازی خەباتی فرەڕەهەندی حیزبی دێموکرات وا دەکات کە سەرنجی هەموو چین و توێژ و سەندیکا، گرووپە کۆمەڵایەتییەکان، چ لە بواری ئایینی چ لە بواری دابەشکردنی کۆمەڵایەتی بەلای خۆیەوە ڕادەکێشت و لە ماوەیەکی کورت لە دامەزرانی، ببێتە گەورەترین حیزبی سیاسیی کوردستان، چ لە بواری ڕێژەی ئەندامان، چ لە بواری پاڵپشتیی جەماوەری کۆمەڵگە.

ئەوەیکە دەسکەوتەکانی حیزبی دێموکرات لە درێژەی ٧٧ ساڵ خەباتی بێوچانی چین و کامانەن، پەیویست بە باس و بابەتی جیاواز و خوێندنەوەی وردی بڕگەکانی مێژوویی دەکات، بەڵام لێرەدا سەرنج دەخەینە سەر ئەوەیکە ئەم حیزبە چەندە لە نێو کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خاوێن ئێعتبارە.

حیزبی دێموکرات کە خەباتی ئاشکرای خۆی دەست پێ دەکات، لەنێو جەماوری خەڵک تێکۆشان دەکات و شەقام دەبێتە بنکەی سەرەکیی ئەم حیزبە و گوفتومانی خۆی بە پرەنسیپێکی سیاسی و عەقڵانی دەخاتە بەرچاو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە وریایی و تێگەیشتن ئەدەبیاتی تایبەتیی دەبێت بۆ هەر چین و توێژێکی کۆمەڵگە و؛ پێوەری سەرەکی بۆ ئۆرگانیزم و ڕێکخستن دەکاتە پرسی نەتەوەیی و پێداگر دەبێت لەسەری.

ئەمەیش دەبێتە هۆی ئەوەیکە تاکی کورد بە ئاسانی خۆی تێدا ببینێت و ئەو ئەدەبیات و پرەنسیپی سیاسی و دیسکورسە بە هی خۆی بزانێت و خاوەندارییەتی بکات لە ئەندیشەی نیشتمانی کە ڕەمزی سەرەکیی یەکگرتن و پێشکەوتنی هەمووان تێدا بەدی دەکرێت، هەربۆیە حیزبی دێموکرات بە تایبەتی لە پاش شۆڕشی گەلانی ئێران دەبێتە زمانحاڵی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ئەمەیش دەگەڕێتەوە سەر ئەوەیکە ئەم حیزبە پێگەی جەماوەریی خۆی بە شێوازی خەبات، سیاسەت، پلان و تێکۆشانی بەردەوام بە دەست دەیهێنێت، واتە بە شێوەی ئیکتسابی دەبێتە پێشەنگ و ڕێزی لێ دەگیردرێت و لە هیچ بڕگەیەکی مێژوویی بە شێوەی ئینتسابی، لەلایەن هیچ جەریانێکی فکری و سیاسی و تاک نەبووەتە حیزبی یەکەم و لە ڕاستیدا لە ئاستی کەلان بە پێی پێوەری کولتووری و ڕووناکبیری جێگای خۆی دەدۆزێتەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

له لایەکی دیکەشەوە هیچکات ئەم حیزبە و ڕێبەرانی پشتیان له خەڵک نەکردووە و لەبیریان نەچووە و ناچێت کە لە خەڵکن و بۆ خەڵک تێدەکۆشن و ئەمەیش وای کردووە کە حیزبی دێموکرات ببێتە سەرمایەیەکی مرۆیی و ئەندیشەیی کە کوردستانییەکان خۆیان بە خاوەنی بزانن.

تەنانەت لەو کاتەیشدا کە حیزبی دێموکرات ناچار دەبێت بەشێک لە بەدەنەی ئاشکرای خۆی بباتە دەرەوەی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هیچکات بنکەی سەرەکیی خۆی لە دەرەوە نەزانیوە و هەمیشە شەقامی کوردی بنکەی سەرەکی ئەو حیزبە بووە، لە لایەکی دیکەشەوە لە شاخ کە بەرگری دەکات لە خەڵکی شار، هەر ئامانج شەقامە و بەرگری و هەموو شێوازەکانی ڕەوا لە خەباتی لە بەرچاو گرتووە بۆ پاراستی خەڵکی ڕۆژهەڵات.

کە واتە حیزبی دێموکرات لە زەین و دڵی خەڵکدایە و بەشی هەرەزۆری بەدەنەی ئەم حیزبە لە نێوخۆی وڵاتن و ڕێژیم بە سەدان جار ئەو هەڵەیەی کردووە و وانەی لێ وەرنەگرتووە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەندیشەیە و لە زەینی تاکەکان و کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتە و لەوپەڕی دۆشداماوی پەلاماری چەند بنکەیەکی حیزب لە دەرەوەی سنوورەکانی ڕۆژهەڵات دەدات.

مێژووی حیزبی دێموکرات پێمان دەڵێ بە سەدان جار ئەم حیزبە کەتووەتە بەر پەلاماری مووشەکباران و هزاران جار تۆپباران کراوە و کەوتووەتە بەر هێرشی تێرۆریستی، سەرەڕای ئەوە هەر بەردەوام بووە و نەک لاواز نەبووە، بەڵکوو هەرجارە و تینی خەباتی زۆرتر بووە.

جینایەتی ٦ی ڕەزبەر بە مووشەکبارانی بنکە مەدەنی و سیاسییەکانی حیزبی دێموکرات و وڵامدانەوەی خەڵکی ڕۆژهەڵات بە مانگرتنێکی سەراسەری، دیسان ئەو پەیامەی بە ڕێژیمی جنایەتکاری کۆماری ئیسلامیدا کە حیزبی دێموکرات چەند بینایەیک نییە کە بە مووشەکەکانی بیرۆخێنێت و بەو خەیاڵە خاوە بێت کە ڕادەوستێت، بەڵکوو حیزبی دێموکرات ئیرادەیەکی کوردستانییە کە بە هیچ هێزێک نارۆخێت و لەم ململانێیەدا دیسان حیزبی دێموکرات براوە بوو و سەرکەوت.

بۆیە بە دڵنیایی و قورس و قایم دەتوانین بڵێین کە پێگەی جەماوەریی ئێمە لە پێگەی مووشەکیی ئەوان بەهێزترە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# خوێنی "ژینا"ی کورد ڕژاوەتە نێو گەرووی کاربەدەستانی ڕێژیم و خەریکە بیانخنکێنێ



مستەفا شەڵماشی

بەهۆی شەهیدبوونی کچێکی لاوی خەڵکی شاری سەقز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دەستی تیمەکانی "گەشتی ئیرشاد"ی کۆماری ئیسلامی ئێران، ڕاپەڕین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستی پێ کرد. ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەووەخت و بەجێ مانگرتن و خۆپێشاندانی ڕاگەیاند و حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هاتنە سەر خەت و پشتیوانییان لە مانگرتن و خۆپێشاندانەکان کرد. خەڵکی تێکۆشەر، زیندوو و دڵسۆزی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش وەڵامی بانگەوازی حیزبەکانیان دایەوە و دوکان و بازاڕ لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، گاڵە دران.

وەڵامدانەوەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە داوای حیزبە کوردستانیەکان بۆ مەحکومکردنی ئەو جینایەتەی ڕێژیم ئەوەندە بەربڵاو و بەهێز بوو کە لە ماوەی بیستوچوار سەعاتدا تیشکی هاویشت بۆ شەقامەکانی زیاتر لە سەد شاری گەورەی ئێران بە تارانی پایتەختیشەوە. درووشمی زۆر بەجێ وگشتگیری "ژن، ژیان، ئازادی" بوو بە دروشمی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بە هەموو چینوتوێژ و گرووپبەندییە سیاسیەکانیەوە و تەختی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی وەلەرزە خست. هەروەها کچە شەهیدی کورد ژینا "مهسا" بوو بە ڕێبەر و پێشەنگی خەبات بۆ کۆمەڵانی بەرینی خەڵکی ئێران. جگە لەوە ناوی ژینا لەنێو مێدیای



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کوردی، ئێرانی و جیهانیدا لاپەڕەکانی یەکەمی مێدیا و سۆشیال مێدیای بۆخۆی داگیر کرد.

لە ماوەیەکی کەمدا شەقامەکانی زۆربەی نیزیک بە تەواوی شارەکانی ئێران بوون بە مەیدانی بەربەرەکانێی لاوەکانی ئێران لەگەڵ هێزەکانی ڕژیم. خوێندکارەکانی زانستگاکان، وەرزشوانان، کەسایەتییە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکان، کەسایەتییە سیاسیەکان، ڕۆژنامەنوسەکان و بەشێکی بەربڵاو لە کەسایەتیە ناسراوەکان پشتیوانییان لە خۆپیشاندان و مانگرتنەکان کرد و بە دەربڕینی مێدیایی، لە مەیدانەکانی تۆپی پێدا، لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن و لە هەر ڕێگایەکی دیکەوە کە بۆیان گونجاو بوو، پشتیوانیی خۆیان لە ڕاپەڕینی بەربڵاو وشکۆداری کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و کوردستان دەربڕی. لە دەرەوە دیاسپۆرای کوردی و ئێرانی دەستی کرد بە چالاکی لە شەقامی ئورووپا و ئامریکادا و هەر لە کاناداوە تا ئوستوڕالیا خۆپێشاندانی هەزاران و تەنانەت دەیان هەزارییان پێکهێنا. تەنیا لە ڕۆژی شەممە، ٩ی ڕەزبەردا لە نیزیکەی دوو سەد شاری گەورەی جیهاندا خۆپیشاندانی بەشکۆ کرا. ژمارەی خۆپیشاندەران لە تۆرنتۆی کانادا تەنانەت لە پەنجا هەزار کەس تێپەڕی و لە زۆربەی شارەکانیش بە هەزاران، یا دەیان هەزار بوو.

یەکەم چەخماخەی ئەو ڕاپەڕینە بەشکۆیە، بەهۆی شێوەی بێبەزەییانە کوشتنی کچە لاوێکی سەقزی کە بۆ دیتنی پایتەختی وڵاتەکەی و بۆ چەند ڕۆژێک لەگەڵ براکەی سەفەری کرد بوو و تەنیا بە بیانووی بەدەرەوە بوونی بەشێک لە قژی شەهید کرا ، لێ درا. بەڵام دەبێ ئەوەش بگوترێ کە بڕیاری لێبڕاوانە و بەوەختی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران و پشتیوانیی حیزبە کوردستانیەکانی دیکەش لە مانگرتن و ڕاپەڕین، ڕۆڵێکی واتادارییان هەبوو لە وەڕێخستنی ئەو ڕاپەڕینە و گەورەکردنەوە و هاندانی بەرەو ئاستی شۆڕشێکی تازە لە ئێراندا. هەر بۆیە ڕێژیم هێندەی دیکە ڕق و تووڕەیی لە حیزبە کوردستانیەکان هەڵگرت و وەک هەمیشە وەڵامی جووڵانەوەی مەدەنیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بە موشەکباران و بۆمبارانی فڕۆکەی درۆن بۆ سەر بنکە و بارەگا و کامپەکانی حیزبە کوردستانیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دایەوە و بەزەیی بە منداڵی قوتابخانەشدا نەهاتەوە و قوتابخانەشی کردە ئامانجی مووشەکەکانی.

بەداخەوە لەو کردەوە جینایەتکارانەیەدا ١٧ کەس شەهید بوون کە ژنی دووگیان، منداڵی دوو ڕۆژە و ژنی بەتەمەنی تێدا بوو، هەروەها زیاتر لە پەنجا کەسیش بریندار بوون.

ئەو ڕاپەڕینە بوو بەهۆی تەقینەوەی ڕق و قینی چەندین ساڵەی کۆمەڵانی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران. چین و توێژە جۆراوجۆرەکان بە بیر و بۆچوونی جیاوازەوە لە دەوری ژیلای کورد و دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" کە لە کوردستانەوە کەوتە سەرزاران، کۆ بوونەوە. کۆمەڵانی خەڵک بە تێکڕایی خۆیان لە خۆشەویستی بۆ ژینا و ئەو دروشمەدا دیتەوە کە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ویستی هەموویانی تێدا بوو. ژنانی ئێران کە لە سەرەتای هاتنە سەرکاری ئەو ڕێژیمەوە کەوتبوونە بەر زەبرو زەنگی ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی و تەنانەت مافی هەڵبژاردنی جۆری لیباس لەبەرکردن و دەسەڵات بەسەر جەستەی خۆشیان لێ وەرگیرابۆوە، لە یەکەم وشەی دروشمەکەدا وێنا کران و لە دوو وشەکەی دیکەدا بەڵێنی وەرگرتنەوەی مافەکانیان پێ درا. دووەم وشە و سێهەم وشەی درووشمەکە، واتە ژیان و ئازادی، ویستی هەموو کۆمەڵانی خەڵکن. خەڵک نان و ئازادیی دەوێ، تا بە سەربەستی بژی. بەڵام دەزانێ کە لە کۆماری ئیسلامیدا هەرگیز ئازادی نابینێ و بەو هەموو ئاژاوەگێری و تێرۆریزمەی کۆماری ئیسلامی کە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهانیشدا وەڕێی خستوە، هیچ کاتێک ناتوانێ خاوەنی ژیانێکی شیاوی ئەم سەردەمە بێ. هەر ئەوەش وای کرد کە درووشمەکانیش توندتر بن و سەری نیزامی کۆماری ئیسلامی بکەنە ئامانج و سەرەڕای دووپاتەکردنەوەی ژن، ژیان، ئازادی، درووشمی بمرێ خامەنەیی و بمرێ کۆماری ئیسلامییش دووپاتە بوونەوە.

بەرهەمی ئەو بەدەنگەوە هاتنەی کوردستان بووەتە هۆی پێکهاتنی یەکیەتییەکی بێوێنە لەنێو هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزا جیاکانی ئێراندا. ئەو هەوڵەی ڕێژیم بە درێژایی مێژووی چلوسێ ساڵەی خۆی داویەتی تا گەلانی غەیرە فارس بە تەجزیەتەڵەب تۆمەتبار بکا و فارسەکان بە مەترسیی دابەشبوونی ئێران بترسێنێ، هەمووی بوو بە بڵقی سەر ئاو و لە شەقامەکانی تاران و تەورێزدا دروشمی "کردستان، چشم و چراغ ایران" دەنگی دایەوە و گەلی ئازەری لە شەقامەکانی شارە گەورەکانیدا بە پێچەوانەی ویستی کاربەدەستانی ڕێژیم هاواری کرد، کورد برامانن و پشتیوانیانین.

هەر لە سەرەتای ڕاپەڕینەوە تا ئەوڕۆش کاربەدەستانی ڕێژیم شۆکە بوون و نەیاندەزانی و نازانن چ بڵێن و چ بکەن. تەنیا شتێکی کە لەلای خۆیان شکی دەبەن و هەمیشە کەڵکیان لێ وەرگرتوە و تا ئێستاش بە کاری دێنن، سەرکوتکردنی ئەو کەسانەیە کە دێنە سەر شەقامەکان و تا ئێستا لەو سەرکوتکردنەدا لانی کەم سەد و پەنجا خۆپێشاندەر لە شەقامەکاندا شەهید بوون و بە سەدان کەسیش بریندار بوون؛ هەروەها بە هەزاران کەس خراونەتە نێو سیاچاڵەکانی زیندانەوە.

دوی دوو حەوتوو خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لە شاشەی مێدیاکاندا خۆ وەدەرخست و لە کاتێدا دەنگی نووسابوو، هێندێک وەڵامی کۆنی بۆ ئەو پرسیارانەی تازە لە سەری کەڵەکە بوون، لە ساکە ڕزیوەکەی دەرهێنان و دووپاتی کردنەوە. خۆپیشاندەرانی بە نۆکەرانی دەزگای هەواڵگریی ئامریکا و ئیسرائیل لە قەڵەم دا و حیزب و ڕێکخراوەکانی نەتەوەی کورد و نەتەوە بەشخوراوەکانی دیکەی ئێرانی وەک تەجزیەتەڵەب ناو برد. خوێنی ژینا قورگی گووشیبوو و باش قسەی بۆ نەدەکرا و جگە لە لێدانەوەی قەوانە کۆنەکە و هێندێک مەزلومنمایی بۆ هێزە سەرکوتکەرەکانی، وەک سپای پاسداران و



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بەسیج کە گۆیا خەڵک زوڵمی لەوان کردووە، هیچ قسەیەکی دیکەی بۆ گوتن پێ نەبوو. دیارە زەبوونانە دیسان هەڕەشەی کردنەوە و هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕاسپارد کە بە حیسابی هەموو ئەو کەسانە بگەن کە لە خۆپیشاندانەکاندا بون، دەستیان هەبووە، یا پشتیوانیان لێ کردوون.

ئێستا ڕاپەڕینە مەزنەکە لە شۆڕش نیزیک بووەتەوە. گومان لەوەدا نییە کە ئەوەندە بەربڵاو و گەورە بۆتەوە کە ڕێژیم پێی کۆ ناکرێتەوە. ئاساییە ئەگەر هەڵکشان و داشکانی هەبێ و زۆریش ئاستەمە ڕۆژی سەرکەوتن دیاری بکرێ، بەڵام بێگومان دەتوانین بڵێین کە ئەم بڵێسەیە تازە ناکوژێتەوە. چوونکە چەند تایبەتمەندییەکی تێدایە کە لە ڕاپەڕین و خۆپیشاندانەکانی پێشوودا نەبووە.

**یەکەم**: هێزی شۆڕش و ڕاپەڕین لاوە تازە پێگەیشتووەکانی دەیەی هەشتان. ئەو نەوەیە سەرەڕای نەترسانی، بە هۆی چالاکبوونی لە سۆشیال مێدیادا شارەزایی لە خۆگونجاندن لەگەڵ هەلومەرجی دژواردا هەیە و دەتوانێ زوو خۆی بگۆڕێ. جگە لەوە نەوەیەکە کە بەهاسانی لە مەیدان وەدەر نانرێ. ئاخرەکەی دەتوانێ پشتیوانیی دایک و بابەکانیش بۆ لای خۆی ڕاکێشێ و کارەکە یەکسەرە بکا.

**دووەم**: یەکیەتییەکی بێوێنە لەنێو گەلانی ئێراندا پێکهاتووە. وێدەچێ ترسی دابەشبوونی خاکی ئێران بە دوای گۆڕانی ڕێژیمدا بە یەک شەو تواوەتەوە و کۆمەڵانی خەلکی ناوەندنشین چیدیکە بەو درۆیەی ڕێژیم ناخاپێنرێن و ئەوەش دەبێتە هۆی یەکگرتن و هاوکاریکردن و دروستبوونی ئاڵتەرناتیڤ بۆ ڕێژیمی ئاخوندەکان.

**سێ**: بەهۆی مانگرتنەکانەوە چینی مامناوەندی و بازاڕی دێتە نێو شۆڕشەکە و بە دوای منداڵەکانیدا دەکشێ و ناتوانێ چیدی بێ پشتیوان لە شەقامدا بەجێیان بێڵێت.

**چوار**: بە درێژبوونەوەی ناڕەزایەتییەکان هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕژیم ماندوو دەبن و شک و گومانیان تێدا دروست دەبێ. ئەوان کە زۆرتر بە خاتری ئیمکاناتی ماددی ڕەگەڵ ڕژیم کەوتوون، بەرەبەرە لە مانەوەی ڕێژیم وەشک دەکەون و پشتی بەر دەدەن و هەڵدەوەرن.

**پێنج**: دیاسپۆرای ئێرانی و کوردی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر و باشتر دێنە مەیدان و بە تەوژمێکی زۆرترەوە شوێن لەسەر بیروڕای گشتی وڵاتان دادەنێن و بڕیاردەرانی وڵاتە شوێندانەرەکان هان دەدەن کە پێداچوونەوە بە سەر پەیوەندییەکانیاندا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بکەنەوە و چیدی ئەو ڕێژیمە بە نوێنەری خەڵکی ئێران نەزانن. تەنانەت خەریکن سیاسەتەکانیان بە نیسبەت ڕێککەوتنی "بەرجام"یش بگۆڕن.

**شەش**: ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، بە ناوەندگەرا و نوێنەرانی نەتەوە ژێر دەستەکانی ئێرانەوە، گەیشتوەتە ئەو ئەنجامە کە پێویستە هەرچی زووتر یەک بگرێ و ئاڵتەرناتیڤێکی دێموکڕاتیک بۆ ڕێژیمی ئاخوندەکان پێک بێنێ. ئێستا لە هەر کاتێک



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

زیاتر هەموولایەک ئامادەیی ئەوەیان تێدایە کە بە پاراستنی بۆچوون و تایبەتمەندییەکانی خۆیانەوە لەگەڵ هێزەکانی دیکە یەک بگرن بۆ تێپەڕبوون بەسەر کۆماری ئیسلامیدا. ئیدی بۆ کەس ئەو شک و گومانە نەماوە کە کۆماری ئیسلامی ڕەنگە بتوانێ هێندێک شت بگۆڕێ. بۆیە ئیسلاحتەڵەبی و دڵخۆشکردن بە ئیمکانی ئاڵوگۆڕ لەنێو ڕێژیمدا هیچ نەماوە. ئێستا هێزەکان بە تەواوەتی لە دوو بەرەدا جێ دەگرن: بەرەی کۆماری ئیسلامی و بەرەی خوازیارانی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی.

تازە خوێنی ژینا گەرووی گرتوون و لە کۆڵیان نابێتەوە هەتا نەیانخنکێنێ.

---

## بۆچی کراینەوە بە ئامانج؟

ئاماژە: لە ماوەی چوار ساڵدا حیزبی دێموکرات دوو جار کراوەتە ئامانجی هێرشی مووشەکی و لەو سۆنگەیەوە دەیان کەس لە تێکۆشەرانی ئەم حیزبە شەهید یا بریندار بوون. بۆچی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پشکی شێری لە تێرۆر و سەرکوت و زەبروزەنگی کۆماری ئیسلامی پێ براوە؟ ڕێژیمی ئێران بۆچی لە ٦ی ڕەزبەردا دەیان مووشەکی بالستیکی لە حیزبی دێموکرات گرتەوە؟ لەو پێوەندییەدا ڕا و بۆچوونی سێ کەسایەتیی سیاسیی حیزبی دێموکرات کە لە ڕووماڵی ڕووداوی ئەو هێرشەدا لێدوانیان بۆ "کوردکاناڵ" داوە، بۆ خوێنەرانی "کوردستان" دەگوازینەوە.

**مامۆستا عەبدوڵڵ حەسەنزادە:** پێچەوانەی لێکدانەوەی کۆماری ئیسلامی مووشەکبارانی بنکەکانی حیزب نەک ئاگری ڕاپەڕین و نارەزایەتییەکان دانامرکێنێ؛ بەڵکوو ڕق و نەفرەتی خەڵک زیاتر دەکات



غەرەزی کۆماری ئیسلامی لەو هێرشە دڕندانە و ئاژاوەگێڕانەیەی کە کۆماری ئیسلامی کردیە سەر بنکەی حیزبەکانی ئێمە لە باشووری کوردستان دوو شتن:



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

یەکەمیان لادانی سەرنجی بیروڕای گشتیی ئێران و جیهان لەو ڕووداوانەی لە نێوخۆی وڵاتدا ڕوو دەدەن و ئەو ناڕەزایەتییانەی کە ئێستا سەرانسەری وڵاتی گرتۆتەوە. ئێستا ڕۆژ هەیە زیاتر لە ١٠٠ شار لە ئێران دژی ئەو نیزامە دێنە سەر شەقام و دروشمی توند کە سەری ئەو نیزامەی کردۆتە نیشانە، بەرز دەکەنەوە. بۆیە دەیهەوێ چاوی بیروڕای گشتی لەو باسە سەرەکییە وەرسووڕێنێ و بۆ پشتەوەی سنوورەکانی بەرێ بکات.

ئامانجێکی دیکە ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی لەهەمبەر ئەو حەرەکەتە ئاشتیخوازانەیەدا کە کوردستان سەرەتا و دواتر ناوچەکانی دیکەی ئێرانیشی گرتەوە لاواز و دەستەوەستانە. بۆیە دەیەوێ بیکێشێتە گۆڕەپانی شەڕ و چەک و لێکدان کە لەو دۆخەدا هەم لە بەرانبەر خەڵکی ناڕازی و ڕاپەڕیو لە نێوخۆی وڵات و هەم لە بەرانبەر حیزبە سیاسییەکان ئیمکانات و تێکنۆلۆژیی پێشکەوتووی شەڕ و سەرکوتی هەیە. بۆیە هەم باشە و هەم پێویستە کە کۆماری ئیسلامی لە گۆڕەپانێکدا بیێڵینەوە کە تێیدا لاوازە. واتە خەڵکی ئێمە لە کوردستان و خەڵک لە ناوچەکانی دیکەی ئێران پێویستە لە خۆپیشاندانەکان بەردەوام بن و هەروەها ئەوەندەی دەکرێ دەرفەت بە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی نەدەن خۆپێشاندانەکان بەرەو توندوتیژی و زەبروزەنگ بەرن. ئەوە بەوە دەکرێ کە هاونیشتمانانی ئێمە بە بیری کراوە و ژیریی خۆیانەوە لە شەقامەکاندا بمێننەوە و ویست و داخوازەکانی خۆیان کە بەرحەق و ڕەوان بیهێننە گۆڕێ و سوور بن لەسەر ئەو داواکارییانە.

لەگەڵ ناردنی سڵاو بۆ یادی تازەترین شەهیدەکانمان، ئەمن لاموایە پێچەوانەی تێگەیشتنەکانی کۆماری ئیسلامی مووشەکبارانی بنکەکانی حیزب نەک ئاگری ڕاپەڕین و ناڕەزایەتییەکان دانامرکێنێ؛ بەڵکوو ڕق و نەفرەتی خەڵک هەم لە کوردستان و هەم لە هەموو ناوچەکانی ئێران زیاتر دەکات و دەبێتە هۆی باڵوبوونەوە و بەرینتربوونی زیاتری خۆپێشاندان و ڕاپەرینەکان.

-------

**مستەفا مەولوودی**: لە ئێستادا کە ڕاپەڕینی سەرانسەری لەدژی ڕێژیم وەرێ کەوتوە، بەدڵنیاییەوە ئەو پەلەقاژانە دادی نادەن و سەرکەوتن هەر بۆ خەڵک و کۆمەڵگەی ئێران، کوردستان و هێزە سیاسییەکانی دەبێت





سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە دوژمنایەتیی خۆی لەگەڵ بزووتنەوەی کورد بەگشتی و هێزە سیاسییەکان بەتایبەتی و بەتایبەتیتر لەگەڵ حیزبی دێموکرات نەشاردۆتەوە و ئەم هێرشەش درێژەی ئەم سیاسەتە بەردەوامەی کۆماری ئیسلامییە. هیندێک لایەن و مێدیا باس لەوە دەکەن جیاوازییەکی هێرشەکەی ئەمجارە ئەوەیە کە پارێزراوترین شوێن لە شەڕەکان بەپێی هەموو پرەنسیپەکان، وەک قوتابخانە و کەمپ و شوێنی ژیانی ژن و منداڵ و خەڵکی مەدەنی کرانە ئامانج. بەڵام ئەوەی کۆماری ئیسلامیی باش ناسیبێ، دەزانێ کە ئەم ڕێژیمە قەت دەرووستی پرەنسیپ و کۆنڤانسیۆنە نێودەوڵەتییەکان نەبووە هەتا پێمان وابێ ئەمە یەکەمجارە کە ئەو سنوورانەی بەزاندوە. کۆماری ئیسلامی هەر لە فیتوای جیهادی خومەینی لە دژی کوردستان کە خوێن و گیانی گەورە و بچووکی خەڵکی کوردی بۆ هێزەکانی ڕێژیمەکەی حەڵاڵ دەکرد، لە هێرشەکانی بۆ سەر کوردستان و ئەو کۆمەڵکوژییانەی لە ئاواییەکانی وەک قارنێ و قەڵاتان و قەرەگۆل و سۆفییان کردنی، لە تێرۆر و ئێعدامی زیندانییانی سیاسیی کورد بە درێژایی مێژووی ئەو ڕێژیمە و زۆر تاوانی دیکە، ئەوانە هەر هەمووی پێچەوانەی پرەنسیپە جیهانییەکان و کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکانن کە ڕێژیم بۆخۆی بەشێک لەوانیشی ئیمزا کردوە.

خاڵێکی دیکە بەرفراوانیی ئاستی ئەو هێرشەیە کە بێگومان بۆ ئەوە بوو زیانی زۆری گیانیمان بەربکەوێ و وێرانییەکی زۆری لێ بکەوێتەوە هەتا بە خەیاڵی خۆی ئیرادەی خەبات و شۆڕشگێڕیمان تێکبشکێنێ و بەچۆکمان دابینێ؛ بەڵام ئەوە جارێکی دیکەش تاقیکردنەوە تاقیکراوەکانە.

هەتا ئێستا شانازیی خۆڕاگری و مانەوە لە مەیدان بۆ حیزبی دێموکرات و هێزی پێشمەرگە براوە و، شکست و داماوییش بۆ هێزەکانی ڕێژیم ماوەتەوە. بەتایبەت لە ئێستادا کە ئیدی ڕاپەڕینی سەرانسەری لەدژی ئەو ڕێژیمە وەڕێ کەوتوە، بە دڵنیاییەوە ئەو پەلەقاژانە دادی نادەن و سەرکەوتن هەر بۆ خەڵک و کۆمەڵگەی ئێران و هەروەها کوردستان و هێزە سیاسییەکانی دەبێت.

**تەیموور مستەفایی:** تایبەتمەندییەکی گرینگی ڕاپەڕینی نوێی خەڵکی ئێران ئەوەیە چەخماخەکەی لە کوردستان لێ دراوە و کورد پێشەنگایەتییەکەی کرد. ئەمەش بێهۆ نییە، چونکی کورد لە ئێران چل و سێ ساڵە قورسایی شۆڕش و بەرەنگاری لەدژی ڕێژیمی لەئەستۆ بووە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com



مووشەکتێگرتن لە حیزبی دێموکرات لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بۆ ئەوە بوو کۆمەڵگەی ڕاپەڕیوی ڕۆژهەڵات و ئێرانی پێ چاوترسێن و کپ بکات. بەڵام ئەو نارەزایەتییانە کە دەرەنجامی کەڵەکەبوونی دەیان قەیرانی قووڵی هەمەلاگیرن شتێک نییە کۆماری ئیسلامی بتوانێ بەسەریدا زاڵ ببێت و دایمرکێنێت.

کوژرانی ژینا ئەمینی هاندەرێک بوو بۆ تەقینەوەی قینی پەنگخواردووی خەڵک، قینی چوار دەیە سەرکوت، گەندەڵی، بێحورمەتی بە کەرامەتی مرۆڤەکان و پێشێلکردنی سەرەتاییترین و سەرەکیترین مافەکانیان کە کۆماری ئیسلامی زەوتی کردوە. بۆیە سەرەڕای تێچووی زۆری سەرهەڵدان و نارەزایەتییەکان و سەرکوت و زەبروزەنگی زۆر، خەڵکی ئیدی کێرد گەیوەتە ئێسکانیان و ئامادەن هەموو تێچوویەکی بۆ بدەن. تایبەتمەندییەکی گرینگی ڕاپەڕینی نوێی خەڵکی ئێران ئەوەیە چەخماخەکەی لە کوردستان لێدراوە و کورد پێشەنگایەتییەکەی کرد. ئەمەش بێهۆ نییە. کورد لە ئێران چل و سێ ساڵە قورسایی شۆڕش و بەرەنگاری لەدژی ڕێژیمی لەئەستۆ بووە. زۆرترین سەرکوت، زۆرترین زیندانیی سیاسی، زۆرترین ئێعدام، زۆرترین پەراوێزخستن و پێشێلکاریی مافەکان لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا لە کورد کراوە. سەرباقی هەموو ئەوانە دەسەڵات هەمیشە هەوڵی داوە کەلێن و دابڕان بخاتە نێوان کورد و نەتەوەکانی دیکە لە ئێران و ئەو ناکۆکییانە بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکار بێنێ. بەڵام بینیمان کە دواجار کوردستان بوو بە چاو و ڕووناکایی ئێران" و ئەوە "ژن، ژیان، ئازادی"یە کە لە کوردستانەوە دەبێتە دروشمی سەرەکی بۆ ڕاپەڕین لە سەرانسەری ئێراندا. ئەمانە هەمووی هەنگاوی بۆ پێشەوەن لە پێناو یەکیەتی و ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی.

دواجار ئەوەی لە ئێستادا پێویستمان پێیەتی، یەکگری و وشیارییە. وشیاری بۆ ئەو مەبەستە نەهێڵین پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ درز تێخستن لە جووڵانەوەکە سەر بگرێ. یەکگری بۆ ئەوەی بە توانا و هێزی هەموومان بتوانین بە سەر کۆماری ئیسلامیدا سەر بکەوین و کۆتایی بە تەمەنی ئەو ڕێژیمە بێنین.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# وانەکانی مانگی خەرمانان




**کامران ئەمین ئاوە**

لە ڕەوتی ڕووداوە سیاسییەکانی هەر وڵاتێکدا، حیزب یان کەسایەتییەکی سیاسی بەپێی کۆبەندی زانیارییەکان و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی نێوخۆیی و جیهانی و هاوسەنگی هێزە دژبەرەکان تێدەکۆشێ تاکتیک و شێوە خەباتی خۆی هاوئاهەنگ لەگەڵ ڕەوتی بزووتنەوەکە هەڵبژێرێ. بێگومان پێشبینیی ڕووداوەکان و هەڵبژاردنی شێوە خەباتێکی شیاو بەپێی فۆرمولەکانی بیرکاری، فیزیک و شیمیی یاخود یاسای "هەموو شت یان هیچ شت" لە فیزیۆلۆژیدا نییە، بەڵام هەڵسەنگاندنی هاوسەنگی و چنینمانی هێزەکانی دژبەر لە ئاستی کۆمەڵگە، ئاستی ئاگایی سیاسیی خەڵک و ڕادەی ڕێکخستنی کۆمەڵانی خەڵک لە ڕێکخراوە جۆربەجۆرە سیاسی، پیشەیی و مەدەنییەکاندا، هەروەها چنینمانی هێزەکانی ناوچەیی و جیهانی و، بۆچوون و شێوەی هەڵسوکەوتی زلهێزانی دنیا لەگەڵ حکوومەتی دەسەڵاتدار و بزووتنەوەی خەڵکی نارازی و، تەیاربوونی بارودۆخی عەینی و زەینی و هتد، ڕۆڵێکی بەرچاو لە ڕەوتی خەباتی حیزبێکی بەرپرسیار دەگێڕێ. هەر لەم پێوەندییەدا دەکرێ هەڵسوکەوتی زۆربەی حیزبە کوردستانیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم دوایانەدا هەڵسەنگەندرێ کە بە دوور لە ئێحساس و زۆر ژیرانە هەڵوێستێکی بەرێوجێ و سیاسییانەیان لە پێوەندی لەگەڵ ڕووداوەکانی پاش گیانبەختکردنی نەمر ژینا ئەمینی لە خەرمانانی ئەمساڵدا لە کوردستان و ئێران گرتەبەر.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بە درێژایی پتر لە چوار دەیە دەسەڵاتداری حکوومەتی ئیسلامی ئێران و بە تایبەتی لە دەیەی ڕابردوودا ئێمە شایەدی بەرهەڵستی و دەربڕینی نارەزایەتی جەماوەری خەڵک لە ئاستی ئێراندا بووین. هەرچەند لە ساڵانی ڕابردوودا بە پێی بانگهێشتنی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شایەدی چەندین مانگرتنی سەرکەوتووانە بووین بەڵام لە بەشەکانی دیکەی ئێراندا، دەربڕینی نارەزایەتییەکان لە سنووری چەند گەورەشاری ئێران دەرنەدەچوو و هەر بەم بۆنەیەش هێزەکانی سەرکوتکەری ڕێژیم بە گرتن و کوشتنی بەشدارانی ئەو بزووتنەوانە، بە هاسانی سەرکوتیان دەکردن. بەڵام، ئەم جارە بزووتنەوەی خۆبەخۆ و بەرهەڵستکارانەی ئێران و دروشمی بەڕێوەچوو و شیاوی "ژن، ژیان، ئازادی" کە کوردستان پێشەنگی بوو، هەموو ئێرانی تەنییەوە. دروشمەکە تەنانەت گەیشتە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران، تا ئەو ڕادەیەی ئەندام پەرلەمان، هونەرمەند، چالاکە سیاسیی و مەدەنییەکانی بیانیش لە ئورووپا، ئەمریکا و ئاسیادا دووپاتیان کردەوە و، ژنە ئازادیخوازەکانیان بە نیشانەی پشتیوانی و هاودڵی لەگەڵ ژنان و بزووتنەوەی سەرانسەریی گەلانی ئێران پرچی خۆیان دەبڕن و سەریان دەتاشن.

خەڵکی ئێران لە هەر میللیەت و ئایینێک، وێڕای بێ‌متمانە بوون بە چاکسازیخواز و ئەوانەی پێیان وابوو لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا دەتوانن بگەنە بەشێک لە داخوازییەکانی خۆیان، یەکدەنگ و یەکهەڵوێست بۆ گەیشتن بۆ ئازادی و دێموکراسی ڕاپەڕیون و خوازیاری کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی دیکتاتۆریی لە ئێراندان. پەرەسەندنی نارەزاییەتییەکان و پشتیوانیی بەشێکی بەرچاو لە نووسەر، هونەرمەند، وەرزشکار، پزیشک، مامۆستا و خوێندکاران و هتد لەم بزووتنەوەیە بۆتە هۆی ترس و دڵەڕاوکێی حاکمانی وڵات.

حکوومەتی ئێران لە هەموو ئەم ساڵانەدا بە پێی سیاسەتی "دووبەرەکی بنێوە و ئاغایەتی بکە!" خەڵکی ناکورد و بهتایبەتی ئازەرییە دراوسێیەکانی کوردستانیان بهبۆنەی جۆراوجۆر وەکو جیاوازیخوازی و مەترسی دەستدرێژیی کورد لە بەشە خاکی ئەوان و هتد دژ بە کورد هان داوە، بەڵام ڕووداوەکانی ئەم دواییانە وێڕای هەموو پیلانەکانی ڕێژیمی تاران وەک ناردنی جاش بە جلوبەرگی پێشمەرگەوە بۆ نێو خەڵک، بڵاوکردنەوەی وێنە و فیلمی کۆنی هاتنەوەی پێشمەرگە بۆ شارەکانی کوردستان و، تەنانەت موشەکباران و بۆمبارانی شوێنی ژیانی کوردەکانی ڕۆژهەڵات لە باشووری کوردستان نەیتوانی ببێتە هۆی حەرەکەتێکی ناشیاو و ناوەخت لەلایەن حیزبە کوردستانییەکانەوە.

کوماری ئیسلامی بەم هیوایە بوو و هەیە لە ساتێکدا هێزێکی گەورەی جەماوەری لەسەر شەقامەکاندایە، حیزبە کوردستانییەکان بە ناردنی هێزی چەکدار بۆ نێو شار و گوندەکانی کوردستان بکەونە نێو ئەو داوەی کە حکوومەت خوازیاریەتی هەتا بە بیانووی بەرگری لە خۆی و هێرشی هێزی چەکداری کورد ڕەوتی بزووتنەوەی مەدەنی بخاتە قۆناخێک



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کە بتوانێ باشتر و هاسانتر سەرکوتی بکات و لە گۆمی خوێنی هەڵکێشێ.

بەخۆشییەوە کرداری ژیرانەی حیزبە کوردستانییەکان وێڕای ئێش و ئازاری گەورەی لەدەستدان و برینداربوونی دەیان کەس لە قووڵایی خاکی باشوری کوردستان کاردانەوەی باشی بۆ کورد و کاردانەوەی نەرێنیی لە ئاستی جیهاندا بۆ حکوومەتی تاران خوڵقاند. بانگهێشتنی خەڵکی کوردستان لەلایەن ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبەکانی دیکەوە بۆ مانگرتنی سەرانسەری لە کوردستان و سەرکەوتووبوونی هەر دووجارەی ئەم خەباتە مەدەنییە پیشاندەری ئاستی ئاگایی خەڵکی کورد و نوێنەرانی سیاسیی ئەم گەلە و هەبوونی ڕیشەی ئەوان لە ئەردی کوردستانە. ئەم حەرەکەتە سەرکەوتووەی کورد لە کوردستانی ئێران بوو بە هۆی چوونە سەرەوەی شوێن و پێگەی کورد و ڕێکخراوەکانی لەسەر ئاستی ژوور و دەرەوەی ئێران. نوێنەری سیاسی کورد نیشانی دا کە پووختەیی و ژیریی ئەوان بۆ بهکارهێنانی چەکی خەباتی مەدەنی و کۆمەڵایەتی ئەگەر بەرزتر لە چەکی گەرم نەبێ کەمتر نییە و لەم گۆڕەپانەدا دەتوانێ ڕۆڵێکی بە هێز و کاریگەر بگێڕێ.

سیاسەتی درووستی حیزبە کوردستانییەکان و ڕۆڵی بەرچاوی کورد لەم بزووتنەوەیەدا بوو بە هۆی تەنانەت پێداچوونەوەی بەشێک لە حیزب و کەسایەتییەکانی ئێرانی لە پێوەندیی لەگەڵ کوردو، بێگومان هێزە سەرانسەرییەکان ئەوەشیان بۆ وەدەرکەوت، لە بەیانیی پاش ڕووخانی حکوومەتی ئیسلامیدا کورد فاکتۆرێکی گەورەیە و ناکرێ مافی نەتەوەیی ئەوان لەبەرچاو نەگیرێ.

خەباتی کورد چ ئێستا و چ پاش ڕووخانی کۆماری ئیسلامی بۆ گەیشتن بە مافی چارەی خۆنووسین ڕەوتێکی ساکار و بێلەمپەر نییە. هێزی پاوانخواز و باوەڕمەند بەوەی پێدانی تەنانەت مافی خودگەردانیش دەتوانی ببێتە هۆی پارچە پارچە بوونی ئێران لە نێو بەشێکی بەرچاو لە هێزەکانی ڕاست و چەپی ئێرانیدا جێگیر بووە، بەڵام شێوەی درووستی خەباتی نوێنەرانی سیاسی کورد، کاری ڕێکخستن و بردنە سەرەوەی ئاستی ئاگایی نەتەوەیی -سیاسی و فەرهەنگی- کۆمەڵایەتیی کورد و، بە گشتی یەکیەتیی نەتەوەیی کورد، پێکهێنانی بەرەیەکی بەرفراوانتر لە هێزە سیاسی و کەسایەتییە سەربەخۆکانی کورد و هاوکاری و خەباتی هاوبەش لەگەڵ هێزە پێشکەوتنخوازەکانی ئێرانی دەتوانێ دەورێکی بەرچاو لە ڕەوتی خەباتی ئێستا و داهاتووی کورد لە ئێراندا بگێڕێ.

کورد بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی خۆی پێویستی بە یەکیەتی لە ماڵی خۆی و یەکیەتی و هاوکاری لەگەڵ ئەو هێزانە لە ئێران هەیە کە لە بەرەی ئازادی و دێموکراسیخوازیدا باوەڕیان بە چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی لە ئێران هەیە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# توانای مووشەکیی کۆماری ئیسلامی و پێگەی حیزبی دێموکرات!



**عومەر باڵەکی**

لە ماوەی چەند حەوتووی ڕابردوودا شەقامی شارەکانی ئێران بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی بوونە چەقی ململانێی نێوان خەڵکی وەزاڵەهاتوو لە چەنگ دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لەلایەک و هێزە سەرکوتکەرەکانی ئەو نیزامە لەلایەکی دیکە. ئەو ناڕەزایەتییانە بە بڵاوبوونەوەی کوشتنی حکوومەتیی کچە کوردێک لە تاران بە ناوی ژینا ئەمینی لە سەردەستی پۆلیسی "گشت ارشاد" دەستیان پێ کرد.

کوشتنی ژینا ئەمینی بەپێی هەموو پێوەرەکانی یاسایی "قەتڵی حکومەتی"یە، چونکە ئەو تیمەی لەژێر ناوی پۆلیسی ئەخلاق (گشت ارشاد) بە شەقامەکانی تاران و ئێراندا دەخولێنەوە و کچ و ژنان بە بیانووی ڕەچاونەکردنی "حیجاب" دەسبەسەر دەکەن، خۆیان بەپێی نێوەرۆکی یاسا و ڕێسای بنەڕەتیی ئێران ناقانوونین و لە هەمان کاتدا لە هیچ بڕگەیەک لە یاساکانی بەردەست لە ئێراندا "حیجاب" واتا ڕووپۆشی ژنان پێناسەی بۆ نەکراوە کە بگوترێ و بنووسرێ مەبەست لە "حیجاب" ئەو خاڵانەیە. هەرچەند بەپێی عورف و شەرعیش ناتوانرێ پێناسەیەکی وا گشتگیر بۆ "حیجاب" بکرێ، چوونکە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، جیاوازیی دابونەریت و تەنانەت شێوازی تێڕاونین بۆ دین و ئاینییان تێدا بەڕوونی بەرچاو



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دەکەوێ، بۆیە هیچ یاسادانەرێک ناتوانێ بۆ ئەو بابەتانەی پێوەندییان بە دابونەریتی کۆمەڵگە جیاوازەکانەوە هەیە لە یەک بڕگەی قانوونیدا جێگایان بۆ بکاتەوە و چاوەڕوانیی هەبێ کە خەڵکیش ڕەچاوی ئەو قانوونانە بکا و پەسندیان بکات.

لەو قۆناخەی مێژووی ئێراندا خەڵکی وەزاڵە هاتووی ئەم جوغرافیا پانوبەرینە بە چەندین نەتەوەی جیاوازەوە کە ماوەی ٤٣ ساڵە بە دەست سەرکوت و زوڵم وزۆرداری دەزگای ئەمنییەتی کۆماری ئیسلامییەوە دەناڵێنن، مەرگی ژینا بوو بە چەخماخەی ڕاپەرینی سەرانسەری لە نزیک بە تەواوی شار و شارۆچکەکانی ئێران، کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو ڕاپەرینە جەماوەرییەدا وەک هەموو کات ئاوانگارد و پێشەنگ بووە.

دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە سەرەتاکانی ئەو ڕاپەرینە جەماوەرییە وەک جارانی پێشوو هەوڵیان دا لە ڕێگای دەزگای پروپاگەندە و تەبلیغی خۆیانەوە ڕیزی گەلانی ڕاپەریو لە زوڵم و زۆری درز وکەلێنی تێ بخەن و بە بیانووی نەتەوە و مەزهەبی جیاواز تەفرەقە و دڕدۆنگی بخەنە نێو ڕیزی تاکەکانی گەلانی ئێران. بەڵام بەخۆشییەوە بە هۆی تێگەیشتوویی و پێگەیشتوویی کۆمەڵگەی ئێران بەگشتی، کۆماری ئیسلامی نەیتوانی لەو پیلانەدا سەرکەوتن بەدەست بێنی و کورد، ئازەری، بەلووچ، فارس، عەرەب و ئایین و ئایینزاکانی جۆراوجۆر بەیەک دەنگ و بێ جیاوازی کەوتنە پشتگیریکردنی یەکتر و ئەو یەکگرتووییە بە تەواوی دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تەنگەتاو کردووە. ئەوجار هێزەکانی سەرکوت هاتنە مەیدان و بە پێچەوانەی هەموو یاسا و ڕێسایەک بەتوندترین شێوە بەگژ خۆپێشاندەراندا چوونەوە و بە تەقەی ڕاستەوخۆی چەکی گەرم، گازی فرمێسکرێژ، ئاوی کوڵیو و هەموو کەرەسەیەکی سەرکوت و داپڵۆسین دەستیان لە هیچ کەس نەپاراست و شەقامەکانی ئێران و کوردستانییان کە بە شێوەیەکی هێمنانە و ئاشتیخوازانە لەسەر شەقامەکان بوون، بە خوێن سوور کرد و هیچ ڕێگایەکیان بۆ خەڵکی نارازیی سەرشەقام نەهێشتۆتەوە بێجگە لەوە کە بە دەستی بەتاڵ و تەنیا بە دار و بەرد و مشت بەرگری لە خۆیان بکەن. خاڵی جێی سەرنج ئەمەیە هەتا پەرچەکرداری هێزە ئەمنییەتی و سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی توندوتیژتر دەبێ، هەڵوێستی خەڵکی ڕاپەریویش لە ڕووبەڕووبوونەدا توندتر و ڕادیکاڵتر دەبێ و تەنانەت حەشیمەتی ڕاپەریویش زیاتر دەبن.

دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا هەموو کات هەوڵیان داوە قەیرانەکان بە خوڵقاندنی کێشە و ئاڵۆزی چارەسەر بکەن و لە هەمان کاتدا گەلانی ئێران لە دوژمنی دەرکی بترسێنن، بەتایبەتی لەکاتی تەنگانەی وەک ئێستایاندا دەنگۆی جیابوونەوە و مەترسی لە سەر تەواوییەتی ئەرزی ئێران بڵاو دەکەنەوە و تەنانەت وەک پاساو بۆ هێرشی مووشەکی و دڕۆنی بۆمبڕێژکراو بۆ سەر شوێنی نیشتەجێبوونی بنەماڵەی کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبەکانی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە کاری بێنن. ئەوە لە حاڵێکدایە بە قسەی خۆیان سپای زەفەرمەندی پاسداران! زیاتر لە ٣٠ ساڵە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی مونحەل و تەفروتونا کردووە و ئاسەواری لێ نەهێشتوتەوە و بە دروستکردنی دەیان فیلم و سریال و کتێب و بیرەوەری پڕ لە درۆ و دەلەسە باس لە جێگەوپێگەی نەبووی خۆیان لە کوردستان دەکەن. بەڵام لە ماوەی چوار ساڵدا سپای پاسداران -باڵی نیزامیی کۆماری ئیسلامی- دوو جار بۆ لێدانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات هەموو یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکانی لەژێر پێ ناوە و بە پێشکەوتووترین چەکی سەردەم کە تەنیا لە شەڕی سپای نێوان دوو دەوڵەتی دژ بەیەک بەکار دەبرێن، شوێنی نیشتەجێبوونی بنەماڵەی کادر و پێشمەرگەی ئەو حیزبانە دەکاتە ئامانج. هەر ئەوە خۆی سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە جووڵانەوەی میللی دێموکراتیکی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە درێژایی ئەو سەدەیە لە ئارادا بووە ویستی کۆمەڵگەی کوردستان بووە و حیزبەکان بە تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕێبەرایەتییان دەکا، ئەو ڕاستییە ئەوکاتە زۆر خۆی دەردەخا ڕێبەران و فەرماندەرانی سپای پاسداران بەئاشکرا لە لێدوانەکانی خۆیاندا دەڵێن، خۆپێشاندان و ڕاپەرینی ئەوجارەی گەلانی ئێران کە دەستپێکی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بوو، بە هاندانی حیزبە سیاسییەکان بووە. بە واتایەکی دیکە حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان داوایان لە خەڵکی کوردستان کردووە کە بۆ دەربڕینی نارەزایەتی بە کوشتنی ژینا ئەمینی بڕژێنە سەر شەقامەکان و دەنگی نارەزایەتی بە ڕادەیەک بەرز بکەنەوە بە گوێی هەموو گەلانی ئێران و جیهان بگا. لەوەدا ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی هەڵەیان نەکردووە کە ناوەندەی هاوکاری حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئێران داوایان لە خەڵکی کوردستان و ئێران کردووە نارەزایەتی خۆیان بەو کردەوە قێزەونە و دوور لە هەموو پێوەرەکانی ئینسانی دەربڕن، ئەوەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی تێیدا ناڕاستن و نایانهەوێ دان بەو ڕاستییە دابنێن ئەوەیەکە دوای ٤٣ ساڵ بەو هەموو کوشتن و تیرۆر، ئێعدام و دەسبەسەرکردن و داسەپاندنی شەڕ بەسەر کوردستاندا نەیتوانیوە لە کوردستان دەسەڵاتی سیاسیی خۆیان بسەپێنن و لە بواری ئەمنییەتییەوە سەقامگیر بن لە هەمان کاتدا جێگە و پێگەی حیزبە سیاسییەکان لەنێو کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لاواز بکەن.

هەروەک پێشتر باس کرا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی خۆیان هەر کاتێک لە نێوخۆی ئێران تووشی قەیران بووبن، هەوڵیان داوە بە خولقاندنی کیشە و ئاڵۆزی و ئاژاوە لە دەرەوەی سنوورەکان بیروڕای گشتی ئێران بۆ لای ئەو قەیرانە دەستکردانە ڕاکیش بکەن. لەو قۆناخەدا کە کۆمەڵگەی ئێران بە هەموو چین و توێژەکانی زیاتر لە بیست ڕۆژە بەدژی تەواویەتیی کۆماری ئیسلامی هاتوونەتە سەر شەقامەکان و بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" پایەکانی ئەو نیزامەیان وەلەرزە خستووە، حاکمانی تاران بە جێگای ئەوەی گوێ لە قسەی خەڵک بگرن و ویست و داخوازییە ڕەواکانیان وەدی بێنن، لە لێدوان و قسەکانیان خەڵکی ڕاپەڕیو بە یاخی و گێرەشێوێن و دوژمنی دین و دنیا ناویان دەبەن و فەرمان بە هێزی سەرکوتکەر دەدەن بە توندترین شێوە بەرەنگاری خەڵکی مافویست و ئازادیخواز ببنەوە، لەگەڵ ئەو سەرکوتە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بێبەزەیانەی خەڵک، دامودەزگای ئەمنی و پۆلیسی کۆماری ئیسلامی لە پڕۆپاگەندەی خۆیاندا هەوڵیان داوە ئەو ڕاپەرینە جەماوەری و سەرانسەرییە بە وڵاتانی ڕۆژئاوایی بە تایبەتی ئیسرائیل و ئەمریکا ببەستنەوە و بە بیانووی ئەوە کە حیزبە سیاسییەکانی کوردستان دەیانهەوێ تەواویەتیی ئەرزی ئێران بخەنە مەترسییەوە هێرش دەکەنە سەر بنکە و بارەگاکانیان کە ئەم قسە و باسانە بەتەواوەتی لای هەموو لایەک سواویتنەوە و کەلکیان نەماوە و ڕاستییەکان لای خەڵک ڕوون و ئاشکران. بە قسە و لێدوانە فەرمییەکانی فەرماندەرانی سپای پاسداران لەو هێرشانەدا زیاتر لە حەفتا مووشەکی دوورهاوێژ و درۆنی خۆتەقێن کەڵکی وەرگرتووە و بە خەیاڵی خۆی هەر وەک چوارساڵ لەوە پێش کە لە ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧بە حەوت مووشکی بالستیک و دەیان هێرشی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان هێرشی کردە سەر بنکە و بارەگا و شوێنی نیشتەجی بوونی ژن ومندالانیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، خەبات لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دەوەستێنێ، بەڵام دیتمان هەم ئەوکات لە ٢١ی خەرمانان و هەم ئەم جارە لە ٩ی ڕەزبەر خەڵکی نیشتمانپەروەری کوردستان بە گوڕوتینەوە پێشوازییان لە بانگەوازی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران کرد و بە داخستنی دووکان و بازار و نەچوونەسەر کار، گشتپرسی "نا" بە کۆماری ئیسلامییان دووپات کردووە.

لەم دوو مانگرتنەدا و هەروەها مانگرتنی ٢٨ی خەرمانان بۆ مەحکوومکردنی کوشتنی ژینا ئەمینی بە سەرجەم دنیا نیشان درا بە هەموو ئەو سەرکوت و زەبروزەنگەی لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا دەزگای ئەمنی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان کردوویەتی و دەزگای تەبلیغی ئەو نیزامە هەوڵی داوە پێگەی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان بە تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نێو بیروڕای گشتی خەڵکی کوردستان و ئێران لاواز بکا، سەرکەوتوو نەبووە بەڵکوو بە پێچەوانەوە ڕۆژ بە ڕۆژ هەستی نەتەوایەتی، نیشتمانپەروەری، خاک خۆشەویستی و گەلدۆستی لە گەشەکردندا بووە و هاوکات لەگەڵ ئەو گەشەکردنە پێگەی جەماوەریی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان بەربەرینتر و سەقامگیرتر بووە و ئەوە نیشانەی سەرکەوتنی خەباتی مافخوازانەی خەڵکی کوردستانە لە داوڕۆژێکی نزیکدایە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ناڕەزایەتیەکان؛ دوو جیاوازیی گرینگ، بزووتنەوەیەکی گشتی و هەنگاوێک بۆ ئینقلاب



**د. ئازاد محەممەدیانی**

ناڕەزایەتییەکانی ئەم جارەی کوردستان و ئێران کە زۆر هەمە چەشنە، بەپێی گرینگی و سروشتی جیاوازی خۆیەوە، هێندێک تایبەتمەندی بە ڕوخساریەوە دیارە کە نیشاندەری هەنگاوێک بەرەو پێش و قۆناغێکی نوێ لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلانی ئێرانە بە یارمەتیی بزووتنەوە جیاوازە کۆمەڵایەتیەکان. دوو تایبەتمەندیی دیاری ئەم ناڕەزایەتیانە توانیویەتی سروشتێکی پێ ببەخشێ کە هەر کارناسێک پێی وابێ هەنگاوێکی نوێیە لە خەباتی دێموکڕاسیخوازیی گەلانی ئێراندا.

بەرینایەتی و قووڵایی ئەم ناڕەزایەتیانە، دوو تایبەتمەندی دیارن کە پێویستە ڕاوەستەیەکیان لە سەر بکەین.

**بەرینایەتی:**

مەبەست لە بەرینایەتی، بەرینی جوغرافیایی ئەم ناڕازەتییانەیە. دوای ڕووداوەکانی بزووتنەوەی خوێندکاری ساڵی ١٣٧٨،



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بەردەوام جۆرێک کەشی نارەزایەتی لە ئێراندا بوونی هەبووە کە هەر جارەی لە شوێنێک و بە جۆرێک سەری هەڵداوە و ئێشی بە دەسەڵات گەیاندووە، پاشان بزووتنەوەی سەوز لە ١٣٨٨دا سەری هەڵدا کە بووە هۆی تێوەگلانی بەشێکی زۆری کۆمەڵگەی ئێران، بەتایبەت لە شارە گەورەکانی وەک تاران، ئیسفەهان، تەورێز، شیراز و چەند شاری دیکە کە نیشانەی بەرچاوی جۆرێک ئێعترازی جەماوەری بوو کە تا ئەوکات کۆماری ئێسلامی بەخۆیەوە نەدیبوو. دواتر نارەزایەتییەکانی زستانی ١٣٩٦، هاوینی ١٣٩٧ و پاییزی ١٣٩٨ کە هەرسێکیان هاوشێوە بوون و وەک شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی دەکرێ باسیان بکرێ، ڕوویان دا. شۆڕشێک کە بە پێچەوانەی ١٣٧٨ بەربڵاوییەکی زیاتریان بوو و جوغرافیایەکی زیاتریان بە خۆوە خەریک کردبوو، ئەگەر ٧٨ تەنیا لە تاران و زانکۆی هێندێک شاری گەورەی وک تەورێز بوو، لە ٨٨دا شاری گەورەی دیکەشی گرتبۆوە بەڵام لە ٩٦، ٩٧ و ٩٨دا شارە گەورەکانی تێپەڕاندبوو و لە شارە چکۆلەکانی پەراوێزدا نارەزایەتیەکان گەرم و گوڕتر بوون. بەڵام جیاوازی گەورەی ٩٦ بەولاوە لە گەڵ ٨٨، ئەوەبوو کە ژمارەی ناڕازیەکانی سەر شەقام پتر بوون. لە ڕاستیدا ناڕازیانی سەرشەقام پتر بوون لەو ژمارەیەی کە لە ٩٦ و ٩٨دا دەبیندرا. بەڵام لە خۆپیشاندانەکانی ئەمجارەدا هەم ژمارەی شارەکان پترە لە ٩٦ و ٩٨ هەم ژمارەی کەسانی ناڕازی پترە لە ٨٨، کەواتە لە بواری بەربڵاوییەوە، ئەم خولەی نارەزایەتییەکان، تایبەتمەندییەکانی هەموو قۆناغەکانی ٨٨، ٩٦، ٩٨ی هەیە و لە نەزەر شکڵیەوە دەتوانێ ئولگوویەکی تەحلیلی بێ بۆ تێوەگلانی هەموو جوغرافیای سیاسی ئێران.

لە کوردستانیش هەر بەم شێوەیە، ئەگەر لە قۆناغە جیاوازەکانی خەباتی شار بڕوانین، هەر جارە و بەشێکی کوردستان بەشدار بوون، کە نارەزایەتی و مانگرتنەکان پتر لە پارێزگای سنە و ورمێ دەبیندرا. لە ٩٦و ٩٨دا کرماشان و ئیلام بەشدار بوون، بەڵام لەو دوو پارێزگایەی دیکە واتە سنە و ورمێ کەمتر خۆپیشاندان هەبوو، بەڵام ئەم جارە لە هەر چوار پارێزگای کوردستان خۆپیشاندانی جەماوەری لە ئارادایە سەرەڕای ئەوەیکە مانگرتنەکان بە پێچەوانەی جاران دوو پارێزگای کرماشان و ئیلامیشی گرتۆتەوە کە جاران کەمتر دەبیندران، کەواتە بەربڵاویی ئەم نارەزایەتییانە لە کوردستانیش زیاترە لە جاران و بە درێژی ٤٤ ساڵ تەمەنی کۆماری ئیسلامی ناتوانین وێنەیەکی دیکەی ئاوا بێنینەوە.

## قووڵایی:

مەبەست لە قووڵایی؛ پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی ئێران و کوردستانە، واتە ئاستی قووڵبوونەوەی ئەم نارەزایەتییانە لەنێو جۆراوجۆریی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی ئێران و کوردستاندا. ئەگەر بمانەوێ لە بوار ئاستی چین و توێژە جیاوازەکانی بەشداربوو لە نێوان خۆپیشاندانەکانی ٧٨ بەولاوە لەگەڵ نارەزایەتییەکانی ئەم جارە هەڵسەنگاندنێک بکەین، دەتوانین بەو ڕاستییە بگەین کە جۆراوجۆریی پێکهاتەکان لەم قۆناغەی ئێستا و ئەوانی پێشوودا جیاوازییان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەیە. نارەزایەتییەکانی ٧٨ بنەمای لە بزووتنەوەی خوێندکاریدا بوو کە چینی مامناوەندی کۆمەڵگەی نوێنەرایەتی دەکرد، چینێک کە لەسەر داوای ئازادیی بەیان و ئازادییە سیاسییەکان هاتبوونە مەیدان، ساڵی ٨٨ کە دەتوانیین بڵێین خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە بەربەرەکانێی خەڵک دژ بە کۆماری ئیسلامی، یەک لە جیاوازترین قۆناغەکانی بزووتنەوەی دێموکراسیخوازی ئێرانییەکان بوو، دروشمی "مەرگ بۆ دیکتاتۆر" بۆ یەکەم جار هاتە ئەدەبیاتی سیاسی ئێعترازەوە و بەشداریەکی زۆری جەماوەری بوونی هەبوو بە ناوەندێتیی چینی مامناوەندی کۆمەڵگە و بزووتنەوەی خوێندکاری وەک باسکی بەهێزی ئەو چینە، چینی خوارەوەی کۆمەڵگە ئەگەرچی حوزووری هەبوو بەڵام دەسەڵات توانیبووی وێڕای کەمینەی لایەنگرانی خۆی جەزبی دروشمە پۆپۆلیستیەکانی ئەحمەدینژادیان بکات، کەواتە کۆمەڵگەی ئێران لەنێوان دوو باڵی ڕێفۆرمخوازان کە چینی مامناوەندی نوێنەرایەتیی دەکرد و بنەماژۆخوازەکان کە چینی خوارەوەی کۆمەڵگەی نوێنەرایەتیی دەکرد دابەش ببوو کە لەو دیوی ئەم دابەشبوونەدا گۆڕانکاریخوازەکان بوون کە قەتیان کۆماری ئیسلامی قەبووڵ نەبوو یا لانیکەم تازە کەوتبوونە بەرەی ڕووخێنەرەکانەوە، ئەوانە پتر لە کەسانی چینی مامناوەند، چەپەکان، نەتەوەکانی ئێران، ڕووناکبیران و لیبڕالەکانی سەردەمی پاشایەتی و نوێخوازەکان پێک دەهاتن کە لە ئێعترازەکانی ٨٨دا ببوونە هاوپەیمانی ڕێفۆڕمخوازەکان و لەسەر شەقام و لە فەزای ڕووناکبیریدا لە یەک بەرەدا دژ بە دەسەلات چالاکییان دەکرد، لەم دەورەیەدا زۆرترین لێتەکینەوە لە دەسەڵاتی ئیدئۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامی ڕووی دا کە بەشێک لە چالاکانی ئەمڕۆی وەک محەممەدی نووریزاد و... لێکەوتەی دۆخی ئەو سەردەمن، دۆخیک کە بە هۆی سەرکوتەکانی دەسەڵات پێش هات و زۆرترین "ڕەواییسڕینەوەی" لە دەسەڵات کرد، چون کەسانێک کە تا دوێنێ هاوپەیمانی حکوومەت بوون ئێستا ببوونە دژبەری دەسەڵات و شێوە دەسەڵاتدارییەکەی، بۆیە دەڵێم خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە خەباتی دێموکڕاسیخوازی کۆمەڵانی ئێراندا.

هەر بەو هۆیە تا ئێستاش حکوومەت لایەنگرانی بزووتنەوەی سەوز بە فیتنەگەر ناو دەبا و ئەو کەسانە هەر لەژێر گوشاری دەزگا ئەمنیەتییەکاندان. لە کوردستانیش لەو قۆناغەدا جموجۆڵێکی جەماوەری لە ئارادا بوو کە نموودە سەرەکیەکەی مانگرتنی گشتی و کەموێنەی خەڵکی کوردستان بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕی ساڵرۆژی شەهید کرانی دوکتور قاسملووەوە بوو. بەڵام لە کوردستانیش چینی مامناوەندی کارگێڕی سەرەکیی ئەو چالاکییانە بوو. بەڵام کە دەگەینە ٩٦، گۆڕانکاری لە پێکهاتەی چینایەتی کۆمەڵگەی ئێراندا ڕوو دەدا؛ کە بە هۆی ڕسووبی سیاسەتە ئابوورییەکانی ئەحمەدینژاد، شکستی بەرجەماکەی ڕوحانی و گەمارۆ کەمەرشکێنەکانی ئامریکا و ڕۆژئاوا لە سەر ئابووریی ئێرانە کە ببووە هۆی چکۆلەبوونەوە و لاوازتربوونی چینی مامناوەندی. لەم دۆخەدا و بە هۆی قەیرانی ئابووری کۆمەڵێک ئێعترازی سەیر و سەمەرە شکڵ دەگرێ کە کەموێنەیە هەم لە باری چینی سەر شەقام و هەم جۆری هەڵسوکەوت و دروشمەکانیان، ئەوە شۆڕشی چینی خوارێی کۆمەڵگە بوو کە چینی مامناوەندی کەمتر دیترا، هەر ئەم دۆخە لە هاوینی ٩٧دا بە هۆی دابەزینی بایەخی پووڵی ئێران و گرانبوونی دۆلار دووپات بۆوە، لەم ساڵەشدا چینی مامناوەندی کەمتر دیار بوو ئەگەرچی بازاڕی تاران بەشداریی هەبوو،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەڵام لەسەر شەقام تەنیا گەنجەکانی نەوەی نوێ و چینی خوارێی کۆمەڵگە بوونیان هەبوو.

ساڵی ٩٨ تەواوکەری ئەو شێوەیە لە ئێعتراز بوو، لەو دەورەیەدا چینی مامناوەندی دیسان کەمتر لە مەیداندا بوون. بەڵام چینی خوارێی کۆمەڵگە و گەنجەکانی نەوەی نوێ بە توندترین شێوە لە مەیداندان و توندو تیژی دەسەلات بێوێنەیە. کۆمەڵانێک کە بە هۆی ئابووریی نابەسامان و بێکاری و گرانی دەنگی نارەزایەتییان گەیشتبووە ئەوپەڕی خۆی. بەڵام ئەوەی لەم قۆناغەدا خەریکە ڕوو دەدا وێڕای ئەوەیکە بەگشتی هەم لە باری قەوارە و هەم لە باری دروشم و شێوەی بەشداربوون و پێکهاتەی بەشداربوانەوە جیاوازە، بەڵام هەموو تایبەتمەندییەکانی نارەزایەتیەکانی ئێران لە ١٣٧٨ەوەی تێدا دەبیندرێ، وەک ٧٨ بزووتنەوەی خوێندکاری بوونی هەیە و پاش پتر لە یەک دەیە زیندوو بۆتەوە، وەک ٨٨ هەم بزووتنەوەی خوێندکاری بوونی هەیە هەم چینی مامناوەندی وەک ناوەندی خۆپیشاندانەکان لە مەیداندایە، هەم چینی خوارێی کۆمەڵگە و نەوەی نوێ و گەنج وەک ساڵی ٩٦، ٩٧ و ٩٨ حزووریان هەیە. سەرەڕای ئەوانە چەند چینی دیکە وەک سێلێبریتیەکان، هونەرمەندان، وەرزشوانەکان و مامۆستاکانی زانکۆ بەشداری ئەم ڕاپەڕینەن کە بڕێک لە ٨٨ دەچێ، بەو جیاوازییەی کە ئیدی باسی وەرگرتنەوەی دەنگ و ڕیفۆرم ناکرێ، بەڵکوو سەرجەم دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی تۆمەتبارە و ڕێگەچارە بە ڕووخاندنی دەزانن. لەم قۆناغەدا بازاڕ وەک باسکی سەرەکی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لانیکەم تا دە ساڵ لەوە پێش بەشێکە لە هێزی نارازی خەڵک بە شێوەیەک کە هاوکاری نارازییەکانی سەرشەقامن و ئامادەی مانگرتنن کە لە هێندێک شار جگە لە کوردستان دیتراوە کە نوێنەرایەتیی چینی مامناوەندی و مامناوەندی بۆ سەری دەکەن.

لە کوردستانیش جیاوازییەکی بەرچاو لەگەڵ ڕووداوەکانی پێشوو هەیە، چینی مامناوەندی لە مەیداندایە کە بە دووجار مانگرتنی گشتی حزووری خۆیان سەلماندووە، چون بازاڕ نوێنەرایەتیی ئەم چینە دەکا. بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردستان هەم لە شارە کوردنشینەکانی وەک سنە، ورمێ و کرماشان و هەم لە زانکۆکانی دیکەی ئێران بەشداری ئەم نارەزایەتیانەن، هەم گەنج و نەوەی نوێی کورد و چینی خوارێی کۆمەڵگە لەسەر شەقام حزووریان هەیە، کە بزووتنەوەی مامۆستایانی قوتابخانەکانیشی پێ زیاد بووە کە لە دوو ساڵی ڕابردوودا هەر لە مەیداندا بوون و ئێستا پەیوەست بوون بەو ڕاپەڕینە، مانای ئەوە ئەوەیە کە لە کوردستانیش هەموو چین و توێژەکان بە شێوەیەکی مانادار بەشداری ئەم ڕاپەڕینەن.

لە ڕاستیدا ئەم قۆناغەی ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران لە قەوارەی سەرهەڵدانێکی کاتیی بێقەوارە هاتۆتە دەرێ. وەک بزووتنەوەیەکی سەراسەری کە توانیویەتی هەموو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی ئێران کۆ بکاتەوە بە دروشمی ئیجابی ژن-ژیان-ئازادی ەوە مەیدانداریی بێوێنەترین ئێعترازی گشتی خەڵکانی ئێران دەکات. دیارە بەرینایی و قووڵایی ئەم نارەزایەتییانە هەم بە هۆی کۆ بوونەوەی هەموو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانە و هەم بۆخۆی لە خۆیدا خەریکە دەبێتە هۆی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کۆکردنەوەی زیاتری ئەم بزووتنەوە جۆراوجۆرانە، بە شێوەیەک کە خەریکە فەوارەی بزووتنەوەیەکی گشتی سەراسەری بەخۆیەوە دەگرێ و بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو کە ڕووخانی کۆماری ئیسلامیە لێک گرێ دەدرێن.

لە دوای ئینقلابی ئێران لە ١٣٥٧دا ئەوە بۆ یەکەم جارە کە ئەو بزووتنەوە جۆراوجۆرانە بتوانن لە دەوری ئامانج و دروشمێکی هاوبەش کۆ بنەوە. لە ڕاستیدا ئەم ڕاپەڕینە بە مانا زانستیەکەی خۆی خەریکە وەک بزووتنەوەیەکی گشتی ڕەوتی سروشتی خۆی بەرەو ئینقلاب دەپێوێ.

---

## قوتابییانی ئێران لەنێوان دوو سروودا




تاهیر قاسمی

لە دوا ساتەکانی کۆتایی سەدەی پازدە و چەند سەعات بەر لە نەورۆز و هاتنی ساڵی نوێی ١٤٠١ی هەتاوی، دەزگای پڕوپاگەندای کۆماری ئیسلامیی ئێران دەستیان بە نیشاندان و بڵاوکردنەوەی سروودێکی سەرنجڕاکێش کرد؛ سەدان منداڵی قوتابخانە، کیژۆڵە بە چارشێو داپۆشراوەکان لەلایەک و کوڕیژگەکان لەلاکەی دیکە، لە حەوشەی مزگەوتێکی گەورە کۆ کرابوونەوە، پیاوێکی ڕیشدار لە نێوەڕاستیاندا گۆرانییەکی بۆ دەگوتن و ئەوانیش بۆیان دەستاندەوە؛ "سەلام فەرماندە"!



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

سڵاو فەرماندە لە ڕواڵەتدا بۆ ئیمامی زەمان نووسرابوو، بەڵام لە نێوەرۆکدا پێداهەڵگوتن بە عەلی خامەنەیی بوو. "سەید عەلی لەدایکبووانی دەیەی نەوەدی خۆی بانگ کردووە.."، بەو هیوایە کە کۆماری ئیسلامی و ماڵی خامنەیی بتوانن بەو سروودە منداڵانی ئێران پتر بە ئایدۆلۆژیای کۆماری ئیسلامی و بە پیرۆزکردنی "سەید عەلیی خامنەیی" ڕابێنن. دەزگای پڕوپاگەندای ڕێژیم وێڕای سەدان و هەزاران جار بڵاوکردنەوەی ئەم سروودە لە تەلەویزیۆن، ڕادیۆ، بلێندگۆی قوتابخانەکان و شوێنە گشتییەکانی دیکە، پارێزگا بە پارێزگا و شار بە شار سروودەکەیان گێڕا و منداڵانیان بۆ گوتنەوەی ڕاهێنا. بە چەندان زمانی وەک ئینگلیزی، تورکی، عەرەبی و ئۆردو و.. تەرجەمەیان کردەوە و لە وڵاتانی دواکەوتوودا، منداڵانی هەژاریان بە کرێ گرت تا کۆڕی گوتنەوەی سروودەکەیان لێ ساز بکەن و وا بنوێنن کە گۆرانییەکەی "سەید عەلی" بەجیهانی بووە. تەنانەت نوسخەیەکی بە ڕواڵەت کوردییشیان لێ ساز کرد کە زیاتر وەک تێخزاندنی چەند وشەی کوردی لە تێکستە فارسیەکە دەچوو تا وەرگێڕانی دەقێک بۆ سەر زمانی کوردی. بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو تێچوویە، "سەلام فەرماندە"، وەک سروودێکی حکوومەتی مایەوە و بە زەبری پیاوانی حکوومەت و تەماح و فریودان نەبێ نەگوترایەوە و بە شێوەی خۆڕسک هەرگیز بۆ نێودڵی کۆمەڵگە و بۆ نێو پۆلی قوتابخانەکان شۆڕ نەبۆوە.

سەلام فەرماندە لە ڕاستیدا گوڵێکی نایلۆنی بوو کە قوتابییان لە بەرۆکی خۆیان نەدا. بوو بە بابەتی گاڵتەجاڕی خەڵک و تەنانەت بەشێک لە کچان و کوڕانی بەرپرسانی ڕێژیمیش. بە سەدان نوکتە و تەنز و گاڵتەیان لە "سەلام فەرماندە" ساز کرد و لە سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاویان کردەوە.

***

بە دوای کوژرانی کچی کورد ژینا ئەمینی بە دەستی گەشتی ئیرشادی کۆماری ئیسلامی و لەگەڵ دەسپێکی ناڕەزایەتییەکان، ئێرانییەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیشدا، بە ئاوێتەکردنی ژان و ئازارەکانی خۆیان و کۆمەڵگەکەیان، هاودەردیی خۆیان دژ بەو جینایەتەی کۆماری ئیسلامی دەربڕی. ئەو دەرد و ئازارانەی کە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی پتر لە چل ساڵ تەمەنی نگریسیدا بە سەر کۆمەڵگە و بە سەر تاک بە تاکی خەڵکی ئەو وڵاتەیدا هێناوە. ئەو ئازارانە کە وێڕای هاشتاگی ژینا ئەمینی لە لایەن بەکارهێنەرانی تویتێر بڵاو دەکرانەوە، تا کاتی نووسینی ئەم بابەتە لە دووسەد میلیۆنی تێپەڕاندوە؛ یەکێ لە پێناو ئەو کاتانەی کە نەیتوانی بە ئازادی خۆشەویستەکەی ڕامووسێ و ئەویدی لە پێناو خوشکی و خۆشکەکانیدا کە لەژێر چەپۆکی حیجابی زۆرەملێدا گەورە بوون، یەکێ بۆ گۆڕینی مێشکە ڕزیوەکان و ئەویدی بۆ ئەو باوکەی کە لە بێدەرەتانیدا شەرمەزاری بنەماڵەکەی بوو و پشتی لەژێر باری نەبوونیدا چەمایەوە، یەکێ لە تاسەی ژیانێکی ئاساییدا و ئەویدی بۆ ئەو منداڵە زبڵپشکنەی کە نەیدەزانی واتای ئاوات و ئارەزوو چییە و. ...

لەم نێوەدا لاوێکی هونەرمەند بە ناوی شێروین حاجیپوور، لەو نەهامەتیانە و لەو تویتانەی هاووڵاتییەکانی کرۆکاشی کرد



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

و تێکستی گۆرانییەکی لێ ساز کرد. گۆرانییەک کە بۆخۆی بە تەنیا تێکستی بۆ ڕێکخست، ئاوازی بۆ دانا و بە مۆسیقا و وێنەگرتنێکی سادە و سەرەتایی لە ژوورەکەی خۆیەوە بڵاوی کردەوە. بەڵام مادام دەربڕی ژان و ئازارەکانی خەڵکەکەی و لە ناخی کۆمەڵگەکەیەوە هەڵقوڵا، زۆر زوو لە دڵان نیشت و بوو بە گۆرانی و سروودی ئەو سەرهەڵدانە مەزنەی بە مەرگی ژینا دەستی پێ کردوە. کۆماری ئیسلامی کە بۆ پەرەدان بە سروودەکەی عەلی خامنەیی میلیۆنان دۆلاری خەرج کرد و بە هیچ نەگەیی، لەسەر ئەم گۆرانییە هەڵیکوتایە سەر شێروینی هونەرمەند و دەسبەسەری کرد. بەڵام دەسبەسەر کردنی، هیندەی دیکە ئەو و گۆرانییەکەی لای خەڵک خۆشەویستتر کرد. گۆرانییەکەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بە میلۆنان جار لەلایەن خەڵکەوە بڵاو کرایەوە و هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا بوو بە ئاشناترین و ناسراوترین سروودی نێو ئاکسیۆن و خۆپێشاندانەکانی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات.

گۆرانییە ڕێ پێنەدراوەکەی شێروین هەر زوو لەلای قوتابیان و لە قوتابخانەکانیش جێگایەکی بۆ "سەلام فەرماندە" نەهێشتەوە و بوو بە هۆکارێک تا قوتابیان تێکەڵ بە نارەزایەتی و خۆپێشاندانەکان بن. لە مێژووی خەبات و سەرهەڵدانەکانی دژ بە کۆماری ئیسلامیشدا، ئەوە بۆ یەکەم جار بوو قوتابیانی قوتابخانەکان تێکەڵ بە نارەزایەتییەکان بن و لە خۆپێشاندانی دژە حکومەتیدا بەشدار بن یان بۆخۆیان خۆپێشاندان ڕێک بخەن. عەلی خامنەیی کە ئەو هەموو تێچوویەی لە سامانی خەڵکی ئێران بۆ سروودی "سەلام فەرماندە" دانا تا بیکا بە وێردی سەر زاری قوتابیان، بەرهەمێکی تەواو پێچەوانەی چنیەوە. نەک سەلام فەرماندەکەی بە هیچ دانەندرا بەڵکوو وێنەکانی لە نێو کتێبە دەرسیەکانەوە درێندرا و فڕێ درا، وێنەی خۆی و خومەینی لەسەر تەختەڕەشەی نێو پۆلەکانەوە لەلایەن قوتابیانەوە هێنرانە خوار و خرانە ژێر پێ و قوتابییان کە لەو ماوە کەمەدا تێکست و ئاوازی گۆرانییەکەی شێروین فێر ببوون، گەلێک ڤیدیۆی ئازایەتیی خۆیان و بێزارییان لە دەسەڵاتەکەی عەلی خامنەیی لە ڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بە جیهاندا بڵاو کردەوە کە تێیدا گۆرانییەکەی "شێروین" دەڵێنەوە؛

بۆ..<br>
بۆ..<br>
بۆ هەڵپەڕین و سەمایەک لە کۆڵان<br>
بۆ ترسانی ساتەوەختی ڕامووسان<br>
بۆ خوشکم، بۆ خوشکت، بۆ خوشکەکانمان<br>
بۆ مێشکی ڕزیو و پێویستیی گۆڕان<br>
بۆ شەرمەزار بوون لە گیرفانی بەتاڵ<br>
بۆ خەمی ژیانێکی ئاسایی، نۆرماڵ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بۆ منالی زبلگەڕی بێئاوات

بۆ ئابووریی بە دەستەندە، وەک خێرات

بۆ هەوایەک پیس و پڕ لە تۆز و خۆڵ

بۆ شەقام و داری نەخۆش و هلۆڵ

بۆ پڵینگ و ئەگەری تۆوبڕانی

بۆ سەگی بێ گوناه و ڕێنەدانی

بۆ گریانی بەردەوامی بە واتە

بۆ دیمەنی وەکوو یەک و دووپاتە

بۆ ڕوخسارێک کە دەتوانێ پێبکەنێ

بۆ قوتابی و داهاتوو تا بیگەنێ

بۆ بەهەشتی بە ناچاری و بە تۆبزی

بۆ بژاردە کە لە زینداندا ڕزی

بۆ هەژاریی منالانی ئەفغانی

بۆ هەموویان.. کە بۆخۆت باش دەزانی

بۆ ئەو گشتە دروشمە پووچە بۆ هیچ

بۆ ماڵی دارماو هەم دیوار و میچ

بۆ ئازارمان هەتا تاوێ بسرەوێ

بۆ خۆر، کە دوای شەوگاری تار دەرکەوێ

بۆ حەبی مێشک و ساتێ وەحەسانی

بۆ پیاو، بۆ نیشتمان، بۆ ئاوەدانی

بۆ کەنیشکێ دادی لە کوڕبووندا دی

بۆ هاواری ژن، ژیان، ئازادی

بۆ هاواری ژن

ژیان و

ئازادی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# شۆڕشی ژنان، شۆڕشێک بۆ هەمووان




**کەیهان یووسفی**

سەرهەڵدان بۆتە شۆڕش، شۆڕش هێمای کچەکوردێکی سەقزییە بە مانیفیستی ژن، ژیان، ئازادی. پێشەنگەکانی شۆڕش نە چینی پرۆلتاریای مارکسە، نەک حیزبی پێشڕەوی لێنین و نە پیاوانی ئایینی کە بگەڕێنەوە بۆ سەردەمی خیلافەت و...

شۆڕشی ئەمجارە لە هیچ کام لە شۆڕشە ناسەرکەوتووەکانی مێژووی ئەم دواییەی ئێرانیش ناچێت. ئامانجی، لە ئامانجی شۆڕشەکانی ئامریکا و فەڕانسە و وڵاتانی ئورووپای ڕۆژهەڵاتیش ناچێت کە خولیای زیندووکردنەوەی ڕابردووی گەش هانیان بدات بێنە نێو گۆڕپانی خەبات و تێکۆشان.

شۆڕشی ئەمجارە بە وتەی هانا ئارێنت بۆ داهاتوویەکی گەشە، داهاتوویەک کە پڕ بێت لە بەختەوەری بۆ هەمووان و لەوێدا ژن بتوانێت ئازادانە ژیان بکات.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

شۆڕش لە پێناسەی خۆیدا تەنیا گۆڕانکاری لە سیستەمی سیاسیدا نییە، شۆڕش گۆڕانکاری لە بەها و بایەخە کۆمەڵایەتیەکانیشە کە شۆڕشگێڕان دەیانهەوێ گۆڕانکاریی مێژوویی بخوڵقێنن و هەربۆیەش شۆڕشگێڕانی ئەمجارە نەوەیەکی چاونەترس و بوێرن کە کچان فەرماندەییان دەکەن.

ئەوان خاوەنی ئامانجێکی ڕوونن بۆ خوڵقاندنی دۆخێک کە ئازادی تێدا بەرفراوانتر ببێت و هەربۆیەش ڕۆژ بە ڕۆژ هەژماریان زیاد دەکات، کچە کوردێکی دێولانی بە بەردەکەی نێو دەستیەوە دەبێتە جەنگاوەری نێو شەقام و دایکێک لە کرماشان جەستەی دەداتە بەر گوللە تا ئازادی باڵا بکات و دەبنە هێمای هەزاران کچ و ژنی ئەم وڵاتە بۆ سەرهەڵدان.

لێرەدا دەمانهەوێت لە ڕێگەی ئانالایزی (SWOT) هەڵسەنگاندنێک لەسەر ئەم شۆڕشە بکەین. ئەوەیکە کە ڕوون و دیارە ئامانجی ستراتژیکی ئەم شۆڕشە کە لە سەر بنەمای دروشمی ژن، ژیان و ئازادی بیچمی گرتووە، خوڵقاندنی دۆخێکی نوێیە کە تێیدا مافی هەموومان دابین بکرێت و شۆڕش خواستی زۆرینەیە بۆ دابینکردنی ئازادی، مافی مرۆڤ، یەکسانی، مافی ئێتنیکی، نەتەوەیی و ئایینی و هەر بۆیەش شۆڕش هەر ڕۆژە و لە شوێنێک و لە نێو چین و توێژێکی جیاوازی کۆمەڵگەدا خۆی دەردەخات.

### خاڵە بەهێزەکان(S)

### چەندین فاکتەر بوونی هەیە کە دەتوانرێت وەکوو خاڵی بە هێزی ئەم شۆڕشە باسی لێوە بکرێت:

شۆڕش گشتگیرە و ئامانجەکانی لە ناوبردنی دەسەڵاتی دیکتاتۆرە لە سەر بنەمای داخوازیگەلێکی دیمۆکراتیک و لەوانە مافی یەکسانی بۆ ژنان و ئازادی بۆ هەمووان. ستەمی چەند ڕەهەندی دەسەڵات بۆ سەر خەڵکی ئێران، ستەمی نەتەوەیی، ڕەگەزی، ئایینی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و... وای کردووە کە هاودەنگی و یەکگرتوویەکی بەهێز لەنێو هەمووانددا دروست بێت و ئەمەش ئامانجێکی هاوبەشی دروست کردووە تا زۆربەی لایەنەکان لەسەر گشتییەت جەخت بکەن تا وردەکارییەکان.

کاراکتێری ژنان وەکوو داینەمۆی سەرەکیی ئەم شۆڕشە و ئامانجگرتنی بنەمای ئایدۆلۆژیکی ڕێژیم کە دژەژنە، خاڵێکی بەهێزی ئەم شۆڕشەیە کە بە هۆی بایەخمەندبوونی ئەم مەسەلە -ژن- لە دونیای دەرەوەش توانیویەتی پشتیوانییەکی بێوێنە بۆ لای شۆڕش ڕاکێشێ.

خاڵێکی بەهێزی دیکە، دەستپێشخەری و ئەزموونی شۆڕشگێڕانە، وێڕای ئەوەیکە تەمەنی زۆربەی شۆڕشگێڕان لاو و تازە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لاون، بەڵام زۆر بەئەزموون خەریکی کردەیی‌کردنی تاکتیکەکانی خەبات و بەرەنگاری و بە پێکۆڵکێشانی هێزەکانی ڕێژیمن. دروشمەکانی ژن، وەکوو ئاماژەیەک بۆ مافی یەکسانی، ژیان، ئاماژەیەک بۆ مافی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئازادی وەکوو مافێکی سیاسی و ئەمنی، هەموو پێکهاتە و گوتاری ڕێژیمی وەلەرزە خستووە.

**لاوازییەکان(W)**

**هەر چەند هێشتا تۆزێک زووە بۆ دەرنجامگیری لە چییەتی و ستراکتۆری شۆڕشەکە و دەستنیشانکردنی خاڵە لاوازەکان کە ڕەنگە لە ڕۆژانی داهاتوودا ئەم لاوازییانە نەمێنیت، بەڵام لێرەدا ئاماژەیان پێ دەکەین:**

ڕێبەری و ڕێکخستن وەکوو دوو فاکتەری سەرەکی هەر بزووتنەوە و شۆڕشێک کە دەتوانن شۆڕش بە سەرکەوتن بگەیەنن، هەنووکە تا ڕادەیەک لە ئاستی سەرانسەریدا نادیارن. هەر چەند کوردستان نیشانی داوە کە ڕێبەری و ڕێکخستن دوو فاکتەری بەهێزن لەم هەرێمەدا، بەڵام لە ئاستی سەرانسەریدا هێشتا تێگەیشتن و تەوافوقێکی گشتی لەمبارەوە نەهاتۆتە ئاراوە و ئەمەش خاڵێکی لاوازە کە لە درێژخایەندا دەتوانن کارتی براوەی ڕێژیم بۆ لەباربردنی شۆڕش بن و هەربۆیەش بۆ سەرکەوتنی شۆڕش پێویستە کۆدەنگی و هاوپەیمانییەکی سەرانسەری لەنێو دژبەرانی ڕێژیمدا بە مەبەستی ئاڵترناتیڤ چێ کردن بێتە ئاراوە.

**دەرفەتەکان(O)**

ئەو دەرفەتانەی کە لە بەردەم ئەم شۆڕشەدان و دەبێت بەباشی کەڵکی لێ وەربگردرێ، دەکرێت بە سەر دوو بەشدا دابەش بکرێت: دەرفەتە نێوخۆییەکان و دەرەکییەکان.

دەرفەتە نێوخۆییەکان، نارەزایەتی بەربڵاوی کەڵەکەبووی ئەم ساڵانەی دواییە پۆتانسیلێکی گەورەی شۆڕشی لەنێو چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا دروست کردووە کە هەموو بەرژەوەندیی خۆیان لە ڕووخانی ڕێژیمدا دەبینن. سەرکوت و نەبوونی ئازادی، دۆخی خراپی ئابووری، گەندەڵی لە ڕادەبەدەری بەرپرسانی حکوومەتی و... هەموو ئەمانە هۆکارن بۆ بەهێزتربوونی ئەم پۆتانسیلە.

سۆشیاڵ میدیا و گەشە و دەستڕاگەیشتنی زیاتر بە زانیاری، نەوەیەکی بوێر، ئاگا و تێگەیشتووی بەرهەم هێناوە کە چیدی گوێڕایەڵی درۆ و دەلەسە و پرۆپاگەندەی دەزگای پەروەردە و ڕاگەیاندنی ڕێژیم نین و خۆیان لەسەر بنەمای زانیاری بە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دوای کردەییکردنی خەونەکانیان کە ئێمە لە سەر شەقامەکان دەیبینن.

دەرفەتی دەرەکی، ئامانجەکان، دروشمەکان و هێڵی جووڵەی شۆڕش بۆ پێشەوە دژایەتی لەگەڵ بەرژەوەندی و بەهاکانی ڕۆژئاوا و ناوچەکە نییە و ئەوان پشتیوانی دەکەن. دێموکراسی و ئازادی بەهاگەلێکی بەنرخن لە ڕۆژئاوا و بێگومان دەسەڵاتێکی دێموکراتیک لە ئێران گەر هاوپەیمانی ستراتژیکی ڕۆژئاواش نەبێت، دوژمنی نییە و لە ئاستی ناوچەیشدا لە هەڕەشە بۆ سەر وڵاتانی ناوچە کەم دەبێتەوە کە ئەمە بۆ خۆی دەتوانێت پشتیوانییەکی نێونەتەوەیی بۆ لای شۆڕش ڕاکێشێ.

## هەڕەشەکان (T)

یەکێک لە گەورەترین مەترسی و هەڕەشەکان بۆ سەر شۆڕش و بە تایبەت لەسەر شەقام، کەڵکوەرگرتنی زیاتری هێزەکانی ڕێژیم لە توندوتیژییە، بێ گوێدان بە یاسا و ڕێسا نێونەتەوەییەکان. هەروەک هێرشی ئاسمانی بۆ سەر بنکەی حیزبە کوردییەکان و بۆردمانی چڕی چەندین ڕۆژەی بنکەکانی سەر سنووری حیزبە کوردییەکان و هەروەها کوشتنی بەربڵاوی خەڵکی بەلووچستان و مێرمنداڵ و ژن و. ...

ئەوەی ڕوونە ئەمەیە کە ڕێژیم بۆ مانەوەی خۆی هیچ پرەنسیپێکی ئەخلاقی ناپارێزێ و لە ئەگەری فراوانتربوونی توندوتیژییەکان و گریمانەی لە ئاراهاتنی شەڕێکی چەکداریی لەگەڵ هەر هێزێک چ حیزبە کوردییەکان یان لە ئاستێکی سەرانسەری بێت، ئەگەری دەستێوەردانی دەرەکی دێتە ئاراوە کە ئەزموونی سووریە و دەستێوەردانی ڕووسیە لەوێ پێمان دەڵێ کە دەکرێت ڕێژیم قازانجمەند بێت. هەربۆیەش شۆڕش دەبێت بەم شێوازانە کە هەیە و لە سەر شەقام و زانکۆ و قوتابخانە و شێوازگەلی وەکوو مانگرتن و... بەڕێوە بچێت.

هەڕەشەیەکی دیکە کە بۆ ئێمەی کورد و بە تایبەت نەتەوە غەیرەفارسەکان زۆر گرنگە و دەبێت بە سەرنج و هەستیارییەوە لەگەڵی مامەڵە بکەین، پاوانخوازیی و فاشیزمی فارسە کە لەنێو بەشێکی زۆر لە ئۆپۆزیسیۆنی فارسدا بوونی هەیە و هەنووکە هێشتا بە شێوەی کاتی بێدەنگ کراوە و لە داوارۆژدا دووبارە خۆی نیشان دەدات. بۆ کەمکردنەوەی ئەم هەڕەشە بێگومان یەک گوتاری و یەکهەڵوێستی بە میکانیزمێکی گونجاو هەم وەکوو کورد بە نیسبەت ئەوانی دیکە و هەمیش لە نێوان نەتەوە غەیرە فارسەکان بە نیسبەت فارسەکان زەروورەتێکی سەرەکی و ستراتژیکە کە دەبێت هەوڵێ جیدی و خێرای بۆ بدرێت.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بە سەرەنجدان بە هەموو لایەنەکانی شۆڕشی ئەمجارە و ئەکتەکان لە نێوخۆ و لە دەرەوەش و هەروەها پەرچەکردارەکانی ڕێژیم و ئەو دۆخەی کە ڕووبەڕووی بۆتەوە، وێدەچێ شۆڕشی ژنان مێژوویەکی نوێ بۆ خۆی تۆمار بکات و ئەگەریش ئەم شۆڕشە هەنووکە سەر نەکەوێت بێگومان ڕێژیمی بەرەو هەڵدێر بردووە.

---

## قەیرانی کۆتایی



**برایم لاجانی**

"تۆماس هیلاند ئیریکسن" کۆمەڵناسی بەناوبانگیی نۆرویژ، لە کتێبە ناسراوەکەی خۆیدا بەناوی "هەشت تایبەتمەندیی هەرە گرنگی گلۆباڵیزم" دەڵێ: یەکێک لە نیشانەکانی دەورانی گلۆباڵیزم ئەوەیە کە دەکرێ ڕووداوێکی بچکۆلەی ناوچەیی بەخێرایی باوبرووسکە ببێتە کێشە و پرسێکی جیهانی و نێونەتەوەیی.

ئەوەی ئەمڕۆ لە ئێراندا دەبینرێ، نموونەی ڕاستەقینەی ئەو ڕاستییەیە کە ئیریکسن باسی دەکات. پاش گیران و کوشتنی حکوومەتیی ژینا ئەمینی، کچە کوردێکی غەریبە لە تاران لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی پۆلیسی "ئەخلاق"! و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەخاکسپاردنی لە زێدی خۆی (سەقز) لەنێو ئاپۆڕای خەڵکی تووڕە و وەزاڵەهاتوودا، ئەو ڕووداوە بووە سەرەتای گۆڕانکارییەکی گەورە لە دۆخی سیاسیی کوردستان، ئێران و تەنانەت ناوچەکەشدا.

خاڵی جێی سەرنج ئەوە بوو، لەسەر کێلی ژینا نوسراوە "ژینا گیان تۆ نامرێ، ناوت ئەبێتە ڕەمز". لە ماوەی چەند کاتژمێردا ئەو حەقیقەتە خۆی نیشان دا بەجۆرێک خەڵکی سەقز، دیواندەرە و شارەکانی دیکەی کوردستان بە نیشانەی نارەزایەتی بەدژی ئەو کردەوە جینایەتکارانەیە هاتنە سەر شەقامەکان. دواتر ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران، بە ناسینی کۆمەڵگەی کوردستان و بەو دڵنیاییەی کە خەڵکی کوردستان هەمیشە لەکاتی پێویستدا وەڵامی بانگەوازی هێزە پێشڕەوەکانی خۆی دەداتەوە، لە پەیامێکی کورتدا داوای لە خەڵکی کوردستان کرد بۆ مەحکوومکردنی جینایەتی کوشتنی ژینا دووکان و بازارەکان دابخەن و هاوپێوەندیی خۆیان دەگەڵ بنەماڵەی ئەو قوربانییە تازەی ماشێنی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی نیشان بدەن. هەروەک چاوەڕوان دەکرا خەڵک لە هەموو شار و شارۆچکەکانی کوردستان بە پیل ئەو بانگەوازەوە هاتن و مانگرتنێکی گشتی و سەرتاسەرییان بەڕێوەبرد. بەوجۆرە ئەو ڕووداوە دۆمینۆ ئاسا هەموو شارەکانی دیکەی ئێرانیشی گرتەوە، لە تاران، تەورێز، ئیسفەهان، ڕەشت، گیلان، ئابادان، ئەهواز، قوم، مەشهەد، ئەردەبیل، زەنجان و هتد، لاوان، ژنان و چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگە بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" ڕژانە سەر شەقامەکان و کۆماری ئیسلامیان لە تەواویەتی خۆیدا هێنایە ژێر پرسیار. ئەو ئاگرە بەجۆرێک پەرەی سەند لە ماوەیەکی کورتدا هەموو وڵاتی گرتەوە، ڕێژیم بۆ سەرکوتکردنی ئەو بزووتنەوە مەدەنییە وەک هەمیشە تەواوی هێزی سەرکوت و زەبروزەنگی خۆی هێنایە مەیدان، بەڵام خەڵک بەگشتی و لاوان و ژنان و خوێندکاران بەتایبەتی لە ماوەیەکی کورتدا شەقام و مەیدانی شارو شارۆچکە، قوتابخانە و زانکۆکانی وڵاتیان لە دەستی هێزی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی هێنایەدەر و ناوی ژینا بوو بە سەردێڕی هەواڵی هەموو مێدیاکانی دنیا، خەباتی ژنان و لاوان و کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بەدژی کۆماری ئیسلامی بۆ گەیشتن بە ئازادی و دێموکراسیی و مافی تاکەکان سەرجەم ڕۆژنامە و گۆڤارە ناسراوەکانی جیهانی داگرت و بوو بە باسی هەرەگەرمی نێو کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەیی و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و پارلمان و کابینەی دەوڵەتە جۆراوجۆرەکان.

مەک میلان، سەرۆکوەزیرانی پێشووی ئینگلیز، شەش دەیە لەمەوبەر لە پێوەندی دەگەڵ سەرەتای دەستپێکردنی لەبەریەک هەڵوەشانی سیستەمی ئیستیعماریدا، گوتی: ئەوە "شنەبای ئاڵوگۆڕە هەڵی کردوە". ئەو لێدوانەی ناوبراو دروست بوو. زۆری نەکێشا نەسیمی ئاڵوگۆڕەکان هەموو ئاسیا، ئەفریقا و ئەمریکای لاتینی گرتەوە و بوو بەهۆی گۆڕانکارییەکی گەورە.

ئەو بزووتنەوە نارەزایەتییانەی ئێستای ئێران و کوردستانیش بە سەرەتای ئاڵوگۆڕێکی گەورە لە دۆخی سیاسی ئێران و کوردستان دێتە ئەژمار. لە ئەدەبیاتی سیاسیدا زاراوەیەک هەیە پێی دەگوترێ "قەیرانی کۆتایی" لە ڕاستیدا ئەوەی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەبینرێ بریتییە لە سەرەتای پرۆسەی کۆتایی دەستەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی هەموو نیشانەکان ئەوە دەردەخەن کە ئیدی کۆمەڵانی خەڵک و بەتایبەتی چین و توێژە خەباتگێڕەکان، توانای تەحمولی حاکمییەتی کۆماری ئیسلامیان نەماوە و لەولاشەوە ڕێژیم ئیدی هەموو ئیعتیبارێکی سیاسی و ئایدۆلۆژی و مەزهەبیی لەدەست داوە.

سیلۆ تاراکو، یەکێک لە ڕووناکبیرانی بەناوبانگی نۆرویژ دەڵێ؛ لەو زۆرانبازی و ململانێیەدا کە لەنێوان خەڵک و ڕێژیم لە ئێراندا هاتۆتە ئاراوە، سەرەنجام ئەوە خەڵکن سەر دەکەون و دەیبەنەوە، چوونکە خەڵکی ئێران ئیدی نایانهەوێ لەژێر دەستی دەستەڵاتێکی دینیدا ژیان بەسەر بەرن. ئەو بزووتنەوەیە هەر ئێستا گەلێک دەسکەوتی گەورەی وەدەست هێناون.

لەو بزووتنەوەیەدا هەمووگەلانی ئێران، چین و توێژە زەحمەتکێشەکان، لاوان، ژنان، خوێندکاران، کەمایەتییە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان بەشدارن. ژینا بۆتە سیمبولی یەکیەتی و یەکگرتوویی و هاوخەباتیی هەموو خەڵکی ئێران.

کۆماری ئیسلامی ساڵانێکی زۆرە کاری لەسەر ئەوە کردبوو بزووتنەوەی کوردستان لە بزووتنەوەی سەرانسەری گەلانی ئێران دابېرێنیت، بەڵام ڕووداوەکانی ئەو دواییانە دەریانخست ئەو "کوردستان هەراسی" و "کوردۆفۆبیایە" ئیدی ڕەوییوەتەوە و خەڵکی ناوچەکانی دیکەی ئێران بە چاوی ڕێز و حورمەتەوە دەڕواننە خەبات و بەربەرەکانی خەڵکی کوردستان بەرانبەر کۆماری ئیسلامی. لەوەش زیاتر کوردستان وەک سەرمەشق و سەرچاوەی ئیلهامی خەبات و تێکۆشانی خۆیانی سەیر دەکەن.

ئەوە کە کۆماری ئیسلامی بە مووشەک و چەکی مۆدێرن بۆردومانی بنکە و بارەگاکانی هێزە سیاسیەکانی کوردستان لە قووڵایی خاکی باشووری کوردستان و ناوچە سنورییەکانی نێوان ئێران و هەرێمی کوردستان دەکات، لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێ کە کوردستان چ لە ئێستا و چ لە داهاتوودا ماتەوزەی ئەوەی تێدایە ببێتە قەڵای ڕاپەڕینی سەرانسەریی بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامی.

ئەو بزووتنەوەیە توانیویەتی هاوپێوەندی و پشتیوانییەکی گەورەی جیهانی و نیونەتەوەیی بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. یەکیەتی ئوروپا، وڵاتانی ئورووپایی، کانادا، ئەمریکا و و نیوزلەندا، ئوسترالیا هاوپێوەندیی خۆیان دەگەڵ ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران نیشان داوە. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، کۆڕوکۆمەڵە بەشەردۆستەکان، ڕۆژنامەنووسان، هونەرمەندان، ڕێکخراوەکانی ژنان، خوێندکاران، مامۆستایان، وەرزشوانان و سینەماکاران لە سەرانسەری دونیادا هاوپێوەندیی خۆیانیان دەگەڵ داخوازییەکانی خەڵکی ئێران دەربڕیوە. ئەوە پتر لە سێ هەفتەیە بزووتنەوەی خەڵکیی ئیران لەسەرجەم هەواڵ و میدیاکان یەکەمە، کە ئەمە نیشانەی گرنگی و بایەخی ئەو ڕاپەڕینەیە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کۆماری ئیسلامی پاش هاتنەسەرکار، هاوکات هێرشی بۆ سەر کوردستان، ژنان و زانکۆکانی ئێران دەست پێ کرد. سەرکوتی ژنان و زانکۆکان و کوردستان بوو بە سەرەتای دەستپێکردنی ئیستبدادی ڕەشی مەزهەبی لە ئیراندا کە ئەوە پتر لە چل ساڵە بەردەوامە. سەیر ئەوەیە ئێستا هاوکات کوردستان، ژنان و زانکۆکان، هێرش و پەلاماری خۆیان بۆ سەر دامودەزگاکانی کۆماری ئیسلامی دەستی پێ کردوە و بوونەتە هەوێنی لێکگرێدانی بزووتنەوەی سەرتاسەری و ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران بەدژی ڕێژیمی ئاخوندی.

تایبەتمەندیەکی بەرچاوی ئەو بزووتنەوەیە ئەوەیە کە وەک ویکیپیدیا وایە! هەموو کەس دەتوانێ بەشداریی تێدا بکات و شوێنەواری خۆی لەسەر دابنێ. ئێران وڵاتێکی فرەگەل، فرەفەرهەنگ، فرەدین، فرەمەزهەب، فرەدەنگ و فرە ڕەنگە بزووتنەوەکە و ڕاپەڕین و سیاسەتەکەشی دەبێ ڕەنگدانەوەی ئەو ڕاستییە بێت. ئەو بزووتنەوەیە خاڵی هەرە بەهێزی ئەوەیە کە بزووتنەوە و ڕاپەڕینی هەمووانە، هەموو بە دەنگ و ڕەنگ و داخوازی و ناسنامەی خۆیانەوە تێیدا بەشدارن و دەیانهەوێ ڕەگەڵی کەون ئەگە ئەو بزووتنەوەیە ئاوا بڕواتە پێش و کەس نەتوانێ هێژمۆنی سیاسی و ئایدۆلۆژی خۆی بەسەردا بسەپێنێ و تێبکۆشێ ئەوانی دیکە پەراوێز بخات، هیچ شک لەوەدا نییە بە ئامانجەکانی خۆی دەگات، کە بریتییە لە ڕووخانی دەسەڵاتی ڕەشی مەزهەبی و دامەزراندنی دێموکراسی لە وڵاتەکەماندا.

ڕووداوەکانی ئەو چەند هەفتەیە نیشانیان دا خەڵکی ئێران لە توانا و ئیمکانی دایە خەباتی خۆیان بەدژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەرنەپێش و بە سەرنجامی خۆشی بگەیەنن. ئەوان چاوەڕوانییان لە کۆمەڵگەی جیهانی ئەوەیە لە باری سیاسی و ئەخلاقییەوە پشتیوانییان لێ بکەن. ئێمە هیچ کاتێک پێمان خۆش نیە هێزە دەرەکیەکان لە باری نیزامییەوە دەست لە کاروباری نیوخۆی وڵاتەکەمانەوە وەردەن، بەڵام داوامان ئەوەیە دەست لە سیاسەتی سازان و ساتوسەودا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەڵگرن. ئەوە گەورەترین یارمەتییە بە ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران.

شتێکی دیکە کە پێویستە لێرەدا باسی بکەین ئەوەیە کە لە سەردەمی ئێستادا، لە پێوەندی دەگەڵ ڕێژیمە سەرەڕۆ و دیکتاتۆرەکاندا، بێجگە لە فاکتۆری دەرەکی، فاکتۆرێکی دیکەش کاریگەریی گەورەی بۆ ڕووخانی ئەو ڕێژیمانە هەیە. ئەویش ئەوەیە؛ ئەو ڕێژیمە سەرەڕۆ و دیکتاتۆرییانە سەرەنجام لەبن قورسایی گەندەڵی و ناکارامەیی خۆیاندا دادەتەپن.

کۆماری ئیسلامی لە هەموو بوارێکەوە بە بنبەستی سیاسی و ئایدۆلۆژیی خۆی گەیوە. توانای چارەسەری ئەو گیروگرفتانەی نییە کە خەڵکی ئێران دەگەڵیان بەرەوڕوویە، درووشمی لانیکەمی داخوازی ناڕازییان بریتییە لە هەڵوەشانەوەی حیجابی ئیجباری، دەگەڵ دروشمی لانی زۆری داخوازیی خەڵک، واتە نەمانی دیکتاتۆری و دابینبوونی ئازادی و دێموکراسی،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەجۆرێـک لێکگرێـدراون کە هیچیـان بەبـێ یەکتـر جێبەجـێ نـابن. بـۆیە خاوەنڕایـان دەڵـێن ئەوەی لە ئێـران ڕوو دەدات سەرەتـای کۆتـایی پرۆسەی ڕووخانی ڕێژیمی ئاخوندی و تەواوبوونی چاخەکانی نێوەڕاستی ئێرانە.

---

## "ژن، ژیان، ئازادی"، دروشمێک بۆ ڕزگاری




**ئاسۆ مینبەری**

ئەو ڕۆژەی کە "ژینا ئەمینی" بۆ سەفەرێکی چەند ڕۆژە ڕووی لە تـاران کرد و لە کاتی دەسبەسەرکرانیدا بە دەستی هێزەکـانی گەشتی ئێرشاد، وتی ئێمە لێرە غەریبین، نە خۆی و نە هیچکەسـی تـریش بیریـان لەوە نەدەکردەوە کە نـاوی ژینـا ئەتـوانێ ببێتە مانشێتی گرینگترین ڕۆژنامە و هەواڵدەرییەکانی جیهان و ڕاپەڕینێک وەڕێ بخات.

مەرگی تراژیکی ژینا توانیی ببێتە دەسپێکی قۆنـاغێکی نوێ لە ژیـانی ژنـانی ئـازادیخوازی کوردستـان و ئێران، مەرگێک کە دەکرێ بڵێین هەوێنی لەدایکبوونەوەی هزری مرۆڤتەوەرانەی تاکەکانی کۆمەڵگە بەنیسبەت پرسێکی گرینگ بوو، پرسێک کە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

نەک تەنیا کۆمەڵگەی کوردستان و ئێران، کە هەموو سنوورەکانی جیهانیشی بەزاند و بە دروشمی "ژن، ژیان؛ ئازادی" لە هەموو وڵاتانی جیهاندا دەنگی دایەوە.

ڕوونە کە کۆمەڵگەی ئێران ساڵانێکی زۆرە لەگەڵ سەدان کێشەی جیاوازی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ... بەرەوڕوویە و هەر جارە یەکێک لەم هۆکارانە، هەوێنی سەرهەڵدان و ناڕەزایەتییە جۆراوجۆرەکان بوو. بەڵام ئەمجارە مەرگی ژینا بوو کە هەموو کۆمەڵگەکەی هێنایە سەر شەقام و بەپێچەوانەی جارەکانی پێشوو، پێشەنگایەتییەکەی لە ئەستۆی ژنان بوو و بووە هۆی سەرهەڵدانی ڕاپەڕین، ڕاپەڕینێک کە لە کوردستان سەری هەڵدا، ژنانی لە شارە جیاوازەکانی کوردستان و ئێرانیش هێنانە سەر خەت و دواتر وای لێ هات کە چین و توێژە جیاجیاکانی وەک مامۆستایان، قوتابییان و خوێندکارانیش وێڕای باقی خەڵکەکە و وەک توێژی دیار و بەرچاوی کۆمەڵگە هاتنە سەر شەقامەکان تا داوای مافی زەوتکراوی خۆیان بکەن.

دروشمی "ژن، ژیان ؛ ئازادی" بوو بە "زن، زندگی، آزادی" و شەقامەکانی شارەکانی ئێرانی تەنی، بوو بە**"Freedom** ، **Life**، و " **Woman** و "نساء، حیاة، حریة" بەم شێوەیە وڵاتانی دیکەشی گرتەوە و ئەو پەیامەی بە گوێی جیهان گەیاند کە ئەمجارە خەریکە شۆڕشێکی ژنانە لە ئێراندا سەرهەڵدەدات کە توانیویە جیهانیش لەگەڵ خۆی ڕێک بخات.

لەم نێوانەدا ئاستی وشیاریی ژنان یەکێک لەو خاڵە گرینگانەیە کە دەبێ بایەخی تایبەتی پێ بدرێت، چونکە بەپێچەوانەی هەموو هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ بێدەنگکردنیان، ئەوە ئەمجارە ژنانن کە بە هاوار و دەنگی ناڕەزایەتیی خۆیان، کۆمەڵگەیان لە خەوی بێئاگایی وەخەبەر هێناوەتەوە و بەگژ بیری دواکەوتووی ئاخوندەکانی ڕێژیمدا دەچنەوە.

ئەو بزووتنەوە و ڕاپەڕینەی کە ئێستا لە کۆمەڵگەدا سەری هەڵداوە و بە ناوی "شۆڕشی ژینا" ناوی لێ دەبەن، سەرهەڵدانێکی زۆر جیاواز لەوانەی ڕابردووە، هەر بۆیە بێگومان دەسکەوتەکانیشی دەبێ زۆر زۆر جیاواز بن.

بە پێچەوانەی ڕابردوو کە ناڕەزایەتییەکان لە شارێک سەریان هەڵدەدا و ئامانجەکەیان چارەسەرکردنی هەندێ پرسی ئابووری یان کۆمەڵایەتی بوو، ئەمجارە ناڕەزایەتییەکان چوونەتە قۆناغێکی نوێوە و بوونەتە ڕاپەڕین، لە هەموو شارەکاندا ئەم ڕاپەڕینانە بەردەوامن و هەموو چین و توێژەکان تێیدا بەشدارن، ئەمجارە بە پێچەوانەی جاران دروشمەکان باس لە سێ چەمکی گرینگ دەکەن، "ژن" کە بە درێژایی ٤٣ ساڵی ڕابردوو بەردەوام لەلایەن ڕێژیمەوە چەوساوەتەوە و هیچکات دەرفەتێکی لەم چەشنەی بۆ خۆنیشاندان و دەنگهەڵبڕین نەبووە، "ژیان" کە لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا هەمیشە لە خاچ دراوە و ئەوەی کە مانای نەبووە ژیانی سەردەمیانە بووە، لە کۆتاییشدا "ئازادی"، بووکی هیوای گەل کە لە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ساڵانی ڕابردوودا بە گشتی لە کۆمەڵگەی کوردستان و ئێرانیشدا هیچکات مانای ڕاستەقینەکەی هەستی پێ نەکراوە.

شۆڕشی ژینا، شۆڕشێکی مۆدێرنە، شۆڕشێکر لێوڕێژ لە وزە و پۆتانسییێل ، شۆڕشێکی دەگمەنە کە ئەگەر بە ئەنجامی دڵخواز بگات، دەچێتە مێژووەوە و نەوەکانی داهاتوو نەک تەنیا لە کوردستان بەڵکوو لە هەموو جیهاندا وەکوو وانە دەبێ لێی فێر بن.

ئەوەی کە لەم ڕاپەڕینەدا گرینگە، فاکتەرەکانی بەجەماوەریبوون، هاوهەنگاوبوون، هاوهەڵوێستی و لە هەمووی گرینگتر پێشەنگایەتیی ژنانە.

زۆر بابەتێکی سەرنجڕاکێشە کە سەرەڕای هەموو هەوڵەکان بۆ پەروەردەی ئیدئۆلۆژیکی ژنان و بەستنەوەیان بە بیری چەقبەستووی ئیدئۆلۆژیکی دەسەڵات و بەکارهێنانی ئەو هەموو بوودجەیە، ئەوە ژنانن کە دەنگیان هەڵبڕیوە و داوای مافەکانی خۆیان دەکەن، ژنانن کە سینگیان کردووەتە قەڵغان و بە لابردنی ڕووسەری و وەدەرخستنی قژەکانیان پایەکانی دەسەلاتی ڕێژیمیان خستووەتە لەرزە و خەریکن هەیمەنەی پووشاڵیی ڕێژیم ڕادەماڵن.

بەڵام خاڵی گرینگ لەم ڕاپەڕینەدا ئەوەیە کە ئاراستەی دروشمەکان خەریکە لە ژنانەبوونەوە دەگاتە جێگایەک کە باس لە هاوپێوەندیی نەتەوەکان دەکات، باس لە خواست و ویستی گشتیی کۆمەڵگە دەکات و هەر هەموو ئەمانەش دیسانەوە لە دروشمە بەناوبانگەکەی "ژن، ژیان، ئازادی"دا خۆیان ڕێک دەخەنەوە، ئێستا ژینا و شۆڕشەکەی بوونەتە هێڵی هزریی کۆمەڵگە و، ئاراستەی کۆمەڵگە لەم ڕێبازەدا بەرەوپێش دەچێت و بە پێچەوانەی هەموو ڕوانگەکان، پیاوان پاڵپشتی ڕاستەقینەی ژنان و داخوازییە ڕەواکانی ئەوان و خۆیانن.

جەماوەریبوونی ئەم ڕاپەڕینانە و سەرهەڵدانی بەربڵاوی خەڵک لە شارە جیاوازەکان، لەلایەک لاوازیی هێزی سەرکوتی بەدواوە بووە و لەلایەکی تریشەوە یەک گوتاری جەماوەری ڕاپەڕیو، هەر خودی ئەم دوو فاکتەرەشن کە ئەتوانن هێزێکی چەند قات بە ڕاپەڕینەکە ببەخشن و هیوای ئەوە بە خەڵک بدەن کە ئەم ڕاپەڕینانە ئامانجەکەیان دڵخواز دەبێ و بە ئاکام دەگات.

لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە هەرچەند مەرگی ژینا، مەرگێکی دڵتەزێن بوو، بەڵام بێگومان خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووی ئێمەدا بەئەژمار دێت و دەتوانێ وەک لە دروشمەکانیشدا هەبوو ببێتە هەوێنی ژیان.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

شۆڕشی ژینا نیشانی دا دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"، دروشمێکە بۆ ڕزگاری و دەتوانێ کاروانی خەبات بە وێستگەی ئازادی بگەیەنێ.

---

## تێچووی ئێمە و گیرفانی ئەوان



**کەیوان دروودی**

لە ڕۆژانی ڕابردوودا بەشێوەی خشکەیی و بەئەسپایی، تێچووی قورسی کوردستان و بەلووچستان خرایە گیرفانی کۆمەڵێ کەسەوە کە لای نووسەر، لەخۆیدا مەترسییەکە لەسەر دەستکەوتەکانی ئەو قوربانیدانە. هەر لە یەکەم ڕۆژەوە ناوی ژینا بە هەشتەگێک گۆڕدرا بۆ ئەو ناوەی دامودەزگا حکوومییەکان دیارییان کردبوو. ئەمە یەکەم ململانێی مانایی بوو کە دەریخست، سەرەڕای گشت لایەنە ئەرێنییەکانی ڕاپەڕینەکە، جۆرێ لە شەڕی گێڕانەوە لە ئارادایە. شەڕێ کە وەکوو هەر ململانێیەکیتری نێوان هێژمۆنخوازی و ڕزگاریخوازی، نابەرانبەر و نارەوایە. بەرەبەرە و بە بانگەوازی مانگرتنێ کە لەلایەن ڕەوتە کوردستانییەکانەوە بڵاو کرایەوە، جۆرێکیتر لە گێڕانەوە دروست بوو کە یەکێکیان هەوڵی دەدا ئەم هەنگاوە پراکتیکییە بخاتە گیرفانی خۆیەوە و بەناوی "مانگرتنی گشتی" و ئەو ڕاستییە بشارێتەوە کە کوردستان تاقە شوێنێکی سەر



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

جوغرافیای ئێرانە کە پێشوەختە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە ئامادەیی مانگرتنی هەیە. هەر بۆیەش بە بەردەوامی پێیان لەسەر ئەوە دادەگرت کە نابێ ناوی ئەم مانگرتنە پاشگری کوردستانی پێیەوە بێ! کەچی بەڕوونی دەرکەوت هیچ مانگرتنێ لە هیچ شوێنێکیتر نەکراوە، بەوەشەوە دیسان پاشەکشەیان لە بۆچوونەکانیان نەکرد. هەر لە درێژەدا و بەو ڕەشەکوژییە لە کوردستان و بەلووچستان ڕووی دا، دانیان بەوەدا نەنا کە شێوازی سەرکوت لەسەر کورد و بەلووچ لە ڕووی بەکارهێنانی چەک و تێچووی گیانی و ماددی جیاوازییەکی زۆری لەتەک شوێنەکانیتر هەیە، ئەوە گەورەترین زەنگی مەترسی بوو کە بزانین، نکۆڵی لە قورسایی لەڕادەبەدەری سەرشانی ئەو دوو میللەتە دەکرێ لە پێناو ئەوەی شوێنپێکان بسڕنەوە، ئەمەش سەرچاوە لەو عەقڵانییەتە دەگرێ کە فرچکی بە گێڕانەوەی ساختە گرتووە. ئەم عەقڵانییەتە تەنانەت کاتێ دەیهەوێ هاوخەمی دەرببڕێ، دەست لە ساختەکاری هەڵناگرێ و ناوی ڕەسمی و مێژوویی ڕێکخراوی سیاسی پشتگوێ ئەخات و بە "پەنابەر" ناویان دەبات! ئەم نەریتە قیزەونە لای وایە هێز لەسەرووی خواستی ئینسانی و ئەقڵانییە و پێویستە سۆز و ئاوەزی مرۆڤ لەلای هێزێکەوە ئاراستە بکرێ تا بە تێگەیشتنی خۆی، مەترسییەکان بۆ دەرفەت بگۆڕێ! ئەم ڕەوتە حاشای لەو ڕاستییە کرد کە تێچووی ئەم ڕاپەڕینە بە ماددی و گیانییەوە بالانسێکی هەرەبچووکیشی نەبوو. ڕێژەی بەندکراوان، بانگهێشت کراوان و گیان لەدەستداوانی ئەو ڕۆژانە، دەسەلمێنێ کە چەقی ئەو ڕاپەڕینە کوێیە و کێیە. وەکیتر لایەنێ کە ئەو تێچووەی داوە، وەکوو هەمیشە هێز و ئامانجی خۆی بۆ کرانەوە و بەختەوەرییەکی کۆیی تەرخان کردووە و بە بەردەوامی داوای هاوپێوەندی و لێکتێگەیشتنی کردووە. ئەمە لە خۆیدا دژی ئەو ئەقڵانییەتەیە کە بە گشت توانایەکەوە نکۆڵی لەو زەروورەتە دەکات و وا دەنوێنێ کە کێشەیەک جیا لە بوونی دەسەڵاتێکی سەرکوتکەر نییە. لێرەدایە کە هەرەشە دروست دەبێ و دەبێ بزانین باوەشی کراوە، هەمیشە ئاکامی دڵخوازی نابێ، بەڵکوو جار وایە هێزی و ئیرادەی تۆ بۆ ئاشتەوایی وەکوو ئامێرێ بەکار دێنێ تاکوو لەکۆتاییدا بە هەمان هێز، مامەڵە بکات و نە لە درگای یەکسانی و عەقڵانی، بەڵکوو لە درگای سەردەست و بندەستەوە کایە بکات.

ئەم ڕاستییە ئەوکات زیاتر دەردەکەوێ کە تێگەیشتنێکی قووڵمان لە ڕای گشتی "public opinion" هەبێ. ئەم چەمکە مودێرنەوە و دەگەڕێتەوە بۆ ستراکچری دەوڵەت - نەتەوە. ڕای گشتیی لە پەراوێزی دەوڵەت دروست دەبێ و خۆی لەفۆرمی جیاواز نوێ دەکاتەوە. لە ئێراندا و لە یەک سەدەی ڕابردوودا ئەم ڕای گشتییە فۆرمێکی تایبەتی گرتووە کە بەرهەمی باڵادەستیی یەک نەتەوەیە، بۆیە لە کاتێکی وەک ئەم ڕۆژانەدا، لەلایەن جەماوەرەوە بەرهەم دێتەوە ئەگەر تەنانەت دژی دەسەڵاتیش بێ، بەڵام لە هێڵە سەرەکییەکانی لا نادا. یەکێ لەو هێڵە سەرەکییانە کە بە هاتنەسەر کاری ڕەزا شاوە بەرجەستە بوو، حاشاکردن بوو لە بوونی داخوازیی دابەشکردنی دەسەڵات و نکۆڵی لە بوونی ئیرادەی گشتی. هەر بۆیە لەبەرامبەر دروشمی پڕ لە مانا و زیندوویی "ژن، ژیان، ئازادی" دروشمی پیاوسالارانە و گەشەسەندوویی ساختە قیت ئەبێتەوە. ڕای گشتی لەبەر ئەوەی شوێنکەوتەی دوو سەرکوتکەی هێژمونخواز بووە و هیچکات دەرفەتی سازان و خۆدەرخستنی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

نەبووە، ترسێکی یەکجار زۆری هەیە کە بەم گۆڕانە کتوپڕە بەرەورووی ڕاستییەک بێتەوە کە دەیان ساڵە لەژێر ناوی پیرۆزی و تەقدیسدا شارداوەتەوە. لە ئێستەدا پێگەی پیرۆزی پاوشا و وەلی فەقیە تێکشکاوە و جێگرەوەیەکی ڕوون نییە تاوەکوو ئەو ئاوەز و سۆزە کە لە سەرەتا باس کرا، ئاراستە بکات. هەر بۆیە دروشمی ژن، ژیان و ئازادی گەڕاندنەوەی هێزە بۆ شەقام و کۆمەڵگە و دەچوونی لەژێر باری دەسەڵات سەرەوڕۆ و تاکەکەسی و پێویستە نیوەچڵ بکرێ. بەڵام نەوەیەک کە ئەمڕۆ دینامیزمی ڕاپەڕینە بەزۆری پێملی ئەم نەریتە باوە سەپێندراوە نییە و ئەوەش جێی دڵخۆشییە.

هەر بۆیە، دەبێ بەوردی ئاگامان لەوە بێ کە سەرەڕای درێژەپێدان بە مەیل و خواستی هاوکاری و هاوسۆزی، تێچووی نەتەوە بندەستەکان نەخرێتە گیرفانی ئەو لایەنانەوە کە تەنیا وەکوو ژمارە حسێب بۆ ئەو تێچووە دەکەن و بارە مانایی و مێژوویی و فەرهەنگییەکەی پەراوێز دەخەن. پتەوکردنەوەی پەیوەندیی نێوان ئەوانەی تێچووی ئەم ڕاپەڕینە دەدەن و هەروەها یارمەتیدان بەو هێزە بەخرۆشەی لە کۆتوبەندی ئایدیۆلۆژیی چەقبەستوو ڕزگار بووە و قسەی تازەی پێیە، گرینگترینی ئەو ئەرکانەیە کە ئەمڕۆ هەستی پێ دەکرێ. هەروەها شەفافیەت و ڕاشکاوی لە وتاردا ڕێگەی ئەوە دەگرێ کە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ئەم ڕۆژانەش، وەکوو ڕابردوو بکرێ بە بەڵگەیە بۆ نکۆڵی و حاشا لە دوارۆژدا. دەبێ ئەو ڕاستییە بە ئەرێنی وەربگرین کە نە لە ستراکچری دەسەڵاتی ئیستبدادیی مودێرن و نە لە ڕای گشتیی بەزۆی شوێنکەوتە کراودا، نەک هەر ڕۆچنەیەک بۆ مامەڵە و لێکتێگەیشتن نییە؛ بەڵکوو وەکوو هێڵێکی سوور سەیر ئەکرێ. تێچووی لابردنی باری گرانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، لەسەر شانی ئەوانەیە کە لەم ڕۆژانە لەشەڕی گێڕانەوەدا پەراوێز خراون.

و ئەوەش ئێمە لەڕووی ئەخلاقی و مێژووییەوە ئەرکدار دەکات ئەو گێڕانەوەیە لە گشت ڕوویەکەوە تێک بشکێنین. ئەمە نەک کێشە و لەمپەر دروست ناکات، بەڵکوو ڕێخۆشکەر دەبێ بۆ داهاتوو تا بەگێڕانەوەیەکی ساختەوە نەکەوینە نێو دۆخێکی کتوپڕدا. بێگومان ڕەوایی و هێزی ئێمە زیاتر لەوەیە کە بە ساختەکاری پەردەپۆش بکرێ.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# پۆڵا دەشکێ بەڵام ناچەمێ


پۆڵا دەشکێ بەڵام ناچەمێ

زانیار حوسێنی

**زانیار حوسێنی**

پێشینیان دەڵێن بوێری بە باڵای کورد بڕاوە. کاتێک جینایەتی مووشکەبارانی چەند ڕۆژ لەمەوبەر لە ڕۆژی چوارشەممە ڕووی دا، پتر لە هەر کاتێک لە مانای قووڵی ئەو پەندە گەیشتن، چونکی بەچاوی خۆم دیتم کە قەڵای خۆڕاگریی ورە و باوەڕی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات چۆن خۆی لەبەرانبەر مووشەک و ڕاکێت و درۆنەخۆکوژەکان ڕاگرت.

کۆماری ئیسلامی لەو ڕۆژەدا بە زانینی ئەوەی کە قەڵای دێموکرات پڕە لە ژن و منداڵی کادر و پێشمەرگەکانی حیزب، زیاتر لە پێنج کاتژمێر لەسەر یەک، ئەو شوێنەی بۆردومان کرد، بەبێ ئەوەی هیچ یاسایەکی شەڕ و مافی مرۆڤانە لەبەرچاو بگرێ.

کۆماری ویلایەتی فەقیهـ کە بنچینەکانی دەسەڵاتی، لە نێوخۆی وڵات کەوتۆتە لەرزە و ترسی ڕووخانی لەسەر نیشتووە، ماوەی زیاتر لە بیست ڕۆژە شایەتحاڵی خۆپێشاندان و مانگرتنە گشتییەکانە لە سەرانسەری ئێران. بەشێوەیەک کە خەوی لەچاو هەڵگیراوە و کەوتووەتە پەلەقاژە. هۆکاری ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ کووشتنی بەئانقەستی ژینا ئەمینی؛ کچە کوردێکی خەڵکی شاری سەقز کە بەدەست هێزەکانی گەشتی ئیرشاد دەسبەسەر کرا و بە شێوەیەکی دژەمرۆیی بەدەست ئەوانەوە کووژرا.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەدوای ئەو ڕووداوە خەڵکی سەرانسەری ڕۆژهەڵات بەددەم بانگەوازی حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکانەوە هاتن و بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی ژینا و نارەزایەتیدەربڕین سەبارەت بەم کردە دژەمرۆییە، ڕژانە سەرشەقامەکان و بە هەڵوێستێکی دروست و ئوسوولی و پڕمانا کە هەڵگری کولتوور و کۆمەڵگەی کوردەوارییە بەرەوڕووی ئەوجۆرە کردەوە قێزەونانەی دەسەڵاتی ئێستای ئێران بوونەوە. ئەوەش خۆی بوو بە هەوێنی خۆپێشاندان لە شوێنە جیاوازەکانی نێو ئێران و نەتەوەکانی دیکەی ئێران.

لەڕاستیدا ژینا بوو بە بیانوویەک بۆ هەڵڕژاندنی زوڵم و سەرکوتی زیاتر لە چلوسێ ساڵەی ئەو دەسەڵاتە و وەک هەوێنێکی پڕ واتا بووە خاڵی هاوبەشی تەواوی گەلانی ئێران بۆ یەکگرتوویی و یەکدەنگی لەبەرانبەر دەسەڵاتداران. بەهۆی سەرکوتی دڕندانە و لە ڕادەبەدەری ئەوجارەش لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە زۆری نەبرد کە ژینا بوو بە کۆد و هێمایەکی تەواو دیار بۆ ڕزگاریی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران؛ بە شێوەیەک کە هەموو جیاوازییە ئیتنیکی، زمانی، کولتووری و چینایەتییەکان، ڕۆحی ژینایان کردۆتە پێشەنگی شۆڕش بە مەبەستی ڕووخاندنی ئەو دەسەڵاتە تێرۆریستە.

کۆماری ئیسلامی نەتەنیا هیچ مافێکی خۆپێشاندان بۆ خەڵک قائیل نییە (تەنانەت بەپێی یاساکانی خۆشی) بەڵکوو دەست لە هیچ کردەوەیەکی قێزەون و دڕندانە بۆ کڕ و کپکردنی دەنگی خەڵک نابوێرێ و بۆ مانەوەی خۆی پەنا بۆ هەموو جۆرە تاوانێک دەبات. لەو کاتەدا کە خەڵکی ئێران لەگەڵ قەیرانە جۆراوجۆرەکانی ئابووری، سیاسی و حقووقی بەرەوڕوون و ژیانیان لە هەموو ڕەهەندەکانەوە کەوتووەتە مەترسییەوە، ئەوەی لەبیری دەسەڵاتدارانە تاڵانیی زیاتری وڵات و بێدەنگکردنی هەموو چینە نارازییەکانی خەڵکە، لەو کات و دۆخەدا، ئەو دەسەڵاتە تێرۆریستە بۆ بەلارێدابردنی ماف و ویستی خەڵک و دواکارییە ڕەوا و ئینسانییەکانیان دەستی کرد بە مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات و چەسپاندنی مۆرکی جیاییخوازی بە خۆپێشاندەران و تێکدانی دۆخی ناوچەکە. لەڕاستیدا پیاوکوژانی دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیهـ بە سازکردنی نائارامییەکی قووڵ و بەربەرین لەنێوان باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، هاوکات لەگەڵ بەلارێدابردنی خۆپێشاندانەکان و مانگرتنە گشتییەکانی خەڵک لەنێو بیروڕا جیاوازەکانی نێوخۆی وڵات و لایەنگرانی گۆپاڵ بەدەستی خۆی، لە هەوڵی وەشاندنی زەبرێکی قورسدا بووە لە پەیکەرەی سیاسی_نەتەوەیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆوەی بە بە سەرکوتی هەمەلایەنەی گەلی کورد، ترس و دڵەڕاوکێش بخاتە نێو گەلانی دیکەی ئێرانەوە. هاوکات بە جموجۆڵی جۆراوجۆری نیزامی هەوڵی ئەوە دەدات کە باشووری کوردستان و بەغداش تێوەگلێنێ و بە سازکردنی دۆخێکی تۆقێنەر و سامناک لە سێبەری بێدەنگیی وڵاتانی جیهانی و ناوەندەکانی مافی مرۆڤ، زەمانەتی مانەوەی خۆی بگەڕێنێتەوە نێو ڕێکخراوە تێرۆریستییەکان و بەددەنەی خۆی. بەڵام هەر وەک لە مووشەکبارانەکەی ١٧ی خەرمانان دیترا ئەو هەڵە تاکتیکییەی کۆماری ئیسلامی کە تەنیا ناحەزی و ڕووڕەشیی لە ئاستی نێوخۆ و دەرەوەدا بۆ بەدواوە بووە، ئەوجارە بە دووپاتکردنەوەی هەڵەی چوار ساڵ لەمەوبەر و لەو کاتەدا کە زۆرینەی دەنگ لە نەتەوەکانی ئێراندا داوای لاچوونی دەسەڵات و ڕووخانی ئەو سیستەمەیان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەیە، نەتەنیا نەیتوانی لە دەنگ و داواکانی خەڵک کەم بکاتەوە، بەپێچەوانە خێرایی بە پرۆسەی ڕووخان و لەنێوچوونی خۆی بەخشی و ئەمجارە بە لێدانی بنکە و بارەگاکانی ڕۆڵەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵات لە باشووری کوردستان، زیاتر هاندەری ویست و داخوازییە جیاوازەکانی گەلانی نێو ئێران بوو. جگە لە ژینا، وانیار و ڕێرەوانی وانیار و ناڕازییەکانی ئەو دەسەڵاتەی زیاتر لە جاران لە دەوری یەکدی کۆ کردەوە و ڕۆژ بە ڕۆژ خاڵە هاوبەشەکان بۆ یەکگرتوویی و یەکدەنگیی زیاتری گەلانی ئێران پتر دەکات بۆ نەمانی ئەو سیستەمە کۆنەپەرست و دژە خەڵکییە. کۆماری ویلایەتی فەقیهـ وەک تاکێکی خنکاوی لێ هاتووە کە لە ترسی لەنێوچوونی دەسەڵات و داگیرکارییەکانی پەلاماری هەموو کردەوەیەک دەدا و پەنا بۆ هەموو جینایەتێک دەبات و لەو نێوەدا تەنیا شتێک کە لای گرینگە مانەوەی خۆیەتی بەنرخی گیانی تاک بە تاکی خەڵکی ئەو وڵاتە لە هەر کوێی ئەو گۆی زەوییە کە بن؛ ئەمجارەش بەو کردەوە تێرۆریستییانە نیشان درا کە خەڵک و لایەن جۆراوجۆرەکانی سیاسی، مەدەنی و خەڵکی زیاتر لەگەڵ کێن و چ ئادرێسکیان پێ بەشێک لە خۆیان و داواکارییەکانی خۆیانە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# شۆڕشێک لە ژنانەوە بۆ لاوان



شاهۆ حوسێنی

## سەرەتا

شۆڕشێک کە لەلایەن ژنانەوە بەدژ کۆشتنەکان و جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە ڕەوتی بە ئاایینیکردنی جەستەی ژنان لەپاش شەهیدبوونی ژینا بە دەست مرۆڤکوژەکانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دەستی پێ کردبوو، هەر ئەم جۆرەی چاوەڕوان دەکرا زۆر زوو تەشەنەی کردە نێو چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە و لە درێژەدا زانکۆکان و لەپاشان قوتابخانەکانی گرتەوە.

## کۆمەڵناسیی بزاڤی لاوان

بلومر لەسەر ئەو باوەڕەیە کە مەبەستی لاوان لە بەشداری لە بزاڤە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، مەبەستگەلێکی گشتییە، ئەم جۆرە بزاڤانە بە هۆی ئەوە کە لاوان ڕادیکاڵ و ئارمانخوازن درێژەمەودا و بەردەوامن. دەرکەوتنی لاوان لە بزاڤەکاندا بە باوەڕی بلومر بەرهەمی ئاڵوگۆڕی بەردەوام، بەربڵاو و هێدی لە نەریتەکانی کۆمەڵگەدایە. ئەو لەسەر ئەو باوەڕەیە کە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لاوان تێگەیشتووانە و ئاگایانە بە مەبەستی ئاڵوگۆڕی نەزمی کۆمەڵایەتی مەوجود دەر دەکەون، ئەوان لەژێر کارتێکەریی گۆڕانکارییەکان لە کولتوور و بەهاکان لە کۆمەڵگە و جیهاندا دەبنە خاوەن ڕوانگەیەکی نوێ لەمەر خۆیان و مافەکانیان. بۆیە تێدەکۆشن بە ئارمان و ئامانجەکانیان بگەن، ئەمەش بێگومان کاتێ دەردەکەوێت کە فۆرماسیۆنە نەریتییەکان توانایی بەرهەمهێنانی خواستە مەشرووعەکانی لاوانیان نییە و بەم شێوەیە بەر دەگرن بە پەرەی لاوان. دەرکەوتنی لاوان لەنێو بزاڤەکاندا بە تەنیا هەڵسووکەوتێکی ڕەمەکی و چاوەڕواننەکراو نییە، بەڵکوو دژکردەوەیەکی ڕاستەوخۆیە بەدژ هێز و ڕووداوە مێژووییەکان. لەڕاستیدا بزاڤی لاوان لەم کۆمەڵگە و وڵاتانەدا ڕوو دەدات کە ئاڵوگۆڕی خێرا بەخۆیانەوە دەبینن، ئەو کۆمەڵگەیانەی کە تووشی لاوازیی فۆرماسیونی سیاسی، دارمانی شەرعییەتی دەسەڵات و نەزمی سیاسیی مەوجوودن.

## لاوان لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا

دەرکەوتنی کۆماری ئیسلامی لە ئاسۆی سیاسیی ئێران وەک لێکەوتەی ئایدۆلۆژێکی فاندەمینتاڵ لێکەوتە گەلێکی گرینگی نەتەنیا بۆ کۆمەڵگە بە گشتی کە بە تایبەتی بۆ لاوان لێ کەوتەوە. یەکەم دیاردەی کولتووریی ئەم دەسەڵاتە حەول بۆ بە ئایینیکردنی عەقڵ. جەستە و کولتووری کۆمەڵگە بوو، بۆ ئەم مەبەستەش سەرتا هەموو سەرچاوەکانی بارهێنان و ڕاهێنانی قوتابیان لە قوتابخانەکان بە وانە ئایینییەکان ئاخندران، لە درێژەشدا لە ڕێی لێژنەی باڵای شۆڕشی کولتووری بەمەبەستی ئایینیزەکردنی زانکۆکان، پەرەی کولتووری ئایینی و بەربەرەکانی لەگەڵ ڕۆژئاواخوازی و سێکۆلاریزم حەول درا لەڕێی ئایدۆلۆژی فەرمیی حکوومی، لاوان و خوێندکاران لە خزمەت بەرژەوەندی ئایینی دەسەڵات کۆمەڵگر بکەن. هاوتەریب لەگەڵ ئەمە لەڕێی شۆڕشی کولتووری لە زانکۆکان لە ساڵی ١٣٥٩ تا ١٣٦٢ بەشێکی زۆر لە خوێندکاران و مامۆستایان لەسەر کار و خوێندن لادران.

بەم شێوەیە کۆماری ئیسلامی دژایەتیی خۆی لەگەڵ زانست و لاوی تێگەیشتوو نیشان دا و حەولی دا لەڕێی ئیسلامیزەکردنی خوێندن، زانکۆ و قوتابخانە تاکی ملکەچ، گوێڕایەڵ و دەستەمۆ پەروەردە بکات. بەڵام دژکردەوە جیاوازەکانی خوێندکاران لە درێژەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی سەلماندی کە کۆماری ئیسلامی هیچکات نەیتوانی لاوانی خوێندکار دەستەمۆ بکات. دیارە هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، زانکۆکان و لاوانی خوێندکار گرینگترین پێگەی دژایەتی و ڕەخنەگرانەی دەسەڵاتی پاوانخواز و پاشکەوتووی ئایینی بوون. هەربۆیەش زانکۆکان بە بەردەوامی کەوتوونەتە ژێر هێرشی هێزەکانی سەرکوتکەر و بە دەیان خوێندکار، ئێعدام، بێسەروشوێن و شەهید کراون.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## تێکەڵبوونی قوتابیان بە شۆڕش

شۆڕشی ئەم جارەی کۆمەڵگەی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە تەنیشت هەموو جیاوازییەکان و دیاردە نوێیەکانی کە بە خۆیەوە بینیویەتی، دیاردەیەکی تەواو جیاواز لە ڕاپەڕینەکانی پێش خۆی بە خۆیەوە بینیوە. ئەم دیاردە جیاوازە کە بە شێوەیەکی کوتوپڕ و بەربڵاو لێکەوتەی زۆر گرینگی لەگەڵ خۆی هێنا، تێکەڵبوونی قوتابیان کچی قوتابخانەکان لەگەڵ شۆڕش بوو.

ئەون بە لادانی حیجاب، داگرتنی وێنەی خومەینی و خامنەیی لە کلاسەکان و دڕاندنی وێنەی ئەوان لە کتێبە دەرسییەکان دژکردەوەیان نیشان دا و بەم شێوەیە پەیوەستبوونی فەرمی خۆیان بەم شۆڕشە ڕاگەیاند. قوتابیان بەم شێوەیە لاپەڕەی هەموو ملکەچی و جەستەبوون و ڕەگەزی دووهەمبونیان دڕاند و وەک سوبژەیەکی سەربەخۆ بڕیاری سەربەخۆییان لە خۆ دەرخستن، خۆپێناسەکردن و خۆ بارهێنان دا. ئەوان بە لەچکە سووتاندن، هێرشێکی ڕادیکاڵیان بۆ بناغە و ئایدۆلۆژی دەسەڵاتی حاکم دەست پێ کرد. لەچکە تەنیا پەڕۆیەک یان بەشێک لە بەرگ و لیباسی ژن نییە بەڵکوو کەرەسە و بەربەستێکە بۆ نەفی و نەهی ژن وەک جەستەیەک و بوونیکی کە حەول دەدرێت لەڕێی شاردنەوەی بە ئایینی بکرێت. ئەم شۆڕشە سەلماندی کە سیاسەتەکانی زێدە لە چل ساڵ دەسەڵاتی سەرکووت، پاوانخواز و سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی هیچکات نەیتوانیوە شەرعییەتێک لەنێو ژەین و هزری کۆمەڵگەدا بۆخۆی مسۆگەر بکات، نیشانی داوە کە سیاسەتەکانی ئایینی و ئۆبژەپەروەری کۆماری ئیسلامی لەماوەی زێدە لە چل ساڵ دەسەڵاتی بەربڵاوی خۆیدا هیچ کات نەیتوانیوە مرۆڤی ملکەچ و گوێڕایەڵ بەرهەم بهێنێت و ئەگەر زۆریی دەسەڵات، پارە و هێزی نیزامی نەبێت، تەنانەت بۆ یەک چرکەش ئەم دەسەڵاتە ناتوانێ حوکمی کۆمەڵگە بکات.

ئەم دەسەڵاتە ئەمڕۆ زیاتر لە هەموو کاتێک لەلایەن ژنانەوە بە ژنانی گەورە ساڵ، خوێندکاری زانکۆ و قوتابخانەکان مەترسیی ڕووخانی لەسەرە و هیچکات پایەکانی نەزەری، هزری و مەعریفی دەسەڵاتەکەی ئەوەندە لەرزۆک و هڵۆڵ نەبوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# مانگرتن ڕێگایەک بۆ شکاندنی شکۆی دیکتاتۆر



ت. ئاگری

لە ماوەی دوو حەوتووی سەرەتای ناڕەزایەتی و خۆپێشاندانەکانی خەڵکی ئێراندا، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کورستان وێڕای پێشەنگایەتییان لە خۆپێشاندان و هاتنە سەر شەقام، دوو جاریش بە داخستنی دووکان و بازاڕەکان بەشداریی ئەم ناڕەزایەتیانە بوون.

جاری یەکەم لە سەر بانگەوازی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران و حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی لە هەمبەر کوژرانی ناجوامێرانەی ژینا ئەمینی بە دەست جەللادانی گەشتی ئیرشادی کۆماری ئیسلامی بوو. ئەو مانگرتنە وێڕای نیشاندانی ئاستی تووڕەیی خەڵکی کوردستان لەو کردەوەیەی کۆماری ئیسلامی و هاودەنگییان لەگەڵ حیزبەکانی خۆیان، بوو بە هۆی ئەوە کە ناڕەزایەتییەکان لە سەقزی شاری ژیناوە بە هەموو کوردستان و لە کوردستانیشەوە بە پانتایی هەموو ئێران بڵاو بێتەوە. بە جۆرێک کە خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییەکان بە شێوەیەکی کەموێنە هەموو جوغرافیای ئێرانی گرتەوە.

قورسایی ناڕەزایەتییەکانی خەڵک بە ڕادەیەک بوو کە کۆماری ئیسلامی بۆ ڕزگارکردنی خۆی لە چنگ خەڵکی وەزاڵەهاتوو، پەنای بۆ هەموو فرتوفێڵێک برد. یەک لەوانەش هەڵخڕاندنی هەستی ئێرانییەکان بە "لە مەترسیکەوتنی سنوورەکان" و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لەقاودانی مەترسیی دابەشکردنی خاکی ئێران لەلایەن حیزبەکانی کوردستانەوە بوو. بۆ ئەووەش دەستی بە تۆپباران، هاژەکباران و درۆنبارانی بنەماڵە ئاوارەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان و بنکەی حیزبەکان لە باشووری کوردستان کرد. لەو هێرشە نامرۆڤانەیەدا بە داخەوە ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگە و ئەندامانی بنەماڵەکان شەهید و بریندار بوون و زیانێکی زۆر بەر ماڵ و ژیانی ئاوارەییان کەوت. بەپێی بانگەوازی ناوەندی هاوکاری و حیزبەکانی دیکە، خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە ڕۆژی ٩ی ڕەزبەردا بۆ جارێکی دیکە دووکان و بازاڕیان داخستەوە و بێزاریی خۆیان لەو کردەوەیە و لە کۆی کۆماری ئیسلامی دووپات کردەوە. لە سەر بانگەوازی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەم جارە مانگرتن و داخستنی بازاڕ تا ڕادەیەک پەلی بۆ شارەکانی دیکەی ئێرانیش هاویشت. بەشێک لە دووکانداران و بازاڕیانی تاران، ئیسفەهان، ڕەشت و هێندێک شوێنی دیکەی ئێران دژ بە سەرکوتی خۆپێشاندانەکان و بۆ هاودەردی لە گەڵ خەڵکی کوردستان دووکان و بازاڕیان داخست. هاوکات سەرەتایەک لە مانگرتنی کرێکارانی کۆمپانیای نەوتی ئێرانیش هاتە ئاراوە. ئەوە وێڕای مانگرتنی مامۆستایانی قوتابخانەکان لە بەشێک لە شارەکانی کوردستان و لە پارێزگای فارس.

وەک چۆن کورد هەر لە سەرەتاوە پێشەنگی ئەم ناڕەزایەتی و خۆپێشاندانانە بوو، هەردوو جاری ئەم مانگرتنانەش گوڕوتینێکی نوێیان بۆ خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییەکان لە ئاستی ئێران دایەوە و نیشانیان دا کە چۆن خەڵکی کوردستان لە باری خەبات و تێگەیشتنی سیاسییەوە چەند هەنگاوێک لە پێش خەڵکی ناوەند و بەشەکانی دیکەی ئێرانەوەن.

ئەو تێگەیشتن و ئەزموونەی خەڵکی کوردستان لە خەباتی سیاسی و مانگرتن، بە شێوەی کۆنکرێت بۆ خەباتی گەلی کورد لەم دوو دەیەی دواییدا دەگەڕێتەوە. ئەگەرچی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دوای تێرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی هەوڵی دا لەو شێوازەی خەبات کەلک وەرگرێ، بەڵام باری قورسی خەبات لە سەر خەڵکی کوردستان، سەرکوتی زۆری خەڵک لەلایەن کۆماری ئیسلامی، تاقینەکرانەوەی ئەو شێوە خەباتە تا ئەوکات و مەترسیی خەڵک لە نەگەیشتنی هاواریان بە گوێی دنیا بەشێک لەو هۆکارانە بوون کە ئەوکات مانگرتن سەرکەوتوو نەبێ. بەڵام ساڵی ١٣٨٤ لە نێو ئەو سەرهەڵدانەدا کە بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی لە کوژرانی شوانەی سەید قادر بە دەستی پاسدارانی کۆماری ئیسلامی هاتە ئاراوە، خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی لە هەمبەر سیاسەتی تێرۆر و کوشتنی کۆماری ئیسلامی، لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ، شازدەهەمین ساڵڕۆژی تێرۆری دوکتور قاسملووی مەزن دووکان و بازاڕەکانیان داخست. سەرەڕای گوشار و ئازاری کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بازاڕیان و دووکانداران، ئەم ڕەوتە تا چەند ساڵ دواتریش بەردەوام دووپات دەکرایەوە. بەڵام گوشاری زۆری کۆماری ئیسلامی لەلایەک و ناهومێدیی خەڵک بە هۆی لێکترازانی ڕیزەکانی حیزب، بەرەبەرە ئەو شێوە خەباتەی بەرەو کاڵبوونەوە برد. دوای ئێعدامی فەرزادی کەمانگەر و هاوڕێکانی لە ١٩ی بانەمەڕی ١٣٨٩ی هەتاوی، خەڵکی کوردستان جارێکی دیکە بێزاری و ناڕەزایەتیی خۆیان لە کۆماری ئیسلامی بە داخستنی دووکان و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بازاڕەکان دووپات کردەوە. دوا جاریش هاژەکبارانی بنکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ کە بوو بە هۆی شەهیدبوونی حەڤدە کەس لە ڕێبەران و تێکۆشەرانی حیزب و هاوکات سێ زیندانیی سیاسیش لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی لە دار دران، تووڕەیی زۆری خەڵکی کوردستانی لێ کەوتەوە. لە سەر بانگەوازی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران و پشتیوانیی حیزبەکانی دەرەوەی ناوەند مانگرتنێکی سەراسەرییان بەڕێوە برد. مانگرتن لە کوردستان ئیدی بووە بە نەریت و بە شێوە خەباتێکی زۆر ئاشنا لە دەست خەڵکدا. هەر دوو مانگرتنی دوایی دەریانخست کە لە باشووریترین شارەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە تا باکووریترینیان، بەو شارانەشەوە کە لە نێوان کورد و نەتەوەکانی دیکەدا هاوبەشن، لە کاتە پێویستەکاندا بە پیر بانگەوازی حیزبی دێموکرات و حیزبەکانی دیکەوە دێن و خەڵک لەو ڕێگایەوە هاوپێوەندیی خۆیان لە گەڵ حیزبەکانی خۆیان و نەفرەتیان لە کۆماری ئیسلامی و کردەوەکانی دەردەبڕن.

مانگرتن بە شێوەی داخستنی بازاڕ و نەچوونە سەر کار لە ئاستێکی لۆکاڵی و ناوچەییدا، شێوەیەک لە خەباتی مەدەنی و لە ڕاستیدا جۆرێک خەباتی پێچەوانەیە. بەو واتایە کە خەڵک کارێک ناکەن کە دەسەڵات حەزی لێیە و بەم جۆرە بێزاری و ناڕەزایەتیی خۆیان لە دەسەڵات و لە کردەوەکانی، بە گوێی کاربەدەستانی حکوومەت و لە ڕێی مێدیاکانەوە بە دنیا ڕادەگەیەنن. بەڵام مانگرتن لە ئاستێکی گشتگیرتردا دەسکەوتی زۆر زیاتری بە دوادا دێ.

ئێرانییەکان ئەگەرچی ئەزموونی لاوازکردن و لە عەرز دانی دەسەڵاتی پاشایەتییان لە ڕێگای مانگرتن و داخستنی بازاڕ لە ساڵی پێش ئینقلابی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا هەیە بەڵام ئەو کاتیش بازاڕ تا ڕادەیەکی زۆر لە دەست ئەو ڕەوتانەدا بوو کە دواتر کۆماری ئیسلامییان پێک هێنا. لەو کاتەوە ڕێژیم بە درێژایی پتر لە چوار دەیە تەمەنیدا، تا ڕادەیەکی زۆر چەکی داخستنی بازاڕی لە دەست خەڵک دەرهێناوە. یەک لە دەسکەوتەکانی سەرهەڵدانی ژینا، دەرکەوتنی نیشانە سەرەتاییەکانی پەیوەست بوونی شارەکانی دیکەی ئێران بە خەباتی مانگرتنی خەڵکی کوردستانە. دوای دەسپێک و پەرە گرتنی خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییەکان، مانگرتنێکی گشتگیر و بەردەوام، قۆناغێکی گرینگ و چارەنووسسازە لە ڕەوتی ڕووخانی ڕێژیم. مانگرتنی سەراسەری ناڕەزایەتییەکان بە ناخی کۆمەڵگەدا شۆڕ دەکاتەوە و گشتگیرتری دەکا و چین و توێژی زیاتری پێوە پەیوەست دەکا. هەروەها ڕێژیم لە باری ئابوورییەوە لاواز دەکا. بە تایبەتی ئەگەر مانگرتن بوارەکانی گواستنەوە و خزمەتگوزاریی وڵات بگرێتەوە دەتوانێ دەوڵەت بە یەکجاریی نوقوستان بکا لە کاری بخا. بەڵام لە حاڵەتی ئاساییشدا لاوازیی ئابووری دەبێتە هۆی بچووکتر بوونەوەی دەوڵەت تا ئاستێک کە بە زەحمەت بتوانێ مووچەی کارمەندەکانی بە تایبەت بەکرێگیراوان و هێزە سەرکوتکەرەکانی بدا. بەڵام بێ لەوە، مانگرتنی سەراسەری لە باری سیاسییەوە هەیمەنە و ئیقتداری دەسەڵات تێکدەشکێنێ. لەو قۆناغەدایە کە دانگەڕێز کردنی هێزە چەکدارەکان دەست پێ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەکا و ڕێژیم لە باری سەربازییەوە تووشی دارمان دەبێ. دارمانی سەربازی، ئیزۆلە بوونی دەسەڵاتی لێ دەکەوێتەوە و حکوومەت بچووک و بچووکتر دەکاتەوە. ئیدی خەڵکیش زیاتر ترسیان لە دەسەڵات دەشکێ و دوای ئەوە ڕاپەڕینێکی چەکداری و تەنانەت بە بەرد و تێڵاش دەتوانێ تەخت و بەختی جەماران و هەر حکوومەتێکی دیکتاتۆر بە یەکجاری تێکەوە پێچێ و ئەو پەڵە نەنگە لە داوێنی مرۆڤایەتی بشواتەوە.

---

## یەکسانیخوازی بە زەبری زیندان و فیشەک




**دارسمە**

کۆماری ئیسلامی ماوەی ٤٤ ساڵی ڕەبەقە خەریکی پتەوکردنی دەستەڵاتە. قسەی خۆمان بێت هێشتا ٤٤ ساڵەکەی تەواو نەکردووە و خوا بەوێ ڕۆژێ نەکات ٢٢ی ڕێبەندانی داهاتوو چل و چوارەی تەواو دەکات و پێ دەنێتە چل و پێنج ساڵی.

ئەم کۆماری ئیسلامییە لە ماوەی ئەو سی و سێ ساڵ و چەند مانگەی تەمەنیدا هەر هاوار دەکات و دەڵێت ئێمە یەکسانیخوازین و خەڵکیش بڕوای پێ ناکات. لە یەکەم ڕۆژانی دەستەڵاتدا دامەزراندنی بونیادی موستەزعەفان و جانبازان و ئاستانی قودسی ڕەزەوەی بە مەبەستی پیادەکردنی یەکسانی لە نێوان ئاحادی ئۆمەتی هەمیشە در سەحنە دامەزراند. ڕێبەران و شارەزایان و تیۆریزانانی ئیسلامی هەر زوو بەم ئاکامە گەیشتن ناتوانن هەموو خەڵکی ئێران بکەن بە خاوەنی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کار و پیشە و پارەداریان بکەن و زانیشیان پێداویستیی بەڕێوەبردنی ئەم هەموو خەڵکەیان بۆ جێبەجێ نابێت و بیریان لەوە کردەوە هەموو خەڵک هەژار بکەن.

ئەگەر خەڵک هەموویان یان هیچ نەبێت زۆربەی دانیشتووانی ئێران بکەونە ژێر هێڵی هەژاریەوە، بۆ گەیشتن بە یەکسانیی خەڵک هەنگاوێکی زۆر گەورەیە. جا بونیادی موستەزعەفان و جانبازان و هەر وا بێتەوە ئاستانی قودسی ڕەزەوی بە یارمەتیی قەرارگای خاتەمولئەنبیای سەر بە سوپای پاسداران ئەرکی کۆکردنەوەی سەروەت و سامانی ئێرانیان گرتەئەستۆ. بەڕێوەبەرانی خاوەن تەگبیر و تێگەیشتووی دەستەڵاتی ئیسلامی زوو زانیان ئەگەر خۆیان برسی بن، لە بەڕێوەبردنی بەرنامەی یەکسانیسازیدا سەر ناکەون. هەر لەبەر ئەمەش بوو بەشێکی بەرچاوی ئەو پارەیەی لە ڕێگەی سێ دەزگای بونیادی موستەزعەفان و جانبازان و ئاستانی قودسی ڕەزەوی و قەرارگای خاتەمولئەنبیای سوپای پاسدارانەوە کۆیان دەکردەوە دایان بە بەرپرسانی دەسەڵات. ئەو بەرپرسانەش بۆ ئەوەی وەک خۆیان دەڵێن ئەنباشت واتە کەوتنەسەریەکی سەروەت و سامان ڕوو نەدات، بەشی بەرچاوی پارەکەیان نارده بانکەکانی دەرەوە یان لە وڵاتانی دیکە کارگە و مارگەیان پێ دامەزراند. ئەوان بەم کارەیان لەلایەک نەیانهێشت سەروەت و سامان لەنێو وڵات بکەوێتە سەریەک و لەلایەکی دیکەوە نایەکسانیی وڵاتانی نەیاریان پێ زیاتر کرد.

لەم لاوە بونیادی موستەزعەفان و جانبازان و ئاستانی قودسی ڕەزەوەی و قەرارگای خاتەمولئەنبیای سوپای پاسداران بەیەکەوە دەستیان دایە دەستی یەک و پارەی زیادەیان بۆ مووشەک و فرۆکەی بێفرۆکەوان دانا و بەشێکیشیان کردە مووچە و مەعاشی ئەو خەڵکەی لە عێراق و یەمەن و لوبنان و سوریە شەڕیان بۆ دەکردن. دیارە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بە دامەزراندنی بنکەی خۆی لە وڵاتانی دەوروبەر دەیهەویست لەو وڵاتانەش دەست بە یەکسانیسازی بکات و لە هەندێکیاندا هەتا ڕادەیەک سەریش کەوت.

ئەمانە هەمووی لە کاتێکدا بوو کۆماری ئیسلامی لە هەوڵدا بوو یەکسانیی ڕەگەزیش بسەپێنێت و بۆ ئەمەیان ناچار بوو نەخشەیەکی باش دابرێژێت. دیارە کاتێک شەڕێکی وەک شەڕی یەمەن و عێراق و لوبنان و سووریە دەقەومێت، لەبەر ئەوەی زیاتر پیاوان لەبەرەی شەڕن ئەوان کوژراویان زۆر دەبێت و زۆر لە کچان یان شوویان دەست ناکەوێت و یان دوای شووکردن هاوسەرانیان لە جەنگدا دەکوژرێن و خۆیان بێمێرد دەمێننەوە. دیارە دەوڵەت و دەسەڵاتیش، دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییە و بەگوێرەی یاسا و ڕێنوێنییەکانی ئەم دەسەڵاتەش ژن دەبێ لە ژوورەوە دانیشێت و وێڕای بەخێوکردنی منداڵان نان و چێشتی جەنگاوەرانیش ساز بکات. بە هۆی ئەم جۆرە پرۆژە و بەرنامەیەی دەستەڵاتی کۆماری ئیسلامی نەک هەر لە ئێران، بەڵکوو لە هەموو ناوچەکە، ژنان لەزیاد بوون بوون و پیاوان کەمیان دەکرد. ئەمە بوو بەهۆی ئەوەی ژنانی بێکار لە قوتابخانە و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

زانكۆیانیش خەریكی خوێندن بن و بەتەواوی پارسەنگیان بەسەر پیاواندا بشكێتەوە. وای لـێ هـات ماموستا و ئەندازیار و پزیشک و كۆمەڵناس و مۆمەڵناس و هەزار پسپۆڕ و مسپۆڕی جۆراوجۆریان لێ كەوتەوە و ئێستا ژنان خەریكن هەموو شتێک وەبن خۆیـان دەدەن. ئەگەر ئەمەش ڕێگەچارەیەكی بـۆ نەدۆزرابـایەوە، یەكجـاری هەمـوو شـتێک دەكەوتە دەست ژنـان و هەر بەدوور نەبـوو لە داهـاتوویەكی نزیكدا داوای پشنوێژیكردن و سەرۆككۆماریەتی بـكەن و ڕەنگبـوو بـبن بـە هەڕەشە بۆسەر ڕێبەری مەزنـی كۆمـاری ئیسلامییش. تەنـانە ئەوەنـدە قایشیـان لـێ كێشـابوو لەم دواییـانە لە خۆپێشـاندانان دروشمی وەک "تـانک، تـوپ، نەفەربەر و هەرسێ نـازانم چی و چییـان" دەدا. هەر لەبەر ئەمەش بـوو نیزامی موقەدەسی كۆمـاری ئیسلامی لێیـان وەخۆ كەوت و بە بڵاوكردنەوەی گەشتی ئیرشـاد تـووڕەی كـردن و وای لـێ كـردن وەخۆ بـكەون و بەگژیـانـدا بێنەوە و ئەوانیش بۆ ئەوەی یەكسانیی دانیشتووانی ژن و پیـاو لە سەرانسەری ئێرانـی یەكپـارچەدا لەنێوان ژنـان و پیـاوان بەرقەرار بێت، ئێستا دەستیان بە كوشتنی زیاتری ژنان كردووە. بەم جۆرە تـۆڵەی كوژرانی پیـاوان لەنێـو حەشدی شەعبی و سوپای قـودس و مودافیعـانی حەرەم و چەكدارانی حووسی و سوپای فـاتمیوون دەكرێتەوە و ئەگەر تەمەنـی پـڕ بەرەكەتـی كۆمـاری ئیسلامی بەم جۆرە بەردەوام بێت، ئەوە بە حەول و قوەی بسیجیان جان بەركەف نەک ژنانیش وەک پیاوان دەكوژرێن بەڵكوو ژنانی كوژراو لە پیاوانیش زیاتر دەبن و بەم جۆرە یەكسانییەكی تەواو لە نێوان ژنان پیاواندا دروست دەبێت.

ئەدی بۆ دژمنانی قەسەمخوردەی نیزام دەڵێن كۆماری ئیسلامی یەكسانیخواز نییە؟

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# هێرش بە مووشەک بۆ سەر سەنگەر و دڵی کۆمەڵانی خەڵک



ئەلبورز ڕۆئینتەن

لە یەکەم چرکەوە کە هەواڵی شەهیدبوونی ژینا هات هەتا ئەوکاتەی کە سەرهەڵدانێکی سەرتاسەری لە کوردستان و دواتر لە هەموو ئێران وەڕێ کەوت، کاتێکی زۆر کەمی برد.

کۆماری ئیسلامی وەک هەمیشە سەرەتا بە بێدەنگیکردن و سەرکوت و دەیان کردەوەی ناڕەوای دیکە دەیهەویست ئەو سەرهەڵدانەش بێدەنگ بکات، بەڵام جیاوازتر لە پێشوو ئەو جار خەڵک هێرشبەر بوو، ئەو هێرشانە تا ئاستێک ڕۆیشت کە شەوانە شار دەکەوتە دەست خەڵک و ئیتر ڕێژیم بە تەواوی بەچۆک داهات و تەنانەت لە هەموو کات زیاتر ئەگەری نزیکبوونی ڕووخانی ڕێژیم کردەنیتر دەهاتە بەرچاو.

لە کاتێکدا ڕێژیم ئیتر بە ڕەشبگیری و سەرکوتی جۆراوجۆر و دڕەندانە نەیتوانی کۆنترۆڵی دۆخەکە بکات تەنانەت، ئەگەر ناڕەزایەتیی توێژێک لاواز دەبوو توێژێکی دیکەی کۆمەڵگە سەری هەڵدەداوە، وەک سەرهەڵدانی زانکۆکان. هەربۆیە بۆ ئەوەی ورەی تێکشکاوی خۆی بەرز بکاتەوە، دەستی بۆ هێرش و جینایەتێکی سامناک برد.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئەو هێرشە کە ئاکامی دەستەوەستانیی ڕێژیم بوو، بە هێرشی درۆنی خۆتەقێنەر و مووشەک و بۆمبارانی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردی ئۆپۆزسیۆنی ڕێژیم لە باشور دەستی پێ کرد.

لەو هێرشە ترسنۆکانەدا کە منداڵان بەرکەوتە و ئامانج بوون هەر زوو جارێکی دیکە بۆ هەمووانی ئاشکرا کرد کە ڕێژیم چ دڕەندەیەکە کە برینداره و دەیهەوێ برینی خۆی بە هێرش بۆ سەر منداڵان تیمار بکات، ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە ڕێژیمی لە لێواری مەرگ نەک ناتوانێ برینی خۆی تیمار بکات، بەڵکوو توڕەییەکی وای لەنێو کۆمەڵگەی کوردستاندا دروست کردوە کە بەو هێرشە زیادتر لە هەر کاتێکی دیکە خەڵک بەرەو یەکگرتوویی و دژایەتیی ڕێژیم هان دەدات.

ڕاستیی یەکەم کە لەو هێرشەدا دەرکەوت، ئەوەبوو کە ڕێژیم لە بەر ئەوەی کە ئەو حیزبانە هۆکاری ناڕەزایەتیی ئەم دواییەی خەڵکن، ئەو هێرشە بەرفراوانەی ئەنجام داوە، ئەو ڕاستیە تەنانەت بە گوتەی خودی ڕێژیم دەڵێ حیزب خەڵکە و خەڵکیش حیزب، ئەم دووانە لێک جیا نین، تەنانەت پێکەوە بۆ نەمانی ڕێژیم هەوڵ دەدەن. ئەو پێکەوەبوونە ئەوەندە بەهێزە کە ڕێژیم بۆ زەربەلێدان لە ئەوی دیکە هێرش دەکاتە سەر ئەم و بە پێچەوانە؛ واتە سەنگەری حیزب لە شەقامە و هێزی خەڵکیش لە قەڵای دێموکرات.

ڕاستیی دووەم، ڕێژیم نەک ناتوانێ  وەرەی هێزەکانی خۆی بۆ بەرەنگاریی خەڵک بباتە سەر، نەک ناتوانێ بە چۆکداکەوتنی بشارێتەوە، بەڵکوو هەر زوو لەلایەن هەمووانەوە دەرکەوت کە ئەو هێرشانە هێرشی شاردنەوەی ڕاستییەکانی سەر شەقامن، ئێستا خەڵک زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە دەزانن ڕێژیم لە لێواری مەرگە و هێرشی مووشەکییش ناتوانێ لە مەرگ ڕزگاری بکات. هەروەها لە یەکەم ساتەکانی ئەو هێرشەدا کاتێک ڕێبەرایەتیی حیزب هاواری بەردەوامی شۆڕشی لە شەقامەکانی دا، دەرکەوت کە ڕێژیم سەری لە تاشە بەردی توڕەیی خەڵک دا.

ڕاستیی سێیەم کە زۆر لە مێژە بۆ ئێمەمانان دەرکەوتوە، بەڵام بۆ دونیایی ڕۆژئاوا و هێزەکانی دیکە جارێکی دیکە سەلما، ئەویش ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی تەنیا بۆ یەک چرکە درێژکردنەوەی تەمەنی خۆی ئامادەیە نامرۆڤانەترین کردەوە ئەنجام بدات کە لە مێژووی چەند هەزار ساڵەی مرۆڤایەتی نموونەی نەبێت. تێکدانی سەقامگیریی ناوچە و پێشێلکردنی هەموو یاسا و ڕێسایەکی نێونەتەوەیی و جیهانی لە سەرەتاییترینی ئەو نموونانەن.

ڕاستی سەرەکیی ئەو هێرشانەش نیشانەکانی داماویی ڕێژیم بوون کە لە لێواری مەرگە و لە بەرانبەر هێرشی خەڵکدا بێدەسەڵات ماوەتەوە، هەربۆیە وەڵامی سەرەکیی شەقام دەداتەوە، ئەو شەقامەی کە دروشمی "ژین، ژیان، ئازادی"



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەڵێتەوە. ئەو شەقامەی "شەهید نامرن"، "کوردستان ناوی بەرزە، دوژمن دەخاتە لەرزە" و "قاسملوو ڕێگەت درێژەی هەیە" دەڵێتەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ڕۆژنامەی "کوردستان"، ژمارە ٨٣٣




یەکشەممە ٣٠ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ی زایینی

---

## خالید عەزیزی: خەباتی نەتەوایەتیمان بۆ ڕزگاری قەت بەچۆک دانایە



ڕاپەڕینی ئێستا کە بەدوای کوشتنی حکوومەتیی ژیلا ئەمینی، کچە کوردی خەڵکی سەقز بە دەستی هێزەکانی کۆماری



Serchawe
https://serchawe.com

ئیسلامی و دواتر مانگرتنی خەڵکی کوردستان لەسەر داوای ناوەندی هاوکاری و پاشان پەلاماری مووشەکی و درۆنبارانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبە کوردییەکان لە باشوور دەستی پێکرد، هەتا ئێستاش بەردەوامە.

ئەم ڕاپەڕینە هەتا ئێستا ئەگەرچی قوربانیدان و تێچووی زۆری بۆ جووڵانەوەی کورد بووە، بەڵام هەڵسەنگاندێکی ئەو کارە گەورەیە کە هەموو ئێرانی هێنایە سەر خەت، بوو بە مێژوو. دوای شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ زۆر ڕووداو لە ئێران هاتنەگۆڕێ، بەڵام ئەو نارەزایەتییانەی ئەمجارەیان کە بە کوژرانی کچە کوردێک لە تاران دەستی پێ کرد و کوردستان یەکگر و یەکپارچە پشتی گرت و بوو بە پرسێکی گشتیی ئێران و لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییشدا بوو بە پرس و خەڵکی هێنایە سەر شەقام و، کوردستان و تەورێز و تاران و ئیسفەهان بە هەموو زمان، نەتەوە، ئایین و جۆراوجۆرییەکان وردەوردە لە دەوری دروشمێک کۆ بوونەوە؛ ئەو بڕیار و کردە مێژووییە دیسانەکە لە کوردستانەوە دەستی پێ کرد.

بەخۆشییەوە ئەمجارەیان دەنگی کورد و داوای کورد لە ئێران بەردەنگی هەبوو، زۆربەی زۆری خەڵکی ئێران بە هەموو جۆراوجۆری و بۆچوونە جیاوازە سیاسییەکانەوە باشتر لە پرسی کورد تێگەیشتن و کورد لە ڕۆژهەڵات بەڵگەیەکی دیکەی لە خەباتی مافخوازانەیدا تۆمار کرد. ئەمەش بێهۆکار نەبوو:

یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان کاریگەرییەکی باشی لەسەر خووڵقانی ئەو دۆخە بوو، ئەگەرچی ئێمە چاوەڕوانیی ئەوەمان هەبوو کە کۆماری ئیسلامی لە کاردانەوە بە یەکگرتنەوەمان بیەوێ زەبرێکمان لێ بوەشێنێت. هۆیەکەشی ئەوەیە کە بەداخەوە یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی کۆماری ئیسلامی هەمیشە نەبوونی یەکریزی و پەرشوبڵاویی هێزە دژبەرەکانی بووە کە بووەتە هۆی ئەوەی ئاڵترناتیڤێک لەدژی ڕێژیم دروست نەبێت. بۆیە یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات لەو دۆخەدا شوێنی گرینگی لەسەر ئەو هاوکێشەیە دانا و گەلێک پەیامی تێدابوو کە خەڵکی نێوخۆ لە ڕۆژهەڵات، لایەنە سیاسییە کورد و ئێرانییەکان و لە دەرەوەی وڵاتیش بەباشی وەرگیرا و ئەوە ئەو بابەتە بوو کە کۆماری ئیسلامیی ئێران خستە تەنگانەوە. ئەزموونی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات لەدژی کۆماری ئیسلامی زۆر شتمان پێ دەڵێ، یەک لەوان ئەوەیە ئەو ڕێژیمە هەرکات لەبەرانبەر یەکریزی و یەکگرتوویی و جموجۆڵی جەماوەریی خەڵکدا تووشی شکست و بێدەرەتانی بووە، پەنای بردۆتە بەر مێتۆدێک کە خوی بەرهەمی ئەو مێتۆدە واتە توندوتیژییە. بۆیەشە بە توندوتیژی بەرهەڵستی هەرچەشنە مافخوازییەکی نەتەوەکانی ئەو وڵاتە، لە مافی مرۆیی، سیاسی، مەدەنی، زمانی، مافی ژنان و ئەمنییەتی فەردییەوە بۆتەوە.

کاتێک خۆپێشاندانەکان پەرەیان سەند، ستراتیژیی کۆماری ئیسلامی ئەوە بوو کەسانی سەر بە خۆی بخزێنێتە نێو



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خۆپێشاندەران و خۆپێشاندانەکە بە ئاقاری توندوتیژی بەرێ بۆوەی هەم بتوانێ بواری زیاتر و باشتری بۆ سەرکوت هەبێ و؛ هەم بیەوێ نارەزایەتییەکان بە پیلان و دەستی دەرەکیی ببەستێتەوە. بەوەش بواریان بۆ هێرشی مووشەکی بۆ سەر حیزبی دێموکرات و لایەنەکانی دیکە خۆش کرد. ئێمە وەک کورد و حیزبی دێموکرات ئەزموونی زۆرمان لە سیاسەتی دژمنکارانەی کۆماری ئیسلامی هەیە، لە تێرۆری ڕێبەران و کادر و پێشمەرگەکانمان هەتا مووشەکبارانی خەرمانانی چوار ساڵ لەوە پێش. بەڵام حیزبی ئێمە پاش هەموو ئەو کارەساتانە نەکەوتووە و لەسەر پێ ماوەتەوە. هونەرەکە لێرەدایە: تێرۆرمان دەکەن، بە مووشەک لێمان دەدەن، هەڕەشەمان لێ دەکەن؛ بەڵام ئێمە بەچۆک دانەهاتووین، بە چۆک دانایەین و دەیان پیلانی دیکەشمان لەژێ بگێرن هەر بەچۆکدا نایەن. نەیاندەهێشت و هەڕەشەیان لێ دەکردین کە نەتوانین ڕێورەسمی یەکگرتنەوە بەڕێوە ببەن، بەڵام بە چۆکدا نەهاتین و قەتیش بەچۆکدا نایەن. بەڵام بۆ؟ وەڵامەکە ڕوونە: خەباتی حیزبی دێموکرات خەباتی نەتەوەیەکە لە ڕۆژهەڵات، نەتەوەیەک کە ٧٧ ساڵ لەوەپێش ئەو حیزبەی دروست کرد و، ڕێبەرانی ئەم حیزبە لە هەموو بارودۆخێکدا لە زیندان و دوورخراوەییدا حیزبەکەیان ڕاگرت و ئێستاش ڕێبەران و تێکۆشەرانی ئەم حیزبە ئەو ئەرکەیان لەئەستۆیە.

### وانەکانی ڕووداوەکانی ئەم دواییانە بۆ ئێمە بەبایەخ بوون:

**یەکەم**. دەسەڵاتی سیاسی بە پێناسە شۆڕشگێڕییەکەی خۆی، بە ئیدئۆلۆژییە ئایینییەکەی، بە زەرادخانە مووشەکییەکەی، بە هەموو هەوڵدانی بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتومی دەسەڵاتێکی بێداهاتوویە.

**دووهەم**. لە بەرانبەر ئەو دەسەڵاتەدا خەڵکی کوردستان و ئێران بەگشتی لێبڕاون چارەنووسی خۆیان لەگەڵ ئەو ڕێژیمە یەکلا بکەنەوە. فاکتەری خەڵک بابەتێکی دیکەی لەو هاوکێشەیە زیاد کرد، ئەویش ئەوە بوو کە دەیان ساڵ بوو ئۆپۆزسیونی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوە بە حیزب، ڕێکخراو، مێدیا و ڕایەڵەی جۆراوجۆر بەڵام نایەکگرتوو لە گۆڕەپانەکەدا بوون، بەڵام بەسەرهاتی "ژینای کوردان" دەریخست کە ئەوە خەڵکن وەک خاوەنی سەرەکیی پرسەکە دەتوانن لە نێوخۆی وڵات و لەسەر شەقامەکانەوە ببێ ئەوەی لە ئێستادا خۆیان بە کێشە تیۆرییەکانەوە سەرقاڵ بکەن، بەرەنگاری ئەو ڕێژیمە ببنەوە. لایەنێکی دیکەی ئەو بابەتە ئەوەیە کە حیزبە سیاسییەکانیش دەبێ بەبایەخەوە ئەو فاکتەرە لە هاوکێشە سیاسییەکاندا بەشدار بکەن، چونکی ئەو پارامێترانەی لە ڕاپەڕینی ئەمجارەدا دەور دەبینن لە ناخی کۆمەڵگە و لە هەناوی داخوازە سەرەکییەکانی خەڵکدا، ئەویش بەبێ ململانێی حیزبی و ڕێکخراوەیی و پێناسە تیۆرییەکاندا دەبێ بخوێندرێنەوە. شتێک کە ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە چوار دەیەی ڕابردوودا لێی خافڵ بوون ئەوەیە کە ئەوە تەواوەتیی خەڵکە کە دەتوانێ شەقام بکاتە سەنگەری خەڵک و ڕاپەڕینێکی سەرانسەری وەڕێ بخات. ئەوە پەیامێک بوو بۆ ئۆپۆزیسیۆن کە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سیاسەتەکەیان دەبێ پێی لەسەر عەرزی واقیع بێت.

حیزبی ئێمە بۆیە بەرگەی ئەو هەمووە برین و ڕووداوە تاڵانەی گرتوە، بەخۆشییەوە قەت لە خەڵکی خۆی دانەبڕاوە و سیاسەتەکەی ئاوێنەی باڵانوێنی ویست و داخوازەکانی خەڵکەکەی بووە. مانگرتنەکەی ٢١ی خەرمانانی چوار ساڵ لەوەپێش دوای مووشەکبارانی بنکەکانی حیزبی دێموکرات کە لایەنەکانی دیکەش دەستیان لەگەڵ داینێ، دەریخست کە لە کوردستان سیاسەت لەسەر عەرزی واقع دەکرێت، مانگرتنەکانی ئەم دواییانەش ئەوەی پشتڕاست کردەوە. بەڵام چۆن دەکرێ ئەوە بەردەوام بێت؟ وەڵامەکەی ڕوونە: ویست و داخوازی، بۆچوون و سەرنج و دروشم و ئامانجەکانی خەڵک مێعیار و پێوەر بن و بەهەند وەربگیرێن. بەڵام هیچ شتێک لەوە مەترسیدار نییە کە حیزب و ئۆپۆزیسیۆن لە خەڵکی خۆیان دابڕێن و دوور کەونەوە. ئەوە گەورەتین پەیام بوو کە لەو ڕاپەڕینەدا هەموو لایەک دەبێ وەری بگرین. حیزبی دێموکرات لەو پێوەندییەدا هەمیشە بەرپرسانە جووڵاوەتەوە. هەر لە ساڵانی ڕابردوودا خەڵکی ئێمە پەیامیان بۆ دەناردین کە ئێمە دوو دێموکراتیمان ناوێ، داوایەکی زۆر ژیرانە و بەرپرسانە و هەر ئەو دڵسۆزی و دەروەستییەش وایکرد کە ئێمە پرۆژەی یەکگرتنەوە بخەینە نێو ڕۆژەڤی پێویستییەکانی بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

**سێهەم** فاکتەر کە کاریگەریی زۆری لەسەر ڕاپەڕینەکەی ئێستا داناوە، بەشداریی هەراوی ژنانە. سروشتی کۆمەڵگەی ئێران و سیاسەتە سەپێندراوەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ یەکتر ناتەبان. ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی لەهەمبەر ژنان هەڵسوکەوت و ڕوانگەی تالیبانی داعشییە، بۆیە ژنانی ئێران زۆر بەگوڕ و بەربڵاو لە گۆڕەپانەکەدان و ئەوەش دەخوازێ حیزب و هێزە سیاسییەکان پارامێتری ژنان ببینن و لەو هاوکێشە و بەرنامەکاندا بیانخوێننەوە و جێگای شیاوی ئەو بەشداری و هاوبەشییەیان بدەنێ.

فاکتەرێکی دیکەی شوێندانەر لەسەر ڕووداوەکان سۆسیالمێدیایە کە لە ڕاپەڕینی ئێستادا چ لە فۆرمی کلاسیکی تەلەڤیزیۆندا و چ لە فۆرمی نوێی پلاتفۆرمە کۆمەڵایەتییەکاندا دەوری یەکجار بەرچاو دەبینێ. هەروەک دەبینین بەشێکی زۆری مانگرتن و خۆپێشاندانەکان لە کوردستان و ئێران لە ڕێگەی سۆسیالمێدیاوە مودیرییەت دەکرێن. ئەگەر سەردەمانێک لە کێشەی فەلەستین و ئیسرائیلدا بەردتێگرتن و قەپانچەلە هاویشتنی فەلەستینییەکان لەدژی هێزە نیزامییەکانی ئیسرائیل بە ئینتفازە ناوی دەرکرد، کارکردی سۆسیال مێدیا لەو ڕاپەڕینەدا خۆی ئینتفازەیەکی دیکە بوو. ئەو سۆسیالمێدیایە دەبێ هەم وەک دەرفەت ببیندرێ. هەم دەبێ بۆ نەتەوەسازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەمانا سیاسییەکەی کەلکی لێ وەربگرین، هەم لە بەرینکردنەوەی ڕاپەڕینە سەرانسەرییەکەی ئێستادا.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

فاکتەرێکی دیکەی ئەو هاوکێشەیەی ئێستا، دنیای دەرەوە و بەدەنگەوەهاتنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە کە دوای دادگای مێکونووس نموونەی نەبیندرابێوە. قەیرانی دیپلۆماتیکی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ دنیای دەرەوە ئەوکاتیش لەسەر پرسی کورد بوو، ئەمجارەشیان کە هەر لەسەر کوشتنی حکوومەتیی ژینا هاتنە دەنگ، لەبەر ئەوەی حیزبێک و لایەنێکی سیاسی نەیتوانی پاوانی بکا و دەستی بەسەردا بگرێت و بوو بە پرسێکی گشتی؛ سیاسەتمەدارەکان، هونەرمەند و ئاکادیمیسیەنەکان، سێلبریتی و مێدیا و بەگشتی هەموو شەقامی دنیای دەرەوە بوون بە پاڵپشت بۆ دەنگی ئازادیخوازیی خەڵکی ئێران. ئەوە پاڵپشتییە دەبێ کەڵکی لێ وەربگیردرێ، چونکی هاوکێشەکانی لە بەرژەوەندیی خەڵک و هێزە سیاسییەکان گۆڕیوە.

## دەسەڵات و ڕاپەڕینی جەماوەری

نموونەی ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییە لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا نەبووە، بۆیە کۆماری ئیسلامی کە لەهەمبەر ئیرادەی خەڵکدا دەستەوەستانە، لەلایەک دەیەوێ ڕاپەڕینەکە بە ئاقاری توندوتیژییدا بەرێ؛ لەلایەکی دیکەش وا بنوێنێ کە ئەوە پرسە ئیتنیکییەکەیە و دەست دەرەکیی لەپشتە و دەیانەوێ ئێران بەرەو لێکترازان ببەن. بەوە دەیانەوێ هەستی خەڵک ناوچەکانی ناوەندی ئێران بە سیاسەتی فۆبیای هەڵوەشان (تجزیه هراسی) هەڵخرێنن. بەڵام ئەمجارەیان هاوپێوەندی و لێکتێگەیشتنی خەڵک لە ئاستی سەرانسەری ئەو بوارەی پێ نەدان. بۆیە کۆماری ئیسلامی بە دوای ئەوەدا چوو کە کورد بە هاندەری ئەو دابەشکارییە وەهمییە پێناسە بکا. ڕێژیم بە سەرکوتی خوێناویی خەڵک لە نێوخۆی کوردستان و بە مووشەکبارانی بنکە و بارەگا و قوتابخانە و شوێنی ژیانی بنەماڵەکانی حیزبی دێموکرات و لایەنەکانی دیکە ویستی هەم تۆڵەی ئەو پێشەنگایەتییە لە کوردستان بکاتەوە، هەم وا بنوێنێ کە بەمجۆرە وڵاتیان لە هەڕەشەی هەڵوەشانە وەهمییەکە پاراستوە.

ڕێژیم لەوەدا ناکام بوو، چونکی هەم ئاستی تێگەیشتنی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و هەم هێز و لایەنە سیاسییە بەرپرسیارەکان لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات لە پرسی کورد زۆر لەوە زیاترە کە بتوانێ ئەو ئاکامەی لێ وەرگرێت. بۆیە ئێمە دەبێ لە پرۆسەی پێوەندی و هاوپێوەندییەکانمان لەگەڵ لایەنە ئێرانییەکان ئەوە بکەین بە دەرفەت و بە بنەمای پرۆژە و کاری هاوبەشی گرینگ لە داهاتوودا.

باسێکی گرینگی دیکە لەو هاوکێشەیەدا نیازی کۆماری ئیسلامی بۆ تێوەگلاندنی هەرێمی کوردستانە. با لە پێشدا ئەوە بڵێین کە حیزبی دێموکرات وەک سەرمایەی خەباتکاری و مافویستیی کۆمەڵانی خەڵکی خۆرهەڵاتی کوردستان بەرهەمی شەڕ و



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دۆخی شەڕ نییە. ٧٧ ساڵ لەوە پێش کە دامەزرا، نە بۆخۆی و نە وەزیرەکانی کەسایەتیی سەربازی نەبوون و دوای دامەزرانی حیزب و ڕاگەیاندنی حکوومەت و لە ئیدارەی وڵاتدا هێزی نیشتمانپارێز پێکهاتووە و ناوی "پێشمەرگە"ی لەسەر داندراوە. حیزبی دێموکراتی کوردستان بە عەقڵییەتێکی مەدەنی و بۆ بەڕێوەبردنی وڵات و بەشداری لە پرۆسەی سیاسیی وڵاتدا دروست بووە. ئەوە سیاسەتی حیزب بەدرێژایی مێژووی خۆی بووە و دوای شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ و ڕووداوەکانی کوردستانیش، سەرەڕای هەوڵی زۆری دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد و هەوڵی هەموو لایەک کە دەمانەویست بە شێوەی ئاشتییانە پرسی کورد چارەسەر ببا؛ کە هێرشمان کرایە سەر دەبوا بەرگرییمان لە خۆمان کردبا. پێشمەرگە بەرهەمی ئەو قۆناغەیە لە خەبات و دواتریش هەموو کاتێک هێزی بەرگری لە خەبات و تێکۆشانی گەل بووە.

لە ئێستادا کە کۆماری ئیسلامی بیانووی هێرشەکانی بۆ سەر هەرێمی کوردستان بۆ جموجۆڵی هێزی پێشمەرگە دەگەڕێنێتەوە، ئێمە بەتەواوی ئەوە ڕەت دەکەینەوە. ئێمە هەم بە ڕێبەرانی هەرێمی کوردستان و هەم بە ڕێبەرانی عێراقمان ڕاگەیاندووە کە ڕاستە بەشێک لە بنکە و بارەگاکانمان لێرەن، بەڵام لە سنوورەکانی عێراق و هەرێمەوە هیچ هێرشێکمان نەکردۆتە سەر هێزەکانی کۆماری ئیسلامی و هیچ دەستێوەردانێکیش لە کاروباری نێوخۆیی ئەم وڵاتە ناکەین و نەمانکردووە. لەو بارەیەوە هەمیشە بەرپرسانە جووڵاوینەتەوە و گوتوومانە کە نابین بە بیانووی ناپێویستی کۆماری ئیسلامی لەدژی هەرێمی کوردستان و ئێستاش پێداگری لەسەر ئەوە دەکەینە پێمان باشە پرسەکانی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی ناوەندی لە ڕێگەی وتووێژ و "ڕێککەوتن"ەوە چارەسەر بن و هەر ئەو عەقڵییەتی دانوستان و تەوافوقە بگوازینەوە و لە نێوخۆی ئێرانیش ببێتە ڕێکار و چارەسەری پرسەکان، نەک دێموکراسیی بەتەنیا.

لە کۆتایی ئەو باسەدا پێ لەسەر ئەوە دادەگرمەوە کە ئەو ڕاپەڕینەی ئێستا لە نیوخۆی وڵات هەیە، گەورەترین شکستە بۆ کۆماری ئیسلامی، چونکی کێشە کەوتۆتە نێو ماڵی خۆیان و سیستمە ئیدئۆلۆژیکەکان دەبێ ئەو کێشانەیان لە نێوخۆیاندا بۆ دروست بکرێ. پێویستە ئەوەش بڵێین کە لەو بارودۆخەدا چەندی دەکرێ دەبێ ستراتیژییەکمان ئەوە بێت کە هێز و قەوارەی ڕێژیم پتر تووشی هەڵوەرین ببێت. دەبێ هەوڵ بدەین کە ئەو خەباتە بە لانیکەمی تێچووی گیانی هەتا بەچۆکداهێنانی ڕێژیم بەردەوامیی هەبێت، دەبێ ئۆپۆزیسیۆن ئەرک و بەرپرسایەتییەکانی ئێستای باش بناسێت و هەوڵەکان بۆ دروستبوونی ئاڵترناتیڤی کۆماری ئیسلامیی ئێران دروست بێت.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# چەکی گەرمی شۆڕشگێڕانی سەرشەقام



قادر وریا

هاتنە سەرشەقامی خەڵکی وەزاڵەهاتوو لە ستەم و درندەیی ڕێژیمی ئێران، لە مانگێک تێپەڕیوە. زیاتر لە مانگێکە سەرانسەری ئێران بووە بە گۆڕەپانی هاتنە سەرشەقامی خەڵکی تووڕە و بێزار لە ڕێژیمی جەهل و تاوان. بێزاری دەربڕین و داواکردنی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و مەرگی ڕێبەرە دیکتاتۆرەکەی، لە فۆرم و شێوەی جۆراوجۆردا خۆی نواندووە. هاتنی کچان و کوڕانی لاو بۆ سەرشەقام و چوارڕێیانەکان بە دانی دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" و "مردن بۆ دیکتاتۆر، مردن بۆ خامەنەیی"، کۆبوونەوەی نارەزایەتیدەربڕین و مانگرتنی ڕوو لە زیادبوونی خوێندکارانی دەیان زانستگە و قوتابیانی سەدان خوێندنگەی وڵات، چەند جار داخستنی گشتیی بازاڕ لە لایەن بازارییەکانەوە بە تایبەتی لە پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پەلهاویشتنی مانگرتن بۆ نێو کرێکارانی عەسەلوییە و پێترۆشیمی و نەوت، وەدەنگهاتنی مامۆستایانی بە هەڵوێست بە داکۆکی لەو قوتابییانەیان کە بەرەوڕووی هێرش و هەڕەشەی دەزگا سەرکوتکەرەکان بوونەوە، دابڕان و پشتکردنی سیما دیارەکانی دنیای وەرزش، سینەما، ڕاگەیاندن و هونەر لە دامودەزگا و دامەزراوەکانی ڕیژیم بە پشتیوانی لە ڕاپەڕینی خەڵک، ئەمانە دیمەنە باو و ڕوو لە زیادبوونی ئەو هەلومەرجە شۆڕشگێڕانەیەن کە سەرانسەری ئێرانی داگرتووە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەوەی ئەمڕۆ لە ئێراندا بەدی دەکرێ زۆر گەورەترە لەوەی پێی بگوترێ نارەزایەتیدەربڕین. ئەمە ڕاپەڕینێکی سەرانسەرییە کە لە دواقۆناغیدا دەبێت بە شۆڕشێکی گشتی. لەم ڕاپەڕینە سەرانسەرییەدا، کچان و ژنان دیارترین ڕۆڵیان هەیە. هەر لە جێدا هەوێنی هەڵگیرسانەکەی، تاوانی سەدان جار دووپاتبۆوە بەرامبەر بە ژنان- ئەمجارە تاوان بەرامبەر بە ژینا ئەمینی -بوو. ژنان و کچان لە پێشدا لە کوردستان و دواتر لە شارەکانی دیکە هاتنە ڕیزی پێشەوەی خۆپێشاندانەکان و وەک نیشانەیەکی ئاشکرا لە ڕەتکردنەوەی کۆیلەتیی داسەپاو لەلایەن کۆماری ئیسلامی، لەچکەکانیان سووتاند و بەو هۆیەوە دریان بە شەوەزەنگی دژ بە خۆیاندا و، وەک دەبینین قوربانیدانی یەک بە دوای یەکیان بۆ سەرکەوتنی ئەو شۆڕشە لە خۆیان گرتووە.

لە ڕاپەڕینی ئەمجارەدا، نەتەوەکانی ئێران بە تایبەتی نەتەوە بندەستەکان چالاکانە و لە ڕیزی پێشەوەدان. ئەوان بە جۆرێک نەترسانە بەرەورووی هێزی سەرکوتکەر و ئاگری چەکەکانیان بوونەوە کە خۆڕاگری و کۆڵنەدان و قوربانیدان و ناوی شارەکانیان بووە ئیلهامی هاتنەمەیدانی خەڵک لە بەشەکانی دیکەی ئێران و ئەوانی بۆ هاتنە سەر شەقام بانگەواز کردوە و وەڵامی خۆشی وەرگرتووەتەوە. دیارە لەم ڕاپەڕینەدا چەندین شاری کوردستان بە خوێنی لاوەکانیان نەخشین بوون، بەڵام حەماسەی چەندین شەو و ڕۆژەی شارەکانی شنۆ، سەقز، کرماشان و لە سەرووی هەموویان شاری سنەی قارەمان چووە نێو مێژووی شۆڕشی نوێ. زاهیدان، ئەهواز، ئەردەبیل وەک نوێنگەی هاتنە مەیدانی نەتەوە بندەستەکانی بەلووچ، عەرەب و تورک هاواری خوێناویی خۆیان دژ بە بێدادی و دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی تێکەڵ بە خرۆشی حەماسیی کوردستان کردووە. تاران کە ناوەندی دەسەڵاتی ڕەشی ئەو ڕێژیمەیە، هەروەها مەشهەد و قوم وەک دوو شار و ناوەندی ئایینی کە بە ڕواڵەت بە پێگەی نەریتیی ئاخوندە دەسەڵاتدارەکان دەژمێردرێن و سەدان شاری گەورە و بچووکی دیکەی ئێران، بوون بە گۆڕەپانی دەنگهەڵبڕینی کچان و کورانی لاو لە دژی ٤٣ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی پڕ لە نەکبەتیی کۆماری ئیسلامی. هەر ڕۆژێک و هەر شەوێک دەیان دیمەنی پڕ واتا و بەشکۆ لە بەزاندنی تەلیسمی ترس و لە هاوپێوەندی و یەکدڵیی هاونیشتمانانی ئێرانی کە لێبڕاون کۆتایی بە تەمەنی دیکتاتۆریی ئاخوندی بێنن، تێکەڵ بە خولقان و لەدایکبوونی سروود و گۆرانی و دروشم و بەرهەمی شۆڕشگێڕانەی نوێ دەبن.

جۆغرافیای ئێران لە ڕۆژاوا تا ڕۆژهەڵاتەکەی، لە باکوورەوە تا باشوورەکەی، لە پەراوێزەوە تا ناوەندەکەی، زیاتر لە مانگێکە گۆڕەپانی تەقینەوەی تووڕەیی لاوەکانی بە ڕووی هێزە دڕندە سەرکوتکەرەکانی پارێزەری دیکتاتۆریی دەسەڵاتدارەدایە. شەقام و زانستگە و قوتابخانە و بازاڕ و کۆڵان، ڕۆژانە و شەوانە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" و داوای ڕووخانی ڕێژیمی ژنکوژ و منداڵکوژ و، کۆتاییهاتن بە دەسەڵاتی هۆردوویەک ئاخوندی مشەخۆری کۆنەپەرست و، فەرماندەران و کاربەدەستانی خوێنڕێژ و تێرۆریست و دز و تاڵانچیی سامانی خەڵک و وڵاتیان لێ بەرز دەبێتەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هیچ توندوتیژی و پیلان و چاوبەست و بێرەحمییەک نەماوە ماشێنی سەرکوتی ڕێژیم بۆ بە چۆکداهێنانی خەڵکی ناڕازی، دەستی بۆ نەبردبێ. دەسەڵاتداران بە هۆی بەکرێگیراوانی دەستنیشانکراوی خۆیان قورئان دەسووتێنن و چارشێو لە سەر ژنی چارشێوبەسەر لادەدەن، ئەو بنکە و کەلوپەلانەی بە سامانی گشتی دەژمێردرێن،گڕ تێبەردەدەن و دەیانشکێنن بەو مەبەستەی دیکتاتۆر بۆخۆی وەقسە بێت و هاواری لێ بەرز بێتەوە و بە خەڵک و دنیا بڵێ ئەوانە (خۆپێشاندەران )دژی پیرۆزییەکانن و ئاژاوەگێڕن، هەر بۆیە ئاوا دڕندانە سەرکوتیان دەکەین.

مۆتەکەی ڕووخان وەهای ترساندوون کە سەرەڕای لە گیانی خەڵک بەردانی ڕەوە ڕەوە پۆلیس و هێزی چەکدار و بەسیجی و "لباس شخصی" و تەقەکردنیان بە چەکی گەرم و بەکارهێنانی مودێڕنترین کەرەستەکانی لێدان و سەرکوتکردن، وەفادارانبە ڕێژیمەکەشیان بۆ بەرەوڕووبوونەوەی ڕاپەڕینی خەڵک، دەنگ داوە. ئەنترنێتیان بەتایبەتی لەو شار و ناوچانەی خەڵکی ڕاپەڕیوە و تەنگی پێهەڵچنیون، بڕیوە بۆ ئەوەی فیلم و وێنەی تاوانەکانیان و بەربەرەکانی و خۆڕاگریی جانانەی خەڵکی دەستبەتاڵ بەرامبەر هێزە پڕچەک و دڕندەکانیان، بە ئاگاداریی بیرورای گشتیی جیهان نەگا.

دیکتاتۆر و سەرانی هێز و دەزگا و دامەزراوە سەرکوتکەرەکانی، هەوڵ دەدەن ترس و داماویی خۆیان لە وەرێکەوتنی لافاوی ڕووخان، بشارنەوە و بە پێداهەڵگوتنی "ئیقتیدار"ی ڕواڵەتی و "پێشکەوتن"ی نەبوویان وەری دابەزیوی بەکرێگیراوەکانیان هەستێننەوە. هاوکاتیش بە نیشاندان و بەکارهێنانی چنگ و ددانی خوێناوییان، ئەمجاریش مۆتەکەی ڕووخان لە خۆیان دوور بکەنەوە. بە ڕێکخستنی سیناریۆی بێبنەما و بانگەشەی دەستەهەبوونی وڵاتانی بێگانە لە وەرێکەوتنی ئەم لافاوەدا، هەوڵ دەدەن سەرنجەکان بەرەو ئەو دیوی سنوورەکان لارێ بکەن. هەڕەشەی دووپاتکردنەوەی هێرشی مووشەکی بۆ سەر بنکەکانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات لە هەرێمی کوردستان و هەڕەشەی دەستدرێژیی نیزامی بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان دەکەن. وڵاتانی ناوچە بە دەستێوەردان لە نێوخۆی ئێران و، وڵاتانی ڕۆژاوا کە ئەمجار باشتر لە پێشوو دژی سەرکوتی خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران بە هۆی ئەو ڕێژیمە هەڵوێستیان گرتووە، بە دنەدانی خەڵکی ئێران بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمەکەیان تاوانبار دەکەن. بەڵام لەگەڵ هەمووی ئەمانەشدا، ئەو بەلووچستان و کوردستانەی خامنەیی بە پێچەوانەی قسەی دڵی خۆی، خەڵکەکەیانی بە هۆگر و ئەویندار ڕێژیمەکەی ناو برد و، ئەو هێزە سیاسییە خەباتکارانەی خودی خامنەیی و سوپای پاسداران و وەزارەتە ئیتلاعاتەکەی بە "تەجزیەتەڵەب" ناویان دێنن، ئێستا بوون بە چەقی هاودەنگی و یەکگرتوویی خەڵکی بەشە جۆراوجۆرەکانی ئێران بۆ ڕاپەڕین و شۆڕشی کۆتاییهێنان بە تەمەنی ئەو ڕێژیمە.

لە ماوەی یەک مانگی ڕابردوودا، سەرانی ئەو ڕێژیمە و دامودەزگا سەرکوتکەر و تەبلیغاتییەکانیان، چەندین جار باسیان لە ناردنی چەک لە دەرەوەی سنوورەکان بۆ نێوخۆی ئێران بە تایبەتی بە هۆی حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵات بە مەبەستی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

وەڕێخستنی ڕاپەڕین و ڕاگرتنی خەڵک بەرامبەر بەو ڕێژیمە کردووە. ئەم جۆرە بانگەشە و تاوانبارکردنە بێبنەمایانەش شتێکی چاوەڕوانکراون. ئەوان کە ئامادە نین دان بە بێزراوبوونی ڕێژیمەکەیان لەنێو خەڵک و، دان بەداماوییەکەی لە جێبەجێکردنی تەنانەت لانیکەم و سەرەتاییترین چاوەڕوانییەکانی خەڵکدا بنێن و تەسلیمی ئیرادە و ویستی خەڵکی ئێران بن، سروشتییە کە ڕاپەڕینی خەڵک بە دەسکیسی بێگانە و دوژمن لە قەڵەم بدەن. سروشتییە کە هۆ و هۆکاری ساختە و بە دوور لە ڕاستی بۆ بەردەوامیی ڕاپەڕینەکە و، شکانی ترسی خەڵک و نەسڵەمینەوەیان لە باتووم و ساچمە و گوللە و، بڕواهێنانیان بە نەسرەوتن تا سەرکەوتن قوت بکەنەوە. یەک لەم درۆ شاخدارانەیان، تاوانبارکردنی خۆپێشاندەران بە چەکداربوون و بەکارهێنانی چەکی گەرم دژی هێزە سەرکوتکەرەکانە. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە چەکی گەرمی شۆڕشگێڕانی سەرشەقام، تەنیا ئەو خوێنانەیە کە لە شەڕی ستاندنەوەی ئێران لە ڕێژیمی جەهل و جینایەتدا، بە سەخاوەتەوە پێشکەشی دەکەن. چەکی گەرمی ئەوان دڵگەرمبوونیان بەو پشتیوانییەیە کە لەلایەن خەڵکی نێوخۆ و ئێرانییەکانی دەرەوەی وڵات دەکرێ. چەکی گەرمی ئەوان ئەو هاوپێوەندییە جیهانییەیە کە ڕۆژ بەڕۆژ لە هەڵکشان دایە. چەکی گەرمی ئەوان بیستنی دەنگی قرچە و تێکڕمانی کۆڵەکەکانی ئەو ڕێژیمەیە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# چەواشەکارییەکانی ئێران بەڵگە بۆ ڕەوایی خەباتی میللەتێکن



**عومەر باڵەکی**

سایتی فەرمیی سپای پاسداران "تەسنیم" لە ڕاپۆرتێکدا لەژێر ناوی "هۆکار و ئامانجەکانی کردەوەی نیزامیی ئێران بەدژی تاقمە تێرۆریستییەکانی باکووری عیراق" باس لە نامەی نوێنەری هەمیشەیی کۆماری ئیسلامی لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکا کە بۆ سەرۆکی دەورەیی شورای ئەمنییەتی ئەو ڕێکخراوەی ناردووە و هۆکاری هێرشە مووشەکی و پەهبادییەکان بۆ سەر شوێنی نیشتەجێبوونی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی تێدا ڕوون کردووەتەوە.

ئەوەندەی سایتی تەسنیم لە نێوەرۆکی نامەی نوێنەری هەمیشەیی کۆماری ئیسلامی بڵاوی کردۆتەوە بە دەردی کورد گوتەنی تفی بەرەوژووره و هەر ڕووی خۆیان دەگرێتەوە و تەواوی ئەو تۆمەتانەی جەنابی نوێنەر بۆ تۆمەتبارکردنی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو نامەیەدا باسیان دەکا، لە ڕاستیدا ڕێک پڕ بە پێستی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامین. بۆ سەلماندنی ئەو قسەیە نموونەیەک لە نێوەرۆکی نامەکەی جەنابی نوێنەر لێرەدا دێنینە بەر باس و بەپێی ئایدۆلۆژیا و کردار و ڕەفتاری ئەو چل ساڵەی ڕابردووی کۆماری ئیسلامی و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵسەنگاندنی بۆ دەکەین.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

نوێنەری هەمیشەیی کۆماری ئیسلامی لەو نامەیەدا باس لەوە دەکا کە "کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا خۆی یەکێک لە قوربانییەکانی ئەسڵیی تێرۆریزم بووە". ئەگەر هەر سووکەئاوڕێک لە مێژووی پێش هاتنە سەر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بدەینەوە دەبینین کە تێڕوانینی دەوڵەتەکان لە ئێران و ناوچەکە بۆ تیرۆر و تێرۆریزم بە چەشنێک بوو کە هەوڵیان دەدا لە کار و کردەوەیاندا لە کۆمەڵگەی جیهانی بە لایەنگری تێرۆریزم نەناسرێن بەڵام زۆر بەڕوونی و ئاشکرا بەپێی هەموو بەڵگەکانی بەردەست بۆمان دەردەکەوێ لەو کاتەوە کە نیزامی کۆماری ئیسلامی لە جوغرافیای ئێران دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتووە، نەک تەنیا لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەڵکوو بە بوونی سیاسەتی تێرۆریست پەروەریی کۆماری ئیسلامی لە سەرانسەری جیهاندا تێرۆریزم پێناسەی دەوڵەتیی بە خۆیەوە گرتووە و لە هەر جێگایەک لەو جیهانەدا کردەوەیەکی تێرۆریستی ڕوو بدا، لە یەکەم چرکەدا هەموو ڕوانینەکان بەرەو دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دەبێ، چونکە کۆماری ئیسلامیی ئێران یەکێک لەو دەوڵەتانەیە کە ڕێبەرانی تەنانەت پێش دامەزرانی ڕێژیمەکەیان تێرۆریان بۆ ئامانجە سیاسییەکانیان بەکار هێناوە و دوای گەیشتن بە دەسەڵاتیش لەپێناو ڕاگرتنی ڕێژیمەکەیاندا بە بەربڵاوی کردەوەی تێرۆریستیان وەک ئامرازی لەنێوبردنی دژبەرانیان گرتۆتە دەست کە ئەوەش بۆ بنەما فیکرییەکانی ڕێبەرانی ڕێژیم دەگەڕێتەوە و لە پێکهاتەی دەسەڵاتیشدا نەهادینە کراوە و جێ خراوە.

نوێنەری هەمیشەیی کۆماری ئیسلامی لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبوایە پێش ئەوەی ئەو نامەیە بنووسێ و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تێرۆریست ناو بەرێ و حکوومەتەکەی خۆی بێبەری بکا لە کردەوەی تێرۆریستی، باش بوو وەک کەسێکی دیپلۆماتکار چاوێکی بە کارنامەی مەحکوومییەتی دەوڵەتەکەی خۆی لە ئاستی نێودەوڵەتی لەمەڕ کردەوە تێرۆریستیەکانی، خشاندبایە و ئەوکات دەستە چەورەکەی خۆیانی بە لایەنەکانی دژبەری سڕیبا. لە مێژووی دەسەڵاتدارەتیی نیزامی کۆماری ئیسلامیدا، دەسەڵاتدارانی ئەو نیزامە لە ڕێگای دامودەزگای جۆراوجۆرەوە بە سەدان کردەوەی تێرۆریستییان ئەنجام داوە کە زۆربەی ئەو تێرۆرانە، تێرۆری جیابیران و دژبەرانی ئەو نیزامە بوون، لە گەڵ ئەوەشدا زۆربەی تێرۆریستەکان دوای کردەوە تێرۆریستیەکە توانیویانە لە دەستی پۆلیس و دامودەزگای قەزایی هەڵێن، بەڵام بەو حاڵەش هەتا ئێستا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە دادگاکانی وڵاتانی جۆراوجۆری جیهاندا پەروەندەی کردەوەی تێرۆریستییان بۆ کراوەتەوە؛ بۆ نموونە: لە دەزگای دادی فەڕانسە، ئاڵمان، سویس، ئارژانتین، ئۆتریش و بێلژیکدا کار لەسەر کردەوە تێرۆریستیەکانی کۆماری ئیسلامی کراوە و هەتا ئێستا لانیکەم سێ حوکمی نێودەوڵەتی لە لایەن ئەو دادگایانەوە سەبارەت بە کردەوە تێرۆریستییەکانی ئەو نیزامە بۆ دەسبەسەرکردنی بڕیاردەرانی ڕەدە باڵای تاران و بکەرانی ئەو تێرۆرانە دەرچووە.

بە پێچەوانەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی، حیزبەکانی بەرهەڵستکاری ئەو نیزامە لە مێژووی ئەو ٤٣ ساڵەدا بۆ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

گەیشتن بە ئامانجەکانیان و لێدانی دژبەرانیان، تێرۆر و تێرۆریزمیان لە ستراتێژیی خەباتی مافخوازانەی خۆیاندا نەگونجاندووە و کاریان لەسەر نەکردووە. بۆ وەبیرهێنانەوە باشە لێرەدا ئاماژە بە نامەی شەهیدی دەستی تێرۆر د. قاسملوو بکەین کە لە کاتی ئاگربەستی شەڕی ئێران-عیراق لە ڕێکەوتی ٣ - ٨ - ١٩٨٨زایینی، ڕوو بە سکرتێری گشتیی ئەوکاتی نەتەوە یەکگرتووەکان "پرز دوکۆیلار" نووسیویەتی. د. قاسملوو لە بەشێک لە نامەکەدا ئاوا باسی ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە تێرۆر و تێرۆریزم دەکا: "... ئاغای سکرتێر، حیزبی ئێمە کە ٤٣ ساڵە ڕابردووی تێکۆشانی سیاسیی دژی تێرۆر، بارمتەگرتن، فڕۆکە ڕفاندن و بەگشتی هەموو ئەو کارانە بووە کە گیانی کەسانی غەیرەنیزامی و بێدیفاع بخاتە مەترسییەوە، حیزبی ئێمە هەمیشە لایەنگری ئاشتی و دژی شەڕ بووە، ئێستا کە دەتانەوێ ئاشتی و هێمنایەتی باڵ بەسەر سنوورەکانی ئێران-عیراقدا بکێشێ ئەوە ئامانجی ئێمەشە."...

هەر لە پێوەندی لەگەڵ تێرۆر و تێرۆریزمدا، د. قاسملوو لە وتارێکدا لە ئەنستیتۆی هاودەردی لەگەڵ ئەمریکای لاتین و ئەفریقا کە لە ڕێکەوتی ٦ - ١٠ - ١٩٨٨ لە مادریدی پێتەختی ئیسپانیا پێکهاتبوو، دەڵێ: "... حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک ڕێکخراوێکی دێموکرات بەپێی ئوسووڵ و ڕێبازی خۆی، هەموو کات تێرۆریزمی لە فڕۆکە ڕفاندنەوە بگرە تا دەگاتە بۆمب دانانەوە و بارمتەگرتن، ڕەت کردووەتەوە و بەگشتی حیزبی ئێمە هەر کردەوەیەکی کە ژیان و هێمنایەتیی ئەفرادی غەیرەنیزامی و بێدیفاع بخاتە مەترسییەوە ڕەت دەکاتەوە."...

بەڵام بەپێی ڕاپۆرتی ساڵی ١٩٩٦ی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی پارلمانی بریتانیا، لە نێوان ساڵەکانی ١٩٧٩ تا ١٩٩٦ واتا نزیک بە ١٧ ساڵ، دەسەڵاتداریتیی کۆماری ئیسلامی لەو ماوەیەدا لەسەر یەک، ٢٢٠ کەس لە ئۆپۆزیسیونی ئێرانیی دانیشتووی وڵاتانی دەرەوەی ئێران لەلایەن تێرۆریستە نێردراوەکانیەوە تێرۆر کردوون. ئەوە بێجگە لەو کردەوە تێرۆریستییانەیە کە لەسەر کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە لەنێو خاکی باشووری کوردستان لەلایەن دەستوپێوەندییەکانی دەزگاکانی ئیتلاعات و ئەمنییەتی ئێرانەوە بەڕێوە چوون، کە بەداخەوە ڕادەیان خۆ لە ٤٠٠ کەس نزیک دەکاتەوە. کارنامەی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا پڕە لە کردەوەی تێرۆریستی کە لە نووسینێکی وادا ناتوانرێ هەموو ئامار و ڕەقەمەکان بهێنرێنە بەر باس. هەر ئەو چەند نموونەیە بەباشی ڕوونی دەکاتەوە کە ئەوە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانن کە تێرۆر و تێرۆریزم وەک کەرەستەی مانەوەی دەسەڵاتدارەتیی خۆیان بەدژی دژبەرانیان بەکار دێنن و بەخۆشییەوە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەگشتی و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەتایبەتی لە هیچ جێگایەکی ئەو جیهانە و لە هیچ دادگایەکدا بە، بەکارهێنانی تێرۆر و پەرەپێدانی تێرۆریزم تۆمەتبار نەکراون.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لێرەدا باشە وەبیر نوێنەری هەمیشەیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بێتەوە کە ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆمەڵێک یاساوڕێسای نێودەوڵەتیی پەسند کردووە کە هەموو ئەندامەکانی ئەو ڕێکخراوەیە لەسەریانە پابەندی جێبەجێکردنیان بن و هیچکام لە ئەندامەکان ناتوانن بە پێچەوانەی ئەو یاساوڕێسایە بجووڵێنەوە، بۆ نموونە پاراستنی سەروەریی سیاسی و جوغرافیایی وڵاتان، واتا دەستێوەرنەدان لە کاروباری نێوخۆیی و نەبەزاندنی سنووری ئەو وڵاتانە. بەڵام لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی نەک سەروەریی دەسەڵاتی سیاسی و جوغرافیایی وڵاتانی هاوسنووری خۆیان نەپاراستووە بەڵکوو بێ سڵەمینەوە لە یاسا نێودەوڵەتییەکان هەر کردەوەیەکیان ئامانج بووبێ، بەڕێوەیان بردووە کە نزیک بە تەواوی ئەو کردەوانەی کۆماری ئیسلامی، ئاسایشی نەتەوەیی ئەو وڵاتانەیان خستووەتە مەترسییەوە و ئاخرین نموونە بۆمبارانی مووشکی و پەهبادیی سپای پاسداران بۆ سەر بنکە و کەمپی نیشتەجێبوونی کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە بەداخەوە بوو بە هۆی شەهیدبوونی ١٧ کەس کە لە نێو شەهیدەکاندا منداڵی تەمەن یەک ڕۆژەش هەبوو.

لە کۆتاییدا ئێستا کە گەلانی ئێران بێ جیاوازیی نەتەوایەتی و ئایینی و سیاسی، زیاتر لە مانگێکە بەدژی زوڵم و زۆری دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ڕاپەریون و دروشمی نەمانی کۆماری ئیسلامی دەدەن کاتی ئەوە هاتووە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بەتایبەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕادەی پێوەندییە سیاسیی و دیپلۆماتیکەکانیان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە شێوازێک بێننە خوارێ کە کۆماری ئیسلامی نەتوانی بە ئێعتباری سیاسی لە کۆڕ و کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکاندا بەشدار بێ و ئەوە دەتوانێ باشترین پشتیوانیی نێودەوڵەتی بۆ خەڵکی ڕاپەریو و وەزاڵەهاتووی ئێران بێت.

بە دڵنیاییەوە بە نەمانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، تێرۆریزم گەورەترین پشتیوانی خۆی لەدەست دەدا و ئەوە دەتوانێ ئارامی و ئاسایش بۆ دەوڵەتانی ناوچەکەش بگێڕێتەوە. نەمانی کۆماری ئیسلامی یانی نەمانی تێرۆریزمی دەوڵەتی، نەمانی بەبارمتەگرتنی دەوڵەتی، نەمانی سەرکوت و زەبروزەنگ بە ناوی دینەوە، نەمانی تەفرەقە و دووبەرەکیی نێوان گەلانی ناوچەکە و...

بە هیوای یەکگریی زیاتر لە پێناو سەرکەتنی گەلانی ڕاپەریوی ئێران و ڕماڵینی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ڕاپەڕینی پەروایزخراوەکان




**کەریم پەرویزی**

لە ئەفسانە کۆنەکاندا وای دەگێڕنەوە کە لە سەردەمی فێرعۆنەکاندا، ڕووباری نیل لە میسر سەرچاوەی کشتوکاڵ و ئاوەدانی بۆ ناوچەکە بوو. فێرعۆنیش وەک نوێنەری خودا و هەندێجاریش هەر وەک خودای خەڵکەکە دەستی بە سەر ژیان و ماڵ و ناموسیان داگرتبوو. هەندێ ساڵ ڕووباری نیل هەڵنەدەستا و وشکەساڵی وڵاتی دادەگرت. بۆ ئەوەی ڕووباری نیل کە بە نێعمەتی نێردراوی فێرعۆنیان دەزانی وەک هەموو ساڵێک ئاوەکەی زۆر بێ، دەیانگوت قوربانی پێشکەش ڕووباری نیل بکەن و لەو ڕێگەوە دڵی فێرعۆن بەدەست بێنن! قوربانییەک کە پێشکەش دەکرا بریتی بوو لە جوانترین کچی پاکیزە کە هێشتا مێردی نەکردووە. دەیانڕازاندەوە و دەیانخستە نێو ڕووبارەکە تاکوو دڵی فێرعۆن بەدەست بێنن. بەپێی ئەم ئەفسانەیە خوێنی جوانترین کچی پاکیزەی شار دەبوو پێشکەشی ڕۆحی تینووی خوێنی فێرعۆن بکرێ تاکوو ژیانی کۆیلەتیی خەڵک بەردەوام بێ!

ڕۆژێک لە کۆتاییەکانی مانگی خەرمانان، بنەماڵەیەک لە سەقزەوە ڕۆیشتن بۆ تارانی پێتەختی فێرعۆنی زەمان تاکوو سەردانی خزمەکانیان بکەن و وێڕای سەردانکردن، هەندێ شتومەکی پێویست بۆ کچە نازدارەکەیان ژینا، ڕەمزی ژیان و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

جوانی بکرن؛ چوونکە بەرەبەری پاییز و کرانەوەی زانکۆ بوو، و جگەرگۆشەکەیان وەرزێکی نوێی خوێندنی دەست پێ دەکرد. سەفەری تارانیان بۆ سەردان و خۆشی بوو، بەڵام بوو بە مێژوویترین سەفەری پەراوێزخراوەکان بۆ پێتەخت!

ژینا لە سەردانی شەقام نەگەڕایەوە بۆ ماڵی پووری و مەئموورەکانی فێرعۆن بردیان و لە کوشتارگای خامنەییدا خوێنیان ڕشت؛ چوونکە فێرعۆن نەخۆشە و خوێنی پاکیزەکانی وڵات، جوانترینەکانیان و بێگوناحترینەکانیانی بۆ بەردەوامی بە ژیانی پڕ لە تاوانی پێویستە. فێرعۆن تینووی خوێنە!

سەرهەڵدانی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی دەسپێکەکەی ڕێک لە ڕۆژی ٢٦ی خەرماناناندا هاتە ئاراوە کە یادەوەریی تاوانێکی گەورەی دیکەی فێرعۆنە، کە لە بێرلینی ئاڵمان ڕێبەری کورد دوکتور سەعید و هاوڕێیانی تێرۆر کرد. لە ڕاپەڕینی خەرماناناندا کە بەخێرایی زۆربەی ناوچەکانی وڵاتی ئێرانی گرتەوە و تا پێتەختی فێرعۆنیش بڵێسەی ئەستاند و کڵپەی ئاگرەکەی هەموو دەرباری وڕ و کاس کردووە، مەئموورەکانی فێرعۆن هێشتا هەر خەریکی کوشتنی پاکیزەکانی وڵاتن، خوێنی کچانی جوان و تازە پێگەیشتوو دەڕژێنن چوونکە نەک تەنیا فێرعۆن، بەڵکوو هەموو دەستوپێوەندیەکانی تینوون بە خوێنی لاوان و کچانی وڵات و پێیان وایە بە ڕشتنی خوێنی کچانی گەنج و لاو و پاکیزە، دەتوانن تەمەنی پڕ لە نەکبەتیی ڕێژیمەکەیان درێژە پێ بدەن.

ژینا، نیکا، سارینا ، ئەسرا، ... تەنیا چەند ناوێک نین، بەڵکوو چەپکەگوڵێک لەو هەزاران گوڵەن کە لەم ڕۆژانەدا تێرۆریستان و خوێنمژانی دەرباری فێرعۆن خەریکی کوشتن و فڕکردنی خوێنی پاک و سووریانن.

ئەوەی لەم ساتوسووری پڕ لە خوێندا دیارە دوو دیوی دیمەنەکەیە:

خامنەیی و مەئموورەکانی بێبەزەییانە، تاوان بە تاوان دەشۆنەوە و بۆ لەبیربردنەوەی تاوانێک تاوانی دیکە دەخولقێنن. کوشتنی ژینای کوردان بە سەرکوت و کوشتار لە دیواندەرە دادەشارن و کوشتاری دیواندەرە بە خوێنڕێژیی کەرەج و دەسدرێژی بۆ سەر نیکا دەشارنەوە و کوشتار لە شارەکانی ئێران بە هێرشی مووشەکی بۆ سەر وانیاری ساوای یەک ڕۆژە وەبیر دەبەنەوە و مەرگی وانیار بە ژینۆساید و هێرشی موغولی بۆ سەر سنەی سەربەرز دادەپۆشن و مەرگباریانیان لە سنە، بە هێرش بۆ سەر قوتابخانەی شاهد لە ئەردەبیل و کوشتنی ئەسرا و شەلاق لێدان لە منداڵانی قوتابخانە وەبیر خەڵک دەبەنەوە و بۆ هەڵهاتن لەو شەرمە لە زیندانی ئێوین دەکەونە گیانی بەندییەکانی دەستی ستەمکار. مەرگ بە مەرگ و خوێن بە خوێن دادەپۆشن تاکوو خەڵک چاوترسێن بکرێ و جیهان تاوانەکانیان فەرامۆش بکا! لەو نێوەشدا لەبیریان ناچێ کە لە هەموو



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کارەساتەکاندا دەستدرێژی بۆ سەر گیان و کەرامەتی مرۆڤەکان و بەتایبەت کچانی گەنج و تازەپێگەیشتوو بکەن چوونکە گرێی دەروونییەکی مێژوویيان بەرامبەر بە ژن و کچانی لاو هەیە.

لایەکی دیکەی دیمەنەکە خەڵکن. ئەوانەی بە دەستی بەتاڵ بەڵام بە دڵی پڕ خوێن و بە ئیرادەیەکی بەرز و بە ورەیەکی بێوێنەوە لە گۆڕەپانەکدا ئامادەن. ورەی بەرزی شۆڕشگێران و لاوانی ڕاپەڕیو تەنیا وشەیەکی ئاسایی سەر زمانی من و تۆ نییە، بەڵکوو بۆتە تیتری بەناوبانگترین میدیاکانی جیهان. لە پاریسی پێتەختی شۆڕشی کەرامەتی مرۆڤەکان، ڕۆژنامەی لیبراسیۆن بەواتەی ئازادیخوازی، وێنەی سنەی سەربەرز دادەنێ و دەڵێ ئێمە ناترسین! ئەمە وێنەی گەورەی سەر ڕوومەتی مێژووە: سنەی سەربەرز ناترسێ! خەڵک بە هەموو چین و توێژەوە و لە هەموو ناوچەکاندا هاتوونە سەر شەقام جگە لە گرووپێکی تایبەت نەبێ کە دوایە باسی دەکەین. ئەم خەڵکەی سەر شەقام بە دەسەڵاتداران دەڵێن کە میدیاتان کۆنترۆڵ کردوە و بەردەوام ئیدئۆلۆژیی چەقبەستووتانی تێدا بڵاو دەکەنەوە. گۆڕەپانە کۆمەڵایەتی و وەرزشی و ئایینی و سیاسی و هەموو شوێنی کۆبوونەوەی خەڵکیتان قۆرخ کردوە و بە دەیان هەزار دووربینی ئەمنیەتی و هەزاران بەکرێگیراو و جاش و بەسیجی، چاو لە خەڵک زەق دەکەنەوە و هەموو قوژبنێکی هەناسەدان و بیرکردنەوەو ژیان کۆنترۆڵ دەکەن و قۆرخی دەکەن. بەڵام شەقام هی ئێمەیە، شەقام لە کۆنترۆڵ و فیلتر و سانسۆری ئێوەدا نامێنێ و هی ئێمەیە، دەبێ ئێوە بە ترسەوە پێ بخەنە نێو شەقام نەک ئێمەی خەڵک کە خاوەنی ڕاستەقینەی خاک و نیشتمانین.

هەموو هێزەکانی ڕێژیم خەریکی سەرکوت کردنن، بە هێزی ئینتزامی و گاردی ویژە و بەسیج و جاش و سوپای پاسداران و گوردانەکانی ئیمامی عەلییەوە، بەڵام ڕۆژبەڕۆژ هێزی خەڵک پتەوتر دەبێ و سوورتر لەسەر ڕاپەڕینەکەیان، بە تاکتیکی جیاوازەوە بە شەو و بە ڕۆژ، کۆڵان بە کۆڵان و گەڕەک بە گەڕەک و شار بە شار دەخەنە ژێر ئیرادەی شۆڕشگێڕییان.

ڕاپەڕینی ئەمجارەی خەڵک کە خەریکە دەبێتە شۆڕشێکی نزیک لە سەرکەوتن، بۆ ڕووخانی ڕێژیمە. با ئەوەش بڵێین کە ڕاپەڕینێکە گەر بگاتە سەرکەوتن کە زۆر وەدرەنگ ناکەوێ، شۆڕشێکی بەتەواو مانایە کە ئامانجەکەی تەنیا تێکوەپێچانی دەسەڵاتی سیاسیی داسەپاو نییە. ئەم ڕاپەڕینە تەنیا بۆ ئەوە نییە کە دەسەڵاتدارانی ئێستا نەمێنن و کەسانی دیکە جێگەیان بگرنەوە، بەڵکوو شۆڕشێکی قووڵی کۆمەڵایەتی - سیاسی فیکرییە کە بە دڵنیاییەوە هەر لە چوارچێوەی ئێرانیشدا بەرتەسک نامێنێ و هەموو ناوچەکە دەهەژێنێ و مێژوو دەکا بە دوو بەشەوە، پێش و دوای شۆڕشی ژینای ژینەوە.

**بۆ تێگەیشتن لەم شۆڕشە، هەندێ ڕاوەستە بکەین و پارامێترەکانی وەبەرچاو بخەینەوە:**

بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی، بەرەنگاربوونەوە و بەرهەڵست بەرامبەر بە سیاسەتەکانی ڕێژیم هەبووە، چ لە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

شێوازی نێوخۆیی ڕێژیم کە هەندێجار دروشمی ئیسلاحخوازییان دەدا و هەم لە شێوازی دژی ڕێژیم و ئۆپۆزیسیۆنیشدا کە ویستی سیاسیی هەبووە کە ڕێژیمی دیکتاتۆری بگۆڕێ بۆ سیستمی دێموکراتیک. لەم ساڵانەی دواییشدا هەم نارەزایی‌دەربڕینی کورتمەودا و بۆ توێژێکی تایبەت هەبووە و بە داواکاریی کورت و دیارەوە و هەم خۆپیشاندانی بەرفراوانیش هەبووە.

لە ئاستی ئێراندا لە دەیەی حەفتادا لە ئیسلامشەهری تاران، سەردەمی ڕەفسەنجانی بە دەستڕێژی دۆشکا و لە هێلیکۆتەرەوە خەڵکیان وەبەر دا و لە سەردەمی خاتەمیدا زانکۆیان خەڵتانی خوێن کرد و لە سەردەمی ئەحمەدی‌نژاددا، خۆپیشاندانی میلیۆنی کرا و بە سەدان کەسیان کوشت و لە کەهریزەک دەستدرێژییان کردە سەر کەرامەتی مرۆڤایەتی. ساڵی ١٣٩٦ و ١٣٩٨یش خۆپیشاندنی گەورە و لە ئاستی بەرفراوانی دەیان شاری ئێران هاتە ئاراوە و کوشتاری خەزەڵوەری ١٣٩٨ هێشتا خوێنی لێ دەچۆڕێ. گەر چاو لە کوردستانیش بکەین، هەر لە یەکەم نەورۆزی هاتنەسەرکاری خومێنیدا، کورد لەگەڵ کوشتاری ڕێژیمی تازە بەرەوروو بووەوە، نەورۆزی ئازادی لە سنە کرا بە نەورۆزی مەرگ و خوێن. دوایەش فەرمانی جەهادی خومەینی بە دژی کورد و دەیان و سەدان کارەسات لە کوردستان، هاوکات بووە لەگەڵ خۆڕاگری و سەرهەڵدانی کوردستان و کورد و تا ئێستاش کوردستان ملی بۆ ڕێژیمی فێرعۆنەکانی جەماران کەچ نەکردووە.

ئەوەیکە لە درێژایی ئەم چەندین دەیەدا خەبات و خۆڕاگری و بەرهەڵستکاری هەبووە، پێویست بە هیچ بەڵگەیەک نییە و خوێنی هەزاران شەهیدی دەستی کۆماری ئیسلامی بە شان و ملی مێژوودا دەچۆڕێ. بەڵام لە هەموو ئەم ڕووداوانەدا لە ئێرانی فرەنەتەوەییدا، یەک خاڵی گرنگ هەبووە کە بریتیە لە خەباتی جیاجیا و سەرهەڵدانی جیاجیا و هەرجارەوە بەشێک لە کۆمەڵگە بووە. کاتێک لە زانکۆ، بزووتنەوەی خوێندکاری خوێنی دەدا، بەشەکانی دیکەی کۆمەڵگە بێدەنگ و تەنیا چاولێکەر بوون. کاتێک مانگرتنی کرێکاری و سەرکوتی یەکیەتییە کرێکارییەکان بەرێوە دەچوو، چین و توێژەکانی دیکە پشتیوانی کرێکار نەبوون. کاتێک لە بزووتنەوەی سەوز لە تاران و چەند شارێک خۆپیشاندان دەکرا، نەتەوەکانی دیکەی ئێران خۆیان لەو دروشمانەدا کە داوای گەڕانەوە بۆ سەردەمی ئێڕنی خومەینی! دەکرد، نەدەدیتەوە و بەشدار نەبوون. کاتێ کوردستان و ئەهواز و بەلووچستان سەرکوت دەکران و کارەساتیان بە دژ دەخوڵقا، یا خەڵکی دیکە بێدەنگ بوون، یان هاوکاری سەرکوت بوون و دەهاتنە کوردستان تاکوو لە شەڕ لەگەڵ تەجزیەتەڵباندا شەهید بین!

هەموو خۆپیشاندان و نارەزاییەکان لە ئێران و لەنێو نەتەوە جیاوازەکاندا بە جیا دەکرا. تاکوو ساڵی ١٣٩٨ کە زۆربەی ئێرانی گرتەوە، بەڵام ئەو خۆپیشاندانەش بنەمایەکی ئابووریی هەبوو، هەرچەند لە باری پانتایی جوغرافیاییەوە بەرفراوان بوو، بەڵام لەباری قووڵایی کۆمەڵگەوە، هەموو چین و توێژەکانی نەگرتبۆوە؛ چینی مامناوەند و بەرەو سەرەوە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خۆیان پەراوێز گرتبوو. بەڵام لە ڕاپەڕینی ئەمجارەدا، کە بە شەهیدبوونی ژیناوە دەست پێ دەکا، ئیدی ڕەوتی ڕووداوەکان و ڕەوتی مێژووە وەر دەسووڕێ. لێرەدا چی ڕووی داوە؟ بۆ وردبوونەوە لە قووڵایی بابەتەکە تەنیا پێویستە لە کاراکتێری ژینا بڕوانین تاکوو کۆدەکان بخوێنینەوە:

ژینا کچێکی کوردە کە بە سەردان چووەتە تاران و کاتێک دەزانن کوردە و ئایینزای سوننیە، توندتر لەگەڵی دەجووڵێنەوە. ناوی کچەکە بە ڕەسمی مەهسایە، بەڵام بە ژینای ناو دەبەن! ئەمە ڕاستییەکی نێو وڵاتی بەڵالێدراوی ئێرانە کە خەڵک ناتوانن بە ویست و حەزی خۆیان ناویش بۆ منداڵەکەیان هەڵبژێرن و حکوومەت ناسنامەیان پێ نادا و دەبێ ناوێکی دڵخوازی حکوومەت دابنێن! کچێکە لەبەر شێوازی جلوبەرگەکەی هێزی فێرعۆن دەسبەسەری دەکا! ژنبوون پرسیاری گەورەی لەسەرە! کاتێک دەزانن کوردە، خوێن بەرچاویان دەگرێ و توندتر دەبن لەسەری، کوردبوون قەدەغەیە! کە دەزانن مەزهەبەکەشی بەدڵی ویلایەتی فەقیهـ نیە، زۆرتری لێ دەدەن، چوونکە وەلیی فەقیهـ کەسی جگە لە تواوەکانی لە ویلایەتدا قبووڵ نییە. لێرەدایە کە ژینا دەڵێ لێم گەڕێن من لێرە غەریبم!

ڕەمزی سەرەکیی شۆڕشی ئەمجارە، غەریببوونی خەڵکە. بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی هەموو ئیمتیازە مادی و سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکان بۆ بەشێک لە کۆمەڵگە هەبووە و بۆ بەشەکانیتر نەبووە. بازنەی بەشداران ساڵ بە ساڵ تەنگتر و بازنەی بێبەشان ساڵ بە ساڵ بەرفراوانتر کراوە.

ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی کاتێک کە ڕیفراندۆمی ڕێژیم کرا، تەنیا کوردستان دەنگی پێ نەدا! سەربەرزییەکی گەورەیە بۆ کورد کە لە دووهەم مانگی هاتنی خومینیدا ناسیی کە ئەم دڕندەیە چی پێیە بۆ وڵاتی ئێران و نەتەوەکانی بەڵام زۆربەی هەرە زۆری بەشەکانی دیکەی کۆمەڵگەی لەگەڵ بوو! تەنانەت چەپەکان لە خودی خومەینی توندتر بوون بۆ دۆزینەوەی وێنەی خومەینی لەسەر مانگ! دوای هێرشی خومەینی بۆ سەر کوردستان و تاوانەکانیان لە تورکمەن سەحرا، خومەینی گوشاری بۆ دەوڵەتی بازرگان هێنا و میللییەکانی وەدەرنا! ساڵی دواتر لە دەستپێکی شەڕی عێراقدا بەنیسەدر و موجاهیدی وەدەر نا. ساڵی دواتر توودە و فیداییەکانی ئەکسەرییەتی وەدەرنا! لە قۆناخی دیکەدا تاڵەقانی و لایەنگرانی ئەو و لە بڕگەی دیکەدا مونتەزیری و لایەنگرانی و دواتر بەشدارانی خودی دەسەڵاتەکەی خومەینیشی وەلا نا! تەنانەت مووسەویی پێڕەوی خومەینییش بەر وەدەرنران کەوت و تا جێگایەک ڕەفسەنجانیش لە حەوزدا خنکێندرا!

دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و مەزهەبیی جەماران، ژنی پێ تاوانبارە و هەردەم شەیتان لە ڕێگەی ژنەوە نفووز دەکا! کوردی پێ داردەستی ئیسراییل و ئامریکایە، بەلووچی پێ بکوژانی ئیمامەکانیانە و ئەهوازییەکانی پێ داردەستی عەرەبستانە و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

چەوساوەکانی تەنیا بۆ سەردەمی شەڕ دەویست و دواتر سووتەمەنیی گەندەڵی و تاڵانەکانیانە. خوێندکار و زانکۆی پێ قوتابی و مەکتەبی فێربوونی زانستی شەیتانی و کەلتووری ڕۆژاوایە و... . لەم دەسەڵاتەدا هەموو چین و توێژ و بەشەکانی کۆمەڵگە و بەتایبەت هەموو نەتەوە غەیرە فارسەکان پەراوێزخراون.

چوار دەیە ستەمی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی و ئایینی و کولتووری بەدژی هەموو پەراوێزخراوەکان، قەیرانی لەسەر قەیران لە ئێراندا کۆ کردووەتەوە و بازنەی ناوەند، واتە بەشدارانی دەسەڵات و گەندەڵی و ڕانتخۆری، تەسک و تەسکتر کراوەتەوە و تەنیا بەشدارانی خوانی خوێنن کە ئێستا لەگەڵ ڕاپەرین نین.

ئەم ڕاپەرینە بە ڕەمزی غەریبی، ڕاپەرینی پەراوێزخراوەکانە بە دژی دەسەڵات و فیکرێک کە خەڵک وەپەراوێز دەخا و بە خوێن، خوێن دادەپۆشێ. دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"، بە کۆدی "مەمکوژە غەریبم" دەکرێتەوە و دەبێتە شۆڕشێک کە چیدی سووکایەتی بە کەرامەتی هیچ مرۆڤێک قبووڵ ناکات. پێتەختی وڵات نابێ ببێتە شوێنێک کە تێیدا هەست بە غەریبی بکرێ، دەبێ کوردێک لە تاران بە ڕادەی فارسێک و تورکێکی ئازەری و بەلووچێک و تورکمەنێک بەشدار بن لە بڕیار و دەسەڵات و دارشتنی دوارۆژدا. سەردەمی غەریبی لەسەر خاکی خۆت کۆتایی پێ بێ. دەبێ ژیان بۆ خەڵک دابین بکرێ و لەبەر هەناسەیەکی پڕ لە چێژی مرۆڤانە لە دارستان و پارک و باخێکی وڵاتدا نەدرێنە بەر باتووم. دەبێ بە هەناسە ساردییەوە لە پاییزاندا ڕۆڵەکانیان ڕەوانەی قوتابخانە نەکەن. دەبێ ئازادی بریتی نەبێ لە ئازادیی هەڵبژاردن لە نێوان دوو دڕندەدا! بەڵکوو ئازادی سیمای ڕوانین و تێفکرین و هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان و ئیرادەی ئازد بڕیاردانی گەلان و نەتەوەکان بێ.

بۆیە ئەم شۆڕشە تەنیا ناوی دەسەڵاتداران ناگۆڕێ، بەڵکوو شۆڕشێکە لە دڵی کۆمەڵگەوە و دەبێتە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی کە بناخەکانی کۆمەڵگە دەگۆڕێ، ئیدی فارسێک ئەو ئیجازە بە خۆی نادا کە تۆمەتی جیاییخوازی لە کورد بدا، بەڵکوو بە شانازییەوە دروشمە کوردییەکە دەڵێتەوە و دەبێ خۆی دوور بگرێ لە فیکری شۆڤێنیستی. ئیدی کوردستان بۆتە سەرباشقەی ژیان و شۆڕش.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# بیاڤی گشتیی ئێران و هەڵسەنگاندنی دەوری ڕۆژاوا




**کەیوان درەوودی**

کاردانەوەی ڕەش و سپیی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەبارەی ژێست و لێدوانەکانی وڵاتانی ڕۆژاوایی، لەبارەی ڕووداوەکانی نێوخۆی ئێران، پاڵنەری ئەم وتارەیە کە تێیدا ڕۆشنایی دەخرێتە سەر بۆچوونە جیاوازەکان.

ئەوەی ڕاستی بێ جۆرێک لە دژایەتیی ڕۆژاوا لەنێو کەشی ڕووناکبیریی ئێرانیدا هەیە کە زاڵە بەسەر بۆچوونی بیاڤی گشتیدا و درێژکراوەی ئەم جۆرە لە دژبەری، کاریگەریی لەسەر بۆچوونی کۆمەڵە خەڵکێک لەم ڕۆژانەدا بووە. ئەم جۆرە لە دژبەری، خاوەنی هیچ جۆرە پاشخانێکی فیکری نییە و جگە لە پەلەقاژەیەک بۆ دەربازبوون لە دەستەمۆیی دامەزراوەیی و ئابووری و ئایدیۆلۆژییەک چیی تر نییە. چەقی ئەم جۆرە لە دژبەری، نۆستالژییەکە لە گەڕانەوەیەکی کتوپڕ بۆ هەیمەنەیەکی ساختە، کە لای وایە چەقی شارستانییەتی کۆن لە ئێراندا بووە و بۆ ژیاندنەوەی ئەم تەرمە، پێویستە لە پێشدا ئەویتری بۆ خۆسازی بەرز بکرێتەوە. ئەم ئەویترەش جگە لە عەرەبەکان و پێکهاتەکانی تری ناوچە، ڕۆژاواش دەگرێتەوە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لایەنگرانی ئەم دژبەرییە لەوپەڕی هەژاری لە گوتار و کرداردا، دەست بۆ گێڕانەوەیەک دەبەن کە سەروبنی لە بوونی شارستانییەتێکی بێوێنەوە سەرچاوە دەگرێ و کۆی ئەم شارستانییەتەش بریتییە لە کۆمەڵێ ئیدیعا. بەلای ئەوانەی تۆزقاڵێ تێگەیشتنیان لە ئیستبدادی ئێرانی هەیە، ڕوونە کە پاشاکان لەم جوغرافیایەدا بە درێژایی سەدان ساڵ خاوەنی ماڵ و گیانی خەڵکی ڕەشۆکی (رعیت) بوونە و هیچ گرێبەست و پەیمانێکی کۆمەڵایەتی لەو شارستانییەتە لەئارادا نەبووە. بۆ نموونە، هەرکات باس لە بشێوی و ئاژاوە لە گێڕانەوەی مێژوویی ئێران دەکرێ، بێگومان ڕاپەڕینی دژی دەسەڵاتداران کراوە کە بە جیاوازییەکی کەمەوە هاوشێوەی ڕاپەڕینی ئەم ڕۆژانەی سەرتاسەری لە ئێران بووە.

وەکی تر لە بەرانبەر ڕەشنوێنی و تۆمەتبارکردنی ڕەشۆکییەکاندا، بە بەردەوامی پێ لەسەر شیاویەتی و ڕەوایی دەسەڵاتی خانەدانی (دودمانی) دەگیرێ. ئەم ڕەواییەش خۆی لە ئوستوورە و ئەفسانە و گێڕانەوەی ساختەدا دەبینێتەوە. دیسان بۆ نموونە؛ هەڵگیرساندنی شەڕی زنجیرەیی لەتەک دراوسێکان بۆ پەرەپێدانی ناوچەی ئۆتۆریتەی دەسەڵاتی خانەدانی، بە پێوەری سەرەکیی ڕەوایەتی و شیاویەتی دادەنرێ کە ئەگەر ئەمە بنەما بێ، دەبێ ئاڵمانییەکان شانازی بە تاوانەکانی کیشەخسییەتیی هیتلێر و ئایدیۆلۆژیی نازیسم بکەن!

ئەم تێگەیشتنە وا دەکات کە ڕۆژاوا لە وڵاتانی جیاواز و فرەیی فەرهەنگی و سیاسیدا، دابەزێنرێن بۆ هەیکەلێکی ڕەش و دژبەر کە نابێ هیچ گومانی تێدا بکرێ و دەرفەتی هیچجۆرە کرانەوەیەک ناهێڵێتەوە. تەنانەت ئەگەر ڕۆژاواییەکان رووگەیەکی کردەیی و گوتاری بۆ لابردنی کۆماری ئیسلامی بگرنە بەر. هۆیەکەشی ئەوەیە کە وەک باس کرا، شارستانییەتی ئێرانی سەربەخۆ و پیرۆز و بێکەموکورتییە و ژیاندنەوەی بەندە بەوەی نکۆڵی لە هەرجۆرە تەعامولێک لەگەڵ مودێرنیتەی ڕۆژاوایی بکرێ.

ڕوانگەیەکی لەم چەشنە لە جیهانێکدا کە مرۆڤ سووژەی ئاوەزمەندە و لە کاتەگۆریی ڕەشۆکی دەرچووە و دەسەڵاتەکان لە پێگەی پیرۆزی داماڵێنراون، جگە لە تراویلکەیەک و وەنەوزێکی فیکری هیچی تر نییە. سڕینەوەی کاریگەریی ڕۆژاوا، کە ئایدیای سەرەکیی ئەم کەسانەیە، بابەتێک نییە کە بە ورووژاندن و دنەدان جێبەجێ بکرێ؛ بەڵکوو دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەریی تەکنۆلۆژی-مودێرنیتە و دامەزراوەی دەوڵەت و سیستەمی ئابووریی جیهانی و دارایی و .. کە ئەمانەش بە نکۆڵی، حاشا و چاوپۆشی ناسڕدرێنەوە.

بۆچوونی دووەم کە سپییە و دەکەوێتە بەرامبەری ئەم ئایدیایەوە، بە گەشبینییەکی تایبەتەوە دەڕوانێتە نەزمی هەنووکەیی و لای وایە ڕۆژاوا بەدوای پەرەسەندوویی و گەشەی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیی وڵاتانی دواکەوتوویە. بەشێ لە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لایەنگرانی ئەم بۆچوونە پێیان وایە ڕۆژاواییەکان سەقامگیرییەکی هەمەلایەنەیان دەوێ لەم ناوچەیە تا نەزمی هەنووکەیی پتەوتر بکرێ و بەشێکی تریان لایان وایە نەمانی سەرەڕۆیی و جێگیربوونی دەسەڵاتی ڕەوای خەڵکی، لە خۆیدا بە قازانجی ڕۆژاوایە. ئەمە لە کاتێکدایە کە لە نەزمی هەنووکەییدا، ئازادی و دادپەروەری بنەما نییە، بەڵکوو بەرژەوەندیی وڵاتان کۆڵەکەی سیاسەت دیاری دەکات. ڕوونیشە لە فەزایەکدا کە بەرژەوەندی یەکلاکەرەوەیە، پەرەسەندن و دێموکراتیزاسیۆنی وڵاتان هەر بەو ڕادەیە کە دەتوانێ قازانجی ڕۆژاوا دابین بکات، هەڕەشەیەکی جیدییە لەسەر هێژمۆنیی ئەوان. بەدیوێکی تردا لە ناوچەیەک کە پیشەسازی گەشە دەکات و لە هەمان کاتدا باری فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی بەرەو ئاشتەوایی دەچێ، بەستێنی بەستنەوەی بەرژەوەندیی دەرەکی بە مانەوەی دەسەڵاتی نارەوای نێوخۆی ئەو وڵاتانە لەبار ئەچێ. واتە، ئەگەر وڵاتێکی وەکوو ئێران، بەهۆی پێشکەوتنەوە، بەپێچەوانەی ئێستا و ڕابردوو بەرژەوەندیی خەڵک و وڵات لەبەر چاو بگرێ و سیاسەتی دەرەکیی بۆ دەسەڵاتی کەمینە تەرخان نەکات، دەتوانێ دەورێکی جیاواز لە پێشوو بگێڕێ.

جێگیربوونی بەرژەوەندیی گشتی لە ڕووگەی سیاسی، ئابووری و .. وڵاتێک، ئیمکانی پێملکردنی بۆ زلهێزەکان سەختتر دەکات. لێرەدا پێویستە ئەو جیاکارییە لەبەرچاو بگرین کە پرسگەلێکی وەکوو مافی مرۆڤ، لەگەڵ ئەوەی بەهایەکی گەردوونییە، بەڵام جێگیرکردنی لە هەر یەکەیەکی سیاسی، جوغرافیایی و کۆمەڵایەتی پێویستی بە گەشەسەندوویی هەمەلایەنەی نێوخۆیی هەیە، نەک پەیوەندی و سازانی دەرەکی! لە ئێستەدا وڵاتێکی وەکوو تورکیە و سعوودیە لەگەڵ ئەوەی هاوبەشی ڕۆژاوان، بەڵام لەڕووی نێوخۆییەوە قۆناغی گەشەسەندوویی هەمەلایەنەیان تێپەڕ نەکردووە و ئەوەش لە داخراویی سیستەمی سیاسیدا ڕەنگ ئەداتەوە. وەکیتر وڵاتێکی وەکوو ژاپۆن هاوکات کە هاوپەیمانێکی ئیستراتێژیکی ڕۆژاوایە، بەڵام خاوەنی پاشخانێکی دەوڵەمەندی نێوخۆییە لە کۆی گەشەکردندا.

هەربۆیە، بۆچوونی گەشبینی، ئەوەندەی کە دەتوانێ ڕێگە بۆ پەیوەندی بکاتەوە و باز بەسەر داخراوەیی و تەریککەوتەیی بدات، دەشێت بنپێی دەسەڵاتێکی سەرەڕۆ پتەوتر بکات و بیاڤی گشتی لە شانۆی سیاسی وەدەر بنێ. لەبەر ئەوەش، سەرەتا دەبێ جۆرێک لە کرانەوەی نێوخۆیی و بەشداریی سیاسی و کۆمەڵایەتیی گشتگیر بێتە کایەوە، تاکوو لە جێگیرکردنی بەرژەوەندیی گشتی لە کاروبار و سیاسەتی دەرەکیدا ڕەنگ بداتەوە. هەربۆیە بەستنەوەی چارەنووسی داهاتوو بە فاکتەری دەرەکی و چاوپۆشی لە مەترسییەکانی، وا دەکات کە دینامیزمی نێوخۆیی لەبەرچاو نەگیردرێ.

کەواتە، یەکەم ئەوەی کە خوێندنەوەی ڕەش و سپی، واتە ڕەشبینیی پەتی و لە هەمان کاتدا گەشبینیی پەتی بەرامبەر ڕۆژاوا لە کۆی خۆیدا، جۆرێکە لە دابەزاندن و هێنانەخوارێی ئاستی پرسێکی فرەلایەن و ئەمەش هەڵەتێگەیشتنێک لە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

گێڕانەوەی دۆخەکە دروست دەکات. لەڕاستیدا گەشەسەندوویی پێش لەوەی پەیوەندیی دەرەکی و خۆگونجاندن لەتەک جیهانی دەرەوە و بەتایبەتی ڕۆژاوا بێ، بابەتێکی نێوخۆیی کە لەلایەکەوە خاوەنداریەتیی بیاڤی گشتی بە مافی خەڵک بزانێ و لەلایەکی ترەوە ئەم ئیرادە گشتییە بە شانۆی سیاسی ببەستێتەوە تاکوو ڕێگری لە سازانێ بکرێ کە بە درێژایی سەدەی ڕابردوو لە ئێران پەیڕەو کراوە. وەکیتر هەر جۆرە بەستنەوەیەکی باری نێوخۆیی بە وڵاتانی تر بەتایبەت زلهێزەکان، جگە لەوەی دەسەڵات - بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەوایەتی و شیاویەتی- بە وڵاتانی تر دەبەستێتەوە و زەمینە بۆ درێژەپێدانی دیسپۆتیزم خۆش دەکات، هیچی تر نییە. هەر وەک چۆن ڕەشنوێنی و دژبەریی بێئەملاولا دەتوانێ ڕێخۆشکەر بێ بۆ ئەوەی هاوشێوەیەکی تری سیستەمی کۆماری ئیسلامی (بەبیانووی دژایەتیی ئەمپریالیزم) لە هەناوی ئەم فامکردنەوە لەدایک بێ.

هەربۆیە ئەسڵی تاقیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی هەڵوێست و ڕووگەی وڵاتان، ئەوەیە کە تا چ ڕادەیەک ڕێز لە بیاڤی گشتی و بەرژەوەندیی هەمەلایەنەی خەڵکی وڵاتێکی وەکوو ئێران، بە سەرجەم پێکهاتەکانیەوە دەگرن و ئامادەیی خۆیان بۆ پاڵپشتیی خەڵک لە قۆناغی تێپەڕاندنی خەڵکی ڕەشۆکییەوە بۆ هاووڵاتی ڕادەگەیەنن. بێگومان ئێرانی داهاتوو دەمڕاست و خاوەنی پێشوەختەی نییە و بەشداریی چالاکانەی سیاسی و دابەشکردنی ئەستوونی و ئاسۆیی دەسەڵات بەسەر پێکهاتەکاندا، تاقە ڕێگەی چەسپاندنی ئیرادەی هەمەلایەنەیە؛ ئیرادەیەک کە دەبێ ببێتە بەردی بناغەی سیاسەتی دەرەکی کە تەعبیر لە هەمان بەرژەوەندیی گشتی بکات.

بێگومان دانانی فورمووڵی پێکانی ئەم ئامانجە، جێی باس و مشتومڕە و دەکرێ لەسەری قسە بکرێ؛ وەکیتر هەر جۆرە هەڵوێست و ڕێکارێ کە وڵاتانی تر دەیگرنە پێش بەبێ ڕێزدانان بۆ ئەم واقیعە سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییە، کەڵکی ئەوەی نییە حسێبی تایبەتی لەسەر بکرێ و دەبێ لە ئێستەوە بەو پێوەرە هەڵسەنگاندن بۆ هاوبەشی و هاوپەیمانی بکرێ.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ژینا گیان تۆ نامری، ناوت ئەبێتە ڕەمز"



**سۆران عەلیپوور**

لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٢٨ی زایینی مامۆستایەکی ئایینی لە ناوچەکانی دەوروبەری سەردەشت ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەیەکی بەرەنگاریخوازانە دەکا دژ بە سیاسەتی شۆڤێنیستی یەکدەستکردن و یەکرەنگکردنی ڕەزاشای پەهلەوی. ئەو زانا ئایینییە مەلا خەلیلی گۆڕەمەری بووە و هۆکاری سەرەکیی ئەو ڕاپەرینەش بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان قەدەغەکردنی جلوبەرگی کوردی و سەپاندن و یەکدەستکردنی جلوبەرگێک بوو بۆ ئەوەی ڕەزاشا پێیوابێ کە بە سەپاندنی شێوازێکی دیاریکراوی جلوبەرگ نەتەوەیەکی یەکدەست و بەهێزی دروست کردبێ. لەوانەیە پێویست بە پرسیار نەکا کە ئەو سیاسەتە چەندە سەرکەوتوو بوو، خەڵکی ئێران هەم سیاسەتەکانی و هەم خودی پاشایەتیی ئەویشیان کرد بە بەشێک لە مێژوو. پارێزگاریکردن لە جلوبەرگی کوردی وەک بەشێک لە کولتوور و ناسنامە و نەکەوتنە ژێرباری سیاسەتی تواندنەوە و یەکخستنی ڕەزاشا، بەشێک بوو لە بزووتنەوەیەکی گەورەتر کە لە قۆناغ و ناوچەی جۆراوجۆری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا سەریان هەڵدەدا.

ئەو کورتە پێشەکییە بۆ ئەوەیە کە وێکچوونی نێوەرۆکی تۆتالیتاری دەوڵەت- نەتەوەی ڕەزاشا لەگەڵ نێوەرۆکی ئیدۆلۆژیکی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

پاوانخوازی کۆماری ئیسلامیدا لێک گرێ بدەینەوە. لە هەردووکیاندا یەکڕەنگکردن و یەکدەستکردن لە جلوبەرگ و کولتوور و زمانەوە دەست پێ دەکا تا دەگاتە سیاسەت و حوکمڕانی کردن. نەهادەکانی دەوڵەت چ ئیداری بن یا خزمەتگوزاری دەخرێنە خزمەت سیستمێکی چڕوپڕی چاودێریکردن، لە کۆنتێکستێکی ئەوهادا پۆلیسی مۆراڵ "گەشتی ئیرشاد" دەتوانێ ژینا بە تاوانی نەگونجان لە فۆرمی لەپێشدا دەستنیشانکراوی ئەواندا، قۆڵبەست بکا و پاش ئەشکەنجە و ئازاردان گیانیشی لێ بستێنن.

وەک چۆن قەدەغەکردنی جلوبەرگی کوردی تاکە هۆکاری سەرهەڵدانەکەی مەلاخەلیل نەبوو، بەهەمان شێوە کوشتنی ژینا و پرسی حیجابی زۆرەملێ تاکە هۆکاری ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان و ئێران نین، کۆمەڵگەی ئێرانی لەمێژە لە ناخی خۆیدا دەکوڵێ و وەک بۆمبێک ئامادەی تەقینەوەیە. ئەو کەسەی لە سەر کێلی ژینا نووسیویەتی: "ژینا گیان تۆ نامری، ناوت ئەبێتە ڕەمز" لەوانەیە هیچ کات پێشبینیی ئەوەی نەکردبێ کە ناوی ژینا سنووری سەقز و ڕۆژهەڵات تێپەڕ دەکا و دەبێ بە ناوێک کە لە ئاستی جیهانیدا ببێ بە ڕەمزێک بۆ خەبات و بەرەنگاری و ئازادیخوازی و سەرەتای ڕاپەڕینێکی گشتی دژ بە یەکێک لە دیکتاتۆرە هەر قێزەونەکانی سەردەم، بەڵام ئەگەر بە ڕێکەوتیش ئەو ڕستەیەی نووسیبێ، ڕەوتی ڕووداوەکان ڕاستی ئەو نووسراوەیان سەلماند.

نەوەیەکی لاو و تازەلاوی پڕلە وزە، خوێندەوار و وشیار لە ڕیزی پێشەوەی ئەو ڕاپەڕینەدان کە سەرەرای ئەوەی بە سیستمی پەروەردەی ئەو ڕێژیمە گەورە کراون، مەودایەکی زۆریان لەگەڵ بەها و پێوەرەکانی کۆماری ئیسلامی گرتووە. ئەو نەوەیە وشیارە بەوەی کە  کۆماری ئیسلامی لە چ قەیرانێکی حاکمییەتدایە و چۆن لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەییدا خراوەتە پەراوێزەوە. ئەوان ئاگادارن کە بە تاڵانبردنی سامانی وڵات و خەرجکردنی لە سیاسەتە ئەودیوو سنوورییەکانی ڕێژیمدا چۆن خەڵکی ئێرانی تووشی قەیرانی هەژاری، بێکاری و ئابوورییەکی لاوازی دارماو کردووە. کچان و ژنانی ئێران کە لە زانکۆکاندا ڕێژەی زۆرینەن، ئاگادارن لەوەی کە چۆن سیاسەتی هەڵاواردنی بنگەیی، ئەوانی لە بازاڕی کار و مەیدانە سیاسی، کولتووری و ئابوورییەکان دوور خستۆتەوە. هەموو ئەو هۆکارانە و هاوکات پێگەیشتوویی شعووری سیاسی لەو نەوەیەدا کە بەئاسانی توانای بەراوردکردن و هەڵسەنگاندنی هەیە ژنان و لاوان و چین و توێژەکانی دیکەی هێناوەتە سەر شەقام.

مانگێک بە سەر دەستپێکردنی خۆپێشاندانەکاندا تێپەڕیوە. ئەم ڕاپەڕینەی بە فڕێدانی پەچەی بەسەردا سەپێنراو و بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" لە کوردستانەوە دەستیان پێ کرد و هەر زوو ویستە ڕادیکاڵ و داخوازییە ڕاستەقینەکانی خەڵک لە دروشمەکانی دیکەدا کە جەوهەر و سیمبولەکانی کۆماری ئیسلامی دەکردە ئامانج، ڕەنگی دایەوە. خەڵک ڕووی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دروشمی لە ماهیيەت و بوونی ئەو ڕێژیمەیە و هەر سیمبۆلێک نوێنەرایەتیی ئەو حکومەتە بکا دەکرێتە ئامانج، لە پەیکەری خومەینیەوە تا بەسیجی و بەکرێگیراوانی ڕێژیم.

ئەگەر درێژەکێشان و چڕوپڕیی خۆپێشاندانەکان و بڵاوبوونەوەیان بە هەموو ئێراندا تایبەتمەندییەکی ئەو ڕاپەرینە بێ، ئەوا لە مەیداندا بوونی ژنان و کچان وەک بزوێنەر و پێشڕەو پێناسەیەکی دیکەی ئەو ڕاپەرینەیە. جیاواز لە بزووتنەوە نارەزایەتییەکانی دوو دەیەی پێشوو، هیچ باڵێکی ڕیفۆرمخواز یا کەسایەتییەکی ڕێفۆرمیست نەیتوانیوە مۆرکی خۆی بەو ڕاپەرینەوە بنێ و پێدەچێ بە یەکجاری سیناریۆی ڕێفۆرم لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا پێگەی خۆی لەدەست دابێ. نەبوونی ڕێبەرێکی دیاریکراو بۆ ئەو بزووتنەوەیە لە لایەکەوە کۆماری ئیسلامیی لە زوو کۆنترۆڵکردن و سستکردنی دەستەوەستان کردووە، و لە لایەکی دیکەشەوە شێوازێکی دیکەی لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان خستۆتە ڕوو کە پێویستی بە هیرارکییەکی ستوونیی نییە کە هێڵ و فەرمانی لێ وەربگرێ، بەڵکوو ویست و دروشمێکی یەکگرتوو لەنێو پێکهاتە جیاوازەکاندا هەیە کە ڕێبەریی ڕاپەرینەکەیان بە شێوەیەکی ئاسۆیی بەسەر هەمووواندا دابەش کردووە.

یەکگرتوویی و هاودەنگییەک لە دەوری دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"دا هەیە کە وایکردووە نەتەوە و پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی ئێرانی بێئەوەی ترسیان لە لەدەستدانی داخوازییە سیاسییەکان یا ئەجێندای سیاسیی خۆیان هەبێ، ئەو دروشمە بە ئی خۆیان بزانن، ئەوە بەو مانایە نییە کە کوردەکان یان پێکهاتەیەکی دیکەی ئەو کۆمەڵگەیە پشت لە داوا ئێتنیکی و ویستە سیاسیەکانی خۆیان بکەن، ئەو قۆناغە پێویستی بە یەکدەنگییەک هەیە، پێویستی بە فۆرمی تازەی سیاسەت کردن و مامەڵەکردن هەیە کە بتوانێ هەم لە ئاستێکی بەرفراوانی گوتاریدا و لەگەڵ هەموو پێکهاتە سیاسی و ئێتنیەکانی دیکە برەوەی پێ بدا، هەم بتوانێ پەرچەمی داخوازییە لۆکاڵییەکانیش شەکاوە ڕاگرێ. بۆ وەبیر هێنانەوەش بێ گرینگە بزانین کە کوردەکان لەمێژە مافەکانی خۆیان و گەیشتن بەو مافانەیان بە هەبوونی دێموکراسی لە ناوەند و هەموو ئێراندا گرێ داوە، بۆیە ناکرێ هەموو بەرپرسایەتیی پاراستنی ئەو گوتارە هاوبەشە بە تەنیا بخرێتە سەر نەتەوەیەک کە لەمێژە نیازپاکیی خۆی لەو بوارەدا سەلماندووە و قوربانیشی بۆ داوە.

بێئەوەی پێشبینی درێژەدانی ئەو ڕاپەرینە بکەین، دەتوانین بڵێین ئەوەی کە تا ئێستا سەرکەوتوو بووە بەرەی خەڵکە، کۆماری ئیسلامی نە ستراتیژییەکی یەکدەست و کاریگەری هەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی خۆپێشاندانەکان و نە لە ڕێگەی بەڵێن و وادەکانیشیەوە توانیویەتی ڕەوتی ڕووداوەکان بەلاڕێدا ببا. ئەوە بەرپرسایەتییەکی زیاتر و قورستر دەخاتە سەر بەرەی ئۆرگانیزەکراوی ئۆپۆزیسیۆن و چاوەڕوانییەکان لە نێوخۆ و دەرەوە زیاتر دەکا.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" لە پاوانی کەسدا نییە!




د. کامران ئەمین‌ئاوە

یەکێک لە ئامرازەکانی ڕاکێشانی جەماوەری خەڵک بۆ نێو نارەزایەتییەکانی دژ بە دیکتاتۆریی، هەڵبژاردنی دروشمی دروستە لە ساتەوەختی گونجاودا. لە مانگی خەرمانانی ئەمساڵدا، دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" دوای ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی نەمر ژینا ئەمینی لە سەقز، دەستبەجێ هەموو شارەکانی ئێرانی تەنییەوە و گەیشتە ئەودیوی سنوورەکانیش. ژنانی ئێران وێڕای تاقەتهێنانی ئازار و مەینەتی هاوبەش بۆ هەموو گەلانی ئێران، هاوکات ڕووبەڕووی دوو هێندە ئازار و ستەمێکن کە پێوەندی ڕاستەوخۆی بە ڕەگەزەکەیانەوە هەیە، واتە ژنبوونیان. کۆماری ئیسلامیی وێرای دەستێوەردان لە هەموو بوارەکانی ژیانی خەڵک بەگشتی و، ژیانی ژنان بە تایبەتی، ئەوانی لە سەرەتایترین ماف و ئازادی تاکەکەسی وەکو هەبوونی مافی جەستە و لەبەرکردنی جلوبەرگ بێبەش کردووە، سووکایەتیی پێ کردوون و، هەرێمی خۆیی ئەوانی پێشێل کردوە. هەر لەبەر ئەوەش لەم ماوەیەدا، دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" بهپێی هەستیاری بە ستەمی ڕەگەزیی نیوەی کۆمەڵگە، بوو بە دروشمێکی گشتگیر و کۆکەرەوە لە بزووتنەوەی بەرهەڵستیی کچان و کوڕان و، ژنان و پیاوانی ئێران لەسەر شەقامەکان.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

نێوەڕۆکی هەموو دروشمێک بێ لەبەرچاوگرتنی شێوەی شکڵگرتن و بەسەر زمان کەوتنی، دەکرێ لە لایەن بیسەر و خوێنەری بە شێوەی جۆراوجۆر لێک بدرێتەوە یا تێگەیشتنی جیاوازی لێ بکەوێتەوە. ئەم پرسە، تێگەیشتن لە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"یش لەخۆدەگرێت.

سەبارەت بە مێژووی ئەم دروشمە بۆچوونێکی هاوبەش نییە، هەندێک پێوەندیی دەدەن بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوانەی ژنانی کوردی تورکیە لە ساڵی ١٩٨٧ و دواتر و بە مانگرتنی "دایکانی شەممە" لە ئەستەمبوڵ لە کاتی ناڕەزایییەتی دەربڕین لە بزربوونی منداڵەکانیان . کەسانێکیش پێیان وایە درووشمەکە لە عەبدوڵڵا ئۆجەلان ڕێبەری بەندکراوی پارتی کرێکارانی کوردستانەوە سەری هەڵداوە؛ هەندێک کەسیش ئەم چەشنە ئەگەرانە بە تەواوەتی ڕەت دەکەنەوە.

ئەوەی ڕوونە، ئەم دروشمە زۆرتر لەم ساڵانەی دواییدا و، بە تایبەت لە پێوەندیی لەگەڵ بەرخۆدانی شاری کۆبانی لە ڕۆژئاوای کوردستان، کە ژنان و شەڕڤانانی بوێری کورد بە سەرکردایەتی "یەکینەکانی پاراستنی گەل" لە شەڕی دژ بە هێزە هەتا ددان چەکدارکراوەکانی داعش حەماسەیان خوڵقاند، بەرز بۆتەوە، هەتا ئەو جێگایەی لە فیلمی "کچانی خۆر"دا کە هونەرمەندی بەناوبانگی ئێرانی خاتوو گۆڵشیفتە فەراهانی ڕۆڵی سەرەکی تێدا گێڕا، ڕەنگدانەوەی بووە.

ئەم دروشمە و زۆر دروشمی دیکە وەک "نان، ماڵ، ئازادی" لەو هەلومەرجەیدا کە ڕەنگدانەوەی خواستی ئەو ساتە بوون، لە شوێنی جوغرافیای سەرچاوەگرتنیان تێپەڕیوون و ڕەنگدانەوەیان لە ئاستی جیهاندا بووە. لە ڕاستیدا پەرەسەندن و جەماوەری بوونی سەرکەوتووانەی دروشمێک پێوەندی بە بوونی بەستێنی شیاو لە کۆمەڵگەدا هەیە. دروشمێک لە شوێنێکدا بەر و بەرهەمی دەبێ کە پاشخانی پێویست بۆ وەدیهێنانی تەیار کرابێ. جیهانیبوونی دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" دوای ناشتنی تەرمی نەمر ژینا ئەمینی، نموونەیەکی بەرچاوی ئەم ڕاستییەیە.

لە ڕاستیدا، هەموو ئەو زەمینە عەینی و زەینیانەی کە پێویستن بۆ جەماوەریبوونی ئەم دروشمە، لە کۆمەڵگەی ئێراندا ئامادە بوون. سەرکوتی بەردەوام و ٤٠ ساڵەی ژنان لە ڕێژیمی ئیسلامی، کوشتنی قێزەونی ژینا ئەمینی و خۆڕاگری بنەماڵەی خەمباری ئەو لە بەرامبەر گوشاری هێزە سەرکوتکەرەکان بۆ ناشتنی نهێنی کچەکەیان و، بەشداریی بەرفراوانی ژنان و پیاوانی ئازادیخوازی سەقز و دەوروبەر لە ڕێوڕەسمی ناشتنیدا، مێژووی خەباتی دژە حکوومەتیی لە کوردستانی ئێران و ڕۆڵی بەرچاوی حیزبە کوردستانییەکان لە ڕێکخستنی خەباتە مەدەنییەکانی خەڵک، پێشینەی چەندین مانگرتنی سەرکەوتوو لە کوردستان بە بانگەوازی ئەو حیزبانە، گەشەکردنی خەباتی مەدەنی و بەرگری لە مافی مرۆڤ لە کوردستان و، هێنانە ئارای بەووەختی ئەم دروشمە لەلایەن یەکێک لە بەشداربووانی ئەم ڕێوڕەسمە، توانی بە پێی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

گونجاوبوونی لەگەڵ بارودۆخی عەینی و زەینی ئەم ساتەوەختە، لە کورتخایەندا سنوورەکانی شاری سەقز و ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێپەڕێنێ و لە لایەن میلیۆنان مرۆڤی ئازادیخواز لە ئێران و جیهان پێشوازیی لێبکرێ.

بێگومان ئەو کەسەی بۆ هەوەڵ کەرەت لە تورکیا ئەم درووشمەی گەڵاڵە کرد و، ئەوەی بۆ یەکەم جار لە ڕێورەسمی ناشتنی نەمر ژینا هێنایە ئاراوە، دەتوانن شانازیی بەوە بکەن کە ئەم دروشمە نەخشێکی شیاوی لە ووروژاندنی بزووتنەوەیەکی ئاوا گشتگیردا بووە. بەڵام، بڵێی ئەوە بەم مانایە بێ کە ئەو حیزب یان کەسانەی داهێنەری سەرەتایی ئەم درووشمە بوون ڕۆڵی سەرەکییان لە ڕووداوەکانی ئەم دواییەی کوردستاندا گێرابێ؟ و مافی پاوانکاریی و خاوەنداریەتی ئەم دروشمەیان هەبێ؟! یاخود بە لەبەرچاوگرتنی ڕۆڵی گرینگی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران و حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کاتی ڕووداوەکانی ئەم دواییەدا و بە تایبەت بەرخۆدانی بێهاوتای خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نکۆڵی لە سەرچاوە، یاخود یەکەم داهێنەری ئەم دروشمە بکرێ کە بۆ ساڵانی دەیەی هەشتای سەدەی ڕابردوو لە تورکیە دەگەڕێتەوە؟ وەڵامی هەردوو پرسیارەکە نەرێنییە!

جەماوەریی بوونی دروشمی ڕاگەیەندراوە لە لایەن کەس یا حیزب و گرووپێک مافی پاوانکاریی و خاوەنداریەتی دروشمەکەیان پێ نادات. چونکە ڕەنگدانەوە و جەماوەریی بوونی دروشمێک لەنێو خەڵکدا، لەکردەوەدا ئەم دروشمە لە خاوەنداریەتی حیزب و کەسی داهێنەری دەهێنێتە دەرێ و دەیکاتە موڵکی جەماوەرێک کە ویست و پێداویستییەکانی خۆیان تێدا دەبینن و زۆربەیان هیچ زانیارییەکیان لەسەر داهێنەرەکەی نییە و، لەودەچێ کێشەی فیکریی ئەوانیش هەر نەبێ! لە لایەکی دیکەشەوە ناکری لەبەر بەرژەوەندی یاخود ڕکەبەرکێی تاکەکەسی یان حیزبی نکۆڵی لە مێژوو و سەرچاوەی سەرهەڵدانی دروشمێک بکرێ.

بەم پێیە، ڕاکێشانی بیر و سەرنجی خەڵک لە فەزای مەجازی بۆ ئەم جۆرە پرسانە، نەخشاندنی درۆیینی دەوور و خۆگەورەنیشاندانێک کە جاروبار دەکێشرێتە نێو فەزای مەجازی و دەزگا بڵاوکردنەوە گشتییەکانی پڕبینەریش، تەنیا دەبێتە هۆی بەلاڕێدا بردنی بیری خەڵک لە پرسە سەرکییەکان، کە هەمان هاودەنگی و یەکیەتی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی هاوبەش و گشتگیر، گۆڕانکاریی کۆمەڵگە و ڕووخاندنی حکومەتی ئیسلامیی ئێرانە.

خەڵکی ئێران لەم قۆناغە هەستیار و چارەنووسسازەدا، بە دوور لە هەر جۆرە جیاوازییەکی ئایدۆلۆژی - نەتەوەیی و، بەبێ هەبوونی سەرکردایەتییەکی دیار، بە دەربڕینی دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" بۆ گەیشتن بە دیموکراسی، ئازادی و مافە پێشێلکراوەکانیان لە ئێران تێدەکۆشن. ئەوەشمان لەبەر چاو بێ، بۆ یەکەمجار لە مێژووی پتر لە ٤٠ ساڵ دەسەڵاتی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کۆماری ئیسلامی ئێراندا، ئێرانییەکانی دەرەوەی وڵات لە تەواوی جیهان، بە شێوەیەکی بەرفراوان پشتگیری لەم ڕاپەڕینە دەکەن.

بۆیە وروژاندنی بابەتگەلێک کە دەتوانێ زیان بەم یەکیەتییە بگەیەنێ، هیچ سوودێکی بۆ بزووتنەوەی جەماوەری لە ئێران نابێ.

---

## ژن، ژیان، ئازادی(لە هەناوی وێژە و فۆلکلۆری کوردییەوە)



**شاڕوخ حەسەنزادە**

لە وێژەی کوردیدا، ئەدەبیاتی زارەکی و فۆلکلۆر لەو چەمکە هەرە پڕبایەخ و گرنگانەن کە بۆشایی نەبوونی ئەدەبیاتی نڤیسیارییان پڕ کردۆتەوە و وەک بەڵگە بۆمان ماونەتەوە.

بێفیز، ڕەوان و خۆماڵیبوون، دوورەپەرێزی لە بگرە و بەردەی یاسا و ڕێسای وێژەیی و زانستی، فولکلۆر؛ وەک هەموو دابونەریت و شێوازی کاروچالاکی و ژیان و ژینی نەتەوەکان پێناسە دەکا.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لە بنەڕەتدا ئەم دەقانەی بە دەم دەگوترێنەوە و دەبنە ئەدەبی زارەکی کە، ئاکامی خۆڵقانی کاتییە. لەم بارەیەوە "ئاندرە یۆلیس" دەڵێ: ڕواڵەتی ئەدەبییاتی زارەکی بەرهەمی ساکاری و کاتێکە نەخوازراو لە زمانی چرین بەو پەڕی خۆی دەگا، لە لایەکی دیکە دەق و نێوەڕۆکی وێژەی کتێبی یان نڤیسیاری، بەو ڕێسایانەی هەیەتی ئاکامی خوڵقانی ئاگاهانەیە. "واسیلی نیکیتین" بە دابەشکردنی دیرۆکی هەر گەلێک بە دووبەشی دەرهەست و بەرهەست دەنووسێ: لە پەنا مێژووی زەینی کۆمەڵێک لە ڕاستییەکانیش بوونیان هەیە کە چۆنیەتیی زاتی و کەسایەتیی ئەو گەلە لە باوەڕە ئایینییەکان و ئەدەبیاتی دردەکەوێ، ئەمە هەر ئەو مێژوو دەرهەستەیە". ماکسیم گورکی لەسەر ئەو باوەڕەیە: بناخە و ڕەگی وێژە و ئەدەب لەسەر فولکلۆر هەڵچنراوە. مرۆڤی کورد بۆ وەدەستهێنانی هزر و ئاواتەکانی، کەموکوڕی، شادی و شاییەکانی و بایەخ و بەها کۆمەڵایەتییەکان پەنای بردۆتە بەر جۆرێک هونەری زارەکی کە کوڵی دڵی خۆی پێ هەڵڕشتووە، زۆر جار ئەو خەیاڵ و چیرۆکانە وەک ئەفسانەیان لێ هاتووە یا کردوویانتە چیرۆکی خەیاڵی و لە چوارچێوەی بەیتدا گوتویانەتەوە.

ئەو کەس یا کەسانەی کە وا پارێزەرانی فولکلوری نەتەوەی خۆیان بەتایبەت لە بواری ئەدەبییاتی زارەکی کە چیرۆک، پەند، بەیت و شێعر، لایەنێک لەو بەشەیە زۆر لە کۆنەوە (پێش دیرۆک)فرە بە لێزانی و شارەزایانە هێزی لەبەرکردنیان هەبووە و بە بەشداریی خولی ڕاهێنانی تایبەت توانیویانە ببنە مامۆستا و سینگیان بۆتە هەوری و ئەو بەیت و باوانەیان هەڵمژیوە. بۆ وێنە ئەو سەدان بەیت و لاوک و هۆرە و چەمەری و حەیرانانەی دوای چەندین سەدە سینگ بە سینگ لە هەناوی ڕاستەقینەی بیروبۆچوون و هەست و نەستی کۆمەڵگەی کوردییەوە هاتووە نیشاندەری چۆنیەتیی ڕوانینی ئەوان بۆ ژیان و دیاردەکانی کۆمەڵگە بووە.

ئەگەر بەیت وەک ڕێوایەتێک یان جۆرێ حیکایەت لە زاری خۆشخانی کورد چاو لێ بکەین لەگەڵ گۆشەنیگایەک ڕووبەڕووین کە بەیتبێژ ڕووداوێکی ناوەوەی زەمان و شوێنی ڕەچاو کردووە ڕاگواستنی ماکە ئەفسانەییەکان لە ئەدەبی زارەکیی بەیتدا، یان بڵێین پەلکێشکردنی پڕ پچڕی نەریتە فۆلکلۆرە کوردییەکان بۆ ڕۆخ سەرچاوەیەکی پیرۆز یان مۆرکردنی ڕاستەقینەی ژیانی کۆمەڵ بەڕەنگی دیاردەیەکی پیرۆز لە بێچمێکی ڕەمزاویی بەدەر هەستی بۆ زەمان ومەکانێکی نەناسراو، جیهانێکی مانا دەئافرێنێ کە لەم جیهانە مانایییەدا ڕوخساری ڕاستیی خۆیان دەردەخەن. وەک لە بەیتی مەم و زین، لاس و خەزاڵ، شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی، ژنانی قەڵای دمدم و... بەرچاو دەکەوێ.

ئەگە زۆر بەکورتی هەڵوێستەیەک لەسەر بەیتی مێژوویی مەم و زین بکەم و شرۆڤەیەکی کورت لە پێگەی ژن لەم دەقەدا بکەم دەبێ ڕوانینی واقعگەرایی بگرینە بەر. ڕیالیزمی گێڕانەوەیی بەیتی مەم و زین هەر لە سەرەتاوە و چەند بەشێکی لە ڕاوێژ و زمانی بەیت بێژەوە تووشی دەرهەست بوونەوەیەکی نائاسایی دەبێتەوە بە تایبەت لەو جێگەیەدا کە ژنەپەری بە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

پەیژەی ئاهەنگ ڕیوایەت دەکرێ؛ لێرەدایە کە زەینی مرۆڤی کورد سەر قاڵی خەیاڵێکی گوماناوی و دوو جۆرەکی و دوالیزم دەبێ. واتا زەین لە مرۆڤێکی ئاسایی بۆ هێمایەکی دەرهەستی دەچی کە ئەمەش خۆی لە ژندا دەبینێتەوە کە ئاخۆ ئەمە ژنە یان پەری حاسمانی:!

"خوشکی گەورە دووبارە گوتی بە خوشکانە:

خوشکی ئەزت ببم بە قوربانە!

ئەمن جارێکی دەگەڵ پەرییان چومە ڕاوێ چل شەووچل ڕۆژانە،

لە پەرییان هەڵدەبڕام لە منی کردەوە کرێوەوبۆرانە،

ڕێم سەرەودەر نەدەکرد کەوتمە شاری جزیری و بۆتانە،

لەسەر کۆشکی یایەزینێ دەبووم میوانە،

دەبووم بە کۆترێکی شین دەکونی پەنجەراندا هەڵدەنیشتم لەسەر دەلاقانە"...

سێ نیشانەی گرینگ لەم بەیتەدا دەکەونە بەر تیشکی ئاوەز: یەکەم نیشانەی مرۆڤێکی ئاسایی کە بە وشەی "خوشک" پێناسە دەکرێ. دووهەم نیشانە "پەری"یە کە زەین لە مرۆڤێکی ئاسایی بەرەوژوورتر دەبات، یانی سەرنجی زەین لە زەوییەوە بۆ ئاسمان ڕادەکێشرێ. سێهەم نیشانە کە خێرا گۆڕانی بەسەر دادێ پەرییە دەبێتە کۆتر و ئەم گۆڕانە پرتاوە کە لە نێوان دوو جیهانی ئاسایی و باڵادەست بۆ دیاردەکان ڕیوایەت دەکرێ شێوە ڕەوتێکی نەحجماو و بازنەیی بۆ زەین دەستەبەر دەکات. هەڵبەت لێرەشدا دەلاقە و پەنجەرە وەک هێمایەک بۆ ماڵ و ژیان پێناسەی بۆ دەکرێ کە لە کۆتاییدا ژن و ژیان پێک دەگەن و ئازادانە دەگەڕێنەوە باوەشی یەکتر.

یایەزین وەکو ژن بە ڕووداوگەلێکی خەیاڵی وێنا دەکرێ دواتر سیمای ژن لە درێژەی بەیتدا بەرەورووی ڕاستی هێورتر دەبێتەوە، هەرچەند لە چەند شوێنێکدا خەیاڵێکی ناسک دێتە بەرچاو بۆ وێنە لەم شوێنە کە یایەزین بە کەزییەکانی مەم لە چاڵ یان زیندان هەڵدەکێشی کە ئەمەش هێمای هاوکاری و پشتیوانیی ژن و ڕزگاریدەریەتی، لە بەرامبەریشدا لە بەیتی لاس و خەزاڵ، لاس بۆ هێنانی گوڵی شۆڕان دەچێتە چل پلەی عومانێ؛ ئەمە هێمای خۆشەویستی و پێکەوە بوونی فیداکارانەی ژن و پیاو بۆ ژیان لە کولتوور و فۆلکلۆری کوردیدایە کە بەردەوام ژیان و ئازادیی ژن و داخوازییەکانی پاتە دەبنەوە و دانی پێدانراوە.

ژن، لە فولکلۆر و دابونەریتی کوردی و گەلانی دەوروپشتی مێزۆپۆتامیا و زۆر دواتر لە یوناندا بە درێژای مێژووی هەزاران



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ساڵە هەردەم وەک فاکتێک لە مەزنایەتی، ئازادی، سەرچاوەی ژین، دایک، خوشک و هاوژین بووە. گەورەیی ژن هەر لە قسەی ڕۆژانەشدا خۆی دەردەخا کاتێک ڕەگەزی ژن هەمیشە بەر لە مێر ناوی دێت (ژن و پیاو، کچ و کوڕ، بووک و زاوا، دایک و باوک، خوشک و برا) ئەمە بۆ سەردەمی ژنخوایی و دایکسالاری دەگەڕێتەوە کە ئێستاش وەک زۆر دیاردەی دیکەی تابوو لە ژیانماندا بە پیرۆزی ماوەتەوە (پیرۆزیی ئاگر و دیاردەکانی ئاسمان). هەڵبەت لە قۆناغەکانی مێژوویيدا و لەسەردەمی بەرلە مەدەنییەت و پۆرتۆ سڤیل هەتا کشتوکاڵ و چاخی بەردینی نوێ، تا دەگاتە ژیاری شاردەوڵەتەکان و جۆرێک سیستەمی سیاسی حکوومەتی و ژیانی شارنشینی ژن مەزن و جێگای ڕێز بووە (تاتوخیپا-دادەخیپای "میتانی" هەتا ماە شەرەف خانی ئەردەڵان-مەستوورە، مینا خانمی قازی، حەپسەخانی نەقیب، عادلەخان، دایکە فەیزوڵلا بەگییان و...) کە ئەمە ئێستاش لەنێو زۆربەی کورداندا دەبینرێ بەتایبەت ئەو ژنانەی هاوژین یان کوڕ یان لە بنەماڵەیەکی ناسراو بوونە یان خەباتکاری گەلەکەیان بوون، تەنانەت ئاشتی و مەسڵەتیان کردووە و نازناوی وەک شێرەژن، گەورەژن بۆ ئەو ژنانە دانراوە کە کۆمەڵگە ڕێزی لێ گرتوون. جا ماڵیش کە هێمای ژیانە هەر بۆ ژن بەکار هاتووە، واتە ئەگەر ماڵێک مەزن بووە و بە گەورە ماڵ ناوبانگی دەرکردبێ هی ژنەکە بووە یان لە پەندی کوردیدا دەگوترێ: ژن وەستایە و پیاویش کرێکار، ئەگە ژن بکەن بە کوێخا و سالار مەڕ ئەبڕێتەوە ساڵێ شەش حەوت جار، یان ژن وەک قەڵایە یان وەک کۆڵەکەی ماڵ پێناسە کراوە، بۆ بەرامبەری ژن و پیاویش گوتراوە ژن و پیاو جلوبەرگی یەکترن. هەموو ئەو باسە دەرخەری ئەوەیە کە ژن لە کۆمەڵگەی کوردیدا خاوەن پلە و قۆناغێکی بەرز و ڕێزدارانە بووە هەڵبەت جگە لەو سەردەمانەی ئایدۆلۆژی و ئۆل و ئایین بە خەستی بەسەر کۆمەڵگەی بەتایبەت نەریتیدا باریوە و بۆتە کۆسپ و مەتاڵ و زی لە هەمبەر پێشکەوتن یان وەدەست هێنانەوەی پلەی پێشووی خۆی وەک ژن کە ئەمە حاشا هەڵنەگرە. هەربۆیە زۆرێک لە شاعیران و هونەرانی کورد بەشێک لە هۆنراوەکانییان لە وەسفی مەقامی ژن دابووە(هێمن، هەژار، جەلیزادە، بێکەس و...) هێمنی نەمر بۆ وەدەست هێنانەوەی پلە و پۆستی ژن بۆ جێگای ڕاستەقینەی خۆی لە شێعری "یادگاری شیرین" لە سەرەتای دامەرزانی کۆماری کوردستاندا شێعرێک دهۆنێتەوە و لە چەند بەیتدا دەڵێ:

با هەزار (زێ) و (گادەر) و (لاوێنی) ڕوونیشمان هەبێ
تاکو ژن ئازاد نەبێ، سەرچاوەکەی ژین لیخنە
کۆیلەتی باوی نەماوە، کیژی کوردی خۆشەویست!
ڕاپەڕە، هەستە لە خەو، ئاخر چ وەختی خەوتنە؟

**ئەمە میناکێکی بۆ دەستپێکی ژن، ژیان و ئازادی.**

بە چەشنەک ڕوانینی نەریتی بەڵام ڕێزدارانە بەبێ ژن، ژیان مانای نییە و ژنیش لانیکەم لە چەند چاخ و سەردەمدا نەک



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەر ئازاد بووە بەڵکوو بڕیاربەدەست و دەستەڵاتدار بووە.

بەڵام بە ڕووانی درووشمی ئەمڕۆی، ژن، ژیان، ئازادی، ژن وەک هێمای ژیانێک کە ئیتر لێرەدا ژیان لەژێر سێبەری ئایدۆلۆژیای کۆماری ئیسلامی ئێراندا کە بە قەیرانی ئاڵۆزاویی سیاسی، ئابووریی، کۆمەڵایەتی گلاوە و هیچ مانایەکی نەماوە دەبێتە درووشمێکی ساکار لە ئاخاوتن بەڵام پڕنێوەڕۆک لە مانا، واتە گەل هاوار و ڕابوونی ژیانێک دەکات پڕ بە باڵای مەقامی مرۆڤایەتی و شیاوی تاکی کورد و هەموو گەلانی چەوساوەی ئێران، ئازادیش هەمەن ئەو ویست و داخوازییەیە کە سەدان ساڵە کورد لە پێناویدا تێکۆشاوە و باجی قورسی بۆ داوە. ئەگە ئەم هۆتاقە پێشتریش پاتە ببووبێتەوە و هەر کەس و لایەنێک باسی کردبێ ژیرانە و ئاوارتە بووە و هەنووکە گەلانی چەوساوە ئێران لە کولتوور و کەلەپووری کەونی قۆجی و لە هۆنراوە و ئاخاوتنی زارەکی کورد بە وامی وەرگرتووە وەک زۆر وشە و وێژە و دیاردەیەکی دیکە کە زمانەکان و کولتوورەکان لە یەکتری وەردەگرن و کاری پێ دەکەن بووەتە وێژمانێکی ئازادیخوازانە و تەنانەت لە ڕۆژئاواش دوای بۆچوونەکانی سیمۆن دۆبوار کە هەموو کەڵکەڵەی ئاوەزی ئەوەبوو کە بڵێ "من ژنم" و "مرۆڤ وەک ژن لەدایک نابێ بەڵکوو دەبێتە ژن"، وەک فاکتەری سەرەکیی ئەم سەرهەڵدان و ڕابوونە پێناسەی بۆ دەکرێ.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# نەوەی Z و شۆڕش



ئەلبورز ڕۆئین تەن

لاو بوون و شۆڕشگێڕبوون و ویستی ڕادیکاڵ لە دەق و ئەدەبییاتی شۆڕشدا باسی لە سەرکراوە و لە هەموو شۆڕشەکانیشدا ئەو نەوەیە ڕۆڵی تایبەت دەگێڕن، ئەو بابەتە لە شۆڕشی ئێستاشدا بەڕوونی دەبیندرێ کە چۆن لاوەکان بەشێکی گرینگی خەباتی نەتەوەکەمانن بۆ بەرەو پێشبردنی سەرهەڵدان، تەنانەت بەشی هەرە زۆری قوربانییانی ئەو شۆڕشەش لاوەکانن. بەڵام گرینگتر لە بەشداریی لاوەکان بەشداریی مێردمنداڵانە، کە بە یەکێک لە بەرچاوترین تایبەتمەندییەکانی سەرهەڵدانی ئەمجارە هەژمار دەکرێ. بەشداریی قوتابیانی قوتابخانەکانی ناوەندی و دواناوەندی کە توانیویانە لە چەند ئاستدا پشتیوانێکی بەهێز بن بۆ ئەو سەرهەڵدانە، ئەوان بە دڕاندنی وێنەی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی و بەشداری لە مانگرتن و تەنانەت بەردەوامی‌پێدانی خۆپێشاندانەکان خۆیان نیشان دا و کاریگەرییەکی زۆریان بە سەر ڕەوتی شۆڕشی ئەمجارەدا هەبووە.

ئەو توێژە کە لە زمانی فارسیدا زیاتر بە "دەیە هەشتاییەکان" دەناسرێن وێڕای ئەوەی کە بوونەتە جێگای سەرسووڕمانی زۆربەی خەڵک و توێژەران لە کۆمەڵگەی ئێراندا، بەدەر لەو چاوەڕوانییەی کە لەوان دەکرا، بە بەشداریی چالاکانەیان لە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

شۆڕشدا، وێڕای زیندووکردنەوەی هیوا زۆر پەیامی ڕوونیشی بە ڕێژیم و خەڵک دا، بەڵام بۆ تێگەیشتنی زیاتر لەو بابەتە پێویستە خوێندنەوەیەکی نوێمان هەبێ بۆ ئەو توێژە، ئەو خوێندنەوەش تەنیا تایبەت نییە بە نەوەی مێردمنداڵ و لاوی کۆمەڵگەی کوردستان و ئێران بەڵکوو پەیوەندی بە هەموو دونیا هەیە، چونکە ئەو نەوەیە لە لێکۆلینەوە زانستی و کۆمەڵناسییەکاندا بە نەوەی Z دەناسرێت و زۆر جیاواز دەردەکەوێت.

### نەوەی Z بە کێ دەگووترێ؟

بە گوێرەی ئەو دابەشکارییەی کە بەگوێرەی سەردەمی لەدایکبوونی نەوەکان دەکرێت بەوانەی کە لەنێوان ساڵەکانی ١٩٩٦ تا ٢٠١٠ لەدایک بوون، نەوەی Z دەگوترێ. بەوانەی پێش ئەو ماوەیەش لەدایک بوون ئەلفا و ئەوانەی پێشتر بە نەوەی x ناو دەبرێن. ئەو نەوەیە بە تایبەتی ئەوانەی دوای هەزارەی نوێ لەدایک بوون و ڕووداوەکانی یازدەی سپتامبێریان لەبیر نییە و لەگەڵ پێشکەوتنەکانی دونیای ئینتێرنێت و تەکنۆلۆژیا و شۆڕشی گواستنەوەی زانیاری گەورە بوون، بەهۆی هەبوونی پەیوەندییەکی توندوتۆڵ کە لەگەڵ تەکنۆلۆژی و بەرهەمەکانی و هەروەها دەست وێڕاگەیشتنییان بە ئینتێرنێت هەیە، پەروەردەیەکی جیاواز لە نەوەکانی پێشتریان هەیە کە تەنیا لە ڕێگەی بنەماڵە و دەوروبەریانەوە پێ گەیشتبوون. ئەو نەوەیە دەبنە خاوەنی هەندێک تایبەتمەندیی جیاواز کە لە زۆر ڕووەوە وێڕای ئەوەی سەرنجڕاکێشن، بووەتە هۆی دروستبوونی گۆڕانکاریی جیدی بە بەراورد لەگەڵ نەوەکانی پێشووی خۆیان.

لە یەکەم چاوخشاندندا ئەو نەوەیە کە زۆربەی کاتی خۆی لە سەر ئامێرەکانی دونیای دیجیتاڵ و تۆڕەکانی سۆسیال میدیا بە سەر دەبرد، زۆر هیوابەخش نەبوون بۆ دەوروبەر، بەڵام بە لێکۆڵینەوە جیاوازەکان لە کۆمەڵگە جیاوازەکان دەرکەوت کە ئەو نەوەیە بە پێچەوانەی ئەو چاوەڕوانییە گەلێک تایبەتمەندیی سەرنجڕاکێش و گرینگیان هەیە کە بۆ کۆمەڵناسان و بە تایبەتیش بۆ سیاسەتوانان گرینگییەکی زۆری هەبوو؛ چونکە هەڵسوکەوت و شێوازی بڕیاردانیان جیاواز بوون.

یەکێک لە گرینگترین بنەماکانی جیاوازیی ئەو نەوەیە گرینگیدان بە چەمکی ئازادییە کە ڕێگا نادات ئەو ئازادییەی هەیەتی کورت بکرێتەوە و تەنانەت لە بەرانبەر ئەو کورتکردنەوەیە ڕادەوستێت. بە پێچەوانەی نەوەکانی پێشووی خۆیان کە زیاتر هەڵگری کولتوورێکی لۆکاڵین، ئەو جیلە زیاتر هەڵگری کولتووری جیهانین و دەتوانن ببن بە بەشێک لە کولتووری وڵاتێکی زۆر دوورتر لەو شوێنەی کە لێی دەژین، ئەوەش بە جۆرێک چوارچێوەی بیرکردنەوەی ئەوانی بەرفراوان کردووە. بەمجۆرە ئەوان زۆر جیاوازتر لە نەوەکانی پێشوو بیر دەکەنەوە و بڕیار دەدەن، یا ڕووداوەکان جیاوازتر و لە هەندێک ڕووە قووڵتر دەبینن و بە دوای ڕاستییەکانن و زیاتر لەگەڵ شیکردنەوەی زانیاری بۆ گرتنەبەری بڕیاری



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

پێویستین.

یەکێکی دیکە لە لایەنەکانی دیکەی ئەو نەوەیە گرینگیدانە بە خۆنیشاندان و سەلماندنی خۆیان. ئەو باوەڕبەخۆبوونەیان کە لە دونیای ئینتێرنێت بۆ ماوەتەوە، وێڕای هەبوونی هەندێ بواری نەرێنی بەڵام لایەنی ئەرێنیشی تێدایە کە خۆی لە بەرانبەر نەوەکانی دیکەدا بە کەم نابینێ، ئەوەش وا دەکات لەسەر شێوازی ژیان و بیرکردنەوەی خۆی مکوڕ بێت. ئەو نەوەیە کە لە وڵاتانی جیاواز بەردەوام ڕوو لە زیاد بوون، بەهۆی ئەو جیاواز بڕیاردانەیان کاریگەریی جیاوازیان لەسەر کۆمەڵگەکانیان داناوە، چونکە سیاسەتوانان ڕووبەڕووی توێژێکی زۆر لە حەشیمەتی وڵاتەکەیان دەبنەوە کە خاوەن نۆرم و بیرکردنەوەی تایبەتیی خۆیانن و جیاواز لە دایک و باوکانیان یا نەوەی پێش خۆیان بیر دەکەنەوە. هەر بۆیەش ئەگەر ڕەچاوی ویست و بیرکردنەوەی ئەو توێژە نەکەن و هەر بە شێوەی کلاسیکی بیر بکەنەوە توشی شکست دەبن، چونکە ئەو هێزە و دینامیزمەی کۆمەڵگە ناکرێت نەبینرێت.

نەوەی Z لە کۆمەڵگەی ئێراندا کە ئێستا ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە لە شۆڕشی نوێدا دەبێ بخرێتە بەرچاوی لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەیەکی جیدی، چونکە بەرەوپێشبردنی هەر بابەتی پەیوەندی بە کۆمەڵگە و بەتایبەت بە سیاسەت بەبێ ناسینی ئەو نەوەیە و تایبەتمەندییەکانی زۆر ئەستەم دەبێت. بە تایبەتی ئەو خوێندنەوەیە بۆ شۆڕشگێڕان کە دەیانەوێ بە جەماوەریکردنی خەبات، شۆڕش بۆ بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی نوێ بەرەوپێش ببەن، پێداویستیەکی گرینگە. چونکە ئەو توێژەی وێڕای هەبوونی وزەی زۆر بەڵام بە بیرکردنەوەی جیاوازیان دەبێ بە شێوازی نوێ هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێت. هەر بۆ نموونە، بۆ ئەو توێژە ئیتر زیاتر لە پەیامی سیاسیی پوخت و درێژ، ویدیویەکی یوتوبەرێکی لاو کە بابەتەکە ڕاستەوخۆ و بە زمانی ئینتێرنێتی باس دەکات سەرنجڕاکێش و کاریگەرترە.

لە لایەکی دیکە دەبینین ئەو توێژە بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکانی دەوروبەر و دایک و باوکان کە ئەوانیان بەرانبەر بە دۆخی دەوروبەر بێ هەست دەزانی و پێیان وابوو کە ئەوان لە کۆمەڵگە دابڕاون، بە شێوازی نوێ دێنە مەیدان و تەنانەت زۆر کاریگەر بە شێوازی خۆیان و بە ئەرێنی کاریگەرییان بە سەر ڕووداوەکان هەیە، بە جۆرێک دەبنە هیوای سەرکەوتنی شۆڕش و تەنانەت پشتیوانییەکی بەهێز بۆ داوا پێشکەوتووەکانی کۆمەڵگە، داوای وەک ئازادی و یەکسانی.

خوێندنەوەی ڕاستییەکانی کۆمەڵگە وەک ئەوەی هەیە بنەماییترین پێداویستیەکانی داڕشتنی بەرنامە و پلانە بۆ ئێستا و داهاتووی کۆمەڵگە، بەتایبەتی ئەگەر ئەو بەرنامە و پلانە، ڕزگاری و سەربەستی نەتەوەیەک و نیشتمانێک بێت و پێداویستیشی بە وزەی نوێ و لاوان هەبێت و لەلایەن شۆڕشگێڕانەوە ئاراستە بکرێت، لەوەها دۆخێک ناسینی ئەو نەوە نوێ



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

و جیاواز و کاریگەرە یەکێک لە پێداویستییەکانی بەتایبەتی سیاسەتوانان و شۆڕشگێڕانە و نەبوونی ئەو پێداویستییەش نامۆبوون لە کۆمەڵگەی بەدوا دێت و لە ئاکامدا دەبێتە هۆی پەراوێز کەوتن.

---

## بۆ ژیان



**سەلیم حەقیقی**

### ١

دیسان سروەیەک، سۆزێک، کۆترێک، ئاسکێک بەپرتاو خورپەی لە دڵم هێنا. دیسان زریانێک شەماڵی شەوتاند، تاسەیەک جەرگمی هەژاند، هەواڵێک سیس و شەکەت، زەمەنێک بەمەودای تەمەنی مێژوو... دیسان هەرای خەمێکی قورس بە سەر غەریبی و غوربەتم دابارى، ئەوەندە شەوم، ئەوەندە شەمم، ئەوەندە تەمم، ئەوەندە خەمم، پرێچکەی هەموو ژنێکی شاربەدەرم، ڕیشی سپی هەموو پیاوێکی دەربەدەرم، کەزی و قژی هەموو ژنیایەکی خوێناویم، حەز و خولیای هەموو میلانێکی بێتاوانم. ئەوەندە مێشکم، دڵم، هەناوم، جەرگم بڕاوە؛ خەنجەری دوژمن کول و هەودای هەواری هیوام زوورە! ئەوەندە چەماوم، کوڕووزاوم، قیژاوم، مرکاوم، بێژراوم، گریاوم، تاساوم، نێژراوم، خزاوم، گلاوم، کوتراوم وەک چریکەیەک هاوارم...



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دێری سەر بەرد و ڕەوەز و چیا و بستۆکم بە سەر هەواری خاڵی داکەوتووە، شنەی شیلان و مێرگ و چیمەن و سوێسن و هەڵاڵەم لێ بووتە شلێرەیەکی سوور بە ڕێچکەیەک خوێنی مەیو، تەیری ئاسمان و هەڵۆ و تەوار بەسەر گۆڕێکی لاو بە چەشنی خاک ڕەگێکی داکوتراو لەسەر نیشتمان شین دەنوێنێ هەرماوە لەسەر فەرمانی گەل. باوەشم لە بێکەسیی گووشینی خەونێک بووتە خۆرە و مۆتەکە، ماچی پێکەنینی خۆر سارد و سڕ لە پاییزێکی بەهاراوی! سەفەرێک دەکەم بەرەو بزە بەرەو وێنەی ئاوات و هیوام، بەرەو پشتی حەسرەتەکان ئەوبەرتر لە باران و هەنیسکی هەندەران...

دڵم لای وێنایەکە لە بزەی شەهیدێک، بە خەرمانەیەک خۆزگە و حەزی تاڵان، هەموو شەوانە بەکاتی ئازادی بەرانبەر خۆم و مانگ، لەدەمێکی کپ و پڕ لە هەرای "ژن، ژیان، ئازادی" سێرە لە بەختم دەگرم، ئەو بەهارەی بێ تۆ ئاڵام دەشەکێتەوە لەسەر ئاخی نیشتمان...

**٢**

هێورهێور بەدەم هاژەی ڕووبار، بە داوێنی کەسک هەڵگەڕا، قەوزەی شین و زەردئاسا داروبەردی ئەم ئاخەی داگرتووە، ڕوخساری دەنگێکی نهێنی بە جامانەیەک لەسەر پێ، هەوری خەیاڵ بۆتە باوەشی هەموو شار...ئەو دەمانەی بەرەو چیا ڕوو بە شەقام ترپەی دڵێکی شۆخ گرکانێک لە باوەڕ تەنیا بستێک لە مشتێک ڕێبەندانی دەهۆنییەوە، ئێمە بووین و خۆمان. ئێمە و شاخ، سەرینمان چەک و لێفەمان گەڵا، دارەدەستمان گۆچان، ئاوێزەمان ڕەخت و فیشەکدان لە بەرگێکی خۆڵەمێشی، خەونمان ئازادی و مۆتەکەمان دیلی و ژێردەستی، بوغز دەبووە فیشەک ئاڵای چڵکنی چەپەڵی دەئەنگوت، بیرەوەریمان ئەفسانەیەکی خەیاڵی، مێژوومان ئەوەندە دوور دەیشەوتێنن چەواشە دەیگۆڕن چاویان بڕ ناکا هەتەری ئەو هەمووە هێزە، شەوانە بە گڕ تاریکی ئەنگوستەچاو دەبووینە ڕووناکی بەدەم کانی دەبووینە یار... سەنگەر دەبووە لانک و تێیدا ڕادەژاین، دەبووە وانە و ژیان بۆ بەرخودان.

تانج و تەختی بایەقۆش وەرگەڕێ، ئەو دەمەی دەستەڵات بووە ژین و ڕانانی مرۆڤایەتی گاڵتەجاڕ و چڵکی دەستی مرۆڤ خانەدانی دەخوڵقاند! دیوەخان پڕ دەبوو لە دووکەڵی غەڕە و گۆڕاوی بەفیزی پیس! بڕیار قامچیی دووەشاند بەسەر پشتی لاوازی بەڕوو و بەزەیی قاتوقوڕ دەما لە مێشکی بۆگەنیوی زاڵم هەتا چەرخی گەردوون بسووڕێ و ئاشی دارا، نەدار بگەوزێنێ لە خوێنی مژتووی ترێ...

لێرە دەگۆڕنانی هەموو ئاواتەکان و ئەو بیرەوەرییانەی دەمکردنە ڕەنگ و نیگاری حەسرەتم پێ دەهۆنییەوە، دەمکردە وشە و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

مانگە شەوم دەدرەوشاندەوە. نە شەماڵ و نە ئەستێرە و مانگ هیچکامیان نابنە ئەو سروەیەی پەیامی شارەکەم بدا، نە تۆزی بەردەرگا ئاوپرژێن دەکرێ و نە سپیدارەکان دەبیندرێن و هێلانەی مەل، هەناسەم نایێ، دڵم گوشراوە، خەفەتێک بارتەقای ئاویلکەی مەلێکی بێکەس...

لەدوای درووشمێک پڕ لە ژن لێوان لێو لە ژیان و هیوای ئازادی، ورە و وزە شۆڕ دەبێتەوە بەگژ شەقامی شار و هەروا لە بەستێن بەرەو چەقی ماڵە بەردەرگای پیری ڕدێن چەرمووکی سەرشێتی ماخولیای هێز... سێڵاو و لافاو گڕ دەگرێ بەباهۆی لاوانی نیشتمان کیژ دەبێتە مشت و کوڕ دەبێتە خشت و بەسەر کەلاکی ئاڵای ڕەشیی گەڕی سێ پێی دادەدا... ئەو سەرچۆپی کێشانەی ژێر خاک لە دەوری یەک گەڕەلاوژەی ئازادی دەچڕن بەدەم لاوک و حەیران و چەمەری و هۆرە، ئەوان دەچنە لوتکە، هێمای خۆرێک تانجە و دەستی واڵای ئەوین دەگرنە باوەش، کاتێک سەربەستی چیتر خەون نییە و ماف و ویست و حەز و هیوامان لە ئامێز دەگرین لە وەرزێکی زەردی پڕ تینی شەقام و شارێکی پڕ بە گەرووی هاوار بۆ چیا.

**چلەی شەهیدێک لە ئێوارەیەکی پاییزیدا دەبێتە ڕۆژی ئازادی...**

---



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## کۆماری ئیسلامی پێش ڕووخانی لە تاران، لە کوردستان ڕووخاوە!



**شەمزین ئەحمەدنژاد**

**(تەتەڵەی هەوڵێکی نەزۆکی دیکەی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بە بزووتنەوەی کورد)**

وەزیری دەرەوەی ئێران ڕۆژی ٢٣ی ڕەزبەری ئەمساڵ، لە چاوپێکەوتنێکدا دەگەڵ قاسم ئەعرەجی، سکرتێری شورای بەرزی ئەمنییەتی عێراق جارێکی دیکە ڕایگەیاندووە کە "ناتوانن ببینن چیدی هێزە چەکدارە تێرۆریستەکان و جووڵەی ئەوان لە باشووری کوردستان بەردەامە." ئەمیر عەبدوڵڵاهیان هاوکات داوای کردووە هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراق بەرپرسایەتیی تەواوی خۆیان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە دەگەڵ بە گوتەی خۆی لە هەرێمی کوردستانن جێبەجێ بکات. بەرپرسانی ئێران لە ماوەی ڕۆژانی ئەم ڕاپەڕینەدا زۆرترین جار وشەی تێرۆریستیان بەرامبەر بە حیزبە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەکار هێناوە.

گۆڕینی سیاسەتی ڕێژیم بەرامبەر بە بزووتنەوەی کوردستان لە "تەجزیەهەراسی" و "دژەشۆڕش"بوونەوە بۆ بە "تێرۆریست" ناوبردنی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر بە خەستی بۆتە بەشێک لە بەرنامەی کاری ڕێژیمی ئێران و حکومەت



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

و وەزارەتی دەرەوە و، سەرجەم دامودەزگاکانی ڕێژیم زۆر بە چڕی خەریکن کار لەسەر ئەم بابەتە و بۆڵدکردنی دەکەن.

کۆماری ئیسلامی پتر لە چوار دەیەیە بزووتنەوەی سیاسیی کورد و نوێنەرانی ئەم بزووتنەوە کە حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن، بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە "مونحەلە-هەڵوەشاو"، "دژبەر"، "تەجزیەتەڵەب"، "دژەشۆڕش"، "دەستوپێوەندیی ئیستکبار و ئیمپریالیزم" و... ناو دەبات. هەموو ئەو ناسناوانەش لە قۆناغی جیاجیا و بە سرنجدان بە تێگەیشتنی ڕێژیم لە پێگەی خۆی و بیروڕای گشتیی ئێران ئەندازیاری کراون.

### ئینقلابیبوونی ڕێژیم و خەڵک

سەردەمێک کە ئینقلابیبوون بە مانای پێڕەوی خومەینی و شۆڕشی ئیسلامیبوون لە ئێراندا خاوەن پێگەیەکی جەماوەریی بەهێز بوو، دژەشۆڕش بوون باشترین چەکی دەستی ڕێژیم بوو کە دەیتوانی لە ڕێگەی ئەوەوە ڕەوایی بۆ سەرکوتی بزووتنەوەی کوردستان و هەموو گەلانی دیکەی ژێردەست لە ئێراندا وەربگرێت. کانسێپتی پیرۆزبوونی شۆڕشی ٥٧ ئیدی ماوەبەسەرچووە و ژوورە فکرییەکانی ڕێژیم ئەوە باش دەزانن ئەوەی ئێستا دژی شۆڕشە، زۆرینەی ڕەهای خەڵکی ئێرانە بە زۆرینەی ئەو نەوەشەوە کە بەشێک بوون لە سترۆکتۆری شۆڕشە ئیسلامیەکە و وەک دەگوترێ خاوەنەکانی شۆڕش بوون.

### تەجزیەتەڵەبی

تەجزیەتەڵەبی کارکردێکی پارالێلی هەبوو و لە ڕاستیدا یەکێک لە کۆڵەکەکانی ڕاگرتنی ناسیۆنالیزمی ئێرانی فارسی بووە. هاوکار دەگەڵ دەسەڵاتی جێگیر لە تاران زۆرینەی ڕەهای دژبەرانی ڕێژیم و ئازادیخوازانی ئێرانییش لە ترسی بە گوتەی خۆیان دابەشبوونی ئێران بەشدار دەبوون لە سەرکوتی سیاسیی کوردستان و ئامانجەکانی، بەڵام بە مێتۆدی جیاوازتر. سەرکوتی سپی کە بریتی بوو لە دانپێدانەنان بە مافەکانی کورد و بە هەڕەشەبینینی کورد دوکتورینی چەندین ساڵەی ئەم ڕەوتانە بووە. ئەم سەرکوت و سانسۆرکردنە بەتەواوەتی لە دووریکردنی هێزە سەرتاسەرییەکان لە هێزە سیاسییەکانی کوردستان و نەتەوە ژێردەستەکانی دیکەی ئێراندا دەبینندرا و هەتا ئەم دواییەش لانیکەم لە ئاستی دەرەوەی ئێراندا زۆر بەهێز درێژەی بە ژیانی خۆی داوە.

ئەوان ئامادە نین پرۆژەی سیاسی ڕوون بدەن و گشتبێژیی (کلی گویی) سیاسی بە ئامانجی تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی و پشتگوێخستنی مافی نەتەوەیی و ئینسانیانییەکانی ئیتنیکە جۆراوجۆرەکانی ئێران و دووبارە بونیادنانەوەی لێڤیاتانەکەی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

تاران ئامانجی سەرەکییانە. بەکورتی قۆناغی پۆست کۆماری ئیسلامی لای ئەوان قۆناغی پۆستسانترالیزم و شۆڤینیزم نییە. بەڵام لە ئاستی نێوخۆییدا و بەهۆی سیاسەتی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، فەرهەنگی سیاسیی دێموکرات و سێکۆلاری کورد لە ئێران، بەرگریی بێوێنەی بزووتنەوەی کوردستان، کەسایەتییەکان، کۆمەڵگەی مەدەنی کوردستان و سیما وەرزشوانەکانی لە چەمکە مۆدێرنەکانی وەک مافی مرۆڤ، جیایی دین لە دەوڵەت، شکاندن و لەهێزخستنی ئۆتۆریتەی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان و بەکورتی، بوونی کوردستان بە هێمای بەرزی ڕوبەڕووبوونەوە دەگەڵ ڕێژیمی دژە ئازادیی ئێران وای کردووە کە، خەڵک سەربەخۆتر و هاوسەنگتر لە ڕەوتە سیاسیەکانیان، لە کورد، کوردستان و پرسەکەی بڕوانن. لێرەدا ڕووی قسە زیاتر لە شەقامە. ئەم هاوپێوەندییە و هەروەها هاودەنگبوونی کورد دەگەڵ درووشمە سەرتاسەرییەکان وای کردووە پرۆژەی تەجزیەهەراسیی حاکمییەت لەنێو بەشێکی بەرچاوی کۆمەڵگەی ئێرانیدا قورسایی جارانی نەمێنێت. پرسی ئەوەی کە کۆلۆنیالیزمی وەخۆگری ئێرانی چۆن لەو بارودۆخەشدا خەریکە ساپۆرتی ئاجێنداکانی خۆی دەکات باسێکی گرینگی تایبەت بەم دۆخەیە نوێیەیە، بەڵام وەک دەرفەتێکی تاکتیکی، کورد و هەموو نەتەوەکانی دیکە لانیکەم هەتا قۆناغی ڕووخانی ڕێژیم دەتوانن کەڵکی لێوەرگرن.

بە کورتی بە هەمان شێوەی حاڵەتەکانی سەرەوە، بە دوژمن و داردەست ناوبردنی خەڵکی کوردستان چیتر ناتوانێ ڕەوایی بۆ سەرکوتی خەڵکی کوردستان لانیکەم لە ئاستی شەقامی نێوخۆیی ئێراندا بەرهەم بێنێت. دروشمەکانی ئەم ساڵانەی ڕابردووی خەڵک وەک "دشمن ما همین جاست، دروغ میگن آمریکاست" بەڵگەن بۆ ئەوەی خەڵک سەرچاوەی هەموو کێشە، نەهامەتی، قەیران و ماڵوێرانییەک لە ڕێژیمدا دەبینن. بە سرنجدان بە دۆڕانی چەمکە شەڕانخێوییەکانی ڕێژیمی ئێران لە مەیدانی گوتاری لە بەرانبەر بزووتنەوەی کوردستاندا، ئێستا دەسەڵاتدارانی تاران کە لە لێواری پێوەستبوون بە ئارشیوی حکومەتە ڕووخاوەکانی مێژوودا و بە هەموو شێوەیەک هەوڵی ئەوە دەدەن لە ڕووخان قوتاریان بێت، مەیدانێکی گوتاری و مانایی دیکەیان بۆ شەڕ دەگەڵ بزووتنەوەی کوردستان و هەموو نەتەوەژێردەستەکانی دیکە لە ئێراندا چالاک کردووە.

### کۆماری ئیسلامی بۆچی چەمکی تیرۆریزم لەسەر هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زەق دەکاتەوە؟

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پارتە سیاسییەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە درێژایی زیاتر لە ٤ دەیە خەبات لەدژی کۆماری ئیسلامیی ئێران، هەمووکات پرەنسیپە یاسایی و ئەخلاقییەکانی شەڕیان بەرانبەر بە دوژمنەکەیان لە هەموو مەیدانێکدا و بەتایبەت لە مەیدانی شەڕدا پاراستووە. نوێنەرایەتیی سیاسی و باڵیۆزی سیاسیی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە جیهانی ڕۆژئاوادا هەمووکات ڕێزلێگیراو بوون و هیچ کات دەرگەی ژوورێکی دیپلۆماسی یان ڕێکخراوەیەکی سەر بەو پارتانە لەو وڵاتانە بە هیچ پاساوێک دانەخرا و دیپلۆماتێکیان دەرنەکرا، ئەویش لە کاتێکدا کە بەشی زۆری



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دیپلۆمات و نوێنەرایەتیی سیاسی حیزبی دێموکرات لەو کادر و پێشمەرگانە پێک هاتوون کە بەهۆی برینداربوون، چوونەسەرێی تەمەن و... کوردستان و گۆڕەپانەکانی شەڕیان جێ هێشتبوو و ڕوویان لەو وڵاتانە کردبوو.

ئەو جیهانەی لە دوای شەڕی جیهانیی دووهەم و بەتایبەت لە دوای هێرشەکانی ١١ی سێپتامبر بۆ سەر ئەمریکا زۆر بە پارێزەوە دەگەڵ هێزە نادەوڵەتییەکان هەڵسوکەوتی دەکرد، بەڵام بەرانبەر بە بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبەکانی، هەموکات دەرگای ئاواڵا بووە. نامەیەکی پشتیوانیی سیاسیی حیزبی دێموکرات بەس بووە بۆ ئەوەی مافی مانەوەی یەکجاری لە هەرکام لە وڵاتانی ئورووپای ڕۆژئاوا یان ئەمریکا بدرێت بە هەر پەنابەرێک کە هەڵگری نامەکە بووبێت و ئەمەش دەرخەری قورسایی سیاسی و پرەستیژی نێودەوڵەتیی حیزبی دێموکرات و هێزەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات بووە. دوو سکرتێر و چەندین ئەندامی ڕێبەری حیزبی دێموکرات لە کاتی دانوستان دەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی و نوێنەرانی ئۆپۆزۆسیۆنی ئێرانی، لە لایەن تیمە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی تێرۆر کران و دادگای میکۆنوس کە بە خوێنی ڕۆڵەکانی دێموکرات ڕووی سوور بوو، بوو بە گەورەترین بەڵگە لەسەر تێرۆریستبوونی ڕێژیمێک و ئەمەش لە چەشنی خۆیدا خاڵگۆڕانێک بوو لە ئاستی نێودەوڵەتیدا کە دەوڵەتێک نەک گرووپ، یان هێزێک یان ڕێکخراوێک بە تێرۆریست بناسرێت.

لە درێژەی بەکارگرتنی چەمکەکان بۆ خۆشڕاگرتن و ڕادیکاڵڕاگرتنی مەیدانەکانی شەڕ دەگەڵ بزووتنەوەی کوردستان وەک باس کرا ئەمجارەیان کۆماری ئیسلامی خەریکە چەمکێکی دۆڕاوی دیکە چالاک دەکات ئەویش چەمکی تێرۆریزمە. پرسیار ئەوەیە لەم بارودۆخەی ئێستادا کە چالاکییە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی وێردی زمانی ڕێبەرانی وڵاتانی ناوچە و میدیا و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانی جیهان و بە گشتی ڕۆژئاوایە، کۆماری ئیسلامی بەکام مەبەست ئەم چەمکە دۆڕاوە بەرامبەر بە هیۆمانیستیترین بزووتنەوەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە چالاک دەکات؟

بۆ دیتنەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێ سەرەتا ئەوە باس بکەین کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە مێژووی ژیانی نگریسی سیاسیی خۆیدا وەک ڕووداوەکانی دوای تێرۆرکردنی ژینا ئەمینی لەلایەن پۆلیسی تارانەوە ڕووبەڕووی کێشە و ئاستەنگی جدی نەبۆتەوە. ڕەنگە خوێندنەوەکان جیاواز بن، بەڵام کۆماری ئیسلامی پێش و پاش ٢٣ی خەرمانانی ئەمساڵ دوو کۆماری ئیسلامیی جیاوازن.

ڕەنگە زۆر سیمبولیک بێتەوە، بەڵام بۆ سەلماندنی جیاوازییەکەی تەنیا قسەی بابی شەهید "فەرەیدوون محەممەدی" تان



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

وەبیر دێنمەوە کە لە کاتی بەخاکسپاردنی تەرمی کوڕەکەی لە شاری سەقز بە زمانێکی زۆر ساکار گووتی: "ئەمە کۆنە! ئەم کۆنەپەرەستییە و ئەشی بڕوات، ئەشێ نەمێنێت!" بۆیە دەکرێ هۆکاری چالاککردنی چەمکی تێرۆریزم بەرانبەر بە بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان بەم شێوەیە پۆلێن بکرێت:

**یەکەم**. بێدەنگکردنی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و وڵاتانی جیهان لەحاند هێرشەکانی بۆ سەر بزووتنەوەی سیاسی ڕۆژهەڵات لە باشور و پێشاندانی ئەم دەستدرێژییانە وەک خۆپاراستن لە بەرامبەر هەڕەشە و مەترسیی تێرۆردا.

**دووهەم**. هەوڵدان بۆ گوشارخستنە سەر حکوومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان و تاوانبارکردنیان بەوەی داڵدەی هێزی تێرۆریستی دەدەن و بەمەش بردنەپێشی سیاسەتی خۆی لەو پێوەندییەدا.

**سێهەم**. دروستکردنی کلێشەی نوێ لە بیروڕای گشتی ئێرانیدا سەبارەت بە بزووتنەوەی کوردستان کە ئێستا ئیدی لە ئاستی هەموو ئێراندا خاوەنی قووڵایی نفوزە و کاریگەریی سەرتاسەریی هەیە. بە سرنجدان بەوەش کە لە ماوەی ڕابردوودا بەردەوام حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی بە هۆکاری نائارامی کوردستان ناو بردووە، ڕەوایی زیاتر بۆ سەرکوتی درندانە لە کوردستان بەدەست بێنێت.

**چوارەم**. ناسیۆنالیزمی ئێرانی-شیعە، خەریکە لە ئێستاوە ڕێگە خۆش دەکات بۆ ئەوەی لە داهاتوودا و لەو ڕێگایەوە کۆسپی جدی لە بەردەم پرسی کورد و گەلانیتر لە دارشتنەوەی ئێرانی نوێدا دروست بکات و ڕەنگە بەشی زۆری نوخبەی سەر بە ناسیۆنالیزمی سێکۆلار-کەونارگەرای ئێرانیش ئەمەی پێ ناخۆش نەبێت.

**پێنجەم**. ڕێگریکردن لەوەی پێشمەرگە ببێتە سیمبولی ئازادی لە هەموو ئێراندا. لە حاڵەتی هێماییدا بەدەستهێنانی ئەو ناسنامە لەلایەن کوردەوە، کۆگای کەرەسەکانی شەڕی نەرمی کوردستان یەکجار دەوڵەمەند دەکات و قووڵایی نفوزی کوردستان زیاتر پەرە پێ دەدات.

**شەشەم**. ئامادەکاری بۆ هێرشێکی گەورەتر و بەربڵاوتر بۆ سەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵات کە بە سیاسەتی ئێستای بزووتنەوەی کوردستان و ناوەندی هاوکاری و بە تایبەت وڵامدانەوەی ئەم دواییەی ناوەند بە بانگەشەکانی سوپا بۆ هێرشی زەمینی، ئەگەرێکی زۆر بەهێزە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**حەوتەم**، ئامادەکردنی ڕووسیە و چین و هاوپەیمانەکانی بۆ ئەوەی لە ئەگەری باسکردنی هێرشی هاوشێوەی ئەمە و ئیدانەکردنی لە ئەنجومەنی ئاسایشدا، پاساوی پێویست بۆ ڤیتۆکردنی ئەم بابەتە هەبێت. بەتایبەت بە بەرجەستکردنی ئەم بابەتە کە دەوڵەت نەتەوەیەک -دەوڵەت نەتەوەی ئێرانی- دەکەوێتە مەترسی و سیستەمی جیهانییش بەم بابەتە هەستیارە. نامەی نوێنەری هەمیشەیی ئێران لە نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە تێرۆریست ناوبردنی حیزبە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵات لەپاش کردەوە تێرۆریستیەکانی ڕێژیم بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی ئەم حیزبانە بەشێکن لەو پلانە نوێیە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ئێستادا بەتەواوی تەمابڕاو بووە و لە ڕووی داماوییەکی قووڵەوە کە تووشی بووە، پەنا بۆ هەموو شتێک دەبات. جیهان ئەم ڕێژیمە بە ڕێژیمێکی یاغی، بارمتەگر و پشتیوانی پلەیەکی تێرۆر دەناسێت. گەورەترین هێزی چەکداری ئەو وڵاتە لە لیستی تێرۆری ئەمریکادایە و سەرکردەی مەترسیدارترین گرووپە تێرۆریستییەکانی جیهان لەو وڵاتەدا دەژین. ئەم ڕێژیمە هێمای حکومەتێکی توندئاژۆی دینیی پاوانخوازە کە بەتەواوی ڕێگەی خۆی لە فرەیی و پلۆرالیزم جیا کردۆتەوە. بۆیە ئەگەر هەر دەسەڵاتێک بتوانێ دۆخی ئانارشیکی نێودەوڵەتی بۆ خوێندنەوەی بەرژەوەندیخوازانە لەسەر تێرۆر بەکار بێنێ، کۆماری ئیسلامی کە بۆخۆی ماکەی تێرۆرە ناتوانێ ئەوە بکات.

ئەو هەموو ترسەی کۆماری ئیسلامی لە بزووتنەوەی سیاسی کوردستان و حیزبەکانی ڕاستییەکی گەورەی تێدایە، ئەویش ئەوەیە کۆماری ئیسلامی پێش ڕووخانی لە تاران دەمێکە بە دەستی کورد ڕووخاوە. ئەم ڕووخاوبوونەیە ئاوا هیستریکی کردۆتەوە بەرامبەر بە کۆمەڵگەی کوردستان و، کوردستانی کردۆتە سەنگەری یەکەمی جێبەجێکردنی هەموو سیاسەتێکی دژەمرۆیی خۆی.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ژنان، لە قوربانیبوونەوە بۆ پێشەنگایەتی



ئاسۆ مینبەری

بەدرێژایی تەمەنی ئەو دەسەڵاتانەی کە حوکمیان بەسەر کوردستاندا کردووە و بەتایبەتیش تەمەنی کۆماری ئیسلامی کە هەمیشە وەکوو دەسەڵاتێکی دژەژن پێناسەی بۆ کراوە، ژنان لە ڕیزی یەکەمین قوربانییەکاندا بوون.

ژنان وەکوو توێژێکی خاوەن بەهرە و توانای تایبەتی کۆمەڵگە بە بەردەوامی کەوتوونەتە بەر هێرشی ناڕەوای دەسەڵات و یاسا داڕێژراوەکانی ئەو دەسەڵاتەی کە داڕێژەران و بونیاتنەرانی پیاوانێک لە ڕەگەزی ئاخوندەکان بوون، کە هیچکات توانای بینین و هەستکردن بە توانایی و لێهاتوویی ژنانیان نەبووە و چاویان بەرایی دیتنی سەرکەوتن و بەشداریی ژنان لە کایە سیاسی، کۆمەڵایەتی و مەدەنییەکانی نەداوە. خودی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران هەر لە هاتنەسەرکاریەوە تاکوو ئەمڕۆ، بە هەموو جومگە و ناوەند و بەرپرسانیشیەوە بوونەتە قەڵغانێک بۆ بەرگری لە هێرشی ژنان، ئەویش هێرشی هزر و ئەندێشەیان!

وەستانەوەی ژنان لە بەرانبەر بیری دواکەوتووانەی دەسەڵاتدارانی ئەم ڕێژیمە، هەر لە سەرەتای شۆڕشی ٥٧ەوە خۆی نیشان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دا، ژنان لە یەکەمین ڕۆژەکانی هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیدا، بەگژ بیری دواکەوتووی بەناو بەرپرسانی تازەبەدەسەڵاتگەیشتوودا چوونەوە و بە ڕێپێوان و ناڕەزایەتیدەربڕین لە سەر شەقام و لە زانکۆکاندا هەر ئەوکات دژی سەپاندنی حیجابی زۆرەملێ هەڵوێستی توندیان گرت، بەڵام بەداخەوە جێگیربوونی دەسەڵاتی دژەن و بەدوور لە بیری مرۆڤتەوەرانە وای کرد کە ژنان هەر لەو کاتەوە وەکوو شارۆمەندی پلە چەندی کۆمەڵگە سەیر بکرێن و بکەونە پەراوێزەوە و بە بەردەوامی قوربانیی دەستی یاسا و خواست و ویستەکانی ئاخوندەکانی جەماران بن.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ژنان هیچکات نەیانویستووە لە پێگەی لاوازی توێژی قوربانیی کۆمەڵگەدا جێگایان بێتەوە، یان پێناسەیان بۆ بکرێ، بۆیە لە ماوەی هەموو ساڵانی ڕابردوودا، هەرکات کە بۆیان لوابێ و هەرکات کە دەرفەتێ ڕەخسابێ، هاتوونەتە مەیدان و دژی هەموو یاسا داڕێژراوە بێبنەماکان و بیری دواکەوتووانەی دەسەڵات وەستاونەتەوە کە بێگومان کوردستان و ژنانی کورد لەم بوارەدا هەمیشە پێشەنگایەتییان لە ئەستۆ بووە.

قەتڵی حکوومەتیی ژینا ئەمینی لەم زەمەنەی ئێستادا خاڵێکی وەرچەرخان بوو بۆ دووبارە هەستانەوە و دووبارە هاتنە مەیدانی ژنان، وزەیەک بوو کە توانیی نەک تەنیا ژنانی دیکەش کە هەموو کۆمەڵگە بە هەموو چین و توێژەکانەوە بێنێتە سەر شەقام و بۆ جارێکی دیکە شەقام بهەژێنێ.

ڕەنگە ئەم بۆ زۆربەی ئەو کەسانەی لە دەرەوەی بازنەی جوغرافیای دەسکردی ئێراندا دەژین، سەرهەڵدانی ناڕەزایەتییەکانی دوای مەرگی ژینا سەرسووڕهێنەر بووبێت، چونکە ڕۆژانە بە دەیان ژن لە کۆمەڵگەی ئێراندا دەبنە قوربانی، دەکوژرێن، خۆیان دەکوژن، تووشی خەمۆکی و دڵەڕاوکێ و دوورەپەریزی دەبن؛ بەڵام بۆچی وەکوو مەرگی ژینا هیچ کردەوەیەکی تۆکمەی وەک ئەوەی ئێستایان بەدوادا نایەت؟

مەگەر کچی شین (دختر آبی) قوربانیی سیاسەتی دژەژنی کۆماری ئیسلامی نەبوو کە بەهۆی ئەوەیکە نەیتوانی یاریی تیمە دڵخوازەکەی ببینێ خۆی سووتاند و گیانی لەدەست دا؟ ئەی بۆچی هیچ کاردانەوەیەکی لە چەشنی ئەوەی ئەمڕۆی سەر شەقامەکانی کورستان و ئێرانی بەدوادا نەهات؟ ئەویش وەک هەزاران ژینای دیکە قوربانیی دەستی دەسەڵاتێک بوو کە باوباپیرانیشی ڕەنگە بەدڵیان نەبووبێ، بەڵام ملکەچ بوون و دەنگیان لێوە نەهات و گوتیان با قوربانی بین!

ئەمە ئەو ڕاستییەیە کە دەبێ لە سەری ڕاوەستین. کورد بە درێژایی مێژووی خوێناویی خۆی هیچکات نەیویستووە کە قوربانی بێت. هەمیشە هەموو سەرکردەیەکی کورد لە هەر بڕگەیەکی مێژوودا و لە هەر بەشێکی ئەم جوغرافیا لەتکراوەدا،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەوڵی ئەوە بووە کە بوون و شوناسی خۆی بسەلمێنێ، هەوڵی داوە بە پێناسەی دروست لە خواست و ویستی نەتەوەیی، ڕێگا بۆ نەوەکانی داهاتوو ڕوون بکاتەوە، بەڵام لەم پێناوەدا هەمیشە تووشی لەمپەر بووە، بۆیە لە هیچ جیگایەکی مێژووی ئێمەی کورددا نابینرێ کە جیا لە مافی خۆمان، دەستدرێژیمان بۆ سەر ماف و خاک و نیشتمانی کەسی دیکە کردبێ هەمیشە هەوڵمان داوە لە بەرانبەر هێرشەکاندا بەرگری لە خۆمان بکەین و مافی خۆمان وەدەست بێنین.

مەرگی ژینا بۆ ئێمەی کورد دەستدرێژی بۆ سەر بوون و شوناسمان بوو، هەر بۆیە بە هەموو هێز و تواناوە هەوڵمان دا لە بەرانبەر دوژمنی سەرەکیماندا کە کۆماری ئیسلامییە ڕاوەستین، ئێمە وەکوو نەتەوەی کورد خاوەنداراەتیمان لە خۆمان کرد و بێدەنگیمان هەڵنەبژارد، هاتینە مەیدان و بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"، بۆ جارێکی دیکە "نا"مان بە کۆماری ئیسلامی گوت و بەڕاشکاوی پێمان ڕاگەیاند کە ئێمە هەر وەک ٤٣ ساڵی ڕابردوو کە بۆ نەهاتنەسەرکاری ئەم ڕێژیمە هاتینە مەیدان و بە کردەوە دژکایەتیمان لەگەڵ بوونی کرد، ئەوە ئێستاش پاش ٤٣ و پاش وەخەبەرهاتنەوەی باقی توێژەکانی کۆمەڵگەی ئێران، دیسان هەر لەو مەیدانی کردەوەیەداین و بە کردەوە سەلماندوومانە نامانەوێ قوربانی بین.

بەڵام خاڵی گرینگی ئەمجارە بوون و ڕۆڵی ژنان بو، ژنان لە کوردستان بە بەردەوامبوون لە ڕاپەڕینی ئەمجارە، سەلماندیانەوە کە وەک هەمیشە نەک ڕۆڵی قوربانییان بۆ خۆیان پێناسە و قەبووڵ نەکردووە، بەڵکوو بەپەڕی هەست بە بەرپرسایەتی و باوەڕبەخۆبوونەوە، پێشەنگایەتی ئەم ڕاپەڕینە دەکەن و ئامادەن لە پێناو دەستەبەرکردنی و ماف و ئازادییەکانیادا هەموو جۆرە نرخێک بدەن.

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## لێکدانەوەی گەوجانە



**دارسمه**

لەم ڕۆژانەی دواییدا لە سەروبەندی کۆتاییهاتنی حکومەتی ئاخونداندا زۆر کەس سەریان لێشێواه. لە وڵاتی ژێر دەستەڵاتی ئاخوندان لە زۆر بواراندا بە دەست لێکدانەوی ناهاوسەنگەوە دەناڵێنین.

لەو کاتەوە خوشک و برایانی غەیرە کورد لە ئێران وەک ئەوەی حەوت مێشیان لە خەڵەفێکدا دۆزیبێتەوە، لە ڕێفراندۆمە گەوجانەکەی بەهاری ١٣٥٨ی هەتاویدا دەنگیان بە کۆماری ئیسلامی دا، دەستەڵاتی ئاخوندان پەرەی سەند. وێڕای پەرەسەندنی ئەم دەستەڵاتە، ناهاوسەنگییەکی سەیر لە نێوان زۆر شتاندا دەستی پێ کرد. میرزا ڕوحوڵڵای خومەینی وەک سەردەستەی بەڕێوەبەرانی ڕێفراندۆمەکە، لە کاتێکدا لە ڕستەسازیدا زۆر کول و کڵۆڵ بوو و باش نەیدەزانی لەنێو ڕاستاندا وشان باوێتە سەر جێگەی خۆیان، قسەی زۆر سەیر و سەمەرەشی دەکردن:

دەیگوت وا دەکەم پارەی نەوتی ئێران بە سەر هەموو خەڵکدا دابەش بکرێت و سووتەمەنی و ئاو و کارەبا و تەنانەت هاتوچۆکردن بە پاسیش لەنێو شاراندا دەکەمە بەلاش. زۆرجاریش فەرمانی نێو ڕستەی داویشتە نێوەڕاستی ڕستە و ڕستەکە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دەبوو بە جنێو و سووکایەتیکردن. سەرەڕای هەموو ئەمانە جوغرافیای ئێرانیشی باش نەدەزانی. هەموولایەک بیستبوویان و خوێندبوویانەوە کوردان لەبەر ئەوەی لە بەحران دوورن و لە وشکانیدا داگیرکەران دەورەیان داون نەبوونە خاوەنی وڵاتی سەربەخۆ. بەڵام میرزا ڕوحوڵڵاخانی خومەینی ماوەیەک دوای ئەوەی پەیڕەوانی خاپێنراوی گوتیان ڕووخسار و ڕیش و دەمولووتە مرچومۆنەکەیان لەنێو مانگدا دیتووە و هەتا دەنگیشیان نووسا هاواریان کرد "امام تو ماه است"، بڕوای پێکردن و خۆی کردە نوێنەری خوا لەسەر زەوی و سواری شەپۆلی گەمژان بوو. میرزا ڕوحووڵڵا کاتێک لەشکری گەلحۆیانی بەدەوری خۆیەوە دیت، هاتە سەر ئەو بڕوایە هێرش بکاتە سەر ئەو کوردانەی نەیتوانیبوو بیانگەوجێنێت و بیانباتە سەر سندووقی ڕێفراندۆمەکەی. فەرمانی جیهادی دا و داوای لە سێ بەشەکەی ئەوکاتی ئەرتەش کرد هێرش بکەنە سەر کوردستان و گوتی لە زەوی و ئاسمان و دەریاوە لە کوردان بدەن. خێڵی پەیڕەوانیشی ئەوەندە گەوج بوون، هەستیان نەکرد یان دڵیان ئیزنی نەدا بە جەنابی ڕێبەریان پێبکەنن و پێی بڵێن قوربان کوردان دەریایان بەدەورەوە نییە و هێزی دەریاییش بە کێوانەوە هەڵناچێت. ئەویش نەک هەر پارەی نەوتی نەدایە خەڵک و سووتەمەنی و ئاو و کارەبا و پاسی نێو شارانیشی نەکردە بەلاش، بەڵکوو هێزی دەریاییشی هان دا کەشتی و پاپۆڕە جەنگییەکانیان بە وشکانیدا بازۆن، بەڵام نەکرا.

لە هەمووی سەیرتر هەناردە یان سادرکردنی ئینقلاب بوو. جەنابی ڕێبەر وایزانی ئینقلاب پستەی ڕەفسەنجان و سێوی لوبنانە و بۆ ئەوەی مۆرکە و کرم لێی‌نەدات وا باشە سادر یان هەناردە بکرێت.

خێڵی گەمژانیش بەردەوام پشتگیریی ڕێبەری گەمژەیان دەکرد و خۆیان داویشتە نێو چاڵە قیری عێراقییان و بە سەر مەیدانی میناندا بەرەو کەربەلا ڕێگەی شەهادەتیان دەگرتە بەر. هەتا وردە وردە کەمیان کرد و بەشێکی بەرچاویان بە کوشتن چوون و بەشێکیشیان وشیار بوونەوە و قوونیان لەسەر دەرپێی خۆیان دانا.

دوای مەرگی ڕێبەری گەمژە، دەستەڵات کەوتە دەست عەلیە گۆج ناوێک و ئەویان زیاتر فکری دزیکردنی دەکردەوە و ئەوەندی دزی هەتا ئابووریی وڵات بە یەکجاری نێوکی کەوت. پارەی ئێران بە چەشنێک لە بەرانبەر دراوە جیهانییەکاندا بێبایەخ بوو، حەوت تومەنی سەردەمی پێش دەسەڵاتی ئاخوندان لەبەرانبەر دراوی جیهانیدا ٨ هەزار و ٧٠٠ ئەوەندەی خۆی هەڵمسا. ئێستا ئەگەر کەسێک لە ئێران بچێتە بازاڕ، لە جیات هەر حەوت تومەنێکی پێش دەستەڵاتی ئاخوندان، پێویستە ٣٢ هەزار ٨٠٠ تومەنی پێبێت. یانی لە جیات ٧٠ تومەنی ئەو کات، ٣ میلیۆن و ٨٠٠ هەزار تومەن پێویستە و ئەوکات ئەوەندە پارەیەی ئێستا بۆ نموونە ٤١٠ ماشێنی جیبی پێ دەکڕدرا.

ئەم نووسینە سەرلێشێواوە خوێنەری بە سەبر و چیکڵدانەی دەوێت. خوێنەرێکی وای دەوێت نەڵێت بەم حیساب و لێکدانەوانە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سەرم لێ دەشێوێت. کاتێک جەنابی عەلیە گۆج و "حەمەی باقری"ی فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی ئێران سەریان لێ شێوابێت، وەبزانە بیلامانێ، پەرژینێکی بەگوڵ بێت لە ڕووی ئێوە، هەموو شتێک لە گرێژنە چووە. کاتێک خەڵک دەڵێن "توپ، تانک، نەفەربەر..." و عەلی چۆلاخ دەڵێت پەکوو سروودی "سەلام فەرماندە"م پێخۆشە؟ یان کاتێک حەمەی باقری فەرماندەی گشتیی هێزە چەکارەکانی کۆماری ئیسلامی ناوی خۆی دەخاتە پاڵ نەیارانی و بە تێرۆریست ناویان دەبات، چۆن حیسابی لێ تێکناچێت؟ باقری دوای هێرشی مووشەکی بۆ سەر شۆڕشگێڕان، بە میدیاکانی خۆیانی گوت: ٣ هەزار دژە شۆڕش لە باشووری کوردستانن و ١٢٠٠ بنکەیان هەیە. ئەوەندی بیری لێ دەکەینەوە، حیسابی جەنابی فەرماندە لە حیسابی دۆلار و تومەنەکەش تێکەڵترە. ئەو ناچارمان دەکات ٣٠٠٠ دژبەری ئاغای باقری بە سەر ١٢٠٠ بنکەدا دابەش بکەین و هەر بنکەیەک دوو کەس و نیوی بەردەکەوێت. ڕەنگە نەزانن ڕازی ئەم لێدوانەی جەنابی فەرماندە لە چی دایە، بەڵام ئەو خەریکە لەم دابەشکردنەدا بەشێکی بەرچاوی نەیارانی بە کوشتن بدات. بۆ ئەوەی نیو نەفەرەکان بەسەر ئەم هەزار و ٢٠٠ بنکەیەدا دابەش بکەین و هەر بنکەیەک دوو کەس و نیوی بەربکەوێت، پێویستە٦٠٠ نەفەران دوولەت بکەن و بیانکەین بە ١٢٠٠نیو نەفەر و حیسابەکە ڕاست دەربچێت.

جەنابی فەرماندە سەری دا لە بەرد، خۆ ئێمە قەسابخانەمان دانەناوە.

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# نەوەی هۆشمەند



**پژمان شەریعەت**

خۆپیشاندانەکانی سەراسەری لە ئێران و بە تایبەتی لە کوردستان، کە لە دوای قەتڵی حکوومەتی ژینا ئەمینی دەستی پێ کرد، زۆری نەخایاند کە کۆمەڵگەی بوێر و ئازادیخوازی کوردستان کە لە کولتووریدا ژن ڕوڵی سەرەکی دەگێرێت و مێژوو و ئایین و فەرهەنگی کوردستان خاونی خواژنەکان بووە و ژن بەشی سەرەکیی کۆمەڵگەی کوردییە، سەلماندی کە لەو کۆمەڵگەیەدا و لە دابەشکارییە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتی و ڕەگەزیدا، پلەی بۆ دیاری نەکراوە، بەڵکوو بە واتای ڕاستەقینە یەکسان بووە و بگرە لە زۆر برگەی مێژوویی، بەڕێوەبەر و پێشەنگ بووە؛ هەروەک ئێستا.

سەرهەڵدانی ئەمجارە بەڵگەیەکی ڕوون و بەرچاوە بە نیسبەت فەرهەنگی یەکسانیخوازی و یەکگرتوویی کۆمەڵگە و ئەندیشەی کوردی. لێرەدا ناچینە سەر ئەو بابەتە کە پێویستیی بە لێکۆڵینەوەی تایبەت هەیە و لە فۆرمی بابەتێکی ڕۆژنامەدا ناتوانرێت بە وردی باسی لێ بکەین، لە لایەکی دیکەشەوە دەبێ بە بەردەوامی بۆ خۆمان و کۆمەڵگە ڕوڵی ژن لەبەرچاو بگرین و لە شۆڕشی ژیناشدا کە هەر باس و بابەتێک بە ژن دەست پێ دەکات. بەڵام خاڵی سەرەکی لێرەدا نەوەی نوێ کۆمەڵگەی ئێرانە، لە پاش شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ەوە هەتا ئێستا.

لەم سەرهەڵدانەدا بە شێوەی سەرسۆڕهێنەر و پێشبینینەکراو نەوەکانی ٧٠ و ٨٠ ی زایینی زۆر بە ئیرادە و عەقڵانی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هاتوونەتە مەیدان و پڕن لە داخوازی و بڕیاری گۆڕین و دیاریکردنی چارەنووسیان داوە، لە حاڵێکدا کاتێک لە نەسڵەکانی پێشتر لەوان پرسیارت دەکرد کە ئەم نەسڵە چۆنن، بە شێوەیەکی زۆر هەڕەمەکی باسیان لەوە دەکرد کە: نەسڵێکن سەریان تەنیا لەنێو موبایلەکانیان داوە و دەوروبەری خۆیان نابینن و داهاتوویان ناڕوونە و هیچ هەڵویستێکیان نییە.

لە ڕاستیدا لە تێپەڕاندی سووننەت بەرەوە مودێرنیتە لە ئێرانی کولونیکراودا بە دەیان کەلێن لە کۆمەڵگەدا دروست بووە کە دەسەڵاتی دیکتاتوریی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی خۆی خۆڵقێنەریان بووە و هیچ ئاوڕێکی لە کەلێنەکانی کۆمەڵگە نەداوە و لەو خەیاڵە خاوەدا بوون کە دەتوانن نەسڵێک تەنیا بە سروودێکی فوکاهی و بیواتا بەرەو لای خۆیان ڕاکێشن. بێخەبەر لەوە کە "فەرماندە!" سڵاوی کرد وەڵامی خواحافیز و مەرگ و بڕۆخێی وەرگرت.

ئەم هەڵویست و کەلێنە دەبێ لە دوو بواری جیهانی و نێوخۆییدا خوێندنەوەی بۆ بکرێت.

لە بواری جیهانیدا ئەمە تێپەڕاندنی ئاسایی و مافێکی دیاریکراوی نەسڵی نوێ جیهانە کە بە تێکنۆلۆژی و ئەندیشەی سەردەمیانە ئاشنا کراوە و تێیدا ژیان دەکات و ڕۆژانە ئاستی خۆشبژێوی و داخوازییەکانیان و تەنانەت بگرە بە دەقە داخوازیی نوێیان دەبێت و لە کەشێکی جیهانی پارێزراوتر بە نیسبەت نەسەڵەکانی پێشتردا دەژین.

ئەو ڕەوتە جیهانییەش گرێ دراوە بە نێوخۆی کۆمەڵگەکان و لە ئاستی نێوخۆیی هەر کۆمەڵگەیەک بەتایبەت لە کوردستان کە زەمینەی حیزبایەتی و کاری ڕێکخراوەیی و خەبات تێیدا هەمیشە ڕەنگدانەوەی بووە، فورمێکی دیکەی هەیە.

بە واتایەکی دیکە ئەم نەسڵە لەگەڵ ئەندیشەی کوردی پەروەردە کراوە و وەکوو نەوەکانی پێشتر کەمتر شەڕی بینیوە، کەمتر لەلایەن بنەماڵە سزا دراوە، کەرەستەکانی بەردەستی یەکجار زۆرتر بوون و سەردەمی پەیوەندییەکان وای کردووە کە زووتر لە هەر نەسڵێکی دیکە کەسایەتییان دیاری و فورم بگرێت.

بە شێوازێک کە دەبینین ئەم نەسڵە لە چوارچێوەی بنەماڵەدا ناپارێتەوە بۆ وەرگرتنی پێداویستییەکانی، بەڵکوو داخوازی و جەبری بەسەر بنەماڵەدا هەیە. کەشی پەروەردەییان بە شێوازێک بووە کە لە بەرابەر نیازەکانیان دەنگیان هەڵبڕیوە و تا بە دەستیان نەهێناوە هەدایان نەداوە.

کاتێک ئەم بابەتە لە بنەماڵەوە بە سەر کۆمەڵگەدا دەیگشتێنین، دەبینین کە نەسڵێکن کە لە بەرانبەر داخوازییەکانیان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

شەرم ناکەن، توانای پەیوەندیگرتنیان یەکجار زۆرە، هەستی هاوپێوەندییان فراوانە و گرووپسازی لە نێوانیاندا ڕەوانترە، بەم هۆیەش ئەلگوریتمهایەکی زۆری ئاڵۆزی کۆمەڵایەتی لە زەینیاندا بوونی هەیە و توانای چارەسەری زۆریان هەیە.

لە لایەکی دیکەشەوە جێبەجێکردنی فەرمان و بڕیارەکان لە نێو نەسڵی نوێ کۆمەڵگەی کوردستان، واتایەکی دیکەی هەیە و جێبەجێکاری بێ ئەمال و ئەولای هیچ تێز و ئیدە و حوکمێک نین و تاکوو خویان نەگەن بەو قەناعەتە کە دەبێ جێبەجێ بکرێت هەنگاو هەڵناگرن. بە واتایەکی دی ئێستا لە کوردستان لەگەڵ نەسلێک بەرەوەڕووین کە وانەکانی شوڕش لە جیلی ڕابردووی خۆی بیستووە و خۆی تاکێکی بڕیاردەرە و سەرتاپا هۆشمەندە و قوڵی لە ئاڵوگۆڕ و دابینکردنی ژیانێکی سەردەمیانە بۆ خۆی هەڵمالیوە.

ئەم نەسڵە هۆشمەندە تەواوی توانای خۆیان وەگەڕ خستووە و هیچ هێزێک ناتوانێت پێشیان پێ بگرێت و هیچکات پابەند نابن بە هێڵەکانی ئیدئۆلۆژیکی کۆنی هەزاران ساڵی پێش کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ پێیان دیکتە بکات و ئەو سنوورانە بە تەواوەتی دەشکێنن.

ئەمجارە ئەمانن کە سنوورە نوێیەکان دیاری دەکەن.

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**ڕۆژنامەی "کوردستان"، ژمارە ٨٣٤**


کوردستان

**یەکشەممە ١٥ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٦ی نۆڤەمبەی ٢٠٢٢ی زایینی**

---

**(پەیامی مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان)**




**خەڵکی بەشەرەف و ئازادیخوازی کوردستان!**

**کچان و کوڕانی بەهەست و شۆڕشگێڕ!**



Serchawe
https://serchawe.com

**سڵاوێکی گەرمی پێشمەرگەکانی شاختان پێشکەش.**

ئێمە ئێستا پێمان ناوەتە قۆناغێکی نوێ. دوای شەهیدبوونی ژینا، ئێستا ٤٠ ڕۆژ بەسەر ئەو ڕۆژەدا تێدەپەڕێ. لە پێشدا ئیجازە دەخوازم کە بەبۆنەی گیانلەدەستدان و شەهیدبوونی ئازیزانمان لەو ماوەیەدا و بە تایبەت ٨ شەهیدی ٢٤ سەعاتی ڕابردوو، لە کوردستانی خۆشەویستدا، سەرەخۆشی لە هەموومان، خەڵکی بەئەمەگی کوردستان، ئەندامانی و بنەماڵەکانیان، و هەموو دۆست و برادەران و هاوسەنگەرانیان لەسەر شەقامەکانی کوردستان بکەم. ماندوونەبوونیتان لێ دەکەم بەبۆنەی کار و فیداکاریتان لەو ماوەیەدا. جێگای ڕێز و شانازین بۆ هەموو گەلانی ئێران و دنیا.

**هاوڕێیانی خۆشەویست!**

لە چلەی ماتەمینی ژینای خۆشەویستدا، خەباتەکەمان پێی نایە قۆناغێکی نوێ. وەک دەزانن بە شەهیدبوونی ژینا چەخماخەی، شۆڕشێک لە کوردستانی خۆشەویستدا هەڵگیرسا کە بە دوایی ئەودا، هەموو ئێرانی تەنییەوە و سنوورەکانی تێپەڕاند و گەیشتە نێو هەموو ئێرانییەکان لە سەراسەری دنیادا و دنیا و ئێران هاتە پشتی ئەو ڕاپەڕینە. بەڵام ئێستا قۆناغێکی نوێ دەستی پێ کردووە. قۆناغێک کە هەستیارە و زۆر حەسساسە، بۆیە پێویستە هەنگاوی ورد و حیسابکراو هەڵگرین، بۆ ئەوەی کە لەوە بەدواوە تێچووی گیانیمان کەمتر بێت و دەستکەوتی سیاسیمان زیاتر. لەم ڕاستایەدا داواتان لێ دەکەم خۆ لە توندوتیژی بپارێزن. کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هەموو توانای خۆی، لە پێناو ئەوەدایە کە ڕێپێوانەکان بکێشێتە توندوتیژی. بەڵام ئێمە نابێ بکەوینە داوی پیلانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

لەبیرمان بێ کە سەرکەوتنی ئەو شۆڕش و ڕاپەڕینەمان، بەشێکی گرینگی بەسراوەتەوە بەو ئارامی و لەسەرەخۆبوون و خۆبەدورگرتنی خەباتکاران لە توندوتیژی. ئەوە تایبەتمەندییەکی نوێ بوو کە ئێران و دنیای هاتە پشت. ئەوە دەستکەوتێکی سیاسیی زۆر گەورەیە کە دەبێ قەدری بزانین و بەهێزتری بکەین.

کۆماری ئیسلامی ئێران دیەوێ بە کێشانی ئێوە بە مەیدانی توندوتیژی، بە ئێرانییەکان نیشان بدا کە ئەوە لە کوردستان خەریکن وڵات تێک دەدەن. بە دنیا نیشان بدا کە ڕێپێوانەکان کراونەتە مەیدانێک بۆ هێرشکردنە سەر دامودەزگاکانی حکوومەت و سیمایەکی ناشیرین لەو ڕاپەڕینە بە خەڵکی دنیا نیشان بدا. داواتان لێ دەکەم سیمای ئەوڕۆیی و شارستانییانەی ڕاپەڕینەکەمان بپارێزن. مەکەونە داوی کەسانێک کە لە دوورەوە هانتان دەدەن، لە پەیجەکان، فەیسبووک و بە گشتی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەرژەوەندی و قازانجی شۆڕشەکەمان لە درێژەدانیەتی بە شێوەی هێمنانە. دەبێ چاوەڕوان بین کە ئەو ڕێپێوانانە، ماوەیەکی درێژتر درێژەیان هەبێ. لەبیرتان بێ کە شۆڕشی ئێمە دەبێ هاوشان بێ لەگەڵ شۆڕشی سەرانسەریی گەلانی ئێران. نە وەدوا کەوین و نە ئەوەندە وەپێش کەوین کە تووشی خەساری زیادی بین. ئێمە دەمانەوێ لە درێژەی ئەو ڕاپەڕینەدا، یەکەم تێچووی گیانیمان کەمتر بێ .دوویەم ئەوە کە کوردستان بپارێزین، کوردستان ملکی ئێمەیە، ماڵی ئێمەیە و دەبێ بیپارێزین لە هەموو حاڵەتێکدا. یەکگرتوویی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، وەک گلێنەی چاو بپارێزن. هەروەها ئەو یەکگرتووییە کە لەگەڵ سەرانسەری خەڵکی ئێران پێکهاتووە قەدری بزانن و بەهێزتری بکەن. سەرکەوتنی ئێمە لە یەکگرتووییدایە.

خاڵێکی دیکە کە دەمەوێ ئاماژەی پێ بکەم، ئەوەیە کە درێژەدانی ڕاپەڕینی کوردستان و ئێران، بۆتە هۆی ئەوەی کە بەگوێرەی ئەو هەواڵانە کە بە من دەگا، بەشێک لە چەکدارە تورکەکان کە لەنێو هێزەکانی ڕێژیمدان، نافەرمانی دەکەن و بەرەورووی ڕاپەڕینەکانی شار سەنگەر ناگرن. لە ئەرتەشدا هەر ئەو دیاردەیە وردە وردە دەرکەوتووە. ئەوانە جێگای ڕێزن و ئێمە دەبێ پێشوازییان لێ بکەین. هەر لەو پێوەندییەدا پێمخۆشە ئیشارە بکەم بە پشتیوانی بێئەملاولای خۆشک و برا تورکەکانمان لە ئازەربایجان. ئێمە دەنگی هەزاران خەباتکاری تورکمان لە تەوریز بیست کە دروشمی "کوردستان، کوردستان چشم و چراغ ایران"یان دەدا.

ئێمە ئەو پەیامە وەکوو پەیامی دۆستایەتی و هاوپەیمانی، هاودەردی لەگەڵ گەلی تورک لە ئازەبایجاندا و لە هەموو ئێراندا وەردەگرین. لە مێژووی ڕابردووماندا، ئێمە خاڵی زۆر ڕوون و دەرەوشاوەمان هەیە لە پێکەوەژیان، ئێستاش کە ئێمە شان بە شان و هاوپەیمان لەگەڵ ئەوان بەدژی ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران خەبات دەکەین؛ دەمانەوێ دوای ئەو ڕێژیمە، چ ئەوانەی لەگەڵ یەکتر دەژین لە شار و گوندەکان، چ ئەوەی کە دراوسێی یەکتر دەبین، ئەو هاوپەیمانییە حورمەتی بۆ دابنێین و ژیانێکی باشتر بۆ هەموو خەڵکەکەمان دابین بکەین. سەردەم سەردەمی ژیانی بەئاشتی و سەردەمیانەیە. ئێمە ئەو پەیامە دۆستانەیەمان وەرگرتووە لە ئێوە و ئێستاش داوا دەکەین لە ئێوە ئازیزان، هەروەها هەموو خەڵکی ڕاپەڕیوی شارەکانی ئێران کە بە ڕێپێوانی هێمنانە، پشتیوانی بکەن لە خوشک و براکانیان لە کوردستان، بە تایبەت لە شارەکانی مەهاباد، بۆکان، سنە و شارەکانی دیکە کە کەوتوونەتە بەر هێرشی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران. ئێمە هەموومان پێکەوە شان بە شانی یەکتر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕادەماڵین و پێکەوە ئێران ئازاد دەکەین و ئاوەدانی دەکەینەوە.

لە دواییدا جارێکی دیکە سەرەخۆشیی خۆم، لە هەموو خەڵکی کوردستان و بەتایبەت بنەماڵەی شەهیدەکان ڕادەگەیەنم.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئارەزوو دەکەم بە سەدان کەس لە خەباتگێڕانی شەقام کە بریندار بوون، هەرچی زووتر برینەکانیان چاک بێتەوە و، بگەڕێنەوە مەیدانی شەقام. سەرکەوتن بۆ ئێمەیە و کۆماری ئیسلامی مەحکووم بە نەمانە.

بژین و سەرکەوتوو بن بۆ ئازادیی ئێران و گەلانی ئێران.

**مستەفا هیجری**

**٦ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی**

---

## د. ئاسۆ حەسەنزادە: دەرفەتێکی دەگمەن دروست بووە هەتا سەرنج و پشتیوانیی نێودەوڵەتی بۆ لای خەباتی خۆمان ڕابکێشین



**هەڤپەیڤین: ئارمان حوسێنی**

**ئاماژە:**



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

جاوید ڕەحمان، ڕاپۆرتنێری تایبەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری مافەکانی مرۆڤ لە ئێران ڕۆژی ٤ی خەزەڵوەر، لە پێنجەمین ڕاپۆرتی خۆیدا بۆ کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان دۆخی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێرانی بەهۆی کۆماری ئیسلامییەوە کارەساتبار ناو برد. ئەو لەبارەی یاساکانی پرەهەڵاواردنی کۆماری ئیسلامی دژی ژنان و هەروەها بێبەشکردنی کورد و نەتەوەکانی تر لە مافەکانیان ڕاپۆرتێکی پێشکێش کرد. جاوید ڕەحمان گوتی مردنی ژینا ئەمینی نیشانەی پێشێلکردنی بەربلاوی مافی مرۆڤە لە ئێران و پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەتوندی لەهەمبەر ڕەفتارەکانی دەسەڵاتدارانی ئێران بەرامبەر بە ژنان هەڵوێستی هەبێت.

ڕاپۆرتنێری تایبەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری مافەکانی مرۆڤ لە ئێران بە ئاماژەدان بەوەی کە ناوی ژینا لە ناسنامەکەیدا بە "مەهسا" تۆمار کراوە، گوتی: حکوومەتی ئێران کوردەکانی لە شوناس و ناسنامەی خۆیان بێبەش کردووە و هەر بەهۆی ئەو بێبەشکردنانەوەیە کە نارەزایەتییەکان لە کوردستان بەرفراوانترن.

"کوردستان" بۆ ڕوونبوونەوەی زیاتری لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەو ڕاپۆریەی جاوید ڕەحمان وتووێژێکی "کورد کاناڵ" لەگەڵ د. ئاسۆ حەسەنزادەی بۆ خوێنەرانی بلاو کردۆتەوە.

**ئارمان حوسێنی**: دوکتور ئەگەر بۆمان ڕوون بکەیەوە گرینگیی ئەم ڕاپۆرتەی جاوید ڕەحمان ڕێپۆرتێری تایبەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافی مرۆڤ لە ئێران لە هەلومەرجی ئێستادا لە چیدایە؟

**د. ئاسۆ حەسەنزادە**: ئەو ڕاپۆرتە کە دیارە ڕاپۆرتێکی زارەکی بوو و پێش زەمینە و کورتەی ڕاپۆرتە نووسراوەکەیەتی کە لە هەفتە و مانگەکانی داهاتوودا تەکمیلتر دەکرێ و پێشکەش بە کۆبوونەوەی داهاتووی شووڕای مافی مرۆڤ دەکرێ، لە دوو ڕوانگەوە گرینگە: یەکەم، لەباری زەمەنییەوە کە هەرووک دەزانن هاوکاتە لەگەڵ ئەو ڕووداوانەی لە یەک مانگ و نیوی ڕابردوودا لە ئێران ڕوویان داوە و هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم لە وەڵامی نارەزایەتی و سەرهەڵدانی ڕەوای خەڵکی بەشە جۆربەجۆرەکانی ئێران کۆمەڵێک جینایەتی نوێیان ئەنجام داوە. وەدەنگهاتنی ڕاپۆرتۆری نەتەوە یەکگرتووەکان لەو جینایەتانە و پێشنیارەکانی لەبواری جۆری دژکردەوەی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بەو جینایەتانە دەتوانێ ببێتە بنەمایەکی گرینگی ئەو کارزارە نێونەتەوەییانەی بۆ فشارهێنان بۆ سەر کۆماری ئیسلامی و سزادانی ئەو ڕێژیمە لەمەودوا وەڕێ دەخرێن. دووەم، گرینگیی ڕاپۆرتەکە لە تۆن و ناوەرۆکەکەیدایە. بەلەبەرچاوگرتنی ئەوە کە کۆماری ئیسلامی کە بۆخۆی ئەنجامدەری ئەو تاوانانەیە بێگومان لەگەڵ نیهادە نێونەتەوەییە پێوەندیدارەکان هاوکاری ناکا و ڕێکارەکانی ئێستای شووڕای مافی مرۆڤیش لەباری کردەییەوە سنووردارن، جاوید ڕەحمان پێشنیاری کردوە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی ئەرکی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دادخوازی بۆ ئێرانییەکان وە ئەستۆ بگرێ و بە ڕێکارگەلێکی تازە و کاریگەرتر ئەو کارە بکا.

لێرەدا ئامانجەکە دوو شتە: یەکەم ئەوە کە لەبەر ئەوەی کاتی دانیشتنی ئاسایی شورای مافی مرۆڤ لە ئێستاوە زۆر دوورە (کۆتایی زستان)، پێویستە کۆبوونەوەیەکی نائاسایی شورا بەزوویی بەڕێوە بچێ. دووەم ئەوە کە لەبەر ئەوە کە کۆماری ئیسلامی ڕیوایەتێکی هەڵەی لەبارەی کوشتنی ژینا ئەمینییەوە تەحویلی خەڵکی ئێران و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی داوە و دواتریش دەیان و سەدان جینایەتی هاوشێوەی دەرهەق بە خەڵکی ئێران ئەنجام داوە، پێویستە مێکانیزمێکی نێونەتەوەیی بەدواداچوون و لێپێچینەوە پێک بێ و ئەمەش کە ڕێکارێکی حقووقییە دەتوانێ ببێتە بنەمای هەنگاوی سیاسیی نێونەتەوەیی. دیارە دەزانین کە نەک هەر شورای مافی مرۆڤ بەڵکوو ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و خودی کۆڕی گشتییش بەڕووی دەوڵەتاندا تەنیا دەتوانن تەوسیە بکەن و ئەوە تەنیا ئەنجومەنی ئاسایشە کە دەتوانێ بڕیارێکی ئیجباری دەر بکا. شورای ئەمنیەتیش لەحاڵەتێکدا کە بەهۆکاری سیاسی فەلەج نەبێ لەسەر بنەمای فەسڵی حەوتەم لە دوو حاڵەتدا دەکرێ بڕیاری وا بدا: یەکیان ئەوە کە ئاشتیی جیهانی پێشێل بکرێ یان هەڕەشەی لەسەر بێ، ئەوی دیکە ئەو شتەیە کە ئەنجومەنی ئاسایش لە دەرەوەی دەقی مەنشوور و لە پراکتیکی خۆیدا پەرەی پێداوە، واتە حاڵەتێک کە ئاکامە دەرەکییەکانی سیاسەتی دەوڵەتێک و سەرکوتی خەڵکەکەی لەلایەن ئەو دەوڵەتەوە بە مەترسی بۆ سەر سەقامگیریی نێونەتەوەیی لێک بدرێتەوە. ئەوەش لەمێژە لەسەر ئێران سیدق دەکا. بەڵام ئەگەر بەهۆکاری سیاسییش (بەتایبەتی ڤیتۆی ڕووسیە و چین) ئەنجومەنی ئاسایش نەتوانێ بڕیار بدا، ئەوەی پێشتر باسمان کرد هەم بۆ باسەکانی نێو ئەنجومەنی ئاسایش و هەم وەک بنەمایەک بۆ هەنگاوی کردەیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بواری دانانی مێکانیزمێکی تایبەتیی دادخوازی بۆ خەڵکی ئێران و تەنانەت هەنگاوی سیاسیی دەوڵەتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی دیکە کاریگەریی دەبێ. ئەو کاتە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ڕووبەڕووبوونەوەی دۆخی نێوخۆی ئێران دەتوانێ بچێتە فازێکی دیکە و ئەو کارانە بکا کە ئێمە پێشنیاری دەکەین واتە ئەستاندنەوەی شەرعیەتی نوێنەرایەتیکردنی نێودەوڵەتیی ئێران لە کۆماری ئیسلامی و بڕینی هەر جۆرە پێوەندی و هاوکارییەک کە کۆماری ئیسلامی بۆ مانەوەی خۆی و سەرکوتی خەڵک کەڵکی لێ وەربگرێ و تەنانەت گرتنەبەری هێندێک هەنگاوی کەموێنە بۆ جێبەجێکردنی چەمکی بەرپرسایەتیی پاراستن و پێشگرتنی کۆماری ئیسلامی لە سەرکوتی زیاتر و بەلێشاوی خەڵک.

**ئارمان حوسێنی:** ڕاپۆرتەکەی جاوید ڕەحمان و هەڵوێستە نێونەتەوەییەکانی دیکە چ پەیامێکیان بۆ خۆپێشاندەرانی کورد و نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران تێدایە؟

**د. ئاسۆ حەسەنزادە:** مانا و پەیامی ئەو ڕاپۆرتە بۆ خەڵکی ئێمە لە کوردستان و نەتەوە ژێردەستەکانی دیکەی ئێران



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەتایبەتی بەلوچستان ڕوونە. ئەگەر تا دە ساڵ یا تەنانەت پێنج ساڵ پێش ئێستا کاتێک ڕاپۆرتی ڕاپۆرتۆری تایبەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئێران دەردەچوو دەبوو لە دەقەکەیدا بۆ ناوهێنانی کورد یان ئەو پەڕەکەی یەک دوو دێڕدا بگەڕێین کە لەودا ئاماژە بە کوردستان و سەرکوت و دۆخی خراپی گەلەکەمان لەژێر سایەی کۆماری ئیسلامیدا کرابوو. ئێستا ئیدی هەروەک لە ڕاپۆرتەکەی جاوید ڕەحماندا دیتمان نەک هەر بەتایبەتی و بەجیا ئیشارە بە دۆخی کوردستان دەکرێ، بەڵکوو ئەو بابەتە تەوەرێکی سەرەکیی ڕاپۆرتەکەیە کە دەتوانم بڵێم باشترین دەربڕینی تا ئێستای مەقامێکی نێودەوڵەتی بوو لەبارەی کورد لە ئێرانەوە. ئەوەش بەرهەمی کاری بەردەوام و شێلگیریی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ چ لە نێوخۆی ئێران و چ لە دەرەوەی وڵاتە کە وەک خۆم سوپاس و دەسخۆشییان پێ دەڵێم. ئەم سەرنجە تایبەتییە بۆ دۆخی کوردستان لە هەڵوێستە نێودەوڵەتییەکانی دیکەشدا بە ڕوونی دیارە و ئەمە شتێکی تازەیە. لە یەک قسەدا دەتوانم بڵێم پەیامی هەموو ئەو کاردانەوانە بۆ لاوان و ژنان و پیاوانی کورد کە هەر ئێستا لە شەقامەکاندا لە بەرامبەر هێزە سەرکوتکارەکانی ڕێژیم ڕاوەستاون ئەوەیە بزانن کە ئەوان تەنیا نین و دەنگی وان لە دنیادا دەبیسترێ و پێویستە بەردەوام بن.

**ئارمان حوسێنی**: ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران چۆن دەتوانێ لەو دەرفەتە بۆ گەیاندنی پەیام و ویستی گەلی کورد و گەلانی ژێردەستەی دیکەی ئێران بە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان کەڵک وەربگرێ؟

**د. ئاسۆ حەسەنزادە**: ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەگەڵ ئەوەدا کە تا ئێستا باشترین و مەشرووعترین چوارچێوەی کاری هاوبەش بۆ لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و زۆر زەرفییەتی لە بەستێنە جۆراوجۆرەکانی خەباتدا هەیە، بەڵام هێشتا لە زۆر بواردا و یەک لەوان لەبواری دیپلۆماسیدا خاوەنی سازوکار و مێکانیزمێکی تۆکمە و کارا نیە. ئەمن هەمیشە گوتوومە و لێرەش دووبارەی دەکەمەوە کە پێویستە کەرەستە و ڕێکاری ئەو ناوەندە زیاتر قووڵ و فراوان بکرێنەوە. بواری دیپلۆماسی و مێدیایی ڕوو بە دنیای دەرەوەی خۆشمان یەکێک لە گرینگترین بوارەکان بۆ کاری هاوبەشی ئێمەیە بەتایبەتی لەو قۆناغە هەستیار و چارەنووسسازەی ئەمڕۆدا. لەو نێوەشدا بەکاربردنی هاوبەش و بەبەرنامەی کاناڵە بەردەستە نێونەتەوەییەکان لەبواری مافی مرۆڤدا دەبێ بەشێکی ئەم کار و بەرنامانە بێ. دەبێ بزانین ئەگەر هەتا دوێنێ بە هۆکاری سیاسەتی نێودەولەتی زۆر لە دەرگاکانی دنیا بەسەرماندا داخرابوون، لەدوای ئەو دۆخەوە کە لە ئێراندا دروست بووە نەک هەر بۆ کۆی خەڵکی ئازادیخوازی ئێران، بەڵکوو بۆ ئێمە وەک کوردیش دەرفەتێکی بێوێنە دروست بووە هەتا سەرنج و پشتیوانیی نێودەوڵەتی بۆ پرسی خەباتی خۆمان ڕابکێشین. سەرکوتی کۆماری ئیسلامی لەو ماوەیەدا ئەگەرچی زۆر تاڵ بوو و زۆر گیانی بەنرخی لێ ئەستاندین، بەڵام بەو کاردانەوە جەماوەری و نێودەوڵەتییانەی کە لێی کەوتۆتەوە، لەڕاستیدا ئێستا لە زۆر گۆشەنیگای سیاسی و ئەمنیەتی و مافی مرۆڤەوە جۆرێک لە شەرعیەت و ئەولەوییەت بۆ وەرگرتن و گوێگرتن لە ئازادیخوازانی ئێران و تێکۆشەرانی گەلانی ژێردەستەی ئەو وڵاتە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دروست



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بووە.

**ئارمان حوسێنی**: زۆر سپاس دوکتور بۆ بەشداریت لەو دیمانەیەدا

**د. ئاسۆ حەسەنزادە**: سپاس بۆ ئێوەش

---

## چی نەکردن؟



**کەریم پەرویزی**

لەو کاتەدا کە دەسەڵاتی تێزاری نەخۆش بوو و خۆپیشاندان و ناڕەزایی خەڵکی ڕووسیە بە گشتی ڕووی لە هەڵکشان بوو، لێنین کە ئەندامی ڕێبەریی حیزبی سۆسیال دێموکراتی ڕووسیە بوو و ڕێبەری جەناحی بۆلشویک واتە ئەقەلییەت لەنێو ئەو حیزبە بوو، وتارێک و دواتر نامیلکەیەکی بەناوی "چی بکرێ؟"، بڵاو کردەوە کە تێیدا باسی لە هەنگاوەکانی حیزب و بزووتنەوەی کرێکاری بۆ سەرکەوتن و ڕووخانی دەسەڵاتی تێزاری کردبوو. لەو نامیلکەیەدا بەکورتی سێ شتی سەرەکیی ڕوون



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کردبۆوە کە بریتین لە ڕوانینی سیاسی کە بە زمانی ئەو کات پێی دەگوت ئاژیتاسیۆنی سیاسی یان بە زمانی ئەمڕۆیی بڵێین ڕوانگە و دیمەنی سیاسی کە بۆ کوێ دەڕۆین. دووهەم پرس، دیاریکردنی ئەرکی تەشکیلاتی وەکوو خۆی دەیگوت خەباتکارانی حیرفەیی، و پرسی سێهەم ڕێکخستن و بەرنامە بۆدارشتنی ئەو چینەی کە بەشداری شۆڕشە.

دوای نزیک بە سەد ساڵ بەسەر ئەو دۆخەی ئەوکاتی ڕووسیەدا، ئێستا ڕێژیمی خومەینی- خامنەیی، گەیشتۆتە وەها نوختەگۆڕانێک. ئێستە لە ملەیەکی زۆر توندی مێژوویی‌دایە و کۆمەڵگە دەستی لە بینەقاقای دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیهی ناوە و بە دروشی "ژن، ژیان، ئازادی" دەیەوێ، ڕووناکی بەسەر تاریکیدا زاڵ بکا. دەسەڵاتی خامنەیی لە دوای ئەو هەموو ئاژاوەگێڕییە لە نێوخۆ و دەرەوە و ناوچەکە، ئێستە هەم نەخۆش و لاوەملە و هەم چارەنووسی خۆی گرێ داوە بەو درۆنانەوە کە بە ڕووسیەی دەدا و خەڵکی ئۆکراینی پێ بێ ئاو و بێ کارەبا و بێ ژیان دەکا.

دەسەڵاتی نەخۆش لە سەرەمەرگدایە و خەڵک ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر وره دەگرن و دەیانەوێ ئەم ماڵوێرانی و نەگبەتییە لە کۆڵی ئێران و ناوچە و جیهان بکەنەوە. ڕۆژانە هەواڵ و ڤیدیۆیی خۆپیشاندانی خەڵک و ڕاپەرین لە کونج و قوژبنی جۆربەجۆری ئێرانەوە بڵاو دەبێتەوە و ئیتر لە قۆناخی ڕژانی ترسی خەڵک تێپەڕیوەو گەیشتۆتە قۆناخی ترسانی هێزەکانی ڕێژیم.

سروشتییە کە لەم دۆخەدا کە کەشوهەوای شۆڕش و ڕاپەڕین بەسەر ئێراندا زاڵە و ڕۆژانە و شەوانە خەڵک هەناسەی ئەوە هەڵدەمژن تاکوو بزانن کەی بۆنی مزگێنینی ئازادی دەبیسن، هەر لایەک و هەر بیرکردنەوویەکی سیاسی لە بیری ئەوەدا بێ کە بۆ ئێستا و سبەینێی ڕاپەڕین و درێژەدان بەم ڕاپەڕینە چی بکرێ؟

ئەوەی خاڵی گرنگ و بنەماییە، دۆزینەوەی دیمەنی سیاسی، یان ئەو خەونەیە کە کۆمەڵگەی ئێران بەگشتی هان بدا یان قبووڵیان بێ و خۆی تێدا ببیننەوە. هەروەک لێنین دەیگوت، فاکتەری دیکە، ئەرکە تەشکیلاتییەکانە کە تێکۆشەرانی حیرفەیی دەبێ بەڕێوەی ببەن و خاڵی کۆتاییش ڕێکخستن و بەرنامەڕێژیی جەماوەری سەرشەقامە کە بە کات و بە شوێن و بە چین و بە توێژی جیاوە، لێییان ڕوون بێ کە هەرکەس چی بکا و چۆنی بکا.

بەڵام لەم دۆخەی ئێستادا پێویستە ڕاوەستەیەک لە سەر هەندێ شت بکەین کە بریتییە لەو شتانەی کە ئەنجامدانیان خەساری هەیە و نەکردنیان باشترە. لە ڕاستیدا چیکردنەکان ڕەنگە زۆر کەس لێیان ڕوون بێ، بەڵام چی نەکردنەکان خاڵی گرنگن کە لە ئێستا دەبێ خۆیانی لێ بەدوور بگرین.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕەنگە جێی پرسیار بێت کە لە ڕەوڕەوەیەکی بەرەو پێشدا کە ڕاپەڕینێک ڕوو بە داهاتوو گرتوویەتە بەر، دەبێ باس لە داهاتوو و هەنگاوە کردەییەکان بکرێ و لە حاڵەتی بزاوتنی بەرەو پێشدا ئیدی ئەوەی کە زێهنت پێوەی خەریک دەبێ ڕۆیشتنە نەک بیرکردنەوە لە شتی دیکە و نەڕۆیشتن! بەڵام لە هەر قۆناخێکی شۆڕش و خەباتدا هەندێ کردەوە و هەندێ ڕۆیشتن و بەرەو لا ڕۆیشتن هەیە کە خەسارەت دەگەیێنێ و هێزت بەلاڕێدا دەبا و بیرت پەرتەوازە دەکا. هەندێ کردەوەش هەیە کە گەر وشیاری نەبی و لە دۆخی هەستیاری جەماوەریدا ئەنجامی بدەی، بە قازانجی دوژمن تەواو دەبێ.

**ئەو شتانەی کە نەکرێن باشترە، چین؟**

هەروەک لێنین لەو سێ خاڵەدا کورتی کردبۆوە کە چی بکرێ، پێویستە لە ئێستا دا باسی سێ خاڵی سەرەکی بکەین کە نەکردنەکان لەو خاڵانەدا کۆ بکرێنەوە.

خاڵی یەکەم دیمەنی سیاسیی داهاتوو بریتی نەبێ لە وێناکردنەوەی دیمەنی ترسناکی ڕابردوو. ڕوونتری بکەینەوە، کۆمەڵگەی ئێران چۆن دەبینین؟ ئایا کۆمەڵگەیەکی یەکدەستە کە خەڵک هەمووی یان زۆرینەی هەرەزۆری یەک ڕەنگن و ئەوەی لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا ڕووی داوە، تەنیا بریتی بووە لەوەی دەسەڵاتێکی نەزان و سەرەڕۆ لەسەرکار بووە؟ گەر وابێ ئیدی تەنیا باسکردن لەوەی کە دەسەڵاتی داهاتوو هەموو خەڵک وەکوو یەک دەبینێ و کەسانی زانا و پسپۆڕ بەکار دێنێ و لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە بەرپرسانی وڵات دیاری دەکرێن، وەڵامدەری پرسەکەیە و تەنیا هەوڵدان بۆ ئەوەی کە هەڵبژاردنی ئازاد و دێموکراتیک لە وڵات هەبێ، گرفتەکان چارەسەر دەکا.

لە کاتێکدا گەر بە وردی چاو لە کۆمەڵگەی ئێران بکرێ، کۆمەڵگەیەکی فرەڕەنگ و فرە پێکهاتەیە و تەنیا بە یەک ڕستەی سادە و ساکار وەڵامی هەموو نەهامەتییەکانی ئەم کۆمەڵگەیە نادرێتەوە. نەتەوە جیاوازەکان بە درێژایی سەدەی ڕابردوو ستەمیان لێ کراوە. دەسەڵاتی پاڵەوی و دەسەڵاتی خومەینی- خامنەیی، هەموو نەتەوە غەیرە فارسەکانیان چەوساندۆتەوە. ئایا تەنیا هەڵبژاردنی ئازاد وەڵامی برینە قووڵەکانی ڕۆحی ئەم نەتەوانەیە؟

ژنان لە دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیهیدا وەکوو جێنسی دووهەمیش هەڵسوکەتیان لەگەڵ نەکراوە، بەڵکوو وەکوو کاڵایەکی بەردەست کە دەکرێ بەکار ببرێ و دوایەش بێ هیچ نرخێک فڕێ بدرێ چاویان لێ کراوە و سووکایەتی بە بوونیشیان کراوە. ئایا تەنیا ئازادکردنی حیجاب هەموو دەرد و ئازارەکانی ژنانن چارەسەر دەکا و ئیدی ژنان خۆشبەخت دەبن و بەختیاری بۆ کۆمەڵ دابین دەبێ؟ هەروەها پێکهاتەکانی دیکە و ئایین و ئایینزاکان و چین و توێژە جیاوازەکان و نەسڵە جیاوازەکان بە شێوەی جیاواز ستەمیان لێ کراوە و چەوسێندراونەتەوە و پەراوێز خراون. بە ڕستەیەکی سادە ناکرێ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەموویان تێراو بکرێن و سادەکردنەوەی ڕستەی داخوازییەکان، دووبارە ئەوەیان لا دروست دەکاتەوە کە خەریکن درۆیەکی دیکەیان لەگەڵدا دەکرێ و لەباتی دیمەنی دڵڕفێنی داهاتوو، فریوکارییەکی تاوانبارانەی ڕابردوویان وەبیر دەهێنرێتەوە. بۆیە نابێ ویست و داوا و ستەم و ئازارەکان سادە بکرێنەوە تاکوو کەسانێکی فێڵباز سواری شەپۆلەکان بن، دەبێ وەڵام و دیمەنی سیاسیی داهاتوو وەڵامی بۆ هەموو پێکهاتەی کۆمەڵگەی فرە نەتەوە و فرە ڕەنگی ئێران پێ بێ و بەختەوەری و یەکسانی بۆ هەموو پێکهاتەکان بە دیاری بێنێ.

خاڵی گرنگی دیکە لە چی نەکردنەکان، بریتییە لە وەداوی پڕوپاگەندەی ڕێژیم نەکەوتنە. لەم دۆخەدا کە کۆمەڵگە بە هەموو لایەک هاوار دەکەن کە ئەم ڕێژیمەمان ناوێ، دیار و ڕوونە کە ڕێژیمیش هەست بە مەترسی دەکا و پەنا دەباتە بەر هەموو جۆرە سەرکوت و فرتوفێڵێک بۆ مانەوەی خۆی. ڕێکارە فیزیکییەکانی بۆ سەرکوت دیارن و ئەوەی لە دەستی هاتووە بۆ ترساندن و زاڵکردنی دۆخی تۆقێنەر کردوویە، بەڵام تاکتیکە چەپەڵەکانی بۆ بەلاڕێدا بردنی ڕاپەڕین و سەرهەڵدانی خەڵکانی ئێران، زۆر و ئاڵۆزن و دەبێ بە وشیارییەوە هەموو ئەو تاکتیکانەی لەقاو بدرێن.

لەقاودانی تاکتیکە فریوکارانەکانی ڕژیم زۆرن و پێویستیان بە وردبینی هەیە. هەر لە مووشەکباران کردنی بنکە و بنەماڵەکانی حیزبە کوردییەکانەوە بگرە تاکوو سووتاندنی زیندانی ئێڤین و تا کردەوەی نمایشیی شاچراخ لەو تاکتیکانەن کە بۆ بەلاڕێدابردنی ڕای خەڵک و ئاژاوەنانەوە و تەنانەت زەمینگیرکردنی هێزەکانی ئامادە لە گۆڕەپانی خەباتدا بەڕێوە بردووە.

یەکێک لەو تاکتیکانە دەتوانێ ئاژاوەخستنە نێو نەتەوە جیاوازەکان بێ، یان سووتاندنی بەسیجییەک و نیشاندانی ئەوەی کە خۆپیشاندەران لە مرۆڤایەتی بەدوورن یان دەکرێ ژنان وا تێ بگەیەنێ کە داخوازیی ئازدی تەنیا بۆ ئازادیی حەیوانییە وەک ئەوی ئاخوندێکی نوێنەری خامنەیی وای گوت؛ یان زۆر تاکتیکی دیکەی کە تەنیا و تەنیا بۆ ئاژاوەنانەوە و پەرتەوازەکردنی هێزەکان و بەگژیەکداکردنیان و بەلاڕێدابردنی ویستەکان و زەمینگیرکردنی هێزەکان بێ.

بۆ پاتەک یان ئیفشاکردنی ئەو تاکتیکانەی ڕێژیم، دەبێ یەک ئەسڵی سەرەکی لەبەر چاو بگیرێ کە لە هەر کردەوە و دەربڕینێکدا لەپێشدا لێی وردبینەوە و دوایە بزانین کە ئایا ڕژیم قازانجی تێدا دەکا و خەباتکاران خەساری تێدا دەبینن یا بەپێچەوانەکەی؟ هەر کردەوەیەک ورە و بڕوا بە خەباتکاران ببەخشێ ولە سەر ڕێگەی دروست و شۆڕشگێرانە بیانهێڵێتەوە بە قازانجە و هەر کردەوەیەک هێزەکانی ڕژیم قازانجی تێدا بکەن و هێزی خەبات بەلاڕێدا ببا مەترسیی لەداوکەوتنی تاکتیکەکانی ڕێژیمی لێ بە دی دەکرێ.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

فاکتەری سێهەم بۆ ئەوەی چی نەکرێ. بریتیە لە قەتیس نەکردنەوەی شۆڕش و ڕاپەڕین چ لە نێو ئێران و چ لە دەرەوە. قەتیس نەکردنەوە بە چ مانایەک دێ؟ گەر چاو لە ڕووداوەکان و سەرهەڵدانەکانی خەڵک بکەین کە لە مێژوودا بەڕێوە چوون، هەر ڕاپەڕینێک لە نوختەیەکی جوغرافیایی بەرتەسکدا بەڕێوە چووبێ یان تەنیا توێژێکی گرتبێتەوە شانسی سەرکەوتنی کەم بووە. هەر ڕاپەڕینێکیش لە دەرەوەی جوغرافیا سیاسیەکەدا نەیتوانیبێ پشتیوان پەیدا بکا، یان سەرنەکەوتوە و یان بە هەزینەی یەکجار زۆرتر و درێژمەوداترەوە سەرکەوتنی بەدەست هێناوە.

**بۆ ئەو دوو مەبەستە دەبێ دوو شت لەبەرچاو بگرین:**

گەر دەمانەوێ لە نوختەیەکی جوغرافیاییدا بەرتەسک نەبێتەوە و بۆ وێنە تەنیا کورد تێیدا بەشدار نەبێ و تەنیا ژن و لاو نەبن، دەبێ پەیامێکی سیاسی و دیمەنێکی وەها و کردەوەیەکی وەهامان نیشان بدەین کە نوختەکانی دیکە بۆ نێو ڕاپەڕینەکە ڕابکێشین. ناکرێ بە سیاسەتی پەراوێزخستنەوە پێمان وابێ ئەوان وەدوامان دەکەون. ناکرێ چاوەڕوانیمان بێ کە سووکایەتی بە پێکهاتەیەک یان بەشێک بکەین و لەکاتی تەنگانەشدا وەفریامان بکەوێ! بۆیە دەبێ زمانی ڕاپەرینمان زمانی ڕاکێشان بێ نەک دوورخستنەوە و کردەوەکان جۆرێ پێناسە بکەین کە خەڵی زۆرتر و بەشی زیاتر پەیوەست بن.

لە ئاستی دەرەکیشدا دەبێ بەدوای پشتیواندا بگەڕێین و ئەرکی دیاسپۆرا و خەباتکارانی نێو گۆڕەپانەکە ئەوەیە کە ئەو پشتیوانیە بدۆزنەوە. نابێ کردەوە و وپەیامێکمان پێ بێ کە دونیای دەرەوەمان لێ بسڵەمێنێتەوە و نابێ تەنیا لەگەڵ خۆمان قسە بکەین! ئێمە لە قسەی یەک حاڵین! گەر نارووونیەکیشمان هەبێ دوایە دەرەتانی تێگەیاندنی یەکترمان هەیە! ئێستە کاتی ئەوەیە کە ئەوانەی وا لە ئێمە تێناگەن ئەوان تێ بگەیەنین. تێگەیاندنیش زمانی سیاسی و تایبەتی خۆی هەیە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## شەهیدبوون لە پێناو ئازادیدا شانازی و جاشایەتی و نۆکەرییش سەرشۆرییە



**عومەر باڵەکی**

ماوەی زیاتر لە نیو سەدەیە وشەی جاش هاتۆتە نێو ئەدەبییاتی سیاسیی بزوتنەوەی مافخوازانەی نەتەوەی کوردەوە. لە فەرهەنگی دەستەواژە سیاسییەکانی بزووتنەوەی کورددا جاش بەو کەسانە دەگوترێ کە بە ڕەگەز کوردن و کوردستان نیشتمانیانە، بەڵام بە دژایەتیی بزوتنەوەی نەتەوەیی و نیشتمانی دەکەونە بەرەی دوژمن و دەبنە چاوساغی هێزە سەرکوتکەر و داگیرکەرەکانی دوژمن و لەپێناو کەمەپارە و پاروەە نانێک ڕەحم بە برا و خۆشکی هاوخوێن و هاوزمان و هاوشار و هاوگەڕەک و هاوگوندیی خۆیان ناکەن و تەنانەت زۆر جاران لە دوژمن زیاتر دەبنە دوژمنی گەل و نیشتمانی خۆیان.

دیاردەی جاشایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەداخەوە هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، هەر هەیە. لەو ماوەیەشدا کە بە هۆی شەهیدکرانی ژینا ئەمینی، کچە کوردی سەقزی لە تاران بە دەستی پۆلیسی بەناو گەشتی ئیرشاد، شۆڕشێک لە کوردستان و ئێران بەدژی دەسەڵاتداریەتیی کۆماری ئیسلامی سەری هەڵدا کە لە ٤٣ ساڵەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بێوێنەیە و ماوەی زیاتر لە مانگ و نیوێکە سەرانسەری ئێرانی گرتووەتەوە و لەلایەن خەڵکی ناڕازی لە شەقامەکانی ئێران دروشمی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

پێکهاتەشکێنی وەک مەرگ بۆ ڕێبەری نیزام و ڕووخێ نیزامی کۆماری ئیسلامی لە پاڵ دروشمی ئەسلی ژن، ژیان، ئازادی دەگوترێنەوە؛ بەشی زۆری سەرکوتی خەڵک لە کوردستان لەلایەن هێزی جاشەکانەوە دەکرێت.

سروشتی ڕاپەڕینەکە لە کوردستان جیاوازترە، لە کوردستان بێجگە لەو دروشمانەی لە هەموو شار و ناوچەکان بەرز دەکرێن، دروشمی نەتەوەییش بە زەقی دەبیسترێت کە دەرخەری ویست و داخوازە نەتەوایەتییەکانی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. هاوکات لە پاڵ ئەو دروشمانەدا بە پانتایی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروشمی "جاشی حرامزادە، ڕەنجی کوردی بە با دا" و زۆر دروشمی دیکە کە ئەوپەڕی بێزاری و نەفرەتی خەڵک لە کەسانی جاشیان لێ دەخوێندرێتەوە، لە هەموو خۆپێشاندانەکاندا دەبیسترێت. ئەمە لەلایەک جێگەی داخە کە بۆ دەبێت لەو هەلومەرجە ناسکەدا کە ورد و درشتی خەڵکی ئێران بەگشتی و خەڵکی کوردستان بەتایبەتی بە دژی نادادپەروەریی نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕژاونەتە سەر شەقام، دەستەیەک خۆوڵاتی لە جلوبەرگی جاشایەتیدا ڕووبەڕووی خەڵکی خۆیان ببنەوە و سیلە لە خەڵک بگرن. لەلایەکی دیکەشەوە جێگەی تێڕامانە کە خەڵکی کوردستان وریا و وشیارن و بە بەرزکردنەوەی ئەو دروشمانە دەیانەوێت پەیامێک بدەن بەو کەسانە کە بە هەر هۆکارێک بوونە هاوکاری هێزە سەرکوتکەرەکانی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران. شیکردنەوەیەکی کورتی ئەو دروشمانەش کە ڕوو لە جاشەکان و لەدژی ئەوان دەگوترێت، هەڵگری ئەو پەیامەیە کە ئەی ئەو کەسەی بوویەتە هاوکاری هێزە سەرکوتگەرەکانی دەسەڵات! ئەگەر باوەڕت بە ئەسڵ و نەسڵی خۆت هەیە دەبێت ڕیزی خۆت لە ڕیزی دوژمن پاک و جیا بکەیەوە، دەنا لەو نەتەوە بێبەریت و حاشات لێ دەکرێت. لەو بەشەی دروشمەکەشدا کە دەڵێت "ڕەنجی کوردی بە با دا"، ڕاست دەیهەوێت وەبیر ئەو کەسانەی بەرگی جاشایەتییان کردووەتە بەر بێنێتەوە و بڵێ، ئەگەر ئەتۆ نەبی بە کەواسووری پێش لەشکر، هێزی سەرکوتکەری ڕێژیم لە کوردستان ناتوانێت بەرەنگاری خەڵکی وەزاڵەهاتووی سەرشەقام بێتەوە. واتە ئەوە ئەتۆی کە سیخوڕی بۆ دەکەی و دوژمن بە کەلێن و کەلەبەری شار و گوند و کوێستانەکانی کوردستانی ئاشنا دەکەی!

ڕەنگە لە ماوەی ئەو مانگ و نیوەدا ئەو کوردانەی چەکی جاشایەتییان لە شاندا بووە بەو دروشمانە زۆر تووڕە بووبن، بۆیە واباشترە بە جێگەی تووڕەبوون و هەڵکوتانە سەر خەڵک و شەهید و بریندارکردنی گەنج و لاوی ئەو کوردستانە، ڕیزی خۆیان لە ڕیزی دوژمن جیا بکەنەوە و ئەگەر لە کاتی ئێستادا بە هەر هۆکارێک ناتوانن ئەو بڕیارە قورس و یەکلاکەرەوەی ژیان و چارەنووسیان بدەن، خۆ دەتوانن لە سەرکوتی نارەزایەتییەکانی خەڵکدا بەشدار نەبن، تەنانەت گەلێک جاران بتوانن یارمەتیدەری هاووڵاتی و هاونیشتیمانیی خۆشیان بن. واتە لانی کەم ئەگەر ناتوانن چەک دابنێن، بە کردار و هەڵسوکەوتیان وا بکەن چەند خاڵێکی باش لە کارنامەی ژیانتاندا تۆمار بکەن کە لە دواڕۆژدا بەکاریان بێت.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەو کەسانە جا بە هەر هۆکارێک بوونەتە جاش و هاوکار و چاوساغی هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی، دەبێت بەو یاسا سروشتییە بزانن کە دەوڵەت و سیستمە سیاسییەکان ماوەی بەسەرچوونیان هەیە، جا دەرنگ یان زوو لەسەر دەسەڵات نامێنن و دەبن بە بەشێک لە مێژوو، بەڵام نەتەوە و خەڵک دەمێنن، ئەویش لە سەردەمی ئێستادا زەحمەتە خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیەک لەنێو بچێت و لە ئاکامدا سەرکەوتن هەر هی گەلە. بۆیە ئەگەر بیر لە خۆیان و چارەنووسیان ناکەنەوە، لە فکری خێزان و منداڵەکانیاندا بن. ئەو منداڵانە ناچارن هەر لەنێو ئەو نیشتمانەدا بژین و لەگەڵ ئەو خەڵکە هەڵسوکەوت بکەن، جا با لە ڕوویان هەڵبێت نازناوی باوکیان هەڵبگرن و بە ئاسوودەیی بژین، نەک هەتا مردن ئەو ناونیشانە دزێوە بە ناوچاوانیانەوە بێت.

هەموو مرۆڤێک بەشی خۆی هەست و سۆزی مرۆڤایەتی هەیە، ئەگەر لە بەرانبەر خەڵکی دیکەشدا نەیبێت و کردەوەی دڕندانە دەرحەق بە هاونیشتمانییانی بکات، لەو کاتەدا کە خۆی تووشی کارەسات دەبێت ئەو هەست و سۆزە مرۆڤایەتییەکان سەر هەڵ دەدات، باشە ئەو جۆرە کەسانە بۆ جارێکیش بێ وێنەی ئەو هەموو گەنج و لاوە کەم تەمەنانە کە لەو ماوەدا بەدەست و فیەشکی هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی شەهید و بریندار و نقوستان بوون، بێنە بەرچاوی خۆیان و پرسیار لە خۆیان بکەن، چۆنیان لە ڕوو هەڵدێت وەک هاونیشتمانی و هاوشاری و هاوگەڕەک و هاوماڵی چاو لە چاوی بنەماڵەی ئەو شەهیدانە بکەن. پرسیارە و بەرەوڕووی ئەوان دەکرێ کە ئێوە چیتان بەسەر هاتووە و دەسکەوتتان چ بووە کە بێبەری بوون لە هەست و سۆزی مرۆڤایەتی؟ بۆیە با جارێکی دیکەش پێیان بڵێین کە ئێستا لە هەموو کات گونجاوترە وێژدانی نووستووتان وەخەبەر بێت و خۆتان لە شەرمەزاریی گەل و نیشتمان ڕزگار بکەن. بەڕاستی ئێوەی چەکی دوژمن لەشان ئەو دەنگە دلێرانەی سەر گۆڕی شەهیدە جوانەمەرگەکانی دەستی زۆرداری نابیستن؟ نابینن کە دایکی جەرگسووتاو و باوکی ڕۆڵە لەدەستچوو چۆن لەنێو ئاپۆڕای هەراوی خەڵکی ماتەمگرتوو و و دڵ پڕ لە قیندا هاوار دەکەن و دەڵێن شانازی دەکەین ڕۆڵەکانمان لە ڕێبازی بەختەوەریی خەڵک و نیشتماندا شەهید بوون! گوێتان لە هاواری ئەو پیاوە نییە لەسەر گۆڕی ژنە شەهیدەکەی پڕ بە گەرووی هاوار دەکات و دەڵێت "فریشتە" چ شانازییەکی گەورەیە کە تۆ چوویە نێو کاروانی شەهیدانی کوردستانەوە! گوێتان لە دەنگی ئەو باوکە نییە کە لەسەر گۆڕی کوڕە شەهیدە جوانەمەرگەکەی بە شانازییەوە دەڵێت لە بەر خۆشەویستیی حیزبی دێموکرات و ٢٥ی گەلاوێژ ناوم ناوبوو "کۆمار".... . ئەگەر ئێوەی نازناوی جاشایەتیتان بۆ خۆتان بە خۆتان بڕاندووە تۆزقاڵێک وێژدانتان بجووڵێت و گوێی بیستنتان بکرێتەوە، حەتمەن ئەو دەنگانە دەبیستن کە لە گەرووی تاک بە تاکی خەڵکی وەزاڵەهاتوو لە دەسەڵاتدارەتی کۆماری ئیسلامی لە ئێران و کوردستان دێنە دەرێ و نەک پانتاییی ئێران، بەڵکوو سەرانسەری جیهانی تەنیوەتەوە. دڵنیا بن ئەو ڕۆژەش دێت گەردەلوولی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران و کوردستان تاج و تەختی کۆماری ئیسلامی تێکەوە پێچێت.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە کۆتاییدا بۆ ئەوەی دیاردەی جاشایەتی لە کۆمەڵگەی کوردستان و بەتایبەتی لە هەلومەرجی ئێستادا بنەبڕ یان ڕوو لە کزی بدات، تاک بە تاکی خەڵکی کوردستان لە سەریانە لە هەموو ئەو کەسانە نزیک ببنەوە کە کەوتوونەتە بەرەی دوژمن و هەوڵیان لەگەڵ بدەن واز لەو کردەوە قیزەونە و دوژمنکاریی نەتەوەی خۆیان بێنن و لانی کەم ئەگەر ناتوانن هاوڕێ و هاوبەمەستی خەڵکی خۆیان بن، هاوکار و چاوساغی هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامیش نەبن و بەشداری ئەو جینایەتانە نەبن کە لە کوردستاندا لەسەر دەستی ئەو هێزانە دەرحەق بە خەڵکی کوردستان لە ئارادایە. چونکە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای بەدەسەڵاتگەیشتنیان هەوڵیان داوە تۆوی نیفاق و دووبەرەکیی لەنێو ڕیزەکانی گەلدا دروست بکەن و ئەگەر ئەو نیزامە توانیوویەتی ڕێژەیەکی یەکجار کەم لە خەڵکی کوردستان بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و بە جۆرێک لە نێوان ئەو ڕادە کەمە و خەڵکی کوردستان دوژمنایەتی دروست بکات، ئەو هەلومەرجەی ئێستە باشترین دەرفەتە بۆ ئەوانەی فریۆیان خواردووە تا بگەڕێنەوە باوەشی خەڵکی خۆیان، چونکە سبەینێ زۆر دەرنگ دەبێت.

---

## ئێرە خاکی کوردستانە



**پژمان شەریعەتی**

**شۆڕشێک کە کورد دیکتەی کرد بە هەموو ئێران و بووەتە مەکتەبێک بۆ وانەوەرگرتنی گەلانی ئێران و قیبلەی ئازادیخوازان**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە ئێران و ناوچەکە و جیهان، چەند خاڵی سەرەکیی تێدایە کە خاڵی هەرە گرینگی هێز و ئیرادەی ژنە لەم شۆڕشەدا.

بەرەو پەنجا ڕۆژ دەڕوات کە بە پێشەنگایەتیی کوردستان، هەموو نەتەوەکانی نێو قەوارەی جوغرافیای سیاسیی ئێران، لە خەباتێکی فرەڕەهەند و یەک ئامانجدا بەشدارن و بێوچان لە شەقام دان بۆ گەیشتن بە ئازادی.

ئازادی بە واتای مودێرن، کە هانا ئارێنت لەیەک جیایان دەکاتەوە لە شێوە نەریتییەکەی و هەر بەو شێوە ڕوانینەی مونتێسکیۆ دەتوانین ببینین کە ئازادی بە پاراستنی ماڵ و گیانی دەزانێت، بەڵام لە شێوازی مودێرندا ئازادی هەموو بەشەکانی ژیان لە خۆی دەگرێتەوە و بە نیسبەت داخوازییەکان بەشداری لە دەسەڵات و ئاڵوگۆڕ پێکهێنان لە دەسەڵاتە و حکوومەت و خەڵک لەیەک جیا ناکرێنەوە.

لەم ڕۆژانەدا کە دروشمی ئازادی دەدرێت، ئەم ئازادییە زۆر چەمک و بابەت لە خۆی دەگرێت وەکوو: مافی دیاریکردنی چارەنووس چ لە بواری نەتەوەیی چ لە بواری تاک و خۆڵقاندنی داهاتوویەک کە کەرامەتی مرۆیی تێیدا بەدی بکرێت و ئینسان بگاتە پلەی تەعالی، بەم هۆیەوە دەتوانین بڵێین لەنێو ئەم شۆڕشەدا دەیان شۆڕشی دیکە لە ڕسکاوە.

شۆڕشی نەتەوەکان بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووس، شۆڕشی ڕەگەزی و سەرهەڵدانی ژنان، شۆڕشی نەوەی نوێ، شۆڕشی ئەندیشەیی و... ئەم گۆڕانکاری و هەڵتەکانە ڕەوتێکی پێک هێناوە کە چیی دیکە هیچ دەسەڵاتێک ناتوانێت بە قازانجی خۆی قەبزەی بکات و بەلاڕێدا بچێت، لە چەشنی ئەوەی لە ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧دا بینیمان.

لێرەدا کە ئاور دەدەینەوە بۆ شۆڕشی نەتەوەکان بە تایبەتی لە کوردستان، باشتر بۆمان دەردەکەوێت شۆڕشێکی دیکە لە فۆڕمی نەتەوەیی سەری هەڵداوە، کە بە دروشمەکانی خەڵکی بەئیرادەی سەر شەقامی کوردستانەوە دیارە. کاتێک دەبینین لە دێهلوڕانی ئیلام دروشمی "قاسملوو، قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە" یان لە شابادی کرماشان دروشم دەدرێت " ئێرە خاکی کوردستانە، گۆڕستانی فاشیستانە"، یان کاتێک دەگوترێت "سنە تەنیا نییە، کرماشان پشتیوانییە"؛ بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێت کە تەوەر و سەنگی کوردایەتی و پێشەنگایەتی لەو ناوچانەدا فورمی گرتووە.

بەتەوەربوونی کوردایەتی چەندین زەرووڕەتی ستراتژیکی هەیە. کرماشان وەکوو شادەمارێک لە کوردستان، بەردەوام کراوەتە ئامانجی سیاسەتە نگریسەکانی ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی و ئەوان بەباشی دەیانزانی کە ئەگەر ئەم شادەمارە لاواز بکەن، خوێن بەباشی ناگەڕێتە جەستەی شۆڕشی نەتەوەیی کوردستانەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بە شێوازێکی دیکەیش لە بواری هەڵکەوتەی جوغرافیایی، حەشیمەت، ئابووری و ڕابردووی سیاسی و کاریگەریدانان لەسەر سیاسەتی ئێران، کرماشان دەبێ بکرێتە تەوەری سەرەکی و لە ئێستادا دەتوانین ئەم تەوارەیەتییە ببینین. کاتێک لەجیاتی دروشمی "جاوید شاه"، دەگوترێت "ژن، ژیان، ئازادی" بەو واتایەیە کە بۆ خەڵکی ئەو ناوچانە دەرکەوتووە کە لە ناوەند و چاوڕوانی لە سیستمێکی ناوەندگەرادا تەنیا فەلاکەت دەبێتە بەرهەمی و تەنیا کوردایەتییە کە هەموو مافەکان بەدی دێنێت.

لەلایەکی دیکەشەوە لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دەبێت بەو چاوکراوەییەوە بڕواننە محوەرییەت دروستکردن لە خەبات و سەرهەلدان کە بە خۆشییەوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بەردەوامی بە خوێندنەوەیەکی ورد و هەڵسەنگاندنی ستراتژیک بەردەوام لە هەوڵدا بووە کە سەنگەری سەرەکی بکاتە کرماشان کە ئەمڕۆ بەرهەمەکەی دەبینین.

لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە کاتێک دەگوترێت کرماشان، تەنیا جوغرافیایەک و نێوی پارێزگایەک نییە، بەڵکوو مێحوەرێکی فەرهەنگی و بەربلاوە کە باشووری زاگرۆس لە خۆی دەگرێت و سنوور و ڕەمزی یەکگرتوویی کوردستانە. لە لایەکی دیکەشەوە و لە ئاستی دەرەوەی کوردستان واتە ئێرانیشدا، محوەرییەتی کرماشان چارەنووسسازە بۆ گەلی کورد و پاش ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و دامەزرانی سیستمێکی دێموکراتیک، ناوەند ناتوانێت بەئاسانی هەوڵی قەبزەکردنی دەسەڵات بدات، کە بەداخەوە لە وێژمانی بەشێک لە خەڵک و ئۆپوزیسیۆنی فارس بەردەوام باسی لێ دەکرێت کە ئەوانن دیاریی دەکەن کە دەسەڵات چۆن دابەش دەکرێت.

ئەزموونی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ٥٧ و نەبوونە مێحوەری کرماشان بووە هۆی ئەوەیکە نە تەنیا کورد بە ئامانجەکانی نەگات، بەڵکوو بە هەلی دابڕانی کرماشان و پیلانگێڕی ڕێژیمەوە خەباتی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا ڕادەیەکی زۆر سنووردار کرا و بە قەتیس مانەوەی لە هەندێک ناوچەدا لە فورمی کەلانەوە گەیشتە فورمێکی ناوچەیی.

کۆی ئەم باسە بۆ ئەوە بوو تا بگوترێ کە لە ئێستادا دەبێت بە پلانی تایبەت و وێژمانێکی کەلان و دیاریکردنی محوەرێکی سەرەکی بۆ ئێرانی پاش ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئامادە بین.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# دەسکەوتەکانی هەتا ئێستای شۆڕشی ژینا




ڕەحمان سەلیمی

زیاتر لە ٥٠ ڕۆژە خەڵکی ئێران سەرەڕای سەرکوت و زەبرو زەنگی بێسنووری دامودەزگا سەرکوتکارەکانی کۆماری ئیسلامی لە ڕاپەڕینێکی بەردەوام و ئامانجدار بەردەوامن. بەدەر لە چەندوچۆنیی بەرێوەچوونی ناڕەزایەتییەکان و نەبیستنی دەنگی گەلانی ئیران لە لایەن دەسەڵاتەوە، ئاماژەکان ئەوەمان پێ دەڵێن کە ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی گەلانی ئێران داهێنەری کولتووری جێگای هومێدی بۆ داهاتوو لێ بەدی دەکرێ کە جیای دەکاتەوە لە شۆڕشەکانی دەیەی ڕابردووی وڵاتانی عەرەبی کە لە ڕووی کاتەوە نزیکترین شۆڕشەکانن لە ئێمەوە. ئەو نەسلەی ئێستاکە لە ئێران پێشەنگی شۆڕشە، نەسڵێکە بەدەر لە هەر ئیدئۆلۆژییەک عەوداڵی ژیان و ئازادییە. نەسڵێکە پێچەوانەی نەسلەکانی پێش خۆی لە کۆمەڵێک بەهای کلاسیکی وەک ئیدەئالیزم و پەرگیریی چەپ و ڕاست تێپەڕیوە. دیسکۆرسی ئەو نەسلە بەها واقعی و بەرهەستەکانی ژیانە، نەسڵێکە بەدوای ژیانێکی ئاساییدا دەگەڕێ و وەک هاوتەمەنەکانی خۆی لە وڵاتانی پێشکەوتوو لە داهاتوو دەڕوانێ.

ئەوەی دەکرێ لە پەیامەکانی ئەو ڕاپەڕینە و لە ئەکتە شۆڕشگێڕانەکان لە نێوخۆی ئێران بەدی بکەین، لەدایکبوون و بیچمگرتنی کولتوورێکی نوێیە کە لە کۆنتێکستی ئەو کولتوورەدا ئەو بەهایانە دەبینرێن کە دەسەڵاتدارەتیی مۆدێرنی پێ



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دەناسرێنەوە:

- یەکێک لە ئاستەنگەکانی بەردەم بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکانی ئێران هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە ئەو فرەییە نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزاییە بووە کە لە ئێراندا هەیە. ئەوە وایکردبوو کە دەسەڵات بە سانایی بتوانێ ئەتۆمیزەکردنی کۆمەڵگە و پەرەدان بە دڕدۆنگیی نێوان ئەو پێکهاتانە بە قازانجی خۆی بقۆزێتەوە. لە کوردستان شەڕی نەغەدەی وەڕێ خست و کەلێنی نەتەوایەتیی زەق دەکردەوە، لە بەلووچستان پەرەی بە فراوانکردنی کەلێنی شیعە و سوننی دەدا و لە ئەهواز و ئازەربایجان و ناوچە نافارسەکان پەرەی بە دژایەتیی نەتەوە نافارسەکان دەدا.

لە ڕاپەڕینی ئەمجارەی گەلانی ئێراندا دەسەڵات هەموو هەوڵی خۆی بۆ دووبارەکردنەوەی ئەو سێناریۆیانە خستەگەڕ. لە کوردستان بە هێرشکردن بۆ سەر بنکەکانی حیزبە ساسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی نیشتەجێی باشووری کوردستان، هەوڵی دا مەترسیی جیاییخوازیی کوردستان زەق بکاتەوە. لە بەلووچستان و تەنانەت لە ئازەربایجانیش بە ئاژاوەگێڕی لە سنوورەکانی وڵاتی ئازەربایجان هەوڵی هاوشێوەی دا. بەڵام لە هەموو ئەو پیلانانەدا نە تەنیا تێیاندا سەرکەوتوو نەبوو بەڵکوو یەکگرتوویی پێکهاتە جیاوازەکانی نێو ئێران ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پتەوتر دەبێ. بەجۆرێک کە لە ناوەندی ئێرانەوە دروشم بۆ پشتیوانی لە کوردستان و بەلووچستان دەدرێ. ئەو هاوپەیوەندییە بێوێنەیە لەنێو گەلان و ئایینزا جیاوازەکانی ئێران هیوای پێکەوەژیانێکی دیمۆکراتیکی لێ بەدی دەکرێ. ئەوە سەرەڕای ئەوەی بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی ناوەندگەرای ئێرانی لە دەرەوەی وڵات بە کەڵک وەرگرتن لە نۆستالژی نەتەوەی دروستکراوی ئێرانی و بە پاڵپشتیی میدیای فارسی لە دەرەوەی وڵات بە خەستی کار لەسەر شۆڤێنیزمی ڕەزاخانی دەکەن و شەو و ڕۆژ باس لە مەترسیی دابەشبوونی ئێران و مەترسیی بە وتەی ئەوان قەومییەتە نافارسەکان بە تایبەت کورد لە داهاتووی سەرکەوتنی شۆڕشدا دەکەن. ئەوەی لەسەر شەقامەکانی گەورەشارەکانی ئێران ڕوو دەدا نە تەنیا هیچ بایەخێک بەو گوتارە نادا، بەڵکوو هاواری ئازادی و بەرابەریی گەلان دەکا. خەڵکی ئێران باش لەو ڕاستییە گەیشتووە کە مەترسیی ڕاستەقینە لەسەر ئێران، کۆماری ئیسلامییە نەک فرەیی لە ئێراندا. لە ماوەی ٥٠ ڕۆژەی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکاندا هەرگیز نەمانبینی بچووکترین ئاماژە بە کەلێنە نەتەوەیی یان ئایینزاییەکان بکرێ.

- لە ڕەوتی ناڕەزایەتییەکانی ئێراندا پێچەوانەی ساڵی ٥٧ هیچ هێز و لایەنێکی سیاسی لە ئاستی سەراسەریدا نەیتوانیوە خواست و دروشمەکانی خۆپیشاندەران ئاراستە بکا. خەڵک بە شێوەیەکی خۆڕسک و بە دوور لە هەر چەشنە دەمارگرژییەک ویستەکانیان دەردەبڕن. گەلانی ئێران پرسی دەسەڵاتداریی داهاتووی ئێرانیان بە سندووقەکانی دەنگدان و بێگومان پیرسپێکتیڤێک لە هێز و لایەنە سیاسییەکان سپاردووە. باوەڕ بە پلۆرالیزم و فرەیی، کە لە ڕەفتاری خۆپیشاندەراندا بەدی دەکرێ دەتوانێ ڕێگە لە هەر چەشنە پاوانخوازییەک بگرێ کە بەشێک لە هێزە سیاسییەکان بەتایبەت لە دەرەوەڕا هەر لە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئێستاوە کیسەیان بۆ هەڵدرووە. سیاسەت لای ئەو نەسلە بریتییە لە پێدانی دەسەڵات بەو لایەنانەی دەتوانن زیاترین خزمەتگوزاری و ئازادی بۆ خەڵک دابین بکەن بەدەر لە هەر چەشنە ئیدئۆلۆژییەک. بۆیە دەتوانین بڵێین پایەکانی دیمۆکراسی لە داهاتووی ئێراندا ئێستا لە شەقامەکان دادەکوترێن و ئەستەمە هێزێک بتوانێ بەرامبەر بەو ئاراستەیە ڕاوەستێ. ئەو هێزانە لە ئێرانی داهاتوودا دەتوانن دەور بگێڕن کە بڕوایان بە ڕێساکانی ئەو یارییە ژێرانەیە بێ کە لە شەقامەکانەوە دەنووسرێنەوە. کاتێک ئەو جەمسەربەندییە سیاسییە کە لە دەرەوەڕا کێبڕکێی دەستبەسەرداگرتنی شۆڕش دەدا بە تەواوی ڕەت دەکرێنەوە و شۆڕشگێڕان دروشمی نە ئەمبەر و نە ئەوبەر بەرز دەکەنەوە، بەڕوونی ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێ کە پێوەرەکانی خەڵک بۆ پشتیوانی لە لایەنە سیاسییەکان پرۆژە و بەرنامە سیاسییەکەیانە نەک بەستراوەیی ئیدئۆلۆژیک.

- لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا ئایین نەخشێکی دیار و گرنگی لە بیاڤی گشتی و لە سیاسەت و سەرەنجام لە دەسەڵاتداریدا هەبووە، پێگەی ڕووحانیەت و کەسایەتییە ئایینییەکان و هەروەها کاریگەریی ڕەوتە ئیسلامییەکان، کۆمەڵگەی ئێرانی بەتەواوی خستۆتە ژێر کاریگەرییەوە. بەتایبەت بەدوای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی و پەیڕەو کردنی پەروەردەی ئیدئۆلۆژیک و قۆرخکردنی سەرجەم کایە فەرهەنگی و میدیایی و پەروەردەیی و سیاسییەکان لە لایەن ڕووحانییەتەوە، کۆمەڵگە تا ڕادەیەک بەرەو کۆنزێرڤاتیزمی ئایینی هەنگاوی نا. ئەوە لە کاتێکدایە نەسلی نوێی سەر شەقامەکان کە بەرهەمی پەروەردەیەکی فرەڕەهەندەو سەرچاوەکانی زانیاری و تێگەیشتنی لە کاناڵە ماهوارەیی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دۆزیوەتەوە، بڕوامەندبوون بە ئایینی خستۆتە حەوزەی شەخسی و تاکەکەسییەوە و بەشێوەیەکی بنەڕەتی باوەڕی بە بنەماکانی سێکۆلاریزم هێناوە. پێشەنگایەتیی ژنان و پرسی ڕەتکردنەوەی حیجابی زۆرەملێ و بێزراوبوونی ڕووحانیەتی بەستراوە بەدەسەڵات، لە ئاماژە ڕوونەکانی ئەو گۆڕانکارییەن. گۆڕانکارییەک کە لەوانەیە تا دوو دەیە لەوە پێش نە خەڵکی ئێران و نە دەسەڵاتدارانیش پێیان وانەبوو لانیکەم بەو خێراییە ڕووبدا. ئەوە بەو مانایە نییە کە ئەو نەسلە بڕوای بە ئایین نەماوە یان ڕێز لە کەسانی بڕوادار ناگرێ. ئێمە دەبینین ژنان بە حیجاب و بێ حیجاب لە پەنای یەکتر دروشمی ئازادی دەڵێنەوە. پیاوانی ئایینیی سەربەخۆ و نەبەستراوە بە دەسەڵات کاریگەرییان لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان هەیەو زۆر ئاماژەی دیکەش لە ئاستی تەحەممولی جیاوازییە ئایینییەکان دەبینرێن. سێکۆلاریزم وەک یەکێک لە پایەکانی دیمۆکراسی و پێکەوەژیان لە دەسکەوتە دیارەکانی ئەو شۆڕشەیە.

تێپەڕینی ئەو نەسلە لە گوتاری پاوانخواز و شۆڤێنیستی، ڕێزگرتن و نەهادینە بوونی بنەماکانی سێکۆلاریزم و پلۆرالیزم لە ڕەوتی ئەو شۆڕشەدا لە دەسکەوتە گرینگەکانی ئەو قۆناغە مێژووییەی گەلانی ئێرانە. دیمۆکراسی وەک زامنی پاراستنی مافەکانی پێکهاتە جیاوازەکان و هاووڵاتیان بەبێ بوونی ئەو بنەمایانە نایەتە دی. بەردەوام بوونی ئەو ڕەوتە لە لایەن



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئەو نەسلەوەو تێگەیشتنی ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەری لەو واقعیەتانە، دەرفەتێکی بەنرخ بۆ داهاتووی ئێران دەخاتە بەرچاو. شۆڕشی ژینا بە دروشمی ژن، ژیان، ئازادی دەروازەیەکی مێژوویی و قەڵەمبازێکی گرینگی ئێرانە بەرەو دامەزراندنی دەسەڵاتێکی دیمۆکڕات و فیدڕاتیو.

---

## چلەیەک بۆ کۆتایی




**سەلیم حەقیقی**

ئێستاش هەر ئەو ڕۆژەیە کاتێک لە تاران سەفەرێک بوو بۆ ناسینەوە ژوانێکی پڕ دەهۆ وەک یەکەم ڕۆژی وانیار، دانیشتنێک لە ڤییەن و میکۆنووسی ئازاد و سەربەست، دەیان و سەدان مەرگی ناوخەت بە مەودایەکی نزیک لەوبەری ئاوەکان هەتا هەتەر کا مەرگ و کوشتن و مووشەک بەسەر جەستەی نەچەماوی کورد، نامرێ قەت هەر زیندوو دەمێنێ لەنێو گڕ و ڕەشاش و بەند و سێدارە دەپچڕێ، لە ترسی سەرهەڵدانەوەی ژیانێکی بەختەوەر بەگژم دادێ بەکرە شۆفارەی شەوێکی مەیو لە وەرزی هەموو ساڵێک و لە ڕۆژیی هەموو دەمێک بێوچان ناکەوم، نانەوێ قەت ئەژنۆی ئالایەکم.

ئەو ڕۆژانە بێتۆیی وەک ژنێکی تینووی خولیای ئازادی و سەوداسەری ئەوین لە پێدەشتەکانی ڕەشماڵ و بیر بە سەر پشتی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هەسپێکی قەدەم هەموو گەردوون و شارەکان دەپێوم. بە چل ڕۆژ کۆشک و تەلاری درونجێکی نامۆ بە پەڕۆکێکی ڕەشی چڵکن گڕ دەگرێ و بە چل کەزی و پرچی هۆنراوەی شابەیتێکی وەکوو ژینا ژینی نوێ وێنا دەکەم، ژان دەگرێ نیشتمان بە کۆرپەیەک، لەسەر خوانی ژنێکی خولیای ئازادی، چۆپییەکی چل گەڕ بە سێپێ بەسەر کەلاکی بۆگەنی ڕدێن چەرمووکی خەرفاوی سەرشێت و پیس... ئیتر چل مۆم داناگیرسێم، گەڕیان دەگێڕم بۆ چلەیەک لە نەمانی تەواری کوردستان کە بە مەرگی خۆی ژن و ژیان و ئازادی دەهۆنێتەوە بۆ گەلانی جیهان؛ بۆ مەرگێکی پیرۆز و چ بەختەوەر و ڕووسوورە ئەو ژینایانەی ئاخ لە باوەش دەگرن و بە بۆنی پەرێز بەکاتی باران سەرمەستی بۆنی ژیان دەیانگرێ و هەدا نادەن، ڕا دەبن سەر هەڵدەدەن. وەک ئاژێرێک دەژینەوە وەک شەتاو دەبنە خۆزگە و تینوایەتی دەشکێنن، دەبنە تۆشە ڕێگا دەبڕن و دەبنە ئاسمان بۆ فڕین و هەوایەکی ئازاد بۆ هەڵمژتن...

چل سوار بەسەر خاکی نیشتمان دەئاژوون لە ڕۆژمێرێکی دژواری ڕابوون، چل هەناسە بۆ داگرتنی چاوێکی چاوەڕێ، چەمەری دێتە گۆ چل چەمە و چلوورە و چاوانی پڕ لە خولیای دڕێژەدان بۆ هەتا گەیشتن. هەر ئەو چوارانەی دەبنە یەک و چڕ، چیا، چنار هەموو چێوێک بەدەست بۆسەری هەژدیها لە زەماوەند و شایی و هەڵپەرکێی سەرشەقام بەگژ شین و شەپۆڕ و شەو دادەچیننەوە. کاتێک لە شەقام هۆتاڤ و دروشمی ئازادی دەبێتە هەور و وەک ڕێژنەیەک باران بەسەر شار دادەبارێت و نەمانی مرۆڤێکی دڵڕەشی گەنیو دەبێتە سروودی پێکەوەبوونمان هەتا چوارسووچ دادەگرێ و ڕزگاری و سەربەستی دەبێتە مزگێنیی چلەیەک لە نەمان و خەونێک بۆ ژیان.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# زانکۆکانی من



**ڕەزا دانشجو**

ماکسیم گۆرکی، نووسەری شۆڕشگێڕ و بەناوبانگ، دامەزرێنەری ڕیئالیزمی کۆمەڵایەتی لە ئەدەبی ڕووسیدا، یەکێکە لە نووسەرە کاریگەرەکانی مێژووی ئەدەب نەک تەنیا لە ڕووسیە، بەڵکوو لە جیهاندا. ڕوانینی قووڵ و ڕەخنەگرانەی گۆرکی لە چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە و ئەوەی لەڕاستیدا لەژێر پێستی شاردا ڕوو دەدات، وێنەیەکی تەواو باوەڕپێکراو لە خۆی و کتێبەکانی دەخاتە ڕوو. بەبێ گوێدان بە مەکتەبی بیرکردنە گۆرکی، کە ڕەگ و ڕیشەی لە سۆسیالیزمی کرێکاری و خەباتی چینی خوارەوە دژ بە ڕووسیەی ژێردەسەڵاتی تزارەکاندایە، نووسینەکانی گۆرکی ڕەنگدانەوەی ڕاستییەکانی کۆمەڵگەیە و بە جۆرێک ژیان لە خودی ڕووداوەکاندایە.

"زانکۆکانی من" بەرهەمێکی ماکسیم گۆرکییە کە دەرئەنجامی ئەزموونەکانی ئەو لە تەمەنی گەنجیدایە، ماکسیم گۆرکیی گەنج کە بە هیوای خوێندن لە زانکۆ دەچێتە "کازان"، بەهۆی بارودۆخی ئابوورییەوە خوێندنەکەی بە نیوەتەواو بەجێ دەهێڵێت و ناچارە دەبێت وەک کرێکارێک کار بکات. ئەوەی گۆرکی لە ماوەی ئەم ساڵانەدا لەنێو خەڵک و لە پێوەندی لەگەڵ کەسانی جۆراوجۆر و لە دۆخی جیاوازدا فێر دەبێت، لەلای گۆرکیی گەنج گەورەترین زانکۆیە. لە ڕاستیدا ئەم جارە دوور لە ڕێکارە ئاساییەکانی فێربوون لە زانکۆ، گۆرکی ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی ئەزموونی مرۆڤەوە فێر دەبێت، ئەم جارە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئامرازی فێربوون وەشانێکی کۆپیکراوی ڕووداوەکانی کۆمەڵگە نییە، بەڵکو فێربوون دیتنی ڕاستییەکانە لەسەر شەقام و کۆڵانەکانی شار. وەک نموونەیەک، لە گێڕانەوەی هەژاری و بێبەشیی ئەو خێزانەی کە لە سەرەتای هاتنی بۆ "کازان"، گۆرکی لە گەڵیاندا دەژی، دەنووسێت: "پیرەژن ناچار بوو سکی منداڵەکانی کە هەموو بەیانییەک بەبێ بیرکردنەوە داوای نانیان لێ دەکرد، هەڵبخەڵەتێنێت. هەر بیرکردنەوەیەک، بە شێوەیەکی سروشتی هەر پاروو نانێک کە لەلایەن ئەم خێزانەوە پێم دەدرا، کێشی وەک بەردێک لە سکمدا بوو، هەربۆیە هەموو بەیانیەک زوو بە بیانووی دۆزینەوەی کار لە ماڵەوە دەهاتمە دەرەوە بۆ ئەوەی نانی بەیانی لەگەڵیان هاوبەش نەبم."!

بەڵێ، گۆرکی بەباشی تێ گەیشت کە هەندێک جار مرۆڤ ناتوانێت ڕاستییەکان نە لە کتێبدا بدۆزرێتەوە و نە لە زانکۆکاندا، بەڵکوو ڕاستییەکان لەنێو شەقامەکاندا دەژین، هەندێک جار توێژینەوە کۆمەڵایەتی و کۆمەڵناسییەکان ناتوانان لە لێکدانەوەی ڕووداوەکان، تەنها بە چەند ژمارە و ڕەقەم یان گریمانەیەکی ئەگەری قەناعەت دەکەن. هەندێک جار ڕەوتی پێشهاتەکان ئەوەندە خێرا دەڕوات کە کات بۆ شیکردنەوەی ئەکادیمی ناهێڵێتەوە، هەندێک جار شەقام خودی زانکۆیە.

شۆڕشی ژینا کە بە کوشتنی کچێکی بێتاوان لەلایەن حکوومەتەوە دەستی پێ کرد، ئێستا نە تەنیا جوغرافیای ئێران، بەڵکوو جیهانی داگیر کردووە. شۆڕشێک کە خاوەنەکانی ئەوەندە هەمەچەشن و فراوانن کە جگە لە شەقامەکان هیچ شوێنێکی تر نییە بۆ تێگەیشتن لێی. شۆڕشی ژینا شۆڕشی ڕەنگ و جیاوازییە. شۆڕشی ئەو ئازار و دەردەیە کە ساڵانێکە دەسەڵاتی دیکتاتۆری ویلایەتی فەقیهـ بەسەر خەڵکدا سەپاندوویەتی. ئەو ئازار و دەردانەی کە هێندە گەشەیان کردووە کە کچێکی تەمەن ١٥-١٦ ساڵیان کردووە بە ڕەخنەگری سیاسی، ئەو کچانەی ئێستا باس لە مافی هەڵبژاردن دەکەن و گەندەڵی و هەڵاواردن مەحکووم دەکەن!

ئێستە بە دڵنیاییەوە خوێندنەوەی فەلسەفەی سیاسیی "هانا ئارێنت" یان خود بۆچوونە شۆڕشگێڕەکانی "کارل مارکس" یارمەتیدەر نابێت بۆ شیکردنەوەی شۆڕشی ژینا و ئەوەی لە شەقامەکان ڕوو ئەدات. بۆ تێگەیشتن لە شۆڕشی ژینا، پێویستە گوێ لە قسەی قوتابییانی قوتابخانەکان و زانکۆکان بگرێت، دەبێت گوێبیستی ژان و ئازاری دەیان ساڵەی کرێکارانی "نیشکر هفت تپە" بیت. بۆ شیکردنەوەی ترس، پێویستی بە تێئۆرییە دەروونییەکانی "شۆپنهاوەر" نییە، مانای ترس دەبێت لەو کەسانە بپرسیت کە بە ئاگایانە بەرەوپیری گوللە و مردن دەڕۆن، ئەم ئازار و دەردانە بە فێرکارییەکانی مەسیح دەرمان ناکرێن، پێویستە لە دایکی ژینا بپرسیت مانای ئازار و ژان، لە دایکی سارینا، لە "دایکانی خەزەڵوەر" و هەموو ئەو دایکانەی کە تا هەمیشە دڵبریندارن. ئیتر خوێندنەوەی نووسراوەیەکی فێمینیستی لەلایەن چەند کەسێک لە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کۆبوونەوەی ڕۆژی جیهانیی ژن وەڵامی ڕاستی ئەم ڕۆژانە نییە، ئێستە لە سەردەمی پێوەندییە بێسنوورەکان و میدیا لە ڕێگەی بیستن و بینینەوە کچان فێر بوون کە بۆ گەیشتن بە داواکارییەکانیان لە جیاتی قسەکردن و دەرکردنی چەند نوسراوە، ڕەفتار بکەن. ئەوان بە ئاگادارییەوە ڕۆیشتوون بۆ شەڕکردن لەگەڵ هەموو نۆرمەکانی ڕێژیمی دەسەڵاتدار، ڕەنگە تەنانەت ناوی "کۆنڤانسیۆنی نەهێشتنی هەڵاواردن لە دژی ژنان"یان نەبیستبێت. ئەو نەوە ئازایەی کە لە جیاتی قسەکردن فێری کردار بوون، دەزانین دەبێت بە زمانێکی جیاواز لەگەڵ دیکتاتۆر قسە بکەی. بەڵێ شۆڕشی ژینا زانکۆیەکی تەواوە، زانکۆیەک کە تێدا وشیاری تەنیا بۆ بزووتنەوەیەکی سیاسی یان فیکرێکی دیاریکراو نییە، بەڵکوو بە شێوەیەکی بەرفراوان لە سەرانسەری کۆمەڵگەدا بڵاو بووەتەوە.

بە پێچەوانەی پڕوپاگەندەی ڕێژیمی ویلایەتی فەقیه، ئەوەی کە ئێستە کچانی بوێری شەقامەکان بەدوایدا دەگەڕێن، دووبارە پێناسەکردنەوەی ژنان وەک هاندەرێکی نایاب و بەهێزی کۆمەڵگەیە بۆ گەیشتن بە کەرامەتی مرۆڤایەتی، بەبێ گوێدان بە ڕەگەز و هەر فاکتەرێکی جیاکەرەوە. لەم زانکۆیەدا دەتوانیت هەموو ڕۆژێک چاوەڕێی شتێکی تازە بیت، جووڵانەوەیەکی نوێ، کردەوەیەکی چاوەڕواننەکراو، داهێنانێک بۆ پێشکەوتن. بەڵێ، هەموو ڕۆژێک دەتوانیت چەکێک بدۆزیتەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی دیکتاتۆر. شەقام پڕە لەم کەسانەی کە ڕێگەی بەرەنگاربوونەوەی لەگەڵ دیکتاتۆریان دۆزیوەتەوە، ڕێگەیەک کە نە لە نووسراوە زانستییەکان و نە لە هیچ زانکۆیەکدا ئاماژەی پێ نەکراوە، ڕێگەیەک کە ئاکامی ژیانی چەندین ساڵە لەگەڵ ئازار و ژان و جیاکارییەوە، لە شۆڕشی ژینا، ژن ڕەگەزی بەرانبەر نییە، ژن وتەبێژی یەکسانی و پێکەوەبوونە. لێرەدا ژیان بە هەموو دژواری و ئازارەکانییەوە بەردەوامە، ئێتر ئازادی تەنیا چەمکێکی فەلسەفی و سیاسی بۆ نووسین و خوێندنەوە نییە، ئازادی درێژکراوەی ژن و ژیانە، سێ وانەی ڕزگاری و پێکەوەبوون.

ئەمە شەقام نییە، ئەمە زانکۆیە، زانکۆیەکی بێسنوور بۆ فێربوون و دووپاتکردەوەی ڕاستییەکان.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بۆ خوێندنەوەی ئەم بابەتە دەست بە چاوتانەوە بگرن



**دارسمە**

غولامڕەزا حەسەنی، ئیمام جومعەی سەپێنراوی شاری ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ساڵانی ڕابردوو خومەینی وەک ئیمام جومعەی ئازەرییە شیعەکان و نوێنەری خۆی لە نێوەندی ئەم پارێزگایە دەستنیشانی کردبوو. حەسەنی، چەند ساڵ لەمەوبەر بە نەخۆشیی شێرپەنجە مرد و تەمەنی درێژی دا بە تۆی خوێنەر و ئەوەندەی ئەو تۆزقاڵە خۆڵانەی لەسەر گۆڕیەتی، تەمەنی پڕ لە شانازیی ئێوە درێژ بێت.

"ئایتوڵە" حەسەنی ئەوەندەی بڵێی دەمشڕ و هەموو گیانی "پێکەنینۆک" بوو. "پێکەنینۆک" ئەو دەستەواژەیە لە پەنا گێڕانەوەی بەسەرهاتی ئیمام جومعەی مردووی ورمێدا دەمهەوێت وەک هاومانای "جۆک"ی ئینگلیسان و "لطیفە"ی فارسان و "نکتە"ی عەرەبان دەرخواردی مێشکی خوێنەری هێژای بدەم، بەڵکوو جێ بە وشە هاومانا بێگانەکان لەق بکات.

ئەم حەسەنییەی لێرەدا هاتە بەرباس، لە ژیانی ڕابردووی خۆیدا، دوای ئەوەی وازی لە نۆکەری و خەزمەتکاریی زیرۆبەگی ژەنراڵی سەردەمی کۆماری کوردستان هێنا، پاش ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی لە سایەی فەرمانی خومەیندا بوو بە دەمڕاست و کەیخودای دەستەڵات لە ورمێ و بۆ هەموو لایەک بوو بە سەرچاوەی "پێکەنینۆک"ان و هەموو جاران دوای ئەوەی خوتبەی


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

نوێژی هەینیی دەخوێندەوە، فەرمایشتەکانی دەبوون بە گاڵتەجاڕی ڕۆژنامە و مۆژنامەی ئەوکاتی سەر بە دەستەڵاتدارانی ئێرانیش.

حەسەنی ڕۆژێک لە خوتبەی نوێژی هەینیدا داوا دەکات بۆ هەفتەی دواتر ژنان بەشداریی نوێژی هەینی نەکەن و دەڵێت داوا لە خوشکان دەکەم هەفتەی داهاتوو نەیەنە نوێژی هەینی و تەنیا پیاوان بەشدار بن، چونکە من دەمهەوێ جوێنی نامووسی بە ئەمریکا بدەم.

نووسەری ئەم دێرانەش لەکاتێکدا پێی‌وایە دەبێت هەر نەبێت وەک حەسەنی پابەندی بنەما ئەخلاقییەکان بێت، بەڵام دەترسێت لە درێژەی ئەم بابەتەدا دوو لەڕووی ئێوە تووشی زمانشڕی بێت.

خۆتان باش ئاگادارن دروشمدان چەکێکی گرنگی ئەو خۆپێشاندەرانەیە لە ئێران کە بە دەستی بەتاڵ دەستەویەخەی دەستەڵاتداران بوونەتەوە و دەڵێن هەتا نەیانخنکێنن وازیان لێ ناهێنن. ئەگەر خۆپێشاندەر بە دەستی بەتاڵەوە دروشم نەدات، چۆن دەنگی بە بەردەنگان و بە دۆست و دوژمنانی بگەیەنێت؟ منیش بە بیرهێنانەوەی تێبینییەکەی حەسەنی دەترسم لە درێژەی ئەم دێڕانەدا لەکاتێکدا بەتەمام هەر نەبێت لە بەر دڵی ئەم هەموو خۆپێشاندەرانەش بێت، دژی دەستەڵاتی کۆماری ئیسلامی دروشم بدەم، بە دووری نازانم لە درێژەی دروشمداندا گەرم دابێم و لە چەند دێڕی داهاتوودا خوای نەخواستە هێڵی سوور ببەزێنم. هەر لەبەر ئەمەشە لە سەرەتاوە گوتم، کاتی خوێندنەوەی ئەم بابەتە دەست بە چاوتانەوە بگرن با دێڕەکانی نەبینن.

ئەو کەسانەی گوێم پێ نادەن و هەرچی من دەیڵێم پێچەوانەی دەکەن و بە چاوی کراوە و دەنگی بەرزەوە ئەم بابەتە دەخوێننەوە، لە کەمدەستەڵاتیی خۆمەوە پێیان دەڵێم دەتوانن بە دوای مندا بە دەنگی بەرز هەموو دروشمەکان بڵێنەوە. بۆ ئەوەی دەستەڵاتی کوردی‌نەزان و دانیشتووانی ناوچەکانی فارس‌نشین و ئازەری‌نشین و بەلووچ‌نشین و عەرەب‌نشین و تورکمان‌نشینی ئێران لە دروشمەکانم تێ‌بگەن، جگە لە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" ئەوانی دیکە بە زمانی "کەلەگا" دەڵێمەوە:

"ژن، ژیان، ئازادی"، "زن زندگی آزادی"، "مرگ بر دیکتاتور"، "مرگ بر خامنه‌ای"، "ننگ ما، ننگ ما، رهبر الدنگ ما"، "بجنگ تا بجنگیم"، "امسال سال خونه، سەید علی سرنگونه"، "بسیجی جیرەخور، آخرشه سیر بخور"، "توپ، تانک فشفشه، آخوند باید گم بشه"،" توپ تانک فشفشه، خامنه‌ای...کشه"، "توپ تانک نفربر هر سه تو... رهبر"، "نه این ور نه‌آن



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ور.... تو بیت رهبر."

لەبەر ئەوەی خۆ سانسۆڕکردن لە سانسۆڕی دیکتاتۆڕ و میکتاتۆڕ و زۆر تۆڕی دیکە بەرفراوانترە و ئەم خۆسانسۆرکردنە ئەوەندە بەهێزە، بەشی زۆری بابەتی نووسەر و مووسەرانیش دەگرێتەوە و تەنانەت گێڕانەوەی "پێکەنینۆک"انیش زۆر جار لە دڵی خۆیانیدا خۆیان سانسۆڕ دەکەن. هەر لەبەر ئەمە منیش ناچار بووم لە جیات هەندێک وشەی نێو ئەم دروشمانەی سەرەوە سێ خاڵی لە دوای یەک یان وەک فارسان دەڵێن نوقتەچین دابنێم.

ئەرێ هەتا ئێستا بیرتان لەوە کردووەتەوە خۆسانسۆڕکردنیش ئەگەر پەنگی خواردەوە، وەک بەنداوی پڕ دەتەقێتەوە و چۆڵیان و ئاوەدانیان دەگرێتە بەر؟ ئەوە نییە کچان و کوڕانی ئێرانیش پاش دەیان ساڵ خۆسانسۆڕکردن هەرچی لە دەمیان دەرچوو بە ئاخوندان و لە سەرووی هەموویانەوە بە ڕێبەرە دەستنایلۆنەکەی کۆماری ئیسلامییان گوت؟ چاویان نووقاند و دەمیان کردەوە و بە بێسانسۆڕی دوندی دەستەڵاتدارانیان جنێوباران کرد.

لە کۆتاییدا پرسیارێک لەو خوێنەرانە دەکەم گوێیان بە فەرمایشتی من نەداوە و کاتی خوێندنەوەی ئەم دێڕانە دەستیان بە چاوانیانەوە نەگرتووە و لێیان دەپرسم ئەرێ ئێوەش وەک من لە بەرانبەر ئەم دروشمە بێسانسۆڕەی فارساندا هەست بە کەمی و کووری ناکەن؟ ئەرێ ئێوەش وەک من پێتان خۆش نەبوو دروشمی جوێنی کوردیشمان بوایە؟

خۆم ئەوەندەی بیری لێ دەکەمەوە تەنیا دروشمێکی لەو شێوەیەی کۆن و تەنانەت مێژووییشم لەبیرە و ئەویش "پێشمەرگەی نێو تەڵاشان"ە و سەرواکەی دەگەڵ وشەی "جاشان" دێتەوە. من لەبەر ئەوەی لە ترسی سیاستەتوانان خۆم سانسۆر کردووە ئەم دروشمە بێسانسۆڕە لە دڵی خۆمدا دەڵێمەوە و ئێوەش هیمەت بکەن و چەند دروشمی نوێی لەم شێوەیە بڵێنەوە با ناوچە کوردنشینەکانی ئێرانیش لە ناوچە فارسنشینەکان دوا نەکەون.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ئازایەتیی بێوچانی خۆپیشاندەرە ئێرانییەکان، تاقیکارییەکی ئەخلاقیی بۆ دنیای ڕۆژاوایە



سی ئێن ئێن- فریدا غیتیس/ و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور

چل ڕۆژ دوای کوژرانی مەهسا ئەمینی دوای گیرانی لەلایەن گەشتی خۆتێهەڵقوتێنەری ئیرشادی ئێرانەوە، ئەو خۆپیشاندانەی مردنی ناوبراو چەخماخەکەی لێدا، بەربڵاوتر، سەرکێشانەتر و بڕوابەخۆتر بووە. ئەوان هەروەها ئەرکی ئەخلاقیی دنیایان بۆ هەڵگرتنی هەنگاوی زیاتر قورستر کردووە.

لە شاری شوێنی لە دایکبوونی ئەمینی، سەقز، شوێنی ناشتنی ئەو کچە ٢٢ ساڵەیە، هەزاران کەس سەرپێچییان لە پۆلیس کرد و کۆ بوونەوە تا ڕۆژێکی گرینگ لە پرۆسەی ماتەمینەکەدا تۆمار بکەن، ئەگەرچی هێزە ئەمنییەتییەکان گوللە و گازی فرمێسکرێژیان پێوە دەنان. هەروەها خۆپیشاندان لە ژمارەیەک شاری دیکەش بەڕێوە چوون: لە ئیسفەهان، ژنان بە بڕوابەخۆبوونەوە لەچکەی ڕەشیان هەڵدەسووراند و هاواریان دەکرد "ئازادی، ئازادی!". لە شیراز ژنی لاو بە متمانەوە بە پیادەڕۆیەکانی شاردا بە سەری ڕووت دەگەڕان و پرچەکانیان بە شنەی با دەشەکایەوە کە ئەمە پێشێلکردنی یاسای ئێرانییە. لە ئامۆل، شوێنێک کە کاربەدەستان تەقەیان لە خۆپیشاندەران کرد و لێیان کوشتن، ژن و پیاوی بەبێ چەک ڕاستەوخۆ بەرەو هێزی ئەمنیەتی چەکدار دەڕۆیشتن، چۆکیان دادەدا، دەستەکانیان بەرز دەکردەوە و ڕایاندەگەیاند ئامادەن



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە پێناو مافەکانیاندا بمرن.

لە کاتێکدا کوژرانی ئەمینی بۆتە چەخماخەی ئەو سەرهەڵدانە، ئەوە لەچکەی زۆرملێ، یان حیجابە کە بۆتە سیمبۆلەکەی، چونکە تێکهەڵچوونەکەی دەگەڵ گەشتی ئیرشاد بۆ ژمارەیەکی زۆر ژن ئاشنا بوو. ئەو مانگی ڕابردوو کاتێک لە شاری خۆیەوە لە ناوچە کوردییەکانی ئێران بە سەردان چوبوو بۆ تاران، بە بیانووی دانەپۆشینی خۆی بە شێوەی گونجاو، سووکایەتییەک کە ژنانی ئێرانی بەردەوام لەبەر پێشێلکردنی بچووکی یاسای حیجاب بەرەوڕووی دەبنەوە، دەستبەسەر کرا. دواتر کاربەدەستان ئیدیعایان کرد ئەمینی، کاتێک لە "ناوەندێکی ڕاهێنانەوە" بوو لەبەر نەخۆشی مردووە. بنەماڵەکەی دەڵێن ئەو تەندروستییەکی بێخەوشی هەبوو.

لە حەوتووەکانی دوای ئەو ڕووداوەوە، ڕێژیم سەدان خۆپیشاندەری ئاشتیخوازی کوشتووە، لە نێویاندا ڕێژەیەکی زۆر منداڵ و لە پێش هەمووانەوە ژنی لاو. یەکێک لەو هەرزەکارانەی بوێرییەکەی و کوژرانەکەی بۆتە هۆی هاواری خۆپیشاندانەکان نیکا شاکەرەمی-یە، کیژێکی ١٦ ساڵە کە مانگی ڕابردوو دوای ڕاوەشاندنی لەچکەکەی لە خۆپیشاندانێکی تاران و پاشان ئاگرتێبەردانی لەچکەیەک لەبەر چاوی تاقمێکی بچووک، بێ سەرو شوێن بوو.

دواتر نیکا بە مردوویی دۆزرایەوە. ئەگەرچی مێدیاکانی دەوڵەتی ئێران ئیدیعایان کردووە مردنەکەی هیچ پەیوەندییەکی بە خۆپیشاندنەکانەوە نەبووە، بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەکی سی ئێن ئێن، گرتەیەکی ڤیدیۆیی و شایەتیی کەسێک ئاشکرای دەکەن ئەو دوای خۆپیشاندانەکە لەلایەن بەسیجی لیباس شەخسییەوە، هێزی ئەمنیەتی کە ڕێژیم کەڵکی لێ وەردەگرێ تا خۆپیشاندانەکان سەرکوت بکات، ڕاوەدوو نراوە.

شایەتحاڵان بە سی ئێن ئێنیان گوت ئەوان ئەو شەوی دوای خۆپیشاندانەکان نیکایان لەنێو تاقمی خۆپیشاندەراندا دیتووە کە دەستبەسەر کراوە. ئەوە دوایین جار بوو کە ناوبراو دیتراوە، چەند ڕۆژ بەر لەوە جەستەی ئەشکەنجە کراوەکەی بدرێتەوە بنەماڵە تازیەبارەکەی. ئێستا دایکی نیکاش دەچێتە خۆپیشاندانەکان.

بوێریی ئێرانییان، لاو و بەساڵداچوو، کە هەموو شتێکیان دەخەنە مەترسییەوە بۆ ئەگەری ئازادی، بە پێچەوانەی پێشبینییەکانی چاودێرانی بیانییە. بە وەبیرهێنانەوەی سەرهەڵدانە ناسەرکەوتووەکانی پێشوو، زۆریان دەلیلیان دەهێناوە کە هێزی ئەو یەکەیان، بە هاواری "ژن، ژیان، ئازادی،" کەمێک لە تراویلکەی مەحکووم بە شکستی سۆشیال مێدیا بەهێزترە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەڵام نارەزایەتییەکان بەردەوامن. دوای حەوت حەوتوو، ئەوان لە سەرجەم سەرهەڵدانەکانی دوای شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ کە ڕێژیمی پەهلەویی ڕووخاند و بووە هۆی هاتنەسەرکاری حکوومەتی ئایینیی هەنووکەیی، بەردەوامتر بوون و ئەو نارەزایەتییانە لە ئەوانی پێشووتر جیاوازن. لە ٢٠٠٩، جووڵانەوەی سەوز پشتیوانیی لە کاندیدایەکی ڕیفۆرمخواز دەکرد. لە ٢٠١٩، خۆپیشاندەران باسی مەرجە دژوارەکانی ئابوورییان دەکرد. ئەمجارە، ژنان و ئەو پیاوانەی تێکەڵیان بوون هاوار دەکەن، "مردن بۆ دیکتاتۆر." ئەوە پرسی ڕیفۆرم نییە. ئەوە ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتییە.

با ڕووڕاست بین. لە یەکەم ڕۆژی خۆپیشاندانەکانەوە، ئەوە ئیلهامدەر، بەڵام هاوکات ترسێنەر بووە چاوی لێ بکەی. ئێمە نەماندەزانی کۆماری ئیسلامی توانایی ئەنجامدانی چ کارهایەکی هەیە. ئێمە بۆ سەلامەتیی ئەو خەڵکە ئازایە بەپەرۆشین و، هاندانیان نابەرپرسانە دێتە بەرچاو. هەر چۆنێک بێ شانسی سەرکەوتنیان زۆر نییە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوان هەڵیانبژاردووە درێژە بە خەباتیان بدەن. ئەوان شایانی هاوپشتیی ئێمەن.

وەک تاقمێکی ١٢ کەسیی وەزیرانی ژنی کاروباری دەرەوە لە لێدوانێکدا لە ٢٦ی ئۆکتۆبر ڕایانگەیاند، "ئێمە ئەرکی ئەخلاقیمان هەیە" پشتیوانی لەو جووڵانەوە بە ڕێبەریی ژنان بکەین. بەڵام خەڵکی خوازیاری ئازادیی لە ئێران پێویستییان بە شتێکی زۆرتر لە پشتگیریی سیمبۆلیک هەیە، ئەگەرچی سیمبۆلیش گرینگە.

وڵاتە یەکگرتووەکان و زلهێزەکانی دیکەی ڕۆژاوایی هەمیشە لە پشتگیریی خۆپیشاندەرانی ئێرانی نیگەران بوون، چونکە ڕێژیم هەر ئێستا ئەوانەی دژایەتی دەکەن ڕەت دەکاتەوە و دەڵێ ئەوانە دەسکیسی ڕۆژاوان. بەڕێوەبەرایەتی ئۆباما ئیزنی دا نیگەرانییەکی ئەوتۆ پێشی بە وەڵامدانەوە لە کاتی نارەزایەتییەکانی ٢٠٠٩ بگرێ. بەڕێوەبەرایەتیی بایدن هەوڵ دەدا خۆ لە دووپاتکردنەوەی ئەو هەڵەیە ببوێرێ. هەر ئێستا، واشینگتۆن چەند جار پشتگیریی خۆی بۆ جووڵانەوەی ئەمجارە دەربڕیوە. ڕۆژی چوارشەممە، وەزارەتی کاروباری دەرەوە ئابلۆقەی نوێی دژی ئەو ئێرانییانەی لە سەرکوتی خۆپیشاندانەکانەوە تێوەگلاون ڕاگەیاند.

ئەوە دەستپێکێکی باشە. هەر کاربەدەستێکی ڕێژیم، میلیشیای بەسیج، سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئێران، کە دەستیان لە سەرکوتی خۆپیشاندانەکاندا هەبووە دەبێ پێشیان پێ بگیرێت بێنە نێو خاکی ئەمریکا. وڵاتانی دیکەش دەبێ ئەو هەڵوێستە بگرنە بەر.

بەڵام دەکرێ زۆر کاری دیکەش بکرێن. ئەو حەوتوویە ئاڵمان ڕایگەیاند، بە لەبەرچاوگرتنی دۆخەکە، چیدیکە ناتوانن



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

"وەک نە بای هاتبێ و نە باران" دەگەڵ ئێران هەڵسوکەوت بکەن، بۆیە وەڵامێکی بەربەرینی دیپلۆماتیک دەداتەوە کە پێداچوونەوە بە پەیوەندییە بازرگانی و دارایی دوولایەنە، پشتگیریی لە ڕێکخراوە ناحکوومییەکانی چاودێری تاوانەکانی دژی خۆپیشاندەران و پەرەپێدان بە پارێزگاریی لە "ئەو ئێرانییانەی ئەگەری زەرەرمەندبوونیان لە سەریە،" لەگەڵ هەوڵی دیکە، دەگرێتە خۆ.

وڵاتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکانی دیکەی، دێموکراسییەکان لە سەرانسەری دنیا و هەر وڵاتێک کە دژی ئاکارەکانی ڕێژیمن دەبێ یەک بگرن تا ئێران لە ڕوانگەی دیپلۆماتیکەوە تەریک بخەنەوە. پەیوەندییە دیپلۆماتیکەکان دەبێ درێژەیان هەبێ، بەڵام تا ئەوکاتەی ئێران خۆپیشاندەران دەکووژێ، پەیوەندییەکان دەبێ لە ئاستێکی نزمدا بن. هەروەها ئێران دەبێ لە کۆمیسیۆنی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دۆخی ژنان وەدەر بنرێ، چونکی بوونی ئەو لەویدا گاڵتەجارییە.

ئەوسا دەگاتە پرسی وەلامی ڕێککەوتنی ناوکی ٢٠١٥، بەرجام، کە بەرێوەبەرایەتیی بایدن لە هەوڵی زیندووکردنەوەیدا بووە. هەنووکە، دانوستانەکان بۆ ژیاندنەوەی ڕێککەوتنەکە، کە بەمەبەستی وەدوا خستنی توانایی ئێران بۆ دروستکردنی چەکی ناوکی دارێژراوە، بۆیە ڕاوەستاون چونکە ئێران بەردەوام مەرجەکان زیاتر دەکات. وەزیری کاروباری دەروە، ئانتۆنی بلینکەن گوتوویەتی ئەو چاوەڕوانی گەڕانەوە بۆ بەرجام لە "داهاتوویەکی نزیکدا" ناکات. لێدوانێکی ئەوتۆ بەو مانایەیە کە هەوڵی ژیاندنەوەکەی بەتەواوی کۆتایی نەهاتووە.

وڵاتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانانی دەیانهەوێ پێش بە ئێران بگرن تا دەستی بە چەکی ناوکی ڕابگات، ئەوە شتێکە کە ناکرێ بخرێتە ژێر پرسیار. بەڵام دەستپێکردنەوەی ڕێککەوتنەکە دەتوانێ سەدان میلیارد دۆلار بداتە ڕێژیمێک کە هەنووکە خۆپیشاندەری ئاشتیخواز دەکووژێ، ڕووسیە بە درۆنی کوشندە تەیار دەکات کە بۆ کوشتنی خەڵکی بێ تاوانی ئوکراین کەڵکیان لێ وەردەگرێت و درێژە بە پشتیوانیی لە تاقمی تیرۆریست لە سەرانسەری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەدا. لانی کەم، ئاقڵانەبوونی زیندووکردنەوەی ڕێککەوتنی ناوکی دەبێ دیسان هەڵسەنگێندرێتەوە.

ئازایەتیی بێوچانی ژنانی ئێرانی، خەڵکی ئێران، تاقیکارییەکی بەووەختە بۆ باقی دنیا. ئەوان شایانی شتی زۆرتر لەوەن کە تا ئێستا پێیان دراوە.

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# مەرگی ژینا ڕوحی بەو ژیانە نوێیەدا کردەوە



ئاسۆ مێنبەری

مەرگ، هەمیشە یەکێک لە وێستگەکانی ژیان بووە کە بۆ زۆربەی مرۆڤەکان لێوڕێژە لە پرسیار، پرسیارگەلی سەرسووڕهێنەر کە ڕەنگە زۆر جاریش ئاوێتەیەک لە ترس و نیگەرانی بن؛ چونکە لەو ڕووداوانەی ژیانە کە ڕەنگە کەمترین بایەخی پێ بدرێت و کەمترین زانیاریی ڕاستەقینەی لە سەر هەبێت، ڕووداوێک کە وەکوو ئەزموونێکی نەناسراو بۆ هەموو کەسێک ڕوو دەدات و تەنیا شێوازەکەی جیاوازە.

لە هەر باوەڕ و ئایین و کۆمەڵگەیەکیشدا بێگومان پێناسەکردنی مەرگ، خاوەن تایبەتمەندیی خۆیەتی و هەر کۆمەڵگەیەک بەپێی پارامێترە جیاوازەکانی خۆی پێناسەی بۆ دەکات. لە کۆمەڵگەیەکدا ڕەنگە وەکوو ڕووداوێکی سروشتیی ژیان چاوی لێ بکرێت و بە کۆتاییهاتنی ژیان ناوی لێ ببردرێت، لە کۆمەڵگەیەکیشدا ڕەنگە وەکوو حەق و سەرەتای ژیانێکی دیکە ببیندرێت، بەڵام لە هەر هەموویاندا نەمانی فیزیکیی مرۆڤەکان و بەجێهێشتنی جیهانی ماددی خاڵی سەرەکییە. زۆر کەس لە سەر ئەو بڕوایەن کە بە مردن پێوەندیی مرۆڤ لەگەڵ جیهان دەپچڕێت و ئەو بوونە لە جیهاندا بۆ هەمیشە دەسڕدرێتەوە.

بەڵام زۆرجار پێناسە و باوەڕ و بایەخەکانی کۆمەڵگە وا دەکەن کە هەندێک مەرگ جا بە هەر هۆکارێک بێت ببنە سەرەتا



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بۆ ژیانێکی دیکە، نەک ژیانێکی نوێ بۆ خودی ئەو تاکە، بەڵکوو ژیانێکی مەزن کە دەتوانێ مانای زۆر شت بگۆڕێ یان مانا و پێناسەی نوێ بۆ هەندێ شتی تر بێنێتە ئاراوە!

لەم گۆشەنیگایەوە ئەگەر لە مەرگی ژینا بڕوانین دەتوانین ڕێک ئەو پێناسەیەی بۆ بکەین کە توانیی گۆڕانێکی ئێجگار گەورە دروست بکات، مەرگێکی جیاواز بوو کە ڕەنگە ئەزموونەکەی بۆ ژینا قورس و پڕئازار بووبێ و لە هەمان کاتیشدا نەمانی ئازارێکی زۆر گەورەی بە بنەماڵە و دەوروبەرییەکانی گەیاندبێت، بەڵام توانیی ببێتە خاڵێکی دەسپێک، خاڵێک بۆ سەرەتایەکی نوێ، خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژوویەکی پڕ لە ترس و سڵکردنەوە لە داگیرکەردا کە ڕەنگە ڕووداوێکی تر نەیتوانیبا بەو ڕادەیە بزوێنەر بێ و کۆمەڵگە بخاتە سەر هەست.

لە فەلسەفەی ژیاندا، مانەوە و هەوڵدان بۆ پاراستنی ئەم مانەوەیە، پارامێتری سەرەکین، هەموو کردەوەیەک لەو پێناوەدا دێتە ئاراوە کە بتوانێ مانەوە و ژیان مسۆگەر بکات، بۆیە لە چوارچێوەی ژیانی شۆڕشگێرانەشدا هەمیشە باس لەوە دەکرێت کە مردن لە پێناو ژیانی باشتر جێگای شانازییە، بۆیە زۆر بوون و هەن ئەو کەسانەی کە ئامادەن لەپێناو ژیانی باش و ئازادانەدا، گیان بسپێرن و هەموو گیانفیداییەک بکەن.

ژینا وەکوو هەموو کچەکانی ئەم نیشتمانە حەزی لە ژیان بوو و بە خواستی خۆی باوەشی بە مەرگدا نەکرد، بەڵام مەرگی ژینا توانی ببێتە خاڵێکی وەرچەرخان لە ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردستان و ئێرانیشدا، بە جۆرێک کە سەرەتا کوردستان و دواتر هەموو ئێران و دوای ئەوەش هەموو جیهانی بەنیسبەت دۆخی ئێران و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لەو جوگرافیایەدا هەستیار کردەوە.

خاڵی گرینگ لە مەرگی تراژیکی ژینادا، هەستیارکردنەوەی باقی توێژەکانی کۆمەڵگە بوو، نەوەیەکی نوێ کە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران ساڵانێکی زۆر پارەی بۆ پەروەردەی ئیدئۆلۆژیکی تەرخان بوو، بە دژی خودی ئەو ڕێژیمە هاتە مەیدان و ئەمە کاردانەوەیەک بوو بەرانبەر بە مەرگی ژینا، ژینایەک کە نموونەیەک لە هەزاران کەس لەو نەوەیە بوو، ژینایەک کە نوێنەری هەموو خواست و ویستەکانی نەوەیەکی ستەملێکراو بوو کە زۆر بێ‌پەنا و دڕندانە و بێ هیچ هۆکارێک بە دەستی هێزەکانی ڕێژیم شەهید کرا.

پیرۆزبوونی ژیان و ئامادەبوونی تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ دانی گرانترین نرخ بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی، لەم قۆناغەی دواییدا تەنیا یەک سەرەتای هەبوو، سەرەتایەک بۆ کۆمەڵگە کە هاوکات بوو لەگەڵ کۆتایی فیزیکیی ژینا!



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کاتێ لە سەر کێلی مەزاری ژینا نووسیان: ژینا گیان، تۆ نامری، ناوت دەبێتە ڕەمز، پەیامێکیان بە گوێی جیهان گەیاند، ئەویش ئەو پەیامە گرینگە کە مردن کۆتایی نییە و هەندێ جار مەرگ جوانترین سەرەتا و دەسپێکە؛ مەرگی ژینا دەسپێکی شۆڕشێک بوو کە کۆماری تەمەن ١٦ ساڵی هێنایە مەیدانی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ داگیرکەر و وای کرد کە کۆمار وا لە ژیان بڕوانێ کە لە هەر شتێک زیاتر ئازادیی خۆش بوێ! کەوایە ئەمە بەو مانایەیە کە ژیان مانا ڕاستەقینەکەی خۆی وەرگرتووەتەوە، چیدیکە تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردستان و ئێران نایانەوێ بە بێ ئازادی بژین هەر بۆیە ئامادەن لەم پێناوەدا، واتە لەپێناوی ژیاندا، بمرن!

مەرگی ژینا، لەو ڕووداوە گرینگانە بوو کە پاش تێپەڕبوونی ٥٠ ڕۆژ، دیسان برینەکەی تازەیە، بۆ ساڕێژکردنی ئەم برینەش هەر ڕۆژ لە شوێنێکی ئەم کوردستانە گیانفیداییەکی تر ئەکرێت و هەرجار و لە هەر سووچێکی ئەم نیشتمانە چیرۆکێکی تازە لە قارەمانەتی و لەخۆبوردوویی تۆمار دەکرێت؛ ئێستا چیرۆکی ژیان ئەو چیرۆکە مێژووییەیە کە پێشەکییەکەی بە مەرگی ژینا تۆمار کرا و نێوەڕۆکەکەی پڕ بووە لە وێنەی لەبیرنەکراوی تێکۆشانی بوێرانەی گەل و بێگومان کۆتاییەکەشی بەدەستی ئازادیخوازانی ئەم نیشتمانە بە براوەیی دەنووسرێتەوە.

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ژن، فەلسەفەی ئازادیی وڵات




**ئاکام ڕۆژهەڵات**

مادام ڕەهەندی سەرەکیی تێکۆشان بۆ ئازادی بە ژن و پرسی ژنەوە دەستی پێ کردووە، دەتوانین لە هەموو بوارێکەوە بە چاوی ئەرێنی و خۆشبینانە سەیری بکەین. ئەگەر بەردەوام ژن ناوەند و چەقی پرۆسەکە بێت، ئیتر لە ڕەوتی چالاکییەکاندا بێجگە لەوەی ویسمان و ڕاوەستان ڕوو نادات بەڵکوو دووپاتەکاری و هەڵە و خەسارەکان کەم و کەمتر دەبێتەوە.

هۆکارەکانی تەندروستیی ئەو ڕاپەڕین و سەرهەڵدانەی ئێستە ئەوەیە کە ڕەگەزێک لە گۆڕەپاندا نییە و ڕەگەزێکی دیکە سەیری بکات، بەڵکوو ژنان و پیاوان وەکوو یەک بەشدارن و هەروەها هەتا کۆتایی و پاشان بەردەوامکردنی ڕەهەندەکانی دیکەی ژیان، ژنان شەریک و هاوبەشی پیاوان دەبن.

ئەگەر بزاڤ و بیرۆکە و فەلسەفەیەکی سیاسی لە قۆناغەکانی دووهەم و سێهەمدا ژنان بهێننە ناو پرۆسەی کار و تێکۆشانەوە، ئەوە لەوێدا پیاو ئەسڵ و ژن فەرعە و هەروەها بۆشاییی ڕەگەزایەتی بە هەموو شێوازێک بۆ هەمیشە لە ئارادا دەبێت. شکۆدان بە ژن و گەورە و بەڕێزکردنی، چەندە پێوەندی بە پیاوانەوە هەیە، ئەوەندەش ژنان بۆ خۆیان



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ڕۆڵیان هەیە؛ واتە ژنانی خۆبەکەمزان و تەمبەڵ، نەک ئاستی شکۆ و هەیمەنەیان لە بەرانبەر ڕەگەزی نێرینەدا دادەبەزێت، بەڵکوو دەبنە دارەدەست و هۆکاری ڕابواردنی پیاوان.

ئەگەر بۆ یەکجار ژنان پلە و شکۆی ڕاستەقینەی خۆیان بە دەست بێنن ئەوە بۆ هەمیشە لە دەستی نادەن، چونکە بەردەوام و نەوە بۆ نەوە پەروەردە و ڕاهێنانەکان درێژە دەکێشێت و سەقامگیری و ئاشتەوایی ڕەگەزی دابین دەبێت. بیرۆکەی ئازاد و لیبراڵی فێمینیستی وەک بەربڵاوترین و ڕێکخراوترین ڕەوتی ژنانە لە جیهاندا بەدوور لە هەر چەترێکی ئایدۆلۆژیکی ڕۆژ بە ڕۆژ لە گەشە و نەشەدایە، ئەو ڕەوتە لە کوردستان و ئێراندا بەپێی هەلومەرج و واقیعی سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و هتد، بە شێوەی خۆڕسک و تەندروست لە کوردستانەوە دایک بوو. پشتیوانیی پیاوان لەو بیرۆکە و بزاڤە، هەم بوو بە مایەی دڵگەرمیی ژنان و هەم ئاستی وشیاری و پاڵپشتیی پیاوانی نیشان دا.

یەکێک لە خاڵە گرینگەکانی هیواداربوون بەو ڕاپەڕینە ئەوەیە کە ژنان بەشێکن لە بزاڤ و ڕێکخستنەکان و چەندە پیاوان قورساییان لەسەر شانە ژنانیش ڕاستەوخۆ، بگرە زیاتر زەخت و ئەرکیان لەسەر ئەستۆیە و بە کردەوە لە گۆڕەپاندان. ئەو تایبەتمەندییە پۆزەتیڤە هۆکارێکە بۆ بەلارێدانەچوون و چەواشەنەبوونی ڕاپەڕینی سەرانسەری. دەرەتان و گۆڕەپاندان بە ژن لە مێژووی ئێراندا ئەوەندەی ڕاپەڕینی ئەم جارە ڕاستەقینە و بێخەوش نەبووە، چونکە لەلایەن پیاوان و ئایدئۆلۆژیایەکی تایبەتەوە شرۆڤە و نەخشەڕێگە بۆ ژن دیاری نەکراوە، بەڵکوو چەخماخەکە سەرەتا لە هەناوی ژنەوە دەست پێ کرد و بێگومانیش بۆ هەتاهەتایە پاشگەزبوونەوە و گەڕانەوەی نییە. دەیان ساڵ مێژووی چالاکی سیاسی و فەرهەنگی چەپ و لائیک لە سەردەمی شا و حیزبی توودەدا نەیتوانی چین و بەرەیەکی ژنانە پەروەردە بکەن کە لە سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧دا بۆ ماوەیەکی کورت لە شەقامەکاندا لە دژی دەسەڵاتی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا مانۆڕ و خۆپیشاندان بکەن.

گرینگی و بایەخی پرسی ژن دەکرێت لەنێو پرسە ستراتیژیک و هەرە بەربڵاوەکانی ژیانی مرۆڤایەتییدا خوێندنەوە و حەسابی بۆ بکرێت.

ئەوەی پێوەندی بە پرسی ژن و ڕاپەڕینی نێوخۆی ئەم جارەی کوردستان و ئێرانەوە بێت، ئەوەندە جێگە تێڕامان و سەرنجە کە بێجگە لەوەی کە بووەتە ترس و دڵەڕاوکێی دەسەڵاتی سیاسیی وڵات، سەرسوڕمانی جیهانی لێ کەوتووەتەوە. بێ هیچ دەمارگرژییەکی سیاسی دەبێ بوترێت کە ئەگەر ڕووداوی کوشتنی ژینا لەنێو شارێکی دیکەی دەرەوەی کوردستاندا بوایە، بێگومان ئەو دەنگدانەوە و هەرایەی لێ نەدەکەوتەوە. کوردستان بە هۆی پێشینەی سیاسیی ڕەسەن و دیموکراتیکەوە،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەلومەرجی بۆ هەموو سەرهەڵدان و بزاڤ و ڕێکخستنێک ئامادەیە. سروشتی کوردستان سروشتێکە کە خۆی یارمەتییدەری هەموو ڕەوتێکی دێموکراتیکە. لەمێژە کوردستان بە هۆی جوگرافیا سروشتییەکەیەوە بەبێ جیاوازی و هەڵاواردنی ڕەگەزی، ژنانی لەنێو پرۆسەی ژیاندا وەکوو پیاوان بەشدار کردووە، هەر بۆیە دەتوانین بڵێین کە ژن، هەم مایەی ژیان بووە و هەم سیمبۆلی ئازادی. هەرێمی زاگرۆس ئەزموونی دەسەڵاتداریی دەیان ئایین و مەزهەب و شاخەی ڕەسەن و نارەسەنی بە خۆیەوە دیوە و خەڵکەکەی بە ژن و پیاوەوە لەنێو کوانووی مێژوودا برژاوە.

دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"، دەبێت بە حورمەتی ژینای کوردەوە بۆ بگوڕدرێت. وشەی ژینا لە زمانی کوردیدا مانای نوێبوونەوە و نۆژەنبوونەوەی ژیان ئەدات و تۆمارکردنی ئەو دروشمە بۆ ژنی کورد، هەم لە ئاستی جیهاندا و هەم بۆ مێژوو بایەخێکی نەبڕاوەی مەعنەویی دەبێت. قامووسی ژنی کورد دەوڵەمەندە بە سەدان شانازی و ڕووداوی وەک مەرگی ژینا، هەر بۆیە ژنی کورد دەبێت هەوڵ بدات ڕۆژبەڕۆژ شکۆ و مەزنایەتیی خۆی بەردەوام لە لووتکەدا بهێڵێتەوە.

هیچ فەلسەفەیەکی فێمێنیستی لەو چەند دەیەی دواییانەدا نەیتوانیوە بەو شێوەیە کۆمەڵگەی ژنان لە ئاستی جیهانیدا بخرۆشێنێت و یەکڕیزیان بکات. فەلسەفەی فێمینیستیی ژنی کورد لەسەر بنەمایەکی ئازاد و دێموکراتیک پێی گرتووە و هیچ ئایدیئۆلۆژی و بیرۆکەیەکی پیاوڕەهەند و دەرەکی ناتوانێت نە بەلاڕێیدا ببات و نە ژێردەستەی بکات. کۆتا وتە ئەوەیە کە ئاسۆی ڕزگاریی ئازادی وڵات ڕوون و ئاشکرایە، چونکە ڕێبەرایەتیی ڕاپەڕین لە دەستی ژنانی، بوێر، کوردپەروەر و ڕووناکبیردایە.

ژن، ژینا، ئازادی. ...



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# "کۆمار"ە کەمتەمەنەکانی شۆڕشی "ژینا"



**تاهیر قاسمی**

لە ڕۆژەکانی سەرەتای سەرهەڵدانی دوای مەرگی ژینا، بابەتێکی سەرنجڕاکێش سەبارەت بەو لاوە بەشدارانەی کە داینامۆی سەرەکیی ئەو خۆپێشاندانانەن، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەستاودەستی دەکرد. بابەتەکە ناوی کەسی بە سەرەوە نەبوو بەڵام خۆی وەک باوکی لاوێکی هاوتەمەنی ئەو لاوانە ناساندبوو. بەڕواڵەت لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی بوو. لە نێوەرۆکدا ئەو لاوانەی وەک وەچەی ئینترنێت و گەیم و یاریی کۆمپیوتێری پێناسە کردبوو.

بەپێی بابەتەکە ئەوان کەمتر وەک مرۆڤی ئاسایی و زیاتر وەک مرۆڤێکی بێڕۆح و وەک ڕۆبۆت بەشداریی لە سەرهەڵدانەکاندا دەکەن و شەهیدبوونیشیان لە ڕوانگەی خۆیانەوە هەروەک کوژرانی کاراکتەرێکی ناو گەیم و یاری وایە. ڕەنگە هەر ئەو بابەتە و ئەو ڕوانینە بوو کە دواتر وەک ڕوانگەی حکوومەتی لەسەر کۆی شۆڕشەکە و ئەو توێژە پێشڕەوەی خۆپێشاندانەکان لە زمان کاربەدەستانی ڕێژیمەوە خۆی نواند. یان ڕەنگە بابەتەکە هەر لە بنەڕەتدا لەلایەن دەزگای پڕوپاگاندای کۆماری ئیسلامییەوە نووسرابوو بۆ ئەوەی خۆپێشاندەران لە مرۆڤی ئاسایی و لە خەڵک هەڵاوێرێ و لە ئاکامدا سەرهەڵدان و شۆڕشەکە بە کارێکی منداڵانە، "ماجەراجوویانە" و بێئامانج لە قەڵەم بدا.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سروشتی سەرهەڵدان و شۆڕشەکان وایە کە لاوان دینامۆی سەرەکیی سەرهەڵدان و بەرەوپێشچوونن. لە ئاکامیشدا زیاترین خوێن و قوربانی پێشکەش دەکەن. ئەوەش لە سروشتی لاوان خۆیاندایە. تایبەتمەندیی مرۆڤ وایە کە تا تەمەنی زیاتر هەڵدەکشێ، خۆپارێزتر دەبێ و هاوکات هێز و وزەی لاوانەش، بە هەڵکشانی تەمەن کز و کزتر دەبێتەوە. ئەوەش پێوەندی بە سەردەمی ئینترنێت یان گەیم و یاریی کۆمپیوتێرەوە نییە. پێشتریش وا بووە و دواتریش هەر وا دەبێ و شۆڕشی ژیناش لەوە بەدەر نییە.

ئەم وەچەیەی کە ئێستا لە شەقامەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پێشەنگایەتیی خۆپێشاندان و نارەزایەتییەکان دەکا وەچەی لە دایکبووی دەیەکانی حەفتا و هەشتای هەتاوییە کە تەمەنیان لە نێوان پازدە بۆ بیست و پێنج ساڵدایە و لە باری کۆمەڵناسییەوە بە وەچەین Z یش بە ناوبانگە. حاشاهەڵنەگرە کە ئەوان وەچەی سەردەمی پەرەگرتنی کۆمپیوتێر و گەیم و ئینترنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانن، لێ ئەو ئامرازانە نەک هەر ئەو لاوانەیان نەکردووە بە مرۆڤی بێ‌ڕۆح و ڕۆبۆت بەڵکوو لێکۆڵینەوەیەکی سەرەتایی و لە دووریشەوە ئەوە دەردەخا کە بەپێچەوانە ئەوانە ئەوانیان کردووە بە وەچەیەکی زۆر تێگەیشتوو و لە وادەی خۆیان پێگەیشتووتریش. بە داخەوە بارە ئەمنیەتییەکە ئەوەندە قورسە کە مرۆڤ لە دوورەوە نازانێ کێ لەو خۆپێشاندانانەدا بەشدارە و پێکهاتەکەیان چۆناوچۆنە بەڵام هەر ئینترنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەو ئیمکانەیان پێکهێناوە کە دوای شەهیدبوونی هەر خۆپێشاندەرێک، سەرەتایەک لە بیرکردنەوەی، ئاستی زانیاری و چۆنیەتیی ژیانی بزانین. بۆ وێنە شەهید پەیمان منبەری تەمەن ٢٥ ساڵ کە لە بنەماڵەیەکی تێکۆشەردا لەدایک بووە و لە کاتی پشتیوانی لە ڕێفراندۆمی باشووری کوردستانیشدا جارێک دەستبەسەر کرا، پێش ئەوەی کە ڕۆژی شەممە ١٦ی ڕەزبەر لە خۆپێشاندانەکانی سنەدا شەهید بێ، لە ژێر تیتری "ئەوە دەبێ بە باشترین شەممەی مێژوو" لە ستۆریی ئینستاگرامەکەیدا ئاوای نووسی:

نارەزایەتی دەردەبڕین
مان دەگرین
تەنانەت وەک خۆیان دەڵێن
تێکدەدەین
ئاژاوە دەگێڕین
کەسێ کە بێتە سەر ڕێمان
بەرەنگاری دەبینەوە
با بریندار بین



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

با شەهید بین
شەقامەکانی شاریان لێ دەکەین بە دۆزەخ
تا گەیشتن بە سەربەستیی یەکجارەکیی خەڵکەکەم
بنەماڵەکەم و شارەکەم
بەردەوام دەبم.

هێندێکیان پێش ئەوەی شەهید بن، هەستی خۆیانمان بە شێعری شاعیرێک لە ئەکاونتەکانیاندا بۆ بە جێ دەهێڵن. کۆپلەیەک لە شێعری "تا نیوەی ڕێگە هاتووین"ی عەبدوڵڵا پەشێو، دوا ستۆریی شەهید زەکەریا سولەیمانی تەمەن ١٦ ساڵ پێش شەهید بوونی بوو:

تا نیوەی ڕێگە هاتووین
بیر لە چی دەکەنەوە؟
تازە بۆ کوێ؟ بۆ دواوە؟!
دە تەماشای دواوە کەن،
چ شوورەیەک بە هێسکی
شەهیدان هەڵچنراوە!

شەهید شاهۆ خزری بە بەیتێک شێعری "لە بەندیخانە"ی قانعەوە بەرەو پێشوازی مەرگ چوو:

"گەر بە ئازادی نەژیم مردن خەڵاتە بۆ لەشم
نۆکەری و سەر دانواندن کاری نامەردانەیە"

دیارە هەموو ئەوانەی کە بەشدارن یان شەهید دەبن ئۆگری شێعر و ئەدەبیات نین بەڵام زۆربەی هەرە زۆریان بە جۆرێک هەستی پاکیان لە ئەکاونتەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە. شەهید سمکۆ مەولوودی دوا جار سروودی "بە تەنیا جێم مەهێڵن"ی هونەرمەند "عەلی عابدی" گوتەوە کە سروودی کاتی ناشتن و یادی چلەی ژینا بوو. شەهید فەرجاد دەروێشی بە جامانە و جلی پێشمەرگانەوە وێنەی بەجێ هێشت.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

شایەتیدانی بنەماڵەی شەهید لەنێو ئەم دۆخە ئەمنیەتییەدا کە کۆماری ئیسلامی پێکی هێناوە، ڕێگایەکە کە دوای شەهیدبوونیان، بتوانین سەرەتایەک لە ڕوانین و بیرکردنەوەی شەهیدەکان بزانین. باوکی شەهید ڕەزا شەهپەرنیا لە چلەی مەرگی کوڕەکەیدا گێڕایەوە؛ ئەو هەم زۆرانباز بوو و هەم حافزی قورئان. پێم گوت؛ مەچووە نێو ئەم ئالۆزییە. خۆ من کەسم نییە، تۆ لە جێگای باوک و برامی. پێی گوتم؛ باوکە! ئەمە چ قسەیەکە تۆ ئەیژی؟ مەهساش هەر یەک دانە بوو. ئەگەر خوێنێک نەڕژێ، شۆڕشێکیش ڕێک ناخرێ!

بنەماڵە زۆر جار سەرچاوەی هزر و بیری ڕۆڵەکانیانن. ئەوە تەنیا باوکی شەهید ڕەزا شەهپەرنیا نەبوو کە لە چلەی مەرگی ئازیزترین کەسیدا شۆڕشگێڕانە هاتە سەر گۆڕی ڕۆڵە شەهیدەکەی. تا ئامادەکردنی ئەم بابەتە لە سەقز بنەماڵەی شەهید فەرەیدوون مەحموودی، لە دیواندەرە بنەماڵەی شەهید فوئادی قەدیمی، لە قەسری شیرین بنەماڵەی شەهید ئەفشینی ئاشام، لە سنە بنەماڵەی شەهید سارینا ساعێدی و لە شائاباد بنەماڵەی شەهید سەعید محەممەدی شۆڕشگێڕانەترین بۆنەیان لە کاتی ناشتن یان لە چلەی شەهیدەکانی ئەم شۆڕشەدا پێکهێنا و بۆنەکەیان کرد بە مەیدانێکی دیکەی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ دەسەڵاتی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامی. بنەماڵەی شەهید پەیمان مینبەری لە سنە بە سروودی ئەی ڕەقیب تەرمی ئازیزی ڕۆڵەکەیان ناشت. لە مەهاباد سەرجەم شەهیدەکان بە سروودی ئەی ڕەقیب نێژران و بە سروودی ئەی شەهیدان ماڵاواییان لێ کرا. لە سەر داوای بنەماڵەی شەهید کوبرا شێخە، سروودی "شەهید" لە بڵیندگۆی مزگەوتی سەعدیی مەهابادەوە بڵاو کرایەوە. هاوسەری شەهید فریشتە ئەحمەدی بە شانازییەکی گەورەی زانی کە ئیدی ناویان چووە ڕیزی بنەماڵەی شەهیدانەوە و ماڵی باوکی شەهید فریشتەش لافیتەیەکی گەورەیان بە هەیوانی ماڵەکەیانەوە هەڵواسی و شەهیدبوونی کچەکەیان لە خەڵکی سەردەشت و سەرجەم گەلەکەی پیرۆز کرد.

بەڵام لە نێو ئەو شەهیدانەدا، ناو، ژیان و شەهیدبوونی لاوێکی مێرمنداڵ زۆر سەرنجی ڕاکێشا؛ شەهید کۆمار دەرئۆفتادە. ناوی کۆمار بە تەنیاش جێگای سەرنج و تێفکرین بوو کە باوکی کۆمار لە کاتی ناشتنەکەیدا زۆر زوو وڵامی پرسیاری نەکراوی خەڵکی دایەوە؛ "کوڕەکەم لە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژ لە دایک بوو، بۆیە ناوم لێنا کۆمار". کاک حەسەن دەرئۆفتادە لە خۆشەویستیی کۆماری کوردستاندا ناوی لە کوڕەکەی نا. کۆماریش وەک کۆماری کوردستان تەمەنی کەم و زۆر زوو شەهید بوو. بەڵام ئەویش لە دوای خۆی کۆمەڵێک یادگاریی وردیلە و شیرینی بۆ بە جێ هێشتین. لە ئالبۆمی وێنەکانیدا، کوڕێکی جوانی کورد و پڕ لە هەستی کوردانە دەبیندرێ. وێنەیەکی پێمان دەڵێ کۆمار هێشتا دە ساڵانیە کە لە گوندی قاسملوو، لە نیزیک ماڵی باوکی قاسملووی ڕێبەر، بە جلی کوردییەوە ڕاوەستاوە. وێنەکانی دیکەشی بە جلی کوردییەوە دەربڕی شوێنەواری ئەو ناوەن کە بنەماڵەکەی بۆیان هەڵبژاردووە و ئەو هەستەن کە مام و ئامۆزاکانی لە ڕیزەکانی پێشمەرگایەتییەوە پێیان داوە و دایکی کە دواجار لە ڤیدیۆیەکیدا ئاڵا و جامانە بە سەر گۆڕی نەمامە شەهیدەکەیدا



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەکێشێ.

کۆمار لەو تەمەنە کەمەدا خۆی فێری نووسینی کوردییەکی پاراو بە بنزاراوەیەکی دوورتریش کردووە. ستۆریەکانیشی هەڵگری ئەو هەستە پاکەن. وەرگێڕاوی شێعرێکی "نەزار قەببانی" کە ڕەنگە لە فارسییەوە وەرگێڕابێ لە یەکێک لە ستۆرییەکانیدا سەرنج ڕادەکێشێ:

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان هاوشێوەی
چاوەکانی سەرنجڕاکێشی تۆ
دروست کردووە
بە پەرۆش
خەمبار
ماندوو
و جوان

لە ستۆرییەکی دیکەیدا ڕەنگە بە ئیلهام لەو شێعرەی نزار، ئازار و نەهامەتییەکانی مرۆڤێکی کورد کە بەردەوام لە گەڵ مەرگ بەرەوڕووییە ڕەنگی داوەتەوە. لەوێدا مەرگی بە پێشمەرگایەتی، بە دیلی، لە خۆپێشاندان، لە کاتی کۆچ و لە کۆڵبەریدا وێکرا وێنا کراون و هەستی شۆڕشگێڕانە، ئازادیخوازانە و کوردانەی خۆی تێدا دەربڕیوە:

ئێمە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستین
هێندێکمان لە جەنگ(دا) ئەکوژرێین
هێندێکمان لە بەندیخانە
هێندێکمان لە شەقام ئەمرین
هێندێکمان لە دەریا(دا) نوقم ئەبین
تەنانەت کەژە بەرزەکانیش
تۆڵەی تەنیاییان لە ئێمە ئەکەنەوە
چون ئێمە کارمان مردنە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەو نموونانەی کە لەم بابەتەدا باسیان کرا تەنیا مشتێ لە خەرمانی دەوڵەمەندی ئەو لاوە کەم تەمەنانەن کە بە ئازایی و زاناییەوە پێشەنگایەتیی ئەو شۆڕشە دەکەن و لە پێناویدا خوێن دەدەن و قوربانی دەبن. ئەوان نەک هەر لە ناو کۆمپیوتێر و گەیم و یاریی کۆمپیوتێریدا نوقم نەبوون و نەک هەر شۆڕشەکەیان بە گەیم و یاری نازانن بەڵکو ڕێگای خەباتی خۆیان زۆر بە زانایی هەڵبژاردووە و زۆر بە ئازاییەوە بەرەو شەقام و ئەگەری بە هێزی بەرەوڕوو بوونەوە لە گەڵ مەرگ دەچن. بۆیەشە تا کاتی نووسینی ئەم بابەتە، ئەوە نیزیک بە پەنجا شەو و پەنجا ڕۆژە کە بەگژ یەکێک لە فێڵبازترین، بێ بەزەییترین و بێ حەیاترین دیکتاتۆرەکانی سەردەمدا چوونەتەوە و کۆڵیان نەداوە و شەقامیان چۆڵ نەکردووە. ئەو یادگارانەی ئەوان بۆمانیان بە جێ هێشتووە پێمان دەڵێن کە بۆ لاوانی ئێران ئازادی و بۆ لاوانی کورد ئازادی و مافی نەتەوایەتی لە سەرەوەی هەموو ئەو خواستانەن کە بۆی تێدەکۆشن. هەر بەو جۆرەی کۆماری مێرمنداڵ لە یەکێک لە دوا ستۆرییەکانیدا وەک مامۆستایەکی ئەم شۆڕشە بۆمانی نووسی :

"لە هەموو شت زیاتر، ئازادیتان خۆش بوێ."



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# کوردستان ترپەی دڵی بزووتنەوەی بەرهەڵستیی ئێران




(پرسی مافی نەتەوەیی و شارومەندیی لە پاش ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا)

د. کامران ئەمینئاوە

پرسی نەتەوەیی پرسێکی گرینگ لە وڵاتێکی فرەنەتەوەی لە چەشنی ئێرانە. لە درێژایی دوو سەدەی ڕابردوودا، دەسەڵاتدارانی ئێران بهپێی باوەڕیان بە یەک نەتەوە یان ئومەتی ئیسلامی، نکۆڵییان لە فرەنەتەوەیی بوونی ئەم وڵاتە کردووە. ئەم ڕێژیمانە بە چەواشەکاری و بیانووی ناڕاستی وەکوو مەترسیی تێکچوونی یەکپارچەیی ئەرزیی وڵاتی ئێران، هەر لەجێدا ڕێگای چارەسەرکردنی ئاشتیخوازانەی ئەم کێشەیان بەربەست کردووە و، بە کەڵکوەرگرتن لە شێوە جۆراوجۆرەکانی سەرکوتکردن، بزووتنەوەی نەتەوایەتییان بە تایبەتیی لە کوردستان، ئازەربایجان، خوزستان و بەلوچستان قەڵتوبڕ کردووە.

ئێستا ٤٣ ساڵ پاش دامەزرانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، دەستپێکی کۆتایی حکوومەتی ئیسلامی هەر لەو کوردستانەیەوە سەرهەڵدەدات کە ڕێژیمی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامی ئێران بە سەرکوتکردنی خوێناویی خەڵکەکەی، ژیانی سیاسی خۆی دەست پێ کرد. خەڵکی کوردستان لە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی بە بایکۆتی گشتپرسیی "کۆماری ئیسلامی ئەرێ یان نا؟" یەکپارچە "نا"یەکی گەورەیان بە کۆماری ئیسلامیگوت. دوو ڕێکخراوی سەرەکیی سیاسیی کورد - حیزبی دیموکراتی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران- هەر لە کاتی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە، خوازیاری دابەشینی دەسەڵات و دابینکردنی ماڤی نەتەوەیی کورد لە چوارچێوەی"خودموختاری بۆ کوردستان و دێموکراسی بۆ ئێران" بوون. ئەگەر ئەم ویستە وەدی هاتبایە، بێگومان ئەم ڕەوتە نەک کوردستان بەڵکوو تەواوی ناوچە نەتەوەییەکانی دیکەی ئێرانیشی دەگرتەوە. قەبووڵی ئەم خاڵە لەلایەن حکوومەتی ناوەندییەوە، بیویستبایە یان نا، بە مانای قەبووڵی دەسەڵاتی ناکۆجێیی بۆ گشت ئێران دەبوو.

کۆماری ئیسلامیی ئێران وێرای سەرکوتی بەردەوامی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵکی کوردستان بەتایبەتی لە قارنێ، قەلاتان و ئینردقاش، لەسێدارەدانی بەکۆمەڵی ئازادیخوازانی کورد لە دادگای سەرپێی و بەندیخانەکانی ئێران، تێرۆری ڕێبەر، کادر و ئەندامانی حیزبە کوردستانییەکان لە ئێران و دەرەوەی وڵات و هتد، هاوکات پاڵپشت بە سیاسەتی "دووبەرەکی بنێوە و ئاغا بمێنەوە" و بە بەکاربردنی فێڵوتەڵەکە و تاوانبارکردنی ناڕاستی هێزە سیاسییەکانی کورد، هەوڵی دووبەرەکی‌نانەوە و جیایی‌خستنی لە نێوان کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران و، بە تایبەتی تورکە ئازەربایجانییەکانی دەدا. هەرچەند حکوومەتی ئێران لەم پێوەندییەدا بۆ ماوەیەکیش دەستکەوتی هەبوو، بەڵام بزووتنەوەی ئێستای خەڵکی ئێران کە بە ڕاپەڕینی قارەمانانەی خەڵکی سەقز لە خەرمانانی ئەمساڵ و، لە ڕێوڕەسمی ناشتنی نەمر ژینا ئەمینی دەستی پێ کرد و، لەگەڵ پشتیوانیی تەواوی نەتەوە و چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکانی ئێران بەرەوڕوو بۆوە، لە یەک ڕۆژدا ڕیسەکەی کۆماری ئیسلامیی کردە خوری. یەکیەتی و هاودەنگی بێهاوتای نەتەوە و چین و توێژەکانی ئێران پیشاندەری ئاستی بەرزی ئاگایی و تێگەیشتنی سیاسیی خەڵک و هەرەسهێنانی سیاسەتە دووبەرەکی نانەوەی ڕێژیمی سیاسیی ئێرانە. ئەگەر بە هەر هۆیەکیش، ڕەوتی ڕووخاندنی ئەم ڕێژمە درێژە بکێشێ، ئیتر کۆماری ئیسلامی قەت ناتوانێ لەوە زۆرتر درز بخاتە نێو ڕیزی خەڵک. حوکمی مێژوو بەرەو پێش دەڕوا و خەڵکی یەکگرتووی ئێران درەنگ یان زوو کۆتایی بە ژیانی ئەم ڕێژیمە کۆنەپەرەستە دەهێنێ و لە گۆڕستانی مێژووی دەپەستێون.
بێگومان، پاش ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، خەڵکی ئێران و دەوڵەتی نوێ کاتیی بەرەورووی کێشەی دامەزراندنی سیستمێکی ناکۆجێیی دێموکراتیک دەبێتەوە کە دەبێ وڵامدەری نەک تەنیا مافی شارومەندی، بەڵکوو پرسی نەتەوەییش بێ. گەڵاڵەکردنی دروست و چارەسەرکردنی دێموکراتیکی ئەم پرسە، چارەنووسی کۆمەڵگەی داهاتووی ئێران و بە میلیۆن کەس دیاری دەکات کە هەر لە ئێستاوە ڕەنگدانەوەی ئاواتە دێرین، ڕەوا و ئینسانییەکانی خۆیانی تێدا دەبینن .بەڵام، پێداگریی دەسەڵات و نوێنەرانی سیاسیی ئێران لە داهاتوو بۆ چارەسەرکردنی تەواوی پرسە هەڵپەسێرا و حاشالێکراوەکان و یەک لەوان پرسی نەتەوەیی بە دابینکردنی مافی شارومەندیی، ناتوانێ وەڵامدەری داخوازییە مێژووییەکانی کورد و نەتەوەکانی ستەملێکراوی ئێران بێ.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

چارەسەرکردنی هەر پرسێک لە سەرەتادا پێویستیی بە دانان بە بوونی پرسەکە هەیە. بەگشتی، نەتەوە نافارسەکانی ئێران وەکو هەر ئێرانییەکی دیکە، وێڕای پێشێلکرانی مافە شارومەندییەکانیان لەلای حکوومەتی ناوەندییەوە، بە دەست ستەمێکی دووهێندەیی و چەندقاتی دی، واتە نەتەوەیی دەچەوسێنەوە

خەڵکی ئێران، بێ لەبەرچاوگرتنی میللیەتیان ڕیزە داخوازییەکی هاوبەشیان هەیە، وەکوو ئازادیی چاپەمەنی و چالاکیی حیزبە سیاسییەکان، یەکسانیی ژن و پیاو، مافی دەرسخوێندنی بە بەلاش، مافی بەربژێر بوون و هەڵبژاردن، کێشەی بێکاریی، خۆشبژێویی و هەبوونی ماڵ و هتد. بەڵام ستەمی نەتەوەیی، ستەمێکی دووقاتە و کەسێک تووشی ئەم هەڵاواردن و دووچاوەکییە نەبووبێ، ئەستەمە تێی بگات یان هەستی پێ بکات. هۆیەکەشی سادەیە، ستەمی نەتەوەیی و کاردانەوەی نەرێنیی ئەم چەوسانەوەیە قەت کێشەی و مەسەلەی ئەو نەبووە و نابێت. یەکێک لەم نموونە بەرچاوەکانی ستەمی دووقات، فێرکاری و خوێندنی منداڵان بە زمانی زگماکیی وەکوو پێکهێنەری شوناسی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیی ئەوان لە داهاتوودایە. بۆ وێنە، ئەو منداڵە فارسزمانەی کە یەکەم هەنگاوی ئەزموونی فێرکاریی لە قوتابخانە بە زمانی زگماکی خۆیەتی، ناتوانێ لەو کێشەیە و، زەبر و ئازار ڕووحییە تێ بگات کە لە ڕەوانی منداڵی کورد، تورکی ئازەربایجانی، بەلووچ و هتد لە کاتی هەنگاونانی لە قوتابخانە دەدرێ. ئەو قەت بە هۆی جلوبەرگ و هەبوونی زاراوە لە کاتی قسەکردن بە فارسی، سووکایەتی پێ ناکرێ و، هەر لە کاتی منداڵییەوە وەکوو شارومەندی پلە ٢ لە ئێران هەڵسووکەوتی لەگەڵ ناکرێ. ئەو لەبەر زاراوە و هەڵە لە دەربڕینی وشەگەلی فارسی لەلایەن مامۆستای زمان و ئەدەبیاتی فارسییەوە سزا نادرێ و لەلایەن کەسانی دیکەوە گاڵتەی پێ ناکرێ. بێگومان پانتایی ستەمی نەتەوەیی زۆر بەرفراوانتر لە مەسەلەی فێرکارییە و، ڕیشەی لە سیستمی حاکم بەسەر ئەو وڵاتە فرەنەتەوەییەوە هەیە کە نەتەوەی دەسەڵاتدار بۆ پاراستنی نیزام و زاڵبوونی بەسەر تەواوی بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی نێو کۆمەڵ، وێڕای دووچاوەکیی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و فەرهەنگی نەتەوەکانی دیکە، بە شێوەی جۆراوجۆر سەرکوتیان دەکات.

مێژووی ئێران بەتایبەتی لە سەردەمی قاجارەوە هەتا ئێستا شایەتی سەرکوتکرانی هێزە ئازادیخوازە نافارسەکانی بەرهەڵستکار بە ستەمی نەتەوایەتی لە ئێران بە گشتی و، لە کوردستان بە تایبەتییە. حکوومەتە ناوەندییەکانی ئێران هەمیشە بە بیانووی پاراستنی یەکپارچەیی تەواویەتی ئەرزی ئێران و، هەڵبەستنی تاوانی ناڕاستی سەر بە بێگانەبوونی نوێنەرانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و نافارسەکانی دیکە، هەر چەشنە داخوازی و بانگی ئازادیخوازی ئەوانیان بە زەبری زۆر سەرکوت کردووە. بەڵام سەرەڕای تەواوی ئەم سەرکوتکردنانەش، خەباتی کورد و نەتەوەکانی دیکە ئێران نەک کۆتایی پێ نەهاتووە، بەڵکوو بەهێزتر بووە و پەرەشی سەندوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەزموونی دوو سەدەی ڕابردوو پیشانی داوە نکۆڵیکردن لە ڕاستییەکی براوە و، لەبەرچاونەگرتنی پرسی نەتەوەیی نەک یارمەتی بە چارەسەرکردنی ئەم پرسە لە کۆمەڵگە نادات، بەڵکوو دەبێتە هۆی توندتر و ئاڵۆزتربوونی گیروگرفتەکە. لەلایەکی دیکەشەوە ئەگەر دابینکردنی مافی شارومەندیی وەڵامدەری ویست و داخوازییەکانی تاکی ئێرانی بێ، ناتوانێ ڕێگاچارەیەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی واتە داخوازی کۆی نەتەوەیەکی چەوساوە بێ کە دەیەوێ وەکوو بەشێک لە وڵاتی پان و بەرینی ئێران مافی یەکسانی لە ژیانی سیاسی و فەرهەنگیی خۆی لە ئاستی میللی بە تایبەتی و، ئاستی ئێران بەگشتی بێ. نەتەوە و گەلانی پێکهێنەری ئێران ویرای هەبوونی مێژوویەکی هاوبەش، هاوکات تایبەتمەندیی نەتەوەیی وەکوو وڵات، زمان، فەرهەنگ و داب و نەریتی نەتەوەییان هەیە و دەیانەوێ لە چوارچێوەی جوغرافیای سیاسی ئێراندا بەشدار لە کاروباری ناوچەی خۆیان بن و، بە هەبوونی مافی نەتەوەیی و دەسەڵاتی سروشتی، لە وڵاتێکدا بژین کە بە دوور لە دەسەڵاتی تەنیا ناوەندێک و نکۆڵیکردن لە مافی پەراوێزییەکان بێ.

ئەو دەسەڵاتە تەسکەی نێو یاسای بنەڕەتیی ئێران کە لە سەردەمی مەشروتە بە ناوی "بنەمای ئەنجومەنە ئەیالەتی و ویلایەتییەکان" بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچەکان پەسەند کرا، لە ترسی تێکچوونی پێکهاتەی دەسەڵاتی ناوەند قەت بە ئەیالەت و ویلایەتەکانی ئێران و قۆناخی بەڕێوەبردن نەگەیشت، بەڵام ئەمڕۆکە لە زۆربەی وڵاتە پێشکەوتوو و فرەنەتەوەییەکانی جیهان کە سیستمی فیدرالیزم یاخود کۆنفیدرالیزم زاڵە، بێئەوەی یەکپارچەیی ئەرزیی ئەوان خەوشدار بێ و تێکبچێ، نەتەوەکانیان لە چوارچێوەی جوغرافیایەکی سیاسیی هاوبەشدا، بە چەشنێکی چالاک بەشدارن لە ژیان و کاروباری سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی خۆیان.

نابێ لەبیر بچێتەوە کە یاسای بنەڕەتیی ئێران و یەکەم یاسای هەڵبژاردنی پەسەندکراو لە ساڵانی ١٢٨٦-١٢٨٥ هیجری (١٩٠٧-١٩٠٦ زایینی) کە جاروبار هێزە مەشروتە و سەڵتەنەت خوازەکانی ئێرانی وەکوو سەرچاوەیەک بۆ چارەسەرکردنی پرسی "قەومی"ی ئاماژەی پێ دەکەن، بۆخۆی نیشانەی بەرچاوی ستەمی نەتەوەیی و هەبوونی سەرپشکی تایبەتی بەبۆنەی فارس و شیعەبوونە. بۆ وێنە لە نێوان ١٥٦ کورسی بۆ تەواوی نوێنەرانی ئێران لە مەجلیسی ئێران، ٦٠ کورسی بە تارانێک درابوو کە زۆرینەی دانیشتووانی فارس بوون. ئەمە لە حاڵێکدابوو، بە ئازەربایجان کە دانیشتووانی گەلێک زۆرتر لە تاران بوون تەنیا مافی ١٢ کورسی درابوو. بۆ کوردستان و هەمەدان ٦ کورسی و، خوزستان، لوڕستان و بروجێردیش لەسەریەک ٦ کورسی درابوو.

مافی بەربژێربوونیش تەنیا بە کەسێک دەدرا کە شارەزای زمانی فارسی بایە. هەروەها لەو یاسا بنەڕەتییە و، یاساکانی دوایی ئێران ئایینی شیعە، هەمیشە وەکو ئایینی فەرمی ئێران پێناسە کراوە و، تەنانەت لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

تەنیا کەسێک مافی سەرۆک کۆماربوونی هەیە کە شیعە بێت.

نەتەوە نافارسەکانی ئێران لە تەواوی بوارەکانی ژیان وەکوو وەبەرهێنان و گەشەکردنی دامەزراوە و پیشەسازییە ئابوورییەکان تا دامەزرانی قوتابخانە و زانکۆ، هەروەها گرنگیدان بە زمانی زگماکی و هتد بەر تیغی دووچاوەکی کەوتوون. ستەمی نەتەوەیی و هەڵاوارنی سیستماتیکی ڕێژیمەکانی قاجار، پەهلەوی و ئیسلامیی ئێران هەمیشە لەگەڵ خۆڕاگری و خەباتی نەتەوەکانی ستەملێکراو بەرەورووو بوونەتەوە و نوێنەرە سیاسییەکانی ئەوان بۆ گەیشتن بە دێموکراسی، ئازادی و مافی بەشداری لە چارەنووسی خۆیان و ئێرانێکی بێ‌دوور لە ستەمی نەتەوایەتی خەباتیان کردووە و، قوربانیی زۆریان داوە. بێگومان قەبووڵی ڕەنگاڵەیی کۆمەڵگەی فرەنەتەوەی ئێران و تەیارکردنی بارودۆخی شیاو بۆ ژیانی خۆویستانەی نەتەوەکان پێکهێنەری بەستێنی شیاو بۆ گەشەسەندن و پێشکەوتنی ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی تەواوی ناوچەکانی ئێران و بەشداریی خەڵکی ئەو ناوچانە بە هەر میللییەت و ئایینێکەوە لەم ڕەوتە بێ. ئەم دیاردەیە تەنیا لە وڵاتێک دەرفەتی سەرهەڵدانی هەیە کە ناکۆجێی و دێموکراتیک بێ.

ئەمر پێشەوا قازی محەممەد، یەکەم سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەوەڵین سەرۆک‌کۆماری کوردستان نزیک بە ٨ دەیە لەوەپێش، لە یەکێک لە نوتقەکانی خۆی لە جۆزەردانی ١٣٢٥دا وێرای باسکردن لە ژیانی نەتەوەکانی یەکیەتیی سۆڤییەتی، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و سوئیس، دەبێژێ "ئەگەر بیتوو ئازادی لە ئێراندا بەرقەرار بێ، چ مانعێک هەیە ئەوی لە ئێرانیدا دەژین تێکڕا دەستی برایەتی بدەن بە یەکتری."

ئەم وتانەی پێشەوا قازی محەممەد هەڵگری پەیامێکی تایبەت و ڕوونە. هەر کاتێک دەوڵەتی ناوەندی پابەند بە دێموکراسی، ئازادی و مافی نەتەوەیی گەلانی ئێران بێت، ئەوان دەتوانن لە چوارچێوەی یەکێک لە سیستمە ناناوەندییەکان وەک فیدرالیزم یان کۆنفیدرالیزم بە هەبوونی مافی یەکسان بژین، بەڵام بێگومان پێداگریی دەوڵەتی ناوەندی بۆ درێژپێدان بە سەرکوتکردن و پێشێلکردنی مافی نەتەوەیی گەلان، جیایی و دووربوونەوەی ئەوانی لە ناوەند لێ دەکەوێتەوە. نەبوونی بەستێنی پێویست بۆ ژیانێکی خۆویستانە و بەشداریی نەتەوەکانی ئێران بە مافی بەرامبەر لە دەسەڵات و، دابەش‌نەکردنی دادپەروەرانەی سەروەت و سامانی وڵاتی پان و بەرینی ئێران، هەروەها نەبوونی سازوکاری دێموکراتیک بۆ کۆنترۆڵی دەسەڵاتی ناوەند لەلایەن نوێنەری نەتەوە و چین و توێژەکانی خەڵک، ڕێ بۆ جووڵانەوە سەربەخۆییخوازیەکانی گەلانی ژێر ستەم وەکوو مافێکی ڕەوای ئەوان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان دەکاتەوە. ئەوانەی بە درێژەدان بە سیاسەتی ستەمی نەتەوەیی دەیانەوێ وڵاتی فرەنەتەوەی ئێران بەڕێوە بەرن، لە ڕاستیدا ڕێگا بۆ هەڵوەشانەوەی ئەم وڵاتە ئامادە دەکەن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لەم پێوەندییەدا پێویستە لە ئەزموونی ڕابردوو بۆ سازکردنی ئێرانێکی نوێ کەڵک وەربگیرێ کە تەواوی نەتەوە ستەملێکراوەکان و چین و توێژەکانی کۆمەڵگە وەدیهاتنی ئاواتە نەتەوەیی، چینایەتی و جنسیەتی خۆیان تێدا ببینن. نکۆڵیکردن لە کێشەی نەتەوەیی و چارەسەرنەکردنی دێموکراتیکی، ڕێگا بۆ درێژەپێدان بە گیروگرفتە نەتەوایەتییەکان لە داهاتوودا دەکاتەوە.

---

## کورد، بوونە نەک فۆرم




**کەیوان دروودی**

هۆی خستنەڕووی ئەم بابەتە، سەرلێشێواویی ئەوانی تر بۆ لەقاڵبدانی کورد و ناپوختەیی بەشێک لە کوردە کە لە دەلاقەی بەدەر لە خۆی، سەیری بوونی دەکات. لای نووسەری ئەم دێڕانە، کورد تەنیا هەقیقەتێکی زاتییە؛ واتە نە نکۆڵی هەڵدەگرێت و نە ئەوەندە بەردەستە کە بیخەیتە چوارچێوەی ئایدئۆلۆژییەکەوە. ئەوەی زۆرتر حاشا لە کورد بکات، زیاتر گیرۆدەی هێزی هەقیقەتی کوردە و ئەوەی دەیخاتە نێو ئایدئۆلۆژی و ڕێکخراوەوە، تەنیا پەرژین بەدەور خۆیدا ئەکێشێت.

وەک لەو ڕۆژانە دەیبینین، هەموو پێکهاتەکانی نێو ئێران، هەر یەکە و بە جۆرێک ئەم وزە و گڕوتینەی کورد لێک ئەداتەوە. بەشێک لەوانەی سەرسامن، ئەم مەیلە بۆ ئازادی وەکوو هەوڵێکی هەڕەشەئامێز بۆ سەر خۆیان دەبینن،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەشێکی تر، دەرفەتێک بۆ "ئێرانی یەکپارچە"! کەچی کورد نە هەڕەشەی کردووە و نە هیچ کاتێک پێی ناوەتە ماڵی ئەوی تر، لە هەمان کاتدا پێملی ڕێسای هێزی پەتی (زۆرداری)ی دەوڵەت نەبووە تا بە بیانووی پاراستنی یەکپارچە پێداگری لەسەر بوونی خۆی و فرەیی بەگشتی نەکات. نە خۆی بەرانبەر بە کەسێک دەناسێنێت و ڕێگە ئەدات کەسێک بەو جۆرە پێی خۆشە یان پێی باشە بیناسێنێت، نە بەشداریی دەسەڵاتە و نە پشکی لە داهات دەوێت. هاوکات نە ڕووی دەسەڵاتخوازیی پێوە دیارە و نە داوای ئاوێتەبوونی بە سیستەمی ئابووری دەکات. ئەم دینامیزمە، تەنیا لە خۆبوونی کوردەوە سەرچاوە دەگرێت. جۆرێک لە ڕوحی گشتی کە مەیلی سەردەستبوون (زاڵیەتی) پێ نییە و ژێردەستبوون (کۆیلەیی) بە شوورەیی دەزانێت.

هەر ئەمەش کوردی کردووە بە چەقی ڕووداوەکان، لە کاتێکدا، بە هیچ شێوازێک ناکرێت ئەم دیاردە بە دارێژراو بزانین. کورد بە هیچ جۆرێک پلانێکی بۆ ئەوە نەبووە هەمووان لە پەراوێزی خۆی کۆ بکاتەوە، کەچی بێ کورد، ئەوانی تر مەیلی پەرتەوازەییان زاڵترە تاکوو خواستی پێکەوەبوونیان.

ئەوە ئەویترە کە پێی ناوەتە خاکی کورد، کەچی دەرکەوتنی بوونی هەقیقەتی کورد وای لێ دەکات، بکەوێتە پەلەقاژەی دوورخستنەوەی کورد لە خۆی. ئەمە بە ڕێسا باوەکانی دیاردەناسی لێک نادرێتەوە، کە چۆنە کورد لە خۆیدا تەبایی دەوێت، هەموانیش بە ناوی تەبایی دەدوێن، بەڵام تێگەیشتنێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی فۆرماڵیان بۆ ئەو تەباییە پێیە. با هەر باسی ئورمیە بکەین، تا لەم هێزی هەقیقەتە بگەین.

لە ڕۆژانی ڕابردوودا شەهید و بریندار و گیراوانی کورد لەو شارە ئەو ڕاستییەی درخست کە لەوێ بوونی کورد خۆی دەنوێنێت و بەوەشەوە کە دەزانین ئەوانەی دەستیان لە گرتن، کوشتن و ئەشکەنجەی کورد لەو شارە هەیە، بە زۆری هەر لە تورەمەی ئەوانەن کە دژی کورد هەڵوێست دەگرن، کەچی ئەم شوورەیییە لە خۆیان دوور ئەکەنەوە. بەڵام سەیر دەکەین کە کورد ناپەڕژێتە سەر ئەوەی تاوانباران کێن، چونکە لە بنەڕەتەوە بەلایەوە گرینگ نییە کێن! ئەو تەنیا خۆی دەردەخات و ئەوانی تر بە شاراوە چەکی بەرانبەر ڕادەکێشن و بەئاشکرا چاوی لێ سوور دەکەنەوە! ئەی چی وا دەکات بە پشتیوانیی هێزی نێوخۆی ئەو وڵاتە و پشتگیریی دو وڵاتی تر، هێشتا ئەوان کورد بە مەترسی بزانن؟! سەیر نییە کە کوردی بێدەوڵەت، ئەوی تر بە هەڕەشە نازانێت، کەچی ئەوان لە دەستی بەتاڵی کورد تووشی هیستریا ئەبن! و تەنانەت بەشێک لە کوردەکان بێ ئەوەی بیر بکەنەوە و لە قاڵبی فۆرمە باوە ئایدئۆلۆژیک و ڕێکخراوەیییەکاندا، باوەش بۆ مەیلی هێرشبەرانەی ئەوی تر ئەکەنەوە!



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لێرەوە پێویستە ئەمانەی بەناوی پێکەوەژیان، خەریکن دەست بە ڕووی کوردەوە دەنێن، بێژین؛ کامە کورد گوتوویە تورک دەسڕەوە؟ بۆچی ناوهێنانی ئورمیە بە ئازەربایجان بەئاسایی وەردەگرن، کەچی لەلایەکی ترەوە ناوهێنانی بە کوردستان، گرێ دەدەن بە ڕێکخراو و ئایدئۆلۆژیی "سەرەڕۆیانە"وە! ئاخۆ باوەڕیان بە سنووردانانی تاران هەیە کە کوردستانی خستووەتە نێو چوارچێوەی پارێزگای سنەوە؟! جا ئەگەر وایە خۆ دەبێت دەست لە کرماشانیش هەڵگرن، ئەی بۆ دەستی لێ هەڵناگرن؟ بەدڵنیاییەوە کورد بێ ئەوەی مەیلی گرژی و بەریەککەوتنی تێدا بێت، لە بوونی کورد لە ئورمیە پاشەکشە ناکات، چونکە هەقیقەت پێڕەوی لە یاسای هێز ناکات. وەکوو خۆر چۆن هەر دەبێت هەڵبێ و گرینگ نییە، ئاسمان وەشت بێت یان ساماڵ، سەرما بێت یان گەرما، هەر تیشکی ڕۆشنایی خۆی دەرئەخات، کوردیش بێ ئەوە بۆ بەزاندنی ئەوی تر هەنگاو هەڵبگرێت، ڕووگەی خۆی کە دەرکەوتنی بوونییە بەر نادات.

کێیە نەزانێت، دەوڵەت-نەتەوەی ئێرانی و تورکی و سووریەی و عێراقی، بە زێڕی ڕەش (نەوت) خۆی لەسەر پێ ڕاگرتووە؟! ئەگەر ئەو داهاتە لە خەزێنەداریی وڵاتانەوە نەڕژێتە گیرفانیان و بەوەش هێزی سەرکوت دروست نەکەن، کوا پێیان دەکرێت درێژە بەم فۆرمە هەنووکەییە بدەن؟ هێزی ئەوان لە زۆرداری و هێزی کورد لە هەقیقەتدایە. وەک چۆن کەسی بێتاوان بێباکە لەوەی بەهۆی یاسای نادروستەوە تووشی تۆمەت بێت، کوردیش هیچ ترسێکی لەوە نییە کە لەبەر پێداگری لەخۆی لە بەرانبەر فراوانخوازیدا، قسەی هەڵبەستراوی وەپاڵ بخرێ. چونکە بە وردی لە خۆی دڵنیاییە و دەزانێت سنووری تۆمەت و تاوان چییە.

جا بۆیە هەرکات مرۆڤی تۆمەتبار لە خۆی دڵنیا نەبوو و لە یاسا (کە هێز دروستی دەکات) ترسا، ئەوە دیارە ملی بۆ ئەو یاسا ڕاکێشاوە و تووشی سزاش دەبێت. بەڵام ئەوەی ململانێی هێزی ڕەت کردووەتەوە، یان تووشی تاوان نابێت، یان ئەگەریش بەتاوانبار ناسێندرا، ئەوە دڵنیایە یاساکە ناڕەوایە نەک کردەوەی خۆی.

ئەوە کورد نییە کە دەستی داوەتە ناساندن و دابەزاندنی بوونی ئەوی تر، بەڵکوو ئەوە ئەوانن لە سەدان دامەزراوەی نیزامی، سیاسی، ئابووری و .. بەکار دێنن تاکوو بوونی مێژوویی کورد لێژ بدەنەوە نێو دەفری دەوڵەت-نەتەوەی سەد ساڵەوە. بە دیویکی تردا ئەوە کێشەی کورد نییە کە دەرکەوتنی بە سادەیی، ڕاستەوخۆ مەترسیی لەسەر فۆرمی ساختەی هێز دروست دەکات، ئەوە زۆرداریيە کە دەبێت مل بۆ هێزی هەقیقەت ڕابکێشێت! هەر بۆیە لێرەدا پێویستە دووپاتی بکەینەوە، کورد بوونێکە کە بەرگەی فرەڕەنگی و فرەلایەنی دەگرێت، بۆیە دەست نابات بۆ ناسنامە و سنووری ئەوی تر و ئەوە ئەوانن دیواری بوونیان لەسەر کورد هەڵچنیوە و بەر لەوەی خۆیان بناسێنن، بەوپەڕی ترس و لەرزەوە چاویان لەسەر کوردە، بەشکم بە ملدان بەهێز و هەڕەشە، ئەو کەلاوە بزلەق و لە ڕواڵەتدا ڕازاوەیە هەڵنەتێکێنێت و لە بوونی خۆی پاشەکشە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بکات.

ئەگەر ئەمریکا لەسەر تەرمی سوورپێستەکان بونیاد نرا، وڵاتانی باکووری ئافریقا بە ناسنامەی ساختەوە، حاشا لە بوونی ئامازیغی دەکەن. ئەگەر چین هەمان هەنگاو دژی تەببەتییەکان هەڵدەگرێت و دەنگێکی بەهێز ئەو ڕاستییە نادرکێنێت، ئەوە دەنگی کورد شەپۆلێکی دژەستەمە کە بێ ئەوەی خۆی وشیارانە بڕواتە پێش، سنوورەکان کاڵ دەکاتەوە و کۆی ئەم نەزمە داسەپاوە لە چوارچێوەی ئەزەلی-ئەبەدی و بێ کەموکورتی بۆ حاڵەتی ڕاستەقینەی خۆی کە فۆرمێکی ساختەی هێزە دەگەڕێنێتەوە. ئەگەر ئەم هێزی هەقیقەتە ئەوەندە پێشخانی دەوڵەمەند و قووڵی هەیە، کەواتە دەبێت بەدەمیەوە بچین و بەجێی ئەوەی لە دەلاقەیەکی تەسکەوە و لە دوورەوە سەیری بکەین، لە نزیکەوە ڕێگە بدەین ڕەوایەتی خۆی، وەک ئەوەی هەیە، بگێڕێت.

---

## بارودۆخی هەنووکەی کوردستان و ڕۆڵ و بەرنامەی ناوەندی هاوکاریی حیزەکانی کوردستانی ئێران


کوردستان
5
بارودۆخی هەنووکەی کوردستان و ڕۆڵ و بەرنامەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

دیبەیت: کاروان مێراوی

**ئاماژە**: لە پاش سەرهەڵدانی ئەم جارەی کوردستان و ئێران کە نیزیک بە دوو مانگی تێپەڕ کردووە، شۆڕشی نەتەوەکانی

ئێران و بەتایبەت خەبات و شۆڕشی لەمێژینەی نەتەوەی کورد لە کوردستانی داگیرکراو لەلایەن ئێرانەوە چووەتە قۆناغێکی نوێترەوە. بێگومان لەم شۆڕشەشدا کە هەنووکە لە کوردستان و ئێراندا ڕێژیمی داگیرکەری ئێرانی وەزاڵە هێناوە، ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، نەک تەنیا لە کوردستاندا، بەڵکوو لە هەموو ئێراندا ڕۆڵ و دەوری سەرەکیی هەبووە و بەرچاوترین بەڵگەش بۆ ئەم وابێژییە ڕاگەیەندراوەکانی ناوەندی هاوکاری بۆ مانگرتن و هاتنە سەرشەقامەکان و پێشوازیی خەڵکی کوردستانن. لەسەر ئەم پرسە و کۆمەڵێک پرسیار و دەنگۆ، لەم ژمارەیەی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا دیبەیتێکمان لەگەڵ بەرپرسانی هەیئەتەکانی حیزبەکانی ئەندام لە ناوەندی هاوکاریدا پێک هێناوە. لەم دیبەیتەدا بەڕێز حەمەنەزیف قادری، ئەندامی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتی و بەرپرسی هەیئەتی حدکا لە ناوەندی هاوکاری، ئەبووبەکر مودەڕسی، جێگری سکرتێری گشتی و بەرپرسی هەیئەتی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ لە ناوەندی هاوکاری و هەروەها عەتا ناسری، ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی هەیئەتی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە ناوەندی هاوکاری میوانی "کوردستان" دەبن.

**کوردستان**: هاوڕێیانی بەڕێز سەرەتا زۆر سپاس لەو دەرفەتەی کە بە ئێمەتان دا و لەم دیبەیتەدا بەشدار بوون. کاک محەممەدنەزیف، ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە کاتی شەهیدبوونی شەهید ژینا بەدواوە بەردەوام لە ڕاگەیەندراوەکانیدا داوای لە خەڵک کردووە بڕژێنە سەرشەقام و شەقامەکان چۆڵ نەکەن، سیاسەتی ئێوە لە ئێستەدا چییە و بەرنامەی دیاریکراوتان بۆ درێژەدانی ئەم ڕەوتە لە شەقامەکاندا چییە؟

**محەممەدنەزیف قادری** : دوای گیرانی ژیناخان و بەرخوردی دژی مرۆڤانەی گەشتی ئیرشاد کە لەڕاستیدا جگە لە بیانووگرتن هیچ هۆکارێک بۆ گرتن و ئازاردان و سەرئەنجام بێبەزەییانە شەهیدکردنی شەهید ژینا نەبوو، بڵاوبوونەوەی هەواڵی شەهیدکردنەکەی سەرانسەری ئێران، کوردستان و هەموو دنیای هەژاند و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ و بەتایبەت ژنان و کچانی بوێر و بەهەڵوێستی یەکدەنگ هێنایە سەر خەت. ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران هەم وەک باوەڕمەندبوونی بە مافی ژن و بەها مرۆییەکان لەلایەک و لەلایەکی دیکەوە کچە کوردێکی بێتاوان کە دەبێتە قوربانیی سیاسەتەکانی ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی و بە دوور لە هەموو یاسا و ڕێسایەکی مرۆیی و نێودەوڵەتی شەهید دەکرێت، ئەرکی شۆڕشگێڕانەی نەتەوەییە کە ئەم تاوانە مەحکووم بکات و داوا لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و گەلانی ئێران و ڕای گشتی بکات کە بێدەنگ و بێهەڵوێست نەبن. بۆیە هەر لەو پێوەندییەدا ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە و داوای مانگرتن و خۆپێشاندانی لە ئێران و کوردستان و دەرەوەی وڵات کرد و بەخۆشییەوە بە وتنەوەی دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" پێشوازییەکی بەرین و بێوێنە لەو ڕاگەیەندراوەی ناوەندی هاوکاری کرا. ئەم مانگرتن و خۆپێشاندانانە کە دەربڕی دەنگی میلیۆنان خەڵکی ماف‌پێشێلکراوی ئێران و شەهیدکرانی هەزاران خەڵکی مافخواز و ئازادیخوازی گەلانی ئێران بوو، وەرزێکی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

نوێی لە خەباتی جەماوەری کردەوە و پەیامێکی یەکگرتوویی و پێکەوەبوون و یەکگوتاریی بۆ خەبات دژی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لەگەڵ خۆی هێنا کە لە مێژووی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی گەلانی ئێراندا کەموێنەیە.

لەم خۆپێشاندانانەدا هەرچەند مرۆڤکوژانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران هەوڵیان دا بە هەڕەشە و گوڕەشە ئاوی چاوی خۆپێشاندەران بگرن و بە هێنانی هێزە دژەگەلییەکانیان ئاستەنگ بۆ خۆپێشاندەران دروست بکەن، بەڵام ئیرادەی ژنانی مافخواز و هەڵوێستی کوڕان و کچانی بوێر و بەگشتی گەلانی ئێران و خەڵکی شۆڕشگێڕی کوردستان و پێشوازیی سەرجەم ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و کوردەکانی دەرەوەی وڵات، مێژوویەکی درەوشاوەی لە ئاستی ئێران و دنیادا تۆمار کرد. سیاسەتی ناوەندی هاوکاری و دیاریکردنی دروشمەکان کە سیاسەتێکی ئەوڕۆییانە و ئازادیخوازانە بوو، هاندەر بوو بۆ ئەو یەکیەتی و یەکگرتوییە و هەر ئەوەش بوو زۆربەی زۆری ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و کوردستانی و کۆمەڵە ئێرانی و کوردستانییەکان و ڕاگەیاندنەکان لە ڕۆشنایی ئەو پەیامەی ناوەندی هاوکاریدا پشتیوانییان ڕاگەیاند و هاتنە ڕیزی خۆپێشاندەران. ئەو پەیامەی ناوەندی هاوکاری لەڕاستیدا پەیامی پێکەوەژیان و پێکەوە بوونیادنانی ئێرانی داهاتوویە. بەگشتی سیاسەتی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران پێکەوە خەباتکردنە لەگەڵ هەموو حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ئێران لەسەر باوەڕمەندبوون بە ئازادی، دێموکراسی، مافی گەلانی ئێران و بەها مرۆییەکان، ڕۆڵی زیاتر بەخشین بە ژنان لە هەموو ڕەهەندەکانی سیاسی، یاسایی و... ئەم ئامانجەش تەنیا بە ڕووخانی ڕێژیمی ئێران و دامەزرانی سیستمێکی دێموکراتیک و پێشکەوتوودا خۆی دەنوێنێت.

**کوردستان**: وێڕای تێپەڕبوونی زیاتر لە چل ڕۆژی خرۆشانی خەڵک لە شەقامەکانی کوردستان و ئێران بە دژی ڕێژیمی ئاخوندی، ئێوە وەکوو ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران پێتان وایە ئەم خرۆشانەی خەڵک لە چوارچێوەی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیدا ماوەتەوە یان چووەتەوە چوارچێوەی شۆڕشێکی سەرانسەرییەوە.

**ئەبووبەکر مودەڕسی**: بە بڕوای من بێگومان ئەم ئاخێزە یان بە وتەی جەنابتان خرۆشانە، هەر زۆر زوو پەرەی سەند لە سەرتاسەری ئێران و بوو بە جووڵانەوەیەکی سیاسی - ناڕەزایەتیی سەرانسەری. ئەوەندەی من ئاگادار بم بە ئێستاشەوە کەس نییە لە ئێران و تەنانەت لە ئاستی نێونەتەوەییشەوە حاشا لەو ڕاستییە بکات کە ئێمە لەگەڵ شۆڕشێکی سەرانسەری بەرەوڕووین و گەلی کورد نەتەنیا دەستپێکی ئەو شۆڕشە سەرانسەرییە بووە و وەک جەرەقەیەک بۆشکەی بارووتی ناڕەزایەتیی پەنگخواردووی خەڵکی ئێرانی تەقاندەوە، بەڵکوو لە درێژەی خۆیدا وەک هێزی بزوێنەری ئەو شۆڕشە دەوری نواندووە. دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" و ژینا ئەمینی وەک هێما و ڕەمزی ئەو بزووتنەویە قەبووڵ کراوە و نەتەنیا لە ئاستی ئێراندا، بەڵکوو لە ئاستی نێونەتەوەییشدا سەلماوە. ئەسپەردەکردنی ژینا و خۆڕاگریی بنەماڵەکەی و پشتیوانیی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بێوێنەی خەڵکی شارەکەی (سەقز) و دوایش کوردستان ئاگرەکەی بەردا و بۆشکە بارووتەکە و چلەکەشی بوو بە سەرهەڵدانەوەیەکی بەتین و گوڕتر بۆ درێژەدانی ئاخێزەکە. هەڵبەت لەو ناوە، بزووتنەوەی کوردیش دەسکەوتی گەورەی بۆ خۆی دەستەبەر کرد و لە ئاستێکی سەرانسەری وەک بزووتنەوەیەکی پێشکەوتنخواز ڕەوایی خۆی سەلماند. کێ دەیتوانی ساڵێک لەوەپێش بیری لەوە کردبایەوە کە کورد بە ئاڵای خۆیەوە و شان بە شانی گەلانی دیکەی ئێران و بە هەر بیروباوەڕێک، لە خۆپیشاندانەکاندا بەشداریی بکات. ئەم ئاخێزە گەورەیە و ئەو دەور و ڕۆڵەی کورد گێڕای، بەشی هەرە زۆری پروپاگەندە و تەبلیغاتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بەدژی کورد پووچەڵ کردەوە. هەڵبەت دەبێت بزانین کە ئەو ڕاستییانە بەو واتایە نییە کە هەموو کەس لە ئێران ئەوەی پێ خۆشە. ئاشکرایە کە دژایەتی لەگەڵ کورد هەیە و هەمیشە کەسانێک هەن دەیانهەوێت باوەشێنی بکەن. بۆیەش پێویستە کە ئەو دەسکەوتە واتە ئەو یەکگرتوویە لە نێوان بزووتنەوەی سەرانسەری و بزووتنەوەی کورد دەبێت بەردەوام کاری بۆ بکرێت و بپارێزرێت.

**کوردستان: ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران تا چ ئاستێک لەسەر خرۆشانی شەقامی شارەکانی دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، واتە شارەکانی تری ئێران، کاریگەریی هەبووە؟**

**عەتا ناسری:** ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە دەنگدانەوە و کاریگەریی باشی لەنێو خەڵک و حیزب و لایەنە سیاسییەکاندا دروست کرد. ئەوەی کە هاوکاری و پێکەوەیی دوو کۆنسێپتی کۆمەڵە و دێموکرات کە ئەوکات لە قاڵبی چوار حیزبدا بوون و بەخۆشییەوە ئێستە و پاش یەکگرتنەوەی هەر دوو حیزبی دێموکرات، وەک دوو هێزی خاوەن جەماوەری لەنێو خەڵکی کوردستاندا دەنگدانەوەی باشی هەبوو. سەرەڕای کەموکۆڕییەکان ناوەند هەم لەناو خەڵکی کوردستان و هەم لەدەرەوەی کوردستان و لەنێو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و ئێرانیشدا توانی ببێتە مەرجەعێک.

پاش سەرهەڵدانی ئاخێزەکانی ئەم دواییە و لە یەکەم هەڵوێستی ناوەندی هاوکاریدا بەرانبەر بە شەهیدبوونی ژینا ئەمینی کە داوای مانگرتنی سەرانسەری لە هەموو خەڵکی کوردستان کرد، بەخۆشییەوە خەڵکی خەباتکاری کوردستان بەدەم بانگەوازەکەوە هاتن و وەک بینیمان مانگرتنێکی گشتیی سەرانسەری کوردستانی گرتەوە. دواتریش لە بەیاننامەکانی دیکەی ناوەندی هاوکاریدا ڕوو لە لایەنە ئێرانییەکان و ڕوو لە خەڵکی ناوچەکانی ئێران، زۆربەی شارەکانی ئێران بە شێوازی جۆراوجۆر نارەزایەتی و خۆپیشاندانیان ساز کرد و پشتیوانییان لەکوردستان ڕاگەیاند. لە ئێستەدا کوردستان بووەتە مەکۆی هەموو ئازادیخوازان، لەخۆڕا نییە کە لە باکوور تا باشوور و لە ڕۆژهەڵات تا ڕۆژاوای ئێران، کوردستان بە سەنگەری ئازادی و خۆڕاگری دەناسرێت. حیزبەکانی ناوەندی هاوکارییش کە هەڵقوڵای هەر ئەو کۆمەڵگەیەن لە سەرهەڵدانی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بزووتنەوەی نوێوە توانییەتی چەندین بەرانبەر ببێتە جێگەی متمانە و بڕوای خەڵکی کوردستان و ناوچەکانی تری ئێران. ئەمە لە دەرەوەی وڵات لە سازکردنی ئاکسیۆن و خۆپیشاندانەکانی تاراوگەش بە ئاشکرا بەرچاوە و کوردستانییانی تاراوگە و ئەندامانی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران شوێن پەنجەیان دیار و بەرچاوە. ئەگەرچی هەموو ئەو بوارانە بەبێ کەموکوڕی نییە، بەڵام بەگشتی ناوەندی هاوکاری توانیویەتی لەم قۆناغە هەستیارەدا متمانەیەکی سەرانسەری بەرەو لای خۆی ڕابکێشێت و ببێتە مەرجەعێک کە لە کاتە حەساس و چارەنووسسازەکاندا جەماوەری خەڵک بجووڵێنێت.

**کوردستان**: دەنگۆی ئەوە هەیە کە ناوەندی هاوکاری لە ماوەی ئەو ڕاپەڕینەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێراندا لەگەڵ چەند کەسایەتی و ڕێکخراوی ئۆپۆزیسیۆنی فارسدا کۆ بوونەتەوە و ڕێککەوتننامەتان واژۆ کردووە، ئەمە تاکوو چەندە ڕاستە؟

**ئەبووبەکر مودەڕسی**: ئەو دەنگۆیانە پێشتر لە ڕاگەیەندراوێکدا لەلایەن ناوەندی هاوکارییەوە و هەروەها لە وتووێژی کەسایەتییەکانی حیزبەکانی ناوەنددا وەک یەک لەوانە هاوڕێ عەبدوڵڵای موهتەدی ڕەد کراوەتەوە، بۆیەش من بە پێویستی نازانم لێرەدا زۆرتری لەسەر بڕۆم. تەنیا ئەوەی پێ زیاد دەکەم کە بزووتنەوەی کورد و ناوەندی هاوکاری بە مافی خۆی دەزانێت لە پێناوی بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەی کورددا لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی بزووتنەوەی سەرانسەریی ئێران و هەر کات پێویست بێت دیالۆگ و هاوکاری بێت.

**کوردستان**: لە ئەگەری سەرکەوتنی ئەم ڕاپەڕینە و ڕووخانی ڕێژیمدا، ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران چ ئامادەکاریگەلێکی کردووە و بەگشتی چ بەرنامەیەکی هەیە؟

**عەتا ناسری**: ناوەندی هاوکاری زیاتر لە دوو ساڵە چەندین بەڵگەنامە و گەڵاڵەی سەبارەت بە تەعامول و پێوەندیی ناوەندی هاوکاری بۆ نموونە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی، پێوەندیی نێودەوڵەتی، پێوەندی لەگەڵ حیزبە کوردستانییەکان و ... هتد ئامادە کردووە کە هەندێکیان پەسەندکراون و هەندێکیان کاری لەسەر دەکرێت. یەکێک لەو بەڵگەنامانە باس لە پرسی کوردستان و ئێران لە پاش ڕووخانی ڕێژیم دەکات و بۆ پێشگرتنە لە هەر ڕووداوێکی نەخوازراو لە داهاتوودا. ئەم گەڵاڵەیە حیزبەکانی ناوەندی هاوکاری بەرپرسیار دەکات و مەترسییەکانی شەڕی ناوخۆیی ناهێڵێت. کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە زۆر ڕووەوە پێشکەوتوو و ئەمرۆییە. هەر لە بزوتنەوەکەی کە بزاڤێکی ئازادیخواز و سێکۆلار و پێشکەوتووە هەتا بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی خەڵک بۆ پاراستنی ژینگەی نیشتمانەکەی و ئەو هاوکاری و بەدەم یەکەوەبوونی خەڵک لە کاتی قەیران و کارەساتەکاندا. ئەمە لە کەم کۆمەڵگەدا بەتایبەتی لە دراوسێیەکاندا بەرچاو دەکەوێت. بۆیە حیزبەکانیش کە هەڵقوڵاوی ئەو کۆمەڵگەیەن دەبێت لە ئاستی ئەو بەرپرسیارەتییەدا بن، نابێت و بۆ کەس هەزم ناکرێت



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کە لە پاش ڕووخانی ڕێژیمەوە لە شاری سنە تا مەهاباد ٦ - ٧ بازگەی حیزبەکان، هەر حیزبە و بۆخۆی دابنرێت. هەر لە ئێستەوە دەبێت بیر لە یەکخستنی هێزی پێشمەرگە بکرێتەوە و کوردی ڕۆژهەڵاتیش بە دەدری کوردی باشوورەوە نەچێت کە هەر بەرپرس و دەسەڵاتدارێک بۆ خۆی فەوجێک پێشمەرگەی هەبێت. گەڵاڵەکە چەندین ڕەهەندی گرنگی دیکە وەک بواری ئابووری، یاسایی و ... لەخۆ دەگرێت و حیزبەکانی ئەندامی ناوەندی هاوکاری بەجیددی سەرقاڵی پێداچوونەوەیەن و لە داهاتوویەکی نزیکدا پەسەند دەکرێت.

**کوردستان**: چل ڕۆژ لە ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان و ئێران تێپەڕی، ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران چەندە توانیویەتی سەرەنج و پاڵپشتیی کۆمەڵگەی جیهانی بۆ ئەو ڕاپەڕینە ڕابکێشێت؟

**محەممەدنەزیف قادری**: لە کەس شاراوە نییە کە ناوەندی هاوکاری و پشتیوانیی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پشتیوانیی ڕای گشتیی ئێران، کوردستان، کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و ڕۆڵی ڕێبەران و نوێنەرایەتی و ئەندامانی تێکۆشەری حیزبەکان و کەسایەتییەکان، هونەرمەندان، ڕۆژنامەنووسان، وەرزشوانان و هەموو چین و توێژەکان بەتایبەت ڕۆڵی مێژوویی و چالاکانەی ژنان، ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانیان ئەوەندەی تر بێزراو کرد. ئەم خۆپێشاندان و چالاکییانە کاریگەریی بە ڕادەیەک بوو کە لەلایەن چەندین وڵاتەوە گەمارۆی خرایە سەر و مەحکووم کرا و ژمارەیەک لە بەرپرسانی سیاسی و ئەمنییەتی خرانە لیستی گەمارۆکانەوە، هەر لەو پێوەندییەدا کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و نوێنەری مافی مرۆڤ و نوێنەری تایبەتی ئەو ڕێکخراوە بەفەرمی ئەم تاوانەیان مەحکووم کرد.

ئەو ڕووداوە بەگشتی ترسی خەڵکی لە ڕێژیم شکاند و قۆناغێکی نوێی لە خەباتی دژی ڕێژیم کردەوە کە هیوابەخشە بۆ گەشەکردن و گشتگیربوونی خۆپێشاندانەکان. گەلی کورد و بزووتنەوەی کوردستان ئەگەر لە سەرەتای شۆڕشەوە تا ئێستە سمبۆلی بەرگری و خەبات و بەرخۆدان لە بەرانبەر دیکتاتۆری و کۆنەپەرستیدایە، لەم برگەیەش لە خەباتدا بوونەوە بە هێمای یەکیەتی و یەکگرتوویی لە سەرانسەری ئێراندا. من لەو باوەڕەدام مێژوو ئەم ڕۆڵگێڕانە بە شانازییەوە باس دەکات و ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێرانیش وەک ئیرادەی گەلی کورد بە بەرچاو ڕۆشنیی زیاترەوە بە هاوکاریی حیزبە نیشتمانپەروەرەکانی کوردستان، گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات بە ئاوات و ئامانجەکانی دەگەیەنێت. خۆپێشاندانەکانی چلەی شەهید ژینا ئەمینی و بەپیرەوەهاتنی خەڵک بە بانگەوازی ناوەندی هاوکاری، جارێکی تر دەووری ناوەندی لە دەربڕینی ئیرادەی گەلدا دەرخست.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# زانکۆ و شۆڕش



**ئەلبورز ڕۆئین‌تەن**

زانکۆی تاران لە ساڵی ١٣١٤ دامەزرا، ساڵێک دواتر بۆ یەکەم جار خوێندکارانی زانکۆ بۆ دابینکردنی هەندێک پێداویستی نارەزایەتییان دەربڕی. لەو کاتەوە تا بە ئەمڕۆ بزووتنەوەی خوێندکاری بە شێوازی جیا هەبوون، جا هەندێک جار زۆر بەهێز و هەندێک جار لاواز. هەندێک جار لە چەقی گۆڕانکارییەکاندا بوون و هەندێک جاریش لە پەراوێزدا خۆیان دیوەتەوە؛ بەڵام هیچ کات بەتەواوی لە دڵی ڕاستییەکان و ڕووداوەکانی کۆمەڵگە دانەبڕاوە.

وشیاری و هەبوونی هێزی پرسیار و لێپرسینەوە لە خوێندکاری زانکۆدا وای کردوە کە زانکۆ و خوێندکار بۆ هەر دیکتاتورییەک پرسێکی گرینگ بێت، بە تایبەت ئەگەر ئەو دیکتاتورییە دیکتاتوریی مەلاکانی جەماران بێت، ئەو پرسە بۆ ئەوان ترسێکی گەورەشە. ئەو ترسە هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە جێگای سەرنجی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی بووە و تەنانەت هەر لە سەرەتای ساڵانی بە دەسەڵاتگەیشتنیان بە پاکتاوکردنی زانکۆ کە ناوی "شۆڕشی فەرهەنگی"یان لەسەر دانا و بە گۆڕینی بەرپرسانی خوێندنی باڵا و زانکۆکان، دەرکردنی خوێندکارانی غەیرەخۆیی و تەنانەت گۆڕینی سەرچاوەکانی خوێندن بە تەواوی دانانی میکانیزمی جیاوازی ئیداری و لەشکری بۆ کۆنترۆلی قوتابیان هەوڵیان دا ئەو ناوەندە گرینگە کە ڕۆڵی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەرچاوی لە گۆڕانکارییەکاندا هەیە، کۆنترۆڵ بکەن.

لەوانەیە هیچ بەڵگە و فاکتێک لەو قسەیەی خومەینی دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی تێڕوانین و ترسی کۆماری ئیسلامی لە زانکۆ باشتر دەرنەخات کە بە ئاشکرا لە تریبونەوە دەیگوت، "زانکۆ لە بۆمبی ئەتۆم مەترسیدارترە." بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو پلان و پیلان و کۆنترۆڵکردنی بە زەبری سەرکوت، دیسان نەتوانرا دەنگی زانکۆ و قوتابییان کپ بکرێت و خوێندکاران و زانکۆ بەردەوام لە هەر گۆڕانکارییەکدا بە نرخی خوێن لە گەڵ ئازار و ویستە ڕەواکانی خەڵک بەشدار بوون. وەک چۆن لەو خۆپێشاندانەشدا کە نزیکەی دوو مانگە بەردەوامە، ڕۆڵی بەرچاویان گێڕاوە تەنانەت گەیشتووەتە ئاستێک دەتوانین بڵێین ئەمڕۆ یەکێک لە فاکتەکانی بەردەوامی شۆڕش زانکۆ، خوێندکاران و قوتابییانن.

بزووتنەوەی خوێندکاریی کورد هەر لە سەرەتاوە دو ڕێگەی لە بەردەم بوو، یان دەبوا ببا بە بەشێک لە بزووتنەوە جیاوازەکانی خوێندکاری کە لەنێو نەتەوەی باڵادەست هەبوون و ئەگەر لەگەڵ ئەوان دژایەتی دەستەڵاتیشی کردبا، نەدەبا باسی لە ڕاستی کۆمەڵگەی کوردی و بە تایبەتی پرسی نەتەوەیەکەی کردبا. چونکە هەموو ئاراستەکانی بزووتنەوەی خوێندکاری بە چەپ و ڕاستەوە نەک لەگەڵ داخوازییە ڕەواکانی گەلی کورد نەبوون، بەڵکو زۆر جاریش دژیشی بوون. یان دەبوو ڕێگەی دووەم هەڵبژێرن، ئەویش پەیوەستبوون بە شۆڕشی کوردییەوە کە ڕۆڵێکی تایبەتیان لەو بوارەدا بینیوە، نموونەی گرینگی ئەو شێوازە چالاکییە پەیوەستبوونی سمایل شەریفزادە و هاوڕێکانی بە حیزبی دێموکرات بوو کە لە ماوەیەکی کەمدا کاریگەرییەکی زۆریان دانا و ئەو ڕەوتە لە کات و سەردەمی جیاوازدا هەر بەو شێوەیە درێژەی هەبوو.

ئەوەی ئێستا لە گۆڕەپانی شۆڕشدا دەبینین وێڕای ئەوەی کە سەرکوتی ڕێژیم لە زانکۆ بە دڕندانەترین شێوە بەردەوامە، بەڵام هەر لە ڕۆژەکانی یەکەمی ئەو خۆپێشاندانانەوە زانکۆ لە شۆڕش دانەبڕاوە.

ئەوەش نیشان دەدات کە زانکۆ هەروەک پێشتر تەنانەت ئەو جار زیاتریش گرینگە و دەبێ بە گرینگیەوە کاری لە سەر بکرێت، لە ئێستا زیاتر لە ١٥٠ هەزار خوێندکار لە زانکۆکانی پارێزگاکانی کوردستاندا دەخوێنن، هەروەها ژمارەیەکی زۆری خوێندکارانی کورد لە زانکۆکاکی دەرەوەی کوردستانن کە باشتر پرسەکانی کورد بۆ ناوەند دەگوازنەوە و، ئەو ژمارەیە زۆرەی خوێندکاری زانکۆ ڕاستی گرینگی ئەو ناوەندە زیادتریش دەردەخات.

ئەوەی تا ئێستا دەبینین چالاکییەکانی نێوخۆی زانکۆکان کە زۆرتر لە زانکۆکاندا ماوەتەوە زۆر و کاریگەرن، بەڵام بەباشی بۆ شەقامەکان نەگوازراونەتەوە و، دەبێ کار بۆ ئەوەی بکرێت ئەو چالاکییانە بگوازرێنەوە بۆ سەر شەقام. گواستنەوەی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

چالاکییەکانی نێوخۆی زانکۆ بە پلەی یەکەم دەبێتە هۆی پاراستنی زیاتری گیانی خوێندکاران، چونکە لەنێو زانکۆ گەمارۆ دەدرێن و باشتر دەبنە ئامانجی هێزەکانی ڕێژیم و ئەو بابەتەش زیانی گیانیی زیاتری لێ دەکەوێتەوە.

لە لایەکی دیکەوە گواستنەوەی ئەو چالاکییانە بۆ سەر شەقام وێڕای پاراستنی گیانی خوێندکاران دەبێتە هۆی بەرفراوانبوونەوەی خۆپێشاندەران و کاریگەریی زۆرتر، بەتایبەتی کە خوێندکاران لە هەموو بوارێکەوە دەتوانن لەگەڵ خەڵک ئەو خۆپێشاندانانە بەڕێوە ببەن. بۆیە پێموایە لە ڕۆژانی داهاتوودا بەکردەوە پەیوەستبوونی زانکۆ و شەقام زیادتریش دەبینین. ئەو بابەتە زیادتر بۆ قوناغی ئێستایە بەڵام لە داهاتووی سەرکەوتنی شۆڕش و بە تایبەتی لە ئازادیدا دەبێ ئەو بزووتنەوە ڕۆڵی جیدی بگێڕێ بۆ ئەوەی دوای سەرکەوتنی شۆڕش شۆڕش بەرەو ئاراستەیەک نەبردرێ کە مێژوو دوبارەببێتەوە. هەر بۆیەش کارکردن لە سەر ئەو بزوتنەوەیە بە دەرفەتێک بۆ شۆڕش و دوای شۆڕش هەژمار دەکرێت و پێویستە ئەو دەرفەتە کەڵکی لێ وەربگیرێ.

---

## "با" و "ئانارشیسم"



**لینا ستێفانوو/ و: عەلی فەتحی**

**ژنان قژیان پەخشان دەکەن**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

تا بەدەم ڕۆیشتن با لێی دا

دەیلەرێننەوە

دەیلاوێننەوە

ئەوان قژی ڕەشی پڕیان

ڕێک و شانەکراوە

تا شێوەی قژی سوورپێستەکان بدا

یا وەکوو هی هیندییەکانی لێ بێ

هەروەها چەشنی قژی چینییەکانی سەردەمی کۆن

بڕازێتەوە و

لە جۆری قژی داپیرە برازیلییەکان بچێ

قژی ئەوان هەرتەنیا پۆڕێ مووی ئاسایی نییە

کە بە ڕووناکیی مانگ بدرەوشێتەوە

بەرهەمی ئێوەندە جوانکارییەکانیش نییە،

بەڵکوو میراتێکی نهێنییە

قژی ئەوان هێلانەیەکە بۆ باڵندەکان

پەرتووکخانەیەکی جادووییە

کە حەز دەکا شنەی "با" بەهەڵکەوت لاپەڕەکانی هەڵداتەوە.

مانگێکی وردیلە،

لەنێو قژی ئەواندا خۆی حەشار داوە

"دالیدا "، شاجوانی میسری

دەرکەوت جوانییەکەی چیرۆکێکی دەستکردە

ڕوخساری کیژۆڵەکانی ئێستا بەڵام،

ڕاستەکین،

خودایەکی سەردەمی باستان

ئەژدادی ئەو ڕوخسارانەیە

ئاخووندەکان چیرۆکی ئەو کیژۆڵانەیان بەراوەژوو کرد



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بۆوەی ڕاستییەکان وەشێرن
قژی ئەو خاتوونانە وەختی هەنگاونان
لە هەوادا دەلەرێنەوە،
نهێنیی یەکگرتوویی و خوشک و برایەتییان
لە هەناویاندا پاراستووە

کە خەنجەرێ خۆی دەخزێنێتە نێو تاریکی بێهوودەیی
قژی ئەو خاتوونانە بەهێزتر و خێراتر لە ئەسپەکان
چیرۆکی ئەفسانەیی یەکگرتوویی دەهۆننەوە
لە چارەنووسی "وەشتی " ژنی خەشایارشای یەکەمەوە
هەتا دەگاتە مەهسا (ژینا)ی ئەمینی،
مێژوو فەرامۆشیان ناکا
خۆی ڕاستیی بەسەرهاتی ئەوان وردورد دەچنێ و
لە داو و تەون ڕزگاریان دەکا و
بە سوێندی بێدەنگی دیسان دەیانلێتەوە.
ئەگەر تۆش لەو ڕاستییانە ورد بیەوە
بۆت دەردەکەوێ ئەوانەی کوورِ بوونەتەوە و
بە خەنجەرێ دوای قوربانییەکان کەوتوون
زۆربەیان ڕدێنتاشراون
گەلێک جاریش سەرتاسن
ڕەنگە خاوەن ڕیش و پەشمیش بن.
دیارە ئەگەر سەرتاسیش نەبن
ئەوەندە بە ترسەوە دەژین
ڕۆژێ لە ڕۆژان قژیان بە سەرەوە نامێنێ و
شێت دەبن لە ترسی ئەو جینایەتانەی کردوویانە
بۆ خاتری چەند تاڵە موویەک.
ئەوانە لەبەر ئەوەی ژنان بەبەردەمیاندا ڕادەبرن و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

گرینگیان پێنادەن،

دەیانکوژن.

(پێشکەش بە مەهسا (ژینا) ئەمینی و ژنانی ئێران و هەموو جیهان)
چل ڕۆژ بەسەر کوژرانی مەهسا ئەمینی ٢٢ ساڵەدا تێپەڕی. ئەو خاتوونە بەدەست گەشتی ئیرشادی ئێران کوژرا، چونکە بەڕادەی "پێویست" بە حیجاب قژەکانی دانەپۆشیبوو. مەنجەڵەکە هەروا لە کوڵە (دۆخەکە هەروا شێواوە.)

تێبینی:

A ئانارخیا (ئانارشیزم) ئامانجی پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکە تێیدا کەسەکان بە شێوەیەکی ئازادانە و یەکسان هاوکاری یەکتر دەکەن. ئانارشیزم دژ بە هەموو جۆرە سیستەمێکی قوچکەیی کۆنترۆڵە، چ لەلایەن دەوڵەتەوە بێت، چ لە لایەن سەرمایەدارەکانەوە.

B وەشتی، ژنی خەشایارشای یەکەم. خەشایاری هیخامەنیشی لە جێژندا داوای نیوەڕووتبوون لە شاژن، واتە لە "وەشتی" دەکا. بەڵام شاژن بەرهەڵستیی مێردەکەی دەکا و هەربۆیە پاشا لێی جیا دەبێتەوە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## ڕۆژنامەی "کوردستان"، ژمارە ٨٢٥




دووشەممە ٣٠ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٢١ی نۆڤەمبەی ٢٠٢٢ی زایینی

---

## هێزی گەل



ناسر باباخانی

خێرایی ڕووداوەکان و ئاڵوگۆڕەکانی شۆڕشی ژینا ئەوەندە زۆر و فرەڕەهەند و خاوەنی لایەنی جۆراوجۆرە کە شرۆڤەی سیاسی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

فریای لێکدانەوەیان ناکەوێ، لەبەر ئەوە کە ئەم شۆڕشە بەردەوام لە دەروونی خۆیدا خەریکی زاوزێیە و دواتر پەلکێشی و پەلهاوێژی بۆ سەرانسەری ئێران و تەنانەت دەرەوەی سنوورەکانی ئەم وڵاتە دەکات.

دیارە سەرەتای شۆڕشی ژینا بە قەتلێکی حکوومەتی، بە کوشتنی کیژە کوردێکی سەقزی دەستی پێ کرد. لایەنی تراژیکی کارەساتەکە لەوەدا بوو کە کچۆڵەیەکی بێتاوان، لە پێتەختی دوژمنەکەت دەکەوێتە بەر لێدان و ئەشکەنجە و لەوپەڕی بێکەسی و هەناسەساردیدا سەر دەنێتەوە. ئەمە سەرەکیترین هۆکار بوو بۆ سازبوونی شەپۆلی ڕق و تووڕەیی لە سەقز و دواتر سەرجەم شارەکانی کوردستان، واتە ئەمە جۆرێ لە "هەژانی ویژدانی گشتیی کۆمەڵگەی کوردی" بوو.

ڕێک لەم پنتەوە ئاماڵگوتارێک ساز دەبێ کە سەرەتا دەست پێدەکا بە زاوزێ و دواتر پەلکێشی کردن. ئەم زاوزێیە خۆی لە دروشمەکان و ئەکتە جۆربەجۆرەکان و مانیفێستەکانی دایک و باوکی شەهیدان لەسەر قەبران و چەمەر و چۆپی سەر گۆڕی گیانبەختکردووانـدا دەبینێتەوە و دواجار دروشمە سەرەکییەکەی و حەماسە و گیانبازی ئەفسانەئاسای گەنج و لاوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەلکێشی دەکا بۆ سەرانسەری ئێران.

سووکەلەنگەرێک لەسەر قسەکان و ئەکتەکان، بێ هیچ شک و گومانێک ئێلێمانەکانی ناسیۆنالیزمی کوردیمان بەڕاشکاوی نیشان دەدەن و خاڵی سەرسوڕهێنەر کاتێ خویا دەبێ کە سەرەڕای نیزیک بە سێ دەیە بۆشایی هێزە سیاسییەکان لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، جیلێک پڕ بە شەقامەکانی ڕۆژهەڵات هاواری ڕێبەرێکی شەهید وەک دوکتور قاسملوو دەکا کە تەمەنی زۆریان، زۆر کەمترە لە ساڵانی پاش شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو! ئەمە سەلمێنەری ئەم ڕاستییەیە کە خەڵکی کوردستان بە حوکمی مێژووی خەباتیان، هەم لەباری فکرییەوە هەم لەباری ڕێکخراوەییەوە زۆر لە نەتەوەکانی تری ئێران لە پێشترن. دروشمی جەماوەر کە خۆیان بە ڕۆڵەی پێشەوا قازی و درێژەدەری ڕێگای قاسملوو دادەنێن هەمان ڕەهەندە فکرییەکەیە و وڵامی ئەرێنی گەلی کورد بۆ بانگەوازی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بۆ مانگرتن و خۆپیشاندان هەمان باری پەیوەندی ڕێکخراوەیی خەڵک و حیزبەکانە. کرانەوەی کەوانەیەک لێرەدا زۆر پێویستە، کە ناوی پێشەوا و دوکتور قاسملووم هێناوە، دەگەڕێتەوە ڕادەی دووپاتە و چەندپاتەبوونی ناوی ئەم ڕێبەرە کاریزمایانە لەسەر شەقامەکان، دیارە نەک وەک سکرتێری حیزبی بەڵکوو وەک ڕێبەری نەتەوەیی.

دروشمی سەرەکیی شۆڕشی ژینا واتە ژن، ژیان، ئازادی لە ڕاستیدا سلۆگنی شۆڕشە کە دواجار خۆی لە سەرانسەری ئێران و هەروەها تەواوی دنیادا دەبینێتەوە. هەر سێ وشەکەشی ڕەگەزی مێینەیان هەیە و ئەمە لە ئەدەب و فۆلکلۆری کوردیشدا بوونی هەیە. تەنانەت وشەی ئازادی لە ئەدەبی کوردیدا "مؤنث مجازی"یە کە وەک بووک ئاماژەی پێ دراوە: بووکی ئازادی.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

واتە شۆڕشەکە هەم بیانووی دەسپێکەکەی، هەم دروشمە سەرەکییەکەی و هەم دەورگێڕە سەرەکییەی واتە ژن بە کەرێشکەی کەزیەکانی، تایبەتمەندییەکی بێوێنەی پێ بەخشیوە و کردوویەتی بە یەکەم شۆڕشی ژنانە لە جیهاندا. کەوابوو ئەم شۆڕشە بێ هیچ لە ڕوودامانێک، شۆڕشێکی ژنانەی کوردانەیە!

بۆ گرێدانی پیاوانی کورد و پاڵپشتییان لەم شۆڕشە، دیسان ئاوڕدانەوە بۆ سەر دروشمەکانی سەر شەقام و هەروەها ئەکتی قارەمانانەی کوڕان و پیاوانی ڕۆژهەڵات پێویستە. دروشمەکانی تری سەر شەقام زۆربەیان ڕیشەیان لە خەباتی ساڵانی پێشووی گەلی کورددا هەیە و بەنیسبەت شوێنەکانی تری ئێران -سەرەڕای ویستی هاوبەش- نێوەرۆکێکی جیاوازتریان هەیە وەک خواست و ویستە نەتەوەییەکان. دیارە بەپێی هەلومەرج و دۆخی نوێی شۆڕش دروشمی نوێش لەدایک دەبن کە هەندێ جار قاوغی سێکسییان هەیە بەڵام لە ڕاستیدا ماکەی سەرەکیی پەیامەکەیان سیلەگرتنە لە دەسەڵات.

بێگومان هەموو بزووتنەوەیەک و تەنانەت هەموو وردەبزووتنەوەیەک هەڵگری گوتاری تایبەت بە خۆیەتی، خاوەنی دروشمی ستراتیژیکە و دەکرێ کلیلوشەکانیشی لێهەڵێنجین، شۆڕشی ژینا بەتەواوی ئەم پتانسییەل و توانایییەی باسمان کردن، هەیەتی.

لەم شۆڕشەدا خەڵک لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات و هێزە سیاسییەکانی کوردستان، ژیرانەترین هەڵسوکەوتیان لەگەڵ پلان و پیلانی کۆماری ئیسلامی نواند. کۆماری ئیسلامی بە عالەم ئاشکرا شەڕی پێ فرۆشتن، بەڵام ئەوان نەکەوتنە داوی شەڕێکی بێئاکام کە کۆماری ئیسلامی دەیویست تێوەیان گلێنێ. لە ڕاستیدا بەپێچەوانەوە، لەم سێناریۆ سواوەدا کورد بوو بە براوەی سەرەکی و هاوسۆزی گەلانی تریشی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. لە ماوەی دوو مانگدا بە دانی تێچوویەکی بەرچاو و بەرگرییەکی ئەفسانەیی، کوردستان بوتە دڵ و مێشکی شۆڕشێک کە هەر خۆشی خاوەنی بوو، بەڵام دواتر ئەم شۆڕشە خۆی گەیاندە تەواوی ئێران و لەوێشەوە بۆ سەرانسەری جیهان، دیارە لە هەندێ شوێن بەخەستی و لە هەندێ شوێن کاڵتر.

کوردستان توانایی و پتانسییەلی ئەوەی هەیە کە ببێتە نموونەیەک بۆ سەرانسەری ئێران بۆ درێژەپێدانی نافەرمانیی مەدەنی و خەبات و خۆڕاگریی مەدەنی و لە ڕێگای ئەزموونەکان و تواناییە فکرییەکانی شۆڕشی ژینا هەناردەی تەواوی ئێران بکا. قورسایی و سەنگی کوردستان تەنانەت هەر لەنێو ئێراندا قەتیس نەماوەتەوە و لە دەرەوەی سنوورەکانی ئەم وڵاتە لە وڵاتانی ئورووپایی و ئەمریکا وەباڵ بۆ پێشەنگی کوردستان دەکێشرێ. کەوابوو ئەگەر چارەنووسی کورد لانیکەم لەم سەردەمەدا بە چارەنووسی ئێرانەوە گرێ دراوە، ئەگەر کورد زیاترین تێچووی لەم ماوەیەدا داوە، دەبێ دەوری ڕێبەری یان شوێندانەری لە ئاستی ئێرانی بۆ دیاری بکرێ. تەنانەت دەبێ کورد ئەم متمانەبەخۆییەی هەبێ کە دەوری کۆکردنەوەی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئۆپۆزیسیۆنی جیددی لە دەرەوەی ولات بگیرێ. کورد خاوەنی بەهێزترین کارتە، کە هیچ لایەنێکی تر نییەتی ئەویش هێزی گەلە!

دەبێ سەرجەم خەڵکی ئێران لەوە تێ بگەن بێتوو کوردستان پاشگەز بێتەوە، ئەم شۆڕشە بەتەواوی لە کزێ دەدا و دواجار تێدادەچێ، خەڵکی ئێران لە نێوخۆ و سەرکردەکانی ئۆپۆزیسیۆنی جیددی ئێرانی بەباشی ئەمە دەزانن، بۆیە پێوستە کورد کە خۆی خاوەنی ئەم شۆڕشە و دەسپێشخەرەکەی بووە، دەوری ئێستای و ڕۆڵی لە داهاتووی پاش کۆماری ئیسلامیدا بەوردی دەسنیشان بکرێ. بەڵام بەر لەوە، کورد دەبێ خەڵکی ئێران لەوە تێ بگەیەنێ کە نابێ و ناکرێ باری ئەم شۆڕشە بەتەنیا لەسەر شانەکانی گەلی کورد بێ و دەبێ هەموو گەلانی ئێران شانی وەبەردەن، ئەگەر خوازیاری قوتار بوون لە چنگ مۆتەکەی کۆماری ئیسلامین.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# مستەفا مەولوودی: کۆماری ئیسلامی حیزبی دێموکرات بە سەری مارەکە دەزانێت



**هەڤپەیڤین: عەلی بداغی**

**ئاماژە: دوای دەسپێکی ڕاپەڕینی ژینا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دووجار مووشەکباران کرا و هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ئەم حیزبە هەروا درێژەی هەیە. ڕۆڵی حیزبی دێموکرات و سەنگ و قورسایی حیزب لەو ڕاپەڕینە، کارکردی هێز و لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن، هۆکاری سەرەکیی سەرکوتی خوێناویی خەڵکی کوردستان و پلان و بەرنامەی حیزبی دێموکرات و ناوەندی هاوکاری بۆ داهاتووی ڕاپەڕینەکە چەند تەوەری سەرەکیی وتووێژێکە کە "کوردستان" لەگەڵ کاک مستەفا مەولوودی، بەرپرسی ناوەندی ئیداریی حیزبی دێموکرات پێکی هێناوە.**

**عەلی بداغی: کاک مستەفا لە ماوەی دوو مانگدا حیزبی دێموکرات دوو جار مووشەکباران کرا؟ بۆ؟**

**مستەفا مەولوودی:** ڕوونە، کۆماری ئیسلامی دوژمنایەتیی لە ئاشتینەهاتووی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەیە. تەنانەت ئەو کاتانەش بە ڕواڵەت باسی لە چارەسەری پرسی کورد کردووە، ئەویش هەر پیلان بووە بۆ زەربەلێدان لە حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران، نموونەکەشی تێرۆری دوکتور قاسملوو کە لەسەر مێزی بەڕواڵەت وتووێژدا لە بزووتنەوەی کوردیان ستاند. هۆکارەکەشی ڕوونە. ڕوانگەی کۆماری ئیسلامی بە نیسبەت مافی مرۆڤ و



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

مافی پێکهاتە و نەتەوە جۆراوجۆرەکان و جۆری حکومەتداری لە وڵات لەگەڵ بیرکردنەوەی حیزبی دێموکرات بۆ بابەتەکان زۆر جیاوازە و لە بنەڕەتڕا لێک دوورن.

لە ماوەی ئەو ٤٣ ساڵەشدا حیزبی دێموکرات بە گرتنەبەری هەموو شێوازێکی خەبات بەدژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تێکۆشاوە و خەڵکی کوردستانیش پشتگیری سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتیان کردووە. سیاسەتی حیزبی دێموکراتیش لەبەر ئەوەی لەسەر ئەساسی واقعبینی لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ دامەزراوە، لە ئێستادا سنووری کوردستانی تێپەڕاندووە و، بەردەنگی باشی لە ئێرانیشدا هەیە؛ بۆیە کۆماری ئیسلامی لەو ٤٣ ساڵەدا قەت لە زەربەلێدان لە حیزب خافڵ نەبووە. ئەوەش کە بە ماوەی کەمتر لە دوو مانگ دوو جار بە هاژەک و دڕۆن هێرشی کردووەتە سەر حیزب و لە هەڕەشەکانیشی بەردەوامە، لەو چوارچێوەیەدا جێ دەگرێت

**عەلی بداغی**: مووشەک بارانی بنکە و بارەگاکانی حیزب چ پێوەندی و گرێدراوییەکی بە ڕاپەڕینەکەی نێوخۆی وڵاتەوە هەیە؟

**مستەفا مەولوودی**: سیاسەت و دروشمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێی لەسەر عەرزی واقیعە و خەیاڵ نییە. خەباتی حیزبی دێموکرات بۆ ئەوەیە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بڕووخێ و لەجێگای ئەو حکوومەتی دێموکراتیک و وەڵامدەر لە ئێران بێتە سەرکار و خەڵکی کوردستان لە چوارچێوەی ئەو حکوومەتە دێموکراتیکەدا مافی سیاسی و نەتەوایەتییەکانیان دەستەبەر بن. دروشمەکانی ئێستا لە خرۆشانی خەڵکی کوردستان ڕێک تەعبیر لەو سیاسەتە دەکەن و ڕوونە کە حیزبی دێموکراتیش لە وەڕێکەوتنی ئەو خرۆشانەدا کە بە کوژرانی ژینا ئەمینی دەستی پێ کردووە، ڕۆڵی دیار و بەرچاوی هەبووە. ویستی خەڵکی کوردستان و سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتیش شتێک نین کە بتوانین لێکیان جیا بکەینەوە. کۆماری ئیسلامییش ئەوە باش دەزانێ و کورد گوتەنی ئەم حیزبە بە سەری مارەکە و بە هۆکاری خرۆشانی شەقام دەزانێ، بۆیە پەیتا پەیتا هێرش دەکاتە سەر حیزبی دێموکرات.

**عەلی بداغی**: کارکردی هێز و لایەنە سیاسییەکان لەم ڕاپەڕینەدا لە ئاستی کوردستان و لە سەر ئاستی سەرانسەریدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**مستەفا مەولوودی**: لایەن و هێزە سیاسییەکان لە کوردستان مێژوو و ئەزموونی خەباتیان زۆرە. هەروەک باسمان کرد لە ماوەی ٤٣ ساڵ خەبات لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا بەداییم پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ خەڵکی وڵات هەبووە و بە هیچ



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

جۆرێک نامۆ و نائاشنا بە ویستی خەڵکی کوردستان نین، هەربۆیە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر ڕووداوەکانی کوردستان هەیە و دروشمەکانیان ئێستا لەسەر شەقامەکان لەسەر زار و زمانی خەڵک ڕێک ئەو بابەتە دەسەلمێنن. بە ڕوونی لە وەڵامی پرسیارەکەتدا حیزبەکان بە تایبەت ناوەندی هاوکاری لە سیاسەت، هەڵوێستگرتن، ئاراستەکردن و پشتگیریکردنی بەربەرینی خەڵکی ئێران و کوردستان باشی کار کردووە. هەڵوێست و سیاسەتەکەی جێگای پەسەند بووە کە خۆی لە پەیامی یەکیەتی و خەباتی جەماوەری و ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا دۆزیوەتەوە. ئەوە تا ئێرە موسبەت و باش بووە، بەڵام ئەگەر بە ستراتیژی نەک بە تاکتیکی سەیری کار و تێکۆشان و سیاسەتی حیزبەکان بکەین بە ئەندازەی ئەرکی سەر شانیان و چاوەڕوانی خەڵک وڵامدەر نەبوون، هۆکارەکەشی ئەمانەن: یەکەم، بە شێوەی پێویست لە ئاستی سەرێدا یەک گوتار نەبوون. دووهەم، ئەو کۆدەنگییە کە پێویستە زۆربەی حیزبەکان لە دەوری یەک ئامانجی سیاسی و نەتەوەیی لە دەوری یەک کۆ بکاتەوە پێی نەگەیشتوون کە پێکهێنانی بەرەیەکی دێموکراتیکی فرەچەشن یەکەم ئامانجە. سێهەم، لەسەر بەرنامەیەکی ڕوون بۆ تێپەڕبوون لە کۆماری ئیسلامی و دەورانی تێپەڕ ساغ نەبوونەتەوە. چوارەم، هەرچەندە هەموو حیزبەکان درووشم و ئامانجی تایبەت بە خۆیانیان هەیە، بەڵام ئەوە کە چۆن لەگەڵ سیستەمی داهاتووی ئێران کار دەکەن و چییان بۆ داهاتووی کوردستان دەوێ، بەرچاوڕوونیمان نییە. ئەمانەش کەمایەسین و پێویستە بەزوویی چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە.

**عەلی بداغی:** پێتان وایە ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی توانیویەتی لەسەر قەرار و بڕیاری وڵاتانی شوێندانەر لەسەر ئێستا و داهاتووی ئێران کارتێکەریی هەبێت؟

**مستەفا مەولوودی:** ڕێزم بۆ تاکی کەسایەتییە سیاسی و حیزب و ڕێکخراوەکانی سەرانسەری ئێران هەیە و هەرکام بە پێی سەنگ و قورسایی خۆیان حاشا لە خەبات و تێکۆشان و کاریگەری و شوێندانەرییان ناکرێ. بەڵام ئەوەی لە ئێستادا لە هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و ناوەندەکانی بڕیار لە وڵاتاندا دەبینین، پتر پێوەندیی بەو دۆخەی ئێستای وڵات، خەباتی شێلگیرانە و مافخوازنەی خەڵک بە هەموو چین و توێژەکان ئازایەتی و لەمەیداندابوونی خەڵک و سیاسەتی ڕێژیم ڕەفتار و کاردانەوەیان لەهەمبەر ناڕەزایەتییەکانی خەڵکە. ئەگەر ئەوە نەبا دەوڵەتان بەم جۆرە نەدەهاتنە سەر خەت و ئاوا بیریان لە هەڵسەکەوتی جیاوازتر لە جاران لەگەڵ ڕێژیمی ئێران نەدەکردەوە.

کەمایەسییەکی دیکە لەو ڕاپەڕینەدا نەبوونی ئۆپۆزیسیۆنی یەکگرتوو دژی کۆماری ئیسلامییە. ئەمن پێموایە ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری - جیا لە لایەنی کوردی - ئێستا لەو ئاستەدا نییە بتوانێ هەڵگری پەیامەکان شەقام و ڕاپەڕینەکە بێت. ئەمن ناڵێم هیوام بە ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوە نییە، بەڵام بڕوام وایە ڕێبەرانی سیاسی چ لە ئێستای ڕاپەڕین و دواتریش لە هەناوی ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییە و لەنێو کچان و کوڕانی ئازای شەقام و زانکۆکاندا دروست دەبێت.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**عەلی بداغی**: بەو پێیە ئەو ئەرک و بەرپرسایەتییانەی لە ئێستادا دەکەوێتە سەرشای ئۆپۆزیسیۆن چین؟

**مستەفا مەولوودی**: ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی پێویست بوو زۆر پێشتر بیری لە پەرشوبلاویی خۆی کردباوە و بەو ئەنجامە گەیشتبێت کە ڕێبەریی کۆمەڵگەی ئێران و بزووتنەوەی گەورەی سەرانسەری بەدژی کۆماری ئیسلامی بەو پەرتەوازەیی و خۆبەتەوەرزانینی تاک، حیزب و لایەنەکان ناکرێ و ئەوە ئێستا بەتەواوی دەرکەوتووە. بۆیە لە ئێستای بزووتنەوەدا ڕاستی چاوەکان زۆرتر لەسەر شەقامی ئێران و ئەو کچ و کوڕانەیە کە ڕاپەڕینەکە بەڕێوە دەبەن. ئەگەر ئۆپۆزیسیۆن بیهەوێ نەخشی کاریگەر و شوێندانەریشی هەبێ، پێویستە ڕاستیەکانی کۆمەڵگەی ئێران چۆنە ئاوای ببینێ و خوێندنەوەی واقعبینانەی لە پرس و کێشەکانی ئێران هەبێت. نیزامی داهاتووی ئێران ناکرێ و ناشتوانێ ناوەندگەرا بێت و ئاواش نییە بچێتە ژێر رکێفی بڕیاری ئۆپۆزیسیۆنی تاراوگەنشین. خۆ بێتوو گۆڕانکارییش لە بۆچوونەکانیاندا پێک نەهێنن، ناتوانن ڕۆڵ و نەخشێکی ئەوتۆیان لە داهاتووی ئەو وڵاتەدا هەبێت.

**عەلی بداغی**: ئەدی سەنگی کورد لەو ڕاپەڕینەدا چەند بووە و کورد چۆن دەتوانێ قورسایی خۆی لە هاوکێشەکانی داهاتووی ئێراندا بپارێزێت؟

**مستەفا مەولوودی**: سەنگی کورد لەو ڕاپەڕینەدا دیار و بەرچاو بووە و ئەوە لەکەس شاراوە نییە و دروشمەکانی وەک "کوردستان چشم و چراغ ایران" ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن. ئەوەش سروشتییە، لەبەر ئەوەی خەڵکی کوردستان ٤٣ ساڵە بێ پسانەوە، بە هەموو شێوەکان و لە هەموو ڕەهەندەکاندا دژی کۆماری ئیسلامی لە سەنگەری خەباتدایە. خەباتی سیاسی، پێشمەرگانە، جەماوەری، مەدەنی، ڕێکخراوەیی و کولتووری ئەویش بە بەشداریی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری و لەو ڕێگەیەشدا قوربانی زۆر و بەنرخیشی داوە. کوردستان هێزی سیاسیی بەئەزموون و خاوەنفکر و پێشەنگی تێدا هەڵکەوتووە. بۆیە بزووتنەوەی سیاسیی کورد دەتوانێ بۆ داهاتووی ئێران و لە پێناو بنیاتنانەوەی دێموکراتیکی ئەو وڵاتەدا سەرمایە و دەرفەتێکی بەنرخ بێت. بۆیە ئەو سەنگ و قورساییەی کوردستان ئێستا بەتەواوی هەستی پێ دەکرێ و وای دەبینم خەڵکی ئێرانیش هەستیان بەو نەخش و دەور و کاریگەرییە کردووە و بەوەیان زانیوە کە ئێرانی داهاتوو بێ لەبەرچاوگرتنی خەباتی خەڵکی کوردستان و دابینبوونی مافە سیاسی، نەتەوەیی و مەدەنییەکانی کورد، ئێرانێکی دێموکراتیک چێ نابێت.

**عەلی بداغی**: کاک مستەفا سەرکوت و کوشتوبڕەکان لە کوردستان لەچاو ناوچەکانی دیکە زیاتر بوون، بۆ؟



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**مستەفا مەولوودی**: ئاشکرایە کە دوژمن بۆ چاوترسێنکردنی خەڵکی کوردستان ئاوا بێباکانە خوێنی لاوانی کورد دەڕێژێ هەتا بەشکم لەو ڕێگایەوە کورد لە خواستەکانی خۆیان پەژیوان بکەنەوە. ئەوە بە درێژایی مێژوو و لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتییش لە ئارادا بووە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییش لە سەرەتای هاتنەسەرکاریەوە ئەوە کار و کردەوە و سیاسەتی بووە و چاوترسێنکردن و پاشگەزکردنەوەی خەڵکی کورد لە خەبات و خواستە ڕەواکانی هەمیشە ئامانجی سەرەکیی ڕێژیم بووە. بەڵام وەک دەبینین ئەو خەڵکە هەر لە مەیداندایە و لەسەر ویست و داخوازیی ڕەوای خۆی هەر سوورە. ئەمە لە یەک شوێن و هەر لەنێو حیزبەکاندا نییە، بەڵکوو لە نێو هەموو چین و توێژەکان و شار و گوندەکان دەبینی. بۆیە لە ڕاپەڕینی ئەمجارەشدا کورد لە سەرکوتی خوێناوی و زەبروزەنگی سیستماتیک بەشی شێری بەرکەوتووە، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا بەڵام خەڵک بە ئازایەتیی خۆیان لە مەیداندا ماوەتەوە و دڵنیام کۆڵیش نادەن.

**عەلی بداغی**: پلان و بەرنامەکانی ناوەندی هاوکاری و حیزبەکانی دیکە بۆ ئێستا و داهاتووی ئەو ڕاپەڕینە چین؟

**مستەفا مەولوودی**: پلان و سیاسەتی ناوەندی هاوکاری و بە ڕوونیش حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران کارکردنە بۆ تۆکمەترکردنی ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییە. بۆ ئەوەش پێویستە نەخش و دەوری کچان و کوڕانی کوردستان، خەڵکی ڕاپەڕیو بەتەواوەتی لەبەرچاو بگرین. بەرنامەی ناوەند ئەوەیە بەوەخت و بە بەرنامەتر لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکان بچێتە پێشێ و بیر لە بەربەرینترکردنەوەی خۆی دەکاتەوە و لەگەڵ خەڵکی ڕاپەڕیوی ڕۆژهەڵات بە شێوەیەکی زیندوو و بەردەوام لە پەیوەندیدایە. چونکی دەبێ بەرنامە و پرۆژەی ڕوونی بۆ شوێندانەریی زیاتر لە ڕاپەڕینەکەی ئێستا و بۆ دوارۆژیش هەبێت. بۆ ئەوەش دەبێ پەیوەندی دیپلۆماسیی خۆی بەهێزتر بکا و لەگەڵ کۆڕوکۆمەڵی نێونەتەوەیی و دەوڵەتان لە پەیوەندیدا بێت. لە داهاتووی ئێران و لە چوارچێوەی نیزامی سیاسیی داهاتوودا پێوشوێنی خواستەکانی خەڵکی کورد بگرێ و بارتەقای بەشداری خەڵکی کوردستان لە خەبات بۆ ڕووخانی ڕێژیمی ئێران و هێنانەسەرکاری ڕێژیمێکی دێموکڕاتیک، هەوڵ بۆ دابینبوونی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان بدات.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# عەلی عەونی؛ ئێران بیانوومان پێ دەگرێ و دەیەوێ کێشە نێوخۆییەکانی بە ئەستۆی ئێمە دابێنێ



**ڕۆژنامەی کوردستان**

ڕۆژی دووشەممە، ٢٣ی خەزەڵوەر سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی جارێکی دیکە بە مووشەک و درۆن هێرشی کردەوە سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان. ئەو هێرش و پەلامارە مووشەکییە شەهیدبوونی دوو پێشمەرگە و برینداربوونی کۆمەڵە پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لێ کەوتەوە. کاردانەوەکان بە بەردەوامیی هێرشە مووشەکییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر هەرێمی کوردستان زۆر و جۆراوجۆرن. نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند هیچ بیانوویەک بۆ مووشەکبارانکردنی هەرێمی کوردستان نابینین. مەسروور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش هێرشەکانی سپای پاسدارانی ڕێژیمی ئێرانی بە پێشێلکردنی سەروەریی خاکی هەرێمی کوردستان و عێراق ناو برد.

هەر لە درێژەی ئەو هەڵوێستانەدا "عەلی عەونی"، ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی دێموکراتی کوردستان لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی "کوردستان "ڕایگەیاند کە ئێران لەبری هێرش بۆ سەر خاکی دراوسێیەکانی باشتر وایە کێشە نێوخۆییەکانی خۆی چارەسەر بکات.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

عەلی عەونی لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە بۆچی کۆماری ئیسالمی ئاوا بەئاسانی دەتوانێ سنوورەکانی عیراق و هەرێمی کوردستان ببەزێنێ و لە هێرش و هەڕەشەکانی بەردەوام بێت، گوتی: بەداخەوە کۆماری ئیسلامیی ئێران ماوەیەکە بیانوو بە هەرێمی کوردستان دەگرێ و ئەو کێشانەی کە لەنێو خودی ئێراندا هەیە، دەیانەوێ بیخەنە ئەستۆی دەورووبەر.

ئێمە هەمیشە لە هەرێمی کوردستان بڕوامان وابووە کە دەبێ ڕێزی دراوسێیەتی بگرین و هەرگیز لە هەرێمی کوردستانڕا هیچ مەترسییەک ئاراستەی والاتانی دەورووبە نەکراوە. وڵاتانی دەورووبەریش کارێکی هەڵە دەکەن و ئەوە کارێکی خراپ و قێزەونە کە دەیانەوێ کێشە نێوخۆییەکانی خۆیان هەناردەی دەرەوە بکەن و بە خولقاندنی کێشە لە دەرەوەی وڵات، کێشە نێوخۆییەکانی خۆیان پووشبەسەر بکەن.

لە ماوەی ئەو سی ساڵەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەرگیز ئێمە دەستپێشخەر نەبووین یا ئەسڵەن نییەتی ئەوەمان نەبووە کێشەیەک بۆ وڵاتانی دەورووبەر دروست بکەین. بەداخەوە لە بۆردوومانی خانووی شێخباز خۆشیان پێکەنینیان بە بروبیانوویان دەهات کە گوایە لە بنکەیەکی ئیسرائیلمان داوە. ئێوە لە جۆولان جیرانی ئیسرائیلن، هەر لەوێ لێی بدەن بۆ ڕێگای نزدیک دوور دەکەن. ئەمە ڕاست نییە و ئەوەی کە لەو ماوەیەدا دوو جاریان لە قەڵای دێموکرات و بارەگاکانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانیان دا، لە حەقیقەتدا ئەو بارەگانەیانە بارەگای مەدەنی و شوێنی ژیانی ژن و منداڵن و هەموومان دیمەنە ناخۆشەکانی ئەو مندااڵنانەمان بینیی کە هەڵاتبوون لە پەنا و پەساران، لەژێر شاخ و گاشەبەردان پەنایان گرتبوو لە ترسی بۆردوومانی کۆماری ئیسلامی.

ئێمە پێمان وایە ئەوە بە چارەسەرکردنی بنەڕەتیی کێشەکان، واتە بە دانیشتن لەگەڵ خاوەنی پرسەکان کە میللەتە، پرس و کێشەکانیان چارەسەر دەبن نە بە بۆردومانی ئەمال و ئەوال. هەروەها دەبوایە حکوومەتی عێراق ڕۆڵی خۆی ببینێت کە بەداخەوە حکوومەتی عێراق هەڵوێستی زۆر زۆر لاوازترە کە بەر سینگی بۆردوومانەکانی ئێران یا تورکیە بگرن و سنووریان بۆ دابنێن کە دەکرا حکوومەتی عێراق پەنا بباتە بەر ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و شورای ئەمنییەت و لەوێدا شکایەت بکات بۆوەی سنوورێک بۆ ئەم سنووربەزاندنانەی هەردوو دراوسێ زلحورتی زلهێز دابنرێت".

ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی دێموکراتی کوردستان لە وەڵامی کاریگەرییەکانی ئەو هێرش و سنووربەزاندنانەی کۆماری ئیسلامی لەسەر هاوپێوەندیی نەتەوەیی کورد لە باشوو و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها کارتێکەریی هەڕەشەکانی کۆماری ڕێژیمی ئێران لەسەر هەڵوێستی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی باشووری کوردستان گوتی: "ئێمە و خەڵکی باشووری و هەمووان دەزانین کە هەرێمی کوردستان هەمیشە هەڵوێستێکی نەرم و میانەڕەوانەی هەبووە لەگەڵ دەوردراوسێ. ئێمە ئاستی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هێز و توانای و پێگەی خۆمان دەزانین، بۆیەش بۆ ئێمە باش نییە کە ببینە سەرچاوەی مەترسی و هەڕەشە؛ بەڵام ئەوەیکە هەیە بیانوو پێگرتنەکانە و لەوەتای هەیە ئەوان هەر بیانوو بە ئێمە دەگرن. بە دڵنیاییەوە لە هەرێمی کوردستانەوە هیچ هەڕەشەیەک نەکراوەتە سەر ئەم وڵاتانە و بە پێچەوانەوە هەموو جۆرە هەڕەشە و مەترسییەک هەر لە ناردنی درۆن و مووشەک هەتا ناردنی ماددەی هۆشبەر و تەقەمەنی، هەتا دەگاتە ناردنی تێرۆریستان لەو وڵاتانەوە بەرەو کوردستان، هەتا بەزاندنی خاک و هەتا بۆردومانکردن ئەوە ئەوانن کە مەترسیی بۆ سەر هەرێمی کوردستانن. بۆیەش ئێمە ئەوەی لە باشووری کوردستان بە سەر ئێمە دێت و لە میللەتی ئێمە دەدا، حەقیقەتت دەوێ بەش بە حاڵی خۆم یادی بۆردوومانەکانی سەددام حوسین و بەعسمان دێنێتەوە بیر کە لە ئۆردووگاکانی زێوە و لە کەمپەکانی ماردین، مووش و دیاربەکر ژەهریان دەرخواردی پەنابەران و ئاوارەکانی کورد دەدا لەوێ، بەهەمان شێوەیە. ئەم وڵاتانە ئێمە تەنانەت ئەگەر دانیشین و هیچیش نەکەین، هیچ ئیددیعایەکیش نەکەین هەر مەحکوومین بە لەنێوچوون. ئەوان نایشارنەوە کە ناتوانن تەحەمولی هیچ جۆرە پێشکەوتن، گەشەسەندن و پێشوەچوونێک بۆ ئاستی ژیان و فەرهەنگ و کولتوور و سیاسەتی کورد لە کوردستان بکەن.

---



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# دیکتاتۆرەکان وەک یەک دەمرن




**برایم جەهانگیری**

ئەوەی ئێستا لە ئێران و لە کوردستانیش بە تایبەتی دەگوزەرێ ڕاپەڕینێکە کە لە شێوە و لە ڕوخساردا لەگەڵ زۆربەی ڕاپەڕینەکانی پێشە خۆی جودایە. ئەگەر سەیری شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی جیهان بکەین، یان ڕاپەڕێن و شۆڕشی جەماوەریی خەڵکی ئێران لە دژی حکوومەتی پاشایەتی وەبیر خۆمان بێنینەوە، دەبینین سەرەڕای هەندێ وێکچوون، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی جیاوازییەکی گەورەی لەگەڵ ئەو ڕاپەڕینەی ئێستا هەیە کە لەسەرانسەری ئێراندا ڕۆژێک خاو و ڕۆژێک ڕژد بەردەوامە.

شۆڕشی ژینا وێکچوونێکی زۆری دەگەڵ شۆڕشی ڕۆمانی دژی چاوشێسکۆ و حیزبی کۆمۆنیستی دەسەڵاتداری ئەو وڵاتە هەیە کە زیاتر لە ٤٠ساڵ وەک دۆڵپا لینگی بەسەر ملی خەڵکی ڕۆمانیدا شۆڕ کردبۆوە. لە ڕۆمانی چەخماغەی شۆڕشی دژی دیکتاتۆری لە شارێکی بچووکی سەر سنوور بە ناوی "تیمیشوارا" لێ درا ، ئەو شارە پێشتریش چەندین خۆپێشاندانی بچووکی دیکەی بە خۆیەوە دیبوو کە هەموو جارێ بەخێرایی سەرکوت دەکرا. لە حاڵێکدا لە ١٧ دیسامبری ساڵ ١٩٨٩ چاوشیسکۆ سەرۆکی ڕۆمانی لە ئێران و لەسەر گۆڕی خومەینی خەریکی دانانی دەستەگوڵ بوو، هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕۆمانی لە شاری "تیمیشوارا" هەر ئەو شارە بچووکەی سەر سنوور جارێکی دیکە تەقەیان لە خۆپێشاندەران کرد و زیاتر لە ٥٠



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کەسیان کوشت و نزیک ١٠٠ کەسیشیان بریندار کرد، لەو حاڵە دا نیکۆلای چاوشێسکۆ کاتێ لە تاران گەڕایەوە ڕێک وەک خامنەیی و ڕەئیسی خۆپێشاندەران و خەڵکی ناڕازیی وڵاتی بە بەکرێگیراو و فریوخواردووی بێگانە لەقەڵەم دا.

ڕۆژی ٢١ سێپتامبر تەنیا ٤ ڕۆژ دوای کوشتاری "تیمیشوارا" نیکۆلای چاوشێسکۆ لە بەرامبەر ١١٠ هەزار کەس لە مەیدانی ناوەندی بۆخارێست پێتەختی ڕۆمانی قسەی بۆ خەڵک دەکرد کە چی لە پڕ لەگەڵ دروشمی مەرگ بۆ دیکتاتۆر ڕووبەڕوو بۆوە، چاوشێسکۆ لەو ڕووداوە بەتەواوی شۆک ببوو، چەند ڕۆژ دواتر خەڵک هێرش بۆ سەر کۆشکی سەرۆککۆماریان دەست پێ کرد و چاوشیسکۆ بە هێلیکۆپتێر هەڵات و سوپای ڕۆمانییش کە تازە هەواڵی کوشتنی وەزیری بەرگریی ئەو وڵاتەیان بە تاوانی خەیانەت لەلایەن چاوشیسکۆوە بیستبوو، بۆئەوەی بەرگرییەکی ئەوتۆ بکەن کاردانەوەیان زیاتر هاوهەڵوێستی و هاوڕایی لەگەڵ خەڵک بوو. ئیتر هەر ئەوە بوو کە دوایی سپا چاوشێسکۆی گرت و خۆی و خێزانی لە ڕۆژی ٢٤ی دێسامبر، یانی ٣ ڕۆژ دوای دوایین وتاری سەرۆککۆمار، لە داگایەکی سەربازیدا مەحاکەمە و هەر هەمان ڕۆژیش گوللەباران کران و بەمجۆرە کۆتایی بە حکوومەتی ٤٢ ساڵەی یەکێک لە دڕندەترین دیکتاتۆرەکانی جیهان لە ئورووپا هات.

شۆڕشی ڕۆمانی بەرهەمی چەند مانگ شۆڕش و ناڕەزایەتی و سەرکوتی بێڕەحمانەی ناڕازیان لەلایەن حکوومەتی نیکۆلای چاوشێسکۆوە بوو کە وەک دوایین ڕێژیمی کۆمۆنیستی بە ئەندامی هاوپەیمانی وەرشەو دادەنرا. ئەو شۆڕشە لە شێوەی ڕەفتاری حکوومەتییەوە لەگەڵ خەڵک ڕاست هەمان هەڵسوکەوتی هەبوو کە ڕێژیمی تاران لە دژی ناڕازییان و خۆپێشاندەران وگەلانی ڕاپەڕیوی ئێران هەیەتی و، قسە و لێدوانی بەرپرسانی باڵا، خامنەیی و ڕەئیسی هەمان قسە ولێدوانی دیکتاتۆرەکەی ڕۆمانیمان بیر دەخەنەوە کە هەرگیز گوێی لە دەنگی خەڵکی ناڕازی نەگرت و ئەوانی تەنیا بە دەسکیسیی دوژمنان و دەستی دەرەکی ئەژمار کرد. ئیستاش هەمان شتە، ڕێبەرانی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکەی تاران هەر دێنە قسە ئەو ڕاپەڕینە بە گرێدراوی بێگانە و ڕۆژاوا لەقەڵەم دەدەن و لە باری هەڵسوکەوتیش ڕێک هەمان هەڵسوکەوتی دەسەڵاتبەدەستانی ڕۆمانییان لەگەڵ خەڵک هەیە.

ئەوانە ئەو وێکچوونانەن کە لەنێوان دوو حکوومەتی دیکتاتۆریی چاوشێسکۆی ڕۆمانیی ٤٢ ساڵ لەمەوبەر و دیکتاتۆرەکەی ئێستای جەماران هەیە و ئەو وێکچوونەیە کە لە نێوان شاری سەقزی چەخماغەی شۆڕشی ژینا و شاری "تیمیشوارا"ی ڕۆمانی، مەڵبەندی یەکەم سەرهەڵدانی دژی دیکتاتۆری ڕۆمانیدا هەیە. بەڵام جیاوازی لە جۆری سەرهەڵدانەکان و بەگ داهاتنەوەی دیکتاتۆرییش جێگای سەرنجن.

جیاوازیی ڕاپەڕینی ئێستای گەلانی ئێران کە لە کوردستان و لە شاری سەقزەوە چەخماغەکەی لێ درا لەگەڵ نەک ڕۆمانی،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەڵکوو لەگەڵ زۆربەی ڕاپەڕینەکانی پێش خۆی لەوەدایە کە ئەم ڕاپەڕینە بە پێچەوانەی ئەوانی پێش خۆی و بە پێچەوانەی ئەوەی ڕۆمانییش بە پێی بەرنامەی هیچ ڕێکخستنێکی نێوخۆیی دەستیان پێ نەکردووە و زیاتر خەڵک و بێزاریی خەڵک وای کرد کە وەک هەموو جارانی پێشتر بۆ دەربڕینی نارەزایەتی لەو ڕێژیمە بڕژێنە سەر شەقام. بەلام ئەو جارە چون نارەزایەتی لە ناخی خەڵکدا ئیتر پەنگی خواردبۆوە، تاران بە هانای سەقزەوە هات و لەوێڕا گەورە بۆوە و سەرتاسەری ئێرانی تەنی.

ئەوەی جێگەی نیگەرانی و لێ وردبوونەوەیە، نەبوونی ڕێکخستنێکی سیاسی و کۆمەڵایەتییە کە تا ئێستا بە شێوەیەکی ڕوون و دیار بەڕێوەبەر و ڕێنوێنی خۆپێشاندانی سەرتاسەری ناکا، نە وەک سەردەمی شا کە خومەینی وەک ڕێبەرێکی کاریزما فەرمانی دەردەکرد و هەموو حیزبەکان پشتیوانیی ئەو فەرمانەیان دەکرد و خەڵکیان بۆ مانگرتنی سەرتاسەری و خۆپێشاندانی جەماوەری هان دەدا، نە وەک شۆڕشی ڕۆمانی کە خاوەنی "بەرەی ڕزگاریی نیشتمانی" بوو و بەئاشکرا بەیاننامەیان دەردەکرد و دژایەتییان لەگەڵ چاوشێسکۆ وەک دیکتاتۆر دەردەبڕی و خاوەن ڕێکخستن بوون. ئەوە کەمایەسییەکی گەورەیە بۆ شۆڕش و ڕاپەڕینی گەلان، ئەگەرچی تا ئێرە خەڵک کورتی نەهێناوە و هاوکات لەگەڵ سەرکوت و کوشتاری بێڕەحمانەی ڕێژیم لە نێوخۆ خەڵک و چالاکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەر کەسە و لە سووچێکەوە چاکیان ئەو ڕاپەڕینە هیدایەت کردووە و بە پێی هەلومەرج و ڕۆژ و حەوتوو تاکتیکەکان دەگۆڕن ونەیانهێشتووە ئەو ڕاپەڕینە دامرکێتەوە.

وەک باس کرا لە سەرانسەری ئێراندا ئەو ڕێکخستنە بوونی نییە، بەڵام بەخۆشییەوە لە کوردستان دەتوانین بڵێین کە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران ئەو کەلێنەیان پڕ کردۆتەوە، بەکردەوە بوونە نوختە ئومێدێک لە دڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا. هەر بۆیە بە درێژەکێشانی ئەو ڕاپەڕینە پێشبینی دەکرێ لە ئایندەدا ئەو ڕاپەڕینە لە سەرانسەری ئێراندا لەو ئاستەدا نەمێنێ و زیاتر بتەنێتەوە و گەورەتر و هەراوتر ببێتەوە.

ئایا ئەو خۆپێشاندان و ڕاپەڕینەی ئێستا لە ئێران لە ئارادایە دەگاتە خۆپێشاندانی جەماوەریی بەرفراوان یان هەر لەو ئاستەدا دەمێنێتەوە؟ دیارە ئەو شێوە خۆپێشاندانە نوێیە و داهێنەرانەی خەڵکی کوردستان بەتایبەتی و خەڵکی ئێران بە گشتی تا ئێستا سەرکەوتوو بووە و ڕێژیمی لە هەموو بوارێکەوە بێ دەسەڵات و دەستەوەستان کردووە. لە هەمان کاتدا پێشبینیی ئەوە دەکرێ درێژەی ئەو ڕاپەڕینە کە لە زۆربەی شارەکان وەک شەڕێکی پارتیزانی خەڵک و حکوومەتی لێ هاتووە، سەرئەنجام وا دەکا تا دیواری ترسی خەڵک لەو نیزامە بە یەکجاری هەرەس بێنێ و ئەو شەڕەی لە کۆڵان و گەڕەکی شارەکان لە ئارادایە، ببێتە هۆی هەرەسهێنانی باوەڕی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم و؛ خەڵک بە لێشاو بڕژێنە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سەر شەقام و کۆتایی بە دەسەڵاتی ڕێژیمێک بێنن کە زیاتر لە ٤٠ ساڵ ئازادیی لێ زەوت کردوون و جگە لە کوشت و کوشتار و گرتن و ڕاوەدوونان و ئەشکەنجە و زیندان چی دیکەی بۆ خەڵکی بەبارمتەگراوی ئێران پێ نەبووە.

---

## پێگەی لاوان لە بزووتنەوەی نوێی خەڵکی ئێراندا




د.کامران ئەمین ئاوە

لاوانی ئێران هێزی سەرەکی بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی"ن و بزووتنەوەی ئێستا نیشانەی ویستە شارۆمەندییەکانی "ئازادی، جیایی ئایین لە دەوڵەت و سیاسەت، دادپەروەریی و بەرانبەری ڕەگەزی"یە.

بەشداری و چالاکیی بەرچاوی لاوان لە بزووتنەوە شۆڕشگێرانەکانی جیهان دیاردەیەکی گشتی و جیهانییە. بە گشتیی، لاوان هێزی سەرەکی و بزوێنەری بزووتنەوە گۆڕانخوازەکانن. لە ئێرانی ئەمڕۆشدا، لاوان لەم بزووتنەوە پێشکەوتنخوازەی ئێستادا کە لەپێناوی گۆڕانی بنەڕەتی لە کۆمەڵگە و ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی وەڕێ کەوتووە، پێیان ناوەتە نێو گۆڕەپانی خەباتەکە. بۆ دیتنەوەی وەڵامی بەشداریی بەرچاوی لاوان و بەتایبەتی کیژ و ژنانی ئێرانی لەم بزووتنەوەیەدا، دەکرێ و پێویستە بەستێنی عەینی و زەینی ئەم بەشدارییە لە پێوەندیی لەگەڵ فاکتەری پێکهاتەی تەمەنیی حەشیمەتی ئێران و گەلێک کێشەی لاوان لە بواری جۆراوجۆری سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیدا شی بکرێتەوە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## لاوان و پێکهاتەی تەمەنیی حەشیمەتی ئێران

بەپێی دوایین سەرژمێریی گشتیی خەڵک و ماڵ لە ساڵی ١٣٩٥، پێکهاتەی تەمەنیی ئێران بریتییە لە" منداڵ و میرمنداڵ(ژێر ١٥ ساڵ) ٢٤% بەرانبەر بە ١٩/٢ میلیۆن کەس، لاوان(١٥ تا ٢٩ ساڵ) ٢٥/١% بەرانبەر بە٢٠/١ میلیۆن، وەنێوکەوتووان (٣٠ تا ٦٤ ساڵ) ٤٤/٨% بەرانبەر بە ٣٥/٨ میلیۆن کەس و بەساڵداچوو (٦٥ ساڵ و سەرتر) ٦/١% بەرانبەر بە٤/٩ ملیۆن کەس. بە پێی ئەم کۆژمارە لە سەتا ٤٩/١ی حەشیمەتی ئێران واتە ٣/٣٩ میلیۆن کەس لە خەڵکی ژێر ٣٠ ساڵ پێکهاتووە. بەم پێیە، بێجگە لە ڕادەی زۆربوونی لاوان لە پێکهاتەی حەشیمەتیی ئێران، گوشارەکانی دەوڵەتی ئۆلیی ئێران تەنانەت لە هەرێمی تاکەکەسیش وەکوو سەرەتاییترین مافی ئینسانی، هەروەها کاریگەریی نەرێنیی قووڵتربوونی هەرچی زۆرتری کەلێنی چینایەتی و کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی ژیانی ئەوان لە بواری جۆراوجۆر وەکو خوێندن، ماڵ، دەرمان، هەلی کار و بەرزبوونەوەی ئاستی گشتیی نرخەکان و هتد، هۆی سەرەکیی بەشداری لاوان لە شۆڕشی نوێ ئێراندایە.

## کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی لاوان

لاوانی ئێرانی هاوکات لەگەڵ دەستتێوەردانی بەردەوام و ڕۆژانەی کارگێرە وردە و درشتەکانی حکوومەتی ئیسلامی لە ژیانی خۆیی ئەوان و، پێشێلکردنی ئازادیی تاک و شارۆمەندییان، هاوکات بەهۆی گوشارە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان کە بەرهەمی سیاسەتی ماڵوێرانکەری دەسەڵاتی ئیسلامیی ئێرانە، توانایی دەستەبەر و ڕێکخستنی ژیان و درووستکردنی داهاتووی خۆیانیان نییە. زانیارییەکانی فەرمیی ئێران سەبارەت بەو کێشانەی تەواوی ئێرانی تەنیوەتەوە، پیشاندەری ئاستی ئەو کارەساتە گەورەیەیە کە ژیانی تەواوی خەڵکی ئێرانی بەگشتی و، ژیانی لاوانی بە تایبەتی خستووەتە مەترسییەوە. بۆ وێنە:

"بەپێی ڕاپۆرتی بڵاوکراوە لە چۆنیەتیی هەلی کار؛ ڕادەی بێکاریی لاوان ١٥ تا ٢٤ ساڵ لە ئێران لە پووشپەڕی ساڵی ١٤٠١ هەتاوی گەیشتۆتە ٢٤%، واتە، لە بەهاری ساڵی ١٤٠١ نزیک بە یەک لە چواری ئەو لاوانەی لە تەمەنی ١٥ تا ٢٤ ساڵ بە شوێن کاردا گەڕاون، نەیانتوانیوە کارێک بدۆزنەوە. هەروەها لێکۆڵینەوەکان پێشان دەدەن، لە گرووپی تەمەنیی لاواندا، ڕادەی بێکاریی ژنان نزیکەی دووقات زۆرتر لە نرخی بێکاریی پیاوانە و، ئەمەش نیشان دەدات ژنان لە تەمەنی خوارتر بۆ دیتنەوەی کار کێشەیان زۆرترە. بەگشتی ڕادەی بێکاری لە لاواندا بەرزتر لە بێکاری لە ڕادەی گشتیدایە [...] ڕادەی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بێکاری لە تەمەنی ١٨ هەتا ٣٥ ساڵ لە ناوچە شارییەکانی وڵات لە بەهاری ئەمساڵ نزیک بە ١٨% بووە و بە بەراوەرد لەگەڵ وەرزی هاوتا لە ساڵی ڕابردوودا، نزیکەی سەتا یەک بەرز بۆتەوە. ڕادەی بێکاری لە ناوچە گوندییەکاندا، هەر لەم تەمەنەدا نزیک بە سەتا ١٢ بەرز بۆتەوە و ئەم ڕادەیە بەراوەرد بە بەهاری ساڵی ١٤٠٠ کەمتر لە سەتا یەک زیادی کردووە. بەگشتی دەکرێ بێژین بەرزبوونەوەی ڕادەی بێکاریی لاوان لە ناوچە شارییەکان پتر لە گوندەکانە.

سروشتییە، بە پێی ڕادەی سەرەوەی بێکاری و نەبوونی بارودۆخی پێویست بۆ پێکهێنانی ژیانی هاوبەش، ڕادەی لاوانی سەڵتی وڵات بەرز و ڕادەی زاوزێ و منداڵداربوون کەم بێتەوە و، تەمەنی حەشیمەتیی وڵات بەرەو پیری بڕوا. بێگومان ئەگەر ئەم کێشەیە چارەسەر نەکرێ، بەپێی قسەکانی مەسعوود عالەمی نیسی، سەرۆکی بنکەی توێژینەوەی حەشیمەتیی وڵات، ماماوەندی تەمەنی خەڵکی ئێران لە ٣٠ ساڵی داهاتوودا دەگاتە نزیکەی ٤٨ ساڵ و دەتوانین بڵێین لە ساڵی ١٤٣٠ نزیکەی ٣٣% حەشیمەتی وڵات بەساڵداچوون و، ئەمە بەم مانایەیە کە لە هەر ١٠ کەس، چواری پیر دەبن."

بەپێی کۆژمارە فەرمییەکان "ڕێژەی کرێنشینەکانی ئێران لە ١٢% لە ساڵی ١٣٦٥ گەیشتۆتە ٣٨% لە ساڵی ٩٩. ئەمە بەم مانایەیە کە ٣٢ میلیۆن ئێرانی گیرۆدەی کێشەی کرێ‌ماڵن. ئەم ڕێژەیە لەم ڕوانگەیەوە گرینگە کە بەپێی کۆژمارەکان، لە ناوچە شارییەکانی وڵات ٤٣% خەرجی بنەماڵەکان پێوەندیی بە کرێ‌ماڵەوە هەیە؛ ئەم ژمارەیە ٢/٢ بەرانبەری ماماوەندی خەرجی بنەماڵەکان لە جیهاندایە. بەپێی ڕاپۆرتی بڵاوبووە لەلایەن جێگیری ماڵ و ساختومانیی وەزارەتی ڕێگا و شارسازیی تەنیا لە دوومانگی یەکەمی ساڵی ١٤٠١دا، ماماوەنجی کرێ‌ماڵ بۆ یەک میتری چوارگۆشە یەکەی نیشتەجێبوون لە تاران لە بانەمەڕی ئەمساڵدا گەیوەتە ١٢٦ هەزار و ٩٠٠ تمەن، کە بە بەراوەرد لەگەڵ ئەژماری ٨٤ هەزار و ٨٠٠ تمەن لە کۆتایی ساڵی ١٤٠٠دا نزیکەی سەتا پەنجا زیادی کردوە و، لە ماوەی ١٠ ساڵدا مووچە ١٢ جار و کرێ ماڵ ١٤ جار زیادی کردوە".

بە پێی بارودۆخی ئابووری زاڵ بەسەر کۆمەڵگەدا، بەرزبوونەوەی کرێ‌ماڵ و خواردەمەنی، ئاستی خوارەوەی مووچە و کێشەی بێکاری، نەک بوون بە خاوەن‌ماڵی، بەڵکوو بۆ زۆر کەس کرێ‌ماڵ دانیش بۆتە ئاواتێکی وەدی‌نەهاتوو. بەپێی بنەڕەتی مووچەی ٢ میلیۆن تمەنی لە ئێران، بە بەراوەردێکی سانا و هاسان نزیک بە ٥٠ ساڵ دەخایەنێ هەتا لاوێک ببێتە خاوەن‌ماڵ!"

لەلایەکی دیکەوە پرسی هەژاری و قەیرانی کار و دامەزران گرفتێکی هەرە گەورەی دیکەی کۆمەڵگەی ئێستای ئێرانە. "توێژینەوەکانی دەیەی ٩٠ دەریدەخەن کە بنەماڵە گەورەکانی ئێران، سەرەڕای هەبوونی کار، توانایی دابینکردنی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

پێداویستییەکانی ژیانی خێزانەکەیان نییە. [...] تا مانگی خاکەلێوەی ١٤٠١، نرخی خۆراک لە ئێران بەراورد بە ساڵی پێشوو بە ڕێژەی ٤٣% زیادی کردووە، هۆکاری سەرەکییش بۆ وشکەساڵیی چڕ، سزا ئابوورییەکان، هەڵاوسان و گەندەڵیی بەشێک لە دەزگا دەوڵەتییەکان دەگەڕێتەوە[....]. بەپێی ڕاپۆرتی ایران پرایمر و بە پێی کۆژماری حکومەت، تا سەرەتای ساڵی ٢٠٢٢ نزیکەی ٣٠%ی بنەماڵەکان لەژێر هێڵی هەژاریدا ژیاون. هەندێک لە شارەزایان مەزەندەیان کردووە کە لانیکەم نیوەی ٨٥ میلیۆن کەس لە دانیشتووانی ئێران لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین و هەڵاوسان کە بۆ هەموو کاڵاکان گەیشتووەتە ٤٠ لە سەد، بەرۆکی گرتوون. لە ساڵی ١٩٩٤ەوە ئەم هەڵاوسانە بەرزترین ڕێژەی ساڵانەیە. لە ئێراندا ١٨%ی خەڵکی کۆمەڵگە تووشی هەژاریی ڕەها بوون [...]. فەرامەرز تۆفیقی، سەرۆکی کۆمیتەی حەقدەست لە ناوەندی بەرزی شووڕای ئیسلامی کاری وڵات، لەم پێوەندییە لە وتووێژێکدا دەڵێ" هیوای خاوەنماڵبوونی کرێکارێک لە تاران، گەیشتووەتە ١٢٣ ساڵ. ئێستا ئەگەر جلوبەرگ و دەرمان و خەرجی خوێندن و خەرجییەکانی دیکەش لای ئەم شتانە دابنەین؛ "بەڕاستی هەڵاوسان هاوار دەکات". "ئەمڕۆ هەڵاوسانی فەرمی خۆراک بەراورد بە ساڵی پێشوو زیاتر لە ٨٦% و هەڵاوسانی ڕاستەقینەی سەبەتەی بژێوی کرێکاران زیاترە لە ١٠٠"%،

نەبوونی ئازادیی تاکی و سیاسی، هەروەها بەپێی هەندێک کۆژماری سەرچاوە فەرمی و نافەرمییەکانی ئێران، بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەڵاوسانی ئابووری، گرانی و بەرزبوونەوەی نرخی خۆراک، کێشەی دابینکردنی خانووبەرە و بەرزبوونەوەی کرێی ماڵ و هتد، هیچ هیوایەکی بۆ داهاتووی لاوانی ئێرانی نەهێشتۆتەوە. لە دۆخێکی وادا سەیر نییە کە لاوان و بەتایبەتی ژنانی ئێرانی کە بە دەست چەوساندنەوەی دووهێندی جنسیەتییەوە دەناڵێنن، بنەمای سەرەکیی ئەم بزووتنەوەیە بۆ گەیشتن بە ئازادی و ژیانێکی باشتر بن و، داوای ڕووخاندنی ئەو حکوومەتە بکەن کە بەربەستی سەرەکییە بۆ وەدیهێنانی ژیانێکی بە شەرەفانە.

### پرسی حیجاب و ئازادییە شارۆمەندییەکان

لە سەرەتای شۆڕشی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ی ئێرانەوە، سەرەڕای پەسەندکردنی بەشێک لە مافی شارۆمەندی وەک مادەی ٣٢ تا ٣٩ لە یاسای بنەڕەتیی ئێران و بڵاوکردنەوەی چەندین جاڕی مافی شارۆمەندیی لەلایەن سەرۆککۆمارەکانیەوە، بۆ یەک ڕۆژیش هیچ کام لە بەڵێنە بێبنەماکانی جێبەجێ نەکراون. سەرەتاییترین مافەکانی شارۆمەندیی وەک: هەرێمی خۆیی و بەتایبەتی مافی جلوبەرگ، مافی ئازادیی بیرکردنەوە و ڕادەربڕین، کەرامەت و یەکسانیی مرۆڤایەتی، ئاسایشی شارۆمەندیی و هتد لەلایەن دەسەڵاتدار و کارگێڕە فەرمی و بەرگەمەدەنییەکانەوە پێشێل کراون. یەکێک لە دیارترین شێوەکانی پێشێلکردنی سیستماتیکی مافی شارۆمەندی ژنانی ئێران، سەپاندنی "حیجابی ئیسلامی و ستەمی ڕەگەزی"یە، کە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سێ حەوتوو دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕینی ڕێبەندان لە ساڵی ١٣٥٧ بە فەرمانی خومەینی جێبەجێ کرا و، لەو کاتەوە ژنانی بێحیجاب ڕێگرییان لێ کراوە بچنە نێو دامودەزگاکانی حکوومەتییەوە. لە هەموو ساڵانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ژنانی ئەم وڵاتە بە هۆی جۆراوجۆر و بە بیانووی پێشێلکردنی "حیجابی شەرعی" بەپێی مادەی ٦٣٨ی یاسای سزادانی ئیسلامی سزا دراون. یاساکانی سەدەی نێوەڕاستی شەریعەت، وەک یەکێک لە نیشانە ئاشکراکانی فیکر و هزری کۆنەپەرەستانەی ئیسلامی کە تێکەڵ بە یاسا فەرمییەکانی حکوومەتی ئێران بووە، وێڕای دەستتێوەردان لە تەواوی بوارەکانی سروشتیی ژیانی کۆمەڵ، بۆتە هۆی سەپاندنی گوشاری پڕووکێنەر و لە ئەنجامدا ئازاری دەروونی و جەستەیی خەڵک و بەتایبەت ژنانی ئێرانی. ئەمەش شتێکە کە ململانێکردن لەگەڵی وەک نکۆڵیکردن لە تەواوی سیستەمی ئایینیی حاکم، واتە پاژنەی ئاشیلی ڕژێمی ئیسلامی ئێران پێناسە دەکرێ.

لەلایەکی دیکەوە، ژنە ئازادیخوازەکانی ئێران نەک لە بواری حیجاب بەڵکوو بەپێی یاسا ئیسلامییەکان لە تەواوی بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگییەوە دەچەوسێنەوە. ژنانی ئێرانی بەباشی ئاگاداری ئەو ڕاستییەن کە لە چوارچێوەی حکوومەتی ئیسلامیی ئێراندا کە لەسەر بنەمای شەریعەت و یاسای کۆنەپەرەستانەی ئیسلامی دامەزراوە، هیچ ئەگەرێکی چاکسازی لە ئارادا نییە و، تاکەڕێگە بۆ ڕزگاربوونیان و گەیشتن بە ژیانێکی مۆدێرن، کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی حکوومەتی ئۆلی لە ئێراندایە.

بزووتنەوەی جەماوەریی "ژن، ژیان، ئازادی" کە بە کوشتنی بێبەزەییانەی ژینا ئەمینی لە مانگی خەرمانانی ئەمساڵدا دەستی پێ کرد، گەورەترین بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە و سەردەمیانە بە پێشەنگایەتیی ژنان و پشتیوانی بەرچاوی پیاوانی ئێرانییە. داڕشتنی ئەم دروشمە لەلایەن پیاوانی کورد لە ڕۆژی ناشتنی ژینا ئەمینی لە شاری سەقز و تەشەنەسەندنی خێرای لە کوردستان و سەرتاسەری ئێران، وێڕای ناڕەزایەتیدەربڕین بە پرسی حیجاب، چەند خاڵی سەرەکی لە داواکارییەکانی شارۆمەندی تەواوی خەڵکی ئێران، وەک "ئازادیی تاکەکەسی و بەکۆمەڵ، سێکۆلاریزم - جیاکردنەوەی ئایین لە حکوومەت و سیاسەت-، دادپەروەری و یەکسانی ژن و پیاو" لەخۆ دەگرێ.

کچان و ژنانی ئێرانی کە بێجگە لە هەموو جۆرە ستەمێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی زیاتر لە ٤ دەیەیە تووشی ستەمی ڕەگەزییش بوون، داهاتووی خۆیان لە گۆڕینی حکومەتدا دەبینن نەک گۆڕانکاری لە حکومەت. ژن و پیاوە ئازاکانی ئێرانی بە بەشداری لە گەورەترین بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ٤ دەیەی ڕابردوودا خەریکی هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێ لە مێژووی ئێراندان کە بە پێشکەوتنخوازترین و مۆدێرنترین ڕاپەڕین نەک هەر لە ئێران بەڵکوو لە هەموو جیهان لەقەڵەم دەدرێ.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**نەبوونی ڕووخسارێکی کاریزما و ڕێبەریەک لە بزووتنەوەکەی ئێستا و، داهێنانی لاوان لە هەڵبژاردنی شێوازەکانی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هێزی سەرکوتکەر**

هەڵبژاردنی شێوازی خەباتی ناکوجێی لە بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" کە بەرهەمی ئەزموونی ڕاپەرینە سەرکوتکراوەکانی ڕابردووی خەڵکی ئێران لە دەیەکانی پێشوو لەلایەن هێزە کۆنەپەرەست و سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە، نیشاندەری جووڵەی ژیرانەی خەباتگێڕانی سەر شەقامەکان دژ بە حکوومەتی ئیسلامییە. بێگومان لە ڕەوتی پەرەسەندنی ئەم بزووتنەوەیەدا، بەشدارانی توانایی گەیشتن بە کۆدەنگی و کاری بەڕێوەبردنی هاوبەشیان هەیە.

ئێستاش ئێمە شایەتی هاودەنگی، ڕێکخستن و وەیەکخستی نەگوتراو لە ڕەوتی بانگهێشتکردنی خەڵکی ئێران لە ڕۆژانی دیاریکراو بۆ بەشداریکردن لە ڕێپێوان و نارەزایەتییە گشتییەکان و دانی دروشمی هاوبەشین.

لەلایەکی دیکەوە نەبوونی ڕووخسارێکی کاریزما یەکێکە لە خاڵە ئەرێنییەکانی ئەم بزووتنەوەیە. خەباتکارانی سەر شەقامەکان کە بۆ گەیشتن بە داواکارییە عەینی و ڕاستەقینەکانیان، خەباتی مان و نەمان دژ بە هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی دەکەن، ژیان و چارەنووسی شۆڕشی داهاتوویان بەم ساکارییە ناسپێرنە دەست ڕووخسارێک کە بیەوێ ببێتە خاوەن شۆڕش و، ڕێ‌وشوێنیان پیشان بدات. بەڵکوو ئەوان بە گەڵاڵەکردن و خستنەڕووی درووشمە پێشکەوتنخوازانەکەیان، کە لە ویست و داواکاریی ڕاستەقینەی خۆیان سەرچاوەی گرتووە، ڕێگای ڕووخاندنی ئەم ڕێژیمە و گۆڕینی ژیانی سیاسی لە ئێراندا تەیار دەکەن. لەم ڕەوتەدا کەسانێک دەتوانن لە داهاتووی ئێراندا ڕۆڵێکی کاریگەر بگێڕن، کە خۆیان لەگەڵ ویستی هێزی سەرەکی و بزوێنەری شۆڕشی مۆدێرنی ئێستای ئێران بگونجێنن کە داوای جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەت و حکوومەت، ئازادی، یەکسانی ژن و پیاو و هتد دەکەن، نەک پێچەوانەکەی.

ڕەوتی پەرەسەندنی بزووتنەوەی ئێستای ئێران بە بەراورد لەگەڵ بزووتنەوەی بەرهەڵستیی شۆڕشی ١٣٥٧ گەلێک خێراترە. ئەگەر ڕاپەڕینی ٢٩ی ڕێبەندانی ١٣٥٦ لە تەورێز، وەک خاڵی وەرچەرخانی شۆڕشی ئێران، چل ڕۆژ دوای خۆپیشاندانەکانی شاری قوم دەستی پێ کرد و وردە وردە بە مەودای زیاتر لە ٦ مانگ گەیشتە ناوچەکانی دیکەی ئێران، مەودای بزووتنەوەی ئێستا بە کەمتر لە حەوتوویەک دوای ڕاپەڕینی خەرمانانی سەقز، هەموو ئێرانی تەنیوەتەوە و، لە کوردستانەوە تا تاران، لە زاهیدانەوە تا ئەهواز و تەنانەت لە ئێرانەوە تا ئورووپا و ئەمریکاش گەیشتووە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بە لەبەرچاوگرتنی مێژووی درەوشاوەی خەباتی سیاسی و نافەرمانی مەدەنی لە کوردستاندا، ئەم بزووتنەوەیە لەوێدا لایەنێکی تەواو جەماوەری بە خۆیەوە گرتووە و لە بەشەکانی دیکەی ئێرانیش پانتایی خەباتی پیشەیی و مەدەنی و پێشوازیکردنی چین و توێژی ناونجی و زەحمەتکێشی کۆمەڵ لەم بزووتنەوەیە لە زیادبووندایە. مانگرتنی کرێکارە پەیمانی و گرێبەستە کاتییەکانی پرۆژەی کێڵگە نەوتی و گازییەکانی پارسی باشووری(عەسلویە و پارێزگای بوشێهر)، کرێکارە پەیمانییەکانی فازی دووهەمی پاڵاوگەی ئابادان، شورای هەماهەنگی ڕێکخراوە پیشەییەکانی مامۆستایانی ئێرانی، مامۆستایانی زانکۆ، پزیشکان، پارێزەران، وەرزشوانان، هونەرمەندان و هتد نیشانەی ئاشکرای گەشەسەندنی ئەم بزووتنەوەیە و پێوەستبوونی خێرای چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکانی ئێرانە بەم بزووتنەوەیە. بێگومان پێ بە پێی گەشەسەندنی بزووتنەوەی ژینا، ئەو ماتەوزەیەی لە بارودۆخی ئەمڕۆی ئێران ناڕازییە و، بە گوتەی مستەفا ڕۆستەمی، سەرۆکی ڕێکخراوی نوێنەرایەتیی ڕێبەری لە زانکۆکانی وڵات، لە ئەنجامی ڕاپرسییەکدا، "لەسەدا ٨٣ خەڵکی بەشدارییان لە ناڕەزایەتییەکاندا نەکردوە، بەڵام ناڕەزاین؛ ١٠%ی خەڵک ئاژاوەگێڕییەکان و ٥٥%یش ناڕەزایەتییەکانیان پەسەند دەکەن"، هەندی بزووتنەوەی لاوانی شۆڕشگێڕ و مۆدێرن گەیشتۆتە تەواوی چین و توێژە لە ناخەوە ناڕازییەکانی کۆمەڵ و، درەنگ یان زوو ئەو ناڕەزایەتییانە دەتەقێتەوە و بەکردەوە یەخەی دەسەڵات دەگرن.

### سەرچاوەکان:

١- رئيس نهاد نمايندگي رهبري در دانشگاه‌هاي كشور ٨٣ درصد مردم ايران معترض‌اند. كيانيوز، شنبه ١٤ آبان ١٤٠١

https://www.kebnanews.ir

٢- روند نرخ بیکاری جوانان در مناطق شهری ایران. دنیای اقتصاد

https://donya-e-eqtesad.com/

٣- امسال ، بدتر از پارسال / افزایش ٤٠ درصدی نرخ بیکاری جوانان، خبرآنلاین

https://www.khabaronline.ir

٤- ١٢ میلیون دختر و پسر "مجرد" در کشور/ نرخ باروری زیر ٢ یعنی "جانشینی" برای جمعیت وجود ندارد. سایت تحلیل خبری عصر ایران

https://www.asriran.com

٥- خط فقر در ایران از ١٨ میلیون تومان گذر کرد؟ اعتماد آنلاین

https://www.etemadonline.com

٦-٥٠ درصد هزینه مستاجران ایرانی مربوط به مسکن، شبکه شرق

https://www.sharghdaily.com

٧- جوان ایرانی در چه سنی صاحبخانه می‌شود؟ ملک هفت

https://melke7.ir



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# هەنگاوێک هەتا سەرکەوتن



**ئەلبورز ڕۆئین‌تەن**

دو مانگ لە ڕۆژی یەکەمی شۆڕشی نوێ تێپەڕ بوو، ڕۆژانێکی پڕ باس و ڕووداو. چونکە هەر ڕۆژێک لەو دو مانگە دنیایەک پێشهاتی لە دڵی خۆیدا تۆمار کردووە. هەر ڕووداوێک دنیایەک خەم و ئازار و هەستانەوە و قارەمانێتی لە خۆ دەگرێت کە بۆ وەسفی هەر کام لەوان ڕۆمانێک لە وشە بەش ناکات.

ئەوەی لەو دوو مانگە لە گەلانی ئێران بە گشتی و گەلی کورد بە تایبەتی دیتوومانە، لەنێو گەلانی ئازادیخوازی دونیادا دەگمەن و نموونەن و، نرخێکی بێوێنە و حەماسەیەکی گەورەی ئافراندووە، ئەو نرخە کە ئازادی بەرهەم دەهێنێ، لە ئێستادا هیوایەکی گەشاندۆتەوە کە لە هەموو کات زیاتر دەرکەوتنی خۆری ئازادیمان لێ ڕوون و دیارترە.

ئەو خەباتە بەرفراوانە و ئەو نرخە زۆرە وێڕای ئەوەی هیوای ئازادیی لە نێو ئێمەدا زیاتر لە هەموو کات بوژاندۆتەوە پرسیارێکی پێویست و جیدیش لە مێشکی ئێمەدا دەوروژێنێ، ئەویش ئەوە کە کەی سەردەکەوین و چۆن ئەو سەرکەوتنە بەزوویی بەدی دێ، چونکە دڵنیاین هەر سەردەکەوین.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

تامەزۆری ئازادی بۆ گەلانی ژێردەست و گەیشتن بەو ئازادییە و ڕزگاربوون لەو جینایەتکارانە وا دەکات کە ئەو پرسیارە جیدییە زیاتر لە هەر کاتێکی دی بێتە هۆی سەرقاڵی و تەنانەت کاریگەرییش لەسەر بەردەوامیی ناڕەزایەتییەکانیش دادەنێت. هەر بۆیەش وەڵامی ئەو پرسیارە جیدی و گرینگە.

**بە بۆچوونی من دەتوانرێ بگوترێ یەک هەنگاو تا سەرکەوتن ماوە، بەڵام ئەو هەنگاوە چییە، دەبێ شرۆڤە بکرێت:**

ئەم هەنگاوە بۆ ڕاپەڕیوان زیاتر یەکگرتن و بەرفراوانکردنی خۆپێشاندان و هێرشکردنە بۆ سەر دامودەزگای دەوڵەتی و ئازادکردنیان. پێداویستیی ئەو هەنگاوە ئێستا لە تاران زیاتر لە هەر شوێنێکی دیکە هەستی پێ دەکرێت و تەنانەت لە تارانیش ئەبێ ئەو خۆپێشاندانە گرینگ و بەربڵاوە شەقامی پاستۆر و "بەیتی ڕەهبەری" بکاتە ئامانج. بێگومان ئەمە هەنگاوێکی ئاسایی و ئاسان نییە، بەڵام جیا لە هێرشکردنە سەر مێشکی ئەو ڕێژیمە دەست و پێی لە کار ناکەوێت و مێشکی ئەو ڕێژیمەش لەوێیە. ئەو خۆپێشاندانە میلیۆنییە دەتوانێ ئازادیی ئێران بە دی بێنێ و **ئەم هەنگاوە هەنگاوی سەرکەوتنی شۆڕشە و ڕووخاندنی سیستمی کۆماری ئیسلامییە.**

ئەگەر بە هەزاران خۆپێشاندەر بتوانن لە مەهاباد دەست بەسەر فەرمانداریدا بگرن، بە سەدان هەزار کەس دەتوانن لە ناوەندی پارێزگاکان، پارێزگاکان ڕزگار بکەن و بە میلیون خەڵکیش دەتوانن ئەو کارە لە تاران بکات. کە واتە مومکینە و ئەو ڕۆژە هەر دێت، بەڵام گرینگی لەوەدایە کە ئەو ڕۆژە چەندە زووتر بێ و چەند باشتر بتوانرێ هەموو هێزی ڕاپەڕیوان بۆ ئەو بابەتە ڕێک بخرێ، قوربانی کەمتر و سەرکەوتن زووتر دەبێ.

ئەو هەنگاوە بۆ ئۆپۆزسیونی ڕێژیم بە تایبەتی فارس ڕێککەوتن و پێشکەشکردنی بەرنامەیەکی دێموکراتیکە کە خەڵک بیبینێ و وەری بگرێ. لە ئێستادا نەبوونی ئەو خاڵە بە گرینگترین کەموکوڕیی شۆڕش دادەنرێ و بەرچاوڕوونیەکی تەواو لە پێش ڕاپەڕیوان نییە بۆ ئەو بابەتە. هەر بۆیەش بە هەبوونی ئەو بەرنامەیە دەتوانرێ ئێرانێکی دیکە بونیاد بنێرێت، ئەگەر نا سناریوی جیاواز و ئەستەم لە بەردەم ئێرانی داهاتوودایە.

ئەو هەنگاوە بۆ ئۆپۆزسیونی کورد بە گشتی و ناوەندی هاوکاری بەتایبەتی گەڵاڵەی ڕوونی داخواز و ویستەکانی کورد و پلانی بەڕێوەبردنی کوردستانە، بۆ ئەوەی کوردستان لە هەموو ئەگەرە جیاوازەکانی داهاتووی ئێران لە ئەمنییەت و ئەماندا بمێنێتەوە، ئەو گەڵاڵەیە دەبێ لە مێژووی ڕابردووی خوێناویمان لە ژێردەستەیی، لە واقعیەتی ئێستا و، داخوازە ڕەواو و بەرحەقەکانی گەلی کورد لە کوردستان سەرچاوەی گرتبێت و ببێت بە پشتیوانی ئەو پلانەی کە میکانیزمی جیاوازی بۆ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

قوناغی جیاواز و دامەزراندنی دامەزراوە نیشتیمانی هەیە و میکانیزمی پاراستنی ئەو دامەزراوە نیشتیمانییانەشی بە ڕوونی و ژیری دیاری کردبیت.

نابێ ئەو ڕاستییەی ئێستای گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان و ئێران لەبیر بکەین و ئەو هەنگاوانە بەئاسان وەسف بکەین، بەڵام کردەنین بێتوو هەوڵی هەموو لایەنەی بۆ بدرێت، بە تایبەتی لە کوردستاندا. ئەگەری هاتنەئارای خێرا و هەماهەنگیی ئەو هەنگاوانە زۆر ئەستەم دێتە بەرچاو، بەڵام کام هەنگاو پێشتر ڕوو دەدات پێشبینی ناکرێت، بۆ نموونە کێ دەڵێ لە ڕۆژانی داهاتوو ئەو خۆپێشاندانە میلیۆنییەی کە "بەیتی ڕەهبەری" بە سەر ڕەهبەریدا دەڕووخێنێ نایەتە دی و هەموو هەنگاوەکانی دیکە بە دوای خۆیدا ناهێنێ، ئەوکات ئەوانە سەرکەوتوترن کە لە پێشتر و لانی کەم ئێستاوە ئامادەی هەنگاوی سەرکەوتن و ئامادەکاریی خێرا و وردی خۆیان کردبێ.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دوو مانگ پێش، کەم بوون ئەوانەی ئەورۆیان پێشبینی کردبوو، ئەوە بەڵگەیە کە سبەی زۆر جیاوازتر دەبێت لە ئەمڕۆ و تەنانەت لە ئەو پێشبینیانەش کە دەکرێت؛ کەواتە هەتا سەرکەوتن هەنگاوێکمان ماوە.

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# فەرهەنگی پێشمەرگایەتی



**پژمان شەریعەتی**

چەمکی فەرهەنگ گشتگیرە و بەشێکی سەرەکی لە ژیانی مرۆڤایەتییە. "ئێدوارد تایلور" فەرهەنگ بەم شێوەیە پێناسە دەکات: "تەواوەتییەک لە زانست، ڕەوشت، دین، هونەر، عادەت، دابونەریتەکان، باوەڕ و بیرکردنەوە و تواناییەکان کە مرۆڤ لە درێژەی تەمەنیدا فێریان دەبێت."

بەپێی ئەو پێناسەیە دەتوانین بڵێین کە هیچ مرۆڤێک بێفەرهەنگ نییە و لە بەرانبەردا ژیانی ڕۆژانە و بیرکردنەوەکان گرێ دراوە بە فەرهەنگ و هەرکام لەو خاڵانەی کە تایلور باسیان دەکات مرۆڤەکان لە درێژەی ژیانیاندا هەڵگری دەبن، یان لانیکەم بەشێکیان ئاوێتەی کۆمەڵگە دەبێت. بۆ نموونە ڕەنگە تاکێک دین هەڵنەبژرێت، بەڵام لە کۆمەڵگە لەگەڵ دیندارەکان لە پەیوەندیی ڕۆژانەدا دەبێت.

لە لایەکی دیکەشەوە، هەڵکەوتەی جوغرافیایی، دەسەڵات، سروشت، ڕەگەز و... کاریگەرییان دەبێت لەسەر فەرهەنگی تاک و کۆمەڵگە، هەروەها لە نێو کۆمەڵگەیشدا، پولێنبەندییەکانی کۆمەڵایەتی، بنەماڵە و پیشە دەبنە هۆی دابەشکاری و جیاوازیی فەرهەنگی و، وردە فەرهەنگەکان پێک دێنن، بەو واتایە کە هەرکام لەو گرووپە کۆمەڵایەتییانە، بەپێی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بیرکردنەوە و ئامانجی دیاریکراویان دەبنە خاونی هەڵسوکەوتی جیاواز و بەو جیاوازییە خۆیان پێناسە دەکەن و تەنانەت بیئەوەی خۆیان بناسێنن بەشەکانی دیکەی کۆمەڵگە دەتوانن بەڕوونی بیانناسن.

بۆ نموونە لە ڕوانگەی پیشەیی، کاتێک کۆمەڵگەی پزیشکان لە بەرچاو بگرین، بەپێی هەڵسوکەوت، زمانی ئاخاوتنیان، پۆشینی جلوبەرگ و ڕەفتاری کۆمەڵایەتییان دەتوانین بیئەوەی پزشکێک خۆی بناسێنێ، بەڕوونی بیناسین، یان گرووپێکی ئایینی، سیاسی، هونەری و تەنانەت عەشیرەیی و ... بەپێی پێوەرە فەرهەنگییەکان بەو هێما و خاڵانەی کە بووەتە ناسنامەیان بۆ کۆمەڵگە دیارن.

بەو پێشەکییە با بێینە سەر باسەکەمان کە بە تیتری" فەرهەنگی پێشمەرگایەتی" دەستمان پێ کرد. پێشمەرگە وەکوو وشە واتاکەی ڕوونە، بەڵام وەکوو ماهییەت و فەلسەفە دەبێت لە ڕوانگەی عەقڵانی و ئەندیشەیی پێناسەی بکەین. لە زۆربەی وڵاتانی جیهان بەشێک لە کۆمەڵگە هەن کە پێشەنگن لە پاراستنی نیشتمان و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان، چ وەکوو هێزی نیزامی بێت چە ئەو هێزە فەرهەنگییانە کە لە وڵاتان وەکوو شوالیە و سامورایی و ... ناودێر کراون و دەتوانین بڵێین قارمانانی نیشتمانین.

بەڵام پێشمەرگە لەگەڵ هەموو ئەو چینانە جیاوازیی هەیە، بۆ نموونە شوالیەکان تەنیا بەشێک لە فەرماندەرانی هێزە نیزامییەکان و پێشەنگێکی نیزامی بوون و بەرژەوەندیی هێزەکەیان لە سەرەوەی هەموو شتێک بووە. یان هێزە مودێرنەکان لە فۆرمی ئەرتەش و سپا لە وڵاتان بە هەر ناوێک وەکوو کوماندۆ، پارتیزان یان پلەبەندییە نیزامییەکان وەکوو ئەفسەر و ژێنراڵ، تەنیا تاکێکی نیزامین و ئەرکیان پاراستنی دەسەڵاتە و مانەوەی وڵاتەکەیانە، بەو پێیە دەیڵێینەوە کە پێشمەرگە جیاوازە، چوونکە تەنیا تاکێکی نیزامی نییە و ئەرکێشی پاراستنی دەسەڵات و سیستم نییە، بەڵکوو تەنیا هێز و تاکێکی جیهانە کە بوونی بە نیشتمان و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان و تاک و وڵاتەوە بەستراوەتەوە، ئەوەیش نەک تەنیا لە بواری نیزامییەوە بەڵکوو سەرەڕای توانایە نیزامییەکانی خاونی کەسایەتییەکی سیاسی و ئەندیشەیە کە کورد و کوردستان بۆ ئەو هێڵی سوورن. لە ڕوویەکی دیکەشەوە پێشمەرگە تەنیا جێبەجیکار نییە، واتە لە وڵاتانی دیکە هێزی سیاسی و دەسەڵاتدار بڕیار دەدا و هێزی نیزامی جێبەجیکارە، بەڵام پێشمەرگە خۆی بە ئەرکدار دەزانێت لە ڕاستای بەرژەوەندیی نیشتمانی و پاراستنی کەرامەتی تاک و کۆمەڵگەی کوردستاندا گیانفیدایی بکات و لە هەمووی گرینگتر ئەوەیە کە بەپێی ئەندیشە و بیرکردنەوە و هەڵسەنگاندنی سیاسی دەجوڵێتەوە و توانای شیکاری سیاسی و هەڵگری دیسکۆرسی تایبەتە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بە دڵنیاییەوە پێناسە و خویندنەوەی پێشمەرگە زۆر ئەستەمە و لە چەند پاراگرافدا باس ناکرێ و کەمن ئەو کەسانەی بە شێوەی زانستی پێشمەرگە پێناسە دەکەن و کردوویانە. پێشمەرگە وەکوو ڕۆڵەیەکی قارمان خاون فەرهەنگێکی تایبەت بە خۆیەتی کە بەپێی ئەو پێوەرە فەرهەنگییانەی کە پێشتر باسمان کرد هەموو بەشەکانی دیکەی کۆمەڵگەی کوردستان و تەنانەت جیهان، پێشمەرگە و تاکێکی ئاسایی لەیەک جیا بکەنەوە.

فەرهەنگی پێشمەرگایەتی بووەتە بەشێکی بنچینەیی لە فەرهەنگی گشتیی کۆمەڵگەی کوردستان و کاتێک دێین لەم ڕۆژانەی شۆڕشی ژینا، دەڕاونینە شۆڕشگێڕانی شەقامەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خوێندنەوە لەسەریان دەکەین، دەبینین کە هەموویان هەوڵ دەدەن پێشمەرگانە بجووڵێنەوە و دەیانەوێ پێشمەرگە بن، بەو واتایە کە دروشمەکان لە ڕووی سیاسیەوە ئەندێشەیەکی مرۆڤتەوەرانە و کوردانەیان لەپشتە و، لە ڕووی پێشەنگایەتی و ڕێکخستنی و بوێری، دەیانهەوێ پێشمەرگانە بڕۆنە پێشەوە، لە ڕووی بەربەرەکانی و سەنگەربەندی لەنێو شەقامەکان پێشمەرگانە ڕادەوستن، ئەوە بەو واتایەیە کە جیا لە پێشمەرگەکانی شار و شاخ، خەڵکی کوردستان کە بەفەرمی پێشمەرگە نین، بەڵام لە ڕووی فەرهەنگەوە هەڵگری فەرهەنگی پێشمەرگانەن، یان دەتوانین بڵێین پێشمەرگە وەکوو ئولگویەکی سەرەکی بی ئەملا و ئەولای خەباتگێڕییە لە کوردستان هەم لە ڕووی سیاسی هەم نیزامی.

خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەم ڕۆژانە پێشمەرگە ئاسا لە مەیداندان، هەرچەند ئەوەی پێشمەرگە پێی دەکرێت، تەنیا لە توانای هەر خودی پێشمەرگەدایە، بەڵام ئەوەی ئیستا دەیبینین خەڵک پێشمەرگەی کردووە بە مەکتەبی ئەندیشەیی پراکتیکی و وەکوو قوتابییەکی بەتوانا مەیدانداری دەکات و ئەرکی خۆی لەم قوناغە لە شوڕش جێبەجی دەکات تاکوو قوناغی هاتنە مەیدانی پێشمەرگە نزیک بێتەوە.

قۆناغەکانی گوزار لە شوڕشەوە بەرەو سەرکەوتن دەستی پێ کردوە و، کورد بەباشی خەریکە بە فەرهەنگێکی پێشمەرگانە پلە بە پلە دەڕواتە پێش و بەمەش پڕ ڕوونە کە سەرکەوتنمان مسۆگەرە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## کچی نیشتمان نەبم ئەگەر تۆڵەی نەستێنم!




**ئاسۆ مینبەری**

دەڵێن هیچ خۆشەویستییەک بارتەقای خۆشەویستیی دایک و باوک بۆ جگەرگۆشەکەیان نییە، خۆشەویستییەکی بێسنوور کە زۆر جار دایک و باوکان ڕوو لە منداڵەکانیان دەڵێن تا نەبن بە دایک و باوک لەو خۆشەویستییە تێناگەن! ئەوەی ئەم ڕۆژانە لە شەقامەکانی کوردستاندا دەبینرێت، دەمانباتە قووڵایی بیرکردنەوەیەکەوە و تووشی تێڕامانێکمان دەکا کە ڕەنگە لە هیچ قۆناغێکی ژیانماندا ئەزموونمان نەکردبێ.

لە شەقامەکانی کوردستاندا، ڕۆڵە دڵ پڕ لە خۆزگەکانی ئەم نیشتمانە بەرانبەر بە داگیرکەر دەوەستنەوە، لە بەرەنگاربوونەوەیەکی نابەرانبەر و نادادپەروەرانەدا و تەنیا بە یەک چەک، ئەویش بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" داوای مافی ڕەوای خۆیان دەکەن و بە گوللەی دوژمنی دڵ پڕ لە قین وڵامیان دەدرێتەوە. ئەوان شەهید دەبن و دەچنە ڕیزی نەمرانی گەلەوە، دوژمن لە تەرمەکەشیان دەترسێ و هەوڵی ڕفاندیان دەدات، ڕێوڕەسمی ناشتنەکەیان بە پێچەوانەی ڕەوتی باوی کۆمەڵگە لە دیمەنێکی لێوڕێژ لە شیوەن و ڕۆڕۆوە، دەبێتە گۆڕەپانێکی بە لرفە لە هێزی گەل کە بە دروشمی شەهید نامرێ دەڕازێتەوە. کوڕ لە خەمی لەدەستدانی باوکدا، پەیامێکی ورەبەخش بە خەڵک دەدا و پێ لە سەر ئەوە دادەگرێتەوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کوردستان داگیرکەرە و دەبێ بەرەنگاری ببینەوە. باوک لە سەر گۆڕی کوڕە شەهیدەکەی دەڵێ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

"چونکە لە ٢٥ی گەلاوێژدا لەدایک بوو ناوم لێ نا کۆمار" و باس لە کوڵی دڵی زامداری بۆ لەدەستدانی کوڕەکەی دەکات؛ بەڵام وەک قەڵایەک لە باوەڕ سوورە لە سەر ڕێبازێکی پیرۆز کە هەڵیبژاردووە و کوڕەکەشی لە پێناویدا شەهید بووە. دایکی جەرگسووتاو، بە چۆپی سوورەوە پێشوازی لە تەرمی کوڕە شەهیدەکەی دەکات و دایکێکی دیکە بە هەموو ئازاری لەدەستدانی کوڕەکەیەوە دەڵێ کوڕی من شەهیدە و پێشکەشی دەکەم بە کوردستان، کچی نیشتمان نەبم بەڵام ئەگەر تۆڵەی نەستێنم!

ئەمانە تەنیا نموونەیەکی بچووک لە دەریای خۆڕاگری و باوەڕی ئەو کەسانەیە کە لە ماوەی ڕابردوودا و لە ڕەوتی نارەزایەتی و ڕاپەڕینەکاندا، ئازیزانی خۆیان پێشکەش بە بارەگای ئازادی کردووە و، هەر ئێستا کوردستان پڕە لەم چیرۆکانە کە دەنگیان بە گوێی هەمووکمان گەیشتووە.

زیاتر لە دوو مانگە ڕووباری بە لرفەی هێزی گەل، کوردستانی کردووەتە جەهەنەمێک بۆ دوژمن. زیاتر لە دوو مانگە خوێن دەدەین و ئەم دیالۆگانە لە زاری کەسانێکەوە دەبیستین کە ڕەنگە هیچکات نەتوانین هەست بە ئازارەکەی دەروونیان بکەین. بیستنی ئەم وتە ڕاستەقینانە لە زاری زامدارترین کەسەکانی ئەمڕۆی نیشتمانی ئێمەوە ناخهەژێنە، بەڵام لە هەمان کاتدا وەبیرمان دێنێتەوە کە دەبێ لە کوێی هاوکێشەی ئەم ژیانە داسەپاوەدا ڕاوەستین و بە دوژمن بڵێین بوەستە! چیدیکە ناتوانی بمانکوژی، ئازارمان بدەی و لە خاکی خۆمان وەدەرمان بنێی، ئەوە نیشتمانی ئێمەیە و بێگومان ئەوەی کە ئەبێ بڕوات تۆی نەک ئێمە!

کاتێک دایکێک لە ڕێوڕەسمی ناشتنی تەرمی کوڕە شەهیدەکەیدا، دەڵێ کوڕی من شەهیدە و پێشکەشی دەکەم بە نیشتمان، هاوکات لەگەڵ ئەوەی وەفای بۆ خاکەکەی ڕادەگەینێ، ئەرکی قورسی بەردەوامبوونیش دەخاتە ئەستۆی خەڵکەوە، بێگومان ئەمە بۆ هیچ دایکێک کارێکی ئاسان نییە کە بەو ڕادە لە خۆڕاگرییەوە و لەکاتێکدا کە خەریکە بۆ هەتاهەتایە تەرمی کوڕەکەی بە خاک دەسپێرێ بە وشەکانی هەم بتوانێ هەستی خەڵک بجووڵێنێ و هەم ئەرک بخاتە سەر شانی جەماوەر و لە ڕاستیدا ببێتە لیدری ڕاپەڕینەکان.

بێگومان یەکێک لە گرینگترین جیاوازییەکانی ڕاپەڕینی ئەمجارەی کوردستان لەگەڵ نارەزایەتییەکانی پێشوو، ڕۆڵی ژنان لە ڕەوتی ڕاپەڕینەکەیە. ئەگەر لە ڕابردوودا دایکان پێشیان بە منداڵەکانیان دەگرت تاکوو نەچنە نێو دۆخی ئاڵۆزی شارەکانەوە بۆوەی گیانیان بپارێزێ، ئێستا دایکان هاوشان لەگەڵ منداڵەکانیان لە گۆڕەپانی خەبات و ڕاپەڕیندا بەشدارن و بە نیشاندانی خواستی هاوبەشی دوو بەرەی جیاواز لە یەک قاپدا، داوای مافەکانیان دەکەن.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هەرچەند ئەو نرخەی کە ئێستا لە کوردستان دەدرێت، زۆر زۆر قورستر لەوەیە کە لە باقی شارەکانی ئێراندا دەبیندرێت، بەڵام بێگومان ئەم نرخ و قوربانیدانە، جیاوازیگەلێکی بنەڕەتیشی هەیە، بۆیە گەیشتووەتە ئەم قۆناغە. مانگرتنی بەردەوامی ڕۆژانە، ڕاپەڕینی بەردەوامی شەوانە، بەشداریی خوێندکاران، بازارییان، ژنان، لاوان و تەنانەت مێرمنداڵان لە ڕاپەڕینەکەی ئەمجارەدا، نیشان دەدات کە چۆناوچۆن هەموو توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان، ئامادەی گیانفیدایی بۆ وەرگرتنەوەی خاک و نیشتمان لە داگیرکەرن.

لە ماوەی هەموو ساڵانی ڕابردوودا کە ڕێژیمی ئێران حوکمی لەسەر کوردستان کردووە، ژنان هەمیشە و لە هەموو ڕووداوەکاندا پێشەنگایەتیان لەئەستۆ گرتووە، بەڵام دەڵێی ئەم قۆناغە لە خەبات، زیاتر هێزی ژنانی دەرخستووە و لەم قۆناغەدا زیاتر خەریکی سەلماندنی ئەو ڕاستییەن کە هەمیشە و لە هەر دۆخێکدا توانایی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ دوژمنیان هەبووە و هیچکات پێناسەی باوی ڕێژیمیان بە پێناسەی ڕاستەقینەی خۆیان نەزانیوە.

بیستنی ئەم ڕستەیە، "کچی نیشتمان نەبم ئەگەر تۆڵەی نەستێنم" لە زاری دایکێکی دڵ بریندارەوە زیاتر لەوەی کە بارستایی خەمێکی قووڵمان پێ نیشان بدات، ئەو پەیامەمان پێ دەگەیێنێ کە سەرەڕای هەموو زامەکان، لەسەر پێین و بەردوامین تاکوو بتوانین بەو ئامانجە بگەین کە ڕۆڵەکانی کوردستان لە پێناو وەدیهێنانیدا گیانیان بەخت کرد.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# "جیاییخوازی" ناوی ڕەمزی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی




**ڕەزا دانشجوو**

شۆڕشی ژینا لە کاتێکدا چۆتە نێو سێهەمین مانگی تەمەنی خۆیەوە، توانیویەتی پێشینەیەکی زۆر سەرکەوتوو لە زۆر بواردا نیشان بدات، پێشینەیەک کە بەڵێنی ڕۆژانی گەش بۆ خەڵکی ئێران دەدات، بەبێ گوێدان بە هەندێک هەوراز و نشێو لە ڕۆژانی شۆڕش، کە لە بەرانبەر ڕێژیمێکی درندە و بێبەزەیی وەک کۆماری ئیسلامی، تەواو ئاساییە، خوێندنەوە و لێکدانەوەی سەیری ڕووداوەکانی ئەم قۆناغە دەمانگەیەنێتە ئەنجامێکی قەبوڵکراو. سازمانی بێ سەر و لە هەمان کاتدا یەکگرتوو و ئامانجداری شۆڕشی ژینا توانایی هەر جۆرە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە وەرگرتووە.

کۆماری ئیسلامی هەر لە دەسپێکی شۆڕشی ژینا زۆر جار هەوڵی دا بە بەستنەوەی شۆڕش بۆ گرووپ و بزووتنەوەیەکی ناسراو دوژمنێکی دیاریکراو بۆ خۆی پێناسە بکات و بتوانێت ئاراستەی شۆڕش بگۆڕێت. هێرشی مووشەکی بۆ سەر بارەگاکانی حیزبی دێموکرات و پارتەکانی دیکەی کوردستان، تۆمەتی پێوەندیی ڕێبەری سوننەی ئێران بە عەرەبستان و هتد، بەشێک لەم هەوڵە وەهمییەی ڕێژیم بوو کە بەهۆی وریایی خەڵک و ڕەچاوی سیاسەتی ژیرانە لەلایەن ئەم لایەنانە شکستی هێنا. خاڵێکی تر هێرشی شۆڕشگێڕان بۆ سەر تەواوی پرەنسیپ و چوارچێوەی سیستمەیی کۆماری ئیسلامی بوو، کە بەکردەوە ئەگەری دەستێوەردان و هەر جۆرە نێوەندگیرییەکی لەلایەن تاقمێک ڕەوتی سیاسیی نێو ڕێژیم - ڕیفۆرمخوازەکانەوە -



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

نەهێشت. هێرشێکی وشیارانەی خەڵکی شۆڕشگێڕ بەتایبەت لاوان بۆ سەر هەموو ئەو بەهایانەی لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە پێناسە کرابوون، لە دروشمدان دژی ڕێبەری ڕێژیم تا ناڕەزایەتیدەربڕین بە حیجابی زۆرەملێ و هێرشکردنە سەر ئاخوندەکانی سەر بە ڕێژیم. بەڵام ڕەنگە گرینگترین دەرئەنجامی ئەم ڕۆژانەی شۆڕشی ژینا، یەکگرتوویی نموونەیی نەتەوەکانی ئێران بوو بێت کە بووەتە کابوسی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی. هەر لەو دروشمانەی کە لە ڕۆژانی یەکەمی شۆڕش لە کوردستان و ئازەربایجان بۆ پشتیوانی لە یەکتر دەدرا تا دەگاتە پاڵپشتی بۆ زاهیدان و بەلوچستان لە شارەکانی دیکە، ئاڵوگۆڕێکی شۆڕشگێڕانە بوو بۆ نیشاندانی یەکریزیی گەلانی ئێران.

کۆماری ئیسلامی دوای ئەوەی بە هیچ جۆر نەیتوانی شەقام و دروشمە ئامانجدارەکانی خۆپیشاندەران بەلاڕێدا ببات، بە کەڵکوەرگرتن لە چیرۆکی کۆنی جوداییخوازی بۆ دوورخستنەوەی گەلانی ئێران لە یەکتر و بێهیواکردنی شۆڕشگێڕان لە ئاکامی شۆڕش لە قۆناغی یەکەمدا هەوڵی دا بە بەکارهێنانی تاقمێک سێلێبریتیی حکومەتی و دووپاتکردنەوەی ئەم ترسە، یەکریزی خەڵک تێک بشکێنێت. ڕێژیم لەم بوارەدا بەتەواوی شکستی خوارد، چونکە بەگشتی ئەوانەی حازر بوون هاوکاری ڕێژیم بکەن کەسانێک بوون کە لای خەڵک بە باشی ناسراو بوون و قسەکانیان لای جەماوەر هیچ بایەخێکی نەبوو. لە قۆناخی دووهەمی ئەم پیلانەدا، ڕێژیم پەنای بۆ هەندێک لە بەکرێگیراوانی بیانی برد، کە تەنانەت بە ڕواڵەت لە نەیارانی ڕێژیمن بەڵام لە ڕاستیدا بۆ ئەم ڕۆژانە پاشکەوت کراون. دیارە ئەمە بابەتەکە کەمێک ئاڵۆزتر دەکات و ڕەنگە تاقمێک کەس لە لێکدانەوەی ڕووداوەکان تووشی هەڵە بکات. بەپێی ئەم پلانە، ئەو کەسانەی بەڕواڵەت دژی ڕێژیمن لە پەنا باسکردنی ڕاستییەکان بە هێنانە گۆڕی تیۆریی داتاشراو ترس و دڵەڕاوکێ لەنێو جەماوەردا ساز بکەن و لە شۆڕش ساردیان کەنەوە.

لە درێژەدا شیکاری بۆ لێدوانی دوو کەس دەکەین کە بە ڕواڵەت دژبەری کۆماری ئیسلامین و لە ڕیزی خەڵکدا وەستاون، بەڵام ڕاستی مەسەلەکە شتێکی دیکە نیشان دەدات. خاتوو شیرین هانتەر (تەهماسب) ماوەیەک لەمەو بەر لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ بەشی فارسیی دەنگی ئەمریکا، وێرای دەربڕینی هەستی هاوسۆزی بۆ خەڵکی ئێران باسی لە مەترسیی هەڵوەشاندنەوەی ئێران کرد! مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی "جۆرج تاون" لە ئەمریکا، بە دڵنیاییەوە وەک شرۆڤەکارێکی سیاسی مافی خۆیەتی خەمی داهاتووی وڵاتەکەی بخوات. کەواتە کێشەکە لە کوێیە؟ تەنها گەڕانێک لە گووگڵ لەسەر خاتوو هانتەر و بابەتەکانی چ وەک وتوویژ وە چ وەک نووسینی بابەت دەمانگەیەنێتە ئەنجامێکی سەرنجڕاکێش. بە شێوەکی باوەڕپێنەکراو زۆرێک لە چاوپێکەوتنەکانی خاتوو هانتەر لەگەڵ هەندێک لە دەزگاکانی هەواڵنێریی نزیک لە سوپای پاسداران وەک "مهر" و "مهر اندیشه" و... یە. لەوەش سەیرتر کاتێکە کە خاتوو هانتەر بە حیجابی ئیسلامییەوە لە بەرنامەی "شوکران"ی کەناڵی چواری کۆماری ئیسلامی ئێران دەردەکەوێت! پێویستە مرۆڤ لە خاتوو



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هـانتەر بپرسێت لە کاتێکدا زۆرێک لە مامۆستایانی زانستە سیاسییەکان لە زانکۆکـانی ئێرانـدا یـان لە زینـدانن یـان وانەوتـنەوە و بڵاوکـردنەوەی دەنـگ و ڕەنگیـان قەدەغەکـراوە، چۆنە کەسێک کە سـەردەمانێک نـوێنەری وەزارەتـی دەرەوەی ڕێژیمی شا لە لەندەن بووە، وا بووەتە جێی متمانە و باوەڕ و سەرنجی میدیاکانی نزیک لە سپای پاسداران؟

دوا بەشـی ئەم سـیناریۆ گاڵتەجـاڕییە ئەو هەواڵەیە کە چەنـد ڕۆژێـک دوای چـاوپێکەوتنەکەی خـاتوو هـانتەر، لەلایەن "تسنیم"، میدیای سپای پاسدارانەوە بڵاو کرایەوە. تەسنیم دەنووسێت: "چالاکیی جوداخوازەکان لە چەند ڕۆژی ڕابـردوودا بە جۆرێـک بـوو کە، جـگە لە نیگەرانیـی خەڵـک، هەنـدێک کەسـایەتیی بیـانییش خەڵکیـان سـەبارەت بە ئاکـامی ئەم خۆپیشـاندانانە وریـا کـردەوە. شـیرین هـانتەر، مامۆسـتای زانکـۆی "جـۆرج تـاون" و ئەنـدامی ئەنجـومەنی ئەمریکـی بـۆ پەیوەندییەکانی دەرەوە لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ دەنگی ئەمەریکا ڕایگەیاندووە کە تاقمێک لە جوداخوازەکان کە هەندێک کەس بە ئازادیی نەتەوەکان ناویان دەبەن، بەدوای جیابوونەوەدا دەگەڕێن، هەر جارێکیش تێکهەڵچوون دەبێت، ئەوان لەم هەڵە کەڵـک وەردەگرن"! چ پەیوەنـدییەکی قـووڵە، خـاتوو شیرین هـانتەر، ئێـوەش وەک سپای پاسـداران وشـەی ئـاژاوە و گێرەشوێنێ بۆ شۆڕشی گەلانی ئێران بەکار دەهێنن!

ئاشکرابوونی فایلێکی دەنگیی ڕەعنا ڕەحیم‌پوور، هەواڵنێری بی بی سی فارسی لە چەنـد ڕۆژی ڕابـردوودا، دووبـارەبوونەوەی ئەم سیناریۆیە بوو لە فۆرمێکی تر لەگەڵ هەندێک گۆڕانکاری جەوهەری. هەرچەندە ڕەعنـا ڕەحیم‌پـوور هەوڵـی دا لێشاوەکە بە ئاراسـتەیەکی تـردا پـاڵ بنێت و بە ڕاگەیانـدنی ئەوەی کە ئەم فـایلە دەنگییە دزەپێکـراوە و بەبـێ ئیزنـی ئەو بـڵاو کراوەتەوە، بەڵام خەڵک باش لە ڕاستییەکان تێگەیشتوون. لەم فایلە دەنگییەدا، کە بەخێرایی لە لایەن میدیاکانی نزیک لە سپای پاسدارانەوە پێشوازی لێ کرا، خاتوو ڕەحیم‌پوور هەست بە مەترسیی پێدانی کـات بە حیزبەکـانی کورد و لـۆر لە لایەن کانالی "ایران انترنشنال" دەکات و نیگەرانە لە هەڵوەشاندنەوەی ئێران. چ ڕستەیەکی ئاشنا!

دیـارە خـاتوو ڕەعنـاش وەک ڕۆژنامەنووسێک دەتوانێت خەمی داهـاتووی وڵاتەکەی بێت. بەڵام چەنـد پرسیارێکی سادە لە خـاتوو ڕەحیم‌پـوورەوە دەتوانێت بەشێک لە ڕاسـتییەکان روون بکـاتەوە. خـاتوو ڕەحیم‌پـوور دەڵێـت ئەم فـایلە دەنگیـیە دەرئەنجـامی گفتوگۆیەکی ڕۆژانە بـووە لەگەڵ دایکی و دزەپێکـراوە، هەرچەنـدە ئەمە نـابێتە هـۆی هـیچ گۆڕانکـارییەک لە مەبـدەئی بـابەتەکە، بەڵام پرسیار ئەوەیە هەواڵنێرێک کە سـاڵانێکی زۆرە لە میدیـایەکی وەک "بـی بـی سـی"دا کـار دەکـات نازانێت دەنگی لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە تۆمار دەکرێت؟ ئەمەش لە کـاتێکی وەهـا هەستیاردا! ئایـا خـاتوونی هەواڵنێـر هەمیشـە لە کـاتی پێوەنـدی لەگەڵ دایکیدا بە جێـی باسـی بنەمـاڵەیی شیکاریی پێشهاتەکانی ئێـران و جیهـان دەکات؟ بەڵام دواتر سەبارەت بە قسەی تەواو ناڕاستی ڕەعنا ڕەحیم‌پوور چاوخشاندنێک کورت بە پۆستەکانی ئینستاگرامیی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

پەیجی ئێران ئینتەرناشناڵ بۆ زانیاری ئەوەی چەند بابەت لەسەر حیزبەکانی کورد و لۆر و... هەیە، ئاکامێکی زۆر ڕوون بە دەست دەدات. لە دوایین ٣٠٠ پۆستی ئێران ئینتەرناشناڵ لە کاتی نووسینی ئەم بابەتەدا هیچ شوێنەواری ئەو لایەنانە و گفتوگۆکانیان نییە، لە کاتێکدا هەموو بانگەواز و قسەکانی ڕەزا پەهلەوی لەلایەن ئێران ئینتەرناشناڵەوە ڕووماڵ کراوە. بەڕاستی خاتوو ڕەحیم‌پوور هیچ بۆچوونێکی لەم بارەیەوە نییە، یان ئەرکەکە شتێکی ترە؟

خاتوو ڕەحیم‌پوور لە فایلە دەنگییە دزەپێکراوەکەی لەگەڵ دایکیدا، کە تێیدا شیکاریی سیاسی دەکات، ئاماژە بۆ دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" دەکا و ئەو کاریگەرییەی کە ئەم دروشمە دەتوانێت لەسەر داهاتووی وڵاتانی ناوچەکە و پرۆسەی دیموکراسی لە کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەتایبەت ژنان هەیبێ. پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا خاتوو ڕەحیم‌پوور بەڕاستی نازانێت ئەم دروشمە لە کوێوە و چۆن هاتە نێو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلانی ئێران و چۆن جیهانی هەژاند؟ نازانێت ئەو کەسانە کێ بوون کە یەکەم جار بە کورتکردنەوەی قژیان -وەک زیندووکردنەوەی نەریتێکی کۆن- بوون بە هێمایەک بۆ کۆمەڵگەی ژنانی ئازادیخواز لە جیهاندا؟ بەڵام تاڵترین بەشی قسەکانی خاتوونی هەواڵنێر ئەوکاتەیە کە نیگەرانیی خۆی لە لێدانی بەکرێگیراوێکی ڕێژیم لەلایەن شۆڕشگێڕانەوە دەردەبڕێت!! بڵێی خاتوونی هەواڵنێر چۆن تاقەتی دیتنی شەهیدبوونی ژینا، نیکا، حەدیس، شادمێهر و سەدان لاوی ئازادیخوازی بێتاوانی هەبێت؟

ڕاستییەکە شتێکی ترە، جودایی‌خوازی ناوی ڕەمزی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامییە، ئەو بەکرێگیراوانەی کە ڕواڵەت و شێوەیان جیاوازە لە بەکرێگیراوانی نێوخۆ، کەمێک پاک و خاوێنترن کراوات دەبەستن و بەڕواڵەت حیجاب لەسەر ناکەن، بەڵام بێگومان ئەرکەکانیان یەکە، لەنێوبردنی یەکڕیزیی و یەکگرتوویی گەلان ئێران بۆ پاراستنی کۆماری پەت و سێدارە. بەڵام ئەوەی کەسانێک وەک شیرین هانتەر و ڕەعنا ڕەحیم‌پوور نایزانن واقیعی قاتی شەقامە، ئەو گەلە شۆڕشگێڕ و یەکگرتووییە کە هەموو بەربەست و لەمپەرێک تێدەپەڕێنن، ئەو خەڵکەی بڕیاری لەنێوبردنی دیکتاتۆریان داوە، گەڕانەوە بۆ دواوە بوونی نییە، جا کە وایە بێدەنگ بن و لە گۆشەیەک دانیشن تا نەکەوتوونە ژێر پێڵاوی شۆڕشگێڕان.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ڕاپەڕین و بۆشایی دامەزراوەیەکی نەتەوەیی



**ئالان بەهرامی**

لە ڕۆژانێکی مێژووساز داین. ڕاپەڕین دژ بە حکوومەتی ئیسلامی، سەرەڕای سەرکوتی خوێناوی بە گوڕو تینێکی زیاترەوە پێی ناوەتە مانگی سێیەمەوە. لەم نێوەشدا ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە دەستپێکەری ڕاپەڕینی ئەمجارەشە، هەروا سەرتۆپ و پێشڕەوە. ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕاپەڕین لە کوردستان لە باری ڕووبەری جوغرافی، بەردەوامی، پێکهاتەی بەشدارانەوە لە پلەی یەکەمدا وەستاوە. ئەم پێشڕەوایەتییەی کوردستان لە کاتێکدایە کە هەر وەک لە چوار دەیەی ڕابردوودا بینراوە دەستی هێزی سەرکوتکەری ڕێژیم بۆ نواندنی هەرچەشنە تاوانکاری و دڕندایەتییەک ئاوڵاتر لە ناوچەکانی ناوەندە. بە چەشنێک تا نووسینی ئەم دێڕانە دەیان کەس لە خۆپێشاندەرانی کوردستان کە لە نێویاندا منداڵیش هەیە، شەهید کراون، سەدان کەس بریندار بوون و بە هەزاران کەس گیراون و خراونەتە ژێر ئازار و شکەنجەی هۆوییانەوە.

پێشڕەوایەتیی کوردستان بۆ چەند هۆکاریی مێژوویی و سیاسی دەگەڕێتەوە، کە لێرەدا بەکورتی ئاوڕیان لێ دەدەینەوە.

یەکەم بزووتنەوەی مێژوویی کورد بزووتنەوەی کورد لە نزیکی هەشت دەیەی ڕابردوودا، هاوکات لەگەڵ ئەوەدا کە شوناسێکی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕزگاریخوازانەی هەبووە، شوناسێکی دیمۆکراتیک و مۆدێڕنگەرایانەشی هەبووە. بۆیە هاوکات لەدژی داگیرکاری و نێوەرۆکی نادیمۆکراتیکی حکوومەتەکانی ئێران وەستاوەتەوە. هەر بۆیە کۆمەڵگەی کوردستان هەردەم پتانسیەلی ئازادیخوازی و دژایەتی لەگەڵ سەرەڕۆیی و توتالیتاریسمی هەبوە. "نا"ی مێژوویی خەڵکی کوردستان بە "کۆماری ئیسلامی" لە سەرەتای دامەزرانی ئەم ڕێژیمەوە و خەباتی بێوچانی بزووتنەوەی کورد لەدژی ڕێژیم بەڵگەی ڕاستیی ئەم وتەیەن. هەر ئەم تایبەتمەندییەش بۆتە هۆی ئەوە کە لە ماوەی دەسەڵاتداریی حکوومەتی ئیسلامیدا خەڵک و بزووتنەوەی کوردستان ڕووبەرووی قورسترین شێوازەکانی سەرکوتی هەرچەشنە ئازادییەکی کۆمەڵایەتی و تاکەکەسی، تێرۆر و پەلاماری نیزامی و هەڵاواردنی ئابووری ببنەوە.

کەواتە ئەمەی ئەمڕۆ لە شەقامەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕوو دەدا، دەرکەوتەی بێئەملا و ئەولای ئەم هۆکارانەن کە لە سەرەوە باسیان کرا و هۆکاری گرنگی گەشەی وشیاریی نەتەوەییە. ئێستا خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ ئەوەدا ئامانجێکی هاوبەشی کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی ڕەشی حکوومەتی ئیسلامی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی جوغرافیای ئێران کۆ کردۆتەوە، بگرە لێبڕاوانەتر لەوانیش هاتوونەتە مەیدان بۆ ئەوەی کۆتایی بە تەمەنی ئەم ڕێژیمە بێنن. چونکە باش لەم ڕاستییە گەیشتوون کە داهاتوویەکی گەش لەگرەوی ڕووخانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندایە و دوای ڕووخانی ئەم ڕێژیمە سەدە نێوەڕاستییە دەرفەت دەرەخسێ کە چارەنووسی سیاسیی خۆیان جارێک بۆ هەمیشە بەدەستەوە بگرنەوە.

ڕۆژە چارەنووسسازەکان یەک بە دوای یەکدا تێدەپەڕن. ئەمڕۆ لە دوێنێ گرینگتر، سبەی لەمڕۆ گرینگتر. ئێستا ئیتر گومانی تێدا نەماوە کە ئەم ڕاپەڕینە وەک ئەو ڕاپەڕینانەی کە دە ساڵی ڕابردوودا ڕوویان داوە، ئەگەری دامرکانەوەی نییە. ڕاپەڕین هەموو پانتایی جوگرافیای ئێرانی گرتۆتەوە، هێزی سەرکوت ڕاست بەپێچەوانەی ڕاپەڕین کە بە تێپەڕبوونی ڕۆژەکان بێهێزتر دەبێ، تواناى خۆی لەدەست دەدا. خەڵکی ڕاپەڕیو ئەزموونیان زیاتر بووە و باش لەم ڕاستییە گەیشتوون کە گەڕانەوە بۆ ماڵەکانیان واتە ملدان بە ڕۆژانێکی ڕەشتر و خویناویتر و تراژیکتر لە ڕۆژانی پێش ڕاپەڕین. بۆیە ئەم ڕاپەڕینە یەک ڕێگا زیاتری لە بەردەمدا نییە. بۆ پێشەوە تا سەرکەوتن!

ئێستا کە ڕاپەڕین کەوتۆتە قۆناخی بێگەڕانەوەوە، گەورەترین دەرفەت لە بەردەم بزووتنەوەی کورددایە، کە سەنگی خۆی لە هاوکێشەکانی مەیدانی سیاسەتدا نیشان بدا. ئەمەش ئەرکی حیزب و ڕێکخراوە شۆڕشگێڕەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر قورستر دەکا. هەرچەند سەنگی دەور و ڕۆڵی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات وەک بەرچاوترین هاوپەیمانیی ڕۆژهەڵات بەروونی هەست پێدەکرێ، توانیوە دەوری باش لە سەرهەڵدان و بەردەوامیی ئەم ڕاپەڕینەدا بنوێنێ، بەڵام ئەم ناوەندە بە هیچ شێوەیەک وەڵامدەری پێداویستییەکانی قۆناخی کۆتایی ڕاپەڕین و قۆناخی دوای ڕاپەڕن نییە. چونکە لە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ڕاستییدا ناوەندی هاوکاری فۆرمێکی سەرەتایی ئەم دامەزراوە نەتەوەییەیە کە بزووتنەوەی ڕۆژهەلات لەم قۆناخەدا پێویستیی پێیەتی. بۆیە پێویستە ناوەند هەرچی زووتر پەرەی پێ بدرێ و بکرێتە چوارچێوەیەکی گشتگیرتر، کاراتر و وڵامدەرتر. مەبەست لە چوارچێوەی جێگای ئاماژە دەتوانێ پلاتفۆرم یان بەرەیەکی نەتەوەیی پێکهاتوو لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان بێ کە ببێتە مەکۆیەک بۆ وەسەریەکخستنی هەموو هێز و تواناکانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کوردانی تاراوگە.

هەرچەند لەمێژ ساڵە هەست بە بۆشایی دامەزراوەیەکی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرێ و هەنگاوێکی شیاوی بۆ هەڵنەهێنراوەتەوە، بەڵام لەم قۆناخەدا کە گۆڕانی گەورە بەڕێوەیە، نەبوونی دامەزراوەیەکی نەتەوەیی کە بتوانێ هەموو هێز و توانای نەتەوەکەمان لەژێر ساباتێکدا کۆ بکاتەوە، بە خەسارێکی گەورە دەژمێردرێ. بە تایبەت لەم هەلومەرجەدا کە ڕاپەڕین پێی ناوەتە مانگی سێیەم و ڕۆژانە ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان لەسەر شەقامەکان گیانیان بۆ ئازادی و سەربەستی دەبەخشن، کورد زیاتر لە هەرکات پێویستیی بە ناوەندێکی بڕیاری سیاسی و پلاندانان، باسکێکی بەهێزی دیپلۆماسی لە دەرەوەی وڵات، میدیایەکی نەتەوەیی و... هەیە.

## دوا وتە:

کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە باری گەشەی بیروبڕوای نەتەوەیی و شوناسخوازییەوە گەیشتووەتە ئاستێکی زۆر جێگای دڵخۆشی. هەر بەم پێیەش چاوەڕوانیی لە حیزب و ڕێکخراوەکانی خۆی هەیە لە ئاست پاراستن و پەرەپێدانی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانیدا بن. کەواتە ڕوونە کە بەبێ دامەزراوەیەکی نەتەوەیی پێکهاتوو لە حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بژارەدەگەلی کورد لە نێوخۆی وڵات و تاراوگە ناکرێ وڵامی ئەم چاوەڕوانییە ڕەوایە بدرێتەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# بڵێسە و گڕی ڕاپەڕین



**ناسر سادقی**

**این نکتەی رمز اگر بدانی، دانی**
**هر چیز کە در جستن آنی، آنی (مولانا)**

ڕێبەر و پێشەنگی جووڵەی ئەم ڕاپەڕینە شەهیدان و بنەماڵەی سەربەرزی ئەوانن، بابی شەهید کۆمار بە ئیلهاموەرگرتن لە بیست و پێنجی گەلاوێژ و هێزی کۆماری کوردستان جگەرگۆشەکەی ناودێر کردووە. چینی ژنان و کچان ئایەتی "ژن ژیان ئازادی"یان بە خوێنی خۆیان وەک میراتێکی هەرماو و بەڵگەی سەروەری بۆ داهاتوو بە ئەمانەت کردە دیاری. پەخشانی زێڕین و ئەدەبی بەرگریی بابی شەهید میلان حەقیقی لە هەزاران فەرسەخەوە بووە سووژە و سەردێڕی تریبوونەکان و زایەڵەی سروودی نەسرەوتن بۆ بەردەوامیی ئەو بزووتنەوە حەقخوازە. لە ئامێزگرتن و باڵ بەسەرکێشانی گڵکۆڵەی میلان لە لایەن دایەگەورە و باوەگەورەیەوە بە ئاڵای کوردستان و جامانەوە پەیامێکی ڕوون بوو بۆ شۆڕشگێرانی دیاسپۆرا و تاراوگە. گازەندەی هاوژینەکەی شەهید فریشتە لە دوڵەت و ڕێکخراوە بێویژدانەکانی لە ئاست فرمێسکی کیژە بێنازەکەی، کاتێک پڕ بە گەرووی هاواری دایکی دەکا و مشتی پڕە لە خاکی گڵکۆکەی، ڕوحی مرۆڤ دەهەژێنێ، بەڵام ئەو بنەماڵەیە سەرەڕای



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەو کۆستە، هێشتا بە سەری بەرزەوە شانازی دەکەن کە لە ڕیزی بنەماڵەی شەهیدان و کاروانی خەباتن. ئەم چیرۆکە و شانازییەکانی لە زمانی دایکی شەهید پەیمان مینبەری، باوکی شەهید محەممەد حەسەنزادە، کوڕی شەهید غەفوور مەلوودی، برای شەهید ئازاد حوسێنزادە و شەهید مێهران ڕەحمانی و ... بەردەوام دووپات دەبنەوە.

مخابن زلهێزەکان بە درێژایی مێژوو چاویان کوێر و گوێیان کەڕە لەئاست مافە سرووشتی، زمانی و سیاسیەکانی نەتەوەی کورد و ئەو جوغرافیایە هەتا بووە ئەوە بەختیەتی. بۆیە ئەوەی دمێنێ هەر خۆمانین لە سەنگەری شۆڕش و بزووتنەوەی شاخ و شار. کێ لافاوی خرۆشاوی شەقامی لێ وەنە؟ کێ گڕکانی هەناسە و هەستی لاوان نابینێ؟ کێن شەوەزەنگیان کردووەتە ڕۆژی ڕووناک و برووسکئاسا لە چاوی نەیاران و خەنیمان ڕۆ دەچێ، سروودە حەماسی و نەتەوەییەکان دوژمنیان داماو و هەراسان کردووە. ئەوەی پێویستە خەڵکی ڕۆژهەڵات بیکەم، هەر لە کرماشان و سنە و سابڵاغ و گشت شار و شەقامەکانی کوردستانەوە، کردوویانە و ئێستاش لە سەنگەردا ماونەتەوە و بەڵێنی لاوانی ئیلام لەسەر مەزاری شەهیدان ئاسۆی ڕوونن بۆ بەردەوامی ڕاپەرین. یارسانەکان بە ژێی تەمبوور ژانی گەل دەچڕن و ژانیان خستۆتە هەناوی ڕەشی ڕێژیمەوە. شاعیر بە شێعر، کیژ بە سەما، هونەرمەند بە مۆسیقا و گۆرانی دارستانی هێناوەتە سەما. لە شەقام هەڵپەرکێی ئازادییە. دایکی شەهیدان باش دەزانن تازە کەس ناتوانێ نێوبژیوانی ئەوان بێ لەگەڵ ئەو دوژمنە ڕادیکاڵ و دیکتاتۆرە گەل لە خوێن و خەباتی خۆش نابێ، مەحاڵە.

ئەوان چاوەڕوانی هیچ پاداشتێک نین، جگە لە گەیشتن بە ئازادی و سەربەستی. ڕۆژهەڵات تامەزرۆی چێژی سەرفرازی و سەرکەوتنە بەسەر فاشیستاندا. بەها پیرۆزەکان ڕەمزی سەرەکی و خاڵی هاوبەشی گەلن، خەڵکی ڕاپەریو، هەڵکردنی ئاڵای ئازادی لەسەر گڵکۆی شەهیدان بەدوور نازانن، بەڵێ ئاسۆ ڕوونە.

گەل بە ئەندێشە و هێزی شەهامەتەوە بە قووڵایی مێژوو، بە بیری سەربەستی لە گۆڕەپانی جەنگەوە، بە بوێری و سەرفرازی و ئەزموونی ڕابردوویان، تەژی لە هەست و چێژی سەرکەوتنن، خاک و چەک و چیاش سێکوچکەی هەرمانن بۆ کورد و گەل لێ براوە بە عەشقەوە ئەو نیشتمانە سەر بخات. "سوارە" گوتەنی:

"لە پەنجەرەی نیوەتاکی بوومەلێڵەوە
چاوی من لە دیمەنی کچی بەیانییە
لە حەنجەرەی زەمانەوە
گوێم لە زەمزەمەی زولاڵی خیزە وردەکانی کانییە"



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ویژدانی گشتی لە "ڕاپەرینی ژینا"دا



سۆران عەلیپوور

ڕاپەرینی خەڵکی کوردستان و بەشەکانی دیکەی ئێران پێی نایە سێ مانگەوە. سەرەڕای سەرکوتی بێڕەحمانە و توندوتیژی هێزەکانی ڕێژیم، هیچ نیشانەیەک لە کۆتاییهاتنی خۆپێشاندانەکان و کۆڵدانی خەڵک بەدی ناکرێ. لەگەڵ چوونەسەری ژمارەی قوربانییەکان خۆپێشاندانەکانیش بەرفراوانتر و دروشمەکان ڕادیکاڵتر بوونەوە. کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەوەدا شارەکانی پڕکردووە لە هێز و بەتەواوی کەشوهەوای پۆلیسی و ئەمنیەتی زاڵ کردووە، بەڵام هیچ ستراتیژیەکی سەرکەوتووی بۆ کۆتاییهێنان بەو ڕەوشە بۆ جێبەجێ نەکراوە. نە هەڕەشەوگوڕەشەی سەرانی ڕێژیم، نە وادە و بەڵێنەکانیان، نە هەوڵدان بۆ زەفکردنەوەی دەستی دەرەکی و نە بۆمبارانی هێزە کوردییەکان لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران توانیویەتی چەرخی ئەو ڕاپەرینە ڕابگرێ.

لە ماوەی ئەو سێ مانگەدا یەکگرتوویەک و یەکدەنگییەک لەنێو خەڵکی کوردستاندا هەیە کە لە پشتیوانیکردنی شارەکان لەیەکتر، دروشمەکان، هەوڵدان بۆ پەرتەوازەکردنی هێزەکانی ڕێژیم و دەیان کردەوەی دیکەشدا ڕەنگی داوەتەوە. ئەو یەکگرتووییە هەستی یەکبوون و هاوئامانجبوون و هاوچارەنووسبوونی خەڵکی کوردستانی هێندەی دیکە بەهێز کردووە. بەجێیە کە هەم لە ڕووی تیۆرییەوە و هەم لە ڕووی کردەوەشەوە ئاوڕێک لەو یەکگرتوویی و هاودەنگییە بدەینەوە. یەکگرتوویەک کە مانگرتنی ڕۆژانە، خۆپێشاندانی ئێواران و شەوانە، ناشتنی شەهیدەکان، یادکردنەوەکانیان و هەر دەرفەتێک دەکاتە چرکەساتێکی مێژوویی لەیادنەکراو.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دۆرکهەیم کە بە دامەزرێنەری زانستی کۆمەڵناسییش ناو دەبرێت، لە نووسینەکانیدا گرینگییەکی تایبەت بە پەیوەندیی نێوان گشت لەگەڵ تاکدا دەدات. ئەو دەنووسێ کە لە هێندێک قۆناخدا گەڕانی تاک بە دوای کۆنتێکستێکی گشتیدا کە لەسەر هەست دامەزراوە کۆمەڵگە دەگەیەنێتە دۆخی هەڵچوون. (Collective effervescence) هەڵچوونی کۆمەڵایەتی چەمکێکی کۆمەڵناسییە کە لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا ئەندامانی کۆمەڵگەیەک لە ئامانجێکی هاوبەش و کردەوەی هاوبەشدا یەک دەگرنەوە و وا دەکا کە تاکەکانی کۆمەڵگەیەک لە یەکەیەکی گەورەتردا ڕێک بخا. هەڵچوونی کۆمەڵایەتیی هەستێکی گشتیی بەهێزە و وا دەکا کە تاکەکەس بەتەواوی خۆی لەبیر بکا و تەنانەت پرسە گرینگەکانی وەک بنەماڵەش وەلاوە بنێ بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو کۆنتێکستەدا خۆی تێکەڵ بکا. ئەو هەستە بەهێزە کاتێک دروست دەبێ کە تاکەکانی کۆمەڵگەیەک وشیارییەکی گشتی یان ویژدانێکی گشتیی لێکیان نزیک دەکاتەوە، ئەو وشیارییە لای دۆرکهەیم بریتییە لە هەستی سروشتی مرۆڤ تایبەت بە بوونی خۆی و هەروەها باوەڕ و هەستی هاوبەشی زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵێک. دۆرکهایم پێی وایە کە هەر کام لە ئێمە دوو ویژدانی هەیە، ویژدانێکی گشتیی و ویژدانێکی تایبەتی. بەهۆی ئەو وشیارییە گشتییەوە دیاردەیەکی دیکە دروست دەبێ کە پێی دەگوترێ نوێنەرایەتیی گشتیی کە نوێنەرایەتیی ئەو نۆرم و بایەخانە دەکا کە کۆمەڵ لەسەریان ڕێک کەوتووە و ویژدانی تایبەتی لە ویژدانی گشتیدا دەتوێنێتەوە. بە بڕوای دۆرکهایم ویژدانی گشتیی لەو کۆمەڵگایانەدا بەشێکی گەورەی ویژدانی تاکەکەسەکان پێک دێنێ کە یەکگرتوویی میکانیکی تێیدا زاڵە. لە وەها کۆمەڵگەیەکدا کە ئەندامانی کۆمەڵگە جیاوازییەکی زۆریان لەگەڵ یەکتر نییە و بەها و نۆرمی هاوبەشیان هەیە، ئەوە بە پێچەوانەی یەکگرتوویی ئۆرگانی کە لەوێدا تاکگەرایی زاڵە و سەقامگیریی کۆمەڵایەتی زیاتر لەسەر بنەمای جیاوازییەکانە تا بنەما هاوبەشەکان.(١)

لە وتارێکی ئاوادا ناپرژێینە سەر ئەوەی کە بە وردی باس لەو تیۆرییە بکەین و مەبەستیش زیاتر ئەوەیە کە زیاتر لەو ڕووداوانە تێ بگەین کە لە کوردستان و ئێراندا ڕوو دەدەن، لە ماوەی حوکمڕانیی کۆماری ئیسلامیدا زۆرجار ئەو یەکگرتوویی و یەکدەنگییە لەلایەن کەسانێکەوە بە مەبەست و بێمەبەست خراوەتە ژێر پرسیار، کۆماری ئیسلامییش هیچ کات لە ئانەوەی دووبەرەکی و لێکترازاندنی ڕیزەکانی ئەو کۆمەڵگەیە دەستی نەپاراستووە، بەڵام دوای چلوسێ ساڵ لە سیاسەتی میلیتاریزەکردن و ئاژاوەنانەوە و بڵاوەپێکردن ئێستا بە ڕوونی شاهیدی ئەو ڕاستییەین کە کۆمەڵگەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆمەڵگەیەکی ئامانجداری خاوەن چارەنووسێکی هاوبەشە و لەوەش گرینگتر ئەوەیە کە ئەو کۆمەڵگەیە وشیارییەکی گشتیی و ویژدانێکی گشتیی زیندووی لە ئاست ئەو بەها و باوەڕە هاوبەشانەدا هەیە.

ئێمە ڕۆژانە دەبینین کە چۆن ئەو ویژدانە گشتییە لە وتاری کەسوکاری شەهیداندا،لە لاپەڕەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا و لە خۆپێشاندانی خەڵکدا و لە بۆنە جیاوازەکاندا شەپۆلان دەدا. ئەگەر لە ڕوانگەی تیۆرییەکەی دۆرکهایمیشەوە تەماشای



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەو ڕووداوان بکەیـن دەتـوانین بڵێـین ئەو کـۆمەڵگەیە لە دۆخێـکدایە کە تاکەکەسـەکان تەنـانەت ویسـتە تـایبەتی و پەیوەندیە خێزانییەکان و بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی خۆیـان، تەنـانەت گیـانی خۆشیان خستۆتە خزمەت ئەو ئامانج و بەها باڵایەنە کە لە دروشمی ژن، ژیان، ئازادیدا کورتیان کردۆتەوە.

لەوانەیە پرسیار بێ کە بۆ لە کوردستاندا ویژدانی گشتی تا ئەو ئاستە زیندووە و ئەو یەکگرتووییە کۆمەڵایەتییە لە دەوری کۆمەڵێک ئامانجی ڕادیکاڵی سیاسی لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟ کوردستان لەمێژە سەنگەری بزووتنەوەیەکی سیاسیی مافخوازە، ئەو بزووتنەوەیە لە شێوە مۆدێرنەکەی خۆیدا لە سەردەمی دیکتاتۆریی پاشایەتییەوە دەستی پێ کردووە و لە کۆماری کوردستاندا گەیەندراوەتە لوتکە، لەوانەیە ڕەنگ وئیدۆلۆژیی دیکە لە هەلومەرجی جیاوازدا بە سەر ئەو بزووتنەوەیەدا زاڵ بووبی یان کاریگەریی هەبووبێ، بەڵام هەمیشە لە ژێر هێژموونی هێما و سیمایەکی دێموکراتیکی نەتەوەییدا بووە و ئێستاش لەگەڵ ئەوەدا کوردستان و هێزە سیاسییەکانی هەموو هەوڵی خۆیان داوە کە هاوهەنگاو و هاودەنگ لەگەڵ خەڵکی دیکەی ئێران بچنە پێشێ و لە ئاستێکی بەرفراوانتر و لە ژوور پرسە کوردستانییەکانەوە سیاسەت بکەن، بەڵام داوا نەتەوەییەکان هیچ کات نەچوونە ڕیزی دووهەمەوە. هۆکارێکی دیکەی هەبوونی ویژدانی هاوبەش لە کوردستاندا وەرێخستنی بزووتنەوەیەکی مەدەنی بوو کە لە بووژاندنەوە و وشیارکردنەوەی خەڵکدا ڕۆڵیان گێڕا، ئەوان بە دامەزراندنی ئەنجوومەنەکان و بڵاوکردنەوەی گۆڤار و بڵاڤۆکەکان و بنکەکانی فێربوونی زمانی زگماک و زۆر چالاکی و کردەوەی دیکە ئەو سەرمایە کولتوورییەیان لەنێو کوردی ڕۆژهەڵاتدا بەهێز کرد کە بنەمایەکی گرینگە بۆ وشیاربوون لە ئاست شوناس و ئامانجی هاوبەشدا.

نوێنەر و ڕێبەرانی ئەو ویژدانە گشتییە ئەو باوکانەن کە بەوپەڕی بوێرییەوە لە سەختترین چرکەساتی ژیانی تایبەتی خۆیاندا و لەسەر گڵکۆی ڕۆڵەکانیان نەک هەر چاوەڕێی دڵنەوایی و هاوخەمی ناکەن بەڵکوو دەبنە ئۆڵگو و نوێنەری ئەو ویژدانە گشتییە، ئەو دایکانەن کە وردکەبەرد بۆ ڕۆڵەکانیان کۆ دەکەنەوە تا بەرگری لە خۆیان بکەن، ئەو کوڕوکچانەن کە شەووڕۆژ تەنگیان بە هێزە جینایەتکارەکانی کۆماری ئیسلامی هەڵچنیوە، دەیان و سەدان نوێنەری دیکەی ئەو ڕاپەڕینە ئەو ویژدانە زیندووە هاوبەشە بە ڕاوەستاویی دەهێڵنەوە.

**Durkheim, Émile (2001). The elementary forms of religious life. New York: Oxford University Press**



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# لە مافی خۆپێشاندانەوە هەتا ڕاپەڕین



**زانیار حوسێنی**

سەرەتا پێویستە ئاماژە بەوە بکردرێ کە مافی خۆپێشاندان، مافی نارەزایەتی‌دەربڕین بە دۆخی ئارایی، سیاسەتە گشتییەکانی حکوومەت لە هەموو ڕەهەندە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و هتد یان بە یاسایەکی پەسندکراو و بەگشتی بە هەر چەشنە حاڵەتێک کە دەسەڵات و ناوەندەکانی دەسەڵات بەرەدەنگ بن دەگوترێ. مافی خۆپێشاندان مافێکی دانپێدانراوە و لە زۆربەی هەرە زۆری وڵاتان بەیاسا کراوە و وەک نەریتێکی دانەبڕاو بۆ کۆمەڵگە و وڵاتێکی ئازاد و دێموکرات پێناسە دەکرێت.

لە سەردەمی ئێستادا کۆی گشتیی مافە مەدەنییەکانن کە نیشاندەری ڕادەی دێموکراتبوون و خەڵکیبوونی دەسەڵاتە و چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی دەسەڵات لە یاسادا و لە کردەوەدا دەبێتە خشتەیەک بۆ هەڵسەنگاندنی دەسەڵاتەکان. لە پێوەرە نێودەوڵەتییەکاندا لە دوو شوێن ئەو مافە بەفەرمی ناسێندراوە و دانی پێدانراوە؛ یەکەم لە جاڕنامە گەردونی مافی مرۆڤ لە ماددەی ٢٠دا کە دەڵێت: "هەر مرۆڤێک مافی ئەوەی هەیە و ئازادە لە کۆبوونەوە و ڕێکخستنی کۆڕە ئاشتیخوازەکان. نابێ هیچ کەس بەزۆر لە هیچ کۆڕێکدا بەشدار بکرێ." دووهەم لە ماددەی ٢١ی پەیماننامەی نێونەتەوەیی مەدەنی و سیاسیدا دەڵێت: "مافی پێکهێنانی کۆڕبەندی ئاشتیخوازانە بەفەرمی دەناسرێ. جێبەجێکردنی ئەو مافە، نابێ ژێرفەرمانی هیچ سنووردارێتییەک بێ، جگە لەوەی کە بەپێی یاسا دیاری کراوە و لە کۆمەڵگەیەکی دێموکراتیکدا بەپێی بەرژەوەندیی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئاسایشی میللی یان سلامەتیی گشتی یان ئاسایشی گشتی یان بۆ پشتیوانی لە سلامەتی یان ئەخلاقی گشتی یان ماف و ئازادییەکانی خەڵکی زەروورەتی هەبێ".

لە کەس شاراوە نییە کە وڵاتانی جیهان دەبێ پابەند بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دوو خاڵە نێودەوڵەتییە بن کە هەموو ئەوانەی ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانن، بە واژۆکردنی ئەو بنەمایانە، پاراستن و لەبەرچاوگرتنیان وەئەستۆ گرتووە.

لە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی لە ئەسڵی ٢٧دا، ئاماژە بە مافی خۆپێشاندان کراوە. ئەو ئەسڵە دەڵێ: "پێکهێنانی کۆبوونەوەکان و خۆپێشاندانەکان بەبێ پێبوونی چەک، بەو مەرجەی نەبێتە بنەماکانی ئیسلام نەباتە ژێر پرسیار، ئازادە." ئەو ئەسڵە کە لە بەشی مافی میللەتدا هاتووە، بەڕوونی باس لە یاساییبوونی مافی کۆبوونەوە و خۆپێشاندان دەکات و جگە لەو مەرجە، هیچ سنوور و چوارچێوەیەکی دیکەی بۆ دیاری نەکردووە. بەڵام ئەوەی لێرەدا جێی پرسیارە و بۆتە هۆی ناڕوونی یاسای بنەڕەتیی ئەو دەسەڵاتە مەرجی دووهەمە کە دەڵێ بەو مەرجەی نەبێتە هۆی چوونە ژێر پرسیاری بنەماکانی ئیسلام!

یاسای بنەڕەتی هەر وڵاتێک دەبێ گشتی، ڕوون و ڕاشکاوانە بێت بەجۆرێک کە جێی گومان و ناڕوونی و پرسیار نەهێڵێتەوە. لەو مەرجەدا کە بنەماکانی ئیسلام هاتووە لە هیچ بەشێکی ئەو یاسا بنەڕەتییەدا، ئەو بنەمایانە شی نەکراوەتەوە و تەنانەت لەو ئەسڵەدا کە باس لە ویلایەتی مووتڵەقەی فەقیهـ دەکات، لەوێدا ئاماژە بەوە ناکات کە مەبەست لە ویلایەتی فەقیهـ هەمان بنەماکانی ئیسلامە کە لە ئەسڵەکانی دیکەی ئەو یاسا بنەڕەتییەدا باسی کردوە یان نا؟ ئەو کێشەیە لە هەموو ئەو ئەسڵانەی یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامیدا هەیە و هەمیشە لە کاتی کێشە لەنێوان دەسەڵات و خەڵک، زیان و خەسارەکانی بەلای خەڵکدا شکاوەتەوە و دەسەڵات بە قازانجی خۆی کەڵکی لێ وەرگرتووە. مەسەلەکە بەوەندە کۆتایی نایەت و لەدواییدا پارلەمانی کۆماری ئیسلامی، مافی خۆپێشاندانی لە یاسای ئاساییدا سنووردارتر کرد کە پێچەوانەی ئەسڵی دارشتنی یاساییە و بە پێی سەرچاوەبوون و بنەمای یاسایی، یاسای ئاسایی دەبێ لەژێر چوارچێوە و کاریگەریی یاسای بنەڕەتیدا بێ، نەک پێچەوانەکەی. مەگەر ئەوەی کە یاسای بنەڕەتی خۆی باس لە ئیمکانی دابینکردنی ڕێوشوێنی پێویست و زەروور لەلایەن شوێنی دیاریکراو بدات. بەوحاڵە کۆماری ئیسلامی بە لەبەرچاونەگرتنی ئەو ئەسڵە گرنگە و بەشێوەیەکی نارەوا و نایاسایی، مافی خۆپێشاندانی لە هێندێک مادده و خاڵدا سنووردار کردوە کە بریتین لە خاڵی ٦ی ماددەی ١١، یاسای شێوەی کار و چالاکیی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، کە دەڵێت: "پێداچوونەوە و تاوتوێکردن و بڕیاردان سەبارەت بە داواکاری بۆ ئەنجامدانی کۆڕبەندەکان و خۆپێشاندانەکان لە ئەرک و دەسەڵاتی کۆمیسیۆنی ماددە ١٠ی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

حیزبەکان دایە." هەروەها لە خاڵی خ ماددەی ١٣ی ئەو یاسایەدا دەڵێت: "بەڕێوەبردنی خۆپێشاندانەکان و پێکهێنانی کۆڕبەندی حیزبەکان دەبێ بە لەبەرچاوگرتنی خاڵی ٦ی ماددەی ١١ و هەروەتر ئەسڵی ٢٧ی یاسای بنەڕەتی و بەئاگاداری و وەرگرتنی مۆڵەتنامەی خۆپێشاندان لە وەزارەتی نێوخۆی وڵات و پارێزگادا بێت." لە ئاییننامەی ئەو بابەتەدا هاتووە کە بۆ وەرگرتنی مۆڵەتنامە، حیزبەکان دەبێ بچنە کۆمیسیۆنی ماددە ١٠ی حیزبەکان کە لە سێ نوێنەری دەسەڵاتی سەرەکی دەسەڵات پێکهاتووە و لانیکەم دەبێ کەمتر لە ٧٢ کاتژمێر نەبێت. هەروەها ناوی وتەبێژەکان، شوێنی کۆڕبەندەکە، کاتی کۆ بوونەوە و بابەتی کۆبوونەوەکەش ئاماژەی پێ بکرێت.

ئەوانە یاساوڕێساگەلێکن کە لەدوای پەسندی یاسای بنەڕەتی بۆ سنووردارکردنی مافی خۆپێشاندان پەسندکراون؛ کە بەو پێیەی لەسەرێ باس کرا، پێچەوانەی چوارچێوەی دارشتنی یاساییە و دەبوایە دیوانی عەداڵەتی وڵات یان خود شۆڕای نیگابان ئەو یاسا و ماددانەی کە دژی ئەسڵی ٢٧ی یاسای بنەڕەتین، هەڵوەشاندبایەوە کە تائێستا تەنانەت لە ئاستی قسەکردنیشدا باسی لێوە نەکراوە.

لەو ماددە و یاسایانەدا چەند بابەتمان بۆ دەردەکەوێ کە چۆنیەتیی بەیاسایی‌کردنی ئەو چوارچێوە و سنوورانەمان بۆ دەردەخا کە دژ و پێچەوانە یاسای بنەڕەتی و هەروەها دژی مافی ئازادی ڕادەربڕین و خۆپێشاندانە.

یەکەم لەو ماددانەدا باس لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان دەکات، کە وایە مەبەست ئەو ڕێکخراوە و نەجوومەنانەن کە کۆماری ئیسلامی لەدوای دامەزرانی پێکیهێناون یان پێشتر دایمەزراندوون یان دانی پێ داهێناون؛ بەو پێوەرە جگە لە بناژۆخوازەکان، ڕیفۆرمخوازەکان و لق و پۆپەکانی ئەو دوو ڕەوتە و ڕەوتەکانی تایبەت بە ڕژیم، مەجالێک بۆ جێبەجێکردنی ئەو مافە لەلایەن حیزبەکانی دیکەی خەڵکەوە نییە. نەتەنیا نییە بەڵکوو لەلایەن دەسەڵاتەوە وەک حیزب پێناسە نەکراون و بەڵکوو بە نەیارانی خۆی ناساندوون و هیچ یەک لەو لەتکەمافانەی کە لەیاسادا دیاریکردوون ئەوان ناگرێتەوە. دووهەم: کەسێتی حقووقی و کەسێتی حەقیقی جگە لە ئەو حیزب و ڕەوتانەی ناویان هاتووە، ناتوانن داوای مۆڵەتنامەی خۆپێشاندان کەن. سێهەم: هیچ مافێک و یاسایەک بۆ خەڵکی ناڕازی دیاری نەکراوە، چوونکی ئەو مۆڵەتنامەیە دیاریی کردووە کە بۆ چ لایەن و ڕەوتێک دەردەکرێ. چوارەم: بە چاولێکردن لە دەقی فارسی و حقووقی ئەو یاسایانە بەڕاشکاوی باس لە خۆپێشاندان (تظاهرات) نەکراوە، ئەوەی هاتووە بەشێوەی (تجمعات و راهپیمایی) هاتووە کە بە مانای کۆڕبەندی و ڕێپێوانە؛ ئەوەش خۆی باری پۆزەتیڤی بەسەردا سوارە و خوێنەر و جێبەجێکارە یاساییەکان زیاتر ئەو مەبەستەی لێ هەڵدەیەنجن کە یاسادانەر مەبەستی لایەنگر و پشتیوانانی بنەڕەتی دەسەڵات یان لانیکەم ڕیفۆرمخوازەکانە، نەک ناڕازییەکان و دژبەرانی.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بۆیە بە وردبوونەوە و شیکاریی یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی لەسەر ئەو بابەتە هەستیارە، هەروەها یاساوڕێساکانی دواتر کە لەسەر ئەو بابەتە پەسند کراون، ڕوون و ئاشکرایە کە بۆ نارازییەکان و تەنانەت دژبەرانی سیاسەتە گشتییەکانی کۆماری ئیسلامی لە هەر ڕەهەند و چەشنێک، هیچ مافێکی یاسایی بۆ خۆپیشاندان یان دەربڕینی ناڕەزایەتی دیاری نەکراوە، کە واتە نارازییەکان بە هیچ شێوەیەک مافی خۆپیشاندان و ڕادەربڕینی سەرشەقام و جۆرەکانی دیکەیان بەشێوەی کۆبوونەوە و کۆڕبەند پێ نەدراوە. بۆیە لە دام و دەزگای حکوومیدا دەبینرێ کە لەو خۆپیشاندانانەی شۆڕشی ژینا، کۆی خۆپیشاندەران، نارازییان و مانگرتووەکان بە ئاژاوەگێڕ، ئاژاوەچی و تێکدەر و شێوێنەر ناوزەد دەکرێن و بەپێی قوورسایی ئەو وشەگەلە لە دادگاکانیان ڕووبەڕووی تاوانە دژەمرۆییەکان وەک شەڕکەر بەدژی خودای و پیسکەری سەر زەوی لەقەڵەم دەدرێن و محاکەمە دەکرێن. ئەوانە لە کاتێکدایە کە لەوبەری پەردەی یاسای کۆماری ئیسلامییەوە هەر وەک لە وتاریکی پێشووتردا باسم کردوە، کارئاسانی بۆ نەهادە ئەمنییەتییەکان کراوە و بە دەستتێوەردان لە یاسا و ئایینامەی هێزەچەکدارەکانی وڵات، دەستئاوەڵەیی و مافێکی بەربەرین و لەڕادەبەدەر بەو بەشانە دراوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ خەڵک، سەرکووت کردنیان و تەقەی ڕاستەوخۆ لەو کەسانەی کە بە هەر هۆیەک دێنە سەرشەقام. ئەوەش لەو خۆپیشاندانانەدا بەئاشکرا دەرکەوتووە کە بەپێی بەڵگە و دیکۆمێنتەکان کەسانێک بەجلی ئاسایی و خەڵکی بەشێوەیەکی دڕەندانە و بەبێ لەبەرچاوگرتنی هیچ چوارچێوە و سنوورێک بە چەکی جۆراوجۆر ڕاستەوخۆ تەقە لە خەڵک دەکەن، دەیانڕفێنن، سەرکووتیان دەکەن و بەرەوڕوویان دەبنەوە و نەتەنیا مافی خۆپیشاندان بۆ خەڵک ناپارێزن و دەبنە هۆی ئاڵۆزی و بشێوی، بەڵکوو ئایینامەی نێودەوڵەتیی هەڵسووکەوتی هێزە چەکدارەکانیش لەبەرچاو ناگرن. کۆی هەموو ئەوانە دەگەڕێتەوە بۆ ئایدۆلۆژیای کۆماری ئیسلامی کە یاسای بنەڕەتیی وڵات و یاساکانی دیکەی پێ داڕێژراوە و لەو ئایدیاییەشدا خەڵک تەنیا دەتوانن لەگەڵ دەسەڵات و بۆ دەسەڵات بن و جگە لەوە، هەر هەڵسووکەوت و قسە و ویستێک بەمانای دوژمنایەتیی خودا و نوێنەرانی خودایە لەسەر گۆی زەوی.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# بۆ جەستەی بریندار و ماندووی ڕۆژهەڵاتی سەربەرزم



**ڕەزا ڕۆژهەڵاتی**

کۆکردنەوەی ئەم هەموو وێنە دڵتەزێن و لە هەمان کاتدا جوان و ناوازە لە پەنا یەکتری بەڕاستی چەتوون و زەحمەتە. پارادۆکسێکی سەیر لە خەم و شانازی تێکەڵ بە زەردەخەنە. دۆکۆمێنتارێکی تاریکوڕوون لە گەلێک کە سالیانێکە لەگەڵ ئازارەکانی ژیاوە و ئێستا لە ئازارەکانی ڕێگەیەکی بەرەو داهاتوو سازکردووە بۆ ئەوەی بانگەوازی ئازادیی و یەکسانی بدات.

ئەم وێنانەی کە هەریەکەیان بەیاننامەیەکی تەواو دژبە ستەم و زۆری و مانیفێستی ئازادین. بڵیند و نەوی ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگر، چیرۆکی نەسرەوتن و بەرخۆدانی ڕۆژهەڵات.

با لە ساتەوەختی ناشتن وماڵئاوایی لە جەستەی پاکی ژینای کوردستان دەست پێ بکەین. ژنێک لەنێو خەڵکدا هاوار دەکات: "ژن، ژیان، ئازادی" و قەرەباڵغی ئامادەبووان بێوەستان دووبارەی دەکەنەوە، وەک ئەوەی ساڵانێکە ئەم دروشمەیان ئامادە کردبێت، ئۆرکێستڕایەکی شایستە کە دوای ماوەیەکی زۆر ڕاهێنان ئێستا خەریکی ژەنینی سەمفۆنیای ڕۆژهەڵاتن، سەمفۆنیای خۆشەویستی و ئازادی، دەڵێی ئەم خەڵکە لەگەڵ ئەم نەوایە ژیاون و گەورە بوون. نەوا و دروشمێک کە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

جوگرافیای بەزاند، سنوورەکانی تێپەڕ کرد و ئێستا لە کۆنسێرتی گرووپی بەناوبانگی "Coldplay"لە دەستی ئەکتەرەکانی هالیوود یان لە دەمی "تۆنی کرۆس"، ئەستێرەی هەڵبژاردەی تۆپی پێی ئەڵمانیا، یان "خابی" کەسایەتیی بەناوبانگی تیک تۆک دووپات دەبێتەوە. زۆر بەنرختر لە هەموو ئەم دووبارەبوونەوەیە، ئێستا "ژن، ژیان، ئازادی" مۆژدەی هاتنی ڕۆژانی ڕووناک ئەدات نەتەنیا بۆ ئێران، بەڵکوو بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بەڵێنی جیهانێکی جوانتر و ڕازاوەتر.

با زۆر دوور نەکەوینەوە، با بگەڕێینەوە بۆ لای سیمبولی شۆڕش، چیرۆکی بەردی گۆڕەکەی ژینا، کورتە نووسینێک و سەرەتای پەیمانێک، هاودەنگییەکی مێژوویی، سوێندێکی شۆڕشگێڕانە؛ "ژینا گیان، تۆ نامری، ناوت دەبێتە ڕەمز" بەڵێن بە ژینا دەدەن و بەڵێنەکەیان جێبەجێ دەکەن، ئەمە سەرەتای شۆڕشێکە، چیرۆکی ڕزگاری لێرەوە دەست پێ دەکات،کۆڵان بە کۆڵان، شەقام بە شەقام، شار بە شار تا بێکۆتایی پێکەوەبوون و یەکریزی، چیرۆکی خەڵکانێک کە دەچنە شەڕی دیکتاتۆری خوێنمژ.

...دەنگی بێوچانی فیشەک لەم ڕۆژانەدا بووەتە هاوڕێی شۆڕشگێڕانی سەر شەقام، ڕەنگە فیشەکەکان لە هەموو کەس باشتر بزانن کە ئەم شۆڕشە گەڕانەوەی نییە، ئاخر ئەوان زیاتر لە هەر کەسێک ئاگاداری ورەی بەرز و ئێرادەی شەهیدانی سوورخەڵاتن. لە گۆشەیەکدا، لە تەنیایی باوکێکی شەهید، کە خەریکی ناشتنی ئاکامی ژیانیەتی، لەژێر بارگرانیی ئەم بەڵا گەورەیەدا، شتێکی تەواو جیاوازی هەیە بۆ ئەوەی بە خەڵکی خەمبار بڵێت. "پێویستە بەردەوام بین، نەهێڵین خوێنی لاوەکان بفەوتێت, ئەمە ڕێگای ئازادییە". دەبێت خەوی داگیرکەران تێکبدەین، دەبێ ببینە کابوسی ڕۆژوو شەویان.

...بەکرێگیراوانی دیکتاتۆر بەردەوامن لە کوشتار، شارەکەم چەند ڕۆژێکە لەژێر فشار و سەرکوتدایە، ئەمە شاری ڕاوەستان و بەرخۆدانە، شاری نەسرەوتن، شەقامەکان لەلایەن گەنجانی چاونەترسەوە داگیرکراوە، هاواری مەرگ بۆ دیکتاتۆر لە هەموو کاتێک بەرزتر دەبیسترێ، کچێک بە قژی پەرێشانەوە ئاڵای کوردستان لەسەر شان، لەژێر بارانی گوللە و دوکەڵ، چاو بە چاو لەگەڵ بەکرێگیراوان وەستاوە و دەستی وەک نیشانەی سەرکەوتن بەرز کردۆتەوە، ئازایەتیی کچانی ڕۆژهەڵات بێوێنەیە، کیژانی وڵاتی خۆر وتەبێژی یەکسانین و بانگەوازی ئازادین. با جیهان بزانێت کە ژنان لە ڕۆژهەڵات ئاڵاهەڵگر بوون و هەن و دەشمێننەوە.

...زیاتر لە دوو مانگە لە هەڵفڕینی باڵندە ئێسکسووکەی خۆرهەڵات تێدەپەڕێت، دیکتاتۆر دەڵێت ئەم شۆڕشە پیلانێک بووە و بنی هاتووە. بەڵام ڕۆژهەڵات بەخەبەرە، دیسان خەڵکانی وڵاتی خۆر، چاونەترسانە لە بن سێبەری زاڵی دەسەڵاتی خوێنرێژ کۆ بوونەتەوە و خەریکی وێناکردنی یەکێک لە جوانترین وێنەکانی شۆڕشن. تا چاو دەتوانێت ببینێت، جەماوەری ئازادیخواز و ئەویندارانی ڕێبازی نەسرەوتن لەسەر شەقامن، دیسان بانگەوازی ئازادی و هاواری پێکەوەبوون، دیسان کچێک



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

به قـژی پەرێشـانەوه وەک نیشـانەی سـەرکەوتن، وەک سیمبۆلی ئـازادیخوازیی ژنـان له ڕۆژهەڵات دەسـتیَ بەرزکـردۆتەوه. دووبارەکردنەوەی چیرۆکی ژن، ژیان، ئازادی.

...داگیرکەران پتر له پێشووش بیَبەزەییترن، بەڵام حەماسه و چیرۆکی بەرگری له ڕۆژهەڵات بەبیَ گۆڕانکاری بەردەوامن. له هەموو شوێنێک وانەی ئازایەتی و قوربانیدان هەیه، ڕەنگه شوێنەکان جیاواز بن، بەڵام ڕاستییەکان نـاگۆڕدرێن، ئێسـتا نۆبەی دایکی شەهیده که لەنێو قەرەباڵغیی ژنانی خەمیندا، وێنەی کوڕی شەهید لەدەست، بـانگەوازی ئـازادی دەدات، ژنـان به فرمێسک و چەپڵەڕێزان دڵداریی دایکی شـەهید دەدەنەوه "دایه مەگـری بـۆ ڕۆڵه، شـەرت بـیَ بسـتێنین تـۆڵه". کەمێک دوورتر هـاواری "شـەهید نامرێت" گوێی ئـاسمانی کەڕ کردووه. هەنـدێک کەس لەژێر تـابووتی شـەهید بەردەوام پەیـام بـۆ داگیرکەران دەنێرن: "کوردستان، کوردستان، گۆڕستانی فاشیستان."

...هەواڵێـک دەگـات، تەرمی شـەهیدێک له ڕێگـادایه، شـوێنەکه گرنـگ نییه، له هەمـوو گۆشـەیەکی ڕۆژهەڵاتـدا خەڵـک خەریکی خۆڵقاندنی حەماسەیەکی نوێن، دیسان خەڵک، دیسان هاوار، دیسان کچێک، دیسان چیرۆکی شۆڕش و سەرکەوتن، بیَ ڕاوەسـتان، سەرنجڕاکێشتر، ڕادیکـاڵتر و چڕتـر له ڕابردوو. ئێسـتا مزگەوتەکـانیش شـوێنی خەبـاتن، ئیسـتا جگه له شەهاده بۆ یەکبوونی خودا، سروودی ماتەمینی شەهیدانیش دەڵێنەوه. لێره دەنگی ژن ڕێگەپێدراو و ڕەوایه، تەنـانەت له مزگەوتیشدا. با دنیا بزانێت ئەمه ڕۆژهەڵاته، ناوەندی خۆشەویستی و ئازادیی.

...داگیرکەران بیَ ئومێد له تێگەیشتن لەو هەموو کۆڵنەدانه، دیسان به هێرشکردنه سەر بارەگاکانی حیزبەکـانی ڕۆژهەڵات له هەرێمی کوردستان، به دوای تۆڵەسەندنەوەدا دەگەڕێن، لەو هێرشه هۆڤیـانەدا چەنـدین پێشمەرگەی نیشتمان شـەهید و بریندار بوون، بەڵام هێشتا تاریکی له وڵات نەگەڕاوه ناوی شەهیدان لەسەر دیواری شار و گونـدەکانی ڕۆژهەڵات دەردەکەون و بەرز دەکرێنەوه. ڕۆژی دواتـر هەمـوو کوردسـتان مـانگرتنه و خەڵـک نـاڕەزایەتی دەردەبـڕن. هەر تێنەگەیشـتی داگیـرکەر! گەمژە! له ڕۆژهەڵات شتێک به نـاوی حیزب و خەڵک بوونی نییه، لێره ئەوه حیزبه نـوێنەرایەتیی خەڵـک دەکـات و خەڵکن خاوەنی سەرەکیی حیزبەکانن.

وەک ئەوەی ئەم دیـمەنەم دەیـان جـار بینیبێت، نـا وەهـم نییه! نـا، من هەمـوو ڕۆژێـک، له هەمـوو شـوێنێک ئەم دیمەنـانه دەبینم. هەموو شوێنێکی وڵاتی خوێ بلێسەی ئاگر و کانگای بەرخودان و نەسرەوتنه. ئەوه چیرۆکی بنەمـاڵەی گەورەی منه له ڕۆژهەڵات. دوژمـن توانـای شـیکردنەوەی ئەو هەمـوو حەماسـه و ئـازادییەی نیـیه، توانـای شـیکردنەوەی ئەم مـرۆڤه ماندوونەناسانەی نییه. ناتوانێت لەو هەمۆ جیاوازییه تیَ بگات.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

چەندە دەنگت بەرزە، ڕۆژهەڵاتی من، ئێستا چیرۆکی بەرخۆدان و خۆڕاگریت جیهانی سەرسام کردووە. ئێستا ئاڵای ئازادیت تا بێکۆتایی شەکاوەیە، دایکی من، نیشتیمانم، وڵاتی ئازار و دەرد، ڕۆژهەڵاتی خەمناک و سەربەرزم، لەم ڕۆژانەی خەم و ئازاردا، کە جەستەی بریندارت لە خەمی شەهیدبوونی لاوەکانت لە هەمیشە ماندووترە. تۆ پێ‌بکەنە، تۆ پێ‌بکەنە، با گوێی ئاسمان کەڕ بێت، با دەنگی پێکەنینەکانت ئەم جوغرافیا خەمناکە پڕ بکات، تۆ بەرگری و کۆڵنەدان لە چیاکانتەوە فێر بووی. خەمی شۆڕەلاوەکانت نەبێ، ئەوان ڕێگای ڕزگارییان دۆزیوەتەوە، لاوەکانت خەوی دیکتاتۆری پیریان تێکداوە.

نیشتیمانم! کەمێک سەبر، بەیانی نزیکە. تاقەت بێنە ڕۆژهەڵاتم، بەهار دێت و برینەکانت سارێژ دەبن، ئەوکات کچان و کوڕانت لە ئاگری هەتا دالاهۆ ئازاد و ڕەها بەبێ ترس لە داگیرکەران ڕەشبەڵەک دەگرن و هەڵدەپەڕن، ئاڵای کوردستان لە دەست هاوار دەکەن: "بژی کوردستان، بژی ڕۆژهەڵات."



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ڕۆژنامەی "کوردستان"، ژمارە ٨٣٦


کوردستان

سەرمان بەرز و قەڵای هیوامان هەر بەپێوەیە

١٤

١٥

١٦

**سێشەممە ١٥ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی = ٦ی دێسەمبەی ٢٠٢٢ی زایینی**

---

## زستانێکی تووش لە بەردەم کۆماری ئیسلامیدا



**عەلی بداغی**

**بەدوای دەسپێکی شەڕی ڕووسیە دژی ئۆکراین لە ساڵی ڕابردوودا بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بە گەورەکردنەوەی کێشەی ڕۆژئاوا لەمەڕ دابینکردنی وزە و سووتەمەنیی هاوردە لە ڕووسیەوە؛ پێشبینیی زستانێکی ئەوپەڕی ساردیان بۆ ئورووپا**



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دەکرد، زستانێکی سارد کە ئورووپا بەچۆک دادێنی و بەوە بەرەی ڕووسیە - ئێران لە هاوکێشە ناوچەیی و جیهانییەکاندا بەهێز دەبێت و گرەوەکە دەباتەوە. بەڵام "شۆڕشی ژینا" هەر لە هاوینەوە ئەو تووش و بەستەڵەکەی تووشی کۆماری ئیسلامیی ئێران کردوە.

نیزیک بە سێ مانگ دوای دەسپێکی شۆڕشی ژینا ڕەنگبێ باشترین بەڵگە بۆ دەسکەوتەکانی ئەو شۆڕشە، نهێنییە درکاوەکان لە دانیشتنی ناوەندە نیزامی و ئەمنیەتییەکان، بەتایبەت بۆڵتەنی تایبەتی بۆ فەرماندەی سپای پاسداران بێت کە لەودا بەئاشکرا ددان بەوە دانراوە ئەگەرچی ڕێژیم پتر لە ناڕەزایەتییەکانی خەزەڵوەری ٩٨ خەڵکی کوشتووە، بەڵام ئەو کوشتارە پاشەکشەی بە ڕاپەڕین و ناڕەزایەتییەکان نەکردووە. ئەوە کە ڕێکخراوی بەسیج هلۆڵ بووە و توانای ڕێکخستنی لایەنگرانی ڕێژیمی نەماوە و، ئەووش کە بەپێی لێکدانەوەی دەزگا هەواڵگرییەکانی ڕۆژئاوا و ڕووسیەش وڵات لە دۆخی ڕاپەڕیندایە.
چەند ئامار و زانیارییەکی دیکەی ئەو بۆڵتەنە نێوخۆییە بۆ ئاکامگیری لەو باسە گرینگن: لەگەڵ ئەوەدا کە مێدیای ڕەسمی ئەژماری خەڵکی ناڕازیی سەرشەقامی بە کەمتر لە ٤٠ هەزار کەس دادەنا، بەڵام لەو بۆڵتەنەدا گوتراوە حەشیمەتی ناڕازیی سەرشەقام پتر لە ٦٠٠ هەزار کەسن، ناڕەزایەتییەکان ٢٢ پارێزگای وڵاتیان گرتۆتەوە و جیا لە مانگرتنی بەردەوام لە بەشێکی زۆر لە کوردستان زیاتر لە هەزار کۆبوونەوەی مانگرتن و ناڕەزایەتی لە زانکۆکان بەڕێوە چوون. ئەوە کە ناڕەزایەتییەکان سەرانسەرین و تەنانەت بەشێکی زۆری دەسبەسەرکراوان لە بنەماڵەی کوژراوەکانی شەڕی ٨ ساڵەی ئێران و عێراق و لە کارمەند و مووچەخۆرانی دەوڵەتن، و ئەووش کە سەتا ٨٤ی خەڵک ناڕەزایەتیی سەرشەقام بە چارەسەری کێشە و قەیرانەکانی کۆمەڵگە دەزانن و سەتا ٧٠ی خەڵکی ئێران هیچ مەیلێکیان بۆ پشتیوانی لە ڕێژیم نییە، واتە شەرعییەت و ڕەواییەتی کۆماری ئیسلامی بە یەکجاری هەرەسی هێناوە. گرینگتر لە هەموو ئەوانەش ئەوە کە ترسی خەڵک لە هێزە چەکدارەکان و ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم شکاوە.

بابەتی گرینگی دیکە لەو بۆڵتەنەدا داننان بە ئاستی تەمەنیی بەشدارانە کە گوتراوە لەو ٣٠ هەزار کەسەی هەتا سەرەتای مانگی سەرماوەز بە تاوانی بەشداری لە خۆپێشاندانەکاندا گیراون ٢٥٠٠ کەسیان قوتابین و پتر لە سەتا ٤٠یان خوار تەمەن ٢٠ ساڵن، هەروەها سەتا ٩٣ی دەسبەسەرکراوەکان هیچ پێشینەیەکی گرتن و تاوانکارییان نەبووە. ئەمەش دوو دەرهاویشتەی هەیە: یەکەم مایەپووچبوونی ڕێژیم لە پەروەردەکردنی نەوەیەکی لایەنگری نیزام سەرەڕای تەرخانکردنی هەموو ئیمکاناتێکی ماددی و مێدیایی بە درێژایی چوار دەیەی ڕابردوو. دووهەم، وەدرۆکەوتنەوەی دەزگای پروپاگەندەی ڕێژیم کە گوایا دەسبەسەرکراوان هەموو بەکرێگیراوی بیانییەکان و کەسانی لاپرەسەن و لاتولووتەکانی کۆمەڵگە بوون! بۆیە وەک بۆخۆیان دانی پێدا دەنێن ڕاپەڕین هەموو کەلێن و قوژبنی وڵاتی تەنیوە و ئەوە هێزەکانی ڕێژیم کەوتوونەتە تەنگانەوە، بۆیەشە خامنەیی لەلایەک بە چەندقاتکردنی مز و مووچەیان و لەلایەکی دیشەوە بە هەڕەشە و ترساندن بۆ



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

خۆڕاگری لەهەمبەر شۆڕشی خەڵک هانیان دەدات.

ڕاپەڕینی "ژن، ژیان، ئازادی" هەتا ئێستا توانیویەتی کۆمەڵگەی ئێران لە ئاستی سەرانسەریدا بۆ خەباتێکی بەردەوام لەدژی دەسەڵات ڕێک بخات، ترسی لاوان و ژنان لە بەرەورووبوونەوە لەگەڵ هێزە ئەمنیەتییەکاندا نەهێڵێ و لە پێناو ئامانجێکی هاوبەشی چارەنووسسازدا هاوپێوەندیی نێوان چین و توێژ و نەتەوە بەرهەڵستکارەکانی ڕێژیم لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات بەرینتر و بێوێنە بکات؛ بە جۆرێک کە هیچ کام لە سیاسەت و بەرنامە کردەیی و سەرکوتکارییەکانی ڕێژیم نەیتوانیوە درز بخاتە نێوان ئەو یەکریزی و هاوپێوەندییە. هەروەها ڕوون و ئاشکراشە پێچەوانەی ئەوەی ئیدیعا دەکەن کە هەتا ئێستا هەوڵیان داوە بە نەرمینواندن کۆتایی بە ناڕەزایەتییەکان بێنن، ئەو قسانە نیشانەی دەستەوەستانی و بێتواناییانە، ئەگینا هەموو هەوڵی هێزە سەربازی و ئەمنییەتییەکان زووتر بنەبڕکردنی ڕاپەڕینەکەیە، بۆیە تەنانەت تاقم و هێزە بیانییەکانی سەر بە "بەرەی مقاومەت"یشیان بە خڕی لە سەرکوتی خەڵکدا بەشدار کردووە، یا ئەو ڕادەیەش کە ڕێگەیان پێ بدەن بۆ قەڵتوبڕی خەڵکی بێدیفاعی کوردستان کە بە دەستی بەتاڵ لەسەر شەقامەکانن، چەکی نیوەقورسی دۆشکا بەکار بێنن.

لافاوی ڕاماڵینی کۆماری ئیسلامی وەڕێ کەوتووە. کورد و نەتەوە بێمافەکانی دیکەی وەک بەلووچ کە لەمێژساڵە بانگی ئازادیخوازییان لە پێچەڵپێچەکانی دەزگای چەواشەی ڕێژیمدا بە جیاییخوازی لێک دەدرایەوە و دەرخواردی بیروڕای گشتی دەدرا، ئێستا نەک دەنگیان وەک خۆی دەبیستریّ، بەڵکوو بوونەتە پێشەنگ و ئیلهامدەر و هاودەنگی و هاوپشتیی هەموو جۆراوجۆرییەکانی ئێرانیان ڕەگەڵ خۆیان خستووە. ناڕەزایەتییەکانی سەرشەقام و هاواری خوێندکاران و مانگرتنی بازاڕ، ئاوێتەی مانگرتنی کرێکاران، سەنعەتکاران، بارهەڵگران و زۆربەی جومگە ئابوورییەکان بووە و هەر لەو سۆنگەیەوە لە ئێستاوە بۆرسەی وڵات دارماوە.

سەرهەڵدانی ئەمجارەی ئێران بارودۆخی وڵاتی بە شێوەی بنەڕەتی گۆڕیوە و گەیوەتە خاڵی بێگەڕانەوە. ئەم ڕاپەڕینە هەم کەڵەکەبووی ناڕەزایەتییەکانی چوار دەیەی ڕابردوو، و هەم لێکگرێدانی ناڕەزایەتییەکان بۆ مافی نەتەوایەتی، ئازادیی سیاسی، یەکسانیی ڕەگەزی، باشبوونی دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتییە کە ڕیزی پیاوان و ژنان، قوتابییان و مامۆستایان، کرێکاران و وەرزێران، هونەرمەندان و وەرزشکارانی خەباتکاری یەک خستووە و کردوونی بە ئۆپۆزیسیۆنێکی یەکگر لەدژی کۆماری ئیسلامی.

کۆماری ئیسلامی لە کوێرەکۆڵانی ئێستای دۆخەکەیدا چەقیوە. ناڕەزایەتییەکان نەک بە ڕیزکردنی هەموو ناوەندەکانی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سەرکوت و بە زەبری چەک و زەبروزەنگ و سەپاندنی سزای ئێعدام بەسەر دەسبەسەرکراوەکاندا دانەمرکاون، بەڵکوو قەیرانە ئابوورییەکان لە مانگەکانی داهاتوودا هێندەی دیکە بڵێسەدارتری دەکەن. ڕێژیمیش کە نەک دەرفەتی هیچ پاشەکشە و چاکسازییەکی بۆخۆی نەهێشتۆتەوە، بەڵکوو هەر لە جێدا زەرفییەتی بادانەوە و لاکردنەوە لە خواستەکانی خەڵکی نییە، چونکی خۆیشی دەزانێت کە ئەو دۆمێنۆیە یەکسەر بەرەو هەڵدێری نەمانی نەبات. لە ئاستی نێونەتەوەییشدا گوازرانەوەی پرسی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە بابەتێکی مێدیایی ڕا بۆ "پێکهێنانی لێژنەی دەرخستنی زانیارییەکان" وەک بەرگژەیەکی نێودەوڵەتی بۆ کۆماری ئیسلامی لە تەنیشت وەلانرانی "بەرجام" و قەیرانی هاوبەشیی ڕێژیم لە شەڕی ئۆکرایندا دۆخەکەی بۆ تەواوەتیی کۆماری ئیسلامی تەواو شپرز کردووە.

زستانێکی سارد و تووش چاوەڕوانیی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکات.

---

## (دەقی قسەکانی مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکرات لە بیست و شەشەمین کۆنگرەی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیستدا)




مستەفا هیجری: جووڵانەوە بۆ گۆڕینی ڕێژیم لە ئێران دەبێ پابەند بێ بە ئازادی، یەکسانیی ڕەگەزی، سێکۆلاریزم و دێموکراسی

بەڕێزان!



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئێمە بە چەند هۆ شاهیدی سەرهەڵدانێکی بێوێنە لە ئێرانین.

**یەکەم**، خۆپیشاندانی ئاشتیخوازانە لە پتر لە ٣١ پارێزگای وڵات بەڕێوە چوون. لە کاتێکدا کە بە میلیۆنان خەڵک بەشداری خۆپیشاندانەکانی ٢٠٠٩ (١٣٨٨ی هەتاوی) بوون، بەڵام ئەوان بە شارە گەورەکانەوە بەسترابوونەوە. ڕێبەرانی جووڵانەوەی سەوز وەفادار بە ڕێژیم بوون و داوای ئاڵوگۆڕی بنەڕەتییان نەدەکرد، چ بگات بە گۆڕینی ڕێژیم. لەبەر ئەو هۆیە، جووڵانەوەی سەوز مەحکوم بە شکست بوو، و قەت نەبوو بە جووڵانەوەی زۆرینەی خەڵک لە ئێران.

**دووهەم**، و گرینگتر، خۆپیشاندەران ئێستا داوای گۆڕینی ڕێژیم دەکەن. بۆیە سەرهەڵدانی ئەو دواییانە جیاواز و جێگای دڵخۆشییە. سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، بەبێ لەبەرچاو گرتنی ئەتنیک، ئایین، تەمەن و زایەند، چالاکانە بەشداری سەرهەڵدانەکەن. ژنان، لاوان و کەمینە نەتەوەییەکانیش پێشڕەوی سەرهەڵدانەکە بوون.

**سێهەم**، ڕزگاریی ژنان، ژیانی شکۆمەندانە و ئازادی لە جیات هەر دوورەدیدێکی ئایدیۆلۆژیکی نەریتیی ئێرانییەکانی لە هەوڵ بۆ گۆڕینی ڕێژیم یەک خستووە. ئەو سەرهەڵدانە پێشکەوتنخوازانەیە و ئامانجەکانی لە بایەخەکانی دێموکراسییەکانی ڕۆژاوایی و جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکاندایە.

**چوارەم**، یەکگرتوویەکی سەرەتایی لەنێو کەمینە ئەتنیکییەکانی ئێران سەری هەڵداوە، سەرەڕای سیاسەتی دەیان ساڵەی ڕێژیمی ئیسلامی بۆ نانەوەی دوژمنایەتی لەنێوان فارس، کورد، عەرەب، تورک و بەلووچاندا. بە تایبەتی، ئێمە شاهیدی دەربڕینی هاوپشتی دەگەڵ گەلی کورد و خەباتەکەی بۆ ئازادی لە ناوچە ناوەندییەکانی وڵاتین.

پێویست بە وەبیر هێنانەوەیە، کە ئەو سەرهەڵدانە لە کوردستانی ئێران، دوای کوژرانی کچەکورد، ژینا (مەهسا) ئەمینی دەستی پێ کرد. مەرگی کارەساتباری ژینا بەجوانی یەکتربڕینی نێوان سەرکوتی ژنان و کەمینە نەتەوەکانی ئێرانی ئاشکرا کرد.

حیزبی ئێمە و حیزبە سیاسییە کوردییەکانی دیکە دەوری سەرکییان لە ڕێکخستنی خۆپیشاندانەکان لە شارەکانی کوردستاندا گێڕا، کە دواتر بۆ ناوچەکانی دیکەی ئێران پەرەیان ئەستاند.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەڕێزان!

ئەو سەرهەڵدانە وێدەچێ دەستپێکی شۆڕشێکی دیکە، لە شێوەی شۆڕشی ١٩٧٩ (١٣٥٧ی هەتاوی) بێت.

ئێمە، حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، ماوەیەکی دوورودرێژە چاوەڕوانی ڕووخانی کۆماری ئیسلامیمان کردووە. ئێستا ئێمە زۆرتر لە پێشوو دڵنیاین کە ڕێژیمی ئیسلامی بە شێوەیەک لە شێوەکان تێک دەڕووخێت.

بەکورتی، من دەمهەوێ سەرنجی ئێوە بۆ ئەو فاکتەرانەی خوارەوە ڕاکێشم تا شیی بکەمەوە بۆچی خەڵکی ئێران داوای گۆڕانی ڕێژیم دەکەن:

**یەکەم**، ڕێژیمی ئیسلامی لەگەڵ تێپەڕینی کات بۆتە هەلاواردنکار و سەرکوتکار. تەنانەت وەفادارانی ڕێژیم پەراوێز دەخرێن. لە نێوەڕاستەکانی نەوەدەکانی زایینییەوە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ئێران لە هەڵبژاردنە ساختەکانی ڕێژیمدا بەشدار دەبوون و بە هیوای ئاڵوگۆڕ لەنێو ڕێژیمدا دەنگیان بە بەناو ڕیفۆرمخوازەکان دەدا. بەڵام، بەناو ڕیفۆرمخوازەکان وەفادارانی ڕێژیم بوون کە لەجیاتی ئاڵوگۆڕ لە کۆماری ئیسلامی خوازیاری پاراستنی ڕێژیم بوون. ئێمە لە نەوەدەکانی زایینییەوە لەو بارەوە هۆشداریمان داوە. وردە وردە، خەڵک لەناوخۆی ئێران تێگەیشتن کە ئەو ڕێژیمە بۆ چاکسازیی نابێ.

**دووهەم**، سیاسەتی تێکدەرانەی ناوخۆیی و دەرەوەی ڕێژیم بووە هۆی قووڵتر بوونەوەی قەیرانە سیاسی، ئابووری و ژینگەییەکان کە وڵات بەرەوڕوویان بۆوە. لە کاتێکدا کە هەژاریی و بێکاری پەرەی ئەستاندووە، گەندەڵی بۆتە پەتایەک لە کۆماری ئیسلامیدا، پشتیوانیی دارایی ڕێژیم لە میلیشیا جۆراجۆرەکان و تاقمە تێرۆریستییەکانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، لە نێویاندا ڕێژیمی مرۆڤکوژی بەشار ئەسەد، بۆتە هۆی نارەزایەتیی جەماوەری. هاوکات بەرنامەکانی ناوکی و هاژەکیی ڕێژیم و هەروەها پشتیوانیی لە تێرۆریزم بوونە هۆی گەمارۆی ناونەتەوەیی.

**سێهەم**، لەگەڵ وشیار بوونەوەی خەڵکی ئێران لەو ڕاستییە کە کۆماری ئیسلامی نەتەنیا خۆشبژێویی و ئاسایشی ئەوان پاشگوێ دەخات، بەڵکو بەکردەوە بۆتە هەڕەشە بۆ سەر خۆشبژێویی و ئاسایشیان، ئەوان لە هێنانە گۆڕی داواکارییەکانیاندا لێبڕاوانەتر بوون و بێتاقەتیی ئەوان لەمەڕ دۆخی هەنووکەیی پەرەی ئەستاند. ئەگەرچی ڕێژیم وەبەرهێنانی بەرچاوی لە مێشکشۆردنەوەی جیلەکانی دوای شۆڕش بە بۆچوونەکانی ئیسلامیی کردووە، ئەوان بە کردەوە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بوونە دژی ئیسلامی. ژنان و کەمینە نەتەوەییەکان لە ئێران بە شێوەی سیستماتیک سەرکوت دەکرێن. ڕاشکاوانە بدوێم، جیلی لاو لە ڕێژیم وەڕەز بووە و دەیهەوێ ژیانی خۆی بۆ گەیشتن بە ئازادیی لەمەترسی هاوێ. بەکورتی، لە هەر ڕوانگەیەکەوە، ڕێژیمی ئیسلامی شکستی خواردووە و ئاسەواری ئەو سیاسەتە وێرانکەرانە لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی ئێراندا هەستی پێ دەکرێت. لەبەر ئەو هۆیە، ئێمە نابێ لە داوای خەڵکی ئێران بۆ گۆڕینی ڕێژیم سەرمان سوڕ بمێنێ.

ئێمە هیواداریـن تێکڕمانی ڕێژیم هێمنانە بێ. ئێمە کەتوارگەراین و پێمانوایە ئەو ڕێژیمە تا کۆتایی کەڵک لە توندوتیژی وەر دەگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە بەشێک لە ئەندامانی هێزە چەکدارەکان سەرپێچی لە بەکارهێنانی هێزی کوشندە دژی خۆپیشاندەرانی ئاشتیخواز دەکەن. ئێمە هیواداریـن هێزە چەکدارەکان لە کۆتاییدا واز لە ڕێژیمی ئیسلامی بێنن و تێکەڵی خەڵک بن.

بۆ پێشگرتن بە دووپات بوونەوەی هەڵەکانی پێشوو، ئێمە لەسەر ئەو بڕوایەین کە سەرهەڵدانی جووڵانەوە بۆ گۆڕینی ڕێژیم لە ئێران دەبێ پابەند بێ بە ئازادیی، یەکسانیی ڕەگەزی، سێکولاریزم و دێموکڕاسی. بێ ئەرکداریی بەرانبەر بە دێموکڕاسی و دامەزراندنی ئۆپۆزیسیۆنێکی گشتگیر، بە داخەوە مێژووی سیاسی ئێران فێرمان دەکات کە مەترسی بە بارمتەگیرانی شۆڕش بۆ ئازادی دەتوانێ لە لایەن هێزە دژە دێموکراتیکەکان بە بارمتە بگیرێت. ئەوە شتێک بوو کە لە ١٩٧٩(١٣٥٧ی هەتاوی)، کاتێک ئیسلامییەکان دیکتاتۆریی ئیسلامییان بە سەر ئێراندا سەپاند، قەوما.

ئەوە لە پێش هەموو شتێکدا ئەرکی ئێمە ئێرانییەکانە کە دڵنیا بین شۆڕشی داهاتوو پارێزەری ئازادی و دێموکڕاسی بێ. لەگەڵ ئەوەشدا، ئێمە پێویستیمان بە پشتگیریی سیاسیی دێموکراسییە ڕۆژاواییەکانە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە پێشکەوتنخوازانە.

بەڕێزان!

ڕێگام بدەن، وەک ڕێبەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، بە ئاگاداریی ئێوە بگەیەنم کە حیزبی ئێمە لە ١٩٤٥ (١٣٢٤ی هەتاوی) بەو لاوە بۆ دێموکراسی لە ئێران و خۆبەڕێوەبەریی گەلی کورد خەباتی کردووە. ئێمە، بە پێچەوانەی تەبلیغاتی کۆماری ئیسلامی، بە تەمای دابەش کردنی ئێران نین.

دیدی دووری ئێمە بۆ داهاتووی ئێران دێموکڕاسییەکی سێکولار، دێموکڕاتیک و فێدراڵە کە لەویدا سەروەریی یاسا جێبەجێ



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دەکرێت و کەمینە نەتەوەییەکانی ئێران، کە بە یەکەوە نیوەی حەشیمەت پێک دێنن، لە ناوچەکانی خۆیاندا خۆیان بەڕێوە دەبەن. لە ڕوانگەی سیاسەتی دەرەوە، ئێمە لەسەر ئەو بڕوایەین کە ئێران دەبێ لەگەڵ دراوسێکانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە ئاشتی بژی و پەیوەندیی بنیاتنەری دەگەڵ دێموکراسییەکانی سەانسەری دنیا هەبێ، بە تایبەتی دێموکڕاسییەکانی ڕۆژاوایی. بۆ وەدیهاتنی دیدێکی دووری ئەوتۆ، پێویستە ئێران دەگەڵ خۆی بە ئاشتی بژی. بێ ئازادی، سێکۆلاریزم، دێموکراسی و سیستەمێکی فێدراڵ کە ڕەنگدانەوەی فرەڕەنگیی ئێران بێ، گەیشتن بە ئاشتی لە نێوخۆ و لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست مومکین نییە، چ بگا بە پەیوەندیی بونیاتنەرانە دەگەڵ دنیای ڕۆژاوا.

ئێمە داوا لە وڵاتە دێموکڕاتیکەکان دەکەین تا هەنگاوی بە کردەوە بۆ پشتیوانیی لە سەرهەڵدانی خەڵکی ئێران هەڵگرن. ئەوان دەبێ ئۆپۆزیسیۆن لێک نزیک بکەنەوە. ئەوان دەبێ دەست بە دیالۆگ لەگەڵ هێزە دێموکڕاتیکە کوردییەکان بکەن و یارمەتییان بدەن.

وڵاتانی دێموکڕاتیک دەبێ دەستبەجێ هەنگاوی پێویست بۆ جێبەجێ کردنی دەستڕاگەیشتنی جێگای متمانەی خەڵکی ئێران بە ئینتەرنێت هەڵێنن. گەمارۆی ئامانجدار دژی ڕێژیم دەبێ بەردەوام بن و پەرەیان پێ بدرێ.

ڕێککەوتنی ناوکی کە خەریکە دەگەڵ کۆماری ئیسلامی وتووێژی لەسەر دەکرێ تەنیا بە قازانجی ڕێژیمی ئیسلامییە، هەر وەک چۆن دیتمان کاتێک زلهێزە ڕۆژاواییەکان لە ٢٠١٥ (١٣٩٤) دەگەڵ ئێران گەیشتنە ڕێککەوتن، سوودە ئابوورییەکانی ڕێککەوتنی ناوکی پێشوو بۆ گەشە پێدانی بەرنامە سەربازییەکان کەڵکی لێ وەر گیرا، وەک بەرنامەی هاژەکی و بەهێزتر کردنی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی و لایەنەکانی دیکە کە خەڵکی ئێران سەرکوت دەکەن، هەروەها بۆ پشتیوانی دارایی لە تاقمە تێرۆریستییەکانی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

لەبەر ئەو هۆیە ئێمە داوای ئاڵوگۆڕ لە سیاسەتی ڕۆژاوا بەرانبەر بە ئێران دەکەین. لە جیاتی پێشتریەتیدان بە پرسی ناوکی، دێموکڕاسییەکانی ڕۆژاوا دەبێ پشتیوانی لە خەباتی خەڵکی ئێران بۆ ئازادی و دێموکڕاسی بکەن. ئەوە تەنیا بە گۆڕانی ڕێژیمە کە ڕێگاچارەیەکی ئاشتییانە و بەردەوام بۆ پرسی ناوکی دابین دەبێ. ئێران تەنیا ئەو کاتە کۆتایی بە ناسەقامگیر کردنی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دێنێ کە خاوەنی دێموکڕاسی بێ.

بەڕێزان!



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

پشتیوانی لە دێموکڕاسی لە ئێران نەتەنیا لە ڕوانگەی ئەخلاقییەوە ڕەوایە؛ بەڵکو سیاسەتێکی وشیارانەشە!

سوپاس بۆ سەرنجدانتان.

---

## مەولوود سوارە: ڕاپەڕینی ژینا و دروشم و بایەخەکانی لە کۆنگرەی SI دا ڕەنگیان دابۆوە




**دیمانە: عەلی بداغی**

**ئاماژە:** بیست و شەشەمین کۆنگرەی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست لە ڕۆژانی هەینی هەتا یەکشەممە، (٤-٦ی سەرماوەز) لە مادریدی ئیسپانیا بەڕێوە چوو. شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وەک ئەندامی ئەسڵیی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست بە سەرپەرستیی کاک مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزب لە کۆنگرەکەدا بەشدار بوو. کاک مستەفا هیجری لە دووهەمین ڕۆژی کاری کۆنگرەدا وتارێکی پێشکێش کرد و بڕیارنامەیەکیش لە پێوەندی لەگەڵ دۆخی ئێران و ڕاپەڕینی ژینادا پەسند کرا. هەروەها لە کۆنگرەی ئینترناسیۆناڵ سوسیالیستدا بۆ ڕێزگرتن لە خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات لە پێناو ئاشتی، ئازادی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، سپاسنامەیەک پێشکەش بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرا. "کوردستان" بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر کاروباری کۆنگرە و باس و دەرەنجامەکانی وتووێژێکی لەگەڵ مەلوود سوارە، ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و نوێنەری حیزب بۆ کاروباری ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست پێکهێناوە:



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**عەلی بداغی:** کاک مەولوود بەپێی دەستووری کاری کۆنگرەی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست، گرینگترین باس و خواستەکانی ئەم کۆنگرەیە چ بوون؟

**مەولوود سوارە:** ئەم کۆنگرەیەش وەک هەموو کۆنگرەکانی دیکە باسەکان زۆرتر لەسەر پرسە گرینگەکانی ژینگە و سیاسەت و باس و خواسەکانی ئەندامانی ئەسڵی لەسەر رەوشی وڵاتەکانی خۆیان بوو. بەڵام لە هەمووی ئەوانە گرینگتر هەندێک گۆڕانکاریی بنەرەتی لە کاروباری ڕێکخراوەیی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست کران. بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠٠٦وە کە جۆرج پاپاندریۆ سەرۆکی ڕێکخراوەکە هەتا کۆنگرە بوو، هەروەها لە ساڵی ١٩٨٩ی زایینینەوە کە لویس ئەیالا سکرتێری ئێس ئای بوو؛ لە کۆنگرەدا بەرپرسایەتییەکان گۆڕدران. بەمجۆرە پێدرۆ سانچێز، سەرۆک وەزیرانی ئیسپانیا بوو بە سەرۆکی ئینترناسیۆنال سۆسیالیست و هەروەها خاتوو بێنێدیکتا لاسی بوو بە سکرتێری ئێس ئای کە ئەم گۆڕانکاریە بە خاڵەوەرچەرخانێک لە چارتی ڕێکخراوەیی ئینترناسیۆنال سۆسیالیستدا دادەنرێت.

**عەلی بداغی:** گرینگترین بڕیارەکانی کۆنگرە چ بوون؟

**مەولوود سوارە:** جگە لە گۆڕانکارییەکان لە چارتی ڕێکخراوەیی و گۆڕینی بەرپرسایەتییەکان کە لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا باسم کرد، پەسەندکردنی بڕیارنامەکانی کۆنگرە کە یەک لەوان بڕیارنامانە لەسەر دۆخی ئێران و کوردستانی ئێران بوو، دەتوانین بە گرینگترین بڕیارەکانی کۆنگرە دابنێین کە لە دڵی باس و خواسە سیاسییەکانەوە دەرکەوتبوون..

ئەگەر ئیجازەم بدەن کەمێک زیاتر ئەم باسە بکەمەوە، دوای کۆنگرەی بیست و سێ (٢٠١٢ - ئەفریقای جنوبی- کەیپ تاون) کیشە کەوتە نێو ئینترناسیۆنال سۆسیالیست لەمەر هەڵبژاردنەوەی دووبارەی لویس ئەیالا. ئەم کێشەیە کە لەم کۆنگرەدا سەری هەڵدا، لە کۆبوونەوەی شورای IS لە لیزبۆنی پۆرتۆغال (٣ی فێبریویری ٢٠١٣) تەقییەوە و بەشێکی بەرچاو لە وڵاتانی ئیسکاندیناوی و ئورووپا ڕۆژی ٢٢ی مەی ٢٠١٣ کۆمەڵگرووپ یا ڕێکخراوێکیان بە ناوی پرۆگرێسیف ئەلاینس (هاوپەیمانی پێشڕەو) ڕاگەیاند و کۆنگرەی یەکەمی خۆشیان لە ڕۆژانی ١١و ١٢ی مارسی ٢٠١٧ لە ئالمان - بێرلین گرت.

دیارە ئەو لایەنانە جیا لە حیزبی سۆسیال دێموکراتی سوئید کە کشانەوەی یەکجاریی خۆی لە ئێس ئای ڕاگەیاند باقی حیزبەکانی دیکە هەر لە "ئێس ئای"دا مابوونەوە، بەڵام بەشداری کۆبوونەوەکان نەدەبوون. بۆیە بەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە بیستوشەشەمین کۆنگرەی ئینترناسیۆنال سۆسیالیستدا لە مادرید کرا، پێم وایە هەموو ئەو لایەنانەی دیکەش جارێکی دی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دەگەڕێنەوە نێو ئێس ئای. هەر لەوێش نوێنەری حیزبی کرێکاری بریتانیا لۆید ڕاسڵ مۆیل کە ئەندامی پارلمانی بریتانیاشە، لە وتارەکەیدا داوای ئەندامەتیی حیزبەکەی کردەوە و ئەوە دەسپێکێکە بۆ گەڕانەوەی هەموو حیزبەکانی دی.

**عەلی بداغی**: وتاری شاندی حیزبی دێموکرات لەلایەن بەشدارانی کۆنگرەوە چۆن وەرگیرا؟

**مەولوود سوارە**: خەباتی دێموکراسیخوازی کورد لە ئێران و پێگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێکخراوی ئینترناسیۆنال سۆسیالیست ئەو ستاتوییەی بە حیزبی دیموکرات بەخشیوە کە باس و بابەتەکانی بەبایەخی زۆرەوە وەرگیرێن. ئەوە جیا لەوەی لە ئێستا ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران و ناوی ژینا و دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" و ئامانجی ڕاپەڕینەکە سنووری ئێرانی بەزاندووە و هەموو ئەوانەش کاکڵ و جەوهەری پەیامەکەی بەڕێز کاک مستەفا هیجرییان پێ دێنا. بۆیە وتارەکەی بەڕێز بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەری گشتی زۆر بە ئەرێنی وەرگیرا. تەنانەت دەتوانم بڵێم کە دوای ئەویش ئەو بەها و بایەخ و باسانەی لە وتارەکەی کاک مستەفادا هاتبوون، لە وتاری جێگر و سەرۆک و بەرپرسانی یەکەمی حیزبەکانی دیکەشدا ڕەنگی دایەوە.

**عەلی بداغی**: شاندی حیزبی دێموکرات لە کۆنگرەدا دیدار و کار و چالاکییەکانی چۆن بوو؟

**مەولوود سوارە**: خۆتان دەزانن لەم کۆبونەوە و کۆنگرە و کۆبونەوەکانی ئێس ئای دا دیدارو چاوپێکەوتنەکان دووبارە دەبنەوە، بەڵام جیاوازیی دیدارەکانی ئەم جارە لەگەڵ کۆبوونەوەکانی پێشوو ئەوە بوو کە یەکەم حیزبی دێموکرات یەکی گرتۆتەوە و ئەوە قورسایی پتری بە پێگەی حیزبی دێموکرات لای ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە نێونەتەوەییە بەخشیبوو، دووهەم ئەوە کە بەڕێز کاک مستەفا هیجری بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک کەسی یەکەم لەم کۆنگرەیەدا بەشدار بوو کە ئەوەش گرینگیی پتری بە دیدار و چاوپێکەوتنەکانی شاندی حیزب لەگەڵ لایەنەکانی دیکە دابوو.

هەروەە لە هەواڵەکانیشدا بەووەخت بڵاو بۆوە، کاک مستەفا هیجری کە سەرپەرستیی شاندی حیزبی لە کۆنگرەی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست دەکرد، لە ڕۆژی دووهەمی کاری کۆنگرەدا و لە چەند دیدارێکدا دۆخی سیاسیی ئێران و کوردستان و دواگۆڕانکارییەکانی ڕاپەڕینی نوێی خەڵکی ئەم وڵاتەی لەگەڵ چەند کاربەدەستێکی سیاسیی وڵاتان هێنایە بەر باس. شاندی حیزب لەو دیدارانەدا بەجیا لەگەڵ "پیا لۆکاتێللی"، نوێنەری پارلەمانی ئورووپا، "لۆید ڕاسڵ مۆیل"، ئەندامی پارلەمانی بەریتانیا لە حیزبی کار و "تەمیرلان سولتانبەکۆڤ"، سەرۆکی پارتی سۆسیال دێموکراتی قرقیزستان کۆ بۆوە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لەو چاوپێکەوتنانەدا وێڕای ئاڵوگۆڕی بیروڕا لەسەر پرسە هەستیارەکانی ئێستای جیهان، کاک مستەفا سپاسی هەڵوێستی ئەوانی بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران کرد.

هەروەها بۆ ئەم کۆنگرەیە نامیلکەیەک بە زمانی ئینگلیزی لە ٥٠ لاپەڕەدا ئامادە لەسەر بابەتی موشەکبارانی بنکە و بارەگا مەدەنییەکانی حیزبی دێموکرات بەهۆی هێرشەکانی کۆماری ئیسلامییەوە ئامادە کرابوو، لەگەڵ کۆمەڵێک بەڵگەنامەی تایبەت بە دۆخی کوردستانی ئێران و ڕاپەڕینە سەرانسەرییەکە کە لە هەموو دیدار و چاوپێکەوتنەکاندا بەڕێز کاک مستەفا ئەو نامیلکەیەی پێشکەش دەکردن. بۆیە ئەمن پێموایە شاندی حیزبیمان هەم زۆر باش وەرگیرا و هەم توانی هەیئەتێکی سەرکەوتوو بێت لە ڕاپەڕاندنی کاروباری کۆنگرەکەدا و گەیاندنی پەیام و قسەی خەڵک و شۆڕشی ئێستای ئێران بەو ڕێکخراوە گرینگە نێونەتەوەییە.

**عەلی بداغی:** لە کۆنگرەدا ڕێز لە خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات گیرا، لەو بارەیەوە ئەگەر ڕوونکردنەوەی زیاترمان بدەیتێ.

**مەولوود سوارە:** حیزبی ئێمە مێژوویەکی دوورودرێژی لەگەڵ ئینترناسیونال سۆسیالیستدا هەیە و دوکتور قاسملوو و دوکتور سەعید هەردووک سکرتێری حیزبمان دوای کۆبوونەوەکانی ئێس ئای بەداخەوە شەهید بوون. کەواتە حیزبی ئێمە لەو ڕێگەیەدا بەهای یەکجار زۆر گەورەی داوە. لەلایەکی دیکەشەوە حیزبی دێموکرات بۆ ئامانجەکانی ئێس ئای کە دادپەروەری و یەکسانی و ئازادی و دێموکراسی و مافەی مرۆڤە، هەم خەباتێکی دوورودرێژی کردووە، هەم تەوەری سەرەکیی خەباتی حیزبەشمان ئەو بەها و بایەخانەن کە قوربانیی زۆرمان بۆ داون و وەک ئەندامی ئەسڵی ڕێکخراوەکەش هەمیشە پایەندیان بووین. کۆی هەمووی ئەوانە وای کرد کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران شانازیی ئەوەی بدرێتێ کە لەو شوێنە گرینگەدا ڕێزی لێ بگیردرێ. دیارە هەر بۆ زانیاریی خوێنەرانی "کوردستان" بەڕێز کاک مستەفا ڕێزنامەکەی لە دەست پێدرۆ سانچێز و خاتوو بێنێدیکتا لاسی، سەرۆک و سکرتێری هەڵبژێردراوی ئێس ئای و هەروەها جۆرج پاپاندریۆ و لویس ئەیالا، سەرۆک و سکرتێری پێشووی ڕێکخراوەکە وەرگرت.

**عەلی بداغی:** هەر لە پرسیاری یەکەمدا باسی پەسندکرانی بڕیارنامەیەکی پێوەندیدار بە دۆخی کورد لە ئێران لە کۆنگرەکەدا کرد، بەڵام ئەم بڕیارنامەیە چەندە و چۆن دەتوانێ کاریگەریی لەسەر بڕیاری وڵاتان هەبێت؟



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**مەولوود سوارە**: لەپێشدا دەمەوێ بڵێم بەخۆشییەوە ئەو بڕیارنامەیە کە لەسەر داوای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پێشکێش بە کۆنگرە کرا و دواتر لەلایەن منەوە لە تریبوونی کۆنگرەوە شیکردنەوەی پتری لەسەر درا، بە تێکڕای دەنگی ئەندامانی کۆنگرە پەسند بوو؛ کە ئەمە خۆی دەسکەوتێکە.

سروشتییشە کە ئەم بڕیارنامانە بێ تەئسیر نابن، بەهۆی ئەوەی بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی ئێس ئای لە وڵاتەکانی خۆیاندا یا لەنێو حکوومەتدان و یا لایەنی دووهەمن لە حکوومەتدا.

**عەلی بداغی**: لە کۆنگرەی ژنانی ئەو ڕێکخراوەیەشدا کە چەند ڕۆژ پێشتر گیرابوو، خاتوو گوڵاڵە شەرەفکەندی، کادری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی حیزب بە جێگری سکرتێری ڕێکخراوەکە هەڵبژێردرا، گرینگی و بایەخی ئەو ستاتویە لە چیدا دەبینن؟

**مەولوود سوارە**: کاتی خۆی دوکتور قاسملوو جیا لەوەی کە بیرو باوەڕێکی قووڵی بە سۆسیالیسم هەبوو و لەم پێوەندییەشدا حیزبەکەمان خەسارەتی زۆر گەورەی بۆ دا بەڵام چوونی دوکتور قاسملوو بۆ ئێس ئای جیا لە بیروباوەڕێک کە پێی بوو، من پێم وایە دوکتور قاسملوو پێویستی بە تریبونێک بوو بۆ زیاتر ناساندنی دەنگ و ڕەنگی کورد و گرینگیی ئەم سەکۆیە، جا بۆیە من پێم وایە دوکتور توانی هەم لەم سەکۆیە کەڵک وەربگرێت و هەم ڕایەڵەیەکی بەهێز دروست بکات. هەڵبژاردنی هاوڕێی بەڕێزمان گوڵالە شەرەفکەندیش دەبێ لەم ڕاستایەدا هەڵسەنگێن کە بێ شک دەتوانی هەم لە ستاتوی خۆی و هەم لەم سەکۆیەدا زیاتر لە جاران بە بەرپرسایەتییەکی کە کەوتۆتە سەرشانی کەڵک وەربگرێت بۆ زیاتر ناساندنی کێشەی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بەتایبەت کوردستان.

**عەلی بداغی**: وەک دوا پرسیار، ئەگەر بفەرموون بەشدارانی کوردی دیکە لە کۆنگرە چ لایەنێک بوون؟

**مەولوود سوارە**: ئەو حیزب و لایەنانەی کە وێڕای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەشدار بوون، بریتی بوون لە: یەکیەتیی نیشتیمانی کوردستان، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و پارتی یەکیەتیی دێموکراتی سووریە.

**عەلی بداغی**: سپاس بۆ بەشداریتان لەو دیمانەیەدا

**مەولوود سوارە**: سپاس بۆ ئێوە کە بایەخی پترتان بەو بەشدارییە دا.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# وڵاتە یەکگرتووەکان پێ دەنێتە سەردەمێکی نوێی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئێران



و: لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور

لە کاتێکدا دەوڵەتی ئێران لە جەنگی نێوان ڕووسیە و ئوکراین، یارمەتی ڕووسیە دەکات و درێژە بە پیتاندنی ناوکی دەدات، بەڕێوەبەرایەتیی بایدن گەمارۆی نوێی خستوونە سەر تاران و پشتگیریی خۆی لە خۆپیشاندەران ڕاگەیاندووە.

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، ئێران بە پشکێنەرانی نێونەتەوەیی ڕاگەیاندووە بەتەمایە دەست بە پیتاندنی سووتەمەنیی ناوکی تا نزیکی ئاستی بۆمبی ناوکی لە قووڵایی چیادا، شوێنێک کە بۆمبارانکردنەکەی دژوارە و بەرهەمهێنانی سووتەمەنیی ناوکیی خۆی، لە بنکەیەکدا کە ئیسرائیل و وڵاتە یەکگرتووەکان پەیتا پەیتا هەوڵی سابۆتاژیان داوە، بە شێوەیەکی بەرچاو پەرە پێ دەدات.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هێزە حکوومەتییەکان نارەزایەتییە دژی دەوڵەتییەکانیان سەرکوت کردوون، درۆنیان داون بە ڕووسیە تا لە جەنگی خۆی دژی ئوکراین کەڵکیان لێ وەرگرێ و، بە گوێرەی بەشێک لە هەواڵگریی ڕۆژاوایی، گومانی ئەوە هەیە خەریکی وتووێژ لە مەڕ بەرهەمهێنانی هاژەک بۆ جبەخانەی چۆڵی ڕووسیە بێ. وڵاتە یەکگرتووەکان ڕۆژی سێشەممە جارێکی دیکە ئێرانی تاوانبار کرد کە بە هێرشکردنە سەر هەرێمی کوردستان، دەستدرێژیی کردۆتە سەر خاکی عێراق.

سەردەمێکی نوێی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ دەگەڵ ئێران دەستی پێ کردووە. بۆ ماوەیەک و لەبەر ڕووداوی دراماتیکی دیکە، لە ناویاندا داگیرکرانی ئوکراین و پەرەگرتنی کێبڕکێی وڵاتە یەکگرتووەکان دەگەڵ چین و، درێژە کێشانی وتووێژ دەگەڵ تاران بە شێوەی ناتەواو، بۆ ماوەی ١٨ مانگ، سەرهەڵدانەکەی شاراوە بوو.

ئێستا، هیوای سەرکۆمار بایدن بۆ گەڕانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ نێو ڕێککەوتنی ناوکی ٢٠١٥ دەگەڵ ئێران، کە سەرکۆمار ترامپ لێی کشابۆوە، بەتەواوی مردووە. وتووێژەکان لە مانگی سێپتەمبەردا ڕاگیران و، لەو چەند حەوتوویەی دواییدا بایدن گەمارۆی نوێی خستۆتە سەر ئێران و پشتیوانی لە نارەزایەتییەکان، کە توندئاژۆکانی ئێران وەک هەڕەشەی کوشندە باسیان کردووە، دەربڕیوە.

بە گوتەی چەند کاربەدەستی بەڕێوەبەرایەتییەکە لە کۆشکی سپی، کۆبوونەوەکانی ئاسایشی نەتەوەیی لە بارەی ئێراندا کەمتر بۆ ستراتێژیی وتووێژ و زۆرتر بۆ چۆنیەتیی بنکۆڵکردنی پلانەکانی ناوکیی ئێران، دابینکردنی کەرەستەی پەیوەندی گرتن بۆ خۆپیشاندەران و پساندنی زنجیرەی دابینکردنی چەکوچۆڵ بۆ ڕووسیە، تەرخان کراون.

جان کێربی، وتەبێژی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لە کۆشکی سپی، مانگی ڕابردوو بەڕاشکاوی بە دەنگی ئەمریکای گوت، "لە ئێستادا هیچ دیپلۆماسییەک لە پەیوەندی دەگەڵ ڕێککەوتنی ئێران لە ئارادا نییە. ئێمە ئێستا لە دۆخێکی چەقبەستوو داین و، جەخت لەسەر ئەو ناکەینەوە." هێنری ڕۆم، هاوکارێکی پلەبەرزی ئەنستیتۆی واشینگتۆن بۆ سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نزیک، گوتی مەودای هەڕەشەکە گەلێک لەوە زیاترە کە بە تایبەتی بەرپرسانی پێنتاگۆنی نیگەران کردووە: گواستنەوەی چالاکیی نیگەرانکەرترین پیتاندنی ناوکی بۆ دامەزراوەی ژێرزەمینی بە ناوی فۆردۆ، کە دە ساڵ لەمەوبەر دروستکردنەکەی تەواو بووە. بەڕێز ڕۆم گوتی، "بیر لەوە بکەنەوە، بە بەڕێوەبەرایەتییەک کە لە ژانویەی ٢٠٢١ دەستی بە کار کرد بگوترابا لە ماوەی دوو ساڵدا، ئێران ئورانیۆم تا ئاستی نزیک بۆمبی ناوکی لە فۆردۆ دەپیتێنێ، ژمارەیەکی زۆر لە پێشکەوتووترین ئامرازەکانی پیتاندن وەگەڕ دەخات، ئۆرانیۆمی بەرز پیتێندراو بۆ چەند بۆمب کۆ دەکاتەوە و هەوڵە سیاسییەکان ڕەت دەکاتەوە. ئەوە خراپترین سەناریۆ نییە، بەڵام زۆر لێی نزیکە".



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لە هاوینی ڕابردوودا، کاربەدەستانی ئەمریکایی هێشتا هیوادار بوون ڕێککەوتنە ناوکییەکە زیندوو بکەنەوە. ڕێککەوتنێک کە ئێران و وڵاتانی ئورووپایی وتووێژیان لەسەر کردبوو نزیکەی تەواوبوون بوو. نوێنەرانی بەڕێوەبەرایەتیی بایدن، کە ئێرانییەکان خۆیان لە وتووێژی ڕاستەوخۆ دەگەڵیان دەبوارد، هێڵکارییەکانیان پەسەند کردبوو و چاوەڕوانی واژۆی ڕێبەری گەورە، عەلی خامنەیی بوون، کە قەت نەگەیشت.

کاربەدەستانی هەواڵگریی وڵاتە یەکگرتووەکان گەیشتوونە ئەو لێکدانەوەیە کە زیندووکردنەوەی ڕێککەوتنەکە، لەنێو ئێرانییە کۆنەپارێزەکان و سوپای پاسداراندا، وەک لە نێو ڕەخنەگرانی ئەمریکایی ڕێککەوتنەکە، ناخۆشەویستە. ئێرانییەکان، ئەگەرچی تێیدا ناسەرکەوتوو بوون، بەڵام چاوەڕوان بوون وڵاتە یەکگرتووەکان بەڵێنی بدا کە قەت جارێکی دیکە بە شێوەی یەکلایەنانە لە ڕێککەوتنەکە ناکشێتەوە. ئەوان دەیانزانی کاتێک بگەڕێنەوە نێو ڕێککەوتنەکە، زۆربەی سووتەمەنیی ناوکی، کە ئێران لە جوابی بڕیاری دۆناڵد ترامپدا بۆ کشانەوە کۆی کردۆتەوە، دەبێ بۆ دەرەوەی وڵات بەڕێ بکرێ.

ئەوسا نارەزایەتییەکانی سەرشەقام دەستیان پێ کرد و ڕێککەوتن دەگەڵ ڕووسیە لە بنەڕەتدا بووە هۆی ئەوە کە ئێران، دەگەڵ بێلاڕوس، بکەونە بەرەی یارمەتیدەری داگیرکاریی ڕووسیە.

ڕابێرت ماڵی، نێردەی تایبەتی وەزارەتی دەرەوە بۆ وتووێژ دەگەڵ ئێران، ڕۆژی سێ شەممە گوتی، "ڕێژیم تاقمێک هەڵبژاردنی یەک لە دوای یەکی کردوون کە بە شێوەی پەرەئەستێن ئەوان لە خەڵکی خۆیان و تا ڕادەیەکی زۆریش لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی دادەبڕێ، لە نێویاندا لە وڵاتانی ئورووپایی کە بەشێکی زۆر لە ساڵەکانی دەسەڵاتداریی ترامپیان بۆ دۆزینەی ڕێگایەک بۆ ڕزگارکردنی ڕێککەوتنە ناوکییەکە تەرخان کردبوو".

بەڕێز ماڵی، زۆر جار لەبارەی ئەگەری ڕێگاچارەیەکی دیپلۆماتیکدا گەشبین بووە، بەڵام ڕوانگەکەی بەئاشکرا گۆڕاوە. ئەو گوتی، "ئێران پشتی لە ڕێککەوتنە ناوکییەکە کرد کە خەریک بوو دەگەیشتە ئاکام". ناوبراو ئەوەشی زیاد کرد کە دەوڵەتی ئەو وڵاتە "لە تێوەگلان" دەگەڵ ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی ناسەرکەوتوو بوو، کاتێک ئەوان داوای سەردانی زۆرتر و زانیاریی زیاتر لەمەڕ ئەو شوێنانەیان کرد کە ماددەی ناوکی لێیان بینرابۆوە. پاشان ئێران پلانی بنکەیەکی نوێی بەرهەمهێنانی ناوکی ڕاگەیاند.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بەڕێز مالی گوتی، ئاکامەکە "تاقمێک خولی خراپ بوون. سەرکوت دەبێتە هۆی نارەزایەتیی زیاتر. خۆپیشاندانی زۆرتر دەبێتە هۆی سەرکوتی زیاتر. هاوپەیمانی دەگەڵ ڕووسیە تەنیا ئێران زۆرتر تەریک دەخاتەوە، کە دەبێتە هۆی پەرە گرتنی ئەو هاوپەیمانییە و نەبوونی هیچ هاوبەشێکی دیکە".

نیگەرانیی سەرەکیی ئیسرائیل و خەڵکێکی زۆر لە وڵاتە یەکگرتووەکان، ڕاگەیاندنی پیتاندنی ئورانیۆم تا پلەی ٦٠ لە سەد لەلایەن ئێرانەوە لە بنکەی فۆردۆ، بنکەیەک کە لەنێو چیایەکدا هەڵکەتووە و بنکەیەکی سەربازییە، دوای هێرشی پەیتا پەیتای سایبەری و فیزیکی بۆ سەر بنکەی پیتاندنی ناوکیی نەتەنز، بوو. لە کاتی وتووێژی ناوکی لە نێوان ٢٠١٣ تا ٢٠١٥، بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباما هەوڵی دا بنکەی فۆردۆ داخرێ. سەرۆکی وتووێژکاران، وێندی شێرمەن، کە ئێستا جێگری وزیری کاروباری دەرەوەیە، ئەوکات گوتی شکستی داخستنی فۆردۆ لە گەورەترین بێهیواییەکان بوو، ئەگەرچی ڕێککەوتنەکە بەڕوونی چالاکییەکی ناوکی ئەوتۆی قاچاغ کردبوو کە ئێرانییەکان لەو دواییانەدا گوتوویانە لەوێ بەڕێوەی دەبەن.

پرسیارەکە ئێستا ئەوەیە کە ئاخۆ دەوڵەتی نوێی ناسازشکارتری ئیسرائیل کە بێنیامین نەتانیاهو خەریکە پێکی بێنێ گوشار دێنێ بۆ هێرش بۆ سەر ئەو بنکەیە، کە دژوارە وێران بکرێ مەگەر بە مەزنترین بۆمبی تێکشکاندنی بنکەی ژێر زەوی؟ وڵاتە یەکگرتوەکان و هەروەها ئیسرائیل ڕاهێنانی هێرشی ئەوتۆیان کردووە و، بەڕێز نەتانیاهو، دوایین جار کە سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل بوو، زۆری نەمابوو بڕیاری هێرشێکی ئەوتۆ بدات.

بەگوێرەی هەڵسەنگاندنێکی گشتی لە لایەن بەڕێوەبەرایەتییەوە، ئێران ئێستا هێندە گەشەی بە بەرنامە ناوکییەکەی داوە کە دەتوانێ سووتەمەنیی شیاوی بۆمب لە ماوەی چەند حەوتوودا کۆ بکاتەوە، لە کاتی ڕێککەوتنی ٢٠١٥ دا لێکدانەوەکە ئەوە بوو کە ئەو کارە کەمتر لە سالێک دەخایەنێ. بەڵام ڕۆژاوا هێشتا کاتی هەیە: کاربەدەستانی سی ئای ئەی و هەواڵگریی ئیسرائیل دەڵێن چێکردنی سووتەمەنییەکە بە شێوەیەک کە بکری لە کڵاوی هاژەکێکدا جێگیر بکرێ، دوو ساڵی پێ دەچێ و، لەو دواییانەدا وڵاتە یەکگرتووەکان لێکدانەوەیەکی بڵاو کردەوە کە تێیدا گوترابوو هیچ بەڵگەیەک بۆ بوونی پرۆژەی دروستکردنی بۆمب لە ئارادا نییە. بەڵام پێشمەرجی ئەوە، بوونی هەواڵگریی نزیک بێخەوش لەمەڕ دۆخی بەرنامەکانی ناوکی و هاژەکی دەخوازێ، لە کاتێکدا کە پشکنینەکان سنووردار کراون و کامێراکانی داندراو لە لایەن ئاژانسی نێونەتەوەیی وەزی ناوکی لە لایەن ئێرانییەکانەوە کوژێنراونەوە. مەودای پەرە ئەستێنی نێوان زانیاریی دەتوانێ دۆزینەوەی لادان لە بەرهەمهێنانی سووتەمەنی ناوکی دژوار بکات. چەند شارەزایەک ئاماژەیان بەوە کردووە کە ئێران خەریکی گەشە پێدان بە هاژەکی دەریایی مەزنترە کە دەتوانێ زۆرێک لە بەربەستەکانی بەردەم گەیاندنی چەکێک نەهێڵێ. ئاڵۆزیی دیکەش لە ئارادان. دانی درۆن لە لایەن ئێرانەوە بە ڕووسیە، ئێستا بۆتە فاکتەرێکی گرینگ لە جەنگدا و، بێتوو



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەو هاوکارییە هاژەکیش بگرێتەوە - تا ئێستا ئەوە پشتڕاست نەکراوەتەوە- وڵاتە یەکگرتووەکان و ئوکراین لە هەوڵی وەستاندنی گەیاندنی ئەو چەکانەدا دەبن. بەڵام ئەوە مەترسیی بەرزکردنەوەی ڕیسکەکانی لێ دەکەوێتەوە چونکە ڕووسیە تا ئێستا لە هێرش بۆ سەر گەیاندنی چەکوچۆڵی ڕۆژاوایی بۆ ئوکراین دوودڵ بووە.

بەڕێز بایدن لە ڕاگەیاندنی پشتیوانی لە نارەزایەتییە دەژی دەوڵەتییەکان لە سەرکۆمار ئۆباما، کاتێک نارەزایەتی هاوشێوە لە سەرەتاکانی بەرێوەبەرایەتی ئۆبامادا بەرێوە دەچوون، ڕەوانبێژتر بووە. چەند یاریدەدەری بەڕێز بایدن، کە لە بەڕێوەبەرایەتیی ئۆبامادا خزمەتیان دەکرد گوتوویانە ئەوان جاری پێشوو لە ڕادەبەدەر وریا بوون، لە ترسی ئەوە کە نارەزایەتییەکان مۆرکی ورووژێنەرانی پەیوەندیدار بە سی ئای ئەی-یان لێ بدرێ. بەڵام پرسیاری شێوەی گەیاندنی یارمەتی زۆرتری وڵاتە یەکگرتووەکان بە شێوەیەک کە زیاتر لە ڕەوانبێژی و پشتگیریی ئەخلاقیی لە خۆپیشاندەران بێ و ئاخۆ بەڕێز بایدن ڕیسکی کرداری شاراوە بۆ یارمەتی ئەوان دەکات، بە تایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی مێژووی کۆن، لە پەنجاکانی زایینی، کە سی ئای ئەی لە سیاسەتی ئێرانیدا دەستێوەردانی کرد، بێ وەڵام دەهێڵێتەوە. لە کاتێکدا ئەو ڕووداوە تا ڕادەیەکی زۆر لە لای زۆربەی ئەمریکاییەکانەوە لەبیر کراوە، ئەوە بە وردەکاریی زۆرەوە فێری ئێرانییە لاوەکان دەکرێ.
ڕەنگبێ زۆر شت بەوەوە بەسترابێتەوە کە ئاخۆ ئێستا بەڕێز بایدن و یاریدەدەرەکانی ئێران وەک هەڕەشەیەکی مەزنتر لە بەراورد دەگەڵ کاتێک کە سەرکۆمار دەسەلاتی بەدەستەوە گرت، سەیر دەکەن.

بەڕێز ڕۆم گوتی، "بەڕێوەبەرایەتییەکە زۆر جار دەیگوت دەیهەوێ بەرنامەی ناوکیی ئێران بخاتەوە نێو سندووقەکەوە و، من لەو بڕوایەدام ئەوە ڕەنگدانەوەی بیرۆکەی بەربڵاوتری وەلانانی ئالنگاریی ئێران دوای گەیشتن بە ڕێککەوتن بوو. بەڵام ئێستا بەڕێوەبەرایەتییەکە دەبێ خەریکی ململانێ دەگەڵ ئەو ڕاستییە بێ کە، لە بنەڕەتدا لە هەموو بوارەکاندا، ئێستا هەڕەشەی ئێران بۆ سەر ئاشتی جیهانی لە ساڵێک لەوەپێش زیاتر و گەورەترە".

* نیویۆرک تایمز - دەیڤید ئی سانگەر

## جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە شەقامەکانی ئێراندا کۆمەڵکوژین



https://serchawe.com

**عومەر باڵەکی**

ماوەی نزیک بە سێ مانگە خەڵکی وەزاڵەهاتوو لە نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێران هاتوونەتە سەر شەقام و ڕاپەڕینێکی سەرانسەریی پێکهاتوو لە هەموو نەتەوە و ئایین و ئاییینزاکان بەدژی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی کەوتۆتە سەر پێ و لە ئەنجامی دژکردەوەی توندی هێزە نیزامی و ئەمنییەتییەکانی ئەو نیزامە، خەڵک هەموو خەتە سوورەکانی نیزامیان تێپەڕاندووە و خوازیاری نەمانی ئەو نیزامەن. توندوتیژی و دژکردەوەی هێزە ئەمنی و نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بەرانبەر خەڵکی وەزاڵەهاتوو و لە هەمان کاتدا دەستبەتاڵ بە ڕادەیەک توند بووە کە لە هێندێک ناوچەی وەک کوردستان و بەلووچستان بەپێی پێناسەی کۆنڤانسیۆن و پەیمانە نێونەتەوەییەکان، دەچێتە خانەی کوشتاری بەکۆمەڵ و لەنێوبردنی نەتەوەیەک. کاتێک باس لە کوشتاری بەکۆمەڵ دەکرێ بابەتەکە پێوەندیی بە ڕادەی کوژراو بریندارەوە نییە، بەڵکوو نییەتی کرداری بابەتەکەیە دەبێتە هۆکاری ئەسڵیی خوڵقاندنی ئەو جینایەتە. ڕەنگە سەلماندنی ئەو نییەتە کارێکی ئاسان نەبێ، بەڵام کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا دەرحەق بە گەلانی ئێران بەتایبەتی گەلی کورد و بەلووچ خۆی سەلمێنەری جینایەتی کوشتاری بەکۆمەڵن. بە تێڕوانینێکی خێرا لە جۆری دژکردەوەی هێزە سەرکوتکارەکانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی نزیک بە سێ مانگی ڕابردوو دەرحەق بە گەلانی ڕاپەڕیوی ئێران بەگشتی و گەلی کورد و بەلووچ بەتایبەتی دەتوانرێ باشترین بەڵگە بۆ سەلماندنی کوشتاری بەکۆمەڵی ئەو دوو گەلە کە تەنیا تاوانیان ئەوەیە داوای مافە سەرەتاییەکانی خۆیان دەکەن، و لەو شێوە سەرکوتکردنە دەتوانین ئەو نییەتە بخوێنینەوە کە دەسەڵاتدارانی ئەو نیزامە هەر لە سەرەتاوە بە کردەوە دژەئینسانییەکانی خۆیان دوژمنایەتییان لەگەڵ گەلانی ئێران بەتایبەتی گەلی چەوساوەی کورد و بەلووچ بە ئاشکرا سەلماندووە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لە ماوەی سێ مانگی ڕابردوودا خەڵکی ناڕازی لە چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی ئێران بەدژی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی هاتوونەتە سەر شەقام و دەنگی ناڕەزایەتییان بە شوعاری "ژن، ژیان، ئازادی" گەیاندۆتە گوێی هەموو ئازادیخوازانی دنیا، بەڵام بەرپرسانی نیزام خۆیان لە ئاستی ئەو دەنگە بەرزە ئازادیخوازییە کەڕ کردووە و کەوتوونەتە پاکانە و دیفاع لە کردەوە دژەئینسانییەکانی هێزەکانیان. لەو پێوەندییەدا قسە و پاساوی ئەوەندە نامرۆڤانە و ناپاساییان بۆ کرداری هێزە نیزامییەکانی خۆیان هێناوەتەوە کە لە هەر دادگایەکی دادپەروەر و جێگای باوەڕدا، دەتوانن بەڵگەیەکی قورس و قایم بن بۆ مەحکوومکردنی دەسەڵاتدارانی تاران. بۆ میناک دەتوانین ئاماژە بە بەشێک لە قسەکانی علی بەهادوریی جەهرۆمی، وتەبێژی دەوڵەت بکەین کە لە بەرچاوی ڕاگەیەندکارەکاندا سەبارەت بە سەرکوتی ناڕەزایەتیەکان دەڵێ: "بۆ دەوڵەت وەک ئاوخواردنەوە بوو کە لە یەکەم ڕۆژەکانی ناڕەزایەتییەکاندا بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ خەڵکی ناڕازیی سەرشەقام و زانکۆ و بازاڕ ئیزن بە هێزە ئەمنییەتی و نیزامییەکان بدا لە فیشەکی جەنگی کەڵک وەربگرن وهەرکەس بە ناڕەزایەتی هاتبایە سەرشەقام بە فیشەکی جەنگی لێیان درابا و هەر زوو دەنگی ئەو ناڕەزایەتییانەمان کپ دەکرد... ."

کاتێک ئەو شێوە قسەکردن و دەربڕینانە لە وتەبێژی دەوڵەت دەبیستین، ناخی ئەو دەوڵەت و نیزامە بەتەواوی خۆی دەردەخا کە چەند دژی گەلانی ئێرانن و بەڕوونی دەردەکەوێ کە ئەو نیزامە چەندە خۆسەپێن و ستەمکارە و دوور لە شەرعییەتی خەڵکە بەگشتی، چونکە هیچ دەوڵەتێک لە زمانی هیچ کاربەدەستێکەوە تەنانەت لە ڕەدەی خوارەوەی دەسەڵاتیشدا بێ ئیزن بە خۆی نادا بڵێ دەمانتوانی هێزە ئەمنییەتییەکان ئیزن بدەین ڕوو بە خەڵکی ناڕازیی سەرشەقام لە فیشەکی جەنگی کەڵک وەربگرن و شانازی بە دەسەڵاتداریی خۆیان بکەن کە ئەو ئیزنەیان نەداوە و لەسەر خەڵکیش بیکەن بە منەت و بڵێ دەمانتوانی بیکەین بەڵام نەمانکردووە.

لەنێو پەندی پێشینیانی کوردەواریدا پەندیەک هەیە کە دەڵێ "مەودای درۆ بەری کورتە"، "یا درۆزن زەینی کوێرە". وتەبێژی دەوڵەت لە کۆماری ئیسلامی وادیارە درۆزنێکی زەینکوێرە، چونکە درۆیەکەی بە پێی کردەوەکانی هێزەکانیان لە بەربەرەکانێ لەگەڵ خەڵکی ناڕازیی سەرشەقام مەودای ئەوەندە کورتە کە بە هیچ پاساوێک بۆیان ڕاست نابێتەوە، ئاماری شەهید و بریندارەکانی ڕاپەرینی ئەوجارە بە پێچەوانەی قسەکانی وتەبێژی دەوڵەت شتێکی دیکە دەسەلمێنن؛ هەر بە قسەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئاماری گیان لێئەستێندراوەکان لە ماوەی نزیک بە سێ مانگی ڕابردوو خۆی لە ٣٠٠ کەس داوە کە ئاماری ڕێکخراوەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ بە پێچەوانەی ئامارەی حکوومەت باس لە ٥٠٠ کەس شەهیدی بێتاوان دەکەن کە لەنێو ئەو شەهیدانەدا بە ڕادەیەکی بەرچاو مێرمنداڵ دەبینەدرێن، ئەوە بێجگە لە برینداربوونی سەدان کەس و دەستبەسەرکردنی هەزاران کەسە. لە بوڵتەنە لەقاودراوەکەی سپای پاسدارانیشدا باس لەوە کراوە کە ژمارەی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کوژراوەکانی ڕاپەڕینی ئەمجارە پتر لە ئاخێزەکەی خەزەڵوەری ٩٨ی هەتاوییە کە ئەوکات باس لەوە کرا پتر لە ١٤٠٠ کەس لە ماوەی چەند ڕۆژێکی ئەو مانگەدا گیانیان لێ ئەستێندرا.

ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنجە لەو کوشتارەی هێزە سەرکوتکارەکانی کۆماری ئیسلامی کردوویانە بەشی شێری وەبەر کوردستان و بەلووچستان کەوتووە و ئەوە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی نییەتی بەکۆمەڵ کوشتنی خەڵکی کورد و بەلووچیان هەیە و ئەو دژکردەوەیەی دەسەڵاتدارانی تاران دژی خۆپیشاندەران بەپێی قانوونە نێونەتەوەییەکان بەتایبەتی کۆنڤانسیۆنی مەنعی کۆمەڵکوژی دەچێتە خانەی جینایەتی دژی مرۆڤایەتی. ماددەی دووی کۆنڤانسیۆنی مەنعی کۆمەڵکوژی دەڵێ:" لەو کۆنڤانسیۆنەدا، پێناسەی کوشتاری بەکۆمەڵ بەو مانایەیە، کوشتاری بەکۆمەڵ بە هەریەک لەو کردارانە دەگوترێ کە بە مەبەستی لەنێوبردنی بەشێک یا هەمووی گرووپێکی نەتەوەیی، قەومی، یا مەزهەبی بەڕێوە بچێ، دەگوترێ". لە ماددەی سێهەمیشدا ئەو کردەوانەی دەستنیشان کردوون کە ئەگەر ئەنجام بدرێن سزایان لەسەرە.

لە سەردەمی ئێستادا کە ئێران وەک وڵاتێک ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە بەپێی یاساوڕێسا نێونەتەوەییەکان دەبێ پابەند بێ بە هەموو پەیماننامە و کۆنڤانسیۆنەکانی پەسندکراوی ئەو ڕێکخراوەیە. بەڵام بەئاشکرا و لەپێش چاوی کۆمەڵگەی جیهانییەوە دەبینین کە ماوەی ٤٣ ساڵە دەسەڵاتدارانی تاران نەک پابەند نەبوون بەو یاساوڕێسایانە بەڵکوو بوونەتە سەرئێشەیەکی گەورەش بۆ نەزمی جیهانی، بە چەشنێک لە هەر جێگایەکی ئەو جیهانە پان وبەرینە کردەوەیەکی تیرۆریستی و تێکدەرانە ڕوو بدا حەتمەن پەنجەی تاوان بۆ لای کۆماری ئیسلامی ڕادەکێشرێ.

لەو پێوەندییەدا دەتوانین ئاماژە بە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ هەتا سنووری کوشتاری بەکۆمەڵ لە سەرکوتی ڕاپەڕینەکانی ئەو سێ مانگەی ڕابردوو بکەین کە لە هەمان کاتدا ئەو شێوازە سەرکوتەی نارەزایەتییەکان پێشێلکردنی کۆنوانسیۆنی مەنعی کوشتاری بەکۆمەڵە کە لەسەرەوە باس کرا ئەو کۆنوانسیۆنە لە ٩ی دێسامبر ١٩٤٨ لە کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پەسند کراوە و کوشتاری بەکۆمەڵی بەپێی یاسای نێونەتەوەیی خستۆتە ڕیزی جینایەتی گەورە و ئێران بێ هیچ قەید و شەرتێک ژێر ئەو کۆنڤانسیۆنەی لە ساڵی ١٩٤٩دا ئیمزا کردووە و ئەو کۆنڤانسیۆنە وەک هەموو یاساوڕێساکانی نیونەتەوەیی بە گۆڕین و لاچوونی حکوومەتەکان لەنێو ناچێ و هەر دەوڵەتێک جێگای دەوڵەتی پێشوو بگرێتەوە ناچار بە پابەندبوونی بڕگە و ماددەکانی ئەو کۆنڤانسیۆنەیە، بۆیە کۆماری ئیسلامییش وەک نیزامی دەسەڵاتدار لە ئێران بەپێی قانوونە نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتییەکان لەسەریەتی پابەندی پاراستنی نێوەرۆکی ئەو کۆنڤانسیۆنە بێ. بوونی ئەو کۆنڤانسیۆنە و ئەندامبوونی کۆماری ئیسلامی لەو کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەدا لە هەلومەرجی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئێستادا دەتوانێ بۆ ڕێکخراوەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ و حیزب و سازمانە سیاسییەکانی دژبەری ئێران و بەتایبەتی بنەماڵەی شەهیدانی دەستی تاوانی کۆماری ئیسلامی ڕێگاخۆشکەر بێ بۆ ڕووکێشکردنی دەسەڵاتدارانی ئەو نیزامە بۆ دادگا نێونەتەوەیەکان بەتایبەتی کە لەو ماوەدا شورای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێکارێکی تایبەتیان بۆ لێکۆڵێنەوە لە شێوازی بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ خۆپیشاندەران پەسند کرد بە مەبەستی دەرکەوتنی ڕاستییەکان.

---

## بەرەی گشتگیری هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک پێویستییەکی مێژوویی (ئەرکی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم پێناوەدا)




د. کامران ئەمین‌ئاوە

دوای گیان‌بەختکردنی ژینا ئەمینی و دەستپێکردنی شۆڕشی"ژن، ژیان، ئازادی"، ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی و، ئێران بە گشتی بۆتە گۆڕەپانی خەباتی جەماوەریی خەڵک. کوردستان لە ڕەوتی گەشەکردن و پەرەسەندنی ئەم شۆڕشە لە ئاست ئێراندا ڕۆڵی تایبەت دەگێڕێ و بۆتە جێی سەرنجی گشت ئێرانییە ئازادیخوازەکانی نێوەوە و دەرەوەی وڵات. بوێری و قارەمانیی خەڵکی کورد و بەشداریی تەواوی توێژ و چینەکانی کوردستان لەم بزووتنەوەیەدا، دیاردەیەکی بێ‌هاوتایە لە ئاستی تەواوی ئێراندا.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

خەڵکی کورد وێڕای هێرشی دڕندانەی هێزی سەرکوتکەر و، گیانبەختکردنی ڕۆژانەی ڕۆڵەکانی، بەردەوامە لە خەباتی خۆی و، ڕۆژ نییە حەماسەیەکی گەورە نەخوڵقێنێ. بەخۆشییەوە حیزبە کوردستانییەکانیش هەتا ئێستا ژیرانە و لەوپەڕی بەرپرسیایەتییەوە لەگەڵ ئەم ڕاپەڕینە هەڵسوکەوتیان کردووە و، وێڕای پیلانگێڕانی بەردەوامی کۆماری ئیسلامی وەکو مووشەکبارانی بنکەکانیان لە باشووری کوردستان، نەکەوتوونەتە نێو ئەو داوەی کە هێزی سەرکوتکەری ئێران بە ئاواتیەتی. بەڵام هاوکات، ڕۆڵەکانی کورد بە شێوازی جۆراوجۆر لەسەر شەقامەکانی کوردستان بەرەنگاری هێزی تا ددان چەکداری ئیسلامی بوونەتەوە کە تەنانەت بەزەییان بە ژنی دووگیان و منداڵیشدا نایە و کات و ناکات دڕندانە خەڵکەکە و ماڵ و دووکانیان گوللەباران دەکات.

لەم سات و کاتە هەستیارەدا کە کورد سەرنجی بیروڕای گشتیی لە ئاستی ئێران و جیهان بەرەوخۆی ڕاکێشاوە، ئەرکی بێ ئەملا و ئەولای هێزە کوردستانییەکان، ڕێکخستنی بەرەیەکی گشتگیر لە تەواوی هێز و کەسایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ کاریگەرییەکی بەهێزتر لە نێوخۆی وڵات و، نوێنەرایەتیی ئەم خەڵکە بەلانیکەم لە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانە.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەتوانێ بەردی بناغەی ئەم بەرەیە بێ و، ناتوانێ و نابێ تەنیا لە دۆخی ئێستایدا قەتیس بمێنێتەوە. لەم دواییانەدا، کۆبوونەوەی شاندی ناوەند و کۆمەڵەی کۆمۆنیست، بۆتە جێ خۆشحاڵیی، بەڵام بەس نییە و پێویستە ئەم ڕەوتە هێزەکانی دیکەش بگرێتەوە. لەم پێناوەدا، یەکگرتنەوەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە ٢٠ی خەزەڵوەری ئەمساڵدا، بێگومان ڕۆڵێکی بەرچاو لە بەهێزترکردنی ناوەند و بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵات دەگێڕێ. ئێستا ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەپێی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکرات و دوو لایەنی کۆمەڵە و، بە بوونی دوو دەنگی بەهێز بە جێگای چوار دەنگی جیا، دەتوانێ بە قورساییەکی زۆرتر هەوڵ بۆ دانوستان لەگەڵ هێزەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبە سەرتاسەرییەکانی ئێران بدات.

یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەبوونی نوێنەرایەتیی ناوەندی هاوکاری لە دەرەوەی وڵات بۆ پێوەندیگرتن لەگەڵ دەوڵەت، پەرلەمان، ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکانی بیانی و تەنانەت دیاسپۆرای کوردی ڕۆژهەڵات و هێزە سەرتاسەرییەکانی ئێرانە. ناوەند بۆ ئەوەی بتوانێ ڕۆڵی خۆی لە دەرەوەی وڵات بگێڕێ، پێویستە ئەندامانی لە پێوەندیی لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوە سیاسیی و مەدەنییەکانی ئێران و جیهان نەک وەک



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

نوێنەری تەنیا حیزبێک، بەڵکوو وەک نوێنەری ناوەند کار و چالاکیی سیاسی بکەن و، لەم ڕەوتەدا بەستێنێک بۆ نزیککردنەوەی کوردەکانی دەرەوەی وڵات و ناوەند پێک بێنن کە بەشێکی بەرچاویان بە هۆی جۆراوجۆر لە حیزبە چەپە سەرتاسەرییەکان یان لە ڕێکخراوە کوردستانییەکان دابڕاون، بەڵام بەهەڵوێستن و دڵیان بۆ چارەنووس و داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لێ دەدات. بەشێکی بەرچاوی کوردەکانی تاراوگە، خاوەن ئەزموونی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و زانستین و لە ئەگەری پێکهێنانی سازوکارێکی باش بۆ هاوکاری، بەشداریی چالاکانەی ئەوان دەتوانێ نەک بۆ ئێستا، بەڵکوو بۆ داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بە قازانج بێ.

خاڵێکی گرینگی دیکە کە دەتوانێ پێشاندەری چالاکی و هاوکاریی کردەوەیی ناوەند و وانەیەک بۆ بەرەیەکی یەکگرتوو لە داهاتوودا بێ، ڕێکخستنی هێزی یەکگرتووی پێشمەرگە لە ژێر ڕێبەرییەکی هاوبەشدایە. ئەم کارە لە درێژخایەن و لە کاتی ئاڵوگۆڕێکی چاوەڕواننەکراو لە ئێران و کوردستان و بە تایبەت ڕووخانی کۆماری ئیسلامیدا دەتوانی بناخەیەک بێ بۆ پێکهێنانی سپای میللی کوردستان و تێپەڕبوونی هێزە کوردستانییەکان لە ئاستی هێزێکی سیاسی–نیزامی بۆ ڕێکخراوەیەکی سیاسی–مەدەنی و دووپاتنەبوونەوەی ئەزموونی تاڵی باشووری کوردستان کە ئێستاش پاش چەندین دەیە، ئاکامە نەرێنییەکانی نەبوونی هێزی یەکگرتووی پێشمەرگە لەژێر کۆنترۆڵی وەزارەتی پێشمەرگەدا، داوێنی بەرنەداون و وەک یەکێک لە خاڵە هەرە لاوازەکانی هەرێمی کوردستان ماوەتەوە.

چارەنووسی داهاتووی کوردستان پێوەندیی بە یەکگرتن و هاوکاریی هێزە کوردستانییەکانی ڕۆژهەڵاتەوە هەیە. لە کوردستانی ئازادکراوی داهاتوودا، بوونی سپایەکی میللی یەکگرتوو بە دوور لە کاریگەریی حیزب و ڕێکخراوەکان و، چالاکیی سیاسی و مەدەنیی حیزبە کوردستانییەکان ڕێگای سەرهەڵدانی شەڕی نێوخۆیی بەربەست دەکات و، ڕێگا بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیخوازانە و ئەمرۆیانەی کێشە نیوخۆیی و سەرانسەرییەکان لە ڕێگای وتووێژ و دانوستانەوە دەکاتەوە. بۆ گەیشتن بەو قۆناغە، کورد دەبێ بەر لە هەموو شتێک، هەر لە ئێستاوە ماڵی خۆی بەهێزتر بکات و بە هەبوونی بەرنامەیەکی درێژخایەن، بە وشیارییەوە بەرەوڕووی ڕووداوەکانی داهاتوو بێتەوە.

**بەکورتی:**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

١- وتووێژی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەگەڵ ڕێکخراوە و کەسایەتییە سیاسی و مەدەنییەکانی کوردستان بۆ پێکهێنان و ڕێکخستنی بەرەیەکی گشتگیر،

٢- پێکهێنانی ناوەندێکی هاوبەش لە دەرەوەی وڵات بۆ لۆبیگەری و نوێنەرایەتیی بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵات،

٣- دارشتن و گەڵاڵەکردنی ویستە مێژووییەکانی گەلی کوردی ڕۆژهەڵات بەپێی بارودۆخی عەینی و زەینی، هاوسەنگیی هێزەکانی نێو ئێران و ئەگەری جێبەجێبوونی داخوازییەکان،

٤- ڕێکخستنی هێزی یەکگرتووی پێشمەرگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان،

٥- هاوپەیمانی و هاوکاری لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی ئێران و ئەو هێزە پێشکەوتنخوازە سەرتاسەرییانە کە بڕوایان بە مافی چارەی خونووسینی نەتەوەکان هەیە، لە پێویستییەکانی مێژوویی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

ڕەوتی ڕووداوەکان چاوەڕێی بێهەڵوێستیی و ئەم دەست و ئەو دەستکردنی ئەوانە نامێنێتەوە کە خۆیان بە نوێنەری بزووتنەوەیەک دەزانن. ناتەبایی و یەکنەگرتوویی هێز و کەسایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە زیانی ئێستا و داهاتووی شۆڕشی کورد تەواو دەبێ.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# شۆڕشی ژینا، هاوکێشەکانی شۆڕشێکی فێمینیستی لە ڕاپەڕینێکی سەرانسەری و مافخوازیدا



**د. کوێستان گادانی**

ڕاپەرینی مافخوازانەی خەڵکی ئێران بە دوای شەهیدکردنی ژینا ئەمینی لە شاری تاران هەروا بەردەوامە، ڕاپەڕینێک کە بێدەسەڵاتیی ژینا و کوژرانی بێبەزەییانەی دایگیرساند و جیهانی هێنایە سەر هێڵ. بێگومان لەو ڕاپەڕینەدا ڕەگەزی ژنانەبوون و باندۆڕی یەکسانیی ڕەگەزی لە بنەما هەرە سەرەکییەکانی بزاوتێکی سەرانسەریی مافخوازیین کە ئێستا ئیدی بەرگژەی بۆ تەواوەتیی ڕێژیم دروست کردووە. تێڕامانێک لە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" وەک بەردی بناغەی ڕاپەرینەکە و بەشداریی هەراوی ژنان لە نارەزایەتییەکاندا و چاوخشاندنێک بە ئاماری شەهیدان و دەسبەسەرکراوانی ئەم ڕاپەرینە ڕۆڵ و پێشەنگایەتیی ژنان بە تایبەت لە کوردستان و جیاوازیی ڕاپەڕینەکە لەگەڵ سەرهەڵدانەکانی پێشوومان بۆ دەردەخات. هەر ئەوەش لەجێدا وروژێنەری پرسیارێکە کە، ئایا ئەم جیاوازییە بەم مانایەیە کە ئەم شۆڕشە شۆڕشێکی ژنانە و فێمێنیستییە یان ڕاپەڕینێکی سەرانسەری؟

ئەگەر ژینا وەک ناوەندی سەرهەڵدانی ئەم ڕاپەرینە دەستنیشان بکەین، دەتوانین دەروازەیەک بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە بکەینەوە، ئەویش بە چەند هۆکار کە ژینا وەک سیمبول چەندین ئێلێمەنتی ئەم ڕاپەرینە لە خۆیدا وێنا دەکات، بۆ نموونە: ژنبوون (جیاوازیی ڕەگەزی)، کوردبوون (ئیتنیکی)، سوننیبوون (جیاوازیی مەزهەبی)، داپۆشینی قژ و ڕوخسار (حیجابی ئیجباری) بنەماڵەیەکی مامناوەندی(جیاوازیی چینایەتی)، شێوەی شەهیدکردنی (مێتۆدی دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیم) و غەریببوون (دیاردەی پەراوێزخران و ناوەندگەرێتی) ... . ئەم چەند ئێلێمەنت و فاکتورانە نیوەی زیاتری کۆمەڵگە خۆی تێدا دەبیننەوە و لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا لە هەموو ئەو بوارانەدا نیری ئەو ستەم و چەوسانەوەیان لەسەر ملی خۆیان



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هەست پێ کردووە. بۆیە ئێستا هەرکام لەوان کە لە سەرشەقام خۆیان دەبیننەوە، پشتیوانی لە خواستی یەکتر دەکەن. بەو پێیە جەوهەری ڕاپەڕینەکە تەنیا پرسی نەتەوەیی یان حیجابی زۆرەملێ نییە، بەڵکوو چەندین فاکتەر وەک ئاڵقەیەک بە دەوری ژینادا کۆ بۆتەوە کە هەرکام لەو فاکتەر و ئێلیمەنە کۆمەڵێک خەڵک بۆ ئەم ویستانە بە دوای خۆیدا ڕادەکێشیت. بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ پرسی ژناندا، ژنان لە ماوەی ڕابردوودا پێشانیان دا کە لەجێدا توانای بەڕێوەبەری و ئیدارەکردنیان هەیە، هەروەها ژنان وێڕای پیاوان لە ئاستی بەرنامەڕێژی و بەڕێوەبەریدا و، لە پێناو چێکردنی کۆمەڵگەیەکی دێموکراتدا و یەکساندا شان بە شانی یەکتر لە سەنگەردان.

دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" خۆی بەبێ شرۆڤەش پێمان دەڵێ ژن وەک مانای ژیانەوە و بەرهەمهێنەری ژیان دەبێ خۆی ئەوەندە ئازاد بێت کە بتوانێ ژیان و ئازادی ببەخشێتە کۆمەڵگە. بەڵام هەموو کات دەبێ لەبیرمان بێت کە بزانین داوای ئازادبوون لە چی دەکەین و ئازادیمان بۆ چی دەوێت؟ لێرەدایە کە دەبێ سرنج بدەینە ئەوەی ئەم ئێلیمەنتانەی وەک ئاڵقەیەک لە دەوری ژینادا بەرچاو دەکەون، ڕەنگبێ تەواوی ناڕازییانی سەرشەقامی ئەمڕۆی ئێران نەگرێتەوە. ڕەنگبێ بۆ ژنێکی بەلووچ مەسەلەی نەتەوەیی وەک کورد یەکێک لە بنەڕەتیترین فاکتەرەکانی بەشداری بێت، بەڵام بۆ خاتوونێک لە شارێکی وەک تاران یان تەورێز ڕزگاری لە حیجابی زۆرەملێ و ئازادیی دەرکەوتن زیاتر سەرنجی ڕاکێشابێت و ئەوی هێنابێتە سەر شەقام. بەڵام گرینگ ئەوەیە هەموویان هەر یەکە و بە هەر خواستێک ئەمڕۆ لە ئاستێکدا و بۆ یەک مەبەست، ئەویش نەهێشتنی ئەم نیزامە تۆتالیتێرە کار دەکەن و ئامادەی گیانفیداییین. کەواتە ئەم ڕاپەڕینە کە بە شۆڕشی ژینا ناو دەبرێ ڕەنگ و رووخساری ژنانەی پێوە دیارە و ئەوە ژنان بوون چەخماخەی ئەم شۆڕشەیان لێ دا، شۆڕشێک کە نەک کوردستان و ئێرانی تەنی، بەڵکوو وەک دەبینین لە ماوەی نیزیک بە سێ مانگدا جیهانی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە.

بزووتنەوەی ژینا یەکەم بزووتنەوەی ژنان نییە، بەڵام بزووتنەوەیەکی ژنانە بوو کە توانی ببێتە ڕاپەڕینێک و هەموو جۆراوجۆرییەکانی کۆمەڵگە لەگەڵ خۆی بخات. هەروەها تەنیا یەک بزووتنەوەی ویستتەوەر نییە، بەو مانایا کە تەنیا یەک ئاراستە بە ڕاپەڕینەکەوە دیار نییە، هەروەک باسمان کرد نارەزایەتییەکی فرەچەشن و فرەڕەهەندییە. لە وڵاتانی ڕۆژئاواییدا زۆر وڵات هەبوون کە ژنان هاتوونەتە سەر شەقام و داوای تایبەتیان وەک مافی دەنگدان و مافی بەرانبەر هەبووە و داوای ڕیفورم و چاکسازییان کردووە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی دەوڵەتدا، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ شۆڕشی ژینا، ژنانی کورد و بەلوچ و ئێرانی داوای دەکەن دەروونمایەی شۆڕشێکی ژنانەیە کە داوای گۆڕینی دەسەڵاتێکی ژنکوژ و منداڵکوژ لە وڵاتێکی فرەنەتەوە و نەریتیی وەک ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەکات.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەم شۆڕشە دەتوانێ شۆڕشی ژنان بێ، هەروەک چۆن ئێستا بە "شۆڕشی ژینا" ناو دەبرێ، بەڵام ناکرێ بە شۆڕشی فێمێنیستی پێناسەی بکەین، با ئەوەش کە ویست و داخوازە بنەڕەتییەکی ژنان و عاملییەتی ژنان چەغماغەی ئەم ڕاپەرینەی لێ داوە. بە واتایەکی دیکە ئەم ڕاپەرینە بزووتنەوەیەکی فێمێنیستیی ڕادیکاڵ نییە و ئەگەر لە پێناسەکانی شۆڕشێکی فێمینیستیشدا جێ بگرێ، پتر بە لای فێمینیستی لیبراڵدا دەشکێتەوە؛ لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم شۆڕشە فێمینیستییە بەو بەربڵاوی و فرەڕەهەندییەی بەشداریی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە دروستی کردووە؛ ئێستا لە بەرگی ڕاپەرینێکی مافخوازانەدا دەرکەوتووە. خاڵی گرینگ ئەوەیە کە لەم ڕاپەرینەدا هاوکێشەکان دەبێ هاوسەنگییان بۆ بکرێت و ئەگەر چاوەڕێی دەسکەوتی دڵخوازی هەمەلایەنەش لەو ڕاپەرینە بین، بۆ گەیشتن و دەستەبەری ئەو دەسکەوتانە نابێ شۆڕشەکە بخەینە بازنەی پێناسەیەکی تەنگەبەرەوە.

خەڵکی ئێران لە بەردەم ئەزموونێکی تازەدان. بەشێک لە هەیکەلی ئەم ڕاپەرینەی ئێستا، ٤٣ ساڵ لەوەپێش لە شۆڕشێکی مەزندا نیزامی سیاسیی وڵاتیان گۆڕی، شۆڕشێک کە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیی لێ کەوتەوە. شۆڕشێک کە دواتر بەرهەمەکە دەسەڵاتێکی نادێموکراتیک، ئیدئۆلۆژیک، سەرکوتگەر، پەراوێزخەر و ژن و منداڵکوژی لێ کەوتەوە کە هەر ئێستا خەڵک قۆڵیان لە ڕاماڵینی هەڵماڵیوە. ئێستا هەمووان دەزانن دەسەڵاتێک کە بەرهەمی شۆڕشێکی جەماوەری بوو، دیکتاتۆرییەکی لێ بەرهەم هاتوە کە خوێنی خەڵکی لە شووشە کردووە، وەڵامی بۆ هیچ کام لە داخوازە سیاسی، مەدەنی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی وڵات پێ نییە، تەنانەت منداڵانی خوار ٢٠ ساڵ کە لە نیزامی پەروەردەی ئیدئۆلۆژیکی ڕێژیمدا پێ گەیشتوون، لە ڕیزی پێشەوەی دژبەرانی ئەو سیستمەدا جێیان گرتووە. ڕێژیمێکی گەندەڵ کە لەلایەک گەندەڵی هەموو هەیکەلی داگرتووە و لەلایەکی دی چی سامانی وڵاتە بۆ شەڕانشۆییەکانی داناوە و بۆ ئەو ئامانجەش خەڵکی وڵاتی بەبارمتە گرتووە. بۆیە ئەو بەحەق ڕەوایە کە خەڵک هەم بە هەموو توانایانەوە لەدژی ڕابن و هاوکات بیانەوێ لە نیزامی سیاسیی داهاتووی وڵاتدا ئاسەواری هیچ کام لەو هەڵاواردن و کەمایەسییانە نەمێنن. ئەوەی لە ئێران ڕادەبرێ تەواو ڕاپەرینێکی مافخوازانەی پێکهاتەشکێنە، هاوکات ململانێیەکی ناهاوسەنگ لە ڕووی هێزی جەماوەری و ئیرادەی سەرکوتی ڕێژیمە. بۆیە ئەو پرسیارەش بەجێیە کە چۆنە بە بەرچاوی کۆمەڵگەی جیهانییەوە ڕێژیم دەتوانێ ئەو جینایەتانە بخوڵقێنێ؟ بۆچی کاردانەوەی وڵاتان بە جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لەئاست چاوەڕوانیی خەڵکی ئێراندا نییە؟ وەڵامەکەش بۆ چەند فاکتەرێک دەگەڕێتەوە:

**یەکەم**: لە دوای پەتای کۆرۆنا و شەڕی ڕووسیە و ئۆکراین و هەروەها پشتیوانیی چین لە ئێران و هاوسەنگییەکانی ئێستا، لە جیهاندا فوکوسی تەواو لە سەر یەک شوێن و بابەت نییە، بەڵکوو وزە و فوکوسی نێودەوڵەتی دابەش بووە. هاوکات بەرژەوەندیی وڵاتان لەگەڵ یەکتری، یان بەرژەوەندیی نێوخۆیی هەر وڵاتێک کۆمەڵێک ڕێوشوێن و بەربەست بۆ جووڵەکانی،



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بەتایبەت لە نەبوونی ئۆپۆزیسیۆن و بەدیلێکی بەهێز بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە وڵاتە قەیرانلێدراوەکاندا دەستنیشان دەکا.

**دووهەم**: لە پێناسەکردنی کێشەکانی ئێران تەنیا بە "بەرجام" و دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا، خەڵکی ئێران و پرسە گرینگەکانی ئەو وڵاتە، وەک پرسە نەتەوەیی و مەزهەبی و هەڵاواردنە ئایینی و ڕەگەزییەکان و ستەمکارییەکانی کۆماری ئیسلامی لە هاوکێشەی پێوەندییەکانی وڵاتان لەگەڵ ئێراندا غایب بوون. بەڵام ڕاپەڕینی ژینا تا ڕادەیەک خەریکە ڕوانگەکان لەو پێوەندییەدا دەگۆڕێ و هەڵپەساردنی دانوستانەکانی بەرجامیش دەتوانێ لەو خانەیەدا جێ بگرێت.

**ئێستا بەپێی هاوکێشە نوێیەکان، واتە بەردەوامیی ناڕەزایەتی و ڕاپەڕین لە نێوخۆی ئێران، گۆڕینی ڕێژەیی ڕوانگەی ڕۆژئاوا و کۆمەڵگەی جیهانی بۆ بابەتەکانی ئێران دەکرێ باس لە سێ سێناریۆ بکەین:**

**یەکەم**: پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ لە چوارچێوەی نیزامی ئێستای کۆماری ئیسلامیدا، بەو مانایە کە بە ئاشتەوایی لەگەڵ ڕیفۆرمخوازە حکوومەتییەکان و هێزی دابڕاو لە دەسەڵات و کۆمەڵە گۆڕانکارییەک لە سیاسەت و ڕەفتارەکانی ڕێژیمدا بتوانن ناوکی دەسەڵات بۆ ماوەیەکی دیکەش بەهێزتر و یەکگرتووتر بکەن و بە بەردەوامییان لە سەرکوتی ناڕەزایەتییەکان کاتێکی زیاتر بۆ مانەوەیان لە دەسەڵاتدا بکڕن.

**دووهەم**: توندوتیژیی زیاتر و سەرکوتی خەڵک و چوونە فازی حکوومەت نیزامیی لەئێستا سەختتر تا لە ڕێگەی سەرکوت و زەبروزەنگی زیاترەوە بتوانن ئیرادەی خۆیان بە سەر دۆخەکەدا بسەپێنن.

**سێهەم**: ئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێز و یەکگرتوو لە بەرگی ئاڵترناتیڤی کۆماری ئیسلامیدا دەربکەوێ و بە بەردەوامی لە ڕاپەڕین و خۆپێشاندانەکان لە نێوخۆی وڵاتدا و ڕاکێشانی پشتیوانیی دەرەکی کە ئەمە لە درێژخایەندا ڕێگا بۆ گۆڕینی دەوڵەت، سەرکەوتنی ڕاپەڕین و گۆڕینی نیزامی سیاسی و یاسای بنەڕەتیی وڵات خۆش دەکا.

پوختەی مەبەست: ڕاپەڕینی ژینا ئاوێنەی هەست و سۆزی ژنان و ئەم ستەمانەیە بە درێژایی مێژوو لە ژنان کراوە، بۆیە چەخماغەکەی ژنان لێیان دا و ژنانیش چ لە پێشەنگایەتی و چ لە بەشداریی هەراودا توخمی سەرەکیی ڕاپەڕینەکەن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دۆخی کۆمەڵگەی ئێران و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییش ناگەڕێتەوە بۆ پێش کوشتنی ژینا و ئێستا ئیدی سنوور و سەنگەرەکان لە ئێران تەواو جیا کراونەتەوە. لە بەرەیەکدا کە ڕۆژ بە ڕۆژ فراوانتر دەبێت، ژنانی ئازادیخواز، نەتەوە مافویستە سەرکوتکراوەکانی هەتا ئێستا، لایەنگرانی یەکسانی و بەرانبەریی مافە مەدەنی، کۆمەڵایەتی و ئایینییەکان و گۆڕانخوازە دێموکراتیکەکان وەستاون. چەکی دەستی ئەوان باوەڕ و ئیرادەی خەبات و گۆڕانکارییە. لە بەرەی بەرانبەریشدا کەمایەتیی لایەنگری کۆماری ئیسلامی کە سەرچاوەکانی ئابووریی وڵات و ئامرازەکانی سەرکوت و داپڵۆسینیان لەدەستدایە. مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانە لە وڵاتانیش پێشانی داوە کە هیچ دەسەڵاتێکی سیاسی بێتوو ڕەوایی و شەرعییەتی خەڵکیی نەبووبێ، بە پشتبەستن بە بەهێزترین چەک و ئامرازی سەرکوت نەیتوانیوە دەسەڵاتەکەی ڕابگرێت.

---

## هەناردەکردنی شۆڕش، ئەوەی ڕێژیم دەیویست و ئەوەی کورد کردی



پژمان شەریعەتی

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی پاش گەیشتنە دەسەڵات و پێش لەو قۆناغەش کۆمەڵە دروشمێکی بۆ کردنەوەی دەنگ و متمانەی خەڵکی ئێران و هاوپەیمانە سیاسییەکانی دەدان کە هیچیان بە کردەیی نەکران، چ ئەوانەی لە بواری چاکسازی بۆ ژیانی گەلانی ئێران دەیانگوت، چ ئەو دروشمانەی لە چوارچێوەی بیری تەسکی ئیدئۆلۆژیکیاندا بوو.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

"هەناردە کردنی شۆڕشی ئیسلامی" یەکێک لەو دروشمانەیە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە بەردەوامی باسی کردووە و ئەستۆندەکی سیاسی دەرەوەی ئەم ڕێژیمە بووە. وەک چۆن خامنەیی هەمیشە خەونی بە ڕێبەریکردنی دنیای ئیسلام (شیعی)ەوە بینیوە و لە چوارچێوەی ئەو دروشمەدا ویستوویانە ئیمپراتۆرییەکی ئیسلامی بە سەرکردایەتیی خۆیان لە ناوچەکە و جیهاندا پێکبهێنن.

هیلالی شیعی ئەو ستراتیژییە ئیدئۆلۆژیکییە بووە کە کۆماری ئیسلامی لەو پێناوەدا هەتا ئێستاش وەبەرهێنانێکی زۆری لەسەر کردووە. لەسەر حسێبی سامانی گشتیی وڵاتی ئێران و ژێرخانی ئابووریی ئەم وڵاتە بە دەیان میلیشیا و گرووپی تێرۆریستیی لە ناوچەکە و جیهاندا پێکهێناوە و سپانسەریی تێرۆریزمی دەوڵەتیی لە پێناو گەیشتن بەو خولیایە کردووە. ئەم ستراتیژییە زۆر قۆناغی بڕیوە، کەچی سەرەڕای تەرخانکردنی سەدان میلیارد دۆلار هەتا ئێستایش نەیانتوانیوە لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران پێگەیەکی سەقامگیر لە پێناو جێگیربوونی بەرژەوەندییەکانیدا چێ بکا و بۆی نەکراوە لە وڵاتێک بناخەی دەسەڵاتە ئیدئۆلۆژیکەکانی قایم بکات.

ئاکامی هەناردەکردنی شۆڕش لەلایەن ئەم ڕێژیمەوە کە بۆ ئەمە پشتی بەو میلیشیا و گرووپە تێرۆریستانەی سەر بە خۆی بەستووە، ئاژاوەنانەوە و قەیرانخوڵقێنی لە وڵاتانی وەکوو عێراق، سووریە، لوبنان و یەمەن بووە کە لە بنەڕەتدا وڵاتانێکی ناسەقامگیری سیاسی بوون و ڕێژیمیش وەکوو پێگەیەکی تێرۆریستی بەدژی وڵاتانی دیکەی ناوچە و جیهان بەکاری هێناون. هەر بەو پێیەش بەگشتی پرۆژەی هەناردەکردنی شۆڕش لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی چ لە ڕوانگەی هزری و چ لە ڕوانگەی هێزی ڕەقئامێرییەوە (گرووپە ترۆریستییەکانی) ناسەرکەوتوو بووە.

بەڵام لە بەرانبەردا کوردستان کە هەموو کاتێک قوربانیی تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی بووە، بە دوو مانگ شۆڕشێکی فکریی مەزنی هەناردە کرد بۆ هەمووی ئێران!

پاش کوشتنی حکوومەتیی ژینا ئەمینی و سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا لە کوردستان و هاتنەمەیدانی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری بە ئیرادەیەکی بەرز و ئەندیشەیەکی گەورەوە، کوردستانیان سەلماندیان کە بۆ پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ و بەدەستهێنانی ئازادی و گەیشتن بە تەعالی، لە بەرامبەر هەر زۆردارێک ڕادەوستن و بوێرانە مافی خۆیان دەستێنن و لە بەرانبەر هیچ ستەم و زۆردارییەکدا بێدەنگ نابن.
دوو مانگ بەردەوامی و خۆڕاگریی شەقامی کوردستان بە مۆدێرنترین شێوازی خەبات و مۆدێرنترین ئەندیشەی ئینسانی، سەرنجی نەتەوەکانی دیکەی ئێران و تەنانەت ناوچەکە و جیهانیشی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و بە پێشەنگایەتیی ژنانی بوێری



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کورد، کوردستان بووە سەنگەری ئازادیی ئێران. دوای تێپەڕینی ئەم شۆڕشە لە دوو مانگ و کاتێ پێی نایە نێو مانگی سێهەم، سەرەڕای گاردگرتنی هەندێک جەریانی سیاسی و بەشێک لە کۆمەڵگەی ناوەندیی ئێران و نەتەوەکانی دی، لە ئاکامدا هیچ کام لەو هێز و ڕەوتانە نەک نەیانتوانی حاشا لەو بنەڕەتە بکەن، بەڵکوو وەریان گرت و کوردستانیان کردە پێوەری سەرەکی بۆ شۆڕشێکی سەرانسەری لە ئاستی هەموو ئێراندا.

حیماسەخوڵقێنیی کوردستان لە مانگرتن و خۆپێشاندانە جەماوەرییەکان و هەر ئێستا کە مانگرتنەکانی ١٤-١٦ی سەرماوەز لە ئارادایە، بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکران بۆ ئەوەی بڵێین کە کوردستان شۆڕشی هەناردە کردووە بۆ هەموو ئێران و هێز و ئیرادەیەکی جەماوەریی لەنێو هەموو نەتەوەکاندا بەدژی کۆماری ئیسلامی ڕێک خستووە.

لێرەدا جیاوازیی هەناردەکردنی شۆڕش لە ڕوانگەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و لە ڕوانگەی کوردییەوە، چەند خاڵێکی سەرەکی لە خۆی دەگرێت:

شۆڕشێک کە کورد باسی دەکات و هەناردەی کردووە بۆ سەرانسەری ئێران، شۆڕشی بایەخە مۆدێرنەکانە و لە ڕووی هزر و ئەندیشەیە و بە بەیانکردنی و خۆڕاگری لەسەر شەقام بە ڕاشکاوانە و ڕوون وەکوو پەکەیجێکی کۆنکرێت و داڕێژراو لەبەر دەستی هەموو ئێراندا دانرا و کۆمەڵگەی ئێران بە کراوەیی وەری گرت و مانەوە و ڕزگاریی خۆی لەو شۆڕشەدا دەبینێ. لە لایەکی دیکەشەوە کورد هیچ هێزێکی سەختی بۆ سەپاندنی شۆڕشی ژینا بەکار نەهێناوە و ئەم شۆڕشە بە گیانفیدایی، خۆڕاگری و ئیرادەی بەرزەوە ئەم ڕەوتەی بڕیوە و هیچ لایەنێکی نەکردە قوربانی.

لەلایەکی دیکەشەوە دەبێ ئاماژە بەوە بکرێت کە ئەندیشەی کوردی و خەباتی کوردستان بناغەیەکی نزیک بە سەد ساڵی هەیە و زۆر هەوراز و نشێوی بڕیوە و بووەتە ئەزموونێکی پڕبایەخ بۆ کوردستانیان و لە ئاکامدا کوردستان بووەتە مەکتەبێکی هزری و ئێستاکە دەبینین هزرەکانی دیکتە دەکات بە هەموو ئێران و نەخشەڕێگای ڕزگاریی بۆ گەلانی ئێرانی داڕشتووە و شۆڕشی سەردەمیانەی خۆی هەناردە دەکات.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# شاڕوخ حەسەنزادە: ئەو ڕاپەڕینە بە درێژەدان و مانەوە لە شەقام سەر دەکەوێ



**هەڤپەیڤین: کوردستان**

**ئاماژە**: زۆرترین سەرکوت و زەبروزەنگەکان بۆ دامرکاندنی "شۆڕشی ژینا" لە ئێران لە ناوچەکانی کوردستان و بەلووچستان کرا. بەنیسبەت حەشیمەت، ئاماری کوژراو و بریندارەکان، گیراوان و دەسبەسەرکراوان و هەروەها توندوتیژییەکان لە کوردستان زۆر زیاتر بوون و میلیتاریزەکردنی کوردستانیش دۆخێکی تایبەتیی دروست کردوە.

ئامارەکان و جۆرەکانی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە کوردستان لەلایەن کۆماری ئیسلامی، کاریگەریی بڕیاری شورای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانانی کۆمیتەی گەڕان بەدوای ڕاستییەکان لەسەر ڕەوشی مافی مرۆڤ لە ئێران و دوورەدیمەنی ڕاپەڕینی ژینا تەوەرە سەرەکییەکانی ئەم هەڤپەیڤینەی "کوردستان" لەگەڵ شاڕوخ حەسەنزادە، بەرپرسی ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان (چاونیوز)ن.

**کوردستان**: کاک شاڕوخ با باسەکەمان بە تازەترین ئامارەکانی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە نزیک ٨٠ ڕۆژ ڕاپەڕینی کوردستان دەست پێ بکەین، لە کوردستان چ باسە؟

**شاڕوخ حەسەنزادە**: بەڵێ، لە ماوەی ئەو ٨٠ ڕۆژەدا هەتا ئەمڕۆ (١٥ی سەرماوەزی ١٤٠١) ١١٤ هاونیشتمانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکانەوە گیانیان لێ ئەستێندراوە کە ١٤ کەس لەوان تەمەنیان ژێر ١٨ ساڵ بووە، ٥ کەسیان ژنن و کەسێکیش تەمەنی ٧٠ ساڵەیە، هەروەها لەو ئامارەی باسم کرد چوار کەسیان بەهۆی ئەشکەنجە و لێدان و



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کوتـان گیانیـان لەدەست داوە و ٤ کەسیشیان دوای ئەوەی بە بریـنداری گیرابـوون، لە نەخۆشخانەکان کۆتـایی بە ژیانیـان هاتووە. شیمانەی ئەوەش دەکرێ لەبەر زۆربوونی ڕادەی بریندارەکان کە هەتـا ئێستا زیـاتر لە ٤٠٠٠ کەس لە کوردستان بە تەقەی چەکی جۆراوجۆر وەک چەکی ساچمەیی، دەمانچە، کەلاشینکۆف، قنناسە پێکراون، ژمارەی کوژراوەکان زیاتریش بن.

بە پێی زانیارییەکان بەشی هەرە زۆری ئەو کەسانەی بریـندار بـوون لە ترسی ئەوەیکە نەناسرێنەوە و نەگیرێن، خۆیـان لە چوون بۆ نەخۆشخانەکان بواردووە و لە ماڵەکان دەرمان دەکرێن کە ئەمەش ئاستەنگی جدی بۆ ڕەوشی تەندرووستیی ئەوان درووست کردووە لە بـواری داودەرمـان و پێڕاگەیشتن و بـابەتی پزشکی و... . هەروەهـا مەزنـدە دەکەیـن هەتـا ئێستا ٥٠٠٠ کەس دەسبەسەر کرابن کە ئێمە لە ناوەنـدی مـافی مرۆڤ بـۆ ڕۆژهەڵاتـی کوردستان"چاونیوز" توانیومانە هەتـا ئێستا نـاوی زیـاتر لە ١٣٥٠ کەس لەوان لای خۆمـان تۆمـار بکەیـن، لەو ئامـارەش زیـاتر لە ٢٠٠ کەسییان ژنـن، نزیـک ٢٥٠ کەسیان تەمەنیان ژێر ١٨ ساڵ و قوتابین؛ هەروەها ٣٠ کەسییان مامۆستای قوتابخانەن و بەشێکی دیکە لە دەسبەسەرکراوان بـریتین لە لە چالاکانی مەدەنی، کولتووری، زمانی، ئەدەبی، ژینگەپارێزی، هونەرمەند، وەرزشڤان و. ...

**کوردستان**: زۆرێک لە ڕێکخراوەکانی دیکەی مافی مرۆڤی لە ئاستی ئێران و کوردستان ئامـاری جۆراوجۆریـان هەیە و لێنزیک هاوشێوەن بەتـایبەت لە کوردستان، ئایا هەر ئەوەندە پێشێلکارییانە کراون و ئێوە هەر لەو سێ بوارەدا ئامارگیری دەکەن؟

**شاڕوخ حەسەنزادە**: ئەم سێ بوارە واتە کوشتن، بریندارکردن و گرتن لە بەشە زۆربەرچـاو و ئاشکراکانی پێشێلکارییەکانە. کە دەڵێم پێشێلکاری ڕێک بەپێی ئەو برگە و ماددانە دەدوێم کە لە جاڕنامە و کۆنڤانسیۆنە جۆراوجۆرەکـانی جیهـانیی مـافی مرۆڤـدا باسیان کـراوە. واتە حکوومەتەکـان نـابێ لە کەرەسـەیەک یـان چەکێـک کەڵـک وەربگـرن کە گیـانی نارازییـان و خۆپیشاندەران بخاتە مەترسییەوە، یـان دەبێ حکوومەتەکـان ڕێگـا بە ئـازادیی ڕادەربـڕین و خۆپێشـاندانەکان بـدەن و نـابێ کەسـێک لەسـۆنگەی بیـروڕای جیـاوازیەوە دەسبەسـەر بکـرێ و بگیـرێ، کەواتە ئەمە لایەنـی هەرە زۆر و دیـاری ئەو پێشێلکارییانەیە، بەڵام لەم نێوەدا لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و دەستوپێوەندییەکانی لە کوردستان کارەسات بەدژی مرۆڤـایەتی خوڵقـاوە. بەتـایبەت لە مـانگی ڕەزبەر و سـەرەتای مـانگی سـەرماوەز لە شـارەکانی وەک پیرانشـار، مەهابـاد، بۆکان، جوانڕۆ و سنە هێزە سەرکوتکەرەکان بە شێوازی یەکجار زۆر بێبەزەییانە و نامرۆڤانە کە پێچەوانەی هەموو یاسا و پرەنسیپەکانی نێودەوڵەتین هێرشیان کردووەتە سەر مـاڵ و حـاڵی خەڵـک، دەرگـا و پەنجەرەیـان شکاندووە و بەبێ ئیـزن چوونەتە سەر ماڵان و وێڕای سووکایەتی و بێڕێزی بە ژن و پیـاو و منـداڵ، خەڵکیـان دەسبەسەر کردووە، کوڕ و بـاوک و دایکیـان گرتـووە و بردووە، تـاڵان و دزییـان کـردووە و ژیـانی خەڵکیـان تێک داوە. یـان بەشێک لەو لاوانەی کچ و کوڕ لە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

گرتنگەکان ئەشکەنجە کراون و سووکایەتییان پێ کراوە. ئەمانە هەمووی پێشێلکاریی بەرچاو و ئاشکرای مافی مرۆڤە و ئێمە لە ناوەندەکەی خۆمان بەردەوام لە پێوەندینداین کە هەموو ئەو بابەتانە بەڵگەمەند بکەین و بڵاویان بکەینەوە.

**کوردستان**: حەوتووی ڕابردوو لە شورای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیارێک بەدژی ئێران دەرچوو، هەروەها بڕیاری ئەوەش درا کە کۆمیتەیەکی بە ناوی کۆمیتەی لێکۆڵینەوە و دۆزینەوەی ڕاستییەکان دابمەزرێ و بە زۆرینەی دەنگ، پەسند کرا. ئەم کۆمیتەیە دەتوانێ چ بکا و ڕێکارەکانی چۆنن؟

**شاڕوخ حەسەنزادە**: لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردووی کۆماری ئیسلامیدا دووجار نەبێ ئەگینا هەموو ساڵێک کۆمیسیۆن و شوراکانی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بە بڕیارنامەیەک پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤیی لە ئێران مەحکوم کردووە، بەڵام ئەمجارە جیاوازییەکەی لەوەدا بوو کە بۆ یەکەم جار بوو ٢٥ وڵاتی جیهان دەنگ بەو بڕیارنامەیە بدەن و هەروەها کۆمیتەیەک بۆ دۆزینەوەی ڕاستییەکانی ئەم ڕاپەڕینە دابمەزرێنن. کاری سەرەکیی ئەم کۆمیتەیەش ئەوەیە کە بەبێ هاوکاری ڕێژیمیش کە چاوەڕوان دەکرا و هەرواش دەرچوو کە بڵێ هیچ هاوکارییەکی ئەو کۆمیتە جیهانیە ناکات، ناوی سەرجەم ئەو کەسانەی لەلایەن ڕێژیمەوە کوژراون، بریندار کراون، گیراون یان لەلایەن دەزگای قەزاییەوە حوکم دەدرێن و بە هەر شێوازێکی توندوتیژی و نایاسایی بە پێوەرەکانی نێودەوڵەتی بەرەوڕوویان دەبنەوە تۆمار بکرێن و بناسێندرێن. دەتوانم بڵێم سەرەکیترین کاری ئەو کۆمیتەیە ئەوەیە بە ناساندنی ئەو هەمووە بارستاییەی سەرکوت و توندووتیژی ڕێژیم دەرحەق بە خەڵک کردوویەتی، ڕێژیم ڕیسوا بکرێ و هەروەها هەموو ئەو بەڵگانە دەبنە سەرچاوەیەکی بەڵگەمەند و حقوقی بۆ لێپرسینەوە و دادگایی کردنی بەرپرسانی یەکەمی کۆماری ئیسلامی.

**کوردستان**: لەو ماوەیەدا باس لەوە دەکرێ ئەوەی لە کوردستان و ناوچەکانی دیکەی ئێران وەک بەلووچستان کراوە جینایەت بە دژی مرۆڤایەتی بووە؟ ئێوە لەو بارەیەوە دەڵێن چی؟

**شاڕوخ حەسەنزادە**: جینایەت بەدژی مرۆڤایەتی بەپێی پێناسە جیهانی و نێودەوڵەتییەکان کردەوەی دیار و ئاشکرا کە لەلایەن وڵاتێک بە شێوەی ڕێکخراو و بەربڵاو بەڕێوە بچێ کە زۆرتر بەدژی خەڵکی ئاسایی و لە سەردەمی شەڕ یان ئاشتی ڕووی دابێ؛ وەک کوشتن، کۆمەڵکوژی، ژینۆساید، پاکتاوی ڕەگەزی، کۆچی زۆرەملێ، کەڵکوەرگرتن لە چەکی قەدەغەکراو، تێرۆریزمی دەوڵەتی یان پشتیوانی لە تیرۆریزم، بێسەروشوێن کردنی بەزۆری، زیندانیکردنی نادادپەروەرانە، ئێعدام، ئەشکەنجە، دەستدرێژیی سێکسی، سەرکوتی سیاسی، هەڵاواردنی ڕەگەزی، ئازاری ئۆلی و ئایینی و...، هەموو ئەوانەی باسم کرد بەشێ هەرە زۆری لە دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا بەدژی نەتەوەکانی ئێران کراوە و بەتایبەت لەلایەن ڕێژیمەوە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بەسەر کورد هاتووە. هەر لەم دواییانەدا دادگای خەڵکیی "آبان" ناوی ١٦٠ تاوانبار کە بریتی بوون لە بەرپرسانی باڵای ڕێژیم لەوانە خامنەیی و وەزیری نێوخۆ و زۆرێک لە فەرماندەرانی سپای بە جینایەتکاران بەدژی مرۆڤایەتی ناساند. کاتێک هەموو ئەو بەڵگانە و دادگاییانە کەڵەکە دەبنە سەر یەک و بەردەوام بەڵگە و شاهید و تاوانەکانی ئێران زیاد دەبن، باوەڕم وایە ڕۆژێک کە ڕەنگبێ زۆر نزیک بێ نەک هەر لێپرسینەوەی جددی بەڵکوو بەگژ هەموو بێ پرەنسیپییانەیدا بێن و تەمەنی ئەو ڕێژیمە کە دژی بەها مرۆڤایەتییەکانە کۆتایی پێ بێ. چوونکە هەر بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان حکومەتێک خەڵکی وڵاتی خۆی بکوژێ یان ئەوەی پێی دەگوترێ جینایەت بەدژی مرۆڤایەتی بکات، ئەرکی وڵاتانی ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەتایبەت شورای ئەمنییەت کە ئەو حکوومەتە بە شێوازی جۆراوجۆر وەک گەمارۆدان یان گۆڕین، جا چ بە خۆشی چ بە ناخۆشی لابەرن.

**کوردستان**: بگەڕێینەوە سەر خۆپیشاندانەکان، جەنابت وەک کەسێک کە جیا لە چالاکی مافی مرۆڤی لەهەمبەر بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانیشدا کارت کردووە و چەندین توێژینەوە و نووسراوەت هەیە، ئەو ڕاپەڕینەی ئێستا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**شاڕوخ حەسەنزادە**: سەرەتا دەبێ پێناسەیەکی کورت لە بزاڤە سڤیلەکان بکەین. بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی جۆرێک لە ئاکاری کۆمەڵایەتییە کە بە هۆکاری جۆراوجۆر، بەشێک یان بەشی هەرەزۆری جڤاک دژکردەوە و نارەزایەتی خۆیان لە چوارچێوەی هەوڵی بەکۆمەڵ collestiv actin ئاگاهانە و مەبەستدار لە دۆخی ئارایی دەردەبڕن. ئەم ڕابوونە دەتوانێ شەبەنگێکی بەربڵاو لە بابەتە سەرەکییەکانی وەک، نابەرابەریی کۆمەڵایەتی، ئایینی، هەڵاواردنی ڕەگەزی، ئایینی، ئەتنیکی، تەناهی، دۆخی ئابووری (هەژاری)، کولتووری و... بێ. کە باس لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەکەین پاڕادایمی سەرەکیی ئەم پێواژۆیانە نارەزایەتی ئاشتییانە و سڤیلمەندە، هەرچەند جۆر و شێوازی تریش لە نافەرمانیی مەدەنی هەر لە ڕێپێوانی پڕ لە توندوتیژی هەتا تێکهەڵچوونی سەر شەقام و کۆڵان بوونی هەیە. دوو ئامانجی سەرەکی لەو بزوتنەوانەدا یەک: چاکسازی (لە نزمترین ویستدا) و دوو، گۆڕان (لە بەرزترین حاڵەتدا) خۆیا دەبن. دەتوانم بڵێم ئەوەی ئێستا لە ئێران و بەتایبەت ئاخێزگەکەی واتە کوردستان ڕووی داوە، بزووتنەوەیەکی بێ میناکی جیهانییە. چوونکە بۆ یەکەم جارە بەو شێوازە بەربڵاوە و لەو ئاستەدا درووشمی: ژن، ژیان، ئازادی" لە ناوچەیەک بە تایبەتمەندی ئۆلیی وەک ڕۆژهەڵاتی ناڤین دەبێتە ڕەمز، هەروەها یەکەم جارە دوای ڕاپەڕینی گەلانی ئێران سەرجەم نەتەوەکانی ئەو جوغرافیایە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ یەکیان گرتووە بەدژی ئەو حکوومەتە و ڕۆڵی ژنان زۆر بەرچاوە و ئامانجی گشتی ئەم ڕاپەڕین و بزووتنەوەیە نەمانی ڕێژیمە واتە بزووتنەوە یان شۆڕشی ژینا بە تەواوەتی لەبواری پێوەرەکانی بەشداری، جۆری خواستەکان، ڕادەی بەشداربوان و درووشمەکان هەروەها هەڵوێستی وڵاتانی ڕۆژئاوایی جیاوازە و دەتوانێ بە درێژەدان و مانەوە لە شەقام سەرکەوتن وەدەست بێنێت.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**کوردستان**: لە یەکێک لە توێژینەوەکانتدا کە پارەکە بڵاو بۆوە باست لەوە کردووە کە لە بەشی هەرە زۆری ڕاپەڕینەکانی ١٥ ساڵی ڕابردوو لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و تەنانەت چەند نموونە لە ڕۆژئاواش، خەڵک لە وەرزی پاییز ڕاپەڕینییان دەست پێ کردووە بەتایبەت لە ئەوەی بە بەهاری عەرەبی ناسراوە. ئێستا ئەو ڕاپەڕینەش لە کۆتاییەکانی وەرزی هاوین و بە شێوەیەکی پڕ گڕوتین لە سەرەتای وەرزی پاییز وەک ئەوەی ئێوە باست کردووە دەستی پێ کردووە، ئایا بەڕای ئێوە تایبەتمەندییەکانی ئەو ڕاپەڕینە لە چ دایە؟

**شاڕوخ حەسەنزادە**: هۆکاری ئەوەیکە وەرزی پاییز وەک وەرزی خەباتی مەدەنی و تێکۆشانی بزووتنەوەکان بۆ گەیشتن بە خواستەکانیان لێ هاتووە زۆرتر بۆ لایەنی ئابووری و ڕەوشی کۆمەڵگە نەریتییەکان و ئەو هەلانەی لەو مەودایەدا دێتە ئاراوە، دەگەڕێتەوە. ڕاستە ژینا ئەمینی لە کۆتایی مانگی خەرمانان بە دەستی هێزە تەناهییەکان کوژراو، بەڵام بەدەر لە هەست و سۆز و ڕقی کۆمەڵگە لەو شێوازە ڤێزەونەی ڕێژیم بەناوی حیجاب ڕەچاوی کردووە هەر خێرا خواستی خەڵک بۆ لێپرسینەوە لە بکەرانی ئەو کوشتنە حکومەتییە بۆ خواستی گۆڕانی ڕێژیم چوو. هەرچەند حکوومەتیش وەک کولتووری باوی نەک هەر بکەرانی نەناساند و سزای نەدان بەڵکوو حاشای لێ کرد و وەک هەمیشە بە توندوتیژی هێرشی کردە سەر خەڵک، هەربۆیە درووشمەکان خێرا بوونە "مەرگ بەر خامنەیی" یان هەر خودی دروشمی ژن ژیان ئازادی کە فەلسەفەیەکی زۆر جوانی لە پشتی و ڕێک پێچەوانەی ئایدۆلۆژیای ڕێژیمی ئێران بوو. بەڵام تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەو سەرهەڵدانە چەند خاڵێکن کە هەر ئەمانە سەلمێنەری ئەوەیە ئەو بزاڤە سەرکەوتوو دەبێ. یەکەم، بەشداریی سەرجەم نەتەوە و ئۆل و ئایینزاکانی ئێران بە کورد، فارس، بەلووچ، تورک، عەرەب، سووننی و شیعە لە ڕاپەڕینەکەدا. دووهەم، بەشداریی بەرچاوی ژنان و کچان لە خۆپێشاندانەکان تەنانەت کە چاو لە ئاماری گیراوەکانیش دەکەین ڕادەیەکی زۆر لەوانەی دەسبەسەر کراون و لانیکەم ٥ کەس لەوانەی گیانیان لەدەست داوە ژنن. سێهەم، بەشداریی خوێندکاران، یان باشترە بڵێم گەڕانەوەی بزووتنەوەی خوێندکاری بۆسەر شانۆی بزووتنەوە و سەرهەڵدانەکان بەجۆرێک هەتا ئێستا زیاتر لە ١٠٠ زانکۆ تەقلی ئەو خۆپێشاندان و مانگرتنە بوون. ئێمە دەزانین لە ١٨ی پووشپەڕی ١٣٧٨دا بۆ یەکەمجار دوای ڕەوگیرکردنی شۆڕش لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە چالاکیی بەربڵاویان دەست پێ کرد و دواتریش لە بزووتنەوەی سەوز و خەرمانان و سەرماوەزی ٩٦ و ٩٨ ئەگەرچی جموجۆڵێک هاتە ئاراوە، بەڵام هێزە سەرکوتکەرەکان نەیانهێشت خوێندکاران پەل ببزێون. چوارەم فاکتەر، بەشداری قوتابییانی قوتابخانەکان. ئەمە یەکەمجارە بەو شێوە بەربڵاو و لەو ئاستەدا قوتابییان بەشداری بزووتنەوەیەکی نارەزایەتی بن، لە ئاستی ئێران هەتا ئێستا زیاتر لە ٦٠ منداڵی تەمەن ژێر ١٨ ساڵ کوژراون و لە کوردستان ١١ هاونیشتمانی تەمەن ژێر ١٨ ساڵ کە قوتابی بوون لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکانەوە گیانیان لەدەست داوە، جێگای سەرنجە ئەگە بگوترێ بە پێی بەڵگەی بەرپرسانی ڕێژیم کە ئاشکرا بووە لە ١٤ هەزار قوتابخانەی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئێران نزیک ٢٠٠٠ قوتابخانە ڕاستەوخۆ بەشدارییان لە خۆپێشاندان و نارەزایەتییەکان کردووە هەروەها لە کۆی گشتی ٢٥هەزار قوتابی پارێزگای سنە ١٧هەزار قوتابی تەنای لەم پارێزگایە بەشداری نارەزایەتییەکانییان کردووە. پێنجەم فاکتەریش بەشداریی بەرچاوی شەبەنگی مامۆستایانی ئایینی و فەرهەنگییانە کە لەهەر دوو لەو چینانە دەسبەسەرکراویان هەیە.

هەروەها کەلکوەرگرتن لە شێوازەکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان زۆر ئاگاهانە و ڕێکخراو ئەگەرچی ڕێبەرییەکەی دیاری نییە و جگە لە کوردستان نەبێ ئاڵتێرناتیڤ بوونی نییە؛ وەک مانگرتن (لە کوردستان و لەلایەن حیزبە کوردییەکان بەتایبەتی ناوەندی هاوکاری لەو ماوەیەدا ٩ جار داوا کراوە دووکان و بازار دابخرێن و مانگرتنی گشتی بکرێ کە هەر ٩ جار لە ئاستی کوردستاندا خەڵک وڵامی دایەوە و شارەکان داخران)، هەروەها شێوازی وەک گەڕەکتەوەر بوون بۆ بەربڵاوبوونی خۆپیشاندانەکان لەبەر کۆنترۆڵنەکردنی لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە، مانگرتنی قوتابییان و خوێندکاران، مانگرتنی شۆفیران و... . کەواتە ئەگەر پێشتر هەرکام لەو توێژانە بە جیا چالاکییان دەکرد ئێستا پێکەوە و بۆ یەک ئامانج هەوڵ دەدەن و تێدەکۆشن. کە ئەمە لە تایبەتمەندیی سەرەکی ئەو سەرهەڵدانەیە کە هیوای ئەوە دەبەخشێت خەڵک بە ئامانج و خواستی خۆیان بگەن.

**کوردستان**: زۆر سپاس کاک شاڕوخ بۆ کات دانانت بۆ ئەو هەڤپەیڤینە

**شاڕوخ حەسەنزادە**: سپاس بۆ ئێوە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# کۆتایی سەردەمی سیاسەتی ناکۆکی بنێوە و حوکمەت بکە



**زانیار حوسێنی**

لەدوای کووشتنی ژینا ئەمینی، ئەوەی تا ئێستاکە لەپاش تێپەڕبوونی ٨٠ ڕۆژ لەو شۆڕشە هاتۆتەوە ئاراوە و هەموو جیهانی تەنیوە، ئەوەیە کە خەڵک نە پاشگەز دەبێتەوە، نە چیی تر هیوایان بە چاکسازی لە هەر ئاست و بوارێکدا ماوە لە حەیاتی ئەو دەسەڵاتەدا.

ئەوەی لەو خۆپێشاندانانەدا کە ئێستاکە چوٚتە قۆناغی شۆڕشەوە ڕوی داوە، لەڕاستیدا ئەوەیە کە نە دەسەڵاتی ویلایەتی فەقی و نە دژبەرانی ئەو ڕێژیمە تیرۆریستە پێیان وابوو کە لەسەر کووشتنی کچێک، تەواوی ئێران یەکدەنگ دەبێت و بەو شێوەیە دەڕژێتە سەرشەقام؛ چوونکی ئەوە بۆ هەموو لایەنێکی سیاسی، چالاکانی بوارە جۆراوجۆرەکان و ڕۆژنامەنووسەکان بابەتێکی لەڕادەبەر دووپاتکراوەیە کە کچێک یان کوڕێک بەهەر هۆیەک لەلایەن دەزگاکانی ئەمنییەتی یان نیزامیی ئێرانەوە بکوژرێ. یەکەمجاریشە لە چەشنی خۆیدا کە بەشەکانی دیکەی ئێران ئاوا بە دەنگی کوردستانەوە دێن و ئەو جۆرە نارەزایەتییانە پێکەوە هاوبەش بکەن و پەرە بستێنێ بۆ هەر چوار گۆشەی ئێران.

جێی پرسیار و لێکۆڵینەوەیە کە بۆ دەبێ حاڵەتێک و دۆخێکی وا بێتە پێش لەو جوگرافیایە کە وردترین و بەئەزموونترین



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

شیکارەکانی ئەو ناوچەیە لە بواری جۆراوجۆردا، نەیانتوانیبێ ئەو جۆرە لە خۆپێشاندانەکاندا پێشبینی بکەن، یان لانیکەم وەک ئەگەرێک ئاماژەی پێ بکەن؟ بەڕاستی نەبوونی ڕێکخراو و کۆمەڵگەیەکی ئازاد و میدیای سەربەخۆ ڕێگری ئەو مەسەلەیە بووە؟ یان تاکوو ئێستاش پوتانسییەل و زەرفییەتەکانی ناو ئەو جوگرافییایە بەدروستی نەناسراوە؟ چ شتێک یان شتگەلێکی شاراوە لەژێر پێستی هزر و ڕای گشتیی شارەکانی ئەو وڵاتە گوزەراوە کە هیچ لایەنێکی نێوخۆیی، ناوچەیی و جیهانی لە سەتا یەکیش، بیری لەوە نەدەکردەوە کە کووشتنی کچێک یەکێک لە گەورەترین ناڕەزایەتییەکان و خۆپێشاندانەکانی ئەو سەدەیەی لێ بکەوێتەوە؟

کۆمەڵگەیەک یان باشتر وایە بڵێین کۆمەڵە کۆمەڵگەیەک لەنێو ئەو وڵاتە کە هەمیشە هەوڵ دراوە وەک یەک کۆمەڵگە پێناسە بکرێت بەڵام جیاوازییە جۆراوجۆرە ناسراوەکانی لە هەر بەشێکیدا دیار بووە، بۆ یەکەمجار وەک کۆمەڵە کۆمەڵگەیەک کە لە ئاستێکی باڵادا خاڵی هاوبەشیان زۆر بووە و بۆ دوو مەبەستی سەرەکی هاتوتە سەرهێڵ؛ یەکەمیان لادانی دەسەڵاتێکی خوێنمژ و دیکتاتۆرە و دووهەمیان دامەزراندنی دەسەڵاتێکی دێموکراتیکە بە لەبەرچاوگرتنی ئوسوول و پرەنسیبە بنەڕەتی و سەرەکییەکانی مافەکانی مرۆڤ کە لەسەر ویست و خواستی ڕەوای ئەو خەڵکە بێ و ڕێزی لە کەرامەتی تاک و کۆمەڵگە بگرێت و لە هەموو بەشەکانی مانیفێستی دەسەڵاتداریدا بیگوونجێنێ. لەڕاستیدا بەشە شاراوەکانی ئەو کۆمەڵە کۆمەڵگەیە بە چ ڕەهەندێک و تایبەت بە کام چین یان چینەکانە و هەر یەکەی لە چ ئاستێک دابووە کە سەرەڕای ئەوەی هیچ بەشێک و لایەنێکی بەڕوونی و بەوردی نەدیتراون بەڵام بەشێوەیەکی ڕێک و پێک و لەبەرچاوان ون، ناڕاستەوخۆ بەیەکدی لکێنراون. تەنیا ڕێگە بۆ بەدرووستی چوونەژوور لەو بابەتە، بەجیا چاولێکردنی کۆمەڵگەی هەر نەتەوەیەکە بۆ دەرکەوتنی ئاسۆیەکی تەواو و کامڵ لەو پازڵە شێواوەی ئێران.

لەو سەرهەڵدان و شۆڕشە دوو گەل زۆر بەرچاو و دیارن، کورد و بلووچ. کوردەکان کە لە سەرەتای دامەزرانی دەسەڵاتی مێزەربەسەرە قومی و نەجەفییەکان بڕیاری خۆیان دا و ئەو دەسەڵاتەیان وەک داگیرکەر پێناسە کرد و ڕوویان کردە ڕەهەندە جۆراوجۆر و جیاوازەکانی خەبات لەتەواوی تەمەنی ئەو دەسەڵاتەدا. بەلووچەکانیش هەر وەک کوردەکان ئەو ڕێگەیان هەڵبژارد و تاکوو ئێستاشی لەگەڵ بێ لەسەر ئەو ڕەوتە و ڕێگەیە بەردەوامن.

ئەو بابەتە بۆ تورکەکان هێندێک جیاواز بوو، هەرچەند ئەوان لە چەند قۆناغدا ناڕەزایەتییان دەربڕی و خۆپێشاندانیان کرد بەڵام تا ڕادەیەکی زۆر جۆری هەڵسوکەوتی دەسەڵاتی ناوەندی لەگەڵ وان وەک بەشەکانی دیکەی ئێران و گەلانی دیکەی نێو ئەو قەوارەیە، بەتایبەتمەندی جیاواز داڕێژرابوو. تورکەکان لە بواری ئابووری و هەروەها نیزامی بەتایبەت لە ڕێکخراوی سوپای پاسداراندا مەیدان و بەهایەکی زۆریان پێ درا. هەروەها لە دامودەزگا ئەمنییەکان وەک ئیتلاعاتی وڵات،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

زانیاری و هێزی پۆلیس بەستێنێکی بەربلاویان بۆ ڕەخساندن؛ جگە لە بەشی ئابووری ئەو حاڵەتە بۆ گیلەکەکان و مازەنییەکانیش درووست کرا و ڕێک خرا.

عەرەبەکان، بەختیارییەکان و لۆڕەکان بەکورتی دەتوانین بڵێین لە هەمووشتە سەرەکییەکان بێبەش کران و تەنیا لە بازنەی ناوچەی خۆیان لەنێو ئێراندا ڕکەبەری ئابووری، کشت و کاڵ و مودیرییەتیان لە ئاستێکی زۆر خواریٖ بۆ پێک هێنان و بە تێکدانی ژینگەیان بەشێوەی دەورەیی و دیاریکراو بەڵام بەزیندوو ڕاگرتنی کێشەکان لە نێویاندا، جۆری نیشتەجێ بوونیانی تا ڕادەیەکی بەرچاو گۆڕدرا ( هەمان سیاسەتی ڕەزا میرپێنج لەو ناوچەیە، بەڵام بەشێوەیەکی ئارامتر و وردتر). لۆڕەکان و عەرەبەکان لە دامودەزگای دیکە وەک تاقمی زەربەت، نێپۆ و دژەشۆڕش سازمان دران.

بەڵام کورد و بلووچ تەنیا بەشێوەیەکی بەرچاو و ڕێژەیی لە پایگا و بنکەکانی سوپای پاسداران و بەسیج سازماندەهی کران و لە بەشە ئەمنییەتییەکانی دی کەمتر بوونیان دیارە و دەرکەوتووە؛ لێنەزانی ستراتیژیک و بەئانقەستی ڕێژیمی ویلایەتی فەقی لە ناوچەکانی کوردستان، بەلووچستان، خوزستان و ئەو ناوچانەی کەمینە ئەتنیکییەکان تێیدا نیشتەجێن، هۆکاری سەرەکیی پەیوەستبوونی خەڵکی ئەو ناوچانەیە بە دامودەزگای نیزامی، ئەمنی و سەرکوت.

دەسەڵاتی ویلایەتی فەقی تەنیا لەو پارێزگایانەی کە فارسی لێ نیشتەجێیە یان کولتوور و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتیی فارسی بەسەردا زاڵە، خۆی وەک حکومەتێکی تا ڕادەیەک خەڵکی دەرخستووە و خزمەتگوزارییەکانی بەشێوەیەکی باشتر و پێشکەوتووانەتر لەو بەشانەدا وەگەڕ خستوە.

لەڕاستیدا سیاسەتی ئەو ڕێژیمە بۆ هەر گەلێک بە شێوەیەکی جیاواز هەڵبژێرداوە و دارێژراوە؛ لەنێو هەناوی هەر سیاسەتێکی تایبەت بۆ گەلێک، سەرلەنوێ بەپێی جیاوازی کولتووری، ئایینی و نیشتەجێبوونیان، وردبینانەتر پیلانەکان جیا کراوەتە و ئاڵوگۆڕی تێدا پێکهێنراوە.

بۆ نموونە لەنێو کوردەکاندا، سیاسەتی ڕێژیم لە پارێزگاری ورمێ بەهۆی تێکەڵاویی کورد و تورک، جیاوازە لەگەڵ سیاسەتەکانی ڕێژیمی تاران لە پارێزگاکانی کرماشان و ئیلام و سنە؛ بەو مانایە لە یەک سیاسەتی گشتی بۆ گەلێک، چوار سیاسەتی جیاواز لە چوار پارێزگا دانراوە. بەشێوەیەک کە بتوانێ ئەو گەلە لەو چوار پارێزگایە لەبواری ئێتنیکی، زمانی، کولتووری، کۆمەڵایەتی و مێژوویی بەبیانووی ئایینی، زاراوەی ناوچەیی و پێناسەی شووناسی بنەماڵەیی و جوگرافی لەیەکدی هەڵبڕێ؛ ئەوە خۆی بەشی نێوخۆیی بۆ ئەو نەتەوەیەیە و هەوکات لە ئاستی گشتگیردا بە دیاریکردنی سنووری



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەی ئەو گەلە لە ڕێگەی میدیاکان و کار و چالاکییەکانی دام ودەزگای ڕیکلامی بە شێوەی مەیدانی، دەورەیی و بەبیانووی ڕێ و ڕەسمە تایبەتەکانی خۆیان بەنیسبەت گەلانی دیکەی ئێران ئەو دابڕانە لەو حاڵەتەشدا وەسەریەک بخاتەوە و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بە ئامار و داتای هەڵە ئەو بۆشاییانە زیاتری بکات.

لە بواری سیاسی، ئیداری، ئابووری و نیزامی هەڵسوکەوتی ڕێژیم لە نێوخۆی پارێزگایەکی کوردی لەگەڵ پارێزگایەکەی دیکەی کوردی جیاوازی بەرچاو و زەق دەبینرێ. بۆ نموونە بە کەڵکوەرگرتن و زەقکردنەوەی ئایین و کەمڕەنگ کردنەوەی بواری نەتەوەیی کورد لە کرماشان، مەیدان و دەرفەتێکی بەرفراوانتر دراوە بە کورد لەوێ بۆ بەشداریکردنی لەو چوار بوارەی لەسەرێ ئاماژەمان پێ کردن و بەهۆی ڕێژەی زۆری نیشتەجێ بوونی کورد لەو پارێزگایە، وەرگرتنی کورد لە ئەرتەش زۆر بەرچاوە و بە پڕۆپاگەندە هەوڵ دراوە کە وەک بایەخێک لەو پارێزگایە چاوی لێ بکرێ و لە هەمانکاتدا کورد کەمتر لەلایەن سوپای پاسدارانەوە وەربگیردرێ. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەرک و دەسەڵاتی ئەرتەش لە ئێران و لەبەرانبەر سوپای پاسداراندا. لە حاڵێکدا لە پارێزگاکانی ورمێ، سنە و ئیلام دەرگای وەرگیرانی کورد لە سوپای پاسداران ئاوەڵایە و کەمتر کورد لەلایەن ئەرتەشەوە وەردەگیرێ، یان لەو ناوچانە سازمان دەدرێن؛ ئەوەش لە کەس شاراوە نییە، جیا لەوەی کە بە سیاسەتی ئابووری، ڕاگرتنی پڕۆژەکانی ڕەخساندنی هەلی کار بەشێوەیەکی پۆلێنبەندی کراو و هەنگاو بە هەنگاو چووەتە پێش، بەو هیوایە کە هیچ ڕێگەیەک نەهێڵێتەوە بۆ تاکی کورد و لە هەمبەر دووڕێیانی کۆچ یان پەیوەستبوون بەو ڕێکخراوە حکوومییانەی دابنێ.

سیاسەتی دەسەڵات لێکدابڕاندنی هەر گەلێکە لەنێو بازنەی خۆیدا بەبیانووی جیاوازییە ئاساییەکان (کە لەنێو هەر گەلێک لەجیهاندا بوونی سروشتی هەیە) و دواتر پێناسەکردنی هەرکامیان لە بەشێکی دیکە و لە بازنەیەکی گەورەتر بەجۆرێک کە بازنەی پێناسەی سەرەکی ئەو گەلە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ قەتیس تر بێتەوە. وەک نموونە بە کورد دەڵێ قەوم بەڵام هەورامی وەک پێناسەی کولتووری و زمانی بە نەتەوە پێناسە دەکات یان بەنیسبەت کرماشانی هەروەها و کورد لە ئیلام بەجۆرێکی دی و هتد؛ لەحاڵێکدا کە گەلی کورد وەک هەموو گەلانی جیهان لە کۆمەڵێک بناغەی ئێتنیکی لەنێو جەرگی ڕەچەڵەکێک پێک هاتووە.

ئەو سیاسەتە بۆ بەلووچ، عەرەب، گیلەکی و مازەنی و تا ڕادەیەک بۆ توورک بەکار دێت و بۆ هەرکام بەپێی زمان، کولتوور، مێژوو، کۆمەڵگە، ئایین، پێکهاتەکانی و بەتایبەت جیاوازییە ئاساییەکانی نێو ئەو بوارانە دارێژراون. لە ئاکامیشدا بڵاو کردنەوە و پەرتەوازەکردنیانە لەنێو دامودەزگا جۆراوجۆری ئیداری، ئەمنی و نیزامی وڵاتدا بەبیانووی جۆراوجۆر و هۆکاری ئابووری، خزمەتگوزاریی زیاتر و هتد. لەو حاڵەتەشدا بەشێوەیەک پیلانەکان پۆلینبەندی دەکات کە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەر گەلێک ڕووبەڕووی گەلێکی دیکە بکاتەوە و مەترسی تووانەوە بەهۆی بوونی بەرانبەریان بۆ ساز بکات، هەوکات لەنێو هەناوی هەر گەلێکدا کە جیاوازییەکان دەکاتە ئامانج، بەنێوبژیوانی لەنێویاندا بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئاکامی کێشە و تێکهەڵچوونیان لەگەڵ یەکدی، زیاتریان بازنە بازنە دەکات و بە شێوە و ویستی خۆی، بشێویی کولتووری و کۆمەڵایەتی و مێژوویی زیاتر پێک دێنێ تا وەک دەسەڵاتێکی بەهێز حوکمیان بەسەردا بکات.

بەڵام ئەوەی لەچاوی کاربەدەستانی ئەو ڕێژیمە جینایەتکارە ون بووە، هێز و توانای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ڕێکخراوەکانی ناوچەیی لە هەر بەشێک لە ئێران و ئاڵوگۆڕی ڕوانگەی نەتەوەکانی ئێران بەنیسبەت یەکدی و وشیارتربوونەوەی نەتەوەکانی ئێرانە کە بەشی هەرە زۆری بە تێکەڵاوتربوونی ئەو گەلانەیە بەهۆی پێداویستییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان. جێگەی ئاماژەیە کە بگوترێ کە مێژوو ئەو ڕاستییە دەرخستووە کە تێکدانی ڕاستییەکانی هەر کۆمەڵگەیەک و بەلاڕێدابردنی ویست، خواست و مافە ڕەواکانی خەڵک، لەئاکامدا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ڕەوتە درووست و ئوسوولییەکان لەنێو جەرگەی ئاشکرا و شاراوەیەی ئەو کۆمەڵگەیەدا. بەهەمان شێوە لەنێو کۆمەڵگەکانی دیکە و ئەو ڕەوتە کۆمەڵایەتی و کولتوورییانە بەهۆی خاڵی هاوبەش بەیەکدی دەلکێندرێن و دەبێتە هۆی سازبوون یان ئامادەبوونی بەستەرێک بۆ پڕ ڕەنگکردنەوەی ڕاستییەکان و لادانی ڕەوشتە دەسکردە غەیرە ئوسوولییەکان، بەپێی ڕادەی تێکدان یان تێکچوونی ڕاستییەکان؛ شاڵاوی تەنینەوەی ئەو ڕەوتە پێکهاتووانە بۆ گەڕاندنەوەی واقەعیاتی کۆمەڵگە یان هەر کۆمەڵگەیەک لە چوارچێوەی خۆیدا، توندتر و خێراتر دەبێت.

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# شوناسی یاسایی و بەرگریی ڕەوا



**ڕەزا دانشجوو**

## سێکانسی یەکەم

بەپێی پلانێکی پێشوەختەی دیاریکراو، دوای سەرکەوتنی تیپی تۆپی پێی ئێران بەرانبەر بە وێڵز، بەکرێگیراوانی ڕێژیم لە کاتێکدا ئاڵای کرێتی کۆماری ئیسلامییان لە سەرووی نێزەی تفەنگەکانیانەوە هەڵواسیوە، خەریکی نواندنی شانۆی گاڵتەجاڕی هێزنواندن لەنێو جەماوەری خەمباردان. بەکرێگیراوانێک کە سەماکردن بۆ خاوەن تاج بۆتە خووی ڕۆژانەیان، ئێستا لە سەربانی ئۆتۆمبێلێک سەما دەکەن کە هەر چەند ڕۆژ لەمەوبەر هەر لەنێو ئەم ئۆتۆمبێلەوە دڵی منداڵە بێتاوانەکانی ئەم خاکەیان دەکردە ئامانجی گوللەکانیان. لە گۆشەیەکی تردا تاقمێک بەکرێگیراو بە هەمان دەست کە هێشتاش بە خوێنی لاوانی کورد سوورن، بەڵێ، بە هەمان دەستە ناپاکەکانیان، دەسماڵی چۆپیبەدەست هەڵدەپەڕن. خۆبەزلزانینی نەبڕاوەی مووچەخۆرانی دەزگای ویلایەتی فەقیهـ. کەسانی سووک و بێئابڕوو و بێدەسەڵات تەنانەت لە کاتی پێکەنین و گریانیشدا. نۆکەرانی دەرباری ئاخوندی، گوێ لە فەرمان بۆ کوشتن و دەستدرێژی و لەسێدارەدان.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## سێکانسی دووهەم

خەڵکانێکی دڵخۆش، وەک ئەوەی هیچ شتێکی تر لەم کاتەدا نەتوانێت ئەوەندە دڵخۆشیان بکات، خەمبار لە شەقام و کۆڵانەکاندا، بەڵام کەیفخۆش بە شکستی هێزەکانی دیکتاتۆر، دڵنیا لەو ڕاستییە کە ناڕاستی هیچکات تا سەر نامێنێت، ئاهەنگی سەرکەوتن دەگێڕن. دەنگی هەرای خەڵک و هۆڕنی ماشێنەکان هەموو کەس ئاگادار دەکاتەوە، تەنانەت ئەوانەی کە خەویان زۆر قورسە، چ بگا بە ئەوانەی کە نیشان دەدەن کە خەوتوون و گوێیان لێ نییە! ئەو بەکرێگیراوانەی کە دوێنێ سەمایان دەکرد، ئێستا گەڕاونەتەوە سەر کاری خۆیان و خەریکن دیسان بۆ کوشتن فیشەک لەنێو خەڵکدا دابەش دەکەن، بەدوای سەردا دەگەڕێن بۆ پەتەکانیان. بۆنی خوێن جارێکی تر هەوای ئەم شارە خەمناکەی پڕ کردۆتەوە، بە دابی هەمیشەیی و پێشوویان بە خوێنی کوژراوەکان دەستنوێژ دەگرن و لەسەر جەستەیان نوێژ دەخوێنن. ئەمە ڕاستیی مەکتەبی وەلایەتی فەقێیە.

## سێکانسی سێهەم

بکوژە بێڕەحمەکانی ڕێژیم بە تانک و هامەر و بە فیشەکی دۆشکا چوونە شەڕی خەڵکی بێدیفاع لەسەر شەقامەکان، خەڵکانێک کە جگە لە بەرد و شەرەف هیچی تریان پێ نییە، هەندێک جار تەنانەت بەردیشیان لە دەستدا نییە و وەڵامیان لە بەرانبەر فیشەکدا تەنها هاوار و دروشمە. بەکرێگیراوەکان بە دڕندەیی بێهاوتا خەریکی خۆڵقاندنی تاوانێکی مرۆڤین. جگە لە دەنگی فیشەک و گریان هیچی تر نابیسترێت، شەقام پڕە لە تەرمی ئەو کەسانەی تاقمێکیان تەنانەت هیچ پەیوەندییەکیان بە شۆڕشی ژیناوە نەبووە و تەنیا تاوانیان بوون لە کات و شوێنێکی دیاریکراو و کەوتن بەر فیشەکی بێ ئامانجی بەکرێگیراوانە، مەبەست هیچ گرینگ نییە، فەرمان تەقەکردنە و ئەوان دەبێ تەقە بکەن، ئێستا قەتڵ و کوشتن بۆتە خووی ڕۆژانەیان، هیچ جیاوازییەک لەنێوان منداڵ و ژن و پیاودا نییە. دەبێت بکوژن تا فەرماندە ڕقلەزگ و بێدەسەڵاتەکەیان کەمێک ئارام بێتەوە.

## سێکانسی چوارەم

بەکرێگیراوێک کە کەوتۆتە دەستی شۆڕشگێڕان و تەنانەت گوتنەوەی "مەرگ بۆ فەرماندەی بێدەسەڵات"، ناتوانێت لە دەست شۆڕشگێڕان ڕزگاری بکات. چەند فەرماندەی پلەباڵای سپای پاسداران لە چەند شاری جیاجیا لە لایەن شۆڕشگێڕانەوە سزا دەدرێن. بە ئاخوندەکانی حکوومەتی و نوێنەرانی بەکارنەهاتووی مەجلیسی ڕژێم ڕاگەیەندراوە کە ئاگاداری فەرمانگە و



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ماڵەکانیان بن. لەم ڕۆژانەدا بنکەکانی بەسیج، ناوەندەکانی گەندەڵیی کۆماری ئیسلامی، یەک لە دوای یەک لە ئاگری شۆڕشگێڕاندا دەسووتێن. ئێستا فەرماندەی سوپاش بەتەواوی ئاگاداری ئەم ترسە لە سەربازەکانیدا بووە. دیکتاتۆر لە چاوپێکەوتن لەگەڵ بەسیجییەکانی ئەڵقەلەگوێی، هەستی بە قووڵایی ئەم کارەساتە کردووە، دەزانێت چیتر توانایی ڕابردوویان نییە لەبەردەم ئەو خەڵکەی کە ئێتر ناترسن، قورئان بۆ بەکرێگیراوەکانی دەخوێنێتەوە ڕەنگە بتوانێت دیسان ئیرادەیان بەرز بکاتەوە، بەڵام زیاتر وەک خوێندنەوەی سورەتی یاسین وایە بۆ جەماعەتی ترساوی دڵمردوو.

## سڕینەوەی شوناسی و شوناسیی دەستووری

کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژی دامەزرانییەوە دەستی کرد بە سڕینەوەی هەموو نیشانەکانی شوناسی ئەوانیدی. زمان و جلوبەرگ و ڕێوڕەسم و داب و نەریت و هەموو ئەو شتانەی کە لە بیری دۆگماتیک و دواکەوتووی ئاخوندەکاندا جێیان نەدەبۆوە، بە بیانووی دژایەتی لەگەڵ ئایینی دەسکرد و ساختەی ویلایەتی فەقیهـ یان قەدەغە کران یان بەتەواوی لە ڕێبازی ڕاستەقینەی خۆیان لادران. هەرچەند کۆماری ئیسلامی بەشێکی زۆر لەم سەروەت و سامانە فەرهەنگییانە لە ڕواڵەت و لە شێوەی نووسیندا قبوڵ کرد و تەنانەت لە ئاستی دەستووری بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی دا ئاماژەیان پێکراوە، بەڵام بە کردەوە بە هەموو شێوەیەک حەوڵ درا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان. بۆ نموونە زمانی کوردی تا ئەوکاتەی بۆ ستایشی ڕێبەری ڕێژیم و حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بەکار دێت، ڕێگەپێدراوە؛ بەڵام کاتێک لە گێڕانەوەیەکی سەربەخۆدا، چ نووسراو بێت یان بە قسە بەکاردێت، نیشانەی تێکۆشان بۆ ڕووخاندنی دەسەڵات و جیابوونەوەیە. لەبەرکردنی جلوبەرگی کوردی بۆ بەکرێگیراوانی نێوخۆی ڕێژیم نیشانەی ڕێزگرتنە لە فەرهەنگی کوردی، بەڵام لەبەرکردنی هەمان جلوبەرگ بۆ کەسانی سەربەخۆ نیشانەی پەیوەستبوونە بە گرووپە ئۆپۆزسیۆنە کوردییەکان. هەڵپەڕکێ لە جێژن و کۆبوونەوەکانی حکوومەتی جوانە و ڕێگەپێدراوە، بەڵام لە بازنەی تایبەتدا و کۆبوونەوەکان خەڵکانی سەربەخۆدا نایاسایی و مەحکووم، ناشەرعی و نائیسلامییە. لە ڕاستیدا وەک هەموو بەشەکانی تر، بۆ ڕێژیم هەموو ئەمانە وەک ئامرازێک بۆ بەرژەوەندییەکانی دیکتاتۆر جێگای قبووڵوگفتوگۆیە. هەوڵی کۆماری ئیسلامی بۆ پێدانی شوناسێکی قانوونی و زۆرەملێ، پشتیوانی بێسنوور لە بەکرێگیراوان و یارمەتیدانی کەسانی بێ ناسنامە بۆ پیاهەڵدانی تاج و تەختی وەلایەتی فەقیهـ.

## بەرگریی ڕەوا

بەرگریی ڕەوا واتە دۆخێک کە مرۆڤ لە مەترسیدایە و ناچارە کاردانەوەی هەبێت بۆ ئەوەی بەرگری لە خۆی بکات. دیارە ئەم کاردانەوەیە دەتوانێت لە هەر ئاستێکدا ڕووبدات. بەرگریی ڕەوا لە زۆربەی وڵاتانی جیهان وەک دۆخێکی تایبەت



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕێگەپێدراوە. ئەوەی لە سەرەوە لە بارەی کاردانەوەی خەڵک بەرانبەر بە کردەوەکانی ڕێژیم باس کرا، بەشێکە لەو بەرگرییە ڕەوایە. لە حاڵەتی یەکەمدا کۆمەڵگە بەتەواوی لە بەرەی پێچەوانەدایە. لە بەردەم نۆرمی قانوونیی حکوومەت، فەرمانێک کە ئەمجارە نەک خودی کەسەکە بەڵکوو شوناسەکەی خستۆتە مەترسییەوە، ئەم جار خەڵک ئاگادار لە شوناسی ڕاستەقینەی خۆی لە بەرامبەر ئەو شوناسە دەستوورییەی کە دیکتاتۆر دەیهەوێ بە سەریدا زاڵ بکات ڕادەوەستێ و بەرەنگاری دەبێتەوە. بێگومان بۆ ئەو کەسانەی کە عاشقی یاریی تۆپی پێن و وڵاتەکەیان خۆش دەوێت، خۆشی و زەردەخەنە لەو ڕۆژەی تیمی وڵاتەکەیان دۆڕاوە، لە ڕاستیدا بەرگرییەکی ڕەوایە لە ناسنامەی هەڵبژاردەی وڵاتەکەیان، تێکۆشانی خەڵک بۆ وەرگرتنەوەی شوناسی تیمێکە کە ناوی خەڵکی لە سەرە بەڵام بۆ حکوومەت یاری دەکات. دڵخۆشیی خەڵک دەگەڕێتەوە بۆ شکستی حکومەت لە زەوتکردنی بەرژەوەندی تیپەکەیان. پێچەوانە ئەم جۆرە بەرگرییە ڕەوایە نیشانەی هۆگریی خەڵکە بۆ هەڵبژاردەی وڵاتەکەیان، مرۆڤ هەرگیز ڕکەبەری هیچ کەسێک ناکات بۆ وەدەستهێنانی شتێک کە لای بایەخی نەبێت. خەڵک چاوەڕوانی دەکرد ئەم یاریزانانەی کە خۆیان پەروەردەی کردوون و هەڵیانکێشاون، ئێستا لەم وەرچەرخانە مێژووییە، لایەنی خەڵک بگرن، لایەنی خاوەن ڕاستەقینەکانی هەڵبژاردەی نیشتمانی. خەڵک بۆ وەرگرتنەوەی شوناسی هەڵبژاردەی نیشتمانی خۆیان هاتنە سەر شەقامەکان.

وەک ئاماژەمان پێدا بەرگریکردن لەخۆ پێوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە پلەی مەترسییەوە. ئەو کەسەی ژیانی لە مەترسیدایە هیچ بژاردەیەکی نییە جگە لە ڕووبەڕووبوونەوەی هێرشبەرەکە. ناتوانیت کەسێک بانگهێشتی گفتوگۆ بکەیت کە بێ ئامانج تەقەت لێ دەکات. دیارە تەواو ڕێگەپێدراوە لەو ئاستەدا بەرگری لە خۆت بکەیت کە مەترسیت لەسەرە. ئەمە ئەو واقیعەیە کە ئێستا لە مەیدانی کرداردا شۆڕشگێڕان ناچارن ڕووبەڕووی ببنەوە. ئەوان زۆر باش تێگەیشتوون کە کاتێک لایەنی بەرامبەر ئیرادەی گوێگرتنی نییە، قسەکردن لەسەر پێکەوەبوون دروشمێکی پووچ و بێبایەخ زیاتر نییە. بە دڵنیاییەوە ئەگەر باوەڕیان بە گفتوگۆ هەبوایە، بە تانک و هامەر نەدەهاتن.

لەگەڵ هەموو ئەوانەدا نابێ دوو خاڵی گرنگ لە باسکردنی بەرگری ڕەوادا پشتگوێ بخرێن. یەکەم: ئاشکرایە، وەک گوترا، دەبێت ڕێژەی کاردانەوە بە پێی پلەی مەترسیی ئەگەرییەکان بێت، پێویستە مەتر و پێوەرێکی دیاریکراو هەبێت و لە توندڕەوی خۆ دوور ڕابگرێت. خاڵێکی تری گرنگ ئەوەیە کە مرۆڤ هەرگیز نابێت تەنها یەک تێگەیشتنی هەبێت بۆ ڕووداو و کەسانی جۆراوجۆر، بێگومان دەبێت جۆری کاردانەوە لەبەردەم بەکرێگیراوێکی بێدەسەڵات بێ پلە و بایەخ جیاواز بێت لە بکوژێکی ناسراو و دەستڕۆیشتوو. نابێت ڕێگە بدرێت ئاراستەی ڕووداوەکان بەرەو دوو جەمسەری هەنگاو بنێت، هەموو کەس، تەنانەت ئەوانەی کە ڕەنگە کاریگەرییەکی زۆر کەمیان هەبێت، بوونیان بۆ شۆڕش پێویستە. بەدڵنیاییەوە گۆڕینی هێزێکی بێلایەنی ڕێژیم بۆ بەکرێگیراوێک و هاویشتنی بۆ نێو بەرەی ڕێژیم هەڵەیەکی گەورەیە. بۆ لەنێوبردنی کۆماری ئیسلامی،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

نابێت ڕێگای سەرەکی بگۆڕدرێت، نابێت مرۆڤ خۆی بخاتە نێو شتی بچووک و بێنرخەوە. با هەستەکان بەرەو ئامانجی سەرەکی ئاراستە بکرێن، بۆ دادگایی کردن و سزادانی تاقمێک نۆکری بێدەسەڵات و سووک هەمیشە کات هەیە. ئامانجی ئەم شۆڕشە لەنێوبردنی بریکار و بڕیاردەر و بەرپرسیاری سەرەکیی ئەم بارودۆخەیە. بە دڵنیاییەوە ئەمە پەیامی شەهیدان سوورخەڵاتە. بەرگریی ڕەوا مافێکی پارێزراوە و ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە بۆ گەیشتن بە سەری مار و ڕووخاندنی سیستمی وەلایەتی فەقیهـ..

---

## کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و پرسی مافی مرۆڤ لە ئێراندا



**ئارەزوو نستانی**

گرینگیدانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە پرسی مافی مرۆڤ ڕابردوویەکی زۆری هەیە، بەڵام سەرەتا لە ئاستی دەوڵەتاندا چەندین هەوڵی گرینگ و شوێندانەر لەو بوارەوە دراون، وەک بەڵگەنامەی مافەکانی مرۆڤ و هاووڵاتی ١٧٩٧ی فەڕانسە کە بە سەرەتای هەوڵی ڕێکخراو و داڕێژراو بۆ ڕێزگرتن و پشتگیریی مافەکانی مرۆڤ دادەنرێ. هەروەها بڵاوکراوەی مافی هاووڵاتیی ١٧٩١ی ئەمریکا و پاشان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دامەزرانی خاچی سووری نێودەوڵەتی ١٨٦٤ و کۆنڤانسیۆنی ژنێڤی تایبەت بە کۆیلایەتی ساڵی ١٩٢٦، لە هەوڵە بەرچاوەکانی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بەر لە پێکهێنانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ڕووداوەکانی شەڕی دووەمی جیهانی و پێشێلکاریی بەربڵاوی مافەکانی مرۆڤ لە گۆشە و کەناری جیهان، دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی بەرەو دامەزرانی ڕێوشوێنی تایبەت بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ هان دا. لە ماددەی ١ی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئاماژە بەوە کراوە کە بەرەوپێشبردن و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان بۆ هەموان بەدەر لە نەژاد، ڕەگەز، زمان و یان ئایین لە ئامانجە سەرەکییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانە. دامەزرانی کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤ لەلایەن ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی وەک یەکێک لە ئۆرگانە سەرەکییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرهەمی ئەو بارودۆخە تایبەتەی دوای شەڕ بوو کە ساڵی ١٩٤٦ دامەزرا. کۆمیسیۆن لە داڕشتن و جیهانگیرکردنی ستاندارده نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ ڕۆڵێکی گرینگی گێڕا و سەرەتا بە بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامەی نائیلزامی بەڵام گرینگی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ لە ساڵی ١٩٤٨ سەرنجی وڵاتانی بۆ ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ ڕاکێشا. ئەو بەڵگەنامەیە تا ئێستاش بە گرینگترین و لە هەمان کاتدا گشتگیرترین بەڵگەنامەی نێودەوڵەتی دادەنرێ کە بە ئامانجی ڕێزگرتن لە ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ بڵاو کراوەتەوە.

گەورەترین کەمایەسیی جاڕنامەکە بریتی بوو لە نائیلزامی بوونی، هەر بۆیە کۆمیسیۆن لە ١٩٦٦ هەر دوو ڕێککەوتننامەی مافە مەدەنی و سیاسییەکان و مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی بە پەسندی کۆڕی گشتی گەیاند و زۆربەی وڵاتانی جیهان واژۆیان لەسەر کرد. بەشێوەیەکی گشتی چالاکییەکانی کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤ بەسەر سێ قۆناغدا دابەش دەکرێ: لە ساڵی ١٩٤٦ هەتا ١٩٦٦ بە قۆناغی داڕشتن و سەقامگیرکردنی ستاندارده نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ دادەنرێ. لە ١٩٦٧ بەولاوەیە کە کۆمیسیۆن لە ڕێگەی ئامادەکردنی ڕاپۆرتی بابەتی و هەروەها پێکهێنانی گرووپی جیاوازی کاری بەدواداچوون بۆ پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە وڵاتانی جیهان دەکا. لە ساڵی ١٩٩٠ەوە قۆناغی سێهەمی چالاکیی کۆمیسیۆن دەست پێ دەکا کە تێیدا کۆمیسیۆن سەبارەت بە پرسەکانی پەیوەندیدار بە مافی مرۆڤ و بەرەوپێشبردنی مافە فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان، ڕاوێژ پێشکەشی وڵاتان دەکا.

لەگەڵ ئەوەی کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤ لە جێگیر کردنی بنەماکانی مافی مرۆڤدا کاریگەرییەکی گەورەی دانا، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٦ هەڵوەشایەوە و جێگەی خۆیدا بە شوڕای مافەکانی مرۆڤ. شوڕا پێچەوانەی کۆمیسیۆن بەدواداچوون بۆ پرسی مافی مرۆڤ لە هەموو وڵاتانی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان بەبێ جیاوازی و بە شێوەی دەورەیی دەکا. ئەو میکانیزمە دەوڵەتانی هان دا بۆ باشترکردنی دۆخی مافەکانی مرۆڤ لە خولەکانی داهاتوودا، بۆ ئەوەی خۆیان هەرچی زیاتر لەگەڵ پرەنسیپە پەسندکراوەکانی مافی مرۆڤ بگونجێنن.

لە ئامانجەکانی پێکهێنانی ئەنجومەنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بریتی بوو لە بەستنەوەی پێشێلکاریی بەربڵاوی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

مافەکانی مرۆڤ بە فەسڵی حەوتەمی مەنشووری نەتەوە یەکگرتووەکان واتە هەڕەشەی ئاسایش و ئەمنیەتی نێودەوڵەتی بوو کە لە پڕۆژە پێشنیارییە چاکسازییەکەی کوفی عەنان، سکرتێری ئەوکاتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتبوو. بەپێی ئەو پێشنیارە ئەگەر پێشێلکاریی بەربڵاوی مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتان لە لایەن ئەنجومەنی مافی مرۆڤەوە پشتڕاست بکرێتەوە، دەرگا بۆ ئەنجومەنی ئاسایش دەکرێتەوە کە دەستێوەردان بکا. بەڵام ئەو هەوڵە سەری نەگرت و لە بڕیارنامەی دامەزراندنی شورای مافی مرۆڤ نەچەسپێنرا، کە دیارە وڵاتانی پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ و یەک لەوان کۆماری ئیسلامی لە دژبەرانی ئەو پێشنیارە بوون.

شورای مافی مرۆڤ بەرپرسیارەتیی سەرەکی هەیە لە پەرەپێدان و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان. ئەو شورایە لە سەریەتی بەدواداچوون بکا بۆ پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە وڵاتە جیاوازەکان و ڕێوشوێنی پێویست بگرێتە بەر. شورا جیا لەوەی وەک ئۆرگانێکی سەر بە کۆڕی گشتی پێگەی یاسایی بەرزترە لە کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ، لە هەمان کاتدا لەڕووی لۆجێستیکی و پێکهاتەییەوە قورسایی زیاتری هەیە و بڕیارەکانی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا خاوەن پلە و قورسایی زیاترن. شورا پێچەوانەی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ لە هەر کاتێکدا دەتوانێ لێکۆڵینەوە لە پرسی پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ بکا. جگە لەوە شورا لە ئامادە کردنی ڕاپۆرتەکانیدا پشت بەو زانیارییانە دەبەستێت کە لە لایەن دەوڵەتان، ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکان و هەروەها نوێنەرانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەبەستێ، لە کاتێکدا کۆمیسیۆن تەنیا پشتی بە دەوڵەتان دەبەست.

دوابەدوای مەحکوومکردنی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە شورای مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە وێڕای مەحکوومکردنی پێشێلکاریی سیستماتیکی مافەکانی مرۆڤ لە ڕەوتی خۆپێشاندانەکانی ئێران، بڕیاری پێکهێنانی کۆمیتەیەکی بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕاستییەکانی ئەو پێشێلکارییانە دا. لێژنەی دەرخەری ڕاستییەکان زۆربەی جار کاتێک پێک دێ کە ئیدیعای پێشێلکاری بەربڵاو و سیستماتیک لە وڵاتێک لە ئارادا بێت کە بنەما پەسندکراوەکانی یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ و هەروەها یاسای نێودەوڵەتیی مرۆڤدۆستانە پێشێل کرابێت. ئامانجی شورا لە پێکهێنانی ئەو لێژنەیە بریتیە لە پشتڕاست کردنەوەی پێشێلکاریی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ کە گریمانە دەکرێ لە ماوەی ڕاپەڕینی ئەمدواییانەی خەڵکی ئێراندا ڕوویان دابێت. لێژنەی دەرخەری ڕاستییەکان لێکۆڵینەوە دەکا لە دۆخی مەترسیداری مافی مرۆڤ و بەتایبەت ئەوەی پەیوەستە بە ئەشکەنجە و ئێعدام و خراپ مامەڵەکردن لەگەڵ ژنان و دەسبەسەر کردن بە هۆکاری سیاسی و تەنیا بەهۆی بەشداری لە خۆپێشاندان و نارەزایەتی دەربڕینەکان. لە کۆبوونەوەی شورای مافی مرۆڤدا ڕاستەوخۆ ئاماژە بە کوشتنی خەڵکی مەدەنی و تەقە لە منداڵان کراوە کە بەپێی ئەساسنامەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی دەکەونە خانەی تاوانی دژی مرۆڤایەتییەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەوەی کە پێویستە سەبارەت بەو ڕووداوە ئاماژەی پێ بکرێ ئەوەیە کە سەرنجی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر بەرنامەی ناوکی و هەروەها سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامییەوە بەرەو پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ گۆڕاوە. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، کۆماری ئیسلامیی ئێرانی پێشێلکاری مافی مرۆڤ بە مەترسی دەزانێ و بەرەبەرە خۆی لەگەڵ خواست و داواکارییەکانی گەلانی ئێران زیاتر دەگونجێنێ. بێگومان ئەوەش بەرهەمی ڕاپەڕینی جەماوەریی خەڵکی ئێران و پشتیوانیی ڕەوەندی ئێرانی لە دەرەوەی وڵاتە کە بۆتە هۆکاری سەرەکیی ئەو گۆڕانکارییە. لە نزیک دوو مانگ و نیو ڕاپەڕینی خەڵکی ئێراندا، وڵاتە جیاوازەکان زیاتریان تەحریمیان بەهۆی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ بەسەر ڕژیمی ئێراندا سەپاندووە ئەو ڕەوتە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر لە پەرەسەندن دایە.

ئەوەی لەو ماوەیەدا بۆتە جێگای پرسیار و مشتومڕ چ لە ئاستی کۆمەڵگەدا و چ لە ئاستی نوخبەی قانوونیدا ئەوەیە کە بڕیارنامەی شوڕای مافی مرۆڤ خاوەن هێزی جێبەجێکار نییە و ئەنجامێکی ئەوتۆی بۆ کۆماری ئیسلامی بەدواوە نابێ.

ئەو گریمانەیە لە دوو ڕووەوە شایانی هەڵسەنگاندنە. ئەوەی کە بڕیارنامەکانی شوڕای مافی مرۆڤ ئیلزامی نین لەو ڕووەوە ڕاستە کە وەک یاسای نێوخۆیی زەمانەتی جێبەجێ کردنیان نییە و هیچ لایەنێک ناتوانێ بە زەبری هێز کۆماری ئیسلامی ناچار بە پێبەندبوون بە ستانداردەکانی مافی مرۆڤ بکا کە لە لایەن ئەو دامەزراوەیەوە هەوڵیان بۆ دەدرێ.

لە ڕوویەکی ترەوە دەتوانین بڵێین بڕیاری شوڕا ئیلزامییە و لە ئەگەری پێملنەبوونی کۆماری ئیسلامی سزا یان پاشهاتی خراپی بۆ حکوومەت لێ دەکەوێتەوە. بەشێوەیەک کە پرێستیژ و ئێعتیباری ئێران ڕوو بە دنیای دەرەوە لاواز دەکا. کاتێک لە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکاندا دەنگی وڵاتێک کز دەبێ، بە هەمان شێوە سەنگی وڵات لە بوارە جیاوازەکانی ئابووری و فەرهەنگیشدا دادەبەزێ و لە مەیدانی دیپلۆماسیشدا تەریک دەکەوێتەوە.

لە ماوەی زیاتر لە چل ساڵی ڕابردوودا زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوایی و بە گشتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانیاندا چاویان لە پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤدا داخستوە. هەڵوێستی ڕاشکاوانەتر و مرۆڤ تەوەری ئەمدواییانە و یەک لەوان مەحکووم کردنی کۆماری ئیسلامی لە لایەن ئەنجومەنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ئاماژەیە بۆ هێزی ڕاپەڕینی ئەمدواییانەی گەلانی ئێران و تێگەیشتنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە گۆڕانکارییە چاوەڕوانکراوەکانی ئێران.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# حکوومەت نیزامیی ڕانەگەیەندراوی ئێران لە مەهاباد و بۆکان



**ئەنوەر سوڵتانی**

ماوەی حەوتووییەکە هێزی سەرکوتکەری ئایەتوڵڵاکانی ئێران بە چەک و کەرەسەی قورسی سوپاییەوە گەیشتوونەتە ئەو دوو شارەی موکریان، دەروازەکانی هاتوچۆیان داگیر کردووە، هاموشۆی خەڵک و هاوردە و بردەی شتومەکیان خستۆتە بەر چاوەدێریی توندوتیژ؛ بە شەقامەکاندا دەگەڕێن، بەبێ هۆکار خەڵک ڕادەگرن و دەیانپشکنن؛ تەلەفونی مۆبایلی خەڵک بەتایبەت لاوەکان زەوت دەکەن، جنێویان پێ دەدەن و سووکایەتییان پێ دەکەن، ماڵان دەگەڕێن، هەرکەس بخوازن دەیگرن، هەواڵی دەستدرێژیکردنە سەر گیراوە کوردەکانی نێو زیندانی ورمێ و زیندانە لەپاولەپەکانی دیکەی کوردستانیش کەم نییە.

سەربازانی ئیمامی زەمان بەتایبەت لەو دوو شارەدا بەرگری لە کردنەوەی دووکانان دەکەن و ناهێڵن بژیو و پێداویستیی ڕۆژانە بە خەڵک بفرۆشرێت، نانەواخانەکان قەرەباڵغن و سوپای داگیرکەر و بەسیج لە سەفی ناندا سووکایەتی بە خەڵک دەکەن و لێیان دەدەن؛ دابینکردنی دەرمانی نەخۆش و بریندار گەلێک ئەستەمە، شیری منداڵ و کەرەسەی پاک و خاوێنی کەمتر دەست دەکەون و ئەگەریش هەبن، گرانە. ئینترنێتیان بڕیوە و تەلەفونی مۆبایلی خەڵک کار ناکەن کە بتوانن وێنە و فیلمی ئەو زۆرداری و ملهوڕییانە بگرن و بڵاوی بکەنەوە. لەئەنجامدا، هەواڵەکان ناگەنە دەرەوە و مێدیاکان لە ڕاگەیاندنی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەو بارودۆخی نالەبارە بێدەنگن. پرۆژەی ڕژیم بریتییە لە برسی و موحتاج ڕاگرتنی خەڵک و نەگەیشتنی دەرمان بە نەخۆش و برینداران بۆ ئەوەی بە خەیاڵی خۆیان گەلەکەمان بە چۆکدا بێنن و کەسایەتی و شانازییەکەی تێک بشکێنن.

بەگشتی بارودۆخێک بەسەر شارەکان و ناوچەی دەوروبەریاندا زاڵە کە تەنیا دەکرێ بە داگیرکەریی هێزی لاوەکی بۆ سەر وڵاتێک بشوبهێندرێ. کەس نییە بەدەنگی خەڵکەکەوە بێت، هیچ کوردێک لە دەسەڵاتداریەتی ئێراندا نییە و ئەوانەی وا بە قسە نوێنەری خەڵک لە پەرلەمانن متەقیان لێ براوە تەنانەت لە مەجلیسی دەستنێژی خامنەییشدا دەنگێکی ناڕەزایی هەڵنابڕن نەکا پۆست و مەقامە ناحەقەکەیان لەدەست بچێت و مووچە و مانگانەیان بکەوێتە مەترسییەوە.

لەو هەلومەرجە نالەبارەدا ئەرکی دەزگا ڕاگەیاندنەکان، بە تایبەت ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە دەرەوەی وڵات گرنگتر لەجارانە، ئەوان دەتوانن ببن بە دەنگی خەڵکە بێدەنگکراوەکە و هاواریان بە جیهان و بە تایبەت بە نێردەی تایبەتی یووئێن بۆکاروباری ئێران و کومیتەی تەحقیقی نەتەوەیەکگرتووەکان ڕابگەیەنن.

لە ڕۆژانی ئەو توندوتیژی نواندنانەی ڕێژیمدا سەرۆککۆماری گەمژەی دەستنێژی خامنەیی بۆ بەلارێدابردنی سەرنجی بیروڕای گشتی لەو جینایەتانەی مەئموورەکانیان لە موکریان دەیکەن، چۆتە شاری سنە و لەبەردەم هەندێک جاش و "مەئمووری مەعزوور"دا وتاری زانایانە و بلیمەتانەی فەرمووە؛ وەک هەمیشە، تاوانی ناتەواوییەکانی خستۆتە ئەستۆی "ضدانقلاب" و سیستمە دز و خوێڕییەکەی خۆیانی کردۆتە دایکی میهرەبانی گەلی کورد- هەر ئەو گەلەی وا چەند کیلۆمەتر ئەولاوەتر، لە بۆکان و مەهاباد بە دەست سەربازەکانی ئیمامی زەمانی خۆیەوە ئەو ڕەنجە دەکێشن کە دەیکێشن.

ئەمڕۆ، ئەرکی هەموو دەزگایەکی هەواڵدەریی کوردی و بە گشتی هەموو تاکێکی کورد لە دەرەوەی ئێرانە لە بەرانبەر ئەو داگیرکەری و پێشێلکرانی مافە سەرەتاییانەی خەڵکی ئەو دوو شارە و هەموو شار و گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێدەنگ و بێ هەڵوێست نەمێنن و ئەوەی لەدەستیان دێت بۆ یارمەتیدانی خەڵکە بێتاوانەکە دریغی نەکەن.

سەرکەوتن هی گەلەکەمانە و شەرمەزاری بەشی خامنەیی جەللاد و نۆکەرەکانیەتی.

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ڕێکخراوەکانی ژنان و ئەرکێکی گرینگ



**ئاسۆ مینبەری**

لە ٢٥ی نۆڤامبری هەموو ساڵێک هەتا ١٠ی دێسامبر و بە ماوەی ١٦ ڕۆژ کۆمەڵێک چالاکیی جیاواز لە سەرتاسەری جیهاندا بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژییەکانی دژ بە ژنان بەڕێوە دەچێ.

لە ڕاستیدا ٢٥ی نۆڤامبر و ئەو ١٦ ڕۆژە پرتەقاڵییە، دەرفەتێکی زێڕینە بۆ ئەوەی کە فۆکۆسی زیاتر بخرێتە سەر ئەو پێشێلکارییانەی بەنیسبەت مافەکانی ژنان لە جیهاندا ڕوو دەدەن، هەر بۆیە زۆر بە بایەخەوە دەبێ لێی بڕوانین و بەتایبەتیش ڕێکخراوەکانی چالاک لە بواری ژنان زیاتر دەبێ هەوڵ بۆ کەڵکوەرگرتن لەم دەرفەتانە بدەن تاکوو بتوانن باشتر و زیاتر کار لە سەر کێشەکانی ژنان بکەن.

ئەمساڵ ٢٥ی نۆڤامبر و ١٦ ڕۆژی پرتەقاڵی هاوکات بووە لەگەڵ شۆڕشی ژینا، شۆڕشێک کە قەتڵی حکوومەتیی ژنێک بوو بە سەرەتایەک بۆ دەستپێکردنی!



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە ڕاستیدا خودی قەتڵی حکوومەتی یەکێک لە جۆرە دیارەکانی توندوتیژییەکان بەرانبەر بە ژنان بەتایبەت لە کۆمەڵگەی ئێرانە، توندوتیژییەک کە دەسەڵات بەپێی دەرفەت و ئیمکاناتی خۆی و بە کەڵکوەرگرتن لە یاساکانی خۆی زۆر بەئاسانی دەیکات و لە بەرانبەر هیچ ئاسەوارێکیشیدا خۆی بە بەرپرسیار نازانێ، هەربۆیە دەبێ گرینگییەکی تایبەتی پێ بدرێت و کاری زیاتری لەسەر بکرێت.

ڕاستیدا قەتڵی حکوومەتیی ژینا ئەمینی بە دەستی هێزەکانی گەشتی ئیرشاد تـوانی کۆمەڵگە بخاتە سەر هەست؛ فاکتەرە دیارەکانی ژن بوون و کوردبوونی ژینا لە قەتڵی حکوومەتیی ئەم کچە کورددا کاریگەرییەکی زۆریان هەبوو، ڕەنگە ڕووداوی لەم چەشنە بە ڕێژەیەکی دیار لە کۆمەڵگەی ئێراندا ڕووی دابێت بەڵام قوربانیبوونی ژینا وەکوو کچێکی کورد و هەستیاربوونی کۆمەڵگەی کوردستان بەنیسبەت خاوەندارەتی کردن لە کچەکەی، وای کرد کە قەتڵی حکوومەتیی ژینا دەنگدانەوەی جیهانی بەدوای خۆیدا بێنێت و ببێتە یەکێک لە گرینگترین ڕووداوەکانی لانیکەم ١٠ ساڵی ڕابردوو لە جیهاندا. ڕاستە کە قەتڵی حکوومەتیی ژینا دەبێ وەکوو یەکێک لە دیارترین پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و مافی ژنان چاوی لێ بکرێت، بەڵام نابێ لە بیرمان بچێت کە ئەم توندوتیژییە، بووە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵێک توندوتیژیی دیکە کە دەکرێ وەکوو توندوتیژیی سیستماتیک ناویان لێ ببەین، لە کۆمەڵگەدا پەرە بستێنن، توندوتیژیگەلێک کە سیستمی دەسەڵاتداری زۆر بە ئاسانی پەرەیان پێ دەدات و خودی سیستمەکە وەکوو بکەری سەرەکییان بە ئەژمار دێت.

بەو پێیە کە لە ١٦ ڕۆژی پرتەقاڵی داین، پێویستە زیاتر بپەرژێینە سەر ئەو پێشێلکارییە دیارانەی کە وەکوو توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان لە ماوەی زیاتر لە ٨٠ ڕۆژی ڕابردوودا ڕوویان داوە.

هەواڵدەرییە مافی مرۆییەکان لەم ماوەیەدا بەوردی پەرژاونەتە سەر ئەم بابەتە و بەردەوام هەوڵیان داوە ئاماری تایبەت لە ڕێژەی پێشێلکارییەکان وەک کوژران، دەسبەسەرکردن، ڕفاندن و ... بخەنە بەر دیدی خەڵکەوە، بەڵام بابەتێکی گرینگ کە دەچێتە چوارچێوەی توندوتیژییەکان و زۆر کەمتر ئاوڕی لێ دراوەتەوە ـ ئەڵبەت لەبەر هەستیاربوونی پرسەکە و فاکتەرەکانی دیکە کە پێوەندی و کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر ڕەوتی ڕاپەڕینەکە هەیەـ ، ئەو توندوتیژییەیە کە لای ژنانەوە هەمیشە بە ترسەوە باسی لێ کراوە و زۆرجاریش تەنانەت بیرکردنەوە بە ئازارەکانی قوربانییەکە و وێناکردنی ئەو هەلومەرجەی کە قوربانیی تێدا بووە، ئازارێکی پێ چاشتوون کە ڕەنگە کەمتر لە ئازاری خودی توندوتیژییەکە نەبووبێ.

لە ڕۆژانی ڕابردوودا زانیارییەکان لە نێوخۆی کوردستانەوە باسیان لەوە کرد کە ڕێژەیەکی بەرچاو لەو ژنانەی کە لەلایەن



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هێزەکـانی ڕێـژیمەوە و لە ڕەوتـی ڕاپەڕیـنەکەدا دەسبەسـەرکراون، لەلایەن بەکرێگیراوانـی ڕێـژیمەوە لە گرتنگەکانـدا دەستدرێژییان کراوەتە سەر و بەم هۆیەوە هەندێکییان ئێستا دووگیانیشن. ئەڵبەت ئەم دەستدرێژییانە تەنیا تـایبەت بە ژنان نەبووە و هەن پیاوانێکیش کە هاوشێوەی ژنان کەوتوونەتە بەر ئەم توندوتیژییەوە و ئازار دراون.

لە ڕاستیدا پرسی دەستدرێژی یەکێک لە تاڵترین و بەژانترینی توندوتیژییەکانە کە بەرانبەر بە تاکەکان دەکرێت، لێرەدا زیاتر باس لەو دۆخە دەکەم کە بە سەر ژناندا زاڵ دەبێت، چونکە بەپێی عورفی کۆمەڵگە هەر کات ژنان کەوتبێتنە بەر پەلاماری کەسانێکی دڕندەوە و دەستدرێژییان کرابێتە سەر، یەکەم کاردانەوەیەک کە لەگەڵـی بەرەوڕوو بـوونەتەوە ئەوە بووە کە ژنان خۆیان بە تاوانبار ناسێندراون، هەر بۆیە زۆرجار قوربانییـان یـان ڕاستیی ڕووداوەکەیان شاردووەتەوە یان ناچار بوون کە پەنا بۆ ڕێگاگەلێک ببەن کە کۆتاییەکەیان تاڵ و خەمناک بووە.

دەستدرێژی توندوتیژییەکی ئاشکرایە، ژنان کە ڕەنگە زیاترین قوربانییـانی ئەم جۆرە لە توندوتیژی بن لە کۆمەڵگەی ئێمەدا کەمترین ئاستی زانیاری و ئاگاییان بەنیسبەت ئەم توندوتیژییە هەیە، بۆیە زۆر جار لە بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم دیاردەیەدا، ڕێگایەک هەڵدەبژێرن کە کەمترین لۆژیکی تێدایە. ژنان لەم دیاردەیەدا قوربانین نەک تاوانبار، زۆرجار تێنەگەیشتنی کۆمەڵگە لەم ڕاستییە وا دەکات کە ئەوان خۆکوژی بە باشترین ڕێگەچارە بۆ ئەم کێشەیە بزانن، هیچ حاشا لەوە ناکرێت کە ئاسەوارەکانی ئەو ڕووداوە ئەتوانێ تا کۆتایی تەمەن لەگەڵ تاک بمێنێتەوە و لە قۆناغە جیاوازەکانی ژیاندا بیخاتە ژێر کاریگەریی نەرێنی خۆیەوە، بەڵام بێگومان بایەخدان بەو بابەتە و کارکردن لەسەری زۆر گرینگە.

هەستیاربوون بەو دۆخە یەکێک لە ئەرکەکانی ڕێکخراوەکانی ژنانە کە دەبێ زۆر جدی کاری ڕۆشنگەری و هیوابەخش بۆ قوربانییانی ئەو جینایەتە بکەن. چونکی ئەو پرسیارە زۆر ڕاشکاوانە بەرەوڕوویان دەکرێتەوە کە ئەگەر ئەوان ئەرکی وشیارکردنەوە و پێدانی زانیاری و ئاگایی بۆ تاکەکانیان لە ئەستۆ نەبێت، ئەدی کێ دەبێ ئەم ئەرکە بەجێ بگەیەنێ؟



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# شۆڕش ڕێگەی خۆی هەر دەدۆزێتەوە



**ئەلبورز ڕۆنین‌تەن**

لە سەر شۆڕش و چۆنیەتی و هەروەها سەرکەوتنی بە تایبەتی لە دوای شۆڕشی فەڕانسە لە ساڵی ١٧٨٦ی زایینییەوە بەردەوام دەنووسرێت و هەر کاتێک کە کردەیەکی شۆڕشگێرانە لە سوچێکی دونیادا ڕوو دەدات، وێڕای پێداچوونەوە بە مێژووی شۆڕش و تایبەتمەندیە نوێیەکانی هەر شۆڕشێک سەر لە نوێ باس دەکرێت و جیاوازی و داهێنانەکان و هەروەها ئامرازەکانی سەرکەتن لە شۆڕشە نوێیەکان دەکەونە بەر شرۆڤەی زیاتر.

ئەو بابەتە بە تایبەتی لە دوای بەهاری عەرەبی کە چەندین وڵاتی عەرەبی گرتەوە و لە هەر وڵاتێک بە ئەزمونی جیاوازدا تێپەڕی، زیاتر بووە بە باسی ڕۆژی میدیا و شرۆڤەکاران و ئاکادمیستەکان. بە چاوخشاندنێک بە هەمووی ئەو لێکۆڵینەوە و بۆچوون و ئەزمون و مێژوویانەش، فاکتێکی سەرەکی هەیە ئەویش ئەوەیە ناکرێ ڕێچکەیەکی هاوبەش و دیاریکراو بۆ شۆڕش لە هەموو شوێنێک دیاری بکرێت، بەڵکوو بە گوێرەی هەلومەرج و کات و شوێن هەر شۆڕشێک لە کۆتاییدا وەک ئاوێک کە دەرێژرێ ڕێگەی خۆی دەدۆزێتەوە.

لەسەر شۆڕشی ئێستای بەردەوام لە کوردستان و ئێرانیشدا ئەو ڕاستیە دەتوانین ببینین، چونکە ناکرێ بەتەواوی بە شۆڕش



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لە فەرهەنگی چەپ یا ڕاست، یا بە بەهاری عەرەبی یا جووڵانەوە کۆمەڵایەتییە کۆن و نوێ لە ئورووپا بشوبهێنرێت. بەڵکوو هەندێک تایبەتمەندی وایکردووە کە ئەو شۆڕشە جیاواز و تەنانەت دەگمەن بێت. هەربۆیەش لەوانەیە سەرکەوتنەکەشی جیاواز و دەگمەن بێت، هەر بۆیە نابێ لە کاتێک کە نارەزایەتیەکان کە دەگەنە ئەوپەڕی بەهێزی پێمان وابێ کە ئیتر کار تەواوە، دەبێ تا کاتی ڕووخانی ڕێژیم بە شێوەیەکی جیدی بەردەوام بین، هەروەها نە ئەو کاتەی کە نارەزایەتییەکان ڕوو لە لاوازی دەچن لەو باوەڕەدا بین کە ئەو شۆڕشە ئیتر بەتەواوی سەرکوت کراوە.

لە هەمووی ئەوانەش گرینگتر یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە بەرچاوەکانی ئەو شۆڕشە ئەوەیە کە دەتوانێ بەردەوام داهێنانی نوێ بۆ بەردەوامبوون دروست بکات، لە لایەکی دیکەوە ئیتر ئەکتی شۆڕشگێرانە بووە بە ئەکتێکی ڕۆژانەی خەڵک کە لە هەر دەرفەتێک بۆ بەردەوامبوون دەیقۆزنەوە. هەر بۆیەش نیگەرانی لە وەستانی ئەو شۆڕشە کە نزیکەی سێ مانگە بەردەوامە، دەبێ وەلا بنێین و دڵنیایی سەرکەوتنی شۆڕشمان هەبێت و بەرنامە بۆ سەرکەوتنی دابنێین چونکە، شۆڕش بۆتە بەشێک لە ژیانی مرۆڤەکان، واتە شۆڕش وا لە ناخی خەڵکدا ڕۆچووە و جێگیر بووە کە قوتابییانی قوتابخانە سەرەتاییەکان وەک یارییەک بە دوای یەک دەکەون و درووشمەکانی شۆڕش دووپات دەکەنەوە، یا قوتابییانی قوتابخانە ناوەندی و دەبیرستانەکان لە کۆتایی کاتی مەدرەسە تەنانەت ئەگەر ژمارەیەکی کەمیش بن دەست دەکەن بە ڕێپێوان و خۆپێشاندان و دروشمدان.

لە وتارێکی وێبسایتی ئەلجەزیرە لە ساڵی ٢٠١١ کە لە لایەن ڕۆکسانا فەرمانفەرماییان، مامۆستای زانکۆی کەمبریج وەک وانەی شۆڕشی گەلانی ئێران بۆ خەڵکی ڕاپەڕیوی میسر دەنووسێ، ئەو وانانە بەو شێوەیە باس دەکات، کە یەکەمیان شۆڕش کاتی دەوێ. ئەو کە ئاماژە بە سووتاندنی سینەما ڕێکسی ئابادان وەک دەستپێک دەکات تا کاتی سەرکەوتن لە ٢٢ ی ڕێبەندان ساڵێک و مانگێکی خایاند. وانەی دووهەمی ئەوەیە کە ڕێژیمە دیکتاتورەکان کە دەسەڵاتی خۆیان چەسپاندووە بە هێمنی لەنێو ناچن، هەر وەک ڕێبەری نەمرمان دکتور قاسملووش لەسەر ڕێژیمی ئێران لەو باوەڕەدا بوو ئەو ڕێژیمە تەنیا بە بابەت نووسین ناڕووخێ. وانەی سێیەم کە خانمی فەرمانفەرماییان باسی لێوە دەکات، ئەوەیە کە سوپای لەشکری جێگای متمانە نییە، تەنانەت باسی لە ئەرتەشی ئێرانی پاشایەتی دەکات کە یەکێک لە ئەرتەشە بەهێزەکانی دونیا بوو، بەڵام نەیتوانی تا سەر ڕووبەڕووی خەڵک بێتەوە، ئەوەی ئێستاش لە چوارچێوەی هەڕەشەکانی سوپای کۆماری ئیسلامیشدا چ لە ئاستی نێوخۆی و چ لە ئاستی دەرەوەدا و هەروەها بە تایبەتی ئەو هێرشە مووشەکییانەی کە دەکات دەبینینن، بە دڵنیاییەوە ناتوانێ ببێتە گارانتی بۆ مانەوەی ڕێژیم، بەڵکوو پرۆپاگەندەی ڕیژیم لەو بوارە و تەنانەت بەکارهێنانی نیشانەی ترسی زۆری ڕێژیمە. وانەی چوارەم بۆ میسرییەکان لە ئەزموونی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ دا باس لە مانگرتنەکان وەک گرینگترین خاڵ لە سەرکەوتنی شۆڕش دەکات، کە لە شۆڕشی ئێستادا بە چڕی بەردەوامە کە توانیویەتی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کاریگەرییەکی باش دابنێت، تەنیا مانگرتنە گشتییەکانی کوردستان نا، بەڵکوو مانگرتنی چین و توێژە جیاجیاکان توانیویەتی بەردەوامیی ئەو شۆڕشە نیشان بدات و لە داهاتووشدا کاریگەرییەکی زۆرتریش لە سەر باشتر بەڕێوەچوونی شۆڕش دادەنێ.

دوایین وانەی فەرمانفەرماییان کۆنترۆلی میدیای دەوڵەتییە. ئەو بابەتە لەوانەیە ساڵانی بەر لە ئێنتێرنێت و ماسمیدیا گرینگی خۆی هەبێت لە ئێستادا بە هۆی هەبوونی ئینتێرنێت و ماسمێدیا و سمارت فۆن ئەو گرینگیەی جارانی نەماوە، تەنانەت ئەمجارە ڕێژیم بە پچراندنی ئینتێرنێتیش نەیتوانیوە کە شۆڕش لە بەرەوپێشچوون بوەستێنێ، بەڵکوو بە گەڕانەوە بۆ تاکتیکی بەر لە سەردەمی ئینتێرنێت خەڵک شۆڕشی بەردەوام کردووە کە ئەوەش یەکێک لە داهێنانەکانە، لە لایەکی دیکەوە هەککردنی بەردەوامی میدیای دەوڵەتی لە لایەن گرووپەکانی هەککریەوە، بۆتە هۆی ئەوەی لاوازیی ڕێژیم لە بوارەشدا دەربکەوێت کە ئەوەش شوێندانەری ئەرێنی لە سەر بەرەوپێشچوونی شۆڕش هەبووە و لە داهاتوو زیادتریش دەبێت.
هەمووی ئەو وانانە لەلایەک باسی ڕێبەریکردنی شۆڕش لە لایەکی دیکە هەر جێگای مشتومڕە، بەتایبەتی ئەوەی کە لە فەرهەنگی چەپدا زۆر گرینگییشی پێ دەدرێ ئەوەیە کە ڕێبەرایەتی و ڕێکخستنی شۆڕش لە لایەن ئۆرگانیزێکی دیار پێویستیەکی حاشا هەڵنەگرە، نەک لە شۆڕشێکی وەک شۆڕشی ئێستا کە لە کوردستان و ئێراندا بەردەوامە، بەڵکوو تەنانەت لە جووڵانەوەی کۆمەڵایەتی و گۆڕانکارییە جیدیەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژئاواش باس لەو بابەتە دەکرێت. لین هارتنێت مامۆستای زانکۆی ڤیۆلۆنا لە سەر بابەتی ژورنال ستریت لە سەر ڕێبەرایەتیی شۆڕش دەڵێت: "زۆر جار شۆڕش هەنگاوی هەستیار هاوسەنگی لە خۆ دەگرن. پێشەنگەکانی شۆڕشگێڕان پێویستیان بە پشتیوانیی جەماوەرییە لە هەمان کاتدا پێشەنگەکانی (ڕێبەران) شۆڕشیش دەبێت وزە و خولیای شوێنکەوتووانی خۆیان بەکار بهێنن و ڕێنمایی بکەن. سەرەڕای ئەوەش، بزووتنەوە جەماوەرییەکان بەبێ سەرکردایەتی و وتەبێژ و پلانێکی ئایدیۆلۆژی شکست دەهێنن".

ئەگەر ئەم بابەتە بۆ کۆمەڵگەی ئەمریکای پێشکەوتوو کە دوو سەدە بە سەر شۆڕشە سەرکەوتووەکەی بۆ بونیادنانی ئەمریکا تێپەڕبوو پێداویستی بێت، ئەوە لە کۆمەڵگەی ئیمە ئەو پێداویستیە جیدیتر خۆی دەنوێنێت. بەڵام لە هەمان کاتدایشدا لە بەرانبەر ئەو هزرە تەنانەت بە هێنانەوەی نموونەکانی بەهاری عەرەبی ئەم بابەتە گرینگی خۆی لە دەست دەدات و دەگوترێ ئیتر خەڵکی گۆڕەپانەکان و شەقامەکان دەتوانن خۆیان ڕێک بخەن و بەرەو سەرکەوتن بڕۆن.

بۆ وەڵامی پرسیاری کام یەک لەو دو نموونەی سەرەوە لە سەر شۆڕشی ئێستای ژین ژیان ئازادی وەڕاست دەگەڕێ، ئایا ئەو شۆڕشە بێ ڕێبەر سەردەکەوێت یا بە ڕێبەر، دەگەڕێمەوە بۆ ئەو بابەتەی کە لە سەرەتا باسم کرد کە هەر شۆڕشێک تایبەمەندیی خۆی هەیە ڕێگەی خۆی هەر دەدۆزێتەوە، شۆڕشی ژین ژیان ئازادی دەتوانێت تێکەڵاوێک لە هەر دووکیان بێت،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەڵام لە سەر ئەوەی کە لە کوردستان ڕوو دەدات پێداویستی بە هەبوونی ڕێبەرایەتی زیاتر بەرچاوە، چونکە ئێمە زیاتر لە شۆڕش تەنیا بۆ ڕووخاندن پێویستیمان لە شۆڕش بۆ ڕووخاندن و بونیادنان هەیە کە بتوانێ خەباتی ڕەوای کوردستان بە ئاکام بگەیێنێ، کە تەنانەت تەنیا ئازادی نا بەڵکوو لە هەمان کاتدا هەندێک گۆڕانکاری جیدی کۆمەڵایەتی کە بە هۆی سیاسەتی داگیرکەرانە بە سەر کۆمەڵگەکەماندا سەپاوە نەمێنێ وکۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو و دێموکراتیک بەدی بهێنێ، ئەوە تەنیا بە ویستی کۆمەڵانی خەڵک مومکین نابیندرێت بەڵکوو بە ویست و خەباتی خەڵک و ڕێبەرایەتیەکی خاوەن بەرنامە باشتر مومکین دەبیندرێت. هەر بۆیەش ئەوەی لە کوردستان لە چوارچێوەی حیزبی سیاسی کە هەیە و لەنێو خەڵکیش پێگەی هەیە توانیویەتی جیاوازییەکی قووڵ لەگەڵ ناوچەکانی دیکە درووست بکات بە دەوڵەمەندییەکی بەهێز ببیندرێت و لە ئەگەری باشتر بە ئەرکی خۆی هەڵستانی ئەو ڕیبەڕایەتییە و حیزبەکان گەرەنتیی زیاتر بۆ هەبوونی داهاتوویەکی جیاواز بە مانا باشەکەی هەیە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ڕۆژنامەی "کوردستان"، ژمارە ٨٣٧


KURDISTAN

کوردستان

شەقامەکان وە جمە دەخەنەوە

پێشمەرگە

چوارشەممە ٣٠ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی - ٢١ی دێسەمبەی ٢٠٢٢ی زایینی

---

## پێویستیی چالاککردنی دادگای کەیفەری و دەستێوەردانی مرۆڤدۆستانە لەلایەن شورای ئەمنییەتەوە



**شاڕوخ حەسەنزادە**

دوای دەستپێکی شۆڕشی فەرانسە (١٧٨٩) و شەڕ و ئاڵۆزیی نێوان زلهێزان و ئیمپراتورییەتەکانی ئەوکاتی ڕۆژئاوا هەرکام



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە بیرمەندان و فەیلەسووفان هەوڵی ئەوەیان دەدا وەک نەریتی بەر لە خۆیان، ڕوانینێکی نوێ بۆ چەمکی کۆمەڵگە، مرۆڤ و وڵاتان بئافرێنن هەتا جیهان ئاسایش و تەناهیی زیاتر بەخۆوە ببینێت. یەکێک لەو کەسایەتییە کاریگەرانە لە بواری ئاوەز و فەلسەفە "ئێمانوێەل کانت" بوو کە هزر و بۆچوونەکانی خۆی زۆرتر لە بیرمەندانی وەک "هیوم"، "ڕۆسۆ" و "لایبنیتس" وەرگرتبوو و هەوڵی دەدا وێڕای پوختکردنی ڕوانینی ئەو کەسایەتییانە بەرهەمی ئاوەزی ڕەخنەگرانەی خۆیشی پێوە زیاد بکا. ناوابرو لەسەر خوانی بەتایبەت چەمکگەلی وەک ئەزموونتەوەری و ئاوەزتەوەری بە ڕوانینێکی ڕەخنەگرانە لەهەمبەر مەدەنییەت و هێمنی بۆ هەموو جیهان "ئاشتیی سەقامگیر"ی داهێنا و لەو نووسراوەیەدا پێشنیار بە وڵاتان دەکا بۆ کۆتاییهێنان بە کێشە و شەڕ و ئاڵۆزییەکان، فێدراسیۆنێک لە وڵاتان پێک بهێنرێت هەتا لەوێدا بتوانن کێشەکانیان بە دیالۆگ و ئاشتی چارەسەر بکەن بۆ ئەوەیکە هەموو جیهان بەرەو ئاشتییەکی جێگیر و ڕاوەستاو بچێ نەک هەر بە پەیماننامە و بەڵێنی بۆ ماوەیەکی کاتی شەڕەکان ڕابوەستن. کانت لەلایەک لە مرۆڤناسیی پراگماتیک، ڕوانینێکی کردەیی و کۆمەڵایەتی لە مرۆڤ وێنا دەکا کە ئەمە دەبێتە بەستێنێک بۆ شەقڵگرتنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە لە ئاستێکی نەتەوەیی بۆ دامەزراندنی ئەو شێوەی حکوومەتە ناوازەیەی ئەو بە کۆماری دەیناسێت. هەر ئەمەش دەبێتە دەستپێکێک بۆ بەرەوپێشچوونی هەنگاو بە هەنگاو بۆ گەیشتن بە ئاشتیی سەقامگیر کە لە چەمکە هەرە بەهێزەکانی مافی مرۆڤە. کانت هەوڵ دەدات سەرنجی مرۆڤەکان لە تاکێتی بۆ "مرۆڤجیهانی" ڕابکێشێت، هەر ئەو یاسا جیهانداگرەی کە ببێتە پاڕادایمێک بۆ هەمووگەردوون، بەو شێوازە کە مرۆڤەکان خۆیان وەک هەموو جیهان لەبەرچاو نەگرن، بەڵکوو وەک ئەندامێکی لەو جیهانە دابنێن کە ئەمە دەبێتە پێشگرتن بە ڕەوشی سرووشتی لە مرۆڤەکان کە هابز پێشتر باسی کردبوو، ئەوەیکە جێگا بۆ ئەوەیتر نەکەنەوە و هەر خۆیان بن، بە واتایەکی دیکە مرۆڤ دەبێ بگاتە ئەو باوەڕەی مافی ئەوانی دیکەش بەفەرمی بناسێت و لەو تاکتەوەرییە و خۆخوازییە بێتە دەر، هاتنە دەر لە ئێگۆئیزم و گەیشتن بە پلۆراڵیزم. هەروەها مەرجی گەیشتن بەو کۆمارە جیهانییە بۆ پێناسەی مافی سرووشتیی ئازادی دەگەڕێتەوە، لێرەدایە کانت بۆ پاراستنی مافە سرووشتییەکانی ئازادی یاسایەک بە پێویست دەزانێت.

دوای ئەوەیکە شەڕی جیهانیی یەکەم کۆتایی پێ هات، گرێبەستێک لە پاریس کرا کە بە گرێبەستی ئاشتی ناسرا (دیارە زۆر پێش لەمە و لەسەردەمی چاخی ڕوشەنگەری، شەڕەکانی بریتانیا و فەرانسە، دامەزرانی ئەمریکا و داخۆیانینامەی ژێنێڤ و... بەجۆرێک باسی مافەکانی مرۆڤ بە شێوەی سەرەتایی کراوە)، و وڵاتانی بەشداربوو لە شەڕ بڕیاری دامەزراندنی "کۆمەڵەی نەتەوەکان"یان دا کە ئیلهامدەر و بیرۆکەکەی بۆ باوەڕەکانی کانت دەگەڕایەوە و هەوڵەکە ئەوە بوو لەوێدا بتوانن گرفتەکانیان چارەسەر بکەن. دواتر لە شەڕی جیهانیی دووهەم وڵاتانی جیهان بڕیاریان دا ئەو ڕێکخراوە جیهانییە بەرفرەوانتر بکەنەوە و ئەو وڵاتانەی تازە دامەزراندرابوون لە ئاکام ئەو دوو شەڕە، بێنە نێو بازنەیەکی جیهانی کە لە ساڵی ١٩٤٥ بە ٥٠ وڵات و پەسندکردنی ئەساسنامەی ئەو ڕێکخراوە لەسەر داڕوپەردووی کۆمەڵەی نەتەوەکان، ڕێکخراوی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

نەتەوە یەکگرتووەکان دامەرزا کە گرنگترین ئۆرگانی ئەو ڕێکخراوە مەزنە جیهانییە، ئەنجوومەنی تەناهیی نەتەوە یەکگرتووەکانە. سێ ساڵ دواتر لە ١٠ی دێسامبری ١٩٤٨ بە کۆی دەنگی ٤٨ وڵات و بەبێ دەنگی نەرێنی(٨ وڵات دەنگی سپی و بێلایەنییان دا) جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ بە پێشەکییەک و ٣٠ ماددە پەسند کرا هەتا جیا لە گەیشتن بە ئاشتیی سەقامگیر و جێگیری کانت، ئازادی و دادپەروەری هەروەها سەرجەم مافە سرووشتی و ناسرووشتییەکانی لەلایەن دەوڵەتانەوە ڕێزیان لێ بگیرێ و دانیان پێدا بنرێ. مەبەست لەو جاڕنامە جیهانییە دابینکردنی ماف و ئازادییەکان بۆ هەموو مرۆڤێکی سەر ئەم گەردوونەیە و لە دوای پەسندکردنی بەشی هەرەزۆری وڵاتان بەتایبەت دوای پەسندکردنی پەیماننامەی دیکەی هاوتەریب لە ساڵی ١٩٦٦ هەتا ١٩٨٩ (دوو کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنی و سیاسییەکان و هەروەها مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووری هاوتەریب دەگەڵ جاڕنامە پەسند کراون و دوو پەیماننامەی دڵخواز کە یەکیان تایبەت بە لابردنی سزای سێدارەیە پەسند کراون) تەنانەت وەک مافێکی نێونەتەوەیی لێ هاتووە و دەبێ هەموو وڵاتان ڕێز لەو یاسا سرووشتی و ناسرووشتییانە بگرن.

جیا لەمە بەپێی گەنگەشەی جۆراوجۆر و ئەو گۆڕانکارییە جیهانییانەی لە ئاستی دنیادا ڕوویان داوە، شارەزایانی ئەو بوارە هەوڵیان داوە پۆلێنبەندییەک لەنێوان جۆری مادە و خاڵەکانی جاڕنامە و بە گشتی پرسی مافی جیهانیی مرۆڤ بکەن و بەوجۆرە کە ئەوان پێنج جیلیان دەست نیشان کردووە کە جیلەکانی یەکەم و دووهەم و سێهەم لە درووشمی شۆڕشی فەرانسەوە وەرگیردراوە (ئازادی، بەرابەری و برایەتی) واتە پێوەندییان بەو سێ لایەنە گرنگەی ژیانی تاکەکان لە کۆمەڵگەکانەوە هەیە، بەڵام جیلەکانی چوار و پێنجیش بەپێی تێپەڕینی قۆناغەکان و گۆڕانی ژیان و سیستەمە جیهانییەکان دیاردەی دیکەی وەک پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە باسی جیهانی ئینتەرنێت و ڕایەڵکە کۆمەڵایەتییەکان و پرسی ژینگە (کە ئێستا وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی مافی مرۆڤی لێ هاتووە) هەروەها ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانەی سەریان هەڵداوە، پێویستیی بە پێناسە و مانابەخشینێکی دیکە لە سەر مافەکانی مرۆڤ هەیە.

### مکانیزمی کردەکی

ڕاستە ڕەخنەی زۆر لە پرسی مافی مرۆڤ و بێدەسەڵاتیی ئەو ڕێکخراوانە دەگیرێ، بەڵام ئەگە جوان سەرنج بدەین بەتایبەت دوای شەڕی سارد، زۆرێک لەو وڵاتانەی مافی مرۆڤیان پێشێل کردووە یان بەدژی خەڵک جینایەتیان کردووە نەک هەر لێپرسینەوەیان لێ کراوە، بەڵکوو سزاش دراون. بۆ وێنە لە یوگسلاویی پێشوو، لە وڵاتی ڕواندا، سوودان، دارفوور، لە عێراق (دانانی ناوچەی دژە فڕین بۆ پێشگرتن بە کوشتنی کوردەکانی باشوور)، لە کۆزۆڤۆ و زۆر شوێنی دیکە کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە مکانیزمی یاسایی کە پێناسەی بۆ کراوە و بە ئۆرگانی پڕکاریگەری خۆی واتە ئەنجوومەنی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

تەناهیی نەتەوە یەکگرتووەکان دەستێوەردانی مرۆڤدۆستانەی کردووە، واتە نەتەوە یەکگرتووەکان بەو ڕاپۆرتانەی لەلایەن ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و چالاکانی ئەو بەستێنە بۆی هاتبوو و بە ئاشکرا و بە زەقی ئەو وڵاتانە سەرقاڵی کوشتن و گرتن و جینایەت بوون، سەرەتا بە کاراکردنی دادگای کەیفەریی نێونەتەوەیی کە بە دادگای لاهە ناسراوە و لە تاوانەکانی وەک ژینۆساید، جینایەت بەدژی مرۆڤایەتی، جینایەتی شەڕ و دەستدرێژی دەکۆڵێتەوە و بە یاسایی‌کردن و پەسندکردنی هەموو وڵاتان بەتایبەت ئەو ٥ وڵاتەی مافی ڤێتۆیان هەیە دەتوانێ دەستێوەردانی مرۆڤدۆستانە بکا، تەنانەت ساڵی ٢٠١١ لە وڵاتی لیبی دوای ئەوەیکە سەرۆک و کاربەدەستانی ئەو وڵاتە بەدژی خەڵکی ڕاپەڕیو و وەزاڵەهاتوو بە شێوەیەکی هۆڤانە جووڵانەوە و زیاتر لە ٦٠ هەزار کەسیان دەسبەسەر کرد و بە تانک و تۆپ و چەکی قورس داوای ڕەوای خەڵکیان سەرکوت دەکرد، ئەو دادگایە بە بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجوومەنی تەناهیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هاتە مەیدان و دوای لێکۆڵینەوە، ڕاپۆرتی خۆی دایەوە بە وڵاتان کە ئەمە بووە هۆی ئەوەیکە هیچ وڵاتێک نەتوانی چیدیکە پشتیوانیی لێ بکا و حوکمی گرتنی قەزافی و سەرکردە باڵاکانی ئەو وڵاتە بدرێت. کەواتە هەر وڵاتێک کاری بگاتە ئەو جێگایەی ئاوا بە جددی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ بکا و دەرحەق بە خەڵک جینایەت بکا، بەدڵنیاییەوە لێپرسینەوەی جیهانیی لێ دەکرێت و بڕیاری قورسی بەسەردا دەسەپێنن لەپێناو پاراستنی بەها مافەمرۆڤییەکان و خەڵکی ئازادیخواز. هەڵبەت ئەوەندەش بگوترێ کە، لایەنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی وڵاتان کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ئەو بڕیاراتانە هەیە و زۆرجار ئەو بەرژەوەندییانە مافی مرۆڤ دەکاتە قوربانی.

بەنیسبەت دۆخی ئێستای ئێران بەتایبەت کوردستان یەکجار زۆر ئاڵۆز و ناجێگیرە، بە جۆرێک ڕۆژانە خەڵک دەگیرێن، دەکوژرێن و بریندار دەکرێن. ڕێژیم بە هەموو شێوازێک خەڵک دەچەوسێنێتەوە و ئەشکەنجەیان دەکا و تەنانەت باس لەوە دەکرێ لە بەندیخانەکاندا دەستدرێژی دەکرێتە سەر دەسبەسەرکراوان. چەند ڕۆژ لەمەوبەر لە شارەکانی بۆکان، مەهاباد، پیرانشار، جوانڕۆ و سنە هێزە سەرکوتکەرەکان بە چەکی قورس هێرشیان کردە سەر خەڵک و دەستیان لە هیچ کردەوەیەکی ناڕەوا، نەشیاو و نامرۆڤانە نەپاراست و ئەو هێزانە بەبێ لەبەرچاوگرتنی زایەند و تەمەن و نەخۆش و ... خەڵکیان گرتووە و ئەشکەنجەیان داون. ئەوەی لە کوردستان کرا دەکرێ وەک جینایەت بەدژی مرۆڤایەتی سەیر بکرێ یان ئەوەی لە بەلووچستان کرا کۆمەڵکوژی و جینایەت بوو. هەڵبەت لە زۆر ناوچەی دیکەی وەک باکووری ئێران ڕێژیم بە هەموو شێوەیەک هەوڵی سەرکوتی خەڵکی ڕاپەڕیو دەدا کە بە هێمنانەترین شێواز داخوازییەکانی خۆیان دەردەبڕن. بۆیە دەبێ جیهان لە حاند ئەو هەمووە چەختیگەرییەی ڕژیم بێتە گۆ و حکوومەت ناچار بە وەڵامدانەوە بکەن و پێش بەو هەمووە جینایەتانە بگرن، ڕەنگبێ ئەو کۆمیتەیەی دۆزینەوەی ڕاستییەکان کە ئەنجوومەنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری لەسەر داوە، دەستپێکێکی باش بێ بۆ گەیشتن بەو قۆناغەی هەمووماں چاوەڕوانی دەکەین، ئەویش پشتتێکردنی هەموو وڵاتانی کاریگەری جیهان لەم ڕێژیمە و هەرچی زیاتر گەمارۆدانان و شێوازی دیکە بۆ بەچۆکداهێنانی و گەیشتنی خەڵک بە هەموو



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هیوا و ئاواتەکانیان کە هاوتەریبە دەگەڵ بایەخەکانی جیهانیی مافی مرۆڤ، بێ.

---

## مۆڵەتی کوشتن: چۆن ئورووپا ڕێگا بە ئێران و ڕووسیە دەدا بێ سزا مرۆڤ بکوژن (١-٢)



**پۆلیتیکۆ – ماتیو کارنیشنیگ/ و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور**

بەرلین- لە ئێوارەیەکی گەرمی سێپتەمبەری ساڵی ڕابردوودا، پیاوێکی ئازەریی هەڵگری پاسپۆرتی ڕووسیەیی لە سنووری باکووری قوبرس بۆ باشووری قوبرس پەڕیەوە. ئەو بە سووکی سەفەری دەکرد: دەمانچەیەک، مشتێک فیشەک و دەنگبڕێک. قەرار بوو ئەوە هەڵمەتێکی بێخەوش بێ.

پاشان، دروست ئەوکاتەی پیاوەکە خەریکی چوونەژوور بۆ شوێنێکی بەکرێدانی ئوتومبێل بوو تا مەئمورییەتەکەی جێبەجێ بکات، کە داواکارانی گشتی دەڵێن بۆ کوشتنی پێنج بازرگانی جوولەکە، لە نێویاندا میلیاردێرێکی ئیسرائیلی بوو، پۆلیس دەورەیان دا.

هەڵمەتە ناسەرکەوتوویەکە تەنیا یەکێک لە لانی کەم دەرزەنێکن لە ئورووپا لەو ساڵانەی دواییدا، بەشێکیان سەرکەوتوو



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بوون، هێندیکیان نا، کە بە گوتەی کاربەدەستە ئەمنییەتییەکان ئامانجی "نەرم" بوون، کە کوشتن، ڕفاندن یان هەردووکیان دەگرنە خۆ. ئۆپەراسیۆنەکان لە ڕووی چەمکیەوە بە شێوەیەکی بەرفراوان هاوشێوە بوون، بە شێوەیەکی گشتی پشت بە چەکی بەکرێگیراوی نێوخۆیی دەبەستن. کاربەدەستانی هەواڵگری دەڵێن، گرینگترین پەیوەندییەکە، ئەوەیە کە هێرشەکان لەلایەن هەمان بەڵێندەرەوە ڕاسپێردرابوون: کۆماری ئیسلامیی ئێران.

لە قوبرس، کاربەدەستان پێیان وایە ئێران کە ئیسرائیل بە کوشتنی پسپۆڕە ناوکییەکانی چالاک لە بەرنامەی ناوکی ئەو وڵاتە تاوانبار دەکات، هەوڵی داوە ئەو پەیامە بگەیەنێ کە دەتوانێ لە شوێنێک هێرش بکاتەوە کە ئیسرائیل کەمترین چاوەڕوانیی هەیە.

دەیڤید بارنیا، سەرۆکی ئاژانسی هەواڵگریی ئیسرائیل، موساد، لە لێدوانێکی گشتی دەگمەندا لە سێپتەمبەر گوتی، "ئەوە ڕێژیمێکە کە دەسەڵاتەکەی لەسەر ترساندن و توندوتیژی دامەزراندووە و توندوتیژی وەک ئامرازێکی ڕەوا سەیر دەکات." ناوبراو لە شیکردنەوەی لێدوانەکەیدا گوتی پیلانی توندوتیژانە لەو دواییانەدا زیادیان کردووە، "ئەوە لە گۆترە نین. ئەوانە تێرۆریزمی دەوڵەتیی پلانبۆداڕێژراو و سیستەماتیکن، تێرۆریزمی ستراتێژیک".

ئەو ئاماژەی بە وردەکارییەکی گرینگ نەکرد: ئەو کار دەکات. ئەو سەرکەوتووییە تا ڕادەیەکی زۆر لەبەر ترسی ئورووپا، گۆڕەپانی جێبەجێکردنی زۆربەی ئۆپەراسیۆنەکانی ئێرانی لەو ساڵانەی دواییدا، لە ناچارکردنی ئێران بۆ وەئەستۆگرتنی تاوانەکان بووە. کاربەدەستانی ئەمنییەتی دەڵێن لە ٢٠١٥ بەولاوە، ئێران نزیکەی دەرزەنێک عەمەلیاتی لە ئورووپا بەڕێوە بردوون، کە لەواندا لانی کەم سێ کەسی کوشتووە و چەند کەسی دیکەشی ڕفاندووە.

مەسیح عەلینژاد، نووسەری ئێرانی-ئەمریکایی و چالاکی مافەکانی ژنان، بە تیشک خستنەسەر ئامادەیی بەردەوامی ڕێبەرانی دەوڵەتانی ئورووپا بۆ دیدار لەگەڵ سەرکردەکانی ئێران گوتی، ئورووپاییەکان تەنیا بەرانبەر بە ئێران نەرم ونیان نەبوون، ئەوان لەگەڵیان هەوکارییان کردووە و ڕەواییشیان بە بکوژەکان داوە".

عەلینژاد، یەکێک لە ڕاشکاوترین ڕەخنەگرانی ڕێژیم، کە بە زەحمەت لە هەردوو هەوڵەکانی بارمتەگیران و کوژران ڕزگاریی بوو، لە زۆر کەس باشتر لەوە تێدەگا کە ڕێبەریی ئێران ئامادەیە دەست بۆ چ کارهایەک ببات. ئەو گوتی، "ئەگەر کۆماری ئیسلامی سزا نەدرێ، هیچ هۆیەکیان هەیە دەست لە بارمتەگرتن، ڕفاندن یان کوشتن هەڵگرن؟" پاشان وەڵامی دایەوە: "نا".



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## شێوازی یەکەم ڕێگاچارە

لەو کاتەوە کە بروتوس و هاوپیلانگێڕەکانی جولیوس سێزاریان هەنجن هەنجن کرد، کوشتن تیژترین ئامرازی سندووقی ئامرازەکانی سیاسەت بووە. بەدرێژایی هەزاران ساڵ، ئاشکرا بووە کە ئەوە کارێکی پڕ مەترسییە کە زۆر جار دەبێتە هۆی ئاسەواری نەخوازراوی کارەساتبار (بڕوانە کوشتنی ئیمپراتوری ڕۆم سەزار یان ئورووپا دوای تیرۆری شازادەی مەزن فرانتز فەردیناند لە سارایەڤۆ). لەگەڵ ئەوەشدا، هەم بۆ دەوڵەتی بێ پڕەنسیپی وەک ئێران، ڕووسیە و کۆرەی باکوور و، وڵاتانی دێموکراتیک وەک وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل، سەرنجڕاکێشیی چارەسەرکردنی کێشەیەک بە لابردنی ئەو زۆر جار هێندە زۆرە کە ناکرێ خۆی لێ ببوێرێ.

تەنانەت بەو شێوەیەش، جیاوازییەکی بنەڕەتی لەنێوان ئەو دوو بەرەیەدا هەیە: لە خۆراوا، کوشتن دوایین ڕێگاچارەیە (بیر لە ئوسامە بین لادن بکەرەوە)؛ لە وڵاتانی دیکتاتۆردا، ئەو یەکەمینە (کێ دەتوانێ کوشتنی ٢٠١٧ ی کیم جونگنام زڕبرای دیکتاتۆری کۆرەی باکوور، کیم یونگ ئون، بە گازی دەمار لە کاتی دابەزین لە کوالالامپور لەبیر بکات؟). بۆ دەوڵەتانی بێپڕەنسیپ، تەنانەت بێتوو پیلانی کوشتنەکان پووچەڵ بکرێنەوە، ڕێژیمەکان هێشتا بە چاندنی ترس لە دڵ و مێشکی دوژمنەکانیاندا، براوەن.

ئەوە بۆ شیکردنەوەی ڕێژەی ئەو جۆرە ڕووداوانە لەو دواییانەدا یارمەتیدەرە. لە ماوەی چەند مانگی ساڵی ڕابردوودا، ئێران هێرشێکی زۆری لە ئەمریکای لاتینەوە تا ئەفریقا بەڕێوە بردن. لە کۆلۆمبیا، پۆلیس دوو پیاوی لە بۆگۆتا بە گومانی دارشتنی پیلانی کوشتنی تاقمێک ئەمریکایی و ئەفسەرێکی پێشووی هەواڵگریی ئیسرائیل بۆ ١٠٠ هەزار دۆلار، دەستگیر کرد؛ شانۆیەکی هاوشێوە لە ئەفریقا قەوما، کاتێک کاربەدەستان لە تانزانیا، غەنا و سێنێگال پێنج پیاویان بە گومانی پلاندانان بۆ هێرش بۆ سەر ئامانجی ئیسرائیلی، لە نێویاندا توریست لە سەفاری دەستبەسەر کردن؛ لە فێورییەی ئەمساڵ، پۆلیسی تورکیە پیلانێکی ئاڵۆزی ئێرانی بۆ کوشتنی کەسێکی ٧٥ ساڵەی ئیسرائیلی-تورکیەیی کە کۆمپانیایەکی نێوخۆیی فرۆکەوانی هەیە هەڵوەشاند و؛ لە نۆڤەمبەر، کاربەدەستان لە گورجستان گوتیان پیلانێکیان کە لەلایەن سوپای قودسی ئێران بۆ کوشتنی بازرگانێکی ٦٢ ساڵەی ئیسرائیلی-گورجستانییان لە تفلیس ئامادە کرابوو، پووچەڵ کردۆتەوە.

ئەو جۆرە ئۆپەراسیۆنانە سەرکەون یان نا، وڵاتی پشتی ئۆپەراسیۆنەکان دەتوانن لە شتێک دڵنیا بن: ئەوان ناچار ناکرێن تێچووی هەوڵدانیان وەئەستۆ بگرن. بە تێپەڕبوونی ساڵان، ڕێژیمەکانی ڕووسیە و ئێران ڕێژەیەکی لە ئەژمار نەهاتووی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

نارازییان، خیانەتکاران و دوژمنی جۆراجۆریان (ڕاستەقینە و گومانکراو) لە شەقامەکانی پاریس، بەرلین و تەنانەت واشینگتۆن، زۆر جار بە ڕۆژی ڕووناک، لەنێو بردوون. بەشێکی دیکە بە بێدەنگی ڕفێنراون و نێردراونەوە ماڵ، لەوێ بەرەورووی دادگایی ساختەبوونەوە و پاشان بە بیانووی خیانەت لە سێدارە دراون.

ئەگەرچی ڕەخنەی ڕۆژاوا لەبەر ئەو تاوانانە کەم نەبووە، زۆر بەدەگمەن دەرئەنجامی ڕاستەقینەیان هەبووە. ئەوە بە تایبەتی بۆ ئورووپا ڕاستە، شوێنێک کە ڕێبەران لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پێشێلکاریی جۆراجۆر بە هیوای ژیاندنەوەی ڕێککەوتنێک بۆ کۆنترۆڵکردنی بەرنامەی چەکی ناوکی ئێران و بووژاندنەوەی پەیوەندییە بازرگانییەکان، دیزبەدەرخۆنەیان کردوون.

بە پێچەوانەی وڵاتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل، کە هەڵوێستێکی توندیان لە سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنی مەلاکان لە ١٩٧٩ گرتە بەر، ئورووپا بۆ ڕێژیم ئاواڵاتر بووە. زۆرێک لە کاربەدەستانی یەکیەتیی ئورووپا تووڕەیی خۆیان لە هەڵوێستی توندی ئەمریکا بەرانبەر بە ئێران ناشارنەوە.

سەرۆکی سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپا، جۆزێف بۆرێل، لە ٢٠١٩، کاتێک هێشتا وەزیری کاروباری دەرەوەی ئیسپانیا بوو بە پۆلیتیکۆی گوت، "ئێران دەیهەوێ ئیسرائیل لەنێو بەرێ، ئەوە شتێکی نوێ نییە. ئێوە دەبێ لەگەڵیدا بژین".

## مێژووی تیرۆر

خۆشەویستیی ئێران بۆ تیرۆر شتێکی نوێ نییە. بەڕاستی، گەلێک زانا شوێنپێی وشەی =assassin "بکوژ" دەگێڕنەوە بۆ حەسەن سەباح، میسیۆنەرێکی پارسی سەدەی ١٢ی زایینی کە "ڕێبازی حەشاشین"ی دامەزراند، هێزێکی دڕندە کە بە کوشتنی بێدەنگی دژبەرانی ناسراوە.

ڕوحی حەسەن لە ئایەتوڵڵا خومەینی، مەلای توندئاژۆیەکە کە شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانی ڕێبەریی کرد و لە ١٩٧٩ دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت، دەژیا. لە یەکەمین قوربانییانی ڕێبەری گەورە شەهریار شەفیق، کاپیتانێکی پێشووی هێزی دەریایی و خوشکەزای شای دەرکراوی ئێران بوو. ئەو لە دێسەمبەری ١٩٧٩ لە لایەن دوو کەسی دەمامکدارەوە، لە دەرەوەی ماڵی دایکی لە شەقامی پەرگۆلێز، لە ناوچەی مودێرنی ئارۆندیسمۆن، دوو فیشەک لە سەری درا. لە ساڵەکانی دواتر، کۆماندۆکانی مەرگی ئێرانی ئەندامان و لایەنگرانی شا و دژبەرەکانی دیکەیان لە سەرانسەری ئورووپا، لە فەڕانسەوە تا سوید، ئاڵمان،



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

سویس و ئوتریش، کوشت. لە زۆربەی ئەو ڕووداوانەدا، بکەرەکان قەت نەگیران.

بۆ وێنە، لە ١٩٨٩، عەبدولڕەحمان قاسملو، ڕێبەرێکی کوردەکانی کەمینە نەتەوەی ئێران کە پشتگیریی لە خودموختاری بۆ گەلەکەی دەکرد، دەگەڵ دوو هاوکاری دیکەی لەلایەن بکوژانی ئێرانی لە ئاپارتمانێکدا لە ڤییەن کوژرا. چەکدارەکان خۆیان لە باڵوێزخانەی ئێران حەشار دا. ئەوان پاش ئەوەی باڵوێزی ئێران لە ڤییەن بە دەوڵەتی گوت ئەگەر بکوژەکان دەستگیر بکرێن، مەترسی ئەوە هەیە هاووڵاتیانی ئوتریشی لە وڵاتەکەیاندا گیانیان لە مەترسی بکەوێ، ڕێگایان پێ درا ئوتریش جێ بهێڵن. یەکێک لەو پیاوانەی کە گوایە لە ئۆپەراسیۆنی ڤییەندا بەشدار بووە، دواتر بوو بە یەکێک لە دیارترین کەسایەتییەکانی وڵاتەکەی: مەحموود ئەحمەدینژاد، سەرکۆماری ئێران لە ٢٠٠٥ تا ٢٠١٣.

تەنانەت بانگەشە خراپەکانی دەوروبەری ئەو کەیسەش، هەوڵەکانی کوشتنی ڕێژیمی کەم نەکردەوە. لە ساڵەکانی دواتردا، ڕێژەی کوژراوەکان تەنیا زیاتر بوو. هێندێک لە کوشتنەکان بەئانقەست ترسناک بوون تا پەیامێکی ئاشکرا بنێرن. بۆ وێنە، فەرەیدون فەڕوخزاد، ئەستێرەیەکی موسیقای پاپ، بە ڕەچەڵەک ئێرانی کە لە تاراوگە و لە ئاڵمان دەژیا لە ١٩٩٢ لە بۆن بە کوژراوی دۆزرایەوە. بکوژەکان ئەندامی نێرینە، زمان و سەریان بڕیبوونەوە.

کوشتنی ناوبراو تەنیا یەکێک لە دەرزەنێک بوون کە لە ئێران بە "کوشتنی زنجیرەیی" ناسراوە، هەڵمەتێکی دە ساڵەی کوشتن کە لەویدا دەوڵەت هونەرمەند و ناڕازییانی لە ناوخۆ و دەرەوە کردە ئامانج. ناڕەزایەتیی گشتی لەبەر کوشتنی سێ نووسەری بەناوبانگ لە ١٩٩٨، لە نێویاندا ژن و مێردێک ، توندڕەوەکانی ڕێژیمی بەرپرسی کوشتنەکانی ناچار کرد پاشەکشە بکەن. بەڵام تەنیا بۆ ماوەیەک.

ئەوکاتی و ئێستاش هاندەری عەقڵانی بۆ کوشتنی لەو جۆرە، پاراستنی خۆیان بووە. سەرچاوەیەکی هەواڵگریی ڕۆژاوایی گوتی، "بەرزترین پێشتریەتی بۆ ڕیژیمی ئێران هێمنیی نێوخۆییە. ڕێژیم دژبەرەکانی لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران وەک هەڕەشەی مەزن بۆ سەقامگیریی خۆی سەیر دەکات".

بەشێکی زۆری ئەو پارانۆیایە ڕیشەی لە مێژووی خودی کۆماری ئیسلامیدایە. بەر لە گەڕانەوە بۆ ئێران لە ١٩٧٩، خومەینی ١٥ ساڵی لە تاراوگە تێپەڕ کرد، لە نێویاندا لە پاریس، ئەزموونێک کە هێزی تاراوگەی لە میتۆلۆژی کۆماری ئیسلامیدا چەسپاند. بە واتایەکی دیکە، ئەگەر خومەینی توانی شۆڕشێک لە دەرەوە ڕا بەڕێوە ببات، دوژمنەکانی ڕێژیمیش دەتوانن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# شوکولاتێک بە تامی ژەقنەمووت



**تاهیر قاسمی**

ڕۆژی١٠ی سەرماوەز ئیبراهیم ڕەئیسی، ڕەئیس‌جومهوری دڵخوازی عەلی خامنەیی سەردانی شاری سنەی کرد. سەردانەکە لە ڕواڵەتدا بە بیانووی کردنەوەی پرۆژەیەکی گەیاندنی ئاو بۆ ماڵان بوو، بەڵام پرۆژەیەک کە هێشتا نیوەچڵە و تەنیا لە سەدا پازدەی کارەکانی تەواو بووە، ئەو گومانەی بە هێزتر کرد کە مەبەستی ئەو سەردانە ئەوە بوو کە وا نیشان بدرێ کوردستان وەک کانگای سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا، لە دۆخێکی ئاسایی‌دایە و نارەزایەتی تێدا کۆتایی هاتووە.

ئەو ڕۆژەی کە ژینا نێژرا و نارەزایەتی و خۆپێشاندان بەم بۆنەوە لە شاری سەقز درێژەی کێشا، سنە یەکەم شاری کوردستان و ئێران بوو کە هاوکات هاتە سەر شەقام و بە دروشمی "سەقز بە تەنیا نییە، سنە پشتیوانییە"، نارەزایەتیی خۆی لە جینایەتی کوژرانی ژینا نیشان دا. ئەم خۆپێشاندان و نارەزایەتییانە بە درێژایی سێ مانگی ڕابردوو کەم و زۆر لەو شارەدا بەردەوام بووە و دەکرێ بڵێین لە ئاستی هەموو ئێراندا زیاترین و ماوەدارترین خۆپێشاندان و نارەزایەتییەکانی تێدا بەڕێوە چووە. خوێندکارانی زانستگاکانی ئەو شارە پێشەنگی سەرهەڵدانی زانستگا و زانکۆکانی ئێران بوون و دووکانداران و بازاڕییانی بەردەوام پایەیەکی گرینگی مانگرتنەکان بوون. لەم سۆنگەیەشەوە چەندین شەهیدی پێشکەش بەم سەرهەڵدانە کردووە، دەیان کەسی لێ بریندار بووە و سەدان کەسیشی لێ دەستبەسەر کراوە. هەموو ئەوانەش وایان کرد کە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەم شارە بە ناوەندێکی گرینگی سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا بناسرێ. هەر بەو پێیەش بۆ ڕێژیم گرینگ بوو کە وا نیشان بدا کانگای سەرهەڵدان ئارامە و هیچ نارەزایەتییەکی تێدا نەماوە.

کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە سنە، بە عادەتی سەردانی سەرکۆمارەکان، ژمارەیەک لە بەرپرسانی دەوڵەتی، هێزە چەکدارەکان، کۆنەجاشەکان و ژن و منداڵەکانیان بۆ ڕەئیسی کۆ کردەوە تا باسی ئاسایی‌بوونی دۆخی کوردستانیان بۆ بکا. بەڵام ئەمجارە پێشبینیی کەمیی حەشیمەتی بەشداریان کردبوو و بۆیەش هۆڵێکی بچووکتریان بۆ کۆبوونەوەکە دیاری کرد. بەو حاڵەش، بۆ پڕکردنەوەی هۆڵەکە، ناچار بوون لە کارمەندانی شارەداریی شارەکە کەڵک وەرگرن. سەرەڕای هەمووی ئەوانە، ئەو ڕێژەیە بۆ شارێکی میلیۆنیی وەک سنە دڵۆپێک لە دەریا بوو و بە هیچ لایەکدا سەرکەوتنی سەردانی سەرکۆماری پێ نیشان نەدەدرا. بۆیەش دوای قسەکانی، کاربەدەستانی شارەکە پێشی سەرکۆمار کەوتن و بە شەقامێکی شاردا پەلکێشیان کرد تا وا نیشان بدرێ دۆخی شار ئاساییە، نارەزایەتیی تێدا نییە و دووکان و بازاڕەکانی ڕەوتی ئاسایی خۆیان تێپەڕ دەکەن. چونکە سەردانەکەش تا ڕادەیەک کتوپڕ بوو، نارەزایەتییەکی ئەوتۆی بۆ ڕێک نەخرابوو. لەو گەڕانەدا ڕەئیسی بە سەر دووکانێکی شوکولات فرۆشیدا کەوت کە کابرای شوکولات فرۆش بەهەڵکەوت لە بەر دەرگای دووکانەکەی ڕاوەستابوو. بە دیتنی سەرکۆمار و ئەو هەموو دەستە و دایرەیە، شوکولات فرۆش تووشی پەشۆکان بوو و دەست و پێی خۆی ون کرد. بۆ تاوێک هەڵوێستی ئەو ماوەیەی خۆی و هاوپیشەکانی لەبیر چۆوە کە لە ماوەی دوو مانگدا نیزیک بە پازدە ڕۆژ دووکانیان بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی ژینا داختسبوو. بە خەدەی میوانگریی کوردان، لوێچێک شوکولاتی بۆ سەرۆک کۆمار ڕاداشت و ئەویش وەک بڵێی دەسکەوتێکی گرینگی دەستەبەر کردبێ و بەو شوکولاتە گوێچی خۆی گرتبێ، بە بزەیەکەوە دەنکێکی لێ هەڵگرت و درێژەی بە ڕێگای خۆی دا. هەر بەو دەستوورە سەری بە دووکانێکی دیکەشدا کرد کە خاوەن دووکان خەریکی کاری ئاسایی خۆی بوو. ئەوەی لە هەر دوو دووکانیشدا سەرنجی بینەر و مێدیاکانی ڕادەکێشا پشتتێکردن، حیساب‌بۆنەکردن و بایکۆتکردنی خاتوونانی کورد لە سەرکۆماری ئێران بوو. بەڵام هەڵوێستی لێبڕاوانەی خانمان نەبوون بە هۆی ئەوە کە شوکولاتەکەی فەیزوڵڵا دڵی بریندار کوردان، بریندارتر نەکا.

خاڵێکی هەرە گرینگ کە لە سەرهەڵدانی ژینادا کە بە درێژایی سێ مانگی ڕابردوو بەردەوام و بە زەقی خۆی نواند، نیشاندانی ئاستی بەرزی یەکگرتوویی گەلی کورد و دژایەتیی چڕی خۆپێشاندەران لەگەڵ دیاردەی جاشایەتی و نۆکەرایەتی بۆ ڕێژیمی داگیرکەرە. ئەوە هەتا ئێستا هەم لە دروشمەکاندا و هەمیش لە کردەوەدا بەهەراوی ڕەنگی داوەتەوە. بەڵام شوکولاتەکەی فەیزوڵڵا پێچەوانەی ئەوەی نیشان دەدا و مێدیاکانی دەسەڵاتیش زۆر بەخەستی خەریک بوون ڕێکلام بە شوکولات بەخشینی دووکاندارێکی کورد لە شارێکی کوردستان بە سەرکۆماری جمهوری ئیسلامی بکەن کە زیاترین بەرخۆدانی دژ بە داگیرکەر تێدا هاتووەتە ئاراوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەدرێژایی سێ مانگ خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی و دروشمدان، لەلایەن خەڵکی خۆپیشاندەرەوە تا ئێستاش هیچ حیسابێک بۆ ئیبراهیم ڕەئیسی وەک سەرۆککۆمار نەکراوە. وەک بڵێی خۆپیشاندەران ئەو بە هیچ دانانێن یان هەتا عەلی خامنەیی وەک ڕەهبەر لەوێ بێ، سەرۆککۆمار بە ڕەسمیی ناناسن. نە دروشمی لە دژی دەدەن و نە داوایەکی لێ دەکەن. بەڵام ئەوە نابێتە هۆی ئەوە کە خەڵک لە بیری نەبێ ڕەئیسی هەم بۆخۆی مێژوویەکی ڕەشی لە کوشتاری دژبەرانی کۆماری ئیسلامی بۆ وێنە وەک لێژنەی لەداردانی بەندکراوان لە ساڵی ٦٧ هەیە و هەم بە نوێنەرایەتیی دەسەڵاتێک هات بۆ کوردستان کە هەتا ئەوکاتە نیزیک بە سەد و بیست لاوی کورد و سەدان لاوی ئێرانی لە ڕەوتی سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینادا کوشتووە. ئەوە جگە لە مێژووی پڕ لە کوشتاری ئەو ڕێژیمە بەدرێژایی پتر لە چوار دەیە دەسەڵاتی بە سەر ئێران و کوردستاندا. هەر بۆیەش زارشیرینکردنی نەیدەتوانی بکەوێتە خانەی خووی میوانگریی تاکی کوردەوە. میدیاکانی کۆماری ئیسلامییش ئەوەیان لەو هەلومەرجەدا پێ سەیر بوو بۆیە ڕیکلامێکی زۆریان بە پێشوازیی دووکانداراێکی کورد و بە شوکولاتەکەوە کرد. پەیتاپەیتا وەک نیشانەیەک لە ئاساییبوونی دۆخی سنە و وەک خۆشەویستیی کوردێکی دووکانداری کوردستانی بۆ سەرکۆماری ئێران نیشانی بینەرانیان دەدا. تا ئاستێک کە کۆی سەردانەکە کەوتە ژێر سێبەری ئەم ڕووداوەوە.

کوردستان وەک ژێنگەی سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا، دووکاندارانی کوردستان لە پێشەوەی ئەم سەرهەڵدانە و سنە وەک کانگای هەرە سەرەکیی شۆڕشەکە و خاوەنی درێژترین ماوەی بەرخۆدان و پێشکەش کردنی چەندان شەهید، ئەو چاوەڕوانییەی لێ نەدەکرا کە تێیدا بە شیرینی و شوکولات پێشوازی لە بکوژی ڕۆڵەکانی بکرێ. هەربۆیەش ئەم پێشوازییە پێناخۆشبوونی هەمووانی لێ کەوتەوە. ئەم پێناخۆشبوونەش لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕەنگی دایەوە و لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆ کرا؛ هەبوون پێیان وا بوو بەرنامەی لەپێشدا دارێژراو بووە و هەشبوون وەک هەڵەی تاک و پەرچەکرداری کتوپڕی دووکاندار چاویان لە ڕووداوەکە دەکرد. بەڵام هەمووان لە سەر هەڵەبوونی پێشوازییەکە و هۆی زیانگەیاندن بە ڕەوتی شۆڕشی ژینا لەو هەلومەرجەدا کۆک بوون.

بە خۆشییەوە پێناخۆشبوونەکان زۆریان نەخایاند. فەیزوڵڵای شوکولات فرۆش لە ڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە پێناخۆشبوونی خەڵکی بە گوێ گەیشتەوە و زۆر زوو وەخۆ هاتەوە. زانی کە بەم شوکولاتە بێنرخە، بێ ئەوەی بە خۆی بزانێ و مەبەستی بووبێ دڵی خەڵکی برینداری بریندار کردووە. بۆ قەرەبووی ئەو هەڵەیەش، ڤیدیۆیەکی کورتی بڵاو کردەوە و لە کاتێکدا سوێندی بە قورئانەکەی بەر دەستی دەخوارد، ئاشکرای کرد کە ڕووداوەکە مەبەستدار نەبووە و کتوپڕ بووە. بەتایبەتیش ئەوەی بۆ مشتەرییەکانی گێڕاوەتەوە؛ لە پڕ کە چاوی کردۆتەوە، سەرکۆماری وڵاتێک وێڕای خەڵکێکی یەکجار زۆر ئەوە لە بەر دەرگایەتی و نەیزانیوە چ بکا! لە سەر ئەم هەڵەیە داوای لێبووردنی لە گەلی کورد یان بە وتەی خۆی لە "خەڵکی کوردەواری" کرد. بەوەش جارێکی دیکە بە بیر هەمووانی هێنایەوە کە کورد هەرچەندی میوانگر بێ و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەرچەندی لەگەڵ میوانان سەر و ڕووی خۆش بێ، خوێنی ڕۆڵەکانی خۆی لەبیر ناچێ و لە بکوژی ڕۆڵەکانی خۆی خۆش نابێ. هاوکات جارێکی دیکە یەکگرتوویی ڕیزەکانی گەلی کوردی لە حاند بێگانە و دوژمندا پیشانی هەموان دایەوە. داوای لێبووردنەکە زۆر زیاتر لە شوکولات بەخشینەکە دەنگی دایەوە. شۆڕشگێڕان داوای لێبوردنەکەیان پەژراند و بەگەرمی پێشوازییان لێ کرد. خەڵکی ئێران سەبارەت بەو پاشگەزبوونەوەیە سەرسوڕمانی خۆیان دەربڕی و دەستخۆشییان بۆ نارد. هاوکات سەرۆککۆمار تووشی ناهومێدی هات و دەسکەوتی سەفەرەکەی لێ بۆوە بە بڵقی سەر ئاو. تا ئاستێک کە نەیتوانی وەک ڕووداوێکی نەبیستراو و نەدیتراو دایبنێ و چەند ڕۆژ دواتر لە ڕێوڕەسمی حکوومەتیی ڕۆژی خوێندکار لە زانستگای تاراندا، تووڕەیی خۆی لە داوای لێبوردنی شوکولات فرۆش دەربڕی و نیشانی دا کە بەو پەژیوان بوونەوەیە، شوکولاتەکەی فەیزوڵڵا لە دەمیدا بووە بە ژەقنەمووت.

---

## ئاسۆ ڕوونەکانی شۆڕشی ژینا



**ڕەسووڵ سوڵتانی**

شۆڕشی ژینا، گەلێ ڕەهەندی شاراوەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئێران و زۆر خاڵی لاوازی ڕێژیمی ئاشکرا کرد. کۆماری ئیسلامیی ئێران کە تا پێش شۆڕشی ژینا زیاتر وەکوو زلهێزێکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست خۆی دەنواند و لە ئاستی نێودەوڵەتییشدا باجی دیپلۆماسیی وەردەگرت و لە ڕێڕەوە ئاوییەکانیشدا سەرئێشەی تەنانەت بۆ زلهێزێکی وەکوو ئەمریکا



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دروست دەکرد، ئەمجارە لە نێوخۆی وڵاتدا کەوتووەتە نێو ڕایەڵ و پۆی تەونی پاوانخوازیی خۆیەوە و لە ئاستی دەرەوەشدا ڕۆژ بە ڕۆژ گۆشەگیر دەکرێ.

کۆماری ئیسلامی لە چل و سێ ساڵی ڕابردوودا زۆری سەرمایەگوزاری لەسەر کەرتی پەروەردە کردبوو، بۆ ئەوەی ئەو منداڵانەی وا ئێستا بوونەتە پازدە ساڵ و بیست ساڵ، لەسەر بنەمای ئەو بەهایانە پەروەردە بکرێن و بەو بەهایانە گۆش بکرێن کە کۆماری ئیسلامی لەسەریان دامەزراوە، یان بڵێین بناغەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامین. یەکێک لەو بەهایانە، هەناردەکردنی شۆڕشە بۆ دەرەوەی ئێران و بەگوێرەی خۆیان بۆ هەموو جیهان، بە شێوەیەک کە کار گەیشتبووە جێیەک، دەیانگوت کۆشکی سپی دەکەینە حوسێنییە. ئەوان بەو خەیاڵە سەرمەست ببوون و گەیشتبوونە سەر ئەو باوەڕە، کە منداڵکوژێکی وەکوو قاسم سولەیمانی ئێستا مەزنەپاڵەوانی خەیاڵی منداڵانی ئێرانە. هەر لەسەر بنەمای ئەم خەیاڵەش بوو، سروودی "سلام فرماندە"یان دروست کرد، بەڵام هەر زۆر زوو ئەو سروودە لە فەزای مەجازی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بوو بە مایەی گەپجاڕی و گاڵتە پێکردن.

هەڵبەت لە پرسی سووریەشدا بە دروستکردنی گرووپگەلی جۆراوجۆری تێرۆریستی لە ژێر ناوی "پارێزەرانی حەرەم" بانگەشەی ئەوەیان دەکرد لە هەر شوێنێک بەهایەکی شیعی هەبێ، ئێمە لەوێ دەیپارێزین، لە حاڵێکدا کە ئەوان میلیۆن میلیۆن دۆلاریان بۆ پاراستنی ئەو نزرگە و قسن و پەرستگە و ئیمامزادانە خەرج دەکرد، لە پەنا خۆیانەوە خەڵکی شیعەمەزەب حەوجێی نانی شەوێ بوون و بۆ بژیوی خێزانەکەیان گورچیلەیان دەفرۆشت.

لەگەڵ شۆڕشی ژینادا پەردەی سەر ئەو سیحر و فێڵانەی ڕێژیم زۆر زوو لاچوو. ئەوشتەی کە بڕیاردەرانی کۆماری ئیسلامی و بەتایبەتی بەشێکی زۆر لە فەرماندەکانی سوپای پاسداران و هێزە سەرکوتکەرەکانی دیکەی ڕاچڵەکاند، ئاکامێک بوو، کە ئەوان پاش سێ مانگ پێی گەیشتن. ئەوان پاش سێ مانگ تاقیکردنەوەی هەموو ڕێگە و میکانیزمەکانی سەرکوت، سەیر دەکەن جار بە جار ئەم ئاگرە هەر دەتەنێتەوە و لە هەر کۆڵانێک دایدەمرکێننەوە لە کۆڵان و گەڕەکێکی دیکەوە سەر هەڵدەداتەوە. بەتایبەتی کە ئەوان سەرەتا پێیان وابوو هەموو دەنگەکە لە کوردستانە و لەوێش دەستیان بۆ کوشتار ئاوەڵایە و تەواو دەبێ، بەڵام ئێستا، سەیر دەکەن هەر ڕۆژەی لە گەڕەک و شوێنێکی شارە گەورەکان بە شێوازێکی دیکە سەر هەڵدەداتەوە.

گرینگترین یان بڵێین بەهێزترین خاڵی بەهێزی ئەم ڕاپەڕینە ئەوەیە کە سەرکردەیەکی دیاری لە نێوخۆی ئێراندا نییە تا هەم خەڵکەکە چاویان لە دەمی ئەو بێت و هەمیش بە گرتن و زیندانیکردنی وەها کەسێک، شۆڕشەکە دامرکێتەوە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

سەرکردەی ئەم شۆڕشە ویست و باوەڕێکە لە زەین و هزری هەموو ئەو کەسانەدایە کە ڕۆژانە دێنەوە شەقام و سات بە سات ژمارەیان زیاتر دەبێ. سەرکردەی ئەم شۆڕشە لەبری ئەوەی کەسایەتییەک بێ، دروشمێکە: "ڕووخان و نەمانی ڕێژیم."

ئەو نەوەیەی کۆماری ئیسلامی سەرمایەگوزاریی لەسەر کردبوو و سالانێک بوو بە هەموو دامودەزگا پەروەردەیی و میدیاییەکانی لەگوێی دەخوێند و گۆشی دەکرد، هەر ئەو نەوەیە کۆماری ئیسلامیی تووشی گەورەترین تەنگژە کردووە. ئەگەر نەوەی پێشتر چاوەڕوانیی ڕیفۆرمی لە کۆماری ئیسلامی هەبوو و بەو ئاواتەوە دەهاتە مەیدان بەشکم بارودۆخەکە وردەوردە بەرەوباشتر بوون بچێ، ئیتر ئەم نەوەیە نەک خەون بە ڕیفۆرمەوە نابینێ، بگرە کێشەی لەگەڵ سەرلەبەری بنەماکانی کۆماری ئیسلامی هەیە. ئەم نەوەیە نەک بە بەهاکانی ڕێژیم و مەزهەبەکەیەوە ناژی، بگرە لە جیهانێکی تەواو پێچەوانەی ئەو بەهایانەشدا بەسەر دەبا. ئەم نەوەیە بۆ حەز و ئاوات و خەونەکانی خۆی پەنا ناباتە بەر نزرگە و ئیمامزادەکان و، بۆ چارەسەری کێشەکانی خۆی پرس بە مەلا ناکا. ئەم نەوەیە نەوەی تەکنۆلۆژیای نوێ و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانە. لە ڕووبەڕووبوونەوەی هێزە چەکدار و سەرکوتکەرەکانیشدا ئەم نەوەیە شەڕی ئەو هێزە سەرکوتکەرانە زیاتر وەکوو شەڕی نێو یارییە کۆمپیوتەرییەکان دەبینێ و گاڵتەی بە مردن و بە دەنگی تەقەی چەکی سەرکوتکەرەکان دێ. هەر بۆیە لە زۆر شوێن هێزە سەرکوتکەرەکان زۆر بە ئاسانی لەبەریان دەبەزن.

### کورد لە کوێی ئەم شۆڕشەدایە؟

شۆڕشی ژینا بۆ کورد دەسپێکی شۆڕش نەبوو، ئەگەرچی فۆرمێکی تازەی شۆڕشی شەقام لە کوردستان دەستی پێ کرد. هەڵبەت ئێمە ئەم فۆرمەی شۆڕشمان لە سالانی پاش شۆڕشی ٥٧یشدا تاقی کردبۆوە. هەم ئەوکاتەی لە شەقامی شار و گوندەکاندا ژن و کچی کورد شان بە شانی پیاوان بەگژی داگیرکەراندا دەچوونەوە، هەم لە ڕیزەکانی پێشمەرگەدا و هەم ئەو کاتەی پێشمەرگە لە شاخ بوون و کچ و ژن بە هەموو جۆرێک لە لادێیەکانەوە پشتیوانییان دەکردن. بەڵام پاش دەیەی حەفتا بەتایبەتی لە بیست ساڵی ڕابردوودا و لەگەڵ دروستبوونی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هێڵی نێوان کچ و کوڕ بەتایبەتی لە کۆمەڵگەی ئێراندا تەنیا ببوو بە هێڵی نێوان دوو ڕەگەزی نێر و مێ. کەچی شۆڕشی ژینا ئەم هێڵەی تێک دا و کچ و کوڕ ئیدی لە شەقامەکان بوونە پاڵپشتی یەکتر و هێزێکی لەبڕاننەهاتوو. لەوەش گرینگتر لە کوردستان و هەموو ئێراندا ژن هێمای سەرەکیی خۆپێشاندان و ڕاپەڕینەکان و وەرەبەخشی پیاوانە و سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە، کە هێز و سەرکەوتن لەو شوێنەیە وا ژن و پیاو شان بە شانی یەکتر لە سەنگەری خەباتدان.

کۆماری ئیسلامی و پێشتریش لە پاش شۆڕشی مەشرووتەوە، ڕووناکبیرانی فارس بنەمای هەموو سیاسەتێکی دژەکوردیان



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لەسەر سڕینەوەی کورد و بیروباوەڕی کوردایەتی و بچووککردنەوە و سووککردنی زمان و بەلاڕێدابردنی مێژووی ئەو میللەتە داڕشتووە و هەموویان هەوڵیان داوە ئێرانێکی یەک ئاڵا و یەک زمان و یەک نەتەوە دروست بکەن، بەڵام ئەوەیان بۆ نەچووەتە سەرێ و بە دەردی لاوە خوێنگەرمەکەی نێو خۆپێشاندانەکان گوتی لەمەودواش "اینجوری برات نمیره بالا."

خاڵێکی زۆر گرینگی شۆڕشی ژینا، شکاندنی هێڵی بڤە "تابۆ"ی کوردبوون و پووچەڵکردنەوەی هەستی ترس و تۆقین لە کوردان بوو لە نێو فارساندا، شتێک کە لە سەردەمی مەشرووتەوە کاری لەسەر دەکرێ و ئێستاش لە دەرەوەی وڵات یەکێک لە گەورەترین کێشەی نیشتمانپەروەرانی کورد لەگەڵ ڕەگەزپەرستان و پاوانخوازان و پانفارسیست و شاپەرستەکان هەر ئەوەیە، بەڵام دیسان خەریکە بەستێکی تێگەیشتنیان لە کورد و پرسی کورد بەفرەوانتر دەکاتەوە. ئەم شۆڕشە هەلی بۆ کورد ڕەخساندووە لە نێو فارساندا دۆست پەیدا بکات. کورد پێویستی بە دۆستی زۆرە و، دۆستیش دەبێ خۆت دروستی بکەیت و کاری بۆ بکەیت.

لە ئاستی دەرەوەشدا، ئەم شۆڕشە دەنگی کوردی بردووەتە نێو هەموو کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان و نێو بیروڕای گشتیی خەڵکی دونیاوە. ئیتر ئەوەش دەراوی بۆ بواری دیپلۆماسیی کوردی خۆشتر و لەبارتر کردووە و هەلێکی زێڕینی ڕەخساندووە، کە حیزبەکان و نوخبەی ئاکادیمیی کورد لە کۆمەڵگەی جیهانیدا بە هاوفکریی یەکتر دەتوانن بەرهەمی باشی لێ بچننەوە.

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ئاخێزی ژینا و ئەرکی ڕووناکبیرانی کورد



**سارۆ خوسرەوی**

جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کوردستان و بەلووچستان و تێکەڵنەبوونی هەراوی شارە گەورەکانی ئێران لە شۆڕشەکەدا، پێمان دەڵێت هێشتا زۆرێک لە خەڵکانی ئێران، مێشک و کۆدەکانی بیرکردنەوەیان بە سیاسەتی جوداییخوازیی ڕێژیمی ئێران ئاخێنراوە و نیگەرانی ئەوەن لە ئەگەری ڕووخانی ئەم ڕێژیمەدا، وڵات دابەش بکرێت. ئەمەش ئەرک دەخاتە سەر شانی ڕووناکبیرانی کورد کە پتر لە ئێستا ئە وێنەی جوداییخوازییەی لای نەتەوەکانی دیکەی ئێران لە بارەی کوردەوە دروست بووە، بیگۆڕن.

ئێمە دەزانین ساڵانێکە دەسەڵاتدارنی تاران و ناسیۆنالیستی ئێرانی بە گشتی، خەڵکی ئێرانیان وا تێگەیاندووە کە کوردەکان جوداییخوازن و دەیانەوێ ئێران پارچە پارچە بکەن، بەڵام لە ڕەوتی ئاخێزی ژینادا، تا ڕادەیەک ماهییەتی ڕێژیم بۆ گەلانی دیکەی جوغرافیای سیاسیی ئێران ئاشکرا بوو، کە ئەم ڕێژیمە تەنیا لەپێناو مانەوەی خۆی لە دەسەڵات و سەرکوتکردنی ئازادیخوازانی کورد و گەلانی دیکەی ئێرانە کە لە دەستەواژەی جوداییخوازی کەڵک وەردەگرێ.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هاودەنگی و هاوهەڵوێستیی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە مەڕ پشتگیرییان لە ئاخێزی سەرتاسەریی ژینا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران، زەبرێکی بەهێز بوو لە پەیکەری کۆماری ئیسلامیی ئێران کەوت. بۆ ڕێژێمێک کە زۆرتر لە چوار دەیەیە هەوڵی خەڵەتاندنی خەڵک دەدات و کۆمەڵگە چەواشە دەکات، چاوەڕواننەکراو بوو گەلانی ئێران لە یەک کاتدا بڕژێنە سەر شەقام و دروشمی مەرگ و نەمانی بۆ بڵێنەوە. ئەگەر هەتا دوێنێ، مێشکی مرۆڤی ئێرانی پڕ دەکرا لە درۆ و دەلەسە لە بارەی ماف و داخوازییەکانی گەلی کورد، بە خۆشییەوە ئەوڕۆ زۆرێک لە خەڵکی ئێران، بۆ خۆیان دنیای ڕاستییەکان دەبینن و بە دوور لە دەمارگیریی نەتەوەیی، لە هەوڵی چەسپاندنی ئاشتی، هاوخەباتی و سەقامگیریی دیمۆکراسی دان.

خۆپیشاندان و چالاکیی کوردان لە دیاسپۆرا ڕۆڵ و شوێنی خۆی هەیە، بەڵام ڕەنگە بە ئەو ڕادەیە کاریگەر نەبێت کە ڕووناکبیرانی کورد شانبەشانی سیاسەتمەدارانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نەخشە بۆ سیاسەتێکی تازە لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێراندا بکێشن. بۆ نموونە دەرفەتی ئەوە هەیە لە ڕێی میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئەزموونی سیاسی و شۆڕشگێڕیی خەڵکی کورد لەگەڵ چینی نوخبە و ڕووناکبیری ئێران بێننە گۆڕێ. ئێستاش بۆ زۆرێک لە ڕووناکبیرانی غەیرەکورد ئەو پرسیارە دێتە ئارا، داخۆ چۆنە کۆماری ئیسلامی لە پاش ئەو هەموو ساڵەی لە کوردستان، نەیتوانیوە مێشکی کوردان دیلی دەستی سیاسەتەکانی خۆی بکات. وەڵامەکەی بۆ ئێمەی کوردان ڕوونە، لە بەر ئەوەی لە کوردستان بزووتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەردەوام لە تێکۆشاندا بووە و ڕێژیم نەیتوانیوە بۆشایی لەنێوان گەل و حیزبە سیاسییەکاندا دروست بکات. کاتێک هەموو لایەنە سیاسییەکانی کورد بە یەکدەنگی داوای مانگرتنی سەرتاسەری دەکەن و گەل بە ئەرێنی، وەڵامی داواکارییەکانیان دەداتەوە، ئەوکات فرەتر زیندووبوونی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان و وشیاریی سیاسیی گەل بۆ دەسەڵاتداران و خەڵکانی ئێران بەگشتی ڕوون دەبێتەوە.

کورد لە زۆر قۆناغی جیاوازدا، بۆ گەیشتن بە ئازادی و یەکسانیی کۆمەڵایەتی هەنگاوی هەڵهێناوە و لەو چوارچێوەیەدا باجی گەورەشی داوە، هەرگیز لە مەیدانی تێکۆشانیش نەکشاوەتەوە، بۆیە زۆر گرینگە ئەم وانەی بەرخۆدان و نەبەزینە، بکرێتە کولتووری تێکۆشانی هاوبەشی گشت گەلانی ئێران دژبە دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی.

لە ئاخێزی ژینادا هەتا ئێستا گەلانی بەلووچ و کورد زۆرترین قوربانییان داوە، لە بەر ئەوەی شارە گەورەکانی ناوەندی ئێران، نەیانتوانیوە بەو جۆرەی پێویستە پشتگیری لە گەلانی بەلووچ و کورد بکەن. لێرەدا ڕۆڵی ڕووناکبیرانی کود لە وشیارکردنەوەی نەوەی ئازادیخوازی ئێستای ئێران زۆر گرینگە. ڕووناکبیری کورد، پێویست دەکات بۆ پێشخستنی تێکۆشانی سیاسیی هاوبەش لەگەڵ گەلانی دیکەی ئێران، بیرە بنەڕەتییەکانی تێکۆشانی ڕزگاریی خۆی شی بکاتەوە و تەمی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

زێهنییەتی جوداییخوازیی کوردان لە مێشکی ڕووناکبیرانی ئێرانی بڕەوێنێتەوە. واتە زۆر گرینگە ڕووناکبیرانی کورد لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات، لە قەوارە و چوارچێوەیەکی بەرفراوانتردا بیر لە تێکۆشانی هاوبەش لەگەڵ ڕووناکبیران و ئازادیخوازانی دیکەی ئێران بکەنەوە. توانستنی بیرکردنەوەی ڕووناکبیرانی کورد نابێت تەنیا لە ئاستی ویست و داخوازییەکانی گەلی کوردا قەتیس بمێنێ و خۆی لە خەباتی هاوبەش بەدوور بگرێ، بەڵکوو باشترە بە بوێرییەوە توخنی تێکۆشانی هاوبەش بکەوێ و پێشەنگبوونی خۆی لە تێکۆشانی یەکپارچەیی گەلانی ئێران، باشتر و بە کردەوەتر بسەلمێنێت.

کەواتە بۆ ئەوەی دەسەڵاتدارانی تاران جارێکی دیکە بە بیانووی مەسەلەی جوداییخوازیی، ئەوەی دەیەی هەشتا وەک نەوەکانی پێشوو چەواشە نەکەن، ڕێگە ئەوەیە ڕووناکبیرانی کورد، بە شێوەی قووڵ و فراوان خۆیان بۆ تێکۆشانی ئازادی لە چوارچێوەی جوگرافیای سیاسیی ئێراندا تەرخان بکەن و ڕووناکبیرانی نەتەوەکانی دیکە و یەک لەوان فارسەکانیش پێویستە بە چاوی کراوە و لۆژیکی سەردەمیانەوە بڕوانن ئێستا و داهاتووی ئێران و گرینگترین پرسی ئەم وڵاتە کە پرسی فرەنەتەوەبوونی ئێران و مافی نەتەوەیی و وەکیەکی ئەو نەتەوانەیە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# کوشتاری حکوومەتی بەناوی ئێعدام




ڕەحمان سەلیمی

لە ماوەی سێ مانگی ڕابردوودا کە ڕاپەڕینێکی شۆڕشگێڕانەی بێوێنە لە ئێراندا سەری هەڵداوە، کۆماری ئیسلامی هەموو هێز و توانای ماددی و یاسایی و پڕوپاگەندەیی خۆی بۆ سەرکوت و بەلاڕێدابردنی ئەو بزووتنەوەیە خستۆتە کار. دەسەڵاتی نابەرپرسیار و سەرەڕۆ نایهەوێ و ناتوانێ دەنگی ویست و داواکارییەکانی گەل ببیسێت و ئامرازەکانی حوکمڕانی لەپێناو متمانەبەخشین بۆ گەل بەکار بێنێ، بەڵکوو لەبری ئەوە، بە سەپاندنی تێچووی گەورەی مرۆیی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، هەوڵی سڕینەوەی بنەڕەتی کێشەکان دەدا.

کۆماری ئیسلامی تەنیا بیر لە درێژکردنەوەی دەسەڵاتی خۆی دەکاتەوە و بێگومان بەو ڕوانگەیەوە ناتوانێ زمانێکی تر جگە لە زەبروزەنگ و سەرکوت بەکار بێنێ. ڕێژیم لە چەند مانگی ڕابردوودا سەدان کەس لە خۆپێشاندەران و نارازییانی لەسەر شەقامەکان یان لە بەندیخانەکان لەژێر ئەشکەنجەدا کوشتوە، بە هەزاران کەسی دەسبەسەر کردوە، سەرچاوەکانی زانیاری سانسۆڕ کردووە، ئامرازەکانی پەیوەندیی فیلتێر کردووە و لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە هەڕەشەی لە چین و توێژە جیاوازەکان کردوە، هەروەها هەوڵی داوە بە قەیرانسازیی دەرەکی، سەرنجی بیروڕای گشتی لە نێوخۆ و دەرەوە بە لاڕێدا بەرێ.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەموو سیستەمێکی سیاسیی دیکتاتۆر و دژەخەڵکی پێویستی بە نمایشی هێزی ڕووت و بەکارهێنانی توندوتیژییە بۆ پاراستنی خۆی، بەشێوەیەک کە ئەو هێزە لە دەرەوەی یاسا و پرەنسیپەکانی دەسەڵاتداریتیی باو، دەستی دەزگای سەرکوت بۆ دروستکردنی ترس و دڵەڕاوکێ لەنێو خەڵکدا ئاوەڵا بکات. لەو جۆرە سیستەمانەدا، یاسا ناڕوون و تەفسیرهەڵگرە بەتایبەت یاسای سزادان، بۆ ئەوەی دەزگای دادوەری بتوانێ لە هەر کاتێکدا بە پێویستی بزانێ بە تەفسیری فراوانی دەقەکانی یاسا هەر حوکمێک بیەوێت بەسەر تۆمەتباردا بیسەپێنێت.

دەسەڵاتدارانی تاران دوای ئەوەی بێهیوا بوون لە بێدەنگکردنی دەنگی مافخوازانەی خەڵک، لە درێژەی ڕەشەکوژیی لاوانی شۆڕشگێڕدا دەستیان داوەتە بەڕێوەبردنی شانۆی بەناو دادگاییکردنی بەندکراوان و لەسێدارەدانیان. ئەو سیاسەتە داپڵۆسێنەرانە کە ڕێژیم لەژێر ناوی ئێعدام پەیڕەوی دەکا و بە تاوانی بێبنەما و بە پێشێلکردنی سەرجەم پەیماننامە و ڕێسا نێودەوڵەتییەکان و تەنانەت یاسا نێوخۆییەکان، لاوانی خۆڕاگری ئێرانی پێ لەناو دەبا، بریتییە لە ڕەشەکوژیی حکوومەتی نەک ئێعدام وەک چەمکێکی یاسایی.

ئێعدام وەک تاقە پاساوی قانوونی بۆ کوشتن، لە بەشێک لە وڵاتانی جیهاندا بەڕێوەدەچێ. ئێران یەکێک لەو وڵاتانەیە کە دوای وڵاتی چین زیاترین ئێعدامی تێدا جێبەجێ دەکرێت. کۆمەڵێک ڕێککەوتننامە و بەڵگەنامەی نێودەوڵەتی پەسند کراون کە پابەندی بۆ وڵاتان دروست دەکەن کە یان لە بنەڕەتدا ئێعدام لە یاساکانیان بسڕنەوە، یان زۆر سنوورداری بکەن و تەنیا بۆ جیددیترین تاوانەکان جێبەجێی بکەن. جیددیترین تاوانەکانیش بەپێی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان تەنیا کاتێک دێتەدی کە تاوانی کوشتن ڕوویدابێ، جگە لەوەی کۆمەڵێک مەرجی دیکەش دەبێ بێنەدی.

لە ماددەی ٦ بەندی ٢ی میساقی نێودەوڵەتیی مافە مەدەنی و سیاسییەکاندا هاتووە: "لەو وڵاتانەی کە سزای ئێعدام قەدەغە نەکراوە، جێبەجێ کردنی ئەو سزایە تەنیا لەو کاتەدا ڕەوایە کە جیددیترین تاوانەکان بەپێی یاسای پابەندکار لەکاتی ئەنجامدانی تاوان ڕوویان دابێ، کە ئەویش نابێ دژایەتی هەبێ لەگەڵ ڕێساکانی ئەو کۆنڤانسیۆنە و هەروەها ئەو میساقانەی کە سەبارەت بە ڕێگرتن و سزادانی تاوانی ژینۆساید پەسندکراون. جێبەجێ کردنی ئەو سزایە تەنیا ئەو کاتە ڕەوایە کە بەپێی حوکمی قەتعی یان بنبڕ دەرچوو بێ لە دادگایەکی سالح".

هەروەها کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان لە شیکردنەوەی بەندی ٢ی ماددەی ٦ی میساقی مافە مەدەنی و سیاسییەکاندا جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە بابەتی جیددیترین تاوانەکان، تەنیا ئەو تاوانانە لەخۆ دەگرێ کە بریتین لە تاوانی زۆر قورسی کوشتنی بەئەنقەست.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە لایەکی دیکەوە ماددەی ٧ی میساقی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، ئەشکەنجە و سزای بێڕەحمانە، سووکایەتی‌پێکەر و دژەمرۆیی قەدەغە دەکا و هەروەها ماددەی ١٤ باس لە بەڕێوەچوونی دادگایی عادڵانە و ڕێوشوێنی عادڵانەی دادوەری دەکا و جەخت لەسەر سیستەمی دادوەریی بێلایەن، دەسڕاگەیشتن بە پارێزەر و دادڕەسی عادڵانە دەکا کە تێیدا تۆمەتباران ناچار نەبن دژی خۆیان شاهیدی بدەن.

ئێران ئەو کۆنڤانسیۆنەی بەبێ مەرج واژۆ کردووە و لەسەریەتی پابەند بێ بە نێوەڕۆکەکەی. لەکاتێکدا بە چاوخشاندنێکی سەرپێیی دەردەکەوێ کە کۆماری ئیسلامی پابەند بەو ڕێسایانە نییە و پێشێلکاری گەورەی ئەو پرەنسیپانەیە کە لە پەسندکراوەکانی تایبەت بە پاراستنی مافی مرۆڤدا واژۆی کردوون.

تۆمەتی زۆربەی ئەو کەسانەی لەو ماوەیەدا لە پەراوێزی خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییەکاندا حوکمی ئێعدامیان بەسەردا سەپێنراوە یان ئێعدام کراون بریتییە لە "محاربە". لەڕاستیدا هەر لە سەرەتای هاتنەسەر کاری ئەو ڕێژیمەوە "محاربە"، "افساد فی الارض" و بەم دوایییانە "بغی" پاساوی لەنێوبردنی جیابیران و نەیارانی دەسەڵات بووە. لەلایەکی دیکەوە دەقی یاسای سزادانی ئیسلامی لەسەر ئەو تاوانانە زۆر ناڕوون و تەفسیرهەڵگرە و دەسەڵاتێکی زۆر دەدا بە قازی لەسەر بڕیاردان لەسەر تاوانەکان و حوکمەکەیان، کە ئەوە پێچەوانەی بنەما چەسپێنراوەکانی یاسای سزادان لە هەموو وڵاتانی پێشکەوتوویە کە پەیڕەوی لە ڕێسای "تاوان و سزا دەبێ پشت بە دەق ببەستن" دەکەن. سەرەڕای ئەوەی ڕێوشوێنەکانی دادگاییکردن وەک مافێکی سەلمێنراوی تۆمەتبار هەر لە دەسبەسەر کردنەوە بگرە تا ئازادیی دیاریکردنی پارێزەر، تانەدان لە حوکم و بە شێوەیەکی گشتی هەموو قۆناغەکانی دادگایی پێشێل کراون، تاوانی محاربە بەپێی یاسای سزادانی ئیسلامی لە هیچکام لە حوکمدراواندا نەهاتۆتە دی. لە لایەکی دیکەوە قازی بەپێی یاسا سەرپشک کراوە لە دەرکردنی حوکم لە نێو چوار جۆر سزادا کە لەو یاسایەدا هاتوە، کە ئێعدام یەکێکە لەو سزایانە.

کۆماری ئیسلامی سزای ئێعدام نەک بە ئامانجی پاراستنی ئەمنیەت و ئاسایشی کۆمەڵگە - کە فەلسەفەی یاسای سزادانە- بەڵکوو بە مەبەستی ترساندنی خەڵک، کۆنترۆڵی کۆمەڵگە و پاراستنی دەسەڵات کەڵک وەردەگرێ.

لەلایەکی دیکەشەوە ناسەقامگیریی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی لە نێوخۆی ئێران بەتایبەت لە چەند مانگی ڕابردوودا و هەروەها دۆخی شپرزەی ڕێژیم لە کۆڕو کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکاندا دەرخەری ئەو واقعییەتەیە کە کۆماری ئیسلامی لەڕووی نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەوە لەگەڵ قەیرانی مەشرووعیەت بەرەوروویە، بەو پێیە نە دامەزراوە فەرمییەکانی و نە یاسا پەسندکراوەکانی مەشرووع نین. کەواتە ڕوونە حوکمی ئێعدام لە ئێراندا لە کوشتنی یاساییەوە گۆڕاوە بۆ کوشتاری



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەوڵەتی. ئەو کوشتنەش بە ئامانجی خوڵقاندنی ترس و دڵەڕاوکێیە لە کۆمەڵگەدا، کە ئەوەش ڕاستەوخۆ پێناسەی تیرۆرە. کەواتە گەلانی ئێران خەبات دەکەن دژی تیرۆر، خەباتێک کە خەریکە ڕەوایەتی نێودەوڵەتی وەردەگرێت و ڕۆژبەڕۆژ زیاتر سۆزی نێودەوڵەتی بەرەو خۆی ڕادەکێشێت. بەجۆرێک کە بەردەوام بوون و شێلگیربوونی خەڵک لەو خەباتە بەرەبەرە کاریگەری لەسەر ڕای گشتیی نێودەوڵەتی و ناوەندە بڕیاربەدەستەکان داناوە. تا ئەو جێگایەی کە هێماکانی ئەو ڕاپەڕینە بوونەتە هێمای جیهانی و لەلایەن هەموو گەلانەوە ڕێزیان لێ دەگیرێ.

بەردەوامبوونی ئەو دۆخە سەرەڕای ئەوەی پەیوەندیی بە سروشتی دەسەڵاتەوە هەیە لە هەمان کاتدا کۆمەڵێک هۆکاری نێوخۆیی و نێودەوڵەتی یارمەتیی ئەو دۆخە دەدەن. لە لایەکی دیکەوە مکوڕبوونی گەلانی ئێران لەسەر تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی کۆمەڵێک لێکەوتەی گرینگی لێکەوتۆتەوە. یەکێک لەو لێکەوتانە سەرنجدانی ڕای گشتیی نێودەوڵەتی و تەنانەت دەوڵەتانی ڕۆژئاوایە لەسەر حوکمی ئێعدامی گیراوانی سیاسی. دیاردەی کەفالەتی سیاسی لە ڕۆژانی ڕابردوودا بۆتە ڕۆژەڤی کۆڕو کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان و بەتایبەت پارلەمانەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا. بەجۆرێک کە ژمارەیەکی بەرچاو لە بەندکراوانی حوکمدراو بە سزای ئێعدام، لەلایەن پەرلەمانتارانی وڵاتانی ئورووپایی کەوتوونەتە ژێر چەتری کەفالەتی سیاسی.

کەفالەتی سیاسی پێچەوانەی ناوەکەی چەمکێکی سیاسی - قەزایی نییە و کەفیلی سیاسی ناتوانێ نەخشی پارێزەری یاسایی پێ بدرێ، بەڵکوو چەمکێکی سیاسی - یاسایی و لە هەمان کاتدا ئەخلاقییە کە تێیدا کەفیلی سیاسی لە پێگەی کۆمەڵایەتیی خۆی بۆ سەرنجراکێشانی نێودەوڵەتی لەسەر حوکمی سزادراو دەور دەبینێ. هەرچەند کەفیلی سیاسی ناتوانێ ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر دۆخی سزادراو دروست بکا بەڵام فشاری سیاسی و دیپلۆماسی دەخاتە سەر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و تێچووی جێبەجێکردنی حوکمەکە دەباتە سەرێ. لە لایەکی دیکەوە دەرکەوتنی دیاردەی کەفیلی سیاسی بۆ حوکمدراوانی سیاسیی ئێران، ئاماژەیە بۆ ڕەواییەتی ڕاپەڕینی خەڵک لەبەردەم ڕای گشتیی نێودەوڵەتی و لە هەمان کاتدا پێشێلکاریی بەربڵاوی مافەکانی مرۆڤ لە لایەن دەسەڵاتەوە. ئەوەش بێگومان یەکێکە لە دەسکەوتەکانی شۆڕشی ژینا کە زیاتر لە سێ مانگە بەردەوام و داهێنەرانە لە هەموو مەیدانەکاندا بەردەوامە. کوشتاری حکوومەتی نە تەنیا نەیتوانیوە و ناتوانێ بەر لە خرۆشانی جەماوەری بگرێ، بە پێچەوانەوە ئاگری تووڕەیی خەڵک لە ڕێژیمی تاوانبار و دژە ژن و دژە ژیان و دژە ئازادیی گەلانی ئێران بڵێسەدارتر دەکا.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# دەرکردنی ئێران لە کۆمیسیۆنی پێگەی ژن و ڕاستکردنەوەی هەڵەیەک




**ئاسۆ مینبەری**

سێ مانگ بە سەر ڕاپەڕینی ژینا، ئاخێزی خەڵکانی ئێران و کوردستاندا تێپەڕی. بێگومان شۆڕشی ژینا تاکوو ئێستا دەسکەوتی باشی هەبووە و ڕەنگە گرینگترین دەسکەوتی سازدانی هاوپێوەندی لە نێوان نەتەوە جیاوازەکانی پێکهێنەری جوغرافیایەک بێت کە پێی دەگوترێت ئێران، یان ئەو هەستی هاوسۆزی و هاوخەمی و هاوخەباتییەی کە ئێستا هەیە و یەکگرتوویییەکی تا ڕادەیەک باشی بۆ خەبات دژبە تاریکپەرەستانی جەماران پێک هێناوە؛ بەڵام یەکێک لە دەسکەوتە گرینگەکانی دیکەی شۆڕشی ژینا کە لە ماوەی ڕابردوودا شەپۆلێک لە خۆشحاڵی و ڕەزامەندیی خەڵکی بەدوای خۆیدا هێنا، دەرکرانی ڕێژیمی ئێران بوو لە کۆمیسیۆنی پێگەی ژنانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان.

ئەگەر وردتر لە بابەتەکە بڕوانین دەبێ لە خۆمان بپرسین بۆچی دەبێ دەسەڵاتێکی وەکوو کۆماری ئیسلامی بەو کارنامە پڕ لە شوورەیییەی خۆیەوە کە بەنیسبەت دۆخی ژنان تۆماری کردووە، لە کۆمیسیۆنی پێگەی ژندا جێگای پێ بدرێت؟ یان چۆن و بە پێی چ پێوەرگەلێک ڕێژیمێکی ژنکوژی وەکوو ئەم ڕێژیمە دەتوانێ ئەندامی کۆمیسیۆنێکی لەم چەشنە بێت؟ کۆمیسیۆنی پێگەی ژنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، سەرەکیترین ڕێکخراوی نێونەتەوەیی جیهانی بۆ نەهێشتنی هەڵاواردن دژ بە ژنانە و ٤٥ ئەندامی هەیە کە بە دەنگی ئەندامانی شورای ئابووری و کۆمەڵایەتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بۆ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ماوەی ٤ ساڵ هەڵدەبژێردرێن.

ڕێژیمی ئێران تەنیا ساڵێک لە ئەندامەتیی خۆی تێپەڕ کردبوو کە بە زۆربەی زۆری دەنگەکانی ئەندام لەم کۆمیسیۆنە دەر کرا و هەر لە جێدا ئەمە یەکەمین جاریشە کە وڵاتێک لەم کۆمیسیۆنە دەربکرێت.

ڕووداوەکانی چەند مانگی ڕابردووی ئێران و کوردستان و ئەو توندوتیژی و هەڵاواردنە ڕوون و ئاشکرایە کە ڕێژیمی ئێران لە پێش چاوی هەموو دنیاوە بەنیسبەت ژنان دەینوێنێ هۆکاری سەرەکیی دەرکردنی ئەم بڕیارە بوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خودی ئەم دەرکردنە ڕاستکردنەوەی هەڵەیەک بوو کە نەدەبوو پێشتر کرابا، ئەویش دیاریکردنی ڕێژیمێکی دڕندەی ژنکوژی وەکوو ئێران بە ئەندام لەم کۆمیسیۆنە بوو! ئەویش لە کاتێکدا کە خودی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و باقی ناوەندە گرینگەکانی جیهانیش کە لە چوارچێوەی مافەکانی مرۆڤ و مافی ژناندا چالاکی دەکەن باش ئاگادارن کە ڕێژیمی ئێران لەو وڵاتانەیە کە تاکوو ئێستا پەیوەست بە کۆنڤانسیۆنی نەهێشتنی هەڵاواردنەکان دژبە ژنان نەبووە، چونکە چییەتیی ڕێژیمی ئێران دژی ژنان و ماف و ئازادییەکانیانە و ئەوە خودی دەسەڵاتە کە بە داڕشتنی یاسای دژەژن و نامرۆڤانە زیاترین ڕێژەی چەوسانەوەی بەنیسبەت ژنان بۆ خۆی تۆمار کردووە.

ڕێژیمی ئێران یەکێک لەو دەسەڵاتانەیە کە بەئاشکرا مافی ژنان پێشێل دەکات، بەپێی ڕیزبەندیی بەرنامەی گەشەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئێران یەکێک لەو وڵاتانەیە کە لە بواری ڕەگەزییەوە نایەکسانییەکی زەقی تێدایە و لەم بارەوە بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دیکەی جیهان لە ڕیزی ١١٥دا جێگای گرتووە. سەرنجدان بە دۆخی ئێستای ئێران و کوردستانیش پێمان دەڵێت کە بڕیاری دەرکردنی ئێران لەو کۆمیسیۆنە زۆر پێویست بوو و دەبێ بە بایەخەوە چاوی لێ بکرێت. چونکە ئەو بڕیارە لە دژی ڕێژیمێک دراوە کە هێزە سەرکوتکەرەکانی لە گرتنگەکاندا دەستدرێژیی سێکسی دەکەنە سەر دەسبەسەرکراوان و لەم پێوەندیەشدا بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لە خودی گرتنگەکانەوە درکێندراوە، دەستدرێژییەکان بۆ سەر هەر دوو ڕەگەز بووە، بەڵام ئەوەی کە بە نیسبەت ژنانی دەسبەسەرکراو کراوە زۆر دڵتەزێنترە.

لێدان و ئەشکەنجە، دەستدرێژی سێکسی، ڕفاندن، دەسبەسەرکردنی نایاسایی، بێسەروشوێنکردن، بێڕێزی کردن و بە دەیان جۆری دیکەی توندوتیژی لە ماوەی ڕابردوودا لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە بەرانبەر بە ژنان کراوە و ئەوەی کە ئێستا دەبێ گرینگیی پێ بدرێت، بایەخی دەرکرانی ڕێژیم لەم کۆمیسیۆنە بە هۆکارەکانی سەرەوەیە.

لەڕاستیدا ئەم دەرکرانە بۆ ڕێژیمی ئێران قورس تەواو بوو، چونکە زیاتر لە ڕابردوو دەبێتە هۆی ئەوەی کە چییەتیی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕێژیم بە وڵاتانی دیکە بناسرێت و بێگومان هەڵوێستەکانیش بەرانبەر بە ڕێژیم دەگۆڕدرێت. لە لایەکی دیکەوە دەرکرانی ڕێژیم، ڕەوایی بەخشین بە شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی لە ئاستی نێونەتەوەیی بوو و هەر ئەمەش وا دەکات کە ڕێژیم ناچار بێت ئاگاداری کردەوە دژەمرۆییەکانی خۆی بێت، چونکە بێتوو ڕێژیم بەمجۆرە سەرەڕۆیانە درێژە بە کردەوەکانی خۆی و بەتایبەت پێشێلکارییەکانی مافی ژنان بدات، ئەوەندەی دیکە ڕۆڵی ڕێژیم لە ئاستی نێونەتەوەییدا لاوازتر دەبێ و ئەگەری ئەستاندنەوەی متمانە لەو ڕێژیمە لە ئاستەکانی دیکەشدا بەهێزتر دەبێت. ئەمەش دەسکەوتێکی گەورە بۆ ژنانە کە بتوانن لە پێناو نەهێشتنی ستەم و هەڵاواردنەکانی ڕێژیم بەرانبەر بە خۆیان هەنگاوی قورستر هەڵ بگرن و بێگومان هەمووانیش دەزانین کە ئەمە لە دەسکەوتەکانی شۆڕشی ژینایە کە هەموو جیهانی بەنیسبەت پرسە پێوەندیدارەکان بە ژنان بەتایبەتی و خەڵک بەگشتی لە کوردستان و ئێران هەستیار کردەوە.

شۆڕشی ژینا، شۆڕشێک بە پێشەنگایەتیی ژنان بوو، هەر بۆیە دەنگدانەوەی ئەم شۆڕشە لە ئاستی جیهانیدا زیاتر لە هەموو کات توانیی کێشە شاراوەکانی کۆمەڵگەی ئێران دەربخات و هەموو چەواشەکارییەکانی ڕێژیمی بەنیسبەت ژنان و ئەو پێگە و دەرفەتانەی کە بە درۆ بانگەوازی بۆ دەکرد کە بۆ ژنانی دابین کردووە، دەرخست. ژنان لە کۆمەڵگەی ئێراندا هیچکات وەکوو مرۆڤ مافیان پێ نەدراوە، لە سەرەتاییترین ماف و ئازادییەکانیان بێبەری کرابوون و بەردەوام لە ژێر هەڕەشەی سەرکوت و هەڵاواردندا بوون، بۆیە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە بڕیاری دەرکردنی ڕێژیم توانی هەڵەیەکی زۆر زەقی خۆی لە وەرگرتنی ئەم ڕێژیمە وەکوو ئەندام ڕاست بکاتەوە و ئەمەش دەبێتە دەرفەتێکی زێڕین بۆ ژنان تاکوو بتوانن خۆیان بە جیهان بسەلمێننەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ئێرانی نادێمۆکراتیک




**پژمان شەریعەتی**

لە جوغرافیای ئێراندا بە تایبەتی لە کاتی پێکهاتنی دەوڵەتی مودێرندا، سیاسەت و بەڕیوەبەریی سیاسی لاوازترین بەش بووە و مێژووی ئەم جوغرافیایە لە بواری سیاسییەوە پڕە لە سڕینەوە، حاشاکردن، درۆ و چەواشە، ناسەقامگیری، سەرەڕۆیی، دیکتاتوری و بەراوەژووکردنەوە و. ...

ژێئوپۆلۆتیکی ئێران چەندین تایبەتمەندیی هەیە و لە پێش هەموواندا جوغرافیای ئەم وڵاتە کە هێشتایش جێگای گەنگەشەیە؛ هەروەها سنووری سیاسیی ئێران بە سیستم و عەقڵییەتێکی کۆلۆنیالیستی دیاری کراوە و داخوازی و ماف لەم وڵاتەدا قەد لەبەرچاو نەگیردراوە.

ڕاستە زۆربەی وڵاتانی جیهان، بە هۆی شەڕ، داگیرکاری و قەیران سنووری سیاسیی خۆیانیان دیاری کردووە و بەشێکی کەم لە وڵاتان بە ڕێفراندوم و مافی دیاریکردنی چارەنووس خاوەنێتیی سیاسی خۆیان وەدەست هێناوە، بەڵام ڕەوتی مودێرنیتە و گەشەی سیاسی و ئەندێشەی مرۆڤایەتی بەشێکی زۆر لە وڵاتانی جیهانی بەرەو دێمۆکراسی بردووە.

جیا لە ئامریکا هیچ وڵاتێک لە سەرەتادا بە دێموکراسی دانەمەزراوە و خەڵک و دەسەڵاتداران بە پێی پێوەرە مرۆڤانەکان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

و لەبەرچاوگرتنی داخوازییەکان کە ڕۆژ بە ڕۆژ گەشەی سەندووە، فورمی دێموکراتیکیان بە خۆیانەوە گرتووە. هەرچەند ئەم تێپەڕینە بەرەو دێموکراسی لە وڵاتان جیاوازە و هەوراز و نشێوی زۆر و تێچووی جیاوازی بۆ هەر کام لە وڵاتانە بووە؛ بەڵام لە ئاکامدا دەبینین دێموکراتیزەبوون بووەتە هۆی گەشەی وڵاتان.

کاتێک مێژووی لانی کەم دوو سەدەی ڕابردوو لە ئێران لە بەرچاو دەگرین، دەبینین کە دێموکراسی و تێپەڕین بە ئاراستەی دێموکراتیکبوون قەد ڕووی نەداوە و تەنیا لە ڕووی ئابووری و پیشە و هاوردەکردنی هەندێک بەرهەم و تێکنۆلۆژی، وەکوو سینەما، ڕێگەوبان، شەمەندەفەر، چاپ و ... ئەویش بە لاوازی گەشەی سەندووە و لە هیچ برگەیەکیدا گەشەی سیاسیی بە خۆیەوە نەبینیوە. لێرەدا مەبەست لە گەشەی سیاسی بە واتا ڕاستەقینەکەیەتی، واتە شۆڕشی مەشرووتە و پێکهێنانی یاسای بنەڕەتیی وڵات و پارلمان بەخۆیەوە ناگرێت، چوونکە ئەو کردەوانەش نەک دێموکراسی لێ نەکەوتۆتەوە، بگرە یارمەتیدەری دیکتاتۆرییش بووە.

سەرەکیترین گرفت و لەمپەڕ لە بەرامبەر دێموکراتیزەبوون لە دروستبوونی وڵاتێک وەکوو ئێران کە تەمەنی کەمە و مێژووەکەی بۆ کەمتر لە دوو سەدە دەگەڕێتەوە، هەتا حاشاکردن لە فرەنەتەوە بوونی ئەم جوغرافیایە بەردەوام بێت و عەقڵییەتی ئێرانشاری و یک وڵات و یەک نەوتەوە بوونی بمێنیت، ئێران ڕەنگی دێموکراسی بەخۆیەوە نابینێت.

لەلایەکی دیکەشەوە نەبوونی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئاست گشتیی ئێرانە کە داخوازتەوەر بێت و گوشار بخاتە سەر دەسەڵات، بەڵکوو هەتا ئێستایشی لەگەڵ بێت بەشێک لە خەڵکی ئێران بەتایبەتی لە ناوەند دەسەڵات وەکوو سیستم نابینین، بەڵکوو لە ڕووی ئیدئۆلۆژیکیەوە بە بەشێک لە خۆیانی دەزانن، جا ئەمە بۆ پاشا بێت، یان بۆ نوێنەری خوا لەسەر زەوی. واتە هێشتا لە ئێران سیستم بە واتای ڕاستەقینە بوونی نییە و زنجیرەی دەسەڵاتی پاشایەتی و خیلافەت بەڕێوەبەری کاروباری وڵاتن و لادان لەو ڕێگانە بە واتای نەمان و هەڵوەشان لێک دەدرێتەوە. پاشا و خەلیفە خاوەنی هەموو شتێکن و کۆمەڵگەی مەدنی وەکوو ڕەعیەت و شوێنکەوتووی خۆیان پێناسە دەکەن، واتە پەیڕەوانی خەتی ئیمام و سەڵتەنەتتەڵەب لە ئێراندا هیچ جیاوازییەک لەنێوان عەقڵییەتیان نییە و لە هەردوو بەرەکەدا تەنیا چاویان لە دەربار و بەیتی ڕەهبەرییە.

لە لایەکی دیکەشەوە کەشوهەوا، سەرچاوە سروشتی، کانزای ژێرزەوینی و ڕووزەوینی لە ئێراندا وەکوو کارتێکی مان و نەمانە، چ لە ڕووی ئابووری خەلیفە و پاشا خۆیان بە خاونی دەزانن و چ لە ڕووی پێداویستییەکانی ژیانەوە سەرچاوەی داهاتن بۆ دەسەڵات نەک خەڵک و، هەتا سەروەت و سامان لەم وڵاتەدا خاونەکەی خەڵک نەبێت، دێموکراسی جێگیر



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

نابێت.

ئێستا لەم سەردەمەدا کە دەبینین لە بواری هزرییەوە بەتایبەتی لە نەوەی نوێی ئێراندا ئاڵوگۆڕێک پێکهاتووە و بەتایبەتی تر لە دوای شۆڕشی ژینا، کە کورد بیر و ئاوەزی دێموکراتێکی خۆی بە هەموو ئێران دیکتە دەکات، هەموو ئەو لەمپەڕانە بە ڕوونی خۆیان پێشان دەدەن و کاتێک لاوێکی کورد باس لە دێموکراسی و دیاریکردنی چارەنووس دەکات و ڕێکاری چارەسەری و گەیشتن بە ئازادیی بەشداریی هەمەلایەنە (نەتەوەکانی نێو جوغرافیای ئێران) لە بەڕێوەبەریی وڵات دەزانێت، لاوێکی فارس سەرەڕای ئەوەیکە ئێستا خۆی بەشێک لەم ڕاپەڕین و شۆڕشەیە، بەڵام ناتوانێت خۆی یەکلا بکاتەوە کە ئاخۆ تاکێکی سەربەخۆیە و وەکوو مرۆڤێک داخوازیی خۆی هەیە، یان نوێنەری ئیدئۆلۆژی و عەقڵیەتێکی فاشیستی؟

هێشتا دەسەڵات لە سۆنگەی ئەو تەواوەتیی خاک و سنوور و مێژووی لێڵ و پڕ چەواشەکارییە ناتوانێت قەبووڵی بکات ئەم وڵاتە وەکوو جوغرافیایەکی فرەڕەنگ ببینێ. لاوێکی کوردیش وەکوو سنوورێکی سیاسی دەیبینێت و دەیهەوێ بە ئیرادە و بەشداریی گشتی دێمۆکراتیزەی بکات و بە ڕوونی و بە کورتی دوو ڕێگە چارەی سەرەکی بوونی هەیە: یان ئێرانێک کە بە هەموومان بنیاتی دەنێین و بەڕێوەی دەبەین؛ یان هەرکام لە نەتەوەکان ناچار دەبن بەجیا چارەنووسی خۆی دیاری بکەن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ڕاپەڕینی نوێ بەرهەمی کولتووری فیداکاریی پێشمەرگەیە



**ئەلبورز ڕۆنیتەن**

سالانێکی زۆرە ڕۆڵە ئازا و زاناکانی گەلی کورد لەپێناو خزمەتکردن بە نیشتمان و ئازادیی گەلدا خەبات دەکەن و گیان دەبەخشن. کۆماری کوردستان کە یەک لە بەرهەمەکانی خەباتی ڕۆڵە ئازا و زاناکانی نیشتمان بوو، ناوی ئەو هێزە لەبڕاننەهاتووەی "پێشمەرگە" دانا و لەو کاتەوە پێشمەرگە و خەبات بۆ ئازادی، پێشمەرگە و بەرگری لە نیشتمان، پێشمەرگە و کوردستان وەها ئاوێتەی یەکتری بوون کە جیاکردنەوەیان کردەنی نییە و تا کات دەڕوات ئەو ئاوێتەبوونە زیاتر و پتریش دەبێت.

دوژمن هەموو هەوڵی ئەوە بووە پێشمەرگە تەنیا وەک هێزێکی چەکدار پێشان بدات و چەکداری و توندتیژی وەک پێناسەی ئەو هێزە وێنا بکات تا پڕۆپاگەندەی خۆی لەمەڕ شەڕخوازبوون و دژەیاسابوونی بسەلمێنێت. بە پێچەوانەی ئەو هەولانەی دوژمن کە دەیهەوێ چەک بکاتە پێناسەی پێشمەرگە، لەنێو گەلدا تێڕوانینێکی دیکە بۆ پێشمەرگە هەبووە و هەیە.

تێڕوانینی گەل بۆ پێشمەرگە بەر لە هەموو شتێک کەسایەتیی ڕووناکبیریەتی، چونکە پێشمەرگە تاکێکە کە هەست بە هەلومەرجی نەتەوەکەی دەکات و لە خوێندنەوەی پێشمەرگەدا نەتەوەکەی ژێردەستەیە و ستەمی لێ کراوە و بە بەردەوامیی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ستەمیش وێڕای ئەوەی خاکەکەی داگیر کراوە گەل و ناسنامەی ئەو گەلەش بەرەوڕووی ژێنوساید بۆتەوە.

تێڕوانینی گەل بۆ پێشمەرگە ئەوەیە کە پێشمەرگە تەنیا هەست بە مەینەتییەکانی نەتەوەی ناکات، بەڵکوو بە کردەوەش ئامادەیە بۆ سڕینەوەی ئەو مەینەتییانە خزمەت بە گەل و نیشتمان بکات، واتە تەنیا هەستکردن و هاوسۆزیکردن ناتوانێ یارمەتیدەر بێ بەڵکوو لە هەمانکاتدا پێویستە بە کردەوەش بەشداری خەباتەکە بکەی. هەر ئەو پڕاگماتیست بوونەیە کە پێشمەرگەیە جیاواز دەکاتەوە لە تاکەکانی دیکەی گەل کە هەست بە دۆخی ژێردەستەیی نەتەوەکەیان دەکەن، بەڵام بوێری یا دەرفەتی بەشداری لە خەباتی بەکردەوەیان لە پێناوی نیشتماندا نییە.

تێڕوانینی گەل بۆ پێشمەرگە ئەوەیە وێڕای ئەوەی هەست بە مەینەتییەکانی گەل و خاک دەکات و بە کردەوەیش خەباتی بۆ دەکات، بەڵام لە پەروەردە و بارهێنانی خۆیشیدا وەک تاکێکی ڕووناکبیری کۆمەڵگە بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو ئەرکەی خۆی بەباشی و زانایی بەجێ بگەیەنێ بێ ئاگا نییە، بەڵکوو هەموو هەوڵێک دەدات و لە هەر دەرفەتێک کە بۆی بلوێ و تەنانەت هەندێک جار لە دۆخێکی زۆر نالەباریشدا، لە پێگەیاندنی خۆی خافڵ نییە. خۆتەیارکردنی بە چەکی زانستیش بۆ ئەوەیە باشتر بتوانێ زانستی نیشتمانپەروەری لە نێو گەلدا پەرە پێ بدات.

تێڕوانینی گەل بۆ پێشمەرگە بەر لە چەکدار بوون و ئازایەتییەکەی بیرکردنەوەی مرۆڤدۆستانە و هەستی ناسکی پێشمەرگەیە کە مێهرەبانییەکی بێوێنەی هەیە و تەنانەت لە شەڕیشدا ئەو هەست و بیرە مرۆڤدۆستانەی لە دەست نادات و بەڵکوو بە پەیڕەوی لە هەموو یاسا و ڕێسایەکی مرۆڤایەتی و شەڕ، درێژە بە خەباتی خۆی لە بەرانبەر دوژمنە دڕندە و بێبەزەیی و دور لە هەر جۆرە پرەنسیپێکی مرۆڤانە دەدا.

تێڕوانینی گەل بۆ پێشمەرگە ئازایەتیی بێوێنە و فیداکاریی هەمیشەییە کە وایکردوە ئەو ڕۆڵە نەبەزە تەنیا بە چەکی باوەڕی خۆی لە بەرانبەر دوژمنێکی پڕ لە چەکدا ڕاوەستێت و سەرکەوتنیش بە دەست بێنێ و بە ئیرادەی بەرخودان و بەرگری بەردەوام وەبیر گەل بێنێتەوە کە ئێمە دەتوانین، ئێمە بەهێزین، ئێمە شایانی ژیانی ئازادین و ئێمە کەمتر نین لە هیچ گەلێکی ئازادی دیکە لە سەر ئەو گۆی زەوییە. لێرەدایە بە پێچەوانەی ئەوانەی دەیانهەوێ کە تەنیا چەک وەک پێناسەی پێشمەرگە نیشان بدەن، پێشمەرگە وەک تاکێک کە هەستی بە دۆخی نەتەوەی کردووە و، ئامادەیە لەپێناو سڕینەوەی ئەو نەهامەتییانەدا بە فیداکاری هەتا شەهیدبوونی خەبات بکات و بۆ پێگەیاندنی خۆی لە هەر دەرفەتێک کەڵک وەربگرێ و مرۆڤدۆست بێ لەنێو گەلەکەشی زۆر زۆر خۆشەویستە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لەگەڵ هەمووی ئەوانەدا پێشمەرگە وانەی فیداکاری و نیشتمانپەروەری لە نێو گەلدا بڵاو دەکاتەوە، ئەگەر لەنێو گەلدا ئەو تاکانەی کە شەرەفی پێشمەرگایەتیشان نەبووبێ بە بەرجەستەکردنی ئەو تایبەتمەندییانە لە خۆیدا هاوکار و هاوخەباتی و پشتیوانی پێشمەرگە دەبێ کە دەتوانێ ئەرکی پێشمەرگە ئاسانتر، ئازادیی گەل و خاکیش ئاسانتر مسۆگەر بکات. هەربۆیەشە ئەمڕۆ لە شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادیدا کە دەبینین کوردستان یەکپارچە شۆڕش و فیداکاری و خەباتە یەکێک لە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ وانەی فیداکاری و نیشتمانپەروەری پێشمەرگە لەنێو گەلدا. لەو سۆنگەیەوەش پێشمەرگە بە هەموو ئەوانەی لەو شۆڕشەدا بەشداری چالاکن، پێیان دەڵێ پێشمەرگە و بە هاوخەباتی خۆی دەزانێ.

شۆڕشی ژن ژیان ئازادی سەلماندی کە کولتووری فیداکاریی پێشمەرگە بۆ خزمەتکردن بە نیشتمان لەنێو گەلدا ڕەگی داکوتاوە هەر تاکێک بە هەر شێوەیەکی کە بۆی دەکرێ خزمەتی گەل و خەباتەکەی بکات، هاوشانی پێشمەرگەی خەباتکاری ئەو گەلەیە. بەو پەڕی دڵنیاییەوە بێتوو کولتووری فیداکاریی پێشمەرگە لەنێو زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری بەرجەستە بێ، ئەوەندە بەهێز دەبین کە بتوانین گەورەترین زۆرداری مێژووی مرۆڤایەتی بشکێنین و ئازادیی یەکجاریی خۆمان وەدەست بێنین.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# هێز و سەقامگیری، دووانەی لێکدانەبڕاوی ئەمنییەت



ئاڕمان حوسێنی

هێز و سەقامگیری لە بنەما سەرەکییەکانی ئەمنییەت لە هەر وڵات و کیانێکی سیاسیدان. بە واتایەکی دی هەر نەتەوە یان وڵاتێک کاتێک دەتوانێ بڵێ ئەمنییەتی یەکانگیری هەیە، کە توانیبێتی ئەم دوو فاکتەرە بنەڕەتییەی هاوکات لەگەڵ یەکتری بووبێت. بە ڕوویەکی دیکەدا ئەمنییەت بەبێ هێز و سەقامگیری بەدی نایەت، چ لە وڵات بیت، چ لەنێو نەتەوەیەکی وەک کورد کە هەتا ئێستا وەک شوناسێکی سەربەخۆ لە ئێراندا دانی پێدا نەنراوە و ... . لەم ڕووەوە بۆ بەدیهاتن و دەستەبەری ئەمنییەتی نەتەوەیی چ لە وڵاتێکی سەربەخۆدا و چ وەک بەشێک لە هەر وڵاتێک، ئەشێ دوو فاکتەری هێز و سەقامگیری بوونیان هەبێت و یەکانگیر بووبن.

سروشتییە چەمکەکانی هێز و سەقامگیری پێناسەی جۆراوجۆریان لێ بکرێت و هەر بەو پێیەش تێگەیشتنی جیاوازیان لەسەر دروست بێت، بەڵام نەتەوەی کورد لە ئێران پێویستە هەر لە ئێستاوە پێناسەیەکی ڕوون و دیاریکراوی لە چەمکی ئەمنییەت هەبێت و بۆ ئەوەی ئەو نەتەوەیە بە یەکگرتوویی و دڵنیایی تەواوەوە پڕۆسەی بەنەتەوەبوونی خۆی بپێوێ، دەبێ ئەم پێناسە گشتییە لەلایەن حیزبە سیاسییەکانی، ڕووناکبیران و ئیدئۆلۆگەکانیەوە فۆڕمولە بکرێت.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بە دیدێکی کراوەتر بێتوو ڕێڕەوی ڕێبازەکەمان ڕوون بێت و بزانین کە بۆچی فلان ئەکت و کردەمان بەکۆ بووە، لە سۆنگەی چییەوە فلان ڕۆژ مانمان گرتووە و بێدەنگ بووین و...؛ یان بە واتایەکی دی لەوە تێگەیشتین ئەمنییەتی نەتەوەییمان بە چی دەستەبەر و چۆن خەوشدار دەبێت و چۆن دەکرێ بنەڕەتەکانی بەهێز بکرێن؛ ئەوکات دەتوانین هیوادار بەوە بین کە ئەمنییەتی نەتەوەیی یەکانگیرمان هەیە.

هەڵەیە پێمان وابێت تەنیا بەتەنیا خاوەنێتیی هێز، چ هێزی سەربازی، ئابووری، سیاسی، تێکنۆلۆژی و... ئەمنییەتمان مسۆگەرە، لەبەر ئەوەی سەرەڕای هێز و دەسەڵاتی ڕێژەیی، بەڵام ئەو هێزە بەبێ فاکتەری سەقامگیری بۆش و لەرزۆکە و کۆڵەکەکانی ئەم ئەمنییەتە لە ئەگەری هەر گوشارێکی نێوخۆیی و دەرەکی دەکەوێتە لەرین.

دەبینین وڵاتانێکی دەوڵەمەندی وەک عەرەبستان، ئیمارات و تەنانەت ئیسرائیل و زۆر وڵاتی دی سەرەڕای خاوەنێتیی هێزی ئابووریی زەبەلاح و سوپای سەربازیی کۆک و پۆشتە بە بەردەوامی لە بەردەم تیغی هەڕەشە و مەترسیی ئەمنییەتیدان. هۆکارەکەی ڕوونە کە چەندی لە ڕووی چەکوچۆڵ و ئابووری و تێکنۆلۆژیی شەڕ و زانیارییشەوە بەهێز بیت، بەڵام دیسان گرووپێکی -گچکە و کەمئەژمار- دەتوانێ بە درۆنێکی خۆکوژ هەڕەشە لە ئەمنییەت و سەقامگیریت بکات و ترس و دڵەڕاوکێ لەنێو خەڵکەکەتدا دروست بکات.

ئاکامگیری لەو کورتەباسە ئەوەیە: فاکتەری سەقامگیری لە دنیای ئەمڕۆدا کە دەکرێ بە ئاسانی ئەمنییەتی ئەوانیدی بخرێتە مەترسییەوە گرینگ و یەکلاکەرەوەیە، هەروەها بە سەقامگیری دەکرێ ئەو باڵانسە دروست بکرێت و وێڕای هەبوونی هێز و دەسەڵات بە ئامانجی بەرگیرەوە، وابکەیت لایەنی بەرانبەر و ئەوانیدیش نەیانەوێ و نەشتوانن هەڕەشە و مەترسییت لەسەر دروست بکەن؛ چونکی ئێوەش دەتوانن بە لانیکەمی کەرەستە و ئامرازەوە ببنە هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر لایەنی بەرانبەرتان.

بۆ دەستەبەری حاوانەوە و سەقامگیریی هەمیشەیی چەند خاڵ و پرەنسیپێکی جیهاندگر دەتوانن ڕۆڵی سەرەکی ببینن، وەک گرتنەبەری ڕێوشوێنی دێموکراتیک و پێشکەوتنخوازانە و دانان و ڕێزگرتن لە مافی وەکیەکی ئەوانیدی و بنەڕەتەکانی دابینبوون و دەستەبەری ئەو مافانە بۆ هەمووان. لەوەها دۆخێکدا تەنانەت بێتوو ڕەوت و گرووپێکیش بیانەوێ هەڕەشە لە ئەمنییەت و سەقامگیریتان بکەن ناوێرن دەست بۆ ئەم کارە ببەن، چونکی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی ئیزنی ئەوەیان پێ نادات. کەواتە چارەسەر و ڕێکاری بەکردوەی شیاو بۆ دەستەبەری ئەمنییەتێکی یەکانگیر، هەبوون و خاوەنێتیی هاوکاتی هێز و سەقامگیرییە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# شۆڕشی ژینا ڕێنسانسی عەقڵنییەتی دەسەڵت و حوکمڕانی



سەلام ئیسماعیلپوور

لەم ڕۆژانەدا ئێران و کوردستان شایەتی شۆڕشێکی نوێین کە بەپێچەوانەی شۆڕشەکانی پێشوو لە جیهانی سێیەمدا، بە دڵنیاییەوە یەکێک لە پێشکەوتووترین و مرۆڤایەتیترین شۆڕشەکانە. شۆڕشێک کە هەموو بەپێچەوانەی تابۆی باو و چوارچێوەی بیرکردنەوەیەکی تەسک، بووە بە یەکەمین شۆڕش کە لەوێدا ژنان و نەتەوەکانی ژێردەست ڕۆڵی لۆکۆمۆتیو بۆ بەرەوپێشبردنی دەگێڕن کە بە دروشمی "ژن ژیان ئازادی" بنەماکانی سێ چەوساندنەوەی ستەم و هەڵاواردنی ڕەگەزی، هەروەها نەتەوەیی و چینایەتی دەپێکن.

کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک تێکەڵاوێک لە هەموو جۆرەکانی زۆرداری و کۆکردنەوەی هەموو تاوانەکانی باندێکی مافیایی لە خۆیدا، وەک ڕێژیمێکی سیاسی بۆ سەرکوتی ئەو شۆڕشە سەرەڕای هەموو ئەزموونێک کە لە سەرکوتکردنندا هەیەتی شکستی خواردووە.

ئەو ئاگرەی کە بە کوشتنی ژینا لە کوردستان گڕی گرت، ئێستا بڵێسەی گەیوەتە هەموو ناوچەکانی دیکەی ئێران و بووەتە هۆی یەکگرتنی بزووتنەوە پێشکەوتووەکانی گەلانی ئێران و سەرنجی کۆمەڵگەی نێونەتەوەییشی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. بەڵام لە هەمانکاتدا ئەو هاودڵییەی کە لە شەقام دروست بوو دوژمنایەتیی دو چینی لێ کەوتەوە. یەکەمیان کۆماری ئیسلامی و دووەمیان لایەنگرانی پاشایەتی کە وەک هەمیشە دەیانەویست خۆیان وەک ئاڵترناتیڤی سەرەکیی ڕێژیم



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بنوێنن.

ئـەوەی لەو وتــارەدا ئاماژەی پــێ دەکـرێ هەمـوو ئەو هەوڵانە دەگـرێتەوە کە هەر لە سەرەتــای ئـەو ڕاپەڕیـنەوە بە دیسکۆرسی ناوەندگەرایانە بـەدوای بێ نیۆەڕۆککردنی خەباتی ڕادیکاڵ و بێ واتـاکردنی دروشمەکانی شـۆڕش بـوون. خێرایـی باڵوبوونەوەی ئەو شۆڕشە کە بە ڕێبەریی نەتەوە بندەستەکان شۆڕشی ژینا ڕێنسانسی عەقـاڵنییەتی دەسەڵات و حوکمڕانی هێـز و سـەقامگیری دووانەی لێکـدانەبڕاوی ئەمنییـەت ئاڕمـان حوسێنی و بەتـایبەتی نـەتەوەی کـورد و ژنـانی هەمیشە ستەملێکراو لە ئـارادایـە، هەستی دژایەتی و ئیرەیی ئەو تـوێژە لە سیاسەتوانە ناوەندگەرایانەی بزوانـد، هەربۆیە هـەر لە سـەرەتــاوە بــە درۆ خـۆیـان لـەگـەڵ شـۆڕش نیشـان دەدەن؛ بەڵام لە ڕاستیدا خۆیـان دور دەگـرن، تەنـانەت ئەگەر بانگەوازێک دەدرا تا کاتێک کە بە شێوەیەکی پراکتیکی هاتنی خەڵک بەرەوپێڵ بانگەوازیان نەدەدیت خۆیان دور دەگـرت و دواتریش هەر زوو هەموو هەوڵی خۆیان دەخستە گەڕ هەتا خۆیان بە خاوەنی چاالکی نیشان بـدەن و بە دونیـای دەروە وەک چاالکیی خۆیان بیفرۆشنەوە؛ خۆ ئەگەر خەڵکیش بەرەوپیلی بانگەوازەکـان نەهاتبا ئەوا لە نـاخەوە خۆیـان بە سەرکەوتوو دەزانی.

لە خۆڕا نەبوو کە هاوکات لەگەڵ دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" بەدوای داهینانی دروشمی کۆمیکی وەک "زن، زنـدگی، پهلوی" ودواتریش "مـرد، میهن، آبــادی" بـکـەون، کە نیشانەی ترسی ئەوان لە دروشمی ژن ژیـان ئـازادی بـوو. چونکە ئەو دروشمە بنەمـا هزرییەکـانی ئەوان وەک باوکساالری و تەواویەتـی خـاک و بەرەوپێشبردنی ئـابووری کردبـووە ئامـانج. ئەو دروشمە تەنیا دژی ڕژێم ئێستا نەبـوو، بەڵکوو دژایەتیی لەگەڵ هەمـوو ئـەو بنەمـا فکرییـانەی ئــەوان هەیە کە وەک تـابۆیەک لە مێشکیاندا چەسپاوە، ئـەو دروشمە کە سەرچاوەی مافی دیاریکردنی چارەنووس و ئـازادیـی ڕاستەقینە و هـەروەهـا البردنی هەڵاواردنـی ڕەگـەزی لە خۆیـدا بەرجەسـتە دەکـات، هەمـوو دامەزراوەی فیکریـی ئەوانـیش کە تەنیـا هەوڵـی گەنـدەڵـی لە دەسەڵاتدا دەدەن، دەکاتە ئامانجی خۆی.

ئەوانە بە هێنانەئـارای ئـاڵایەکی کـۆن، پێـداگریی دەمارگـرژانە لەســەر یـەکنەتـەوەبــوونی ئـێران و ڕەتکـــردنەوەی فـرەڕەنگبــوون و جیاوازییەکـانی کە هــەن، خۆشاردنـەوە لە پشت دروشمی تەواویەتیی خـاک و هەروەهـا بــە دانـانـی مـەرج بۆ هـاوپـەیمـانی ئەویش لـەلایەن بنەمـاڵەی دیکتـاتـۆری پێشوو کە زۆر جار تێڕوانینی هاوبەشی لەگەڵ سوپای پاسداران و ئەرتەش و هەموو دامودەزگای مرۆڤکـوژیی ڕێـژیم هەیبـووە، هەمـوو هەوڵـی خۆیـان بە ئاراستەی لاوازکردنی ئەو یەکگـرتنە و هەروەهـا گـۆڕینی ڕوانگەی ئەرێنیـی خەڵکی نـاوەنـد خستـە گەڕ، بێگومـان ئەو هەوڵانە وێـڕای لاوازکـردنـی جووڵـنەوەی دێموکراسیخوازی سودی تەنیا بۆ ڕێژیم و دەزگای حاکم هەبوو.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کەسانێک وەک کوڕی دیکتاتوری پێشوو کە دەبینێ شوێنپێیەکی ئەوتۆی لەنێو چالاکییەکاندا نییە، تەنانەت دروشمی "مرگ بر ستمگر، چە شاە باشد چە رهبر" وەک تاشەبەرد، بەر سەریان دەکەوێ لە لایەک هەوڵی سانسورکردنی هەموو چالاکییەکانی شۆڕشی ژینا و نەتەوە بندەستەکانی دەدەن و لەلایەکی دیکەوە بە دروشمی پیاوسالارانە چیرۆکی هەمیشەیی تەواویەتیی خاک بەرجەستە دەکەن، هەتا بە هەموو ئێرانییەکان بڵێت ئەوە کۆماری ئیسلامی نییە کە مەترسیی لەسەرە، بەڵکوو ئەوە وڵاتی ئێرانە کە مەترسیی لەسەرە بۆوەی ئەوانەی دوودڵن لە پشتیوانیکردنی شۆڕش پەژیوانیان بکاتەوە.

هەر لەو پێوەندییەدا کوڕی شا ڕۆژی ٢١ سەرماوەز کە ساڵڕۆژی سەرکوتی دوو نەتەوەی کورد و ئازەری و حکوومەتە خودموختارییەکانی ئەوان بە دەستی ئەرتەشی باوکیەتی، وەک ڕۆژی ڕزگاریی ئازەربایجان و یەکگرتنی نەتەوەیی ڕابگەیەنێ هەتا بە مانای تەواوی وشە نامۆبوونی خۆی لە گەڵ ڕاستییەکانی شەقام پیشان بدات و بە جۆرێکیش پشتیوانیی خۆی بۆ سەرکوتی کوردستان و بەلوچستان پیشان بدات. ئەو شێواز بیرکردنەوەیە لەنێو هێزەکانی ناوەندگەراش دیکەی کڕیاری خۆی هەیە، ئێمە کە ئەولەوییەتی یەکەممان ڕووخاندنی ڕێژیمە، نابێ بێ ئاگا بین لەو شێواز بیرکردنەوە و دیسکۆرسە نەخۆشە. ئەو دیسکۆرسەی کە بە چاوی وڵاتە داگیرکراوەکانی پاشایەتی سەیری کوردستان و نەتەوە بندەستەکان دەکات وخۆی بە خاوەن و، دانیشتووانی سەرەکی ڕاستەقینەی ئەو خاکەش بە کرێنشین و ڕەعیەتی بێزەوی دەزانن کە تەنیا بۆ بێگاری و چەوساندنەوە لەوێن و هیچ مافیکیان نییە! ئەزموونی مێژووی سیاسیی ئێمە لە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو دیسکۆرسە دەری دەخات بێتوو جارێکی دیکە حوکمڕانی پێناسە نەکرێتەوە و دان بە فرەنەتەوە و فرەڕەنگبوونی ئێراندا نەنرێت؛ سیستمی حوکمڕانی پاشایەتی بیت یا کۆماری، سێکۆلار بێت یا ئایینی، سۆسیالیستی بێ یا لیبراڵی، سەرۆکایەتی بێ یا پارلەمانی، دیکتاتۆریی تاکڕەوانە بێت یا حکوومەتی یاسا، لە کۆتاییدا لە چوارچێوەی سیستەمی داگیرکەر و داگیرکراودا خۆی دەبینێتەوە، چونکە ئەوەی کە لە ئێراندا هەر لە بنەڕەتڕا بە هەڵە دانراوە، فەلسەفە یا سیستەمی حکوومەت نییە، بەڵکوو فەلسەفەی حوکمڕانی و عەقڵانییەتی وڵات دروستکەرە. یا بە مانەیەکی دیکە ئەوەی لە یەکەمجاردا پێویستی بە گۆڕان هەیە نیوەڕۆک یا فۆرم و فەلسەفەی حکوومەت نییە، بەڵکوو فەلسەفەی حوکمڕانی و خوێندنەوەی ڕەسمی لە حوکمڕانیی باوە.

پرسی سەرەکی لە ئێران کە بۆتە هۆی ئەوەی نە دین کارایی مرۆڤدۆستانەی هەبێت و نە سیاسەت، دەرباز نەبوون لە عەقڵانیەتی سەردەمی فتوحات بۆ دەوڵەتسازیی مودیرنە. تا ئەوکاتەش حوکمڕانی بەرهەمی ئەو تێروانینە بێت، تەنانەت کەشی سیاسی و فۆرم و جیهانبینیی ئۆپۆزیسیۆنیش هەر بەو شێوەیە بێت، دووبارە سیستمی ئاغا و ڕەعیەتی و پارێزگاری لە میراتی داگیرکەری دروست دەبێتەوە. لە سیستەمێکی لەو شێوەیەدا هەموو چەمکەکانی سیاسیی کالسیک



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

و مودێرن دەبێ بگوردرێن، بۆ ئەوەی بتوانن دۆخی داگیرکەر و داگیرکراو شی بکەنەوە. ئێران دەبێ لە خوولانەوە لەو بازنەیەدا بێتە دەرێ کە بەردەوام هەندیک خۆ بەخاوەن و هەندیک بە کرێنشین دەزانن.

بۆ کەسێکی کورد یا بەلووچ تا ئەوکاتەی زێدی باب و باپیرانی لەژێر دەسەڵاتی داگیرکەریی فتوحاتی نەتەوەی دیکەدا بێت و ناسنامەکەی و پەیوەندیی ئەو لەگەڵ خاکەکەی بە فەرمی نەناسرێت، ناو یا سیستەمی حکوومەت لە تاران گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لە دۆخی ئەودا دروست ناکات، هەر چۆن کۆماری سەلام ئیسماعیلپوور دێموکراتیکی فەڕانسە کاریگەرییەکی ئەوتۆی لە ژیانی ئەلجەزایری داگیرکراو نەبوو، هەر وەک بریتانیا و ئیسرائیلی دێموکراتیک سارێژی برینەکانی فەلەستین یا هیندی داگیرکەری نەدەکرد.

تا ئەوکاتەی لە کۆمەڵگەی سیاسیی ئێران نرخی ئازادی و دیاریکردنی مافی چارەنووس لە پێش تەواوییەتیی خاک (کە ناوەکەی دیکەی پارێزگاری لە فتووحات بە هەر نرخیکە) نەبێ، قەیرانی ملهوڕی و هەروەها بەرەوپێشچوون چارەسەر نابێت. چونکە پێداگری لەسەر تەواویەتیی خاک بە مانای کۆکردنەوەی هەموو دەسەڵات لە ناوەند و حوکمڕانی تەنیا لە ناوەند، بێ گرینگیدان بە مافی نەتەوەکان و ویستی خەڵکی شەقام، پێویستی بە ڕێژیمێکی دیکەی سەرکوتکەری دژەمرۆڤی وەک کۆماری ئیسلامییە.

ناوەندگەراکان ناتوانن چاوەڕوانیی ئەوەیان هەبی لە تاران لەژێر سێبەری حکوومەتێکی مرۆڤدۆست و دێموکراتیکدا دابنشن، بەڵام لە هەمانکاتدا بە پێداگری لەسەر تەواویەتیی خاک دژی مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکانی دیکەی ئەو وڵاتە، واتە بنەمای سەرەکی حوکمڕانی بن. ناوەندگەراکان ناتوانن ئازادی و کەرامەتیان بۆ خۆیان بوێ، بەڵام بۆ هاونیشتمانانتان کوێلایەتی بخوازن، هەربۆیە یا هەموو پێکەوە ئازاد دەبین یا پێکەوە ژێردەستەی دیکتاتوری دەمێنینەوە.

بە کورتی و پوختییەکەی ئەوەی کە دەبی لە ئێراندا لەپێناو سەقامگیری دێموکراتیکدا گۆڕانکاریی بە سەردا بێت ڕوانگەی حوکمڕانییە و، هەتا ئەوکاتەی ناوەندگەرایەک کاتێک لەگەڵ چالاک یا ڕۆژنامەنوس یا سیاسەتوانێکی نەتەوە بندەستەکان دادەنیشێت و پێشمەرجی دیالوگ ئەوە دادەنێت کە بزانێ چەندە باوەڕی بە تەواویەتی خاکی ئێران هەیە، تەنانەت هەبوونی سەرۆککۆمارێکی کورد یا پاشایەکی بەلووچ ناتوانێ پرسی کورد و بەلووچ چارەسەر بکات و، بۆ نموونە کورد و بەلووچ بەردەوام لە بەرانبەر ئەو سیستمە سیاسییەی ئێران و عەقڵانییەتی پشتی ڕادەوستن.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# بۆ ئەوەی ژنان ببنە ڕێبەر و ڕاپەڕ



**شەهلا دەباغی**

**جان ستوارت میل: دەسەڵاتی پیاوان بەسەر ژنان لە هەموو دەسەڵاتەکانی تر بەهێزترە. مرۆڤەکان ئاساییبوون لەگەڵ سروشتیبوون تێکەڵ دەکەن. پیاوان نەتەنیا دەیانەوێ ژنان لەژێر فەرمانیان بن، بەڵکوو دەخوازن دەسەڵاتیان بەسەر هەستەکانی ژنانیشدا هەبێ. (انقیاد زنان، ١٨٦٩) شەهید کۆمار دەرئوفتادە: لە هەر شتێک زۆرتر ئازادیتان خۆش بوێ. (٢٠٢٢)**

لەو کاتەوە ئینسان بیری کردۆتەوە پرسی ئازادی پرسی ئینسان بووە. ئازادی لە بەندی ئەو سیستمانەی تێیدا ژیاوە. ئازادی لە دەست ئەویتر و حاکم. مێژووی ئینسان بۆ ڕزگاری لەدەست فێرعەون و دین و پادشاکان مێژوویەکی پڕ لە خوێن و بێدادی بووە. ئەوە لە سەدەکانی ١٧ و ١٨ و دوای قۆناخی ڕۆشەنگەری (Enlightenment) و جیایی دین لە سیاسەت، هاتنەکایەی بیرۆکەی لیبراڵیسم و تاکی ئازاد و شۆڕشی فەڕانسە و هتد لە ڕۆژاوا یاسای بنچینەیی زۆر لە وڵاتان گۆڕا و تاک بە جۆرێک لە ئازادی دەگا کە لە سایەی جیایی دین لە سیاسەت دەستەبەر دەبێ. بەڵام بەداخەوە ئەم ئازادییە تا ئێستاش بە ڕادە و شێوەی پێویست نەگەیشتۆتە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. ئێستاش دەسەڵاتی ڕەمزی و واقعیی دین بەسەر ژیانی سیاسیی خەڵکە کە ڕەوتی ژیانی ڕۆژانە دیاری دەکا. ژیان لەم ناوچەیەدا شتێک نییە جگە لە فەرمانبردنی دەسەڵاتی سیاسیی دین، وەک ئەوەی لە ئەفغانستان و ئێران ڕا بگرە هەتا تورکیەی بەناو سێکۆلار و سووریە و عەڕەبستان و هتد



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ڕادەبڕێ.

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست نەخۆشییەکی کرونیسک و بەردەوامی هەیە بەناوی ئیسلامی سیاسی. لەنێو دەوڵەت و وڵاتانێک کە ئیسلامی سیاسی بە ڕادیکاڵترین شێوە دەستی بەسەر ژیانی هەموو خەڵکدا گرتووە، دەتوانن ئاماژە بە ئێرانی دوای ١٩٧٩ بکەین. لەژێر حاکمییەتی ئیسلامی سیاسی لە ئێران گەورەترین زەرەرمەند ژنانن. ژنان بە هەموو پێوانەکان بە کۆیلە و کەنیز دادەنرێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ژنان گەورەترین داینەمۆی هێز بۆ شۆڕش و وەدەستهێنانی ئازادی لەو وڵاتەن.

ژنان لە ئێران کە لە ماوەی زیاتر لە چل ساڵی ڕابردوودا هەموو مافێکی سەرەتایی ژیانیان لێ زەوت کراوە، ئێستا بە پاشخانێکی دەوڵەمەند هاتوونەتە مەیدان و هاتنە مەیدانی ئەمجارەی خەڵک ڕاست لە شوێنێکڕا دەستی پێ کرد کە دەبا هەر لەم شوێنەوە دەست پێ بکا؛ کوردستان. کوردستان کۆگای کەڵەکەبوونی هەموو ستەمەکانە. ستەمی ڕەگەزی، ستەمی نەتەوەیی، ستەمی ئابووری و چینایەتی و؛ دروشمی بزووتنەوەکەش دەبا هەر "ژن، ژیان، ئازادی" با. چونکە هیچ دروشمێکی دیکە نەیدەتوانی ببێتە نوێنەری ئەزموونێکی چل ساڵەی ڕەنج و ئازاری ژن و ئینسانی کورد. ڕەنجی وەدەستهێنانی ژیانێکی زۆر ئاسایی بێ دەستێوەردانی بەردەوامی دەسەڵات لە ژیانی ڕۆژانەدا. ڕەنجی نەبوونی ئازادی. ڕەنجی نەبوونی هیچ مافێک بۆ نەتەوەی کورد. ڕەنجی وەدەستهێنانی نانی ڕۆژانە و هەبوونی دیاردەیەکی دژی ئینسانی بە ناوی کۆڵبەری. هەر بۆیە دوابەدوای گیانبەختکردنی ژینا کوردستان وەک بورکانێک تەقییەوە و ئێستا زیاتر لە سێ مانگە بزووتنەوەیەکی بەرین لەژێر دروشمی "ژن ژیان ئازادی "لە ئارادیە. ئەم سێ مانگە پڕ بووە لە سەرفەرازی، شادی، خەم، هەستانەوە و نیشتنەوە، زیاتر لە سەدان کەس شەهید بوون و هەزاران کەس کەوتوونەتە زیندانەوە.

ئەوەی تا ئێستا ڕوونە ئەوەیە کە ئەم بزووتنەوەیە کەمایەسییەکی هەیە کە نەیهێشتووە ببێتە شۆڕشێکی بەرین لە سەراسەری ئێراندا. زەبروزەنگی بێسنوور، هەمەجۆر و هۆڤیانەی حکومەت فاکتەری سەرەکییە لە ترساندنی خەڵک و پاشەکشەکردن. هەروەها ناوەند و تاران تا ئێستاش بەڕادەی پێویست پشتی بزووتنەوەکەیان نەگرتووە و ئێلیتی ناوەند لەوە نیگەرانە بە هاتنەکایەی نەتەوەکانی دیکەی وەک بەلووچ و کورد هێژمۆنی نەتەوەی باڵادەست لە دەست بچێ کە ئەمە لە بەرژەوەندیی خۆیاندا نابینن. هەروەها ئەو چین و توێژانەی کە لە باری ئابوورییەوە دۆخیان باشترە ئامادە نین بەرژەوندی خۆیان لە خەتەر باوێن. ئۆپۆزێسیۆنی دەرەوەی وڵات یەکگرتوو نییە و تا ئێستاش نەیانتوانیوە خۆیان لەگەڵ بزووتنەوەیەکی وەها ڕادیکاڵی نێو وڵات تەتبیق بدەن.

کەس ناتوانێ بە یەقین بڵێ ئاکامی ئەم بزووتنەوەیە چۆن دەبێ و بەرەو کوێ دەڕۆین، بەڵام هەرچییەک بێتە پێش لە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

یەک شت دڵنیاین کە بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" ڕێنێسانس و ڕۆشنگەییەک بوو بۆ لەرزاندنی پایەکانی ئیسلامی سیاسی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا. ئەم بزووتنەوەیە بەردەوامیی شۆڕشی مەزنی فەرانسەیە، بەڵام ڕادیکاڵتر و فراوانتر. بەم مانایە کە لەم بزووتنەوەیەدا ژنان وەک وزە و داینەمۆی جووڵانەوە و بە ئەزموونی ژیان لە ژێردەستیی ئیسلامی سیاسیدا درووشمەکانی شۆڕشی فەڕانسەیان کە بریتی بوو لە "بەرابەری، بەرادەری، ئازادی" کردە "ژن ژیان ئازادی". دروشمەکەی شۆڕشی مەزنی فەڕانسە (١٧٩٩) لە سوچەنیگایەکی پیاوانەوە داڕێژرابوو، بەڵام "ژن، ژیان، ئازادی" نەک هەر بەرابەری و ئازادی بۆ گشت تێیدا گونجاوە کە بگرە بە هێنانە کایەی "ژن" کۆێ کۆمەڵگەی وەبەن باڵی خۆی داوە و داخوازی بەرابەرییەکی ڕەگەزییە. بەڵام سەرەڕای ئەم بزوێنەوە یەکسانیخوازە و ڕادیکاڵە و بەشداریی بێوێنە و بەرینی ژنان، ئەوەی لەم سێ مانگە لە دەرەوەی وڵات شاهیدی بووین غیابی ژنان لە باسەکان و جۆری نوێنەرایەتیی بزوتنەوە بووە.

نوێنەرایەتی بەشی هەرە گرینگی کاری کۆمەڵایەتی و سیاسییە. نوێنەرە کە دەتوانێ پرسی تایبەت باس بکا. لێرە باسی ئەم کەمایەسی و ڕەخنەیە دەتوانێ ڕووی لە چەند لایەن بێ:

١- شاندی حیزبە کوردییەکان لەم دوو مانگەدا، لە ئورووپا و شەهلا دەباغی ئا: دیاکۆ دانا کەیوان ڕەشۆزادە ئەمریکا لە هیچ دانیشتنێک لەگەڵ وڵاتان و پارڵمانەکان و کەسایەتییەکانی دنیادا ژنی تێدا نەبوو؛ لە حاڵێکدا ژنانی بەتوانا لەنێو ئەم حیزبانەدا کەم نین.
٢- خودی ژنانی حیزبەکان کە بەرلەوەی چالاکی پرسی ژنان و پرسە نەتەوایەتییەکان بن، حیزبین.
٣- ژنانی دەرەوەی حیزبەکان کە ڕەخنە لە هەموو شتێک دەگرن، بەڵام ئەوانیش تا ئێستا نەیانتوانیوە ببنە نوێنەری پرسی ژنان.

هەڵبەت پرسی نوێنەرایەتی ژنان لە حیزبەکان و سیاسەتی کوردیدا هەر تایبەت بە پارچەیەکی کوردستان نییە و لە هەموو شوێنێکی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی وەک یەکە. تەنانەت لەو شوێنانە کە ژن هەن بەگشتی سیاسەتی حیزب پیاوان بەڕێوەی دەبەن. ئەم واقعە لە پاڕادۆکسێکی سەیر لەگەڵ نێوخۆی ڕۆژهەڵاتە کە نوێنەرانی ژنانی ڕوژهەڵات ئێستا لەنێو خودی ڕۆژهەڵات لەسەر شەقام و نێو زیندانەکان ئامادەن لە پێناو ئازادیدا گیان بدەن. لێرەدا بە شێوەیەکی سروشتی ئەم بیرە قوت دەبێتەوە کە ڕەنگە پرسی ژنان بۆ ژنانی غەیری حیزبی و ئەندامانی حیزبەکان لە دەرەوەی وڵات بە هۆی بوونی ژیانێکی تا ڕادەیەکی باش و سەرقاڵیی ژیان زیاتر لە پرسێکی لوکس دەچێ تا پرس زوڵمێکی هەستپێکراوی ڕۆژانە وەک نێوخۆی وڵات.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دیارە کە هەر لە ڕۆژانی یەکەمی بزووتنەوەشـدا کـەس پێـی وا نەبـوو دەستبەجێ ژنان دەبنە ڕێبەر، و "ژن، ژیـان، ئازادی"یش بە مانـای گەیشتن بە هیچ کام لە ئامانجەکان لە دۆخی ئێستادا نییە. ئەم دروشمە تەنیا دەرگـای دیـالۆگی کردۆتەوە کە ژنـان باسی مافەکانیـان بکەن، ئەویش نە هەموو مافێک. هەموومـان دەزانین کە گەیشتن بە ئـازادی ژنـان ڕێگایەکی یەکجار دوورە. بەڵام هەمیسان لە نرخی ئەم باسە کەم نابێتەوە کە چۆنە ڕادەی نوێنەرانی ژن بۆ پرسی ژنـان و پرسی نەتەوەیی هێندە لە خوارەوەیە. چۆنە ئەو ژنانەی کە ئەگەر تواناییان لە پیاوەکان زیاتر نەبێ کەمتر نییە لە هیچ کوێ و لە هیچ کۆبوونەوەیەکدا تا ئێستا وەک نوێنەر دیار نەبوون؟

بە دڵنیاییەوە ڕۆژێک دێ کە ئیسلامی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لاواز دەبێ و ئەم دەسەڵاتەی ئێستای نامێنێ. ئەمە بە مانای ئەوەیە کە دۆخی باشتری کۆمەڵایەتی، کولتووری سیاسی بۆ ژنان و خەڵک دەرەخسێ و سیاسەت ئینسانیتر دەبێ. هەر ئێستا بزوتنەوەی "ژن ژیان ئـازادی" بە ڕێنێسانسێکی سیاسی و ئەخلاقی لە دنیادا ناسراوە. لە داهاتوودا زۆر وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو دێمۆکراسی و دۆخێکی باشتر دەڕۆن. جان ستوارت میل: دەسەڵاتی پیاوان بەسەر ژنان لە هەموو دەسەڵاتەکانی تر بەهێزترە. مرۆڤەکان ئاساییبوون لەگەڵ سروشتیبوون تێکەڵ دەکەن. پیـاوان نەتەنیا دەیـانەوێ ژنان لەژێر فەرمانیـان بن، بەڵکوو دەخـوازن دەسەڵاتیان بەسەر هەستەکانی ژنانیشدا هەبێ. (انقیـاد زنـان، ١٨٦٩) شەهید کۆمار دەرئوفتادە: لە هەر شتێک زۆرتر ئازادیتـان خـۆش بـوێ. (٢٠٢٢) کـورد دەسپێشخەری ئەم ڕەوتـە بـووە، بەڵام ڕێبەرایەتیی کوردی و خودی ژنان دەبـێ ئـەم دژایەتییە بە زووتریـن کـات چارەسەر بکەن. نـاکری نوێنەرانی "ژن، ژیـان، ئـازادی" تەنیا پیاوانی سەرەوەی پەنجا ساڵ بن لە کاتێکدا بەگشتی لەسەر شەقام کچان و کوڕانی ١٥ بۆ ٣٥ ساڵ خەریکی شۆڕشن.

خاڵی دووهەم تێچووی زۆری گیانیی کوردە لەم سێ مانگەدا. دوای پەرەگرتنی هەرچی زیـاتری خۆپێشـاندانـەکان حکومەت سیاسـەتێکی زۆر تـایبەتی بـۆ بەرپەرچدانەوە و پاراستنی خـۆی گـرتە بەر. حکـومەت تـا ڕادەیەکـی کەمتـر لە تـاران زەبروزەنگی بـەکـار هێنا، بـەڵام لـە کـوردستـان و بەلووچستان ڕادەی وەحشیگەری خۆی هێنـدە زۆر نیشان دا کە شار و ناوچەکانی دیکەی ئێرانی پێ بترسێنێ تا لە شارە گەورەکان خەڵک بە میلیۆنی نەینە سەر شەقام. ئینجا لە کوردستان کە شارێکی گـەورەی وەک سنە و کرماشانی بۆ کۆنترۆڵ نەدەکرا بـۆ ترساندنی خەڵـک زبروزەنگێکی زۆر توندتری لە چوار شاری بچووکتر بۆکان، مەهاباد، پیرانشار، جوانڕۆ بەکار هێنا تا هەموو کوردستان و ئێرانی پێ بترسێنێ.

ئەوەی کە ئێستا دەیزانین ئـەوەیە کە شەهیدەکانی ئەمجارە و خەڵک بە ڕووحێکی بەرزی نـەتـەوەیی زیاترین کاریگەرییـان لەسەر ڕووداوەکان و داهاتووی کـورد بـووە. بەڵام هاوکات تێچووی کورد یەکجار لەسەرێ بووە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

پرسیار ئەوەیە ئایا نەدەکرا کورد پێ بە پێی تاران و بە مێتۆدی ئەوان هاتبا مەیدان و ئەو هەموو شەهید و بریندار و خەسارەتەمان نەبا؟ گەرچی بەرپرسیاری ئەو تاوانانە هەر ڕێژیمی ئێران و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییە؛ بەڵام ئێمەی کورد نەدەبوو شەرەکە بکەین بە هی خۆمان و داوای پشتیوانی لە تاران بکەین. دەبوو ئەوان داوای پشتیوانییان لێ کردباین. (پەیامێک لە نێوخۆی وڵاتەوە)

بە گشتی "ژن، ژیان، ئازادی" لە ئێستادا بەمانای تەواوبوونی پرسەکانی یەکسانی و ئازادی و ڕزگاری نییە. ئەم دروشمە تەنیا دەرگایەکی بەرەو تۆلێرانس، دیالۆگ، دیتنی کێشەکان بەڕوانگەیەکی فراوانتر و دژی داگیرکاریی نەتەوەیی و ستەمی جنسییەتی کردەوە و ئێمە لە هەوەڵی ڕێگا داین. بەڵام ئەم دروشم و ستراتیژییە پەنجەرەیەکی زۆر درەوشاوەیە بەرەو ئاسۆی ڕوون. ئەوەی لەنێو ئەو هەموو ژان و خوێنەی شۆڕشی ئەمجارەدا جێی شانازی و ڕێزە، پێگەیشتن و فامی گەنجەکان و ژنانە بۆ مافی نەتەوەیی، مافی ژنان و سەروەری. با لەم ژن و گەنجانە وەدوا نەکەوین. با داهاتوو هی ژن ژیان ئازادی بێ کە داهاتوویەکی گەش بۆ هەمووان دەستەبەر دەکا.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# پەتی ئێعدام بە چی دەپسێت: تەنیا بە بەردەوامیی ڕاپەڕین



**نەژین حوسێنی**

ڕێژیمی سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامی لە دەسپێکی شۆڕشی ژیناوە هەتا ئێستا هەر نەبێ ٥٠٠ کەسی لە شەقامەکاندا کوشتووە کە دەیان کەس لەوان منداڵان، هەزاران کەسی دەسبەسەر و زیندانی کردووە و سەرکوتی ڕاپەڕین لە توندترین ئاستی خۆیدا بەردەوام بووە. بەڵام خەڵکی ئازادیخواز بەبێ سڵکردنەوە و بە ورە و ئیمانێکی بەرزەوە لە شۆڕش بەردەوامن، تا ئەو جێیەی شک و گومان بۆ هیچ بەرپرسێکی ڕێژیمی ئیسلامی نەماوەتەوە کە خۆیان و ڕێژیمەکەیان لە هێڵی کوتایی و لێواری ڕووخانن. بۆیە لە دوا پەلەقاژەکانی خۆیاندا بەپیشەی هەمیشەییان پەنایان بۆ پەت و سێدارە بردۆتەوە تا بەشکم لەو ڕێگەیەوە چەند ڕۆژێکی تر تەمەنی ڕێژیمەکەیان درێژتر بکەنەوە و ژیلەمۆی ئاگری شۆڕشی خەڵک دابمرکێنن.

لەو هەلومەرجە هەستیارەدا کۆماری ئیسلامی کە ئاوابوونی خۆری دەسەڵاتەکەی لە بەردەوامیی شۆڕشی خەڵکدا دەبینێ، بە ئێعدامکردنی خۆپێشاندەران، لەلایەک پرسی سەرکوت و تۆقاندنەکان پەرە پێ دەدا بۆوەی شەقامەکان بێدەنگ بکات، لەلایەکی دیکەوە بە بەلارێدابردنی ئەژین حوسێنی ڕێرەوەی بیروڕای گشتی هەوڵ بۆ گۆڕینی ئاراستەکانی شۆڕش و ڕاپەڕینی خەڵک بدات و دواجار کپی بکات.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

### حوکمی ئێعدامی دەسبەسەرکراوانی شۆڕشی ژینا سیاسییە نەک قەزایی

ئێعدام هەر لەجێدا هۆکاری نانەوەی کەشی ترس و تۆقاندنە و ڕێبەرانی ڕێژیم باوەڕیان وایە خەڵک بە دیتنی دیمەنی لەسێدارەدان و بیستنی هەواڵی کوشتوبڕەکان دەترسین و خۆف دایاندەگرێ. بۆیە بە گرتنەبەری ئەو تاکتیکە سواوە ئەویش لەو بارودۆخە هەستیار و قەیراناوییەدا بەتەمان خەڵکی خەباتگێڕ چاوترسێن بکەن و شۆڕشی ژینا بەلاڕێدا ببەن و ئاراستەکانی دروشمی"مەرگ بۆ دیکتاتۆڕ" بۆ "نا بۆ ئێعدام" و پاڕانەوە لە "دیکتاتۆڕ" بۆ نواندنی نەرمونیانی بگۆڕن! مەبەستی سەرەکیی ئێعدامەکان لە ئێستادا هەر بۆ ئەوەیە. تێڕامانێکی کورت لەئەزموونی پتر لەچوار دەیە دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی پێمان دەڵێ ئێعدامەکان پاڵپشت بە هیچ بنەمایەکی یاسایی نین و ئەو خەباتکارانە تەنیا بۆ کپکردنی دەنگی شەقام و تۆقاندنی خەڵکە کە لەدار دەدرێن. ئەو کەسانە لە هیچ دادگایەک و تەنانەت بەپێی یاساکانی کۆماری ئیسلامی لە بێدادگاکانی خودی ڕێژیمیشدا نابێ و ناکرێ وەها سزایەکیان بەسەردا بسەپێندرێ. لەبەر ئەوەی هەر لەجێدا هیچ هاوسەنگییەک نییە لە نێوان تۆمەت و سزادا و ڕەوتی قەزایی دۆسییەکان نایاسایی، نامرۆڤانە و نادادپەروەرانە بووە. واتە هەر لە بنەڕەتڕا لە سیستەمە دیکتاتۆرییەکاندا دادگا، یاسا، سزا و دادپەروەری لە واتای سەرەکیی خۆیان دادەماڵدرێن. لەو نیزامە سیاسییانەدا یاسا تەنیا ئامرازێکە بۆ ڕەواییدانی نایاسایی، چونکی ئەو سیستەمە ماشێنێکی چالاکی سەرکوتە و لە نێوخۆیدا هیچ کۆسپ و لەمپەرێک بۆ ڕێگری لە سەپاندن و جێبەجێکردنی سزا نایاساییەکاندا بەدی ناکرێت. دادگا سەربرخانەیەکی سیاسییە و بڕیارەکان یاسایی و قەزایی نین، بەڵکوو سزایەکی سیاسی و ئەمنییەتین کە لەلایەن دەسەڵاتەوە بە ناوی یاسا بەسەر دژبەرانی سیاسیدا دەسەپێندرێن. ئەو شۆڕشە بە دروشمی هەڵقوڵاو لە ویست و داخوازیی سەرەکیی خەڵک بە مەبەستی ڕووخاندن و سەرەونخوونکردنی دەسەڵاتی ڕێژیم دەستی پێ کرد.

ئامانجی سەرەکیی خەڵک لەو ڕاپەڕینەش کۆتاییهێنان بە دیکتاتۆریی خامنەییە، هەربۆیەش شێوازی نارەزایەتییەکان، دروشم و گوتاری ڕاپەڕینی خەڵک بە ئاراستەی ڕووخانی ڕێژیمدا ڕێگەی خۆی پێواوە و قۆناغەکانی هەتا ئێستای بڕیوە.

### چ تاکتیک و شێوازێک بۆ دژایەتیکردنی ئێعدام بگرینە بەر؟

تاکەڕێگای بەرەنگاربوونەوەی سزای ئێعدام لەنیزامی کۆماری ئیسلامیدا یەکگری و بەکارهێنانی هێزی گشتی لە سەرشەقام، کۆڕایی و هاودەنگیی هەراوی جەماوەری بۆ بەگژداچوونەوەی ڕێژیمە. ئەو ڕێژیمە تەنیا و تەنیا لە زمانی زەبروزەنگ شارەزایە و سەرکوت و کوشتوبڕ و تۆقاندن دەناسێت. هەربۆیە بەپێی بنەماکانی دروونناسییش بێت، دەبێ



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بە زمانی خۆی بیدوێنی و وەک خۆی هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکەی؛ کەواتە تاکەڕێگای پاشگەزکردنەوەی ڕێژیم لە ئێعدام، دەنگهەڵبڕین، گوشار و نواندنی هێزی جەماوەری ڕاپەڕیوە، نەک بێدەنگی و پاڕانەوە!

ڕێـژیم بە ئێـعدامی خـەباتکارانی سیاسـی و دژبـەرانـی خـۆی دەیـەوێ بە خەڵکی بسـەلمێنێت کە هێـز و دەسـەڵاتی پاشەکشەکردن بەوانی هەیە. لەم ڕووەوە ئەو بڕیارانەی دادگا لـەدژی دژبـەران کە ڕەوتـی قـەزایـی و بەدواداچوونیـان بە هەموو پێوەرێک گومان و پرسیاری لـەسەرە، فـڕی بەسـەر ڕەوتــی یاسـایی قەزاییەوە نییە و لە ڕێگەی یاساییشەوە ناکرێ بەرگریی لێ بکرێت. کەوابـوو تەنیـا ڕێگـای بەرەنگـاربوونـەوە لەگەڵ سزای ئێعدام و کوشتار، گەشاوە ڕاگرتنی بڵێسەکانی شۆڕشی سەرشەقامە.

هەمووان دەزانن کە لە کۆماری ئیسلامیی ئێرانـدا سیستمی قـەزایـی سەربەخـۆ نـەبـووە و نییە کە خەڵـک بتوانن لەو ڕێگەیەوە پێوشوێـنی مافەکانیان کەون. خۆ بێتوو لەو وڵاتەدا سیستمێکی قەزایی سەربەخۆ هەبا، یەکەم کەس کە دەبـوا دادگایی کرابا و سزا درابا خامنەیی، ڕێبەری ئەو ڕێژیمە دەبـوو کە ماکە و سەرچاوەی هەموو سەرکوت و قەیرانەکان لـەو وڵاتـەیە.
لە ئێستاشدا سەپاندنی سـزای بەسەر دەسبەسەرکراوان و جێبەجێکردنی ئەو حوکمانە ئیرادە و بڕیـاری خامنەیی لە پشتە، چونکی لە ڕوانگەی خامنەیی و ڕێژیمەکەیەوە ئێعدام نەک وەک هۆکارێک بۆ پێشگرتن بە تـاوان و دادپـەروەری، بەڵکوو تەنیا بۆ دابینبوونی ئەمنییەتی ڕایەڵەکانی دەسەڵات بەکار دەبرێت.

ڕابـردووی کردەوەکانی ڕێژیم پێمان دەڵێ وەڵامی داوا و ناڕەزایەتییەکانی خەڵـک تەنیا سەرکوت بـووە، کوشتن و ئێعدام لەسەر شەقام، لە زیـندان، لە قوتابخـانە و... . فـەرق و جیاوازییش نەبوو کە سزادراو کێیە، پیـر و لاو، ژن و پیـاو و تەنانەت منداڵ. شریتی دەسەڵاتی ڕێژیم بە سەرکوتی خۆپێشاندەرانی ناڕازی لـەسەر شـەقام و ئێعدامەکان لـە سـەربـانی قوتابـخانەی "ڕیـفاە" دەستی ێ کـرد. قەاڵچـۆ، کۆمەڵکوژی و بـەکارهـێنانی جۆرەهـا ئـامرازی سـەرکوت و ئەشکەنجە، تەقەی وێڵەکی و کوێر لە ماڵان، دەستدرێژیی جنسی و سیلەگرتن لە ئەندامانی جینسی و زاوزێی ژنـان تەنیا بەشێک لـەو جینایەتانەیە کـە کۆماری ئیسلامی بـۆ سـەرکوتی دژبەرانی گرتوویەتە بەر. ئێستاش پێی وایە کە سزای ئێعدام دەتوانێ زۆرتـرین کـاریگەریی لە پاشەکشە پێکـردن بە خەڵـک و درێژکـردنەوەی تەمەنـی دەسـەڵاتەکەی و ڕزگـاربوون لە ڕووخـانی دەبێت، بەڵام خەڵک وەک چۆن لە چوار دەیەی ڕابـردوودا چۆکیان دانـەداوە؛ ناویستن و کۆڵ نـادەن و چاوترسێن نەبوون و ناشبن.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

پوختەی مەبەست:

ئێعدامی خەباتکاران دوا پەلەقاژەکانی بەر لە ڕووخان و تێکڕمانی ڕێژیمە و بێتوو شۆڕشی خەڵک لەسەر شەقامەکان بەردەوام بێت، ئەو ڕێژیمە پتر دەکەوێتە تەنگانەوە و زووتر بەرەو هەڵدێری نەمان دەڕوات. ئەو بزووتنەوەیە لەو ماوەیەدا توانیویەتی سەرەڕای هەموو شێوازەکانی سەرکوت و کوشتار ڕێگەی خۆی بەرەو سەرکەوتن بپێوێت. بێگومان سەرکەوتنی یەکجارەییش پێویستیی بە کات هەیە و خەبات لە بەردەوامی و نەپسانەوەی خۆیدایە کە بەئاکام دەگات.

---

## شیکاریی ڕەفتاریی دیکتاتۆرێک لە بێدەنگییەوە بۆ فەرمانی ئێعدام



ڕەزا دانشجوو

### پێشەکی

دیکتاتۆرەکان هەمیشە بابەتێکی سەرنجڕاکێش بوون بۆ دەروونناسەکان، وەڵامی پرسیارگەلێک وەک ئایا بەڕاستی دیکتاتۆرەکان مرۆڤێکی جیاوازن؟ یان لە دایکێکی دیکتاتۆرەوە لەدایک دەبن و جینۆتایپی جیاوازیان هەیە؟



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەرچەند بە هۆی هەندێک لە سیفەتەکانی کەسایەتیی دیکتاتۆرەوە ئەستەمە لە نزیکەوە و تەنانەت لە ڕێگەی چاوپێکەوتنی ڕووبەڕوویشەوە لێکۆڵینەوە لە هەڵسوکەوتی دیکتاتۆر بکرێت، بەڵام دەروونناسەکان توانیویانە لە قسە و تێبینییەکانی کەسوکاری دیکتاتۆر و یان ئەندامانی خێزانەکەیان و هەندێکجار هەندێک بەڵگەنامە چەند ئەنجامێکی سەرنجڕاکێش بەدەست بهێنن." کارل یۆنگ گوستاڤ"، دەروونشیکاری بەناوبانگی ئۆتریشی، یەکەم کەس بوو کە لە ساڵی ١٩٣٩دا چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ هیتلێر و مۆسۆلینی کرد و گەیشتە ئەنجامێکی سەرنجڕاکێش. یۆنگ دوای ئەم چاوپێکەوتنە سەبارەت بە کەسایەتیی هیتلێر دەنووسێت: "هیتلێر زۆر جددی و مەزاجاوی و بێسۆز دەرکەوت، هەرگیز زەردەخەنەی لەسەر لێو نەبوو، وشک و ڕەشبین دەهاتە بەرچاو. وەک ئەوە وابوو کە لە هەموو سیفەت و هەستە ئاساییەکانی مرۆڤێکی ئاسایی بێبەش بووبێت. "دوای چەند ساڵێک، دوو پسپۆڕی دەروونناس لە زانکۆی کۆلۆرادۆ بە ناوەکانی "دانیەل سیگال" و "فرێدریک کولیج "ئەو زانیارییانەی کە لەبارەی ئەدۆلف هیتلێرەوە لەلایەن یۆنگ کۆ کرابوونەوە، لەگەڵ ژمارەیەک پزیشکی دەروونی و دەروونناسانی دیکەدا هاوبەش کرد بۆ ئەوەی بە شیکردنەوەیان بگەنە ئەنجامێکی ڕوون. دەرئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوە بوو کە هیتلێر تووشی نەخۆشی تێکچوونی(personality disorder) کەسایەتی بووە، کە کۆمەڵێک سیفەتی تایبەتی لەخۆ دەگرێت. ئەم تایبەتمەندییانە دواتر لەسەر "سەدام حوسێن" و "کیم ئیل سونگ " لێکۆڵینەوەیان لەسەر کرا، لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەدا دەرکەوت کە تایبەتمەندیی ئەم دیکتاتۆرانەش وەک یەکن، هەرچەندە چڕیی هەندێک تایبەتمەندی لە حاڵەتی هەر دیکتاتۆرێکدا کەمتر یان زیاترە. ئەم تایبەتمەندییانە بریتین لە: "

### پارانۆد (paranoid)

ئەم تایبەتمەندییە بە ڕەشبینی بەرانبەر بە خەڵکی دەوروبەر دەناسرێتەوە. دیکتاتۆرەکان گومانیان لە هەموو کەس هەیە، بەتایبەتی کەسوکار و دۆستەکانیان و وادەزانن ئەوان هەمیشە پیانی لەنێوبردنی دیکتاتۆر دادەڕێژن. مێژوو پڕە لە توندوتیژی لە لایەن دیکتاتۆرەکانەوە بەرانبەر کەسانی نزیک لە خۆیان، کە بەهۆی ئەگەری ترسی دیکتاتۆرەوە کوژراون یان زیندانی و دەربەدەر کراون.

قەزافی هەزاران ئەفسەری پلەباڵای کوشت، سەدام ڕەحمی بە زاواکەی نەکرد و دیکتاتۆری کۆریای باکوور مامی خۆی تێدا برد. خامنەیی هاشمی ڕەفسەنجانی کە بە ڕەوایەتی ساختەی ئەو بوو بە ڕێبەر، لە مەلەوانگەدا خنکاند و کەسانی وەک مووسەوی و کەڕوبی خانەنشین کرد و....



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

### دژە کۆمەڵایەتی (antisocial):

دیکتاتۆرەکان چێژ لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لەگەڵ کەسانی تردا نابینن. ئەگەر ناچار نەبن سەفەری وڵاتانی تر ناکەن و چاوپێکەوتنی ڕادیۆیی و تەلەڤیزیۆنیشیان بە لاوە گرنگ نییە و کۆمەڵگەش بۆیان گرنگ نییە کە وەڵامدەرەوەی بن. ئەم جۆرە ڕەفتارانە ڕەنگە بە تێپەڕبوونی کات چڕتر بێتەوە و دیکتاتۆر زیاتر و زیاتر خۆی لە کۆمەڵگە دوور بخاتەوە. سااانێکی زۆرە خامنەیی سەفەری دەرەوەی وڵاتی نەکردووە و تەنانەت چاوپێکەوتنی لەگەڵ تەلەفیزیۆنی ڕێژیمەکەشی نەبووە.

### خۆپەرستی (narcissistic):

دیکتاتۆرەکان خۆیان بە شارەزا و چارەسەرکەری کێشەکان دەزانن. لە هەموو بوارەکاندا خۆیان بە خاوەنی باشترین بۆچوون و لێکدانەوە دەزانن و بۆچوونی کەس قبوڵ ناکەن جگە لە خۆیان. چاوخشاندنێک بە هەڵوێستەکانی خامنەیی ئەوەمان بۆ دەردەخات کە بە خۆپەرستی و لێدوانە ناڕاستەقینەکانی چەندە زیانی بە ئێران و ئێرانییەکان گەیاندووە. بۆ نموونە ساڵانێک چالاکیی نهێنی بۆ بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی و دوایەش نواندنی قارەمانانە! لە بەردەم ڕۆژئاوا کە زیانێکی زۆری ماددی و مەعنەوی بە وڵات گەیاند. یان پێشگرتن لە هاتنی ڤاکسینی کۆرۆنا بە بیانووی خەیاڵی کە بووە هۆی گیانلەدەستدانی هەزاران کەسی بێتاوان لە وڵاتدا و....

### ڕەفتاری سادیستیک: (sadistic)

چێژوەرگرتن لە ئازاردانی کەسانی تر بەشێکی ترە لە تایبەتمەندیی دیکتاتۆرەکان. توانای بینینی دڵخۆشیی خەڵکیان نییە. ئەم ڕەفتارە هیچ سنوورێکی نییە و ڕەنگە هەموو جۆرەکانی هەراسانکردن لەخۆبگرێت. قەدەغەکردنی هەر شتێکی دڵخۆشکەر، دژایەتیکردنی لەگەڵ بەرێوەچوونی ئاهەنگی جۆراوجۆر، گەشتی ئیرشاد و پۆلیسی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ بەرۆژوونەبووان، حیجابی زۆرەملێ تا لەسێدارەدان لە بەردەم خەڵکدا، نموونەی ڕەفتاری سادیستی خامنەیی دیکتاتۆری ئێرانن.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

### گۆشەگیری و بەتەنیابوون(schizoid):

خۆدزینەوە خدە و تایبەتمەندییەکی هاوبەشی دیکتاتۆرەکانە. ئەوان بەدەگمەن لەنێو مرۆڤەکاندان و تەنها لە پەیوەندی تایبەتدا دەردەکەون، هەمیشە تووڕەن و دوورن لە زەردەخەنە و پێکەنین.

### ئێسکیزۆتیپال (schizotypal):

دیکتاتۆرەکان پێش گرتنەدەستی دەسەلات مرۆڤێکی ئاسایین، بەلام دوای هاتنەسەر دەسەلات کەسایەتییەکی جیاوازیان هەیە کە هیچ لێکچوونێکی لەگەلّ ڕابردوودا نییە. لەبارەی دەسەلاتی خۆیانەوە دووچاری وەهم دەبن و بیرۆکەیەکی جیاوازیان لەبارەی خۆیانەوە دەست دەکەوێت. "ڕابێرت مۆگابە"، شۆڕشگێڕی مائۆئیست و خۆشەویستی خەلکی زیمبابوە، دوای چەندین سالّ شەڕی دژی کۆلۆنیالیزم توانی ولاتەکەی ڕزگار بکات، بەلام دواتر بوو بە دیکتاتۆرێک کە جگە لە هەژاری و نەهامەتی هیچی تری بۆ گەلەکەی نەهێنا. خامنەیی مەدداحێکی سادە بوو، حەزی لە شێعر بوو، شێعرەکانی شاملووی دەخوێندەوە و هۆگرییەکی زۆری بە جەلالی ئالی ئەحمەد بوو، بەلام لە سەردەمی حوکمڕانیی ئەودا نووسینەکانی هەمان شاملوو قەدەغە کراون و تووشی کێشە و ئازارێکی زۆر بوو.

لە بێدەنگییەوە بۆ فەرمانی لەسێدارەدان بێگومان دەکرێت هەموو ئەم تایبەتمەندییانە لە هەلّسوکەوتی ڕابردووی دیکتاتۆری خوێنمژی کۆماری ئیسلامیدا ببینین، بەلام لە درێژەدا هەولّ دەدەین بە پشتبەستن بە وتارەکانی خامنەیی لە سێ مانگی ڕابردوودا و ئاماژەدان بەو تایبەتمەندییانەی کە لە سەرەوە باسمان کرد، شیکردنەوەی شیکاریی ڕەفتاری عەلی خامنەیی بەرامبەر بە نارەزایەتییەکانی ئێستای خەلّکی ئێران بکەین:

یەکەم وتاری خامنەیی دوای کوشتنی ژینا لە ٣٠ی خەرمانان و چەند ڕۆژ دوای دەستپێکردنی نارەزایەتییەکان بوو. ئەم چاوپێکەوتنە کە لەگەلّ بەشێک لە فەرماندە و سەربازەکانی شەڕی ئێران و عێراق بوو، دیکتاتۆر تەنانەت باسی کوشتنی ژینا و نارەزایەتییەکانی نەکرد و بە بێباکی بە لایدا تێپەڕ بوو. بۆ دیکتاتۆری خۆپەرست، کوشتنی مرۆڤێک و نارەزایەتی و مانگرتنی بەرباوی خەلّک لانیکەم لە بەشێکی ولاتدا گرنگ نەبوو و هیچ بابەتێک نییە بۆ گفتوگۆکردن یان لانیکەم هێورکردنەوەی دۆخەکە. دەسەلاتی خودایی دیکتاتۆر کە ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر وەهماوی بووە، وای لە دیکتاتۆر کرد لەم بابەتە تەواو بێدەنگ بێت.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

- دوای چەند ڕۆژێک و لە لووتکەی ناڕەزایەتییەکاندا، لە کاتێکدا هەواڵەکان باسیان لە تێکچوونی ڕەوشی تەندروستی دیکتاتۆر دەکرد، دواجار دیکتاتۆری دوورەپەرێز و گۆشەگیر بێدەنگیی خۆی شکاند و ئامادە بوو باسی ناڕەزایەتییەکان بکات. ئەمجارەیان لەکاتێکدا بەکورتی باسی ئەو پرسەی کرد کە وەک هەمیشە، سووچی هەموو شتێکی خستە ئەستۆی دوژمن! "مانس شپێربر"، دەروونناسی دژی فاشیزم لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا [ڕەخنە و شیکردنەوەی هێز] دەنووسێت "هەموو دیکتاتۆرەکان بە ئەفسانەیەکەوە دێن، ئەویش ئەفسانەی دوژمنە ئەم دوژمنە خوێنییە یان نەتەوەییە یەکێکە لە دراوسێکان یان دوژمنێکی گەورەتر." ئێستا دیکتاتۆری گەمژە دیسان بە هێنانەوەی ناوی دوژمنانی نێوخۆ و دەرەکی، لە دراوسێوە تا دوور، ناڕەزایەتییەکانی خستە سەرشانی دوژمن. هەرچەند ئەمجارەش دیکتاتۆری خۆبەزلزان ناڕەزایەتییەکانی بە بێبایەخ زانی، سەرنج و کاردانەوەی هونەرمەندان و کەسایەتییە ناودارەکانی بە بێنرخ وەسف کرد و گەنجەکانی بە فریوخواردوو ناو برد و سەبارەت بە سزادانی دەستگیرکراوەکان بەنەرمی قسەی کرد.

- ناڕەزایەتی و مانگرتنەکان بە چڕی بەردەوامن و دەنگی شۆڕشی گەلانی ئێران گەیشتووەتە هەموو شوێنێک. هەرچەندە دیکتاتۆری وەهمی زۆر ناڕازی لەم دۆخە دەردەکەوێ، بەڵام نایەوێت باوەڕ بکات کە زۆری نەماوە تا ژیانە سەرانسەر شەرمەزارەکەی کۆتایی پێ بێت. سەرەتا بە ڕاگەیاندنی ئەوەی کە کەس ناتوانێت درەختی کۆماری ئیسلامی لە ڕەگەوە هەڵکەنێت، نیشان دەدات کە خۆپەرستی و خۆبەزلزانینەکەی هیچ سنوورێک ناناسێت. دواتر هەڕەشە لە خەلک دەکات و داوای سزای شۆڕشگێڕان دەکات و فەرمانی سەرکوتکردن و لە سێدارەدان دەدات. دیکتاتۆر دیسان تینووی خوێنە هەرچەند بەکرێگیراوەکانی تا ئێستا خوێنێکی زۆریان ڕشتووە. کاردانەوەی سادیستیی دیکتاتۆر و بەکرێگیراوەکانی بەرانبەر بە شۆڕشگێڕانی ئازادیخواز دەگاتە لووتکە. ئێستا هەر دەرفەتێک بەکار دەهێنن بۆ تۆڵەسەندنەوە لە خەڵک و ڕازیکردنی نەخۆشیی دەروونیی خۆیان. ئەو ڕۆژەی گەلی کورد ماتەمینی شەهیدەکانی دەگێڕێت، دەسماڵی چۆپی لەدەست لە شەقامەکانی پایتەخت هەڵدەپەڕن و ئالۆزییە دەروونییەکانیان پێشان دەدەن، چەند ڕۆژێک دواتر کە خەڵک دڵخۆشن، تەقەیان لێ دەکەن تا پێشی خۆشی و پێکەنینان بگرن. دادوەرە ژێردەستەکانی دیکتاتۆر سزای لەسێدارەدان بۆ شۆڕشگێڕان دەردەکەن و بەکرێگیراوان لە هەموو شوێنێک پەتی سێدارە هەڵدەواسن.

ئێستا دیکتاتۆر لە هەموو کاتێک زیاتر خۆپەرست، دوورکەوتوو و گۆشەگیرە. بۆ بەدیهێنانی پێداویستییە سادیستییەکانی، بەدوای کوشتنی مرۆڤدایە، جگە لە خوێن هیچی تر، ناتوانێت دڵە بەردین و نامرۆڤانەکەی هێور بکاتەوە. بەڵام ئەوەی خامنەیی و هەموو دیکتاتۆرەکان لێی ڕادەکەن، ڕاستی کۆمەڵگەیە، کۆمەڵگەیەک کە ئەوان ناخوازت. بەڵام دیکتاتۆرە خۆپەرستەکان هەرگیز نایانەوێت ئەم ڕاستییە قبوڵ کەن. هێندە بەرەنگاری ڕاستی دەبنەوە، دواجار ناچار دەبن قبوڵی بکەن لە کاتێکدا هیچ دۆست و هەڤاڵێکیان نەماوە. دیکتاتۆرەکان نەک هەر هەموویان یەک تایبەتمەندییان هەیە،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەڵکوو بە گشتی یەک جۆر کۆتایی ئەزموون دەکەن "لە زەلیلبوون و تەنیایی مردن". فۆرمی مردنیان یەکە، تەنها کات و شوێنەکە کەمێک جیاوازە. مردنێکی پڕ لە ئازار و دەرد و لە بێدەنگیدا. ڕاستی کام مەرگ چاوەڕێی دیکتاتۆری خوێنمژی کۆماری ئیسلامی دەکات؟ وەک "چاووشێسکۆ "لە کۆشکی سەرۆکایەتیەکەیدا لە چەند خولەکێکدا دادگایی دەکرێت و دەدرێتە بەر ڕەگباری فیشەک، یان وەک "قەزافی"بە هۆی تووڕەیی شۆڕشگێڕانەوە بێ دادگاییکردن دەکوژرێت، یان وەک سەدام دیکتاتۆری دراوسێی لە ژێرزەوییەکی تاریکدا چیرۆکی خۆپەرستییەکەی کۆتایی دێت، یان وەک.... دیکتاتۆری گۆشەگیر و خۆپەرست ئێستا لە هەموو کاتێک تەنیاترە، تەنانەت تەنیاتر لە سەدام و قەزافی. ئەو زیاتر لە هەموو دیکتاتۆرەکان تاوانبارە و کوشتاری کرد و تەنانەت زیاتر لە "ستالین" و "مۆگابە." داتاکان باس لەوە دەکەن کە چارەنووسێکی تاڵ چاوەڕێی دیکتاتۆری پیر دەکات، تاڵتر لە زۆربەی دیکتاتۆرەکان. بەڵام ئەوەی چارەنووسی دیکتاتۆر دیاری دەکەن داتاکان نین، خەڵکانی سەر شەقامن، شۆڕشگێڕان و بنەماڵەی داغداری شەهیدان.

سەرچاوەکان:


Coolidge, F. , & Segal, D. (2009). Is  Kim Jong-il like Saddam Hussein and ?Adolf Hitler

٢- طالبی، اشکبوس، روانشناسی دیکتاتورها

٣- شپربر، مانس، نقد و تحلیل جباریت، ترجمه کریم قصی


---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

بەفرانباری ٢٧٢٢ی کوردی = دێسەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com







سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com